


# ڕۆبینسۆن کروزوو

نووسینی : دانیەل دوێفۆی

وەرگێرانی :کەریم دانشیار

سوید ـ 2019 [redacted]

# Robinson Crusoe

Daniel Defoe

# ڕۆبینسۆن کروزوو

نووسینی: دانیەل دوێفوێ

وەرگێڕانی: کەریم دانشیار

سوید _ 2019

ناوی کتێب : ........................... ڕۆبینسۆن کروزوو
ناوی نووسەری کتێب : ................... دانیەل دوێفوێ
وەرگێڕانی : ................................. کەریم دانشیار
دیزاین : ....................................... شاروخ ئەرژەنگی
ژمارەی ئەسپاردن : ...................... 978- 91- 519- 055-0
چاپخانەی : ............................... Carlssons Trycheri - Uppsala

وەرگێڕانی کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو دەکەم بە هیوایەکی لە دڵ چەسپاوی خۆم بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوی بەرزی (تەهای کەرباسیان) و پێشکەشی یادی ئەو ئازیزەی دەکەم.

تەهای کەرباسیان ڕۆڵەیەکی قارەمانی شارەکەمان بوو کە لە سەرەتای دارەدارەی نهێنیی سیاسیماندا، تێکۆشەرێکی نەسرەوتی پۆلە بچووکەکەمان بوو. تەها دەســــتی هەرە بەتوانای گرووپەکەی ئێمە بوو؛ شەهیدبوونەکەی خەسارێکی مەزنی بە ئێمە گەیاند.

یادی تەها بەلای منەوە هەمیشە بەخێرە . ڕەوانی شاد.
کەریم.

لە نووسیندا، چاوسوور و پێشەنگ و دنەدەرێکم هەیە کە پێم دەڵی تۆ ئەندامێکی بچووکی نەتەوەیەکی گەلێک مەزنی؛ نەتەوەیەکی کە نیشتمانەکەی دابەشکراوە و داگیرکەران حاشا لە بوونت دەکەن.

پێشـــەنگ و دنەدەر و چاوســـوورەکەم فرمانم دەداتێ و پێم دەڵێی کە بەپێی توانـــای خۆت قەڵەم ببزێوە، تەنـــانەت ئەگەر تـــاک وشـــەیەکیش بە کوردی بنووســـی، ئەرکی خۆت بەجێ گەیاندووە و دوژمن ناتوانی حاشـــا لە بوونت بکات. هەر بەپێی ئەم بانگەوازەی کە قەڵەمی نووسینی داوەتە دەستی من ، منیش دەنووسم و، دەنووسم هەر کەسێکی کە دەنووسێ، ڕەسم دەکا، ئاواز و بەستە و ماقامان دەڵێتەوە و پەنجە بە سەر سازێک دادێنێت؛ ئەوانەی کە بە نووسین، بە ڕســـمکردن، بە دەنگ و ئاواز و بە نۆتەی کوردی هاوار دەکەن و خەڵک بە ئاگا دێنێتەوە، من بە گەورەی خۆمیان دادەنێم و ڕێزیان لێدەگرم و بە هیوایەکی مەزنیان دەزانم...

کەریم دانشیار

## چەند وتەیەک :

منداڵ بووم و لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا دەرسم دەخوێند. ئەو سەردەمە، وەزارەتی فەرهەنگ واتە (وەزارەتی ڕاهێنان و پەروەردە کردن)ی ئێران، گۆڤارێکی بچووک بەناوی(دانش آموز = قوتابی) بۆ خوێندکارانی خوێندنگە سەرەتاییەکان لە چاپ دەدا. گۆڤاری قوتابی هەر سێ مانگەی جارێک هەناردەی شارەکان دەکرا و ئەو منداڵانەی کە تواناییماڵییان هەبوو دەیانکڕی. یەکێک لە هاوپۆلەکانی منیش دەیکڕی، بەڵام ئەمن دەمخوێندەوە. گۆڤارەکە بابەتی جۆراوجۆری وەک: ئایا دەزانن، چیرۆکی کورتی منداڵان، پەخشان، هۆنراوی ساکار و کێبەرکێی هاسانیشیان تێدا بوو. من دوو جاران لە کێبەرکێکاندا بەشداریم کرد و هەر دووک جاران خەڵاتم بردەوە. خەڵاتی جاری یەکەمم پێنووسێک و فرچە و هەویرێکی ددان شوردن و جاری دووەم کتێبێک بوو بە ناوی ڕۆبینسۆن کروزوو. خەڵاتەکان لە تارانەوە، بە پۆستەدا ڕەوانەی ئەو فێرگەیە دەکران کە قوتابی لە کێبەرکێدا سەرکەوتوو ببوو.

ئەو سەردەمەی کە من باسی دەکەم، هەموو بەیانانی ڕۆژانی خوێندن لە فێرگەکاندا باو بوو کە هەر پۆلێک دەبوایە بە سەرەی جیا لە حەوشەدا ڕابوەستێت و دوای خوێندنەوەی سروودی نیشتمانی، ئەمجار سەرەی هەر پۆلێک بەرەو ژووری خوێندنی خۆی وەڕێ بکەوێت.

بۆ من جێگای شانازی و بۆ منداڵەکان جێگای سەرسووڕمان بوو کە لە دوو ڕۆژانی ساڵێکدا، بەڕێوەبەری لووت بەرزی فێرگە دوای خوێندنەوە سروودی نیشتمانی، منی بە ناو بانگ کرد و دوای پێهەڵگوتنێکی کورت، خەڵاتەکانی دامێ. سەرەڕای هەستی شانازی لەمەڕ سەرکەوتن، خەڵاتی کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو کارکردێکی پڕبایەخی بە ژیانی داهاتووم بەخشی کە هێستایش پێ بەختەوەرم. لە ڕاستیدا کەسایەتیی ڕۆبینسۆن کروزوو منی دەگەڵ خۆیدا چەرخاند و فێری خۆڕاگری، کار و چالاکی، سازکردن، ڕاگرتن و گردەوەکۆشی کردم. فێری ناشتن و چاندنی گوڵی کردم و دار و درەخت و گژ و گیا و باخچەی پێ ناساندم و شێوەی هەڵگرتنەوە و ڕاگرتنی تۆمی گوڵی فێر کردم؛ سەرووتر لە هەمووی ئەمانە، توانای خوێندنەوەی پێدام و

ڕایهێنام کە گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب بخوێنمەوە و جارجاریش بۆ خۆم چیرۆکی بچووک بنووسم؛ بەمجۆرە دەرگای ئەدەبیات بە ڕووی مندا کراوە.

پەرتووکی ڕۆبینسۆن کروزوو ئەگەچی ڕۆمانێکی داستانییە و دانیەل دوێفوێ(Daniel Defoe)ی نووسەری کتێب گیانی پێ بەخشیوە، بەڵام لە ڕاستیدا قارەمانێکی ڕاستەقینەیشی هەبووە کە دانیەل دوێفوێ جلکی ڕۆبینسۆن کروزووی کردۆتە بەری و کتێبی لێ ساز کردووە. قارەمانی ڕاستەقینەکەی،دەریاوانێکی سکۆتلەندی دەبێ بەناوی ئالەکساندر سەلکیرک (Alexander Selkirk). ئەو ئالەکساندرە تێکەڵ بە تاقمە چەتەیەکی دەریایی دەبێت و لە دەریاکاندا تەق و ڕەو دادەنێنەوە و گەمێی بازەرگانەکان دەڕووتێننەوە. دوای دەستبەسەربوونی ئالەکساندر و دەرچوونی حوکمی لە سێدارەدانی، ئەلەکساندر خۆی داوا لە قازی مەحکەمە دەکات کە لە داری نەدەن و لە بری کوشتنی، لە دوورگەیەکی چۆڵی دوورکەوتەدا بەرهەڵدای بکەن. ناوبراو لە ساڵی 1704 زاییندا، لە سەر ویستی خۆی و بە حوکمی قازی، دەخرێتە دوورگەیەکی چۆڵ و دەگەڵ جیهانی شارستانییەت ماڵاوایی پێدەکەن.

دانیەل دوێفوێ لە ساڵی 1719ی زاییندا کتێبی ڕۆبینسۆن کروزووی بڵاو کردەوە و لە ماوەیەکی کەمدا دەست بە دەست گەڕا و خوێندرایەوە و بە زۆربەی زمانەکانی دنیاش وەرگێڕدرایەوە. بە باوەڕی گەلێک لە زانایان و نووسەران، کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو سەرەتای داگیرساندنی کتێبی ڕۆمانی مۆدەرن، واتە ڕۆمانی بۆرژیوازییە.

ژان ژاک ڕۆسۆ(Jean-Jacques Rousseau) لە پەسنی کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو دا هیواخوازە کە سەرجەم لاوەکان ئەو کتێبە بخوێننەوە و وانەی تێکۆشان و نەسرەوتنی هەتا سەرکەوتنی لێ هەڵگرنەوە.

کارل مارکس(Karl Marx)ی تیۆریسیەنی بەناوبانگ، دوورگەی ڕۆبینسۆن بە وێنەی دنیایەکی بچووکی بورژیوازی دەبینێت و پێی وایە کە قارەمانی کتێبەکە، بەچکە نمونەیەکی ڕەسەنی بورژیوازییە و یەکەمین قۆناخی سەرمایەداری و مێتینگەرداری( ئیستیعماری) پێ ڕەسم کراوە.

جەیمس جویس(James Joyce) نووسەری ئێرلەندی چێژێکی فرەتایبەت لەو کتێبە دەبینێ و وەک شوێنەوارێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی ئینگلیسی پێناسەی دەکات، بەڵام ئەویش پێی وایە کە قارەمانی ڕۆمانەکە نموودێکی مێتینگەریی کلاسیکە.

ئیدوارد سەعید(Edward Saïd)، نووسەر و چالاکڤانی سیاسی عەرەب دەڵێ کە دانیەل دویفوێ لە کتێبەکەیدا، ڕۆبینسۆنی وەک قارەمانی بیری مێتینگەری خوڵقاندووە و جلکی زەینییەتی خۆی دەبەر کردووە.

ڕۆژنامەی گاردیەن(Guardian)یش لە لیستەی 100 کتێبی سەرکەوتووی ئینگلیسیدا، کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو لە پلەی دووەمی ئەو سەد کتێبە دادەنێت و دەنووسێ کە کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو یەکێک لە شاکارەکانی سەرکەوتووی ئەدەبیاتی جیهانە.

هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کتێبی ڕۆبینسۆن کروزوو لە لایەن نووسەران، ئایدیۆلۆژیست و سیاسەتوانەکانەوە، هەر چۆنێک هەیە با لە جێی خۆیدا بێ و من بە دیدەی ڕێزەوە سەیریان دەکەم. بەڵام کتێبی ناوبراو لەدەمێکدا ئەمنی پەروەردە کرد کە فەلسفەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی منداڵانی ئەو سەردەمە، کۆپێ و لاساکارییەکی دەقاودەق بوو لە فەلسفەی یۆنانی کۆن و دواییش لە فەرهەنگی عەرەبی ــ ئیسلامی. ئەو شێوە پەروەردەکردنە لە فێرگەکاندا وەک سیستەمێکی سەلمێندراوی بە زۆرەملی لێهاتبوو کە مێشکی ساوای منداڵی لە ژێر دەزگایەکی مەنگەنەی چەوت و چەپەڵدا دەپڵیشاندەوە و کەسایەتی پێ نەدەهێشتن. من دەگەڵ ڕۆبینسۆن کروزوو، لەو دورگەیەدا ژیانم دەست پێکرد کە لە وێدا بەرهەمی کار و زەحمەتی تاکە ئینسانێک شەقی لە ڕزق و ڕۆزیی دیاریکراوی بارەگای ئاسمانی هەڵدابوو و ڕەنجی ئینسانی کردبووبە نموودێکی هێژا بۆ دانانی گەنجی ژیانی ئینسانی.

ڕۆبینسۆن کروزووی سەردەمی لاوی لە قەڵەمی دانیەل دویفوێ دا نەخشێکی دراوەتێ کە گەنجێکی سەرەڕۆیە، نەسرووتەیە، لاسارە، خۆخوازە، بێ گوێیە؛ گوێ ناداتە ئامۆژگارییەکانی باوکی، خۆی ناداتە بەر خوێندن و دەست و پەل بۆ هیچ کار و پیشەیەک شل ناکات. تەنیا شتێکی کە لە دەراوی مێشکیدا دێت و دەچێت، بووکە نەخشینەی خەیاڵاتی سەفەری دەریایی و پاڵەوان بازییە و بەس. هەر لە تافی لاوێنێشدا ڕۆبینسۆن بە کاوی دڵ شاد دەبێت و سەفەری دەریایی دەست پێدەکا. هەر لە یەکەمین سەفەری دەریاییدا هەتا ڕۆژگارانی پیری، هەرچی دەرد و کوڵ و ناکامی و تێکشکانە بە هەرزانی بە باڵای دەبڕدرێت و سەرەنجام بە ژێر ئاوبوونی پاپۆڕەکەیان، یەکتەن و تەنیا دەکەوێتە دووگەیەکی چۆڵی دوور لە ئاوەدانی. تێکشکانی پاپۆڕ و خنکانی یارانی و دەرچوونی خۆی بە تەنیایی، وەک قۆناخێکی تەواو تازە باوەش بۆ ڕۆبینسۆن دەکاتەوە. هەر لەو

قۆناخەشـــدا کەف و کوڵی ســــەردەمی هەرزەکاری بەئاودا دەدات و هەڵتۆز هەڵتۆزەکــانی دەخەوێتەوە و هەوســــاری هۆشـــی خۆی دەگرێتەوە. بۆ درێژەپێدانی ژیان، قۆڵ هەڵدەماڵێت و چالاکانە خۆی بە کار و خەبات دا دەدات. ژیان دەکاتە فێرگە و لەو فێرگەیەشدا تێدەگات کە هەر داکەوتنێک ، هەستانەوەیەکیشی بە دوادا دێت؛ بە مەرجێک هۆش و هزری ژیرانەی بۆ دەکار بکرێت.

ڕۆبینسۆنی دەست و پێ سپیلکەی حازرخۆری ژێر سێبەری ماڵی دایە و بابە، ئێستێ لە بەری بەیانەوە هەتا سەری شەو دەبێ کار بکات و ئارەق بڕێژێ و کوێرەوەری بچێژێ. لە هەر کەوتنێکدا دەبێ دەرسێک بۆ هەستانەوە وەربگرێت و پێی هەستێتەوە. دوورگەی چۆلی بێ هەست و خۆست وەدەنگ دێنێت و بۆ هەر لایەک دەچێت، خەڵفەنەمامی دارێک دەچێنێت و ڕەنگی ئاوەدانی بە دوورگەکەی دەبەخشـێت. لە چەند دەنکە گەنم و جۆ و برنجی کۆنە توورەکەیەوە ســـەوزەڵانی و خێر و بەرەکەت بە دەور و بەری خۆیدا دەڕوێنێت، ئاژەڵ بە داو دەگرێ و دانگەی پەرواریان لێ ساز دەکا و دەستی ماندوو دەخاتە ژێر سەرینی تێر و تەسەلی.

دانیەل دوێفوێ، لە کتێبی ڕۆبینســـۆن کروزوودا نیشـــان دەدات کە نیاز دایکی داهێنانە و مرۆڤی نیازمەند خوداوەندی داهێنانە، بە مەرجێک ژیری و ژیاری لە مێشـکی مرۆڤدا چەخماخەیەک لێبدات و بەرپێی ڕێگای ڕزگاری و حەسانەوەکەی ڕۆشن بکات.

بەهیوای سەرکەوتن و سەربەرزیی کیژان و کوڕانی نیشتمانم
کەریم دانشیار
2017/11/24

ساڵی 1632ی زایینی، من لە شاری ( York یۆرک)ی ئینگلستان و لە باوەشـــی بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا لە دایک بووم. باوکی من بە ڕەگەز ئەلمانی و لە تیرەی"برەیمBre´me"ەکان بووە. باوکم بۆ کاری بازەرگانی دێتە شـــاری (یۆرک )ی ئینگلســـتان و دوای ئەوەیکە ســـامانێکی تەســـەل کۆدەکاتەوە، هەر لەو شارەدا دەگیرسێتەوە. دەوڵەمەند بوونی باوکم دەبێتە هۆی ئەمە کە هەر لە شـــار(یۆرک) دایبکوتێت و هەر لەو شـــارەشـدا دەگەڵ دایکم ئاشنا بێت و ئاشنابوونیشیان ژن و مێردایەتی بە دوادا بێ.

پاشـــناوی باوکم (کرەوتزنیەرKreutznaer) و دایکیشـــم لە بنەماڵەی ڕۆبینسۆنەکانی شاری یۆرکی ئینگلستان دەبێت و منیش هەر بەم پاشناوەی دایک و باوکم، بە ڕۆبنسۆن کروزوو نێودێر دەکرێم.

دوو برام هەبوون؛ برا گەورەکەم وەک ئەفســـەری دەوڵەتی و ئەمیرهێزی بەتالیۆنی سەربازانێک بووە کە لە شەڕی نێوان ئینگلیس و ئیسپانیا دا، لە شـــاری"دونکەرکDunkerque"دەکوژرێ. بەڵام چارەنووســـی برا گچکەکەم وەک بێ سەرو شوێن بە گوێی من گەیشتووە؛ نە من و نە دایە و نە بابەش هیچ هەواڵێکمان لێی نییە کە چی بەسەر هاتووە.

ئەوان چۆن بوون و چییان بەســـەرهاتووە، لێبگەڕێن با بمێنێت؛ ئێســـتی نۆرەی خۆمە و دەبێ من بەســـەرهـاتی خۆمتـان بۆ وەگێرم. من هەر لە ســـەردەمی منداڵیمەوە، منداڵێکی لاســـاری نەحاواوە بووم و وازی فێربوونی هیچ چەشنە پیشە و کارێکم نەبووە. دەستم بۆ هیچ ئیش و کارێک نەبردووە و گوێچکەم بۆ هیچ پەند و ئامۆژگارییەک شل نەکردووە. ئەوەیکە ناوی کار و پیشـــە بێ، من لێی توورە بووم و خۆم لێ نەداوە؛ بە کورتی هیچ توێشوویەکم بۆ داهاتووی خۆم کۆ نەکردۆتەوە کە بیکەمە دەستمایەی ژیانم و پێی بەڕێ بچم. ئەوەیکە دەکەوێتە ســـەر ملی باوکم، ئەو پیاوە هێژایە هەرچی کە لە توانایدا بوو، بۆی کردم و پێی گوتم و دەســـتی گرتم و چاوی کردمەوە. بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکردن و خوێندن گەلێکی هاندام و ئەوەی کە لە دەســـتی هات، بە زیادەوەی دەگەڵ کردم و خۆی لە هیچ ڕێنوێنییەک

نەبوارد. ئاوات و ئارەزووی باوکم ئەمە بوو،کە هیچ نەبێ لە سێ کوڕەکانی ئەمنی بۆ ببم بە داری بەری و شـــوێنەواری ماڵباتەکەی کوێر نەبێتەوە. بـاوکم ئـارەزووی بووە من ببم بە دادوەری مەحکەمە و لەو پیشـــەیەدا نێوبانگێک بۆ ئەو دەربکەم و خۆیشم لە سای پیشەی باشدا بحەسێمەوە. بەڵام بیر و ڕامان و ئارەزووی من هەمیشـــە منی بەرەو دنیایەکی کراوەوەی ئاسـۆ نادیاری خەیاڵی ڕاکێشـاوە. خەونی ســەیرو ســەمەرەی ســەفەری دەریایی و گەمێوانیی ئۆقیانۆســەکانم بینیون. خولیایی و شــەیداییەکانی هەر ئەم ئاواتانەش بوون کە قســەی باوک و ئاواتەکەنی ئەوم بەلاەوە بای ژێر گوێچکەکان بن و بە ژێر گوێچکەدا فتیان بکەم.

باوکم پیاوێکی بە ئەزموون بوو. سارد و گەرمی ڕۆژگاری زۆر چەشتبوو. دەیزانی ڕێگای سەرکەوتن بە کوێدا تێپەڕ دەبێت و حوشتری بەختەوەری لە بەر دەرگای چ ماڵێکدا یخ دەخوات؛ بۆیە کات و ناکات دەستی دەگرتم و زۆر بە میهرەبانی ڕێگای ڕاستی پێ نیشان دەدام. تەنانەت ڕۆژێک، کە لە ناو جێگاوبانی نەخۆشیدا ڕازا بوو، بانگی کردم و کەمێک بەو خەیاڵە خاوانەی مندا هات و بە ئارامی پێی گوتم:

"نازانم بۆچی دەتەوێ نیشتمانی ئاوەدانی خۆت جێ بهێڵی و باوەشـی گەرمی دایە و بابەی خۆت نادیدە بگری و ڕێگای ئاوارەیی و پەرێشـــانی بگریتەبەر؟! ئەتۆ لە ســەفەری دەریا و مەترســییەکانی چ دەزانی کوڕم؟!.. هۆشی خۆت بگرەوە ڕۆڵەم!.. کوێر کوێرانە خۆت بۆ شوێنی نادیار مەکوتە و خۆت تووشی بەڵای لابەلا مەکە... تۆ پێت وایە ژیان دۆشاو مژتنە؟!... ئەگەر دەبینی کەســـانێک لەبەر هەژاری و بێ ئەنوایی ڕێگای هات و نەهاتیان دەگرنە بەر و بە خەیاڵی دۆزینەوەی ســـامانی نادیار، وڵاتی خۆیان جێ دەهێڵن، خۆ ئەتۆ ژیانێکی حەساوەوەی ناو هەمێزی گەرمی دایک و بابێکی میهرەبانت هەیە. تۆ ســـەیرێکی منداڵانی دەر و جیرانت بکە و خۆیشـــت تەماشـا بکە و بزانە کە لە هەموویان پۆشـتە تری و هیچ کەمایەسـییەکت نییە... وەرە لەم ئـاڵۆزە خەیـاڵاتە دابەزە کوڕم! ئەم ژیـانەی کە ئێمە هەمانە، هەر ئەمەی باشـە کە نە ئەوەندە هەژارین کە چاو لەدەست بین و نە ئەوەندەش دارا و دەوڵەمەندین، کە تووشی لووت بەرزی و بەرزەدەماغی ببین و خەڵکانیش ئیرەییمان پێ بەرن.

کوڕی خۆم! باوەڕم پێ بکە زۆر کەس ئارەزوومەندی ئەم چەشنە ژیانەی ئێمەن. ئەتۆ گوێ لە قسەی زانایان بگرە و نووسراوە و پەند و نوکتەکانیان بخوێنەوە و بزانە ئەوان چلۆن و بە چ زمانێک لەم چەشنە ژیانە دەدوێن. ئەوانیش پێیان وایە، ئەو ماڵباتانەی کە نە زۆر داران و نە زۆر یش هەژار، ئەوانە خۆشبەختانی سەر زەوین. تۆیش مێشکت وەکار بخە و ژیانی خەڵکان بێنە بەرچاوت. تۆ ئەگەر بە وردی لەم کۆمەڵگایە بڕوانی، دەبینی کە ئەوانەی دارا و دەوڵەمەندن، لە ترسی لەدەستچوونی سامانەکەیان، بە دایم دڵەتەپەیانەو هەمیشە ناساز و نەخۆش و ڕەنگ زەردن. ئەوانەی کە هەژار و نەداریشن، بۆ وەدەستهێنانی بژیوی ژیانی شەوانەیان، بە دایم لە کار و کوێری دان؛ سەرەڕای ئەو گشتە کوێرەوەییەی کە دەیکێشن، هێشتا دەستی ماندوویان ناکەوێتە سەر زگی تێریان و بەدایم برسین. بەڵام بنەماڵەی ئێمە و هاوسانانی ئێمە، بەبێ ئەوەیکە ئازادی و سەربەستی خۆیان بشێوێنن، ئارام و ئاسوودە دەژین. ژیانی هەژاری ژانێکی خەمناکانەیە و بەڕێوەچوونی دەوڵەمەندەکانیش ئەگەر مەگەرێکی پڕ ژانەسەری تێدایە و لە حەسانەوە بە دوورن."

دوای ئەو قسانە، باوکم بە هێمنی باسی سەرەڕۆیی و بێ بەرنامەیی ژیانی منی کرد و گوتی:

" خۆت تووشی کارەساتی تاڵ و گێژاوی سامناک مەکە! من وەک باوکێک خێر و خۆشی و بەختیاری تۆم گەرەکە و پێم خۆشە هەتا ماوم، ڕێگای ڕاست و داهاتووی باش و بەخێرت پێ نیشان بدەم... کوڕی خۆم! چارەنووسی هەر کەسێک لە دەستی خۆی لدایە و خۆی قەڵەم لە بەختی خۆی دەدات ؛ ئەوەیکە ڕێگای ژیرانە دەگرێتەبەر و چالاکانە بۆ ژیان تێدەکۆشێ، ئەو بەرەو حەسانەوە و خۆشبەختی دەچێ و ئەوەیکە گوێ ناداتە پەندی گەورەکان و هەر گەوجانە بە بێعاری پێی پێوە دەنێ، چارەنووسێکی تاڵ و خەفەتبارانەی چاوەڕێیە. تۆ ئیتر گەورە بووی و ئەوەی پێویست بووە بۆمان کردووی و پێمان گوتووی؛ ئێستێ خۆت و چارەنووسی خۆت! ئەوەندەی کە لە لامان دەمێنیتەوە، خزمەتت دەکەین و ئەگەر ڕۆیشتیشی ئیتر خۆت و چارەنووسی خۆت. برا گەورەکەشت قەت قسەی منی گوێ نەدایە و هەر بە گەلایی ڕۆیشت و هەر بە ئارەزووی خۆی کردی؛ ئاخرسەر سەری دانا و تێدا

چووە. من هەر دۆعـای بەخێرت بۆ دەکەم و بەهیوام بە دۆعـای من بی و کارێکی وا بگریتەبەر، کە پەژیوانی و پەرێشانی بەدوا دا نەیە.

باوکم دەگەڵ گوتنی قسـەکانی، فرمێسکیشـی هەڵوەرداند. بەتایبەت کە یادی براگەورەکەمی زیندوو کردەوە و لە چارەنووســـە خەمبارانەکەی دوا، وەهای پێ تێکچوو، کە زمانی لە گوتن کەوت و هەر تەنێ توانی بڵێ.. دڵم پڕە و لەمە زیاترم بۆ نایە."

ئامۆژگـاریەکـانی بـاوکم تۆزکـاڵێک کـاریان تێکردم و بە خەمی ئەوەوە خەمبار بووم و هەر ئەودەم پەیمانم دەگەڵ خۆم بەســـت کە ئیتر خەیاڵی ســـەفەر بە بەردی ڕەق بشـکێنم و هەرچی ڕسـتوومە خاوی کەمەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک لە پەیمان ســارد بوومەوە و خۆم ســاغ کردەوە کە چەند ڕۆژێک لە ماڵدا بمێنمەوە و دوایە یەکجێ لە ماڵ بچمە دەر و نەگەڕێمەوە. ڕۆژێـک کە زەردەی پێکەنینم بە ڕووی دایکمەوە دیت، لێی چوومە پێش و گوتم :

" دایە گیان من ئارەزووەکانی خۆمت لێ ناشارمەوە و دەبێ پێت بڵێم کە بۆ سەیر و سەیاحەت و دنیاگەردی دەسووتێم و دەبرژێم. پێم خۆشە سەری خۆم هەڵگرم و ڕوو دە دەریا بکەم و دەوری دنیا بە گەمێ بگەڕێم. حەزی دنیاگەردیم ئەوەندە گەرم و گڕدارە دایە گیان، کە دەســـتی فێربوونی هەر چەشنە هونەر و کار و پیشـەیەکی لە من بەستووە. تەمەنی من هەژدەیە و ئەو هەل و دەرفەتەم نەماوە کە بخوێنم و ئاواتەکانی بـاوکم وەدی بێنم. تەنانەت ترسـی ئەوەشـم دە دڵ دایە کە ئەگەر باوکم بە زۆرەملی بمخاتە بەر خوێندن، نەتوانم و لە نیوەی ڕێگەدا کتێب و فێرگە و مامۆســـتا بەجێ بهێڵم. بەڵام ئەگەر باوکم بۆ ســـەفەرێکی دوورەدەســـتی دەریایی یاریکارم بێت، بێ شــک دوای گەڕانەوەم بەدەســـتی پڕ دەگەڕێمەوە لاتان و ئەودەم ئیتر هەوا و هەوەسی دەریاگەڕانیشم سوکنایی پێ دێت و گوێ لەمستی دایە و بابە دەمێنمەوە. پەیمانیش دەبەستم کە ملی کارێک بگرم و تۆڵەی هەموو کەمایەسییەکانتان بۆ بکەمەوە."

دایکم بەم هەڵوێستەی من تەواو تێکچوو. خەمناکانە گوتی:

"من، نە بەرگەی دووری تۆ دەگرم و نە دەتوانیشـم پەیامی تۆ بە باوکت بگەیەنم. باوکت خێر و خۆشـــیی تۆی گەرەکە و پێی خۆشـــە لە کۆمەڵگادا

ســەربەرز و ســەرکەوتووت ببینی. ئەم ڕێگا هات و نەهاتەی کە تۆ دەتەوێ هەنگاوی تێ بنێیت، پێچەوانەی ئاواتەکانی باوکتە و نایسەلمێنێت...

ڕۆڵە گیان! من پێم ســەیرە دوای ئەو گشــتە ئەزموون و ئامۆژگاریەی کە باوکەکەت لە بەر دەمتی داناوە، چلۆنە دەنکێکت دەگوێ نەگرتووە و هەروا سووری لە سەر تاقیکردنەوە ڕێگای هات و نەهاتان. منیش وەک باوکت خێر و خۆشی و سەرکەوتنی تۆم گەرەکە... لاساری بەسە ڕۆڵە گیان! بۆچی خۆت بە ئاو و ئاگر دا دەکەیت؟!... لە چێت کەمە کوڕم!... بەڵام با ڕاست و ڕەوانت پێ بێژم کوڕم، کە بۆ خواست و ویستی ناو مێشکی کەللەی تۆ، نەک هەر بە زمان، بەڵکە بە هەموو جەرگ و هەناوەکەمەوە دڵێم نا.. نا.. نا!

دایکم ڕۆیشــــت و چەند ڕۆژێک تێپەڕی و دوایە زانیم کە هەرچی من گوتبووم، تەواوی بۆ باوکم گێڕاوەتەوە. وڵامی باوکیشم ئەمە بووە کە ئەگەر کوڕەکەمان لە ماڵدا بمێنێتەوە و بەو ڕێگایە دا بڕوا کە من بۆم دیاری کردووە، لێی بێ شکم کە ئاخری خێر دەبێ و ئەگەریش هەر لە سەر ساز و فیکی خۆیدا بڕوات  و خۆی بە ئاو و ئاگر دا بکات، ئاوارە و ســــەرگەردان دەبێ و دەکەوێتە ڕێزەی داماوترین کەسانی سەر ڕووی زەوی.

نزیک بە ســــاڵێک ڕاوەســــتام و بەلای دایە و بابەمەوە مامەوە. دوای تێپەڕینی یەک ســــاڵی دوانزدە مانگی، ڕۆژێک لەپڕ و بەبێ خۆ ســــاغ کردنەوەیەکی پێشــەکی، دەگەڵ هاوڕێیەکم چوومە لەنگەرگەی "هوڵHull" و هەر ئەو برادەرەم کە باوکی خاوەنی گەمێیەکی بازەرگانی بوو، بەلاش و بەبێ پارەی سەفەر، دەگەڵ خۆی سواری کردم و یەکەمین سەفەری دەریاییم دەستی پێکرد. یەکەم ســەفەری دەریاییم کوتوپڕ و بە هەڵکەوتە بوو، بۆیە بابە و دایەم لێ ئاگا نەکرد و تەنانەت لە دەمی ســـواربوونیشـــدا هیچ پەیامێکم بۆ نەناردن. ڕێگای دەریام گرتە بەر و بەبێ ماڵاوایی و گەردەن ئازایی دایە و بابە ڕۆیشتم و پشتم تێکردن .

ڕۆژی یەکەمی مانگی سەپتامبەری ساڵی1651 سەفەری دەریایی دەستی پێکرد و هەر لەو ڕۆژەشەوە، دەرد و ڕەنج وکوێرەوەری چەشنی پەڵە بارانی وەرزەبارانان بە لووزەو بە ســەرمدا ڕژان. باوەڕم بە باوەڕتان بێ، کە هیچ گەنج و لاوێک، قەت ئاوا بە نەونەمامی تووشــــی دەرد و کووڵ و داخی بێچارەگی نەهاتووە. نەکبەتی و داماوییەکانی خەڵکی ئاســــایی ئەگەر بە

یەک و دوو بۆیان دێت و بە سەریاندا دەڕژێت و تێدەپەڕێت، بۆ منی گەنجی هەرزەکار، هەر لە سەرتای لاویمەوە هەتا سەردەمی پیری و زورهانیم ، هەرچی نەهامەتی و پەژارە و هەژاری و بێچارەگی بوون، جێ جێ و یەک بە دوای یەک، بۆ من هاتن و بە سەرمدا بارین و بەریان نەدام.

گەمییەکەی ئێمە تازە لە دەریا کەناری"هامبەرHumber" دەرکەوتبووە، کە تووندە بایەکی سەرشێت دەستی پێکرد. شەپۆلەکان چەشنی کێو بۆ گەمێ هاتن و گەمی چەشنی قوتیلەی شقارتە، بەسەر شەپۆلاندا سەمای کرد. من قەت سەفەری دەریام نەکردبوو و هەرگیز شەپۆل و سەمای گەمێم بە سەر شەپۆلانەوە نەدیتبوو؛ لە ترسان وەک تێداران هەڵدەلەرزیم و جێگا نەبوو خۆمی تێدا وەشێرم.

من هەر ئەودەم زانیم کە هەناسەی ساردی دایە و بابە گرتوومی و ئەمە سزای خۆمە و بە چاوی خۆم دەیبینم و دەبێ بیچێژم. چاوی پڕ لە ئەسرینی دایە و دەنگی بێدەنگیی بابەم وەبیر هاتنەوە و ئامۆژگارییە گرانمایەکانیانم کەوتنەوە بیر. لەوددەمەدا ویژدانی خەوتووم خەبەری بۆوە و سەرکۆنەی کردم و ئازاری دام.

تۆڤانی دەریایی دەمبەدەم بەهێزتر و شەپۆلەکان یەک بە دوای یەکدا بەرزتر و سامناکتر بەرەو گەمێ دەهاتن. هەرچەند کە تۆڤان و هەڵچوون و داچوونی شەپۆلەکانی ئەو ڕۆژە لە هەمبەر ئەو تۆفانە سامناکانەی کە دوایی دیتمن، لە هیچ کەمتر بوو، بەڵام بۆ ئەمنی کەم ئەزموونی ساکار ئەوندە ترسناک و تۆقێنەر بوو، کە پێم وابوو ڕۆژی ڕوون بە چاوان نابینمەوە.

هەر لە جەنگەی شڵپ و هۆڕی شەپۆل و کەوتن و هەستانەوەی گەمێدا، چەند جاران لە ناخی دڵمەوە دەگەڵ خودای خۆم پەیمانم بەست کە هەرکە پێم بگاتە ڕۆخی دەریا، شەرت بێ یەکڕاست بەرەو دایە و بابە بگەڕێمەوە و ئاڵقەی ئەزموونەکانیان دەگوێچکەم بکەم و قەت قەت سەر لە فەرمانیان ڕانەگوێزم. بەڵام بەرە بەرە، تووندەبای سەرشێت لە ڕەوتی شێتانەی کەوت و شەپۆل داکەوت و دەریا ئارام بۆوە و منیش هاتمەوە سەر ژیانی ئاسایی.

بەرەبەری خۆر ئاوابوون، هەتاو خۆی بە ئاو نیشان دا و دەریا بە تیشک پێکەنی و دڵی منیش ئەهوەن بۆوە. ئەو شەوە ، سەرم کردە سەر سەرین و

خەوێکی وەها قورس و گران بردمییەوە، کە ئەگەر تیشـــکی هەتاو لە چاوم نەچەقیبایە، خەو بەری نەدەدام. هەستام و سەیری ئاوێنەی ئاوی ئەو سەر نادیاری دەریام کرد. دوێنی و ئیمڕۆم لە بەریەک دانا؛ دەریای دوێنێ بە زەختی ڕەشەبا وەهای تێک داویشت کە چاو بەرایی ڕوانینی نەدەدا. بەڵام دەریای هەنووکە دەڵێی ئاسمانی شێنە و گەمێی بە سەریدا دەڕوا. هەر لەو دیتن و ڕوانینە دا بووم، کە برادەرەکەم هات و گوتی:

"دوێنێی چۆن دەرچووی؟.. لەوانەیە زۆر ترسـا بی! بەڵام با پێت بڵێم کە ئەوەی دوێنێ بینیت، تۆفانۆچکەیەکی وردیلانە بوو...

قسەم پێ بڕی و سەرسووڕماوانە گوتم:

"ئەوە دەڵێی چی هاوڕێ؟!... ئەگەر ئەمەی دوێنێ تۆفان نەبوو، ئەدی تۆفان دەبێ چی بێ!... خۆ هێندەی نەمابوو گەمیەکەمان بە حەوا دا بچێ و لەوێوە نوقومی ئاو بێ!"

هاوڕێ بە قسەم پێکەنی و وڵامی دامەوە:

"ئەگەر سـەبر بگری تۆڤانی ڕاستەکیش دەبینی، بەڵام با ئەمەشت پێ بڵێم کە ئەگەر گەمێوان لە گەمێکەی دڵنیا بێت و هیچ عەیبە و کەم و کورییەک لە گەمێکەیدا نەبینێت، تۆڤان دوو ئەوەندەش هێرش بێنێ، ئەو لێی ناترسێ و گەمێ بە سـەر شـەپۆلاندا تێپەڕ دەکات. بەڵام ئیتر دوێنێ تێپەڕی و پێمخۆشە بیری دوێنی بە ئاو دا بدەیت و خۆت بۆ سەفەری دوور و درێژتر ئامادە بکەیت... تۆ سـەیری ئەم دیمەنە جوانەی دەریات کردووە کە چەندە دڵگرە؟

گوتنی هاوڕێ وەک وانەیەک وابوو کە چاوگەی دڵمی کردەوە و بە گوتەی ئەو دەبێ وردە وردە خۆم ڕابێنم و فێری چەم و خەمی دەریـا و گەمێ و مەترسـییەکانی ببم. لەوەیکە دڵنیای کردم کە گەمێ و گەمێوان لە هەر بوارێکەوە جێی دڵنیایین، گەلێک حەسـامەوە و شـەرت و پەیمانەکانی وەختی ترسانم بە ئاو دادا و خۆم بۆ ڕۆژی گران ئامادە کرد.

بە دڵم دا هات کە خودای بانی سـەر ئاگادارمانە و هەر ئەویش بوو کە لە ئاسمانانەوە مستی لە دەمی شەپۆلان دا و دەریای بۆ ئارام کردینەوە.

دوێنی، ئەو دەمانەدا کە دەمدیت شـەپۆل بە بارسـتایی کێوێک هەڵدەستن و خۆ بە گەمێدا دەکێشن، مردنم بە چاو دەدیت و هیچ هومێدێکم

بە سـبەی بەیانی نەدەما. بەڵام کە دەریاوان و کرێکارانی پاپۆڕەکەم دەدیتن چلۆن پاڵەوانانە هەڵدەسووڕین و چەند زانایانە گەمیٚ بە سەر شەپۆلاندا بەرەو پێش دەبەن، تۆزکاڵێک ئەهوەن دەبوومەوە و حەسانەوەم وەردەگرتەوە. ئەوان خوێن سارد و بێ خەیاڵ دەهاتن و دەچوون و وەک ئەوەیکە مێشێکیشیان لێ میوان نەبێ، تەنافی چارۆکە مەزنەکانی گەمێیان هەڵکێش داکێش دەکردو ئاقاری گەمێیان بە نێو شەپۆلاندا دەگۆڕی و نەیان دەهێشت زەختی شەپۆلان جەستەی گەمیٚ بترسێنێت.

گەمێی ئێمە شەش ڕۆژ بوو بەڕێوە بوو. بەرەبەیانی ڕۆژی شەشەم، گەمێی ئێمە لە لەنگەرگەی "یارموث Yarmuth" لەنگەری هاویشت. وا دیار بوو بە هۆی تۆفانەکە، گەمێی ئێمە درەنگتر لە بەرنامەی بازەرگانەکان گەیشتۆتە ئەو لەنگەرگەیە و ناچارە بۆ کاڵا دابەزاندن، وچانێک بگرێ. باش بوو لەو لەنگەرگەیەدا فەرمانی وچان گرتنیان بە گەمێوانان دا، چونکە بایەکی دژ بە ڕێبازی سەفەرەکەمان هەڵی کردبوویە. ئەو دژەبایە بە ماوەی هەفتەیەک ئێمەی ڕاگیر کرد. با ئەمەش بڵێم کە هەر گەمێی ئێمە نەبوو لە ترسی دژەبای توورە ناچار بە ڕاوەستان کرابێت؛ گەلێک گەمێی بازەرگانیی دیکەش کە لە "نیوکاستەل Newcastle"ەوە هاتبوون، هەر لەو لەنگەرگەیەدا چاوەڕانی ئەهوەن بوونەوەی دەریا، لەنگەریان گرتبوو.

لەنگەرگەی ناوبراو لە هەر بارێکەوە جێی مەتمانە بوو. لەنگەرگەکە شارەدەریایەکی گەلێک ئاواڵە و جێدار بوو کە هەمە چەشنە شتی تێدا دەست دەکەوت. هەموو ئەو پاپۆڕانەی کە لە کەنارانی ڕایان گرتبوو، پووتەئاسنی لەنگەرگرتنیان دە ئاو هاویشتبوو. گەمێی ئێمەیش وەکی دەیانگوت پووتەئاسنی لەنگەرگرتنەکەی جێی دڵنیاییە، بۆیە هەرکە گەمێی ئێمە لەنگەری خست، دەریاوانانی بێ خەم و خەیاڵ خەریکی خواردن و خواردنەوە بوون و تۆڵەی ڕۆژانی سەختی دەریاوانییان کردەوە.

ڕۆژی هەشتەمی سەفەرەکەمان بوو کە دژەبا تەوژمی توندتر کرد و ئێمەیش بە گشتی دەست بەکار بووین. کۆگای کاڵا و کەلوپەلی بازەرگانی کە لە سەر سکۆی پان و بەرینی گەمێدا کەڵەکە کرابوون، لە ترسی ڕەشەبا،

گشـــتمان دابەســـتن و دوایەش مەزن ئەســـتووندەکی چارۆکەگیرەکانمان خەواندەوە و چاوەڕێی کەوتنی دژە با ڕاوەستاین.

بەرەبەری نیوەڕۆیە، تۆفان دەستی پێکردەوە. شـەپۆل بە دوای شـەپۆلدا هاتن و گەمیەکانیان هەڵســووڕاند. بەشــی پێشــەوەی گەمێی ئێمە چەند جـاران بەرەو ژێرئـاو لوور بۆوە و چەنـد شــەپۆلێکیش ڕژانە نێو گەمیّ. هەرجارێک کە گەمیّ بە شــەپۆلان ڕادەتلّەکا، وەک بلّێی پووتەئاســنی لەنگەرگرتنەکەی بە ژێر تەرکی دەریادا دەخشــیّ، دەنگێکی کڕ و ناخۆشــی لێوە دەهات. بۆیە گەمێوان فەرمانی دەرکرد کە پووتەئاسنی لەنگەرگرتنی قورســتر دە ئاو باوێژن. تۆفان دەم بە دەم تەوژمی توندتر کرد. هێرشــی شەپۆلان و هات و هاواری بای سەرشێت وەهای لێهات، کە من نیشانەی ترس و تاسانم بە ڕووی مەلەوانەکانەوە دیتن.

کەیخودای گەمێکەی ئێمە بۆ پاراســتنی گەمیّ، بەردەوام لە هات و چۆ دابوو. سـەردانی ژوورەکەی خۆی دەکرد و دەهاتە دەر و بە کەنارەی گەمێدا دەخولایەوە. ئەودەمەی کە بە لاشانی مندا تێدەپەڕی،گوێم لە پاڕانەوەکەی بوو کە دەیگوت:

" ئەی خودای مەزن دەرگـای بەزەییت بە ڕوومـانـدا بکەوە... دەرگـای بەزەییت بە ڕووماندا نەکەیتەوە گشتمان تێدادەچین!"

هەر لە سەرەتای تۆفانەکەدا من پەنام بۆ ژوورەکەی خۆم برد و لە سـەر قەرەوێلّکەم ڕاکشام. لە دەنگی هاژەی ڕەشەبا و شلّپەی شەپۆلان گێژ ببووم و گوێچکەکانم بە هەر دوک پەنجەکانم گرتبوون. ماوەیەک هەر لەو حالّەدا مامەوەو هاتوچۆی کەیخودای گەمێوانیشـم بە چاوان دەدیت کە مەزلوومانە دەپاڕایەوە. دەنگی پاڕانەوەی کەیخودای گەمیّ، مالّی منی ترسنۆکی سـەد جار سەد جار کاولتر کرد و ئیتر بە یەکجاری جەرگ و دلّم پێکەوە داکەوتن؛ کەیخودای گەمیّ زۆر هەناسە ساردانە دەپاڕایەوە و باسی مردنی بەکۆمەلّی دەکرد. هەرکە ئەمەم بیســت، لە ژوور دەرپەڕیم و ســەیرێکی دەریام کردو دلّم خزی. ئاوی ئۆقیانۆس چەشــنی حەزیایەکی ژینەوەرخۆر هەســتابوویە سـەر پێیان و خۆی بە سـەر وشکانی دادەکێشا. سـەرجەم گەمێی کەنارانی چەشنی قوتیلەی کایەی منداڵان هەڵدەسووڕان و شـەپۆل کایەی پێدەکردن. شــەپۆل بە شـوێن شــەپۆلدا دەهات و چەشـنی زنجیرە چیایەکی بەرز، لە

کەنارا ندا دەتەقینەوە و بەرەو پاش دادەگەڕانەوە. ترس و تۆقینی من هەر ئەو دەمە گەیشــتە حاندی لەهۆش چوونم، کە دوو گەمێی بارهەڵگری نزیک بە ئێمە بە هۆی قورس بوونی باری بارخانەکانیان، لە هەڕەت و جەنگەی قوم بوون و ژێر ئاوچووندا بوون. گەمێوانەکانی دوو گەمێی ژێر مەترسی، بۆ نەجاتی گەمێکانیان فەرمانی پێچانەوەی چارۆکە و بڕینەوەی مەزن ئەستووندەکی سوکانی گەمێکانیان دەرکرد. دەریاوانەکان خەبەریان پێداین کە لەنگەرگیری دوو گەمێی بازەرگانی پچراون و تووندە با هەر دووکیانی هەڵگرتووە و ڕای ماڵیونەتە نێوەڕاستی دەریا.

بەرەبەرەی ئێوارێ، لە بەشــی پاراستنی گەمێ دوو ئەفســەر هاتن و بە گەمێوانیان ڕاگەیاند کە بێتوو ئەســتووندەکی پێشــەوەی گەمێکە لە بنەوە نەبڕنەوە، ئەگەری تێداچوونی گەمێ و سەرجەم دانیشتوانی یەکجار زۆرە. لە ســـەرەتا دا کەیخودای گەمێ ملی نەدا، بەڵام دەگەڵ هەڵکشـــانی هێزی تۆڤان، ئەستووندەکی پێشەوەیان خست. بەخستنی ئەستووندەکی بچووک، ئەمجار زەختی تۆفان کەوتە سەر ئەستووندەکی مەزن و بەناچار ئەویشیان خەواندەوە.

لەم بار و دۆخەدا کەس ئاگای لە حاڵی زار و پەرێشـــانی من نەبوو. ئەوەنــدەی نەمــابوو ڕوحم دەربـچێـت. بەتــایبەت کە بە چــاو دیتـم دەریاوانەکانی گەمی دەستیان لە گیان شوردووە و بە ئاشکرا گوێم لێ بوو کە دەیانگوت ئەوان قەت تۆفانی ئاوا سامناکیان بە چاو نەبینیوە.

گەمیەکەی ئێمە هیچ کەموکوڕی و عەیبەیەکی نەبوو، بەڵام بەهۆی باری قورســی ســـەرشـــانی، دەگەڵ هەر چەپۆکێکی ڕەشـــەبا، لە ئاو دەنیشـــت و هەڵدە ستایەوە. دەگەڵ هەر نشست و هە ستانەوەیەکیشی دا، دە جاران من نێوکم دەکەوت. کەیخودا و دەست و پەیوەندەکانی گەمێ بۆ نەجاتی گەمێ لە تێکۆشان دا بوون و هەرچی زانیاریی کە لە دەریاوانی دەیانزانی ، بۆیان دەکار دەکرد. بەڵام هەوڵ و تێکۆشانیان لە ئاست ڕەشـەبای سـەر شـێت و شــەپۆلی کێوئاســا دا هیچ بەر و بەرهەمێکی نەبوو. بە ناچاری دەســتیان بەرەو ئاسمان ڕاداشت و هاواری هانایان بەرەو حەوا بەرێ کرد.

شـــەوێکی پڕ لە ترس و دڵەتەپێ بە ســـەرمان دا هات. هەر لەو هەلە خەمناکەی کە منی تێکەوتبووم، کرێکارێکی کۆگاخانەی گەمێ خەبەری

هێنا کە تۆقەڵەی بنی گەمیٚ قەڵشـێکی تێبووە و نیو مەتر ئاو خزیوەتە ناو خەزێنە و کۆگاخانەی گەمیٚ ئاو گرتوویەتی. هەرچی کرێکاری ناو گەمیٚ بوون، ڕایان کردە سـەر پۆمپی دەستی و دەستیان کرد بە تروومپا لێدان و ئاو بەتاڵ کردن. من بە بیسـتنی ئەو هەواڵە تاڵە، ئیتر توانام لیٚ بڕا و لە لاشـانی قەرەوێڵەکەمدا دەبوورەوە چووم و بە دەمدا کەوتم. کرێکارێک بە فریامەوە هات و بە ئاگای هێنامەوە و گوتی:

" ئەتۆ هەتا ئێستا هەر خواردووتە و خەوتووی و دەستت لە ڕەش و سپی نەداوە، ئێستیٚ لە هەڕەت و دەمی هات و نەهاتان داین و ئەگەر هەرکەس گوێچکەی کارێک نەگرێت و خزمەتێک نەکات، لە دەسـتچوونی گەمیٚ و قرتێکەوتنی خۆمان شکی تێدا نییە ... دەی هەستە ببزوو! "

من هەستام و دەگەڵ کرێکارەکە چوومە سەر پۆمپێک و بە هەموو توانای خۆمەوە دەستم بە تروومپالێدان و دەردانی ئاوی ژێرخانی گەمیٚ کرد.

هەر لەم هەیـت و هووتەدا بووین، کە گەمێیەکی بچووکی هەڵگری خەڵووز، بە تەوژمی ڕەشـەبا لە ڕۆخی دەریا هەڵکەندرا و شـەپۆلەکانیش هەڵیانگرت و لە بەر چاوی ئێمە، بەرەو چەقی دەریا فڕاندیان. کەیخودای گەمێکەی ئێمە کە ئەم حـاڵەی بینی، بۆ ئـاگـادار کردنەوەی بەشـی چاوەدێرانی سەر وشکانی، فەرمانی دەرکردنی تۆپێکی دەرکرد. دەنگی تۆپ بۆ ڕاگەیاندنی بار و دۆخی نالەبار و بۆ بەئاگاهێنانەوەی کاربەدەسـتانی سەر وشکانی بوو؛ کە ئەمن لەم یاسایە بێخەبەر بووم. هەرکە تۆپیان ئاگر دا، منی بێخەبەر لە کارەسات، پێم وابوو گەمێکەی ئێـمە تێکشکاوە و هاکا بەرەو تەندووراوی دەریـا چووینە خواریٚ. دەنگی تۆپ ئەوەندە توونـد و لەپڕدا بوو، کە بە شـریخەکەی منیش لە هۆش چووم. ماوەیەک پێچوو، من چاوم کردەوە و سـەیرێکی دەوران پشتی خۆم کرد؛ ئەو شوێنە کە من پۆمپم لێدەدا، هیچکەسـی لێنەمابوو. منیش لەو شـوێنەی کە لێی بووم، لەویٚ نەمابووم و کەوتبوومە ئاقارێکی دوورتر. بۆم دەرکەوت کە ئەو دەریاوانەی کە پۆمپی بەتاڵکردنی گرتبوویە دەست، منی لە هۆشچووی بە مردوو دانابوو و بە پشتی پیٚ ڕایدابوومە خوارەوە.

دەریاوانەکان شێلگیرانە خەریکی تێکۆشان بوون. دەنگی تروومپالێدان و دەرکردنی ئاو لە گەمیٚ، جێگای هاژەی ڕەشـەبا و شڵپ و هۆڕی شـەپۆلانی

گرتبۆوە. تۆڤان تۆزکاڵیک سرەوتبۆوە، بەڵام ئاوی ژێرخانی گەمیّ بەرەبەرە هەڵدەستا و دزەی دەکردە بەشەکانی تری گەمیەکە. بۆ نەوژەن کردنەوە گەمیّ دەبوایە لە وشکانی نزیک ببینەوە، بەڵام بەو چەشنەی کە ئاو لە کونی ژێرخانەوە دەردەفرتا، هەر دەم ئەگەری خنکانی گەمیّ دەگۆڕیّ دابوو.

کەیخودای گەمیّ بۆ بەفریاگەیشتنی یاریکارانی سەر وشکانی، فەرمانی تەقاندنی تۆپێکی تری دەرکرد. بە دەنگی زرمەی تۆپ، پاپۆڕێکی مەزن کە بە نزیک ئێمەدا تێدەپەڕی، بەلەمێکی گەورەیان بۆ خستینە سار ئاو. بەڵام بەلەم بە سەر ئاوی دەیادا ئەملا و ئەولای دەکرد و دەمێک لێمان نزیک دەکەوتەوە و جارێکیش دوور دەبۆوەوە. دیار بوو توانایی سەوڵ لێدەرانی بەلەم ، بەرگە و باشاری شەپۆلی توورِ ناگرێت؛ بەلەم لە سەر یەک جێگا مەلەی دەکرد و بەرەو پێش نەدەهات. سەرەنجام لە گەمێی ئێمەوە پەتیان بۆ هاویشتن و بە پەت بەرەو بەشی دواوەوەی گەمێیان ڕاکێشان. یەک یەک و دوو دوو لە گەمیّ هاتینە دەر و سواری بەلەم بووین. سوار بووین و بەرەو گەمێی یاریکار سەوڵمان لێدا، بەڵام ڕۆیشتن و دەرچوونمان لە سەر سیفر بوو. بە ناچار بەرەو وشکانی سەوڵمان لێدا. من وەک شێت و هاران بە شوێن وشکانیدا دەگەڕام. لەپڕ دەنگی هاواری هاوسەفەرەکانم بەرز بۆوە و بە پەرۆشەوە خنکان و ژێر ئاوبوونی گەمێی خۆمانیان ڕاگەیاند. خەبەری نوقوم بوونی گەمیّ، لقەیەکی وەها توندی لەمێشکم دا، کە چی نەمابوو گیانم دەربچێت.

لە بەلەمەکەی ئێمەدا چەند سەوڵ بەدەستێک بە هەموو توانایانەوە سەوڵیان لێدەداو دانیشتووانی ناو بەلەمەکەش بەنۆرە، یاریکاریان بوون. بەتێکڕایی تێدەکۆشاین و بەلەمەکەمان لە وشکانی نزیک دەکردەوە. هەتا لە وشکانی نزیکتر دەبووینەوە، هومێدی ڕزگاربوون زیاتر دەیلاواندمەوە. بەلەمەکەمان بە سەر شەپۆلاندا نەرمە قەڵبەزەی بوو. جار جار قەراخ ئاومان لێوەدەر دەکەوت و دەم دەمیش شەپۆلەکان بەری چاویان دەگرتین. سەرەنجام لوتی بەلەم، وشکانی ماچ کرد و ئێمەی دابەزاند. هەرکە پێمان لە وشکانی نا، سەیرمان کرد و دیتمان کە خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕژاونەتە ڕۆخی دەریا و لە چاوەڕوانیی گەمیّ شکاوەکاندا ڕاوەستاون.

من و هاوســـەفەرەکانم بە ســـڵامەتی ڕزگاریمان هات و ڕێگای "یارموث Yarmouth "مان بە پێیان گرتە بەر. خەڵکی شارەکە زۆر بەڕێزەوە وەریان گرتین و میواندارییەکی گەرم و گەوریان بۆ تەرتیب داین. بازەرگـان و خەوانینەکانی شاریش پارەیەکی باشیان بەسەردا دابەش کردین. تەنانەت بۆ گەڕانەوەی شار و دیاری خۆمان، کارهاسانیی سەفەریشیان لە ڕێگای لەندەن، یان بە ڕێگای شاری"هوڵ"ەوە پێشکەش کردین.

من، باشـترین و ئاقڵانەترین ڕێگای دەرچوونم بە ماڵی دایی و بابەمەوە گرێدا. پێم وابوو ئەو ڕێگایە زۆر بەخێر و بێرترە و، لە خەم و خەتەریش بە دوورە. ئەگەر ژیر و بەفام بوامایە و مشوورێکی سڵامەتم هەبوایە، باشترین ڕێگـا، ڕێگـای مـاڵی دایە و بـاوکم بوو. بەڵام هەوا و هەوەســـی لاوێتیم ڕێگایەکی تریان بۆ دەســـت نیشـــان کردم و هەوســـاریان پێ لار کردمەوە. ئاخرسەر و سەرەنجام چارەنووسی بەدفەڕی من، ڕێگەی لار و خواری خستە بەر پێم. ئەو بیرە نگریســـەی من ڕێگەی ســـڵامەت و حەســـانەوەی لێ پووکانـدمەوە و مۆرکی ژیـانێکی شـــێواوەحـاڵی لە دەفتەری داهـاتوومـدا چەسپاند.

لە شـاری (یارموث)، گیرۆدەی بیر و خەیاڵاتی بچم و نەچم، چەندێک بە شـار دا گەڕام. چارەنووس جڵەوی منی گرتە دەست و یەکجێ تووشـی هەر ئەو هاوڕێیەی کردمەوە کە کوڕی کەیخودای گەمیە خنکاوەکەمان بوو. ئەو لە من شـێواوەحاڵتر و پەرێشـان و بێ هیواتر بوو. شـادی و شـەوق و حاڵ و هەوای جارانی نەمابوو. پێکەوە ڕۆیشتین و سەردانی باوکیمان کرد. هاوڕێم، منی بە باوکی ناســـاند. باوکی هاوڕێم بە گەرمی بەخێرهێنانی کردم و خەمناکانە بە سەرم داهات و گوتی:

" تازەلاوی ئازیز، ئەگەر قســـەم دەگوێ بگری و لە قســـەم دەرنەچی، بە تکاوە لێت دەخوازم کە لە دەست لە سەفەری دەریا بەردەی و ژیانی خۆت تووشی کارەساتی دڵتەزێن نەکەی. دەریا و دەریاگەڕی هیچ وەفایەکی نییە و بەرهەمەکەی نەمانە و بەس!"

بـاوکی هـاوڕێم گەلێکی بۆ خوێنـدم و ئەزموونەکـانی خۆی لە دەریـا و دەریاوانیدا بۆ گوتم و هەزاران پەندی پێدام. منیش بە وردی گوێم بۆ شـــل

کرد، بەڵام بەگوێم نەکرد و لەم گوێ بۆ ئەویترم دەردا و بە هەر دوو گوێیانمدا فتم کرد.

بەو برە پارەیەی کە پێم مابوو، بەرەو لەندەن ڕۆیشتم. چەند ڕۆژێک لە لەندەن سووڕامەوە و لە نێوان دوو ڕێیانی بچم و نەچمدا مەلەم کرد. بۆ خۆ فریودان بەخۆم گوت:"چوونەوی لای دایە و بابە سەرشۆڕییە. ئاخر بە چ ڕوویەکەوە بچمەوە لای ئەوان؟.. باوک پەندی پێدام و دایک بەرۆکی بۆ دادڕیم و فرمێسکی بۆ هەڵوەراندم.. هەر دووکیان لە بەرم پاڕانەوە کە ماڵ چۆڵ نەکەم و بە لایانەوە بمێنمەوە؛ نەمکرد و گوێم نەدانێ.. دەی ئێستا خوێڕی خوێڕی سەر دابخەم و بگەڕێمەوە لایان؟!... نەخێر ئەمە کاری کردن نییە و بۆ کردن نابێ. باوک و دایکیش لێم خۆش بن، دەر و جیران بە گەمژە و نەزانێکی خوێڕیلکەم بانگ دەکەن!... نەخێر ناچمەوە!... مەگەر بمرم و کەلالم بەرنەوە لای دایە و بابە! ..."

بەرەبەرە پارەی گیرفانم وشـکاوی هات و بەناچاری ڕووم کردە کار. لە کار کردنیشدا خۆم وەک کوڕە دارا و دەوڵەمەندان بە خاوەن کار ناساند. گوتم بەشکەم لە سەراندا جێگام بدەنێ؛ بە جلکی تازە و پێڵاوی نوێمەوە بۆ لای سووکەڵە کاران نەدەچووم و لە بەرزەکارانیشدا ڕایان نەدەگرتم. لە گەڕان و سووڕانەوە بە شوێن ئیش و کاریشدا، جلکی خەوانینانە و مێشکی بەرزە دماغم، مایەپووچیان کردم و هیچ سەرە پەتکێکی ئیش و کارم نەکەوتە دەست. زۆرترینی هێڵی هاتووچۆ و خولانەوەم ڕۆخی دەریا و کەنداوی جێی لەنگەری پاپۆڕە مەزنەکان بوو. بە ڕۆخی دەریا دا دەهاتم و دەگەڵ کەیخودای پاپۆڕەکان و کرێکارانی گەمیٔ تۆقەم دەکرد. ڕۆژێک بە هەڵکەوت تووشی گەمیوانێک هاتم کە لە نێوان ئەورووپا و گینەی ئەفریقادا بازەرگانی دەکرد. گەمێوان باسی بازەرگانیی نێوان لەندن و گینەی بۆ کردم کە چەندەی خێر و بێری تێدایە و لە سەفەرەکانیشدا چیها خۆشی و حەسانەوە دەبینێت. منیش زۆر تامەزرۆیانە گوێم بۆ شل کرد و بێدەنگ بۆی ڕاوەستام. گەمێوان کە تامەزرۆیی منی بۆ سەفەر بینی، پێشنیاری هاوسەفەری پێکردم و گوتی:

"من خەرجی سەفەرت لێ ناستێنم. تەنانەت ئەگەر بخوازی، تۆیش دەتوانێ شتومەکی بازەرگانی بکڕی و لە ئاواییەکانی ئەفریقادا

بیفرۆشـیتەوە. من سـەتاسـەت دڵنیات دەکەم کە دەسـکەوتێکی باش و پڕ مـایەت پێ دەبڕێت و ئەگەر تێیدا بەردەوام بیت، لە مـاڵی دنیـا خەنی دەبی."

منیش کە ئەمەم لە عاسمان دەویست و لە سەر عەرز پێی گەیشتبووم. یەکجێ و بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک پێشنیارەکەم وەرگرت و بە ڕێنوینی ئەو، هەندێک متومووروی ڕەنگاو ڕەنگی ڕازاندنەوەی کیژۆڵانم کڕی. شتومەکەکە، لە تێل و شـیشـۆقەی هەرزان سـازکرابوون؛ بەو کەمە پارەیەی کە لە گیرفـانمـدا مـابووم، کۆگـایەکم پێ کڕی. بەڵام لەو سـەفەرە دەریـاییەدا ئەوەیکە هێژای گوتنە ئەمەیە، کە ئەو دۆسـتە ئازیزە وەک مامۆسـتایەکی دڵ و دەروون دەوڵەمەنـد، لە زانسـتی جۆراوجۆر و هەمە چەشـنەی گەمێوانییەوە بیگرە هەتـا بیرکـاریی و ئەسـتێرە نـاسـی و زانسـتی جوگرافیایی، هەر هەمووی فێر کردم؛ دەکرێ بڵێم دەرگایەکی نوێی زانستی بۆ کردمەوە. شێوەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنەکەی بە دڵ و دەروونێکی هەر هێندە دڵسـۆزانە بەڕێوە دەبرد، کە هەسـتم دەکرد کەوتوومەتە دنیایەکی نوێ. گرتنی سـوکانی گەمێ بۆ گۆڕینی ئاقاری چارۆکەکانی و چەرخاندنی چارۆکەی دەوری ئەسـتووندەکەکانیشـی فێر کردم؛ لەڕاسـتیدا وەک نیوە گەمێوانێکم لێهات. هەر لەو سەفەرەدا، ئەو وردە شتومەکەی کە بابەتی ژن و کچۆڵان بوون، سـەر بە سـەرم بە وردە زێڕ نەغد کردنەوە و لە گەڕانەوەم بۆ لە شاری لەندەن، زێڕەکانم بە پارە گۆڕینەوە. هەر لەو یەکەم سەفەرمدا، من بە تەواوی سووڕام و بیری بازەرگانی و گەمێوانیی لە دەروونی مێشکمدا چەکەرەیان دا. پلانی گەورەم دارشـت و خۆم بۆ پلەی بەرزتر ئامادە کرد. دەکرێ بڵێم کە من بە دەسـتی خۆم، ڕەشـەچاڵێکی هەر ئەوەندە پڕ لە نەکبەتیم بۆ خۆم هەڵکەند، کە بە هەزاران دوژمنی قەستی سـەریش بۆیان هەڵنەدەکەندرا و پێیان نەدەکرا.

تازە لە یەکەمین سـەفەر گەڕابوومەوە، لەپڕ یاو تێیەکی کوشـندە دایگرتم و نەخۆش کەوتم و لە هۆش چووم. ئەو نەخۆشـینەش تایبەتی ئەو سـەوداگەرانە بوو کە لە نێوان وڵاتانی ئەفریقاییدا هاتوو چۆیان بوو؛ هەتاوی تووندی ئیسـتیوایی، مرۆڤی تازەکار تاوگەز دەکات و تاو و توێی نۆبەتێ لە جێگاوبانیان دەخزێنێ.

هەرکە لە سەر نوێنی ناسازی هەستامەوەم ، خۆم بۆ سەفەری دووەمم ئامادە کرد. قەرار وابوو کە بەرەو گینەی ئەفریقایی بڕۆین، بەڵام لە نەهامەتیی من، گەمێوانی برادەرم لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد و منی تەنیا هێشتەوە. من کۆڵم نەدا و هەر بەو گەمێیە، خۆم بۆ سەفەری گینە تێکنا. بەپێی سیاسەتی بازەرگانی، هەموو دارایی و دەوڵەتێکی کە کۆم کردبۆوە، لە سێ بەشان بەشێکم بە کەلوپەل دا و باقی پووڵەکەم وەک ئەمانەت بەلای خانمەخێزانی گەمێوانی کۆچکردوو بەجێهێشت.

گەمێ کەوتە ڕێ، بەڵام لە نێوەڕاستی دەریا دا تووشی گەمێی دزانی دەریایی هاتین. دزە دەریاییەکان خەڵکی "سالێ´Sale " بوون. گەمێی دزەکان سووک و تیژڕەوت بوو. ئەوان چارۆکەکانی گەمێی خۆیان بە ڕووی شنەبا دا کردەوە و تیژ بۆمان هاتن، ئێمەیش هەموو چاورۆکەکانی خۆمان کردەوە و خێراتر ڕامان کرد. بەڵام ئەوان دەسبەردارمان نەبوون و زۆر شارەزایانە بۆمان هاتن و پشتیان لێگرتین. گەمێی ئێمە دوازدە تۆپ و گەمێی ئەوان هەژدە تۆپی هەبوو. بەرەبەری کاتژمێری سێی نیوەڕۆیە، زۆر بەخێرایی بۆمان هاتن و هێرشیان دەست پێکرد. دزەکان لە هێرش و تێکشکاندنی گەمێی بازەرگاناندا زۆر شارەزا بوون. دیسان پشتیان لێ ئەستاندینەوە و لە پشتەوەڕا بەرەو لاکەلەکێی گەمێ وەرسووڕانەوە و تۆپیان بە ڕوووماندا تەقاند. ئێمەیش زۆر بە خێرایی هەشت تۆپمان بەرەو ئەوان ڕاگرت و تۆپ بارانمان کردن.

دزەکان لە شەڕی دەریاییدا زۆرزان و چالاک بوون. لە چاوتروکانێکدا دیسان لە پێشەوەڕا هاتن و بە یەک مانۆڤرە شەر، پشتیان لێگرتینەوە و هەر نەمانزانی چلۆن شەست کەسیان بە گەمیەکەماندا هەڵچوون و خۆیان دەپاڵ هاویشتین. هەرکە بە پۆل ڕژانە ناو گەمێی ئێمە، بە تەوری دەستی هەموو پەتی چارۆکەکانی گەمێی ئێمەیان پساند و گەمێکەیان لە جووڵە خستین. ئێمەیش بە تفەنگ و شمشێر و قۆمبەلەی دەستی ناچار بە پاشەکشێمان کردن. بەڵام دەستیان لێهەڵنەگرتین و سێ کەسیان لێ کوشتین و هەشتیشیان لێ بریندار کردین. گەمیەکەمان لە کار کەوت. بە ناچاری دەستمان دا و هەمووومانیان بە گەمێوە بەرەو "سالێ" ڕاگواست.

دەگەڵ من بـاش دەجووڵانـەوە و پێم وابوو ئـازادم دەکەن. بەڵام دوای ئەوەیکە هەموو هاوسـەفەرەکانیان دەست بەستە بەرەو شوێنێکی نادیار ڕاگواست، منیان هێشتەوە و کردیانمە خزمەتگوزاری سەرۆکی دزان و بووم بە کۆیلەی پادشای دزان.

منی بێچارە لە پلەی بازەرگانییەوە دابەزیم و بووم بە کۆیلە و نۆکەری سـەرۆکی دزانی دەریایی. ئیتر هیچ جێگایەکم نەما کە خەمی تێکەم. لە ماڵێکی گەرم و گوڕی ژێر لاواندنەوەی دایی و بابی نە حەجمام و بووم بە نیشتەجێی کاولاشـە کۆنێکی بیابانی و ژوورۆچکەیەکیان لە گەمێی دزانی دەریایی پێ خەڵات کردم. ئەو ئامۆژیاریە هێژایانەی باوکم هاتەوەبیرم کە پێی دەگوتم: [ڕۆڵەم ئەگەر گوێ لە قسەکانم نەدێری و هەر بە هەوای دڵی خۆتی لێ بخوری، تووشی چارە ڕەشترینی بار و دۆخی ژیان دەبی].

بەڵام بەداخەوە ئەمە یەکەمین ڕۆژانی چارەڕەشیم نەبوو کە ڕووناکایی بە دوا دا بێت. هەتا ڕۆژ هات و ڕۆژ تێپەڕی، نەگبەتی و هەناسـە ساردی و بێچارەگیی تازەتر و سامناکتری بەدوا داهات و بە لێشاو بەسەرمدا ڕژان...

ڕۆژێک، ئاغاکەم منی بردەوە ماڵی خۆی و لە ماڵدا داینام. من ئاواتم ئەوە بوو کە دەگەڵ خۆیدا بمباتەوە دەریـا. دەریـام بۆیە پێخۆش بوو، چونکینێ گەلێک جاران لە دەریا دا گەمێی دزان تووشـی گەمێی شـەڕکەری پورتەکالی یان ئیسـپانییەکان دەهاتن و لە شـەڕ دا تێدا دەچوون؛ ئەمەی دەگەڵ کردبـایەم، کوێرە هومێدێکی ڕزگـاریم دەبوو. بەڵام زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە ئەم خەیاڵەشـم وەکی ئەوانی دی پووچەڵ و خاوە. ئاغاکەم منی لە باغەکەی خۆیدا کردە باغەوان. بەڵام هەتا لە کاروانەسـەفەری دەریایی و لە تاڵان و خەڵک کوشـتن دەگەڕانەوە، منی دەناردە گەمێ و دەبوایە زبڵ و زاڵی گەمیەکەی بۆ خاوێن بکەمەوە. هەتا دەشـچوومە نێو گەمێی دزانی دەریایی، بیری ڕاکردن بە مێشکمدا دەهات. بەڵام گەمێیەکی ئاوا زڕت و زلام، بە منی یەکتەن بەڕێوە نەدەچوو. نە کەسێکم شک دەبرد کە جێی باوەڕم بێ و نە ئاشنا و ڕۆشنایەکیشم شک دەبرد کە پشتیان پێ ببەسـتم و پلانی ڕاکردنیان بە گوێچکەدا بخوێنم. دوو سـاڵ بە نۆکەری و کۆیلەتی ڕامبوارد. ماوەیەک بوو تاقمی دزان هیچ دەسـکەوتێکیان دەسـت نەدەکەوت و بە دەستبەتاڵی دەگەڕانەوە. لەم بێ بازاڕییەدا، تەواوێک بێ

پارە و دەستبەتاڵ مابوونەوە وەو کەمتر خۆیان لە قەرەی دەریا دەدا. دەستبەتاڵی دزەکان، تەنانەت لە خوردو خۆراکیشیاندا ڕەنگی دابۆوە. هەفتەی سێ جاران بەلەمێکی گەورەیان بۆ دە ئاو داویشتم کە لە دەریا دا ماسییان بۆ بگرم. گەلێک جارانیش کەسێکی خزمی پاشای دزان و کوڕەگەنجێکی دیلی ژێر دەستەیان دەگەڵ دەناردم.

ڕۆژێک، بەیانی زوو بە نیازی ماسیگرتن ڕەوانەی دەریایان کردین. هەوا ئارام و دەریا ئارامتر بوو. بە دەم ماسی گرتن بە دەریا دا هەڵکشاین، کە لەپڕ هەور و مژێکی تۆخ ئاسمانی دەریای داگرت و وشکانی لە بەر چاومان نەدیو بوو. ئێمە بەبێ ئامانج سەوڵمان لێدەدا و بەلەمەکەمان بەرەو نادیار ئاژواند. بەرە بەرە هەوا تاریک داهات و بوو بە شەو. تەواوی شەو سەوڵمان لێدا و بەری بەیانی بۆمان دەرکەوت کە لە نێوەڕاستی زرێدا سەرگەردان ماوینەتەوە. برسی بووین و ماندوو. بەڵام هەر کە شنەبا هەڵیکردێ و چارۆکەی بەلەمەکەمانی هەڵمساند، ئێمەیش لووتی بەلەمەکەمان ڕوو بە وشکانی سووڕاند. بەلەم بەرەو وشکانی باڵی گرت. دوای چەند دەمژمێرێک گەیشتینەوە بەردەستی سەرۆکی دزانی دەریایی.

سەرۆک ، لەو کارەساتەی کە بە سەرمان هاتبوو، تۆزکاڵێک تێکچوو. بەڵام بۆ دڵنەوازیمان گوتی:

" جارێکی تر بەبێ "کۆمپاسKompass "[1] و نان و پێخۆر، نابێ دوو هەنگاویش لە دەریا دوور کەونەوە."

هەر ئەودەمیش، وەستاکارێکی دارتاشی ئینگیزی کردە بەرپرسی سازکردنی دوو ژووری بچووک بۆ ڕاگرتنی ئاو و خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویست . وەستاکاری ئینگلیسی کە دیلێکی بەردەستی خۆیان بوو، لە ژێر

---

Kompas[1] قیبلەنما. ئامێرێکی تایبەت بە دۆزینەوەی ڕێگایە لە دەریا و وشکانی دا. پەیکانی کۆمپاس هەمیشە بەرەو باکووری جوغرافیایی ڕادەوەستێ. ئەگەر نەخشەیەکی جوغرافی پان بکەینەوە و کۆمپاسەکە لە پەنا نەخشەکە دابنێین، پەیکانی کۆمپاس بەرەو باکوور ڕادەوەستێ و ئێمەیش نەخشەکە بە ئاماژەی پەیکانی کۆمپاسەکە بەرەو باکوور ڕادەگرین. ئەو شوێنەی کە ئێمە و نەخشە و کۆمپاسەکەی لێیە، لە سەر نەخشەی دیاری دەکەین و ئەو شوێنەی کە بۆی دەچێن، ئەگەر لە باکوورە یان لە باشوور، لە ڕۆژهەڵاتە یان ڕۆژئاوا بێ، بۆی دەچین. لە نەخشەی کارتۆگرافیدا، کە تۆپۆگرافیای مەڵبەندەکانی تێدا دیاری کراوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگا، کۆمپاس یاریکارێکی باشە. لەم سەردەمە دا، ئامێری کۆمپاس لە بڕەو کەوتووە و لە موبایل تلێفۆنەکاندا کۆمپاسی گەلێک وردبینی تێدایە. وەرگێڕ

چاوەدێریی من و بە ئارەزووی من، دوو ژووری بچووکی بە چەشنێک ساز کرد، کە دەکرا بارخانەیەکی تەسەلی کەلوپەل تێدا جێ بدەیت.

من، ئیتر هەر بە شوێن دەرفەتێکدا دەگەڕام کە بکرێت پلانی خۆمی تێدا وەگەڕ بخەم و لە چنگ نۆکەری و بەرماوخۆریی دزێکی بەدکارە ڕابکەم و ئازادیی خۆم وەرگرمەوە. ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو؛ لەپڕ ڕۆژم گەیشتێ و هەر ئەو ڕۆژەی کە سەرۆکی دزان دەستوری پێدام سێ تفەنگ و گوولە و خۆراک و خواردنەوەی چەند ڕۆژانی خۆی و میوانەکانی ڕاگوێزمە ژووری بەلەمەکە، ئەو فەرمانە بۆ من وەک دەرگای ئازادی بوو کە بەڕوومدا بکرێتەوە. ئاهێکی خۆشم هاتەوەبەر. سەرۆکی دزان میوانداربیەکی گەورەی بۆ چەند گەورەدزانی ئەو دەوەرە تەرتیب دابوو، کە من وەک بگێڕی ئەو بەزمە دیاری کرابووم و سووکەڵە دەسەڵاتیکیشیان پێدابووم. سەرۆکی دزان بەنیاز بوو چەند ڕۆژێک بە ڕاوە ماسی و ڕاوی باڵندەی دەریایی خۆی و میوانانی سەرخۆش بکات. منیش هەرچی ئەو گوتبووی، بە زیادەوەم لە دوو ژووری بەلەمەکە داخست و چاوەڕوانی هاتنی میوانەکانی بووین. بەختی من گرتی و میوان نەهاتن. سەرۆکی دزان فەرمانی پێدام و پێی گوتم:

"کەلوپەلەکانی بەلەم ڕاگوێزەوە ماڵێ و دوایەش دووکەسان دەگەڵ خۆتا هەڵگرە و بە شوێن ماسیگرتندا بڕۆن. بەڵام بیرت نەچێت کە ماسی زل و گۆشتنم بۆ بێنیتەوە."

منیش لە کەلوپەلەکان، دەستەوارێکی گەورەی نان، سێ گۆزە ئاو، گردەیەکی گەورەی مێو، تۆپەڵەیەک بەن، مشارێک، تەور و چەکوش و بزمار و تفەنگ و گوولە و دەرمانم حەشار دا و دەگەڵ کوڕێکی ڕەشتاڵە و کوڕێکی (مەراکشی = مەغریب)ی سوار بووین. چارۆکەی بەلەمەکەمان هەڵدا و وەڕێ کەوتین. نزیک بە مایلێک لە وشکانی دوور کەوتینەوە و چارۆکەی بەلەمەکەم خەواندەوە و خۆم خەریکی ماسیگرتن کرد. قولاپم دە ئاو هاویشت، بەڵام هەتا ماسی دەمی لە چەشتەی قولاپ دەدا، بە تەکانێکی توند قولاپم ڕادەکێشا و ماسیم دەتاراند. ماوەیەکی زۆر بەم گەمەیە خەریک بووم و کاتم پێ کوشت و ئاخرسەر گوتم:

"کوڕینە ئێرە شاری وردەماسییەکانە و چەشتەی ماسی بە زایە دەچێت. بۆ ڕاوی ماسی گەورە، دەبێ هەورازتر هەڵکشێین. بەتایبەت کە سەرۆک

پێی ئەسپاردووم ئیشتیای لە ماسی گۆشتنە و دەبێ ماسی گوشتنی بۆ بەرینەوە. "

کورە مەراکشییەکە مرۆڤێکی خۆشباوەڕ بوو، بە بێ هیچ ئای و ئۆیەک باوەڕی پێکردم و سەری داخست. منیش چارۆکەکانی بەلەمم هەڵدا و خۆم سوکانم گرتەدەست و بەرەو نێوەڕاستی دەریام ئاژواند. لەو شووێنەی کە دەمەویست پلانەکەی خۆمی تێدا بەڕیوە بەرم، هەستام و چارۆکەکانم خەواندەوە و بەلەمم ڕاگرت. قولاپەکانم کردنەوە و سوکانی بەلەمەکەم دایە دەستی ئەو کورە ڕەشتاڵەیە کە ناوی"کسوریXuri" بوو. کورە مەراکشییەکە لە سەر لێوارەی بەلەمەکە هەڵتووتەکابوو و خەریکی کاری خۆی بوو. من وەک ئەوەیکە شتێک هەڵگرمەوە، لە پەنای ئەو داهاتمەوە و لەپڕ دا جووتی قاچەکانیم گرت و سەراوبن دە ئاوم هاویشت. مەراکشی قوم بوو و هاتەوە سەر ئاو. هاواری کرد و لێم پاڕایەوە کە هەڵیکێشمەوە، بەڵام من تفەنگم دەست دایە و پێم گوت:

" ڕیگای وشکانی زۆر دوور نییە و دەتوانی بە مەلە خۆت دەرباز بکەیت. نەکەی لە بەلەمەکە نزیک ببیتەوە! هەر باسکێک بۆ لای بەلەم لێبدەی، مێشکت بە گوللەیەک دەرخواردی ماسییەکان دەدەم. "

کورە مەراکشییەکە ترسا و بە مەلەکردن دوور کەوتەوە. ئەمجار بەرەو کسوری داگەڕامەوە و پێم گوت:

" ئەگەر هاوڕێیەکی باش بی و پەیمانم دەگەڵ ببەستی کە پشتم بەر نەردی، تۆیش وەک خۆم ڕزگار دەکەم. منیش بەڵێنت پێدەدەم کە هەرکە لە دەریا ڕزگایمان هات، لە ماڵی دنیا بێ نیازت بکەم. ئەگەریش کەڵەکباز بی و بخوازی دەداوم بخەیتەوە، تۆیش بە شوێن مەغریبیدا ڕەوانەی بارەگای سەرۆکی دزان دەکەمەوە. "

کسوری بە دڵێکی کراوەوە و دەمی پڕ لە پێکەنینەوە دەستی دۆستانی بۆ درێژ کردم و بەڵێنی پێدام کە وەفادار دەمێنێ و پشتم بەرنادا.

هەتا مەغریبی لە بەرچاوان نەدیو نەببوو، بەلەمەکەم بەرەو نێوەڕاستی دەریا بەرەو پێش برد. گوتم با مەغریبی پێی وابێ بەرەو "جەبەلی تاروق Gibraltar " دەڕۆم. هەرکە ڕەشایی مەغریبی چەشنی خاڵێکی بچووکی

لێهات، چارۆکەکانم بەرەو باشووری ڕۆژئاوا هەڵدا و دوای ماوەیەک هاوتەریب دەگەڵ نەواری وشکانی، بەرەو ڕۆژهەڵات ڕامدا.

سرووەی با چارۆکەکانی پڕ کردبوو. هەوا ئارام و ئاو بێ شەپۆل بوو. بەلەم وەک مار بە سەر ئاو دا دەخوشی. سەرتانسەری شەو بەم چەشنە و بەو خێراییە بەڕیوە بووین و بۆ بەیانی کاتژمێری سێی دوای نیوەڕۆیە وشکانیمان لێ وەدەرکەوت. بەم تەرتیبە، نزیک بە سەد و پەنجا مایل لە "سالێ´Sale" دوور کەوتبووینەوە. من دەمزانی کە بەلەمەکەی ئێمە لە مەڵبەندی دەسەڵاتی"مەراکش" دانەماوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە، ترسی دەداو کەوتن و دەسبەسەریمان هەر مابوو. ئەو ترسەش وای لێکردم کە ماوەی پێنج ڕۆژی بێ وچان بە دەریا دا بڕۆم و بۆ هیچ وشکانییەک لانەدەم. ئاو و خواردەمەنیی تەسەلمان هەبوو. بای وەعدەش پاڵی پێوە دەنایین و بەرەوپێشی دەبردین. ڕۆژی شەشەم، ڕەوتی با دژی ئەو ئاقارە دەشنایەوە کە ئامانجی ئێمە بوو. بەڵام ڕەوتی با ئەوەندە بەهێز نەبوو کە نەتوانین بەلەم بە سەوڵ لێدان بەرەو پێش بەرین. من و کسوری سەوڵمان دەست دایە و بە هێزی شان و باهۆ بەرەو ئامانج ڕۆیشتین. سووڕانی ئاقاری با، لە بەرێکەوە بە شانسی ئێمە تەواو دەبوو، چونکە دژەبا خێرایی گەمێی دزانی کەم دەکردەوە و سەرۆکی دزان نەیدەتوانی بە شوێنماندا بێت. هەربۆیە بەرەو وشکانی سەوڵمان لێدا و لە ڕۆخی دەریا نزیک کەوتینەوە. بە پارێزەوە و ئارام ئارام بەرەو ئاوکەندی چۆمەچکۆڵەیەک سەوڵمان لێدا و لەنگەرگیرەکەمان دە ئاو هاویشت.

من و کسوری، چاوەڕێی تاریکبوونی هەوا دانیشتین. بەنیاز بووین لە تاریکایی سەر شەو دا، بە مەڵە خۆمان بە وشکانیدا بکەین. بەڵام هەرکە هەوا کەمێک تاریک بوو، دەنگی شێر و چەقەڵ و گورگ و ورچ و بەراز و ڕێوی تێکەڵی یەک بوون و هەرایەک جەنگەڵی تێکەوە پێچا، کە زاتی جووڵانەوەشمان لێ بڕا. دەنگی شیر و بەور و پڵنگ ئەوەندە نزیک بوو، کە کسوری چی نەمابوو گیانی دەربچێت. کسوری دەستی گرتم و بە لێوە لەرزە و پاڕانەوە گوتی:

"دەستی منت بە داوێن نەکەی خۆت بە ئاو دا بدەی و دڵی من بتۆقێنی!"

دەستم خستە سارشانی و بەڵینیم پێ دا کە پەنای چۆل ناکەم. هەتاکوو

نزیک بە تاوهەڵاتان لە بەلەمەکەماندا بە نۆرە سەرخەومان شکاند، بەڵام چ خەو و چ سەرخەوشکاندنێک! دەنگی چەق و لووری ئاژەڵی دەرەکی، ئارامی لێ هەڵگرتبووین و خەوێکی ئەوەتۆییمان بە چاواندا نەهات. کەمێک ئەولاتری ئێمە، کە تەنکاو بوو، ئاژەڵی دەرەکی بۆ خۆ فێنک کردنەوە خۆیان بە ئاو دادەدا و بە نەعرەتەی بەسام جەنگەڵیان دەهەژاند.

کسوری دەترسا و منیش کەمتر لەو نەبووم. ترسی هەر دووکمان ئەو کاتە گەیشتە بەرزترین ڕادەی خۆی، کە جانەوەرێکی زۆر زل و ئەستوور بەرەو ئێمە بە مەلە دەهات. شەو تاریک بوو. لە تاریکی دا دیار نەبوو چ گیاندارێکە و بۆچی بۆ لای ئێمە دێ. کسوری پێی وابوو شێرە و بۆ خواردنی ئێمە بەڕێوەیە. کسوری دەپاڕایەوە کە لەنگەرگیرەکە هەڵکێشینەوە و لە وشکانی دوور بینەوە. من خەریکی دڵدانەوەی کسوری بووم و دەمگوت کە هیچ گیاندارێک ناتوانێ لە بەلەمی ئێمە نزیک ببێتەوە. لەم قسانە دابووم کە یەکجێ جانەوەرەکەم لە نزیکی خۆماندا بینی. ئیتر ترس، وەک کابووس دەست و پێمی سارد کردەوە. زۆر بەخێرایی تفەنگم دەست دایە فیشەکێکم بە سەر دا هەڵتۆقاند. ئاژەڵەکە پرینگایەوە و بە هەڕەمە بەرەو وشکانی تێی تەقاند.

من خۆم بە خۆم گوت کە ئەم وشکانییە، نە بە شەو و نە بە ڕۆژ خێری ئێمەی تێدا نییە. بە شەو ئاژەڵی دڕندە و بە ڕۆژیش ئینسانخۆر؛ ئێمەیش بۆ هەرتک لایان خۆش گوشتین و ئەگەر ئاژەڵی دەرەکیش نەمان خۆن، ئینسانخۆرەکان دەمان برژێنن و کەبابمان دەخۆن. بەڵام بۆ تازە کردنەوەی ئاوی گۆزەڵەکانمان و هەڵگرتنی ئاوی تازە، هەر دەبوایە سەرێک لە وشکانی بدەین. سەبرمان گرت و کەمیکمان هەست ڕاگرت، هازەی مێشوولەش نەدەهات. ئەو شوێنەی کە بەلەمەکەی ئێمەی لێ وەستابوو، ئاوەکەی زۆر قووڵ بوو. بۆ هێنانی ئاوی تازە، دەبوایە شوێنێک بدۆزینەوە کە تەنکاو بێت و بواری پەڕینەوە بدات. کسوری گوتی:

"ئەگەر ڕێم بدەی، من گۆزەکان دەگەڵ خۆمدا دەبەم و بە گۆزە ئاوی تازەوە دێمەوە لات. ئەتۆ لە بەلەمەکە دا بمێنیەوە و جووڵەت نەبێ."

گوتم:

" بۆچی دەتەوێ بە تەنیا بچی و من لێرە دا بمێنمەوە؟!"

" بۆیە من دەچم، کە ئەگەر تووشم وەتووشی ئینسانخۆران هات، با من بخورێم و تۆ بە ساغیٚ دەربچیت."

کسووری ئەوەندە سەرڕاست و بێگەردانە وڵامی دامەوە، کە بە تەواوی کەوتە ناو دڵمەوە.

گوتم:

" پێکەوە دادەبەزین و پێکەوە بە شوێن ئاو دا دەگەڕێین. تفەنگ هەڵدەگرم و هەر ئینسانخۆرێک بۆ لامان بیٚ، بە شریخەی تفەنگ دەیترسێنم. "

کسووری کەمێک خواردمەنی و منیش دوو گۆزەی بەتاڵ و تفەنگێکم هەڵگرت و لە بەلەم دابەزین. لە بەلەم دابەزین، بەڵام بەردەوام چاوێکم هەر بە سەر بەلەمەکەمانەوە بوو. لەوە دەترسام نەوەک ڕەشووڕوتی ئەو دەوەرە بە سواری بەلەمی دەسکردی خۆیان بێن و بەلەمەکەمان بە تاڵان بەرن. کسوری لە بەرەوەی من دەڕۆیشت، گەیشتە زەندوڵێک و لە بەرچاوم ون بوو. دوای چەند خولەکێک لە کەند وەسەر کەوتەوە و بە غار بۆلام هات. لە سەرەتادا وامزانی ئاژەڵی دڕندە، یان ئینسانخۆر هەڵیان بڕیوە، هەربۆیە خێرا بۆی بزووتم و بە پیلیەوە چووم. وەختێک لێی نزیک کەوتمەوە و سەیرم کرد، دیتم ئاژەڵێکی هاوشێوەی کەروێشکی کوشتووە و بە لاشانی داداوە.

کسوری ئاوی خواردنەوەی دۆزیبۆوە، بەڵام سەرچاوەی ئاوەکە لە بەشی ژورووی زەندۆڵەکەدا بوو. دوای کەمێک پیاسە، بەسەر کانیاوێکی ڕووندا کەوتین. گۆزەکانمان لیٚ پڕکردن و ئاورێکمان کردەوەو نێچیرەکەی کسوریمان برژاندو خواردمان. لە گەڕان و هاتوچۆماندا تووشی هیچ گیانلەبەرێکی دوو پیٚ نەهاتین.

من لە سەفەرەکانی پێشینی دەریاییمدا یەک دوو جاران بەو دەوەرە دا هاتبووم و دەمزانی ئەو شوێنە لە دوورگەکانی قەناری و لە (رەئسوالاخضر Cabo verde)نزیکن، بەڵام نەمدەزانی بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵە دورگانەی کە لێمان دیار بوون، کام ڕیگا نزیکتر و بیٚ مەترسی تر بوون. بە ناچار هاوتەریب دەگەڵ لێوارەی دەریا سەولْمان لێداو ڕۆیشتین. من هەر ئەو هیوایەم هەبوو کە بکەوینە سەر هێڵ و گوزەرگای گەمیوانانی

بـازەرگـانیی ئینگلیزی و، ئەوان دەســـتمـان بگرن و لـەم ســـەرگەردانییە ڕزگارمان کەن.

ئەو شـــوێنەی کە بەلـەمی ئێمەی پێدا تێدەپەڕی، بە لێکدانـەوەی خۆم دەبوایە مەڵبەنـدی نێوان مونـاکۆ و "نیگریتی Nigritie" بوایە؛ ئەگەر لێکدانـەوەکەشم ڕاست بوایە، ئەوا خانی خەتەر و مەنزلگەی شێر و بەور و پڵینگان بوو.

لـەو ماوەیەدا کە ئێمە پارالێل دەگەڵ وشکانییەکان بەلـەممان دەئاژواند، ڕۆژانـە جگە لـە بیابـانـی ڕووت و بێ جووڵە، هیچ شـــتێکی ترمـان بـە چـاو نـەدەدیت. شەوانـەش ئـەوەی بـە گوێمان دەگەییشت، هەر نـەڕەی شێر و بـەور و پڵینگان و چەق و لووری گورگ و چەقەڵ و ڕێوی بوو.

چەندجاران لـە دوورەوە نووچکە چیای ســەربەرزمان دیتن کە لـەو بـەری دەریـاوە لـە تـەم نیشـــتبوون. من پێم وابوو لووتکەی چیـای تـەنـەریفـەیە (Teneriffa) کە بە عاســتەم لێمان دیارە. چیای"تـەنـەریفە" یەکێک لـە لزگە چیاکانی دوورگەی "قەناری"یە. من گەلێکم حەوڵدا بەرەو نێوەڕاستی دەریا و بەرەو ئەو لووتکە چیایە بڕۆم کە لێمان دیار بوون، بەڵام ڕەوتی با دژی ئەو ئـاقارە بوو کە من پێمخۆش بوو بۆی بچم. دژەبا لـە لایەک و لـەبـەرێکی تریشـەوە شـەپۆلـەکانم دەدیتن کە ناخۆش خەبەری وەیشوومەیان پێوە دیار بوو؛ نیشـــــانەی هەڵکردنی تۆفـانـی دەریـایی بوو. بەلـەمەکەی ئێمەیش بەرگەی شـــەپۆلـێ ســـامناکی نەدەگرت و تێدا دەچووین، هەر بۆیە وام پێ باش بوو کەنارە و کەناری وشـکانی بڕۆین و خۆمان تووشـــی ســـەرئێشـــەی دوایی نەکەین.

دوای ئەوەیکە کەنداوە بچکۆڵانەکەمان جێ هێشـــت، بەلاشــانی چەپی وشکانیی هەواراز ڕۆیشتین. چەندجارانیش بۆ ئاو هێنان لـە بەلـەم دابـەزین و بەبێ هیچ ڕووداوێکی نالـەبار، سوار بووینەوەو وەڕی کەوتینەوە.

ڕۆژێک لـە بەری بەیاندا گەیشـــتینە وشـــکانییەک، کە ڕەوەزە بەردێکی درێژووکەی لێ جیابوبۆوەوە. بەردەڵانـەکە چەشـنی دیوار،چەند کیلۆمەتریک لـە ئاوی دەریا ڕاکشابوو. لـەوددەمە دا ئاوی دەریا بەرەو هەڵکشان دەڕۆیشت و بەرەبەرە وشـــکـانی و دیوارە بەردینەکەی وەژێر خۆی دەدا. ئێمەیش

هەوســـاری بەلەمەکەمان دە مســـتی ئاو نا و، ڕەوتی ئاو بەرەو وشـــکانی بردینی. من سەیری وشکانیم دەکرد، کە کسوری بە ئاسپا گوتی:

" لەو داوێنە بڕوانە ئاغاکەم!... ســـەیرکە ئەو ئاژەڵە مەزنە چییە لێی وەرکەوتووە؟!"

من ســـەیری ئەو ئاقارەم کرد کە کســـوری پەنجەنیشـــانی کردبوو. بەڵی نێرە شـــێرێکی یەکجار زۆر مەزن لە ژێر ســـێبەری تاکە دارێکدا لێی تخێڵ ببوو. ڕووم کردە کسوری و بە حەنەک پێم گوت:

"کسووری هەستە و خێرا تفەنگ دەست دەیە و بڕۆ ئەو شێرە بکوژە!"

کسووری لە ترسان خۆی خستە پشت سەری من و گوتی:

" ئەوە کاری من نییە گەورەم. بەر لەوەیکە من بۆی دامەزرێم، ئەو دەگاتە سەرم و دەمکاتە پارووبەک و دەمخوات... من ناوێرم!"

کسـوریم ئارام کردەوە و خۆم هەر سـێ تفەنگەکانم ئامادە کرد و سـێرەم تێگرت. شـێرەکە دەسـتێکی خستبوویە سـەر لووتی و لێی خەوتبوو. تەقەم لێکرد، بەڵام لە ڕانیم دا. شـێرەکە هەستا سـەرپێ و پڕ بە چۆلگە نەڕاندی. دیاربوو گوولـەی تفەنگ ئێسقامی ڕانی وردکردووە و لە سـەر سـێ قاچانی ڕاوەســـتاوە. تفەنگەکەی دیکەم هەڵگرت و ســـەرم بە نیشـــانە هەڵگرت. شێرەکە دەیەویست بڕوا، کە تفەنگم لێ ئاگر دا و خستم. شێرەکە کەوت و ئاخرین پەلەقاژەی ســـەرە مەرگی دەســـت پێکرد. هەر ئەودەمیش کســـوری غیرەتی بزووت و تفەنگ بە دەسـتەوە بە مەلە بۆ شـێرەکە چوو. لێی نزیک کەوتەوە و گوللەیەکی بە سەری شێرەکەوە نا و کوشتی. کسوری بەنیاز بوو ســـەری شـــێرکە لێ بکـاتەوە بیهێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی و هەر بەس پەنجەیەکی بۆ هێنام. من لە ســـەرەتادا پەشـــیمانیم کێشـــا کە بۆچی بەخۆڕایی ســـێ فیشـــکم لە ئاژەڵێک خەســـار کردووە کە نە گۆشـــتەکەی دەخورێت و نە هیچ ئازارێکیشی بۆ ئێمە بووە. بەڵام کەوڵەکەی؟! هەر بلێی یەک و دوو، دەگەڵ کسوری بۆ کەوڵ کردنی شێرەکە چووین و کەوڵمان لەبەر شێر داماڵی. کسوری لە کەوڵکردندا لە من زۆر خێراتر و بە دەست و بردتر بوو. کەوڵ کردنی شـــێرکە ڕۆژێکی تەواوی خایاند. کەوڵی شـــێرەکەمان بە سەربانی ژوورەچکۆڵەی بەلەمەکەدا هەڵکێشا. کەوڵەکە بە دوو ڕۆژان وشک بۆوە و وەک ڕاخەر ڕامان خست و پێکەوە لە سەری خەوتین.

هەوســـاری بەلـەمەکەمان دە مســـتی ئاو نا و، ڕەوتی ئاو بەرەو وشـــکانی بردینی. من سەیری وشکانیم دەکرد، کە کسوری بە ئاسپا گوتی:

" لەو داوێنە بڕوانە ئاغاکەم!... ســـەیرکە ئەو ئاژەڵە مەزنە چییە لێی وەرکەوتووە؟!"

من ســـەیری ئەو ئاقارەم کرد کە کســوری پەنجەنیشـانی کردبوو. بەڵێ نێرە شـــێرێکی یەکجار زۆر مەزن لـە ژێر ســـێبەری تاکە دارێکدا لێی تخێڵ ببوو. ڕووم کردە کسوری و بە حەنەک پێم گوت:

"کسووری هەستە و خێرا تفەنگ دەست دەیە و بڕۆ ئەو شێرە بکوژە!"

کسووری لە ترسان خۆی خستە پشت سەری من و گوتی:

" ئەوە کاری من نییە گەورەم. بەر لەوەیکە من بۆی دامەزرێم، ئەو دەگاتە سەرم و دەمکاتە پارووپەک و دەمخوات... من ناوێرم!"

کسوریم ئارام کردەوە و خۆم هەر سێ تفەنگەکانم ئامادە کرد و سێرەم تێگرت. شـێرەکە دەسـتێکی خسـتبووپە سـەر لووتی و لێی خەوتبوو. تەقەم لێکرد، بەڵام لە ڕانیم دا. شـێرەکە هەستا سـەرپێ و پڕ بە چۆلگە نەڕاندی. دیاربوو گوولـلەی تفەنگ ئێسقامی ڕانی وردکردووە و لـە سـەر سێ قاچانی ڕاوەســـتاوە. تفەنگەکەی دیکەم هەڵگرت و ســـەرم بە نیشـــانە هەڵگرت. شێرەکە دەیەویست بڕوا، کە تفەنگم لێ ئاگر دا و خستم. شێرەکە کەوت و ئاخرین پەلەقاژەی ســـەرە مەرگی دەســـت پێکرد. هەر ئەودەمیش کســـوری غیرەتی بزووت و تفەنگ بە دەستـەوە بە مەلە بۆ شـێرەکە چوو. لێی نزیک کەوتەوە و گوللـەیەکی بە سەری شێرەکەوە نا و کوشتی. کسوری بەنیاز بوو ســـەری شـــێرکە لێ بکـاتەوە بیهێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی و هەر بەس پەنجەیەکی بۆ هێنام. من لە ســـەرەتادا پەشـــیمانیم کێشـــا کە بۆچی بەخۆڕایی ســـێ فیشـــکم لە ئاژەڵێک خەســـار کردووە کە نە گۆشـــتەکەی دەخورێت و نە هیچ ئازارێکیشی بۆ ئێمە بووە. بەڵام کەوڵەکەی؟! هەر بڵێی یەک و دوو، دەگەڵ کسوری بۆ کەوڵ کردنی شێرەکە چووین و کەوڵمان لەبەر شێر داماڵی. کسوری لە کەوڵکردندا لە من زۆر خێراتر و بە دەست و بردتر بوو. کەوڵ کردنی شـــێرکە ڕۆژێکی تەواوی خایاند. کەوڵی شـــێرەکەمان بە سەربانی ژوورەچکۆڵەی بەلـەمەکەدا هەڵکێشا. کەوڵەکە بە دوو ڕۆژان وشک بۆوە و وەک ڕاخەر ڕامان خست و پێکەوە لە سەری خەوتین.

سەر قسەی کسوری، منیش سوکانی بەلەمەکەم بادا و کەمێکیان لێ دوور کەوتینەوە و بە ئاماژەی دەست تێمان گەیاندن کە برسیمانە و خواردەمەنیمان پێویستە. ڕەش پێستەکانیش بە ئاماژەی دەست پێیان گوتین ڕابوەستین و سەبرێک بگرین. منیش چارۆکەی سەرەوەم داکێشا و بەلەمەکەم ڕاگرت. زۆری نەخایاند دوویان هاتنەوە و شتومەکیان بۆ هێناین، بەڵام بۆ وەرگرتن و هێنانەوەی خواردەمەنییەکان تووشی ڕاڕایی هاتین. چۆن بچین و چلۆنیان لێ وەربگرین؟! ئەوەندەی ئێمە ترسمان لەوان بوو، ئەوان سەد ئەوەندە لە ئێمە دەترسان. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە ئەوان لە ئێمە گەلێک ژیرترن. بەتێکڕا لە کەنار ئاو کشانەوە و لێمان دوور کەوتنەوە. ئێمە بۆ ڕاگوێزانی شتومەک چووینە سەر وشکانی و ئەوان کەمێکی تریش دوور کەوتنەوە. خورد و خۆراکەیان بریتی بوون لە دوو لەتکە گۆشتی وشک کراو و هەندێک دانەوێڵەی خۆماڵیی خۆیان، کە ئێمە نەماندەناسی چییە و تامیان چۆنە. ئەوان لە ئێمە دڵ دەوڵەمەند و دڵاواتر بوون. ئێمە هیچ شتێکمان پێ نەبوو کە لە وڵامی چاکەی ئەواندا، چاکەیان بدەینەوە. هەر بەس بە ئاماژەی سەر و دەست سپاسێکمان لێکردن. لە سەر ڕۆیشتندا بووین، کە یەکجێ زریکەی ژنان و قیژەی منداڵان و هات و هاواری پیاوەکان دەستی ئێمەیان سارد کردەوە و ڕایان گرتین. سەیرمان کردن و سەرمان سووڕما. خەڵک بە تێکڕا لە شتێک پرینگابوونەوە و ڕایان دەکرد. کاتێک بەباشی لێیان خورد بووینەوە، دیتمان ئەوە دوو ئاژەڵی کێوی پێکەوە شەڕیانە و یەکیان بەزیوە و ئەویتریان ڕاوی دەنێ. خەڵکەکە بە دەشتدا بڵاو ببوونەوە و هەر تەنێ ڕمب بەدەستەکە مابۆوە. جانەوەرەکان بەبێ ئەوەیکە سەیرێکی مرۆڤ بکەن، سەر بە شووێن یەکتر دا بەرەو دەریا هاتن و بە جووت خۆیان دە گۆم هاویشت. لە ئاویشدا دەستیان لە گەوزاندن یەکتر هەڵنەگرت. هەر ئەوەندەمان زانی کە ئاژەڵی بەزیو ڕووی کردۆتە ئێمە و خەریکە بۆ نجاتی خۆی هانامان بۆ بێنێ. هاتبا و خۆی بە بەلەمەکەی ئێمە دادابایە، ئەگەر تێکیشی نەشکاندبا، بێشک نوقومی ژێرئاوی دەکردین. منیش خێرا تفەنگم لێ پڕ کرد و سەر و کەللەییم بە نیشانە هەڵگرت و تەقەم لێکرد. دەگەڵ تەقەی تفەنگ، خوێن بە سەر ئاو دا پڕژا. دوای چەند جاران نوقومبوونی و هەستانەوەی، لە نزیک وشکانیدا

گیانی لە دەست دا. ترسی ڕەش پێستە داماوەکان لە دەنگی تەقەی تفەنگ، گەلێک ترسناکتر بوو لە دیتنی ئاژەڵەکان. هەندێکیان لە ترسان بۆی درچوون و ئەوانەی مابوونەوە چەشنی داری چاکی بە مۆلەق لە سەر جێ چەقیبوون. بەڵام چی نەخایاند، چەندێکیان غیرەتیان بزووت و سەیری خوێناوی کەنار دەریایان کرد و بەشوێن ئاژەڵە کوژراوەکەدا گەڕان. من دەمزانی ئاژەڵەکە لە کوێ قوم بووە، بۆی چووم و پەتکێکم لە قاچی بەست و سەری پەتکەکەم دە مستی ڕەش پێستەکان نا. ئەوان دە پەت هاڵان و کەلاکی ئاژەڵەکەیان دەرکێشا ؛ ئەودەم کە ئاژەڵی کوژراویان لە ئاو دەرکێشا، زانیم پلنگێکی خۆش خەت و خاڵە. ئەمەش بڵێم هەرکە تەقەی تفەنگ بە گوێی پڵنگەکەی تر گەییشت، ڕای کرد و بەرەو دارستان تێی تەقاند.

ڕەش پێستەکان زۆر شارەزایانە بە داری نووک تیژ پێستی پڵینگەکەیان داماڵی و گۆشتی لەت لەت کراویان بە دار داکرد و لە سەر ئاگر برژاندیان. پارچە گۆشتێکی برژاویان بۆ من ڕاداشت، بەڵام من بە ئامارژەی دەست تێم گەیاندن کە گۆشت ناخۆم و لە بری گۆشت، کەوڵەکەم بدەنێ. کەوڵەکەیان بۆ پێچامەوە و دەگەڵ هەندێک خواردەمەنی، کە نەمزانی چییە، دایانمێ. ئەمجار گۆزەکانم بۆ هێنان و بە ئامارژەی بەتاڵ بوونیان، سەراوژێر بۆم دانان. دوو ژن بە شوویێن ئاو دا ڕۆیشتن، پاش ئیستێک ژنەکان دەفرێکی گەورەیان هێنا. دەفرەکە شێوەی مەنجەڵی دەدا. ژنەکان دەفرەکەیان دانا و ڕۆیشتن. من و کسوری گۆزەکانمان لە ئاوی تازە پڕ کردن و گەڕاینەوە. ڕەش پێستەکان لە لێوارەی وشکانی ڕاوەستابوون و سەیری هەڵسوکەوتی ئێمەیان دەکرد. بە دەست و سەر ماڵاوایمان لێکردن و ڕۆیشتین.

دەریا ئارام بوو. نەرمەبایەکی خوش ڕەوت سەرجەم چارۆکەکانی بەلەمی ئێمەی پڕ کردو بەلەم چەشنی مار بە سەر ئاو دا خوشی. ئەو ڕێگایەی کە من گرتبووم، ئێمەی بەرەو وشکانییەکی دووره دەست دەبرد. وشکانییەکە لە ئاسۆی زۆر دووری بەر ڕوانگەماندا وەک ڕەشانگێک دەبیندرا. ماوەی یازدە ڕۆژان ڕۆیشتین و دوور و نزیکی ڕەوەزەبەردێکی دوور و درێژ هاتین کە بە ڕادەی سێ کیلۆمەترێک لە ئاوی دەریا دا خۆی ڕاکێشابوو. ئێمەیش لە ئارامبوونی هەوا کەڵکمان وەرگرت و بە بێ ترس لە

تۆفان و شـــەپۆلان، ڕێگای نێوەڕاســـتی دەریامان گرتەبەر و شـــانەوشـــانی لووتکە بەردینەکە، تیژ تێپەڕ بووین و کەوتینە دەریـایەکی ئـاواڵە. لە بەرێکمانەوە لووتکەی(رەئسولئەخضر KapVerde)و لەو بەریشـەوە کۆمەڵە دوورگەکانمان لێ دیار بوون. دۆزینەوەی کۆمەڵە دوورگەکان ئەو هیوایەیان داینێ کە ڕێگای ڕزگاریمان کورت کردۆتەوە و هاکا گەیشتینە شوێنی ئازاد. من و کســـوری دڵمـان بەوەوە خۆش بوو کە دەمـانتوانی بە دڵنیـاییەکی تەواوەوە دابەزین و لە وشکانییەکاندا ئاو هەڵگرین و ڕاو بکەین و پشوویەک تـازە بکەینەوە. بەڵام مەودا ڕێگـای نێوانی دوورگەکـان زۆر دوور بوون و ترســـی ئەوەیان لێدەکرا کە ئەگەر هاتو لە نێوەڕاســـتی دەریادا تۆفان هەڵیکردێ، ڕێی دەرەتان و نەجاتمان نامێنێت و دەســـتمان بە هیچ لایەک ڕاناگات. هەڵەکردن و پەلەکردن لەم دەمەدا خەتەری قەســـتی ســـەر بوو، بۆیە ژیرانە ئاژواندمان و هێدی هێدی بەرەو پێش ڕۆیشتین.

ڕێزەچیاکان نیشـــانگەیەکی باش بوون و لە هەموو لایەکەوە لێمان دیار بوون. من ســـیلەی چاوم بە بەرزایی چیاکەنەوە گرێ دابوو و ئەوانم لە بەر چاوان ون نەدەکردن. بۆ دڵنیابوونم و دۆزینەوەی ڕێگـایەکی بە مەتمانە، چوومە ژوورۆچکەی بەلەمەکەمان و دانیشـتم. تازە دەمەویسـت نەخشـەی ڕێگا هەڵدەمەوە و بە شـوێن باشـترین ڕێگادا بگەڕێم، کە کســـوری زۆر بە پەشۆکاوی هات و گوتی:

"گەورەم گەمێیەکی مەزن لە دوورەوە دیـارە. چـارۆکەکـانی هەڵـداوە و دەریا دەبڕێ. "

کسوری پێی وابوو گەمێی سەرۆکی دزانی دەریاییە و بەشوێن سەری ئێمە دا هاتووە. کســـوری هەر ئەوندە ترســـابوو، کە دەســـت و پەلی بە ئاشـــکرا دەلەرزین و ڕەنگی بەڕوویەوە نەمابوو.

من بە پڕتاو لە ژووره دەرپەڕیم و بە وردی ســـەیری گەمییەکەم کرد؛ لە کەشـم و شـێوەی گەمیەکە دیار بوو کە پاپۆڕێکی پورتەکاڵییە. بەڵام بەرەو کوێ دەچوو، لێیی بەرشک بووم. لەسەرەتادا پێم وابوو پاپۆڕی بازەرگانانی ســـەوداگەری ســـاتوســـەودای کۆیلەیە و بەرەو کەنارەکانی "گینە"ی ئەفریقا بەڕێوەیە. بەڵام ئەو ڕێگایەی کە ئەو بۆی دەڕۆیشـــت، بەرەو نێوەڕاســـتی دەریا بوو. ئیتر ســـاوەســـاو و ســـەبرکردن بێ کەڵک بوو. گورجێک هەموو

چارۆکەکانم هەڵدان و سوکانم گرتە دەست و زۆر بە خێرایی بەرەو نێوەڕاستی دەریا و بەرەو گەمیەکە سەوڵمان لێدا و ڕۆیشتین. گەمێوان و کارکەرەکانی پاپۆڕەکە لە سەر سەکۆی هەرە بەرزی پاپۆڕەکەیان ڕاوەستابوون و بە دووربین سەیری ئێمەیان دەکرد. دیار بوو ئێمەیان دیوە، بۆیە ڕەوتی پاپۆڕەکەیشیان هێورتر کردەوە.

دڵ لە دەروونمدا گەرم داهات و هیوای ڕزگاری مزگێنی پێدام. خێرا کوتە کووتاڵێکم بە واتای لێقەومان لە سەر تیرەگی ئەستوندەکی چارۆکەگر هاڵاند و بە تفەنگ فیشەکێکیشم تەقاند. گەمێی پورتەکاڵی ڕاوەستا و ئێمەیش بە یاریکاریی هێزی با و بە سەوڵ لێدان بۆیان چووین. مەودا ڕێگاکەمان بە سێ کاتژمێران بڕێ و گەیشتینە نزیک پاپۆڕەکە.

کارکەرانی پاپۆڕەکە زۆر بەخێرایی ئامرازی هەڵکێشانیان وەکار خست و ئێمەیان بە لۆتکەوە هەڵکێشا. ئێمە ڕزگاریمان هات و کەوتینەوە ناو کۆمەڵە مرۆڤێکی شارستانی و پشوویەکی ئاسوودەمان هەڵکێشا. گشتیان لە دەورمان هاڵان، بەڵام لە سەرجەمی کەسانی نێو گەمیەکە، هەر تەنێ کەسێکیان زمان ئینگلیزی دەزانی و ئەوانی تر پورتەکاڵی و ئیسپانی و فەرانسەوی بوون. من بەسەرهاتی خەفەتباری خۆمانم بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش زۆر بەدڵاوایی کەلوپەلەکەیان بۆ ڕاگوازتین. کاپیتانی پاپۆڕەکە هەر هێندە دڵ و دەروون گەورە بوو، کە چەند جارانم داوا لێکرد کە هەموو کەلوپەلەکان بۆ خۆی هەڵگرێت. بەڵام ئەو دەستی منی گێڕایەوە و گوتی کە ئەوەی دەرهەق بە ئێمەی کردووە، ئەرکێکی ئینسانییە و لە کڕین و فرۆشتن نایە.

کەیخودای پاپۆڕەکە، بەلەمەکەی ئێمەی بە هەشتا سکەی زێڕ قەبڵاند و بەنیاز بوو "کسور"یشم لێ بکڕێت، بەڵام کسوری لە درێژەی سەفەری پڕ کارەساتدا یارو یاوەرم بوو، هەربۆیە دڵم هەڵی نەگرت سەربەستیی کسوری بە پارە سەودا بکەم و وەک کۆیلە ڕادەستی گەمێوانی بکەم. گەمێوان لێم تێگەیشت و گوتی:

"ئەگەر کسوری بێتە سەر ئایینی مەسیح، من ئامادەم لە گەمێدا ئیشێکی پێ بسپێرم و دوای دە ساڵ کارکردن لە پاپۆڕدا، ئازاد بێت بۆ هەر شوێنێکی خۆی پێی خۆش بێ بچێت."

کسوری لەم پێشنیارە تەواو گەشایەوە و بە دڵ ئامادە بوو کە لە گەمێدا کار بکات. کەیخودای پاپۆڕەکە لە بری بەڵێنیی من بۆ مانەوە کسووری، شەست سکەی دامێ.

دوای بیست و دوو ڕۆژان لە گەمێ دا، بێ هیچ گەزەندە و ئازارێک و بە سەلامەتی گەیشتینە وڵاتی برازیلیا و لە شووێنێک بە ناوی لەنگەرگەی (تۆدۆس لۆس سانتۆسtodos los santos) لەنگەرمان گرت. لەکاتی ماڵاواییدا، گەمێوانی پیاوخاس، کەوڵی شێر و پڵینگ و دوو تفەنگەکانی لێکڕیم و ئەو کەمە خرتە و پرتەی لە گەمێدا مابووم، وێیدامەوە. ئەودەم کە پێم نایە وڵاتی برازیلیا، پارەی گیرفانم 220 سکەی زێڕ بوو.

من لە برازیلیادا کەسم نەدەناسی، بەڵام گەمێوان منی بردە لای دۆستێکی خۆی کە خاوەن مەزرایەکی قامیشەشەکرە بوو. ئێمەی بە یەکتر ناساند و بەڵێنی لێوەرگرت کە چاوی بە سەرمەوە بێت و ئاگای لێم بێت؛ تەنانەت لە دۆزینەوەی کاریشدا هەر ئەوی کردە یاریکارم. خاوەن مەزراکە، کارگەیەکی شەکربڕینەوەیشی هەر شان بە شانی مەزراکەی دانا بوو. ماوەیەک بەلای ئەو دا مامەوە و شێوەی چاند و هەڵگرتنەوەی قامیشە شەکرە و ڕەجاباهێنانی شەکر و وشک کردنەوەکەی فێر بووم. جار جاریش سەردانی مەزراکانی دیکەم دەکردن و دەمدیتن کە هەموو مەزرادارەکان کارگای شەکرسازکردنیشیان وەگەڕ خستووەو پێی دەوڵەمەند بوونە. دڵم داوای داکوتان و دانیشتن و حەسانەوەی لێکردم و بیری مەزرادارى و کارگەی شەکربڕینەوە و دەوڵەمەندبوونیش کەوتە کەللەمەوە. بەڵام بۆ مانەوەم و نیشتەجێ بوونم لە برازیلیا دا، دەبوایە پێناسە و کارتی شارۆمەندی برازیلیا وەربگرم. دوای جێ بەجێ کردنی پێناسە و وەرگرتنی کارتی نیشتەجێبوون، مەزرایەک و کەرەسەی پێویستی شەکرچێکردنم کڕی و دەستم پێکرد.

لە جیرانەتیمدا وەرزێرێک بەناوی"ڤۆلز Vollse"، مەزرایەکی بچووکی هەبوو، کە زۆر زوو بووین بە هاوڕێ و تێکدا کوڵاین و بووین بە برادەرێکی گیانی گیانی. سەرەنجام پێکەوە ڕێک کەوتین و مەزراکانمان پێکەوە گرێ دا و بووین بە هاوکار. بە ماوەی دوو ساڵان زۆر چالاکانە کارمان کرد و گەلێکمان زەحمەت کێشا، کەچی ساڵی یەکەم قازانجێکی ئەوتۆمان پێ

نەبڕا، بەڵام کاتێک کە لێی سەرڕاست بووین و زانیاری پێویستمان وەرگرت، بەرەبەرە کارەکەمان گرتی. لە سێیەمین ساڵی وەرزێریماندا جگە لە مەزرای قامیشەشەکرە، مەزرایەکی توتنیشمان کڕی و دامان چاند. ئێمەی دوو کەسی دەرەقەتی دوو مەزرا نەدەهاتین و گرتنی کرێکاریش پارەیەکی زۆری دەویست. من هەر ئەودەم لە دەست دانی(کسوری)م بە مەزنتری هەڵە زانی و دەستی خۆم بۆ شکاندەوە کە چلۆنم لە دەست دا. بەڵام پەشێمانی دوای لە دەستدانی هەلێکی باش، کاری هەر ئەم جارە و دوا جاریشم نەبوو. من لە ژیانمدا هەڵەکاریم هەر هێندە زۆربوون، کە هیچ حەوجێ بەم یەکدانەیەشی نەدەکرد کە بە پەکوو بۆی دابنیشم و ئاخی بۆ هەڵبکێشم.

زۆر جاران لە دەمی کار کردندا خۆم سەرکۆنە دەکرد و لە خۆم توورە دەبووم و بە خۆم دەتگوت: [ ئاخر ئەمە کارە خۆت تێوەرداوە؟! ئەگەر کاری وەرزێریت دەویست، خۆ لە بەر دەرگای ماڵی باوکیشتدا ئەم کارە هەبوو بیکەیت. لە وڵاتی خۆت بوویایەی، هیچ حەوجێ بەم چەرمەسەری و بەم دوور وڵاتییەش نەدەبووی. خۆت دەربەدەرکرد و بە نێو ئینسانخۆران دا تێپەڕ بووی و بوویتە کۆیلەی پاشای دزان و ئێستاکەیش وەرزێڕی! بۆ دەریاگەڕی و دنیاگەردی لە ماڵی باوک ڕات کرد و ئێستێش جەنابی وەرزێری شەکر و توووتنی].

زۆرجاران خۆم وەک کەسێک دەهاتە بەرچاو، کە تاک و تەنیا کەوتبێتە ناو دوورگەیەکی چۆلی بێ ئاودانی. هەستم بە تەنیایی دەکرد و بۆ بێ کەسیی خۆم دەمناڵاند.

ئەو گەمێوانە میهرەبانەی کە لە دەریا ڕزگاری کردین، جار جار دەهاتە سەردانم و ماوەیەک لە لام دەمایەوە. ڕۆژێک بۆ ماڵاوایی هاتە لام و گوتی کە بەیانی بەرەو پورتەکاڵ بە ڕێوەیە. دەربارەی خۆی و سەفەری بازەرگانی و دەسکەوت و دەسمایەی خۆی باسی بۆ کردم کە زۆرجاران ئەو کەلوپەلانەی کە لە پورتەکال برەویان زۆرە، لە ئینگلیس دەیانکرێت و لە پورتەکاڵ بە چەندین قات گرانتریان دەیانفرۆشێتەوە و قازانجێکی زۆری دێتە دەست. پێشنیاری بە منیش کرد کە ئەگەر دۆست و ئاشنایەکم لە لندن هەبێت، نامەیەکیان بۆ بنووسم تاکوو ئەوان کەلوپەلی پێویستم بۆ بکڕن و بە ناونیشانیی ئەودا ڕەوانەی شاری(لیسبۆن)ی بکەن. دڵنیاشی کردم کە بە

بێ ئەوەیکە دەست و پەلی دەگەڵ ماندوو بکەین، خێرێکی زۆری لێدەکەم و پێی دەوڵەمەند دەبم. منیش ئەمکردە سێ و دوو و هەر بەبێ ئەوەی بیرێکی لێبکەمەوە، بە قسەی ئەوم کرد. کەوتمەوە سەر یادی بێوەژنی ئەو کاپیتانەی کە بۆ یەکەمجار پێکەوە سەفەری گینەمان کردبوو. من نەمدەزانی ئەو خانمە ماوە یان مردووە، بەڵام لە نامەیەکەدا بۆم نووسی کە من لە برازیلیا ماومەتەوە و ئەو برە پارەیە کە وەک ئەمانەت بەلایانەوەیە، ڕادەستی ئەو برادەرمی بکات کە هەڵگری نامەکەمەیە.

گەمێوان بە یاریکاریی بازرگانە ئینگلیسییەکان نامەی منی بەو خانمە گەیاندبوو. ئەویش دەستمایەکەی منی بەبێ کەم و کەسری بۆ گەمێوان ناردبۆوە و گەمێوانیش ئەو کەلوپەلەی کە لە پورتەکال دا کڕیاری زۆر بوون، کڕێبوونی و بە چوار بەرامبەری بایی خۆیانی فرۆشتبۆونیەوە. کاری بازەرگانی نیوان من و کاپیتان لە بەردەوامی خۆیدا مایەوە و چی پێ نەچوو من وەک ساماندارێکم لێهات کە کایەم بە دراو دەکرد.

بۆ کاری چاندن و داشتن و هەڵگرتنەوەی قامیشە شەکرە، چەندین کۆیلەی ڕەش پێستم کڕێن. لە کارگەی شەکر سازکردنیشدا چەند کرێکارم دەکار کردن. تەنانەت خزمەتکارێکی ئەوروپیشم بۆ بەر دەستان، لە لای خۆم دامەزراند.

ساڵی دواتر بەرهەمی وەرزێریم ئەوەندەی بەرز هەڵکشا، کە لە فرۆشەکەیدا جێگام نەما پارەی تێبکەم. هەر تەنێ بەرهەمی تووتنەکەم پەنجا جار زیاتر لە بەرهەمی شەکرەکەم بایبیدارتر بوو. توتنەکەم لە ڕێگای دەریاوە دەناردە"لیسبۆن" و لە وێندەرێ بۆیان دەفرۆشتم. لە فرۆشتنی بەرهەمی تووتن و شەکر و دانەوەێڵەی ترم، دەستکەوتم ئەوەندە زۆر بوو، کە دەیان پرۆژەی تری خستە مێشکمەوە. من خۆم دەمزانی کە ئەو بەرزەفڕی و هەڵتۆز هەڵتۆزانە ڕیشەیان دە کوێ دایە. مرۆڤی بێ ڕا مان هەرکە پارەی کەوتە دەست، چاوچنووکتر و بە تەماحتر دەبێ و بۆ هەموو لایەک پەل داوێژێت. قسەو پەندی پێشینیانە کە پارەی زۆر بۆ پیاوی وازی وازی دەبێتە پەتی ئەستۆ بۆ خنکاندنی سامانداری بێ ڕامان. گەلێک بازەرگانی ناوداری دەوڵەمەند هەر بەم نەخۆشینە لە سامان کەوتوون و مایە پووچ هاتوونەتە دەرێ. خەون و خەیاڵی منیش هەمیشە کاولکاری بە

دوا داهاتووه و ئاکامی هەموو کارەکانیشم هەر خەسار و دەستبەتاڵیی بووه و تەواو!

ئەگەر مرۆڤێکی هێدی و ئەهوەن بوویایەم و هەر دەگەڵ ئەو ژیانەم سازابایەم، دەحەسامەوە. بەڵام ئارزووی سەفەر و تامەزرۆیی دەریا و بیری گەشت و گەڕان، نەیانهێشت تاوێک ئاسووده دابنیشم. لە دەروونمدا سەفەری دەریایی و بازەرگانیی دوورەدەستان، ئەویش بۆ دەوڵەمەند بوون، چەشنی کرمی کوڵکنی لێهات و لە مێشکمدا جینگڵی دا و مێشکی خواردم و ئاخر سەر لقەم لە ژیانی خۆم دا. ڕۆژی چارەڕەشیم دیسان هاتەوه و نەهامەتی بەرۆکی گرتم و هەڵیگرتم و دەگێژاوێکی خستم، کە کەس تێی نەکەوتبێت.

لە ماوەی ئەو چوار ساڵانەی کە لە برازیلیا خەریکی کەسب و کار بووم، زمانی پورتەکالی بە ڕەوانی فێر ببووم و دەگەڵ خەڵک بەبێ گرێ دەدوام. ئاشنا و ڕۆشنا و دۆستانی دەوڵەمەند لە دەورم کۆببوونەوه و لە شاری(سانسالڤادۆر San-salvador)دا کەم تاجر و بازەرگانم شک دەبردن کە نەمناسن و دۆستایەتیم نەکەن. زۆر جاران کە کۆ دەبووینەوه، من بەسەرهاتەکانی خۆمم بۆ دەگێڕانەوه و بۆم باس دەکردن کە وا لە چەند کاروانە سەفەرێکی نێوان ئەوروپا و "گینە"ی ئەفریقا دا چەندەم سامان کۆ کردۆتەوه. بۆم دەگێڕانەوه کە لە بری ئاوێنەیەکی بچووک و چەقولە و مەقەستێکی کەم بابیدا، چەندەیان ورده زێڕ و ددانی فیل و شتی گرانبایی داومەتێ. ئامارژەم بە کڕینی کۆیلەی ڕەش پێستیش دەکرد کە چەند بەلا شه و دەکرێ لە بری هەنگوستیلە و بازنە و گوارەیەکی کچۆڵان، چەند کۆیلەی بەتوانا وەربگری. ماوەیەک بەسەرچوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان سێ دۆستی خاوەن سامانی برازیلیاییم هاتنە سەردانم و گوتیان کە بۆ کاری مەزرادارى بە نیازن سەفەرێکی گینە بکەن و چەند کۆیلەی ڕەش پێست بکڕن و بە نهێنی ڕاگوێزی برازیلیایان بکەن. گوتیشیان کە چونکە کڕین و فرۆشتنی کۆیلە یاساغ کراوه و سزای گرانی بۆ دانراوه، دەبێ بە قاچاغە ڕێگایاندا ئەم کاره بکەین و کەس پێی نەزانێت. گوتیان کە ئەوان خۆیان شارەزای ڕێگای دەریایی و چەم و خەمی کۆیلەکڕین و ڕاگویزانیان نین. منی چارەڕەش حەپەم لە خۆم بڕی و گوێچکەم بۆ شل کردن. ئەوانیش زۆر فێڵبازانە شاخ و

بالْیان بۆ ساز کردم و پێیان هەڵگوتم و لە خشتەیان بردم. هەرکە پێشنیاریان پێکردم کە لەو سەفەرەدا وەک چاوساغ ڕەگەڵیان کەوم و ڕێنیشاندەریان بم، دەنگم لێ نەهاتەدەرێ. ئەوان زۆڵانە و من کەرانە، گوتیان کە هیچ پێویست ناکات من دەسمایە دابنێم. بەڵێنیان دامێ کە بەبێ دەسمایەی خۆم، ئەوان لە سات و سەوداکەدا قازنج بەرامبەرم دەکەن.

ئەو پێشنیارە ئەگەر بە پیاوێکی دەستکورتێکی هەژار کرابایە، ئەگەر کابرای هەژار بەسەر بۆی نەووبایە و ملی خۆشی تێدا نەشکاندبایە، دەکرێ بلێین گەوجەپیاوە. بەڵام بۆ منێکی کیسەپڕی باخەڵ پڕی خاوەن ژیانێکی شاهانە، ئەو پێشنیارە سووکایەتی بوو. دەبوایە لە هەمبەر پێشنیاری ئەواندا، ئەوانم بە کیواندا کردبایە و بە چەشنێک دەمم پڕ خوێ کردبانایە، کە ڕێگای هەڵاتینیان لێ گوم بوویایە، بەڵام هەڵوێستی ئاوا بوێرانەش، تۆزکاڵێکی فام و مشوور دەویست.

من لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ئەوەندە دارا و دەست ڕۆیشتوو ببووم، کە جێگام لە نێو لە دەوڵەمەندانی شارەکە دا کردبۆوە. بەڵام ئەمن بۆ بێچارە کردنی خۆم ساز کرابووم و فێر ببووم کە بە چ شێوەیەک شەقێکی وەها لە بەختی خۆم هەڵبدەم، کە بە هەزار دوژمنیشم تێم هەڵنەدرابێت. هەر نەمکردە سێ و دوو، گورجێک دەستم دانێ و گوتم:

"من بە ئەو پەڕی شانازییەوە دەگەڵتانم و ئەگەر ئێوەیش بەڵێنم پێ بدەن کە هەتا گەڕانەوەم ئاگاداری زەوی و زار و زەرعاتەکانم بن، من ئەو سەفەرەتان لە سەر چاوانم دادەنێم و هەرچی نیازمەندی بن، بۆتان جێبەجێ دەکەم."

ئەوان بە تێکڕا بەڵێنیان پێدام و دڵنیایان کردم کە هەتا هاتنەوەم، چەشنی مەزراکانی خۆیان ئاگاداری داهاتەکەم دەبن و نابێ هیچ خەمێکم هەبێت. منیش بەر لەم سەفەرە هات و نەهاتەمدا، وەسیەتنامەیەکم نووسی کە ئەگەر سەرم تێدا چوو، دارایی و سامانەکەم بە ئەو گەمێوانە ببەخشن کە گیانی من و کسوری لە مەترسی خەلاس کردبوو؛ نیوەی بۆ خۆی و نیوەی تری بەرێتەوە ئینگلستان و لە بانک دا بە حیسێبی منی بگرێت.

ئەو پاپۆڕەی کە دەبوایە من سەرۆکایەتیی بکەم، لە لەنگەرگا دا لەنگەری گرتبوو. من لە ڕۆژی یەکەمی سەپتامبەری 1659دا، بەرەو ماڵی بەدبەختی خۆم چووم و چەشنی شۆڕەسواری گەمژە، ڕکێفم لێدا. ئەو ڕۆژە، ڕێک هەر ئەو ڕۆژەی دەگرتەوە کە من هەشت ساڵ پێشتر لە ماڵی باوکی خۆم، پشتم دە بەختی خۆم کرد و بۆی دەرچووم و لە شارەدەریای (هوڵ) دا سواری گەمیێ بووم.

گەمیێکەمان خاوەنی شەش تۆپ بوو. ژمارەی دانیشتوانی گەمیێ، بە خاوەنی گەمیێ و کوڕەکەی و من و مەلەوان و کرێکارەکانییەوە چواردە کەس بووین. ئەو کەلوپەلەی کە بۆ بازەرگانی کردن لە گۆگا خانەی پاپۆڕەکەدا بوون، جگە لە خرینگە و مەنگوڵە و ئاوێنەی کچان و چەقۆ و مەقەست و تەور و پاچ و خاکەنداز و قوڵینگ و کوتکی ئاسن، چەندین جۆرە تفەنگی سەرپڕ و دەمانچە و گۆلە و دەرمانی تفەنگیش باری پاپۆڕەکە کرابوون. هەر ئەو ڕۆژەی کە لە لەنگەرگە هاتینە دەر و چارۆکەکانمان هەڵدا و لووتی پاپۆڕەکەمان بەرەو ئەفریقا ڕاگرت، هەوا ئارام و دنیا ڕام و دەریا ئەهوەن بوو. تەنانەت دە دوازدە ڕۆژی سەرەتای سەفەرەکەشمان ئاسمان ساف و هەوا گەرم و دەریا هێور بوو؛ جگە لە گەرما، هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام هەرکە پشتێندی جوگرافیایی ئیستیواییمان تێپەڕ کرد، تووندە بایەکی سەرشێت هەڵیکردێ و شەپۆل بە بارستایی شاخێک هەستان و تۆفانی دەریایی دەستی پێکرد. تۆفانەکە هەر هێندە سامناک و بەدفەڕ بوو، کە ئێمەی نا چار کرد بە ماوەی دوو هەفتە گەمیێ بە شەپۆلان بسپێرین و سوکانی گەمیێ ببەستین. ڕەشەبای سەرشێت، گەمیێی ئێمەی هێنا و برد و ئێمەیش دەست لە سەر دەست، چاوەڕێی چارەنووسی نادیار دانیشتین. گەمیێی ئێمە ساغ و پتەو بوو. چەند جاران بە پشت ئەستووریی ساغی و بێ وەی بوونی گەمیێ ویستمان شەپۆلان بشکێنین و بەرەو پیش بڕۆین، بەڵام زۆر زوو بەو ئاکامە گەیشتین کە هەرچەشنە دژکردەوەیەکی دژ بە شەپۆلان، دەبێتە داسی ڕمانە و چۆکی خۆمانی پێ دەشکێت.

لە درێژەی ئەو تۆفانەدا دوو کرێکارمان کەوتنە بەر شەپۆلی ئاو و تێداچوون و کریکارێکیش بە یاو تێی ئیستیوایی گیانی لە دەست دا و مرد.

ئاخری هەفتەی دووەم، گەمیەکەمان دارمانێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. لە شوێنێکیەوە ئاو دەهاتە ژوور و پێویست بوو بەری تەشەنای ئاوەکە بگرین. هەر لەو دەمەشدا هێزی ڕەشەبا کزی کرد. ئێمەیش خۆشی خۆشیمان بوو کە نەجاتیمان هاتووە و دەکرێ بۆ وەرگرتنی یارمەتی و نەوژەن کردنەوەی گەمێ، بەرە یەکێک لە دوورگەکانی ئینگلیس بچین، بەڵام هەر لەو دەمە دا ڕەشە با سووڕاندی و تۆفانێکی ماڵوێرانکەری تازە، لە بەرێکی ترەوە دەستی پێکرد. گەمێی ئێمە چەشنی لەتکە تەختەیەکی سووکەڵە، بە سەر کەڵەوەی شەپۆلاندا دەگەڕا و هەرچی ئیختیار بوو لە دەستمان دەرچوو. قەڵبەزەی سامناکی شەپۆلان بەرەو ئاقارێکی ئەوتۆ نادیاری بردین کە تەنانەت ئەگەر دوورگە و وشکانیشمان لێ نزیک بوایە، هومێدی لێنەدەکرا گیان بە سەلامەت دەرباز بکەین. چوونکە زۆربەی دوورگەکانی ئەو هەرێمە دوورە دەستە، نیشتمانی ڕەش پێستانی"کانیبال = ئینسانخۆر" بوون. بەم حاڵەی کە ئێمەی تێکەوتبووین، دیار بوو دەرچوونمان لە سەر سیفرە و هیچ هیوایەکی گەشی تێدا بەدی ناکرێت.

ڕەشەبا، بەرەبەرە بەهێزتر دەبوو. شەپۆل دەمبەدەم بەرزتر هەڵدەکشا. سروشت چرکە بە چرکە تووڕەتر و ماڵوێرانی دەم بە دەم هەڕەشەی توندتر دەکرد. بەڵام هەر لەو دەمەدا، مەلەوانی سوکان بەدەست، لە پڕ هاواری کرد:

" وشکانی!... وشکانی!... وشکانیمان لێ نزیکە!"

هێشتا بۆ سەیری وشکانی لە ژوور نەهاتبووینەدەر کە بزانین لە کوێین و ئەو وشکانییە سەر بە کوێیە، کە گەمیەکەمان خۆی بە کۆگایەک زیخ و چەوی ژێر ئاو دادا و لە جووڵە کەوت. ئەمجار شەپۆلەکان بە هەموو هیز و توانایانەوە هێرشیان هێنا و گەمێیان لە کار خست. بۆ ئەوەیکە شەپۆل ڕەپێچەکمان نەدا و نەمان ڕفێنێ، سەرجەمی دانیشتوانی گەمێ پەنامان بردە لێوارەی ئەودیوی گەمێ و خۆمان پێوە مەڵاس کرد. مەرگ و نەمان لە سەر دووندی لووتماندا سەمای دەکرد و خۆی نیشان دەدایین.

من نەمدەزانی ئەو کەنارەی کە ئێمەی ڕاگرتووە، لەباری جوغرافیاییەوە سەر بە کێهە قارە و کامە کیشوەری جیهانە... ئەرێ ئاوەدانە یان تەریک و

دوور کەوتەیە؟ ئەگەر ئاوەدانە، تۆ بڵێی سەرزەمینی ئینسانخۆرەکان نەبێ؟!

تۆفانەکە تۆزکاڵێک هێور ببۆوە، بەڵام تووندەبا هەر وا قیامەتی دەکرد و یەکدەم نەدەسرەوت. من و هاوسەفەرەکانم چەشنی پەیکەرە بەردینەیەکی بێ گیان، پاڵمان وەدیوارەی گەمیەکەمانەوە دابوو. نیشانی مان و زیندوو بوون بە ڕوخسارەی هیچ کامێکمانەوە نەدەبیندرا. بێدەنگ و بێ ڕەنگ و بێ هەست، تەنیا لە ڕێگای چاوانەوە سەیری یەکترمان دەکردو چاوەڕێی هات و نەهاتان ڕاوەستابووین. هەر لەم دەمە شپرزەیەماندا گشتمان بەهومێدی دەستێکی نادیاری بەتوانا ڕاوەستابووین، کە لە بەری نادیارەوە بێت و دەستمان بگرێت و لەم شەشدەرە سامناکە ڕزگارمان بکات. هەر هەموومان ڕێگای دەرچوون و نەجاتمان بە ئاسمانەوە گرێ دابوو، بەڵام لەپڕ هاتەوە بیرمان کە گەمیەکەمان بەلەمێکی گەورەی لە پاشکۆی خۆی بەستووە و هەر ئەویشە کە دەتوانێ دەستی نەجاتمان بەپشت بگرێت و لەم قەرقەشە ڕزگاریمان بکات. گەمیەکەمان لە ژێر زەربی شەپۆلاندا کەوتبوویە سەر چۆک و پەلوپۆی پێوە نەمابوو. جەنسەتی چوار ئێسکەی دەر و ژووری دەنگی جیڕ و هۆڕی تێک قرمانی لێوە دەهات و شتێکی وای نەمابوو تێک بتەپێت. دەم و کاتێکی زۆرمان لەبەر دەست دا نەمابوو کە دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕێی سەرهەڵقەنەی مەرگ بکەین. هەموومان بۆی جووڵاینەوەو بەلەمەکەمان دە ئاو هاویشت و یازدە کەسەکەمان تێیدا دانیشتین و خۆمان بە شەپۆلان ئەسپارد. ئەگەرچی تۆفانەکە ئاهێک کزی کردبۆوە، بەڵام هێشتا شەپۆلەکان بە بەرزایی شاخێک دەهاتن و ئێمەیان بە بەلەمەوە لە سەر سەر دادەنا؛ ئەم شەپۆل بەرزی دەکردینەوە و بۆ ئەوی تری هەڵداویشتین. ئێمەیش بە هەموو هێزی شان و باڵ و باسکمانەوە سەوڵمان لێدەدا و بە ناهومێدی چاومان لە وشکانی بڕیبوو.

لە دەمی سەوڵ لێدانماندا ترسی شەپۆلان لە لایەک و لە بەرێکی تریشەوە ترسی وشکانی و چلۆن دابەزینمان هەڕەشەی لێدەکردین. بە هەموو هێزی یازدە کەسانەوە سەوڵمان لێدەدا و دوو مەترێک دەچووینە پێش، بەڵام شەپۆلی سەرشێت حەوای دەداین و پێنج مەتری بەرەو پاش

دادەکشــاندینەوە. وشــکانیمان لێ دیار بوو، بەڵام وشــکانی لە دەریا ترسێنەرتر بوو.

لە سەوڵ لێدانماندا ڕاستەو ڕاست بەرەو وشکانی نەدەچووین، چونکە ئەو شــەپۆلانەی کە خۆیان بە قەراغ ئاوەکاندا دەکێشــا، لە گەڕانەوەدا ئەگەر تێکی نەشکابینایە، بێشک شەپۆلی دواتر بە سەرمان دەکشا و وەک تۆوی زەوی پرژ و بڵاوی دەکردین. ئێمە بەناچار خوارەو خوار بۆی چووین و یەک دوو کیلۆمەترێک چووینە پێش، بەڵام لەپڕ شــەپۆلێک بە بارســتایی شــاخێک هات و بەســەرمان کشــا و بەلەمی لێ وەرگەڕاندین و ئێمەی لە یەکتر بڵاو کرد؛ کەوتینە ژێر شەپۆلان و یاران لە یارانیان نەدیو مانەوە.

من ئەو دەم کە شــەپۆل تێکەوەی پێچام و ژێر ئاوی کردم، ناتوانم نە بە زمان و نە بە نووسین باسی بکەم. من لە مەلەوانیدا شارەزای هەمە چەشنە مەلەی دەریایی بووم، بەڵام شــەپۆل ســووڕاندمی و نەیهێشــت ســەر بەرز بکەمەوە و هەناسەیەک بدەمە دەر. لە هۆش نەچووم، بەڵام هیچ کارێکم پێ نەدەکرا و چەشــنی تەرمی بێ گیان کەوتبوومە دەســتی شــەپۆلان و بەرەو کەنارەی وشکانی دەیبردم؛ شەپۆلێک هەڵیگرتم و بە سەر وشکانیدا کێشامی و لە گەڕانەوەیدا منی لە شــوێنێک جێ هێشــت. ئەو شــوێنەی کە من لە شەپۆل جێمام، هەتا وشکانی مایلێکیان نێوان بوو. شەپۆلەکان هەر لەوێ منیان بە بەرد و چەو دادا. ســنگ و لاکەلەکێم ژانی تێ وەســتا. بەڵام بەهەمموو توانامەوە پشوویەکی دوور و درێژم کێشاو چاوەکانم کردنەوە. چی هێزی کە دە لەش و لارمدا مابوومەوە، دام بە قاچەکانم و بەر لەوەیکە شەپۆلە شێتەی دواتر بێت و بمفڕێنێتەوە، دەستم کێشا و نووچکەی بەردە تەلانێکی تیژم گرت. نوچکە بەردەکە سەری لە ئاو دەرخستبوو. هەستامە سەر پێی و نەرمە نەرمە بە تەنکاوی قەراغ دەریا دا بەرەو وشکانی چووم. لە مەڵبەندی چالاکیی شــەپۆلەکان چوومە دەر و بە ڕەکێش ڕەکێش خۆم کێشــایە ســەر مێرگێکی شــینی تەڕ. هەر لەوێوە ڕوو بە دەریای تووڕە دانیشــتم. دەریـا نـا ئـارام و هەوا تەمگرتوو بوو. هیچکام لە هەڤاڵ و هاوسەفەرەکانم دیار نەبوون. تەنیا من لەم ویشوومەیە دەرچوو بووم.



دەستەکانم بەرز کردنەوەو خۆشحاڵ و شوکرانە بژێر بووم کە ژیانم وەرگرتبۆوەو بەساغی دەرچوو بووم. سەرێکم بۆ لای گەمیەکەمان وەرچەرخانەوە، بەڵام تەم و مژ وەها دنیاگیر بوو، کە چاو چاوی نەدەدیت. گەمیەکەیشمان ئەوەندە دوور لە وشکانی دە چەو چەقیبوو کە هیچ سەر و سۆراغێکی دیار نەبوو. هاوارم لێ هەستا و گوتم:

"ئەی خودای مەزن! لەم وەیشوومەیە دا چلۆن تەنیا هەر منم ڕزگاریم هاتووە؟... ئەدی یارانم کوان و لە کوێن؟"

کەمێک خۆم دڵداری داوە و هێزێکم وەبەرخۆم هێنا. هەستام و سەیرێکی دەورانپشتی خۆم کرد و بە وڵاتدا ڕوانیم؛ بۆ ئەوە ڕوانیم کە بزانم ئەم سەرزەمینەی کە من قاچم لێدا ناوە، چییە و کوێیە و چلۆنە و دەبێ چی بکەم. جلکی بەرم لە ئاو دا خووسابوو. برسی و توونی بووم. نە جلکێک هەبوو دەبەری بکەم و نە خۆراکێک و نە چۆڕە ئاوێک کە تووونیایەتیم بشکێنێت. کەم کەمە بێهێزی دایگرتم و بیری خراپیش بە مێشکمدا هات و چوو. پێم وابوو زۆری ناخایەنێ لە برسان دەمرم و لەشم دەبێتە خۆراکی گیاندارانی برسی. ئەو خەمە دایگرتبووم کە هیچ چەشنە چەکێکم پێ نییە کە باڵدارێکی پێ بکوژم و خۆمی پێ تێر بکەم. ئەوە هات و جانەوەرێکی برسی بۆم هات، ئەودەم بە دەستی بەتاڵ چلۆن گیان دەربەرم؟ گیرفانەکانی خۆم پشکنی، جگە لە چەقۆیەک و پەیپێک و کەمێک تووتن، هیچی ترم پێ نەبوو. هەر وەک ئەوەیکە ئەقڵ و فامم لە دەست دابێ، بەردەوام هاتم و چووم و بێرە و بەوێدا هەڵاتم.

بەرە بەرە شـــەو دا دەهات. خۆفی جانەوەری کێوی و ئینســـانخۆرەکان ترســـیان وەبەر نام. گوتم با جێگایەک بۆ خەوتنی شـــەوم بدۆزمەوە. بەرەو نزیکترین دارســـتان وەڕێ کەوتم و دارێکی مەزنی بە لک و پۆم هەڵبژارد. ئەمجار بۆ دۆزینەوەی ئاوی خواردنەوە کەمێک بە دۆڵدا هەڵکشـــام؛ بەختیارانە بە سـەر سارداوێکی ڕوون داکەوتم و هەتا مەشکی زگم بردی، خۆم تێر ئاو کرد. ئەمجار بۆ ئەوەیکە برســـیایەتی هیلاکم نەکا کەمێکم تووتن هاویشـــتە ناو دەمم و بەرەو دارەکەم داگەڕامەوە. لک و پۆی دارەکە هەر هێندە بە چڕی تێک بەزیبوون، کە جێ جێی دەتگوت قەرەوێڵەیە و بۆ خەوتن ساز کراوە. زۆر شـەکەت و بێ حاڵ بووم. هەرکە ڕاکشام، خەوێکی قورس بردمیەوە. ســـەرتانســـەری شـــەو نووســـتم و هەر ئەودەمە بە ئاگا هاتمەوە کە تیشکی هەتاو لە نێوانی پەلک و گەڵای دارەکەوە لە چاومی دا. هەســـتم کرد تواناییم گەڕاوەتەوە و دەتوانم بجووڵێمەوە. لە دارەکە هاتمە خوار و هەرکە ســـەیری دەریام کرد، چاوەکانم بز بوونەوە و لە خۆشـــیان گەشکە بووم و هاوارێکم لێ هەستا.

دوێ شـەو کە ئاوی دەریا لە نۆرەی هەڵکشـانی[*2] دا بوو، هەسـتانی ئاو گەمیەکەی ئێمەی لە چنگ ڕەوەزە بەردەکە ئەستاندبۆوە و هەتا نزیک ئەو نووچکە بەردەی هێنابوو کە لە دەمی بێحاڵیمدا دەستم پێ گرتبوو. مەودای نێوان من و گەمیەکەمان نزیک بە مایلێک دەبوو. گەمیەکەمان بە ڕواڵەت ساغ و بێ وەی دەهاتە بەر چاو.

خۆم تێک نا کە بۆ ڕاگوێزانی کەلوپەلی پێویســـت بەروە گەمیەکە مەلە بکەم. لە ژێر دارەکە هاتمە دەر و لە کەنار دەریاوە بە وردی ســـەیرێکی دەریام کرد. دیتم ئەو بەلەمەی کە من و یارانمی هەڵگرتبوو، دوای خنکانی یاران و ڕزگاربوونی خۆم، بە زەربی شـــەپۆلان هەڵگەڕابۆوە و بە زەختی

---

[*2] هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریاکان (Tide) : هێزی کێشەری مانگ و هەتاو لە لایەک، گەڕانی گۆی زەویش بە دەوری خۆیدا لە بەرێک، وەک سیستەمێکی ئاوتوماتی بەردەوامیان لێهاتووە کە لەو سیستەمەدا ئاوی ئۆقیانۆسەکانی سەر گۆی زەوی دەکەونە بەر هێزێکی هەڵ لووشێن و ناچار بە هەستان و نیشتنەوەیەکی ڕۆژانە دەبن. شایانی باسە کە هیزی کێشەری مانگ نە تەنیا بە سەر ئاوی ئۆقیانوسەکانی سەر گۆی زەویدا کارایە، بەڵکە ئەو کاراییەی بە سەر وشکانی و تەنانەت بە سەر ئەتمۆسفەری زەویشدا زاڵە. وەرگێڕ

شـەپۆلان لایەکی وەها نوقومی ژێر لمی دەریا ببوو، کە هەڵگێڕانەوەکەی بۆ کەسێک و دووان نەدەکرا.

چەلێ لە بەلەمەکە چاوم پۆشی و بەرەو گەمێ داگەڕامەوە و لە دوورەوە سەیرم کرد. باش بوو ئاوی دەریا لە نۆرەی نیشتنەوە و پاشەکشێی دابوو. بەشێک لە وشکانی لە ژێر ئاو وەدەر کەوتبوو. مەودای من و گەمێ کەمتر لە سێ هەزار مەتر دەبوو. گەمێ بەژنی بەرز کردبۆوە و لە بێدەنگیدا کڕ و مات مابۆوە. بە دیتنی گەمێی چۆلکراو، خەمی نەمانی یاران و ئەو خەسارە مەزنەی کە لەم سەفەرەدا بەر من کەوتبوو، زێدە خەمباری کردم. بۆ یارانی لە دەستچووم دڵم دە ژان چوو. خۆ ئەگەر هەر ئەوددەمە سەبرێکمان بگرتایە و لە گەمێەکەماندا مابایینەوە، گشتمان خەلاسیمان دەهات و لەم سەرزەمینەدا پێکەوە دەژیاین. گریانم هاتێ و بۆ یەک یەکی یاران فرمێسکم ڕشت. بەڵام خەمخواردن و ئەسرین لە دیدە باراندن چاری دەردی منیان نەدەکرد. پێویست بوو خێرا ببزووم و هەرچی زووتر خۆم بگەیەنمە گەمێ و شتومەکی پێویستی لێ ڕاگوێزم.

هەوا گەرم بوو. خۆم بە ئاو دادا. کاتێک بە مەلە گەیشتمە بەشی پشتەوەی گەمیەکە، هیچ پەت و پەیژە و تەنافێکم پێوە نەدیت کە پێی هەڵابچم. بەبێ وسیلەش نەدەکرا وەسەر بکەوم و بچمە ژووری کەلوپەلی پێویست. ناچار بە مەلە دەورێکم لێدا، باش بوو تەنافێک لە بەشی پێشەوەی گەمیەکەوە شۆڕ ببۆوە . من سەری پەتەکەم گرت و زۆر بە زەحمەت هەتا سەر سەکۆی سەرەوەی گەمێ پێ هەڵاچووم. کە چوومە خوارێ، دیتم دیوارەی ژێرەوەی گەمێ قەڵەشیوە و بەشێک لە ژێرخانەکەی ئاو گرتوویەتی. بەڵام هەر ئەوەی باش بوو کە شەپۆلەکان گەمیەکەیان بە چەشنێک هاویشتبوویە سەر پشتی تەپکی نەرمە لیمەکەوە، کە بەشی پێشەوەی لە ئاو دا و بەشی دواوەوەی لە حەوا دا ڕاگیرا بوو. بەشی سەرەوەی گەمێ دەست لێنەدراو مابۆوە و هەموو شتێک لە سەر جێی خۆیدا بوو. لە بەشی ئازوقە و خواردەمەنییەوە پێدا هاتم. چونکە زۆرم برسی بوو، خۆم لە بیسکویت تێر کردو بە دەم کۆکردنەوە و پێچانەوەی کەلوپەلیش، دەمم ڕانەوستا و هەر خواردم.

لە بەشی سەرسەکۆی گەمیەکە، چەند ئەستووندەگی چارۆکەگری گەمێی لێبوون. ئەوان و دارێکی درێژ و چەند تەختەم بە تەناف لێک بەستن و دە دەریام هاویشتن. دوای ئەوەیکە پەتێکی ئەستوور و درێژم کردە پەیژەی هاتن و چوونەوەی گەمیٚ بۆ دەریا، ئەمجار بە هاسانی چوومە خواریٚ و تەختەبەندێکی ڕەختەم بۆ بارهەڵگرتن سازکردن. بەڵام زانیم کە تەختەبەندەکەم سووکە و توانایی هەڵگرتنی باری قورسی نییە. بۆ چاری ئەم کەمایەسییەش، چوومە جەستەی ئەستوندەگی گەورەکەی گەمی و بە مشار بڕیمەوە و چوار لەتم کرد. هەر لەتکێکم لە بەرێکی تەختەبەندەکەم شریت پێچ کرد. لە یەکەم بەرنامەمدا، هەرچی تەختەی کە لە سەر سەکۆی گەمیەکەدا بوو، سواری لۆتکەکەم کرد. ئەمجار بەیارمەتیی پەتێکی قایم و ئەستوور، سێ سندووقی بەتالم ڕەوانەی خواریٚ کردن. سندوقێکیانم تەرخانی پڕکردنی خواردەمەنی کرد. دوای پڕ کردنی سەندووقەکە، یەکی ترم لە نان و برنج و پەنیری هۆڵەندی و گۆشتی وشک کراو و کەمێک گەنم و کەلوپەلی پێویست ئاخنی. لە ژووری کەیخودای گەمیەکەدا چەند شووشە شەڕاب و کۆنیاک و شەربەتی هێزبەخشم دۆزینەوە. شووشەکانم بەجیا دە وردە کاغەزەوە گرتن و لە دەسرۆکەمەوە پێچان و لە شووێنێکی تایبەتدا جێگام بۆ دابین کردن. هەر لەو دەمەشدا دەریا نۆرەی هەڵکشانی بوو. سەیری قەراغ دەریام کرد و دیتم ئاو بە سەر وشکانی کشاوە و کراسەکەم کەوتووتە سەر ئاو. جلکی بەرم تەنیا دوولینگەیەکی سەر ئەژنۆ دڕاو و جووتێک گۆرەوی بوو. بۆیە بە شوێن جلکی و لیباسدا گەڕام و ئەوەیکە دەمەویست دۆزیمنەوە و بارم کردن.



لە هەموو شتێک پێویست تر بۆ من، ئامێری دارتاشی بوو کە سندووقێکی پڕی هەمە چەشـــنە ئامرازی ئەو کارەم دۆزییەوە. ئەو ســـندووقە بۆ من لە گەمێیەکی پڕی زێڕ و زیو باشـتر و بە کەڵک تر بوو. ئەوانیشـم داهێشـتن و لەسـەر سـەکۆی داربەستەکەدا دامەزراندن. لە ژووری کاپیتانی گەمێدا دوو دەمـانچەو ســێ چەلەنگ بـاڕووت و توورەکەیەک گرمووڵە"مز"ی تفەنگ داگرتنەوەم دۆزینەوە. سـەرەڕای ئەوانە، دوو شـمشـێری قەدیمە و کێردێکی گەورەی لەتوپەتکردنی گۆشـــتی ئاژەڵانم هەڵگرت و دەهاتم بەرەو خوار دابکشێم ،کە سێ سەوڵی بەلەم ئاژۆتن و دوو مشار و چەکوشێکی دارتاشیم دیتنەوە. ئەوانەم تێکەوە پێچـان و بە تەنـافێکی ئەســـتوور بەرەو خوارم ناردن.

کاتێک کە بەلەمە دەســـکردەکەم ئاژوا ند، بۆم دەرکەوت کە بارەکەی قورســـە و بە تاک ســـەوڵێک ئاژواندنی زەحمەتە؛ بەڵام ئەوەی باش بوو کە نەرمە بـایەکی هێور بەرەو وشـــکـانی دەچوو؛ ئـاوی دەریـاش لە نۆرەی هەڵکشـــانی دا بوو. بای وعدە و ڕەوتی هەڵکشـــانی ئاوی دەریا هێدی هێدی منیان دەگەڵ خۆیاندا برد و ڕادەستی دوورگەکەیان کردمەوە.

لۆتکە دەستکردەکەم بەبێ هیچ موشکلەیەک ڕێگای یەک مایلی بە ئاخر گەیاند، بەڵام لە درێژەی ڕێگادا هەستم کرد کە ڕەوتی ئاو کەمێک لە ڕێگا کلم دەکات و بۆ لای چەپ دەمبات. من تێی گەیشتم کە ئەو کل کردنە هۆکاریکی هەیە و دەبێ ڕەوتی شەتاوی ئاوی گەرمی دەریایی بێت کە ئاقارەکەی بە تەنیشت دوورگەکەی مندا تێپەڕ دەبێت. ئەو شەتاوە دەریاییە لە دەور و بەری پشتێندی ئیستیواییەوە وەڕی دەکەوێت و بەرەو ئاو ساردەکانی باکوور و باشوور زەوی بەڕێوەیە. دۆزینەوەی ڕەوتی شەتاوی دەریایی لە تەنیشت ئەو دوورگەیەدا، خۆی هومێدێکی مەزن بوو بۆ من.

لە ڕێگای بردنەوەی شتومەکەکاندا بووم کە هەڵکشانی ئاوی دەریا لۆتکەکەمی بەرەو زارکی چۆمێکی بچووک ڕادا. من لۆتکەکەم بە چەشنێک ڕێبەری کرد کە هەر دەگەڵ ڕەوتی ئاوی گەرمی دەریایی بەرەو پێش بڕوات، بەڵام نەمزانی لە سەر ڕێگای مندا تەلێکی لیمی ژێردەریا سەری هێناوەتەدەرێ. هەر ئەوەندەم زانی بەشی پێشەوەی داربەستەکەم لە لمدا گیری کرد و لە بەشی دواوەوش دا ، ڕەوتی ئاو بەرزی کرمەوە. چی نەمابوو وەرگەڕێم و هەرچی هێنابووم بڕژێتە ژێر ئاوی دەریا و زەحمەت بە خەسارم بکات. من قورسایی خۆم خستە ئەو بەری لۆتکەکەم و دە حەولی ڕاست کردنەوەی باری لاری دەسکەوتەکەم دابووم، بەڵام هێز و توانای من بۆ ڕزگارکردنی تەختەبەندەکە بەشی نەدەکرد، نەشم دەوێرا لەو شووێنەی کە لێی ڕاوەستاوم پێ ڕاگوێزم. بە هەر دوو دەستەکانم سندووق و کەلوپەلەکەم ڕاگرتن و بەری داخزێنم گرتن. نزیک نیو کاتژمێر هەر لەو بار و دۆخە دا مامەوە، هەتا ئاخرسەر هەڵکشانی ئاوی دەریا یاریکارم بوو. هەستانی ئاو، بەلەمە دەسکردەکەمی لە لمی دەریا ئەستاندەوە و بە سڵامەتی نەجاتیم بوو. ئەمجار سەوڵم گرتە دەست و بە سەوڵ لێدان داربەستەکەم وەڕێ خستەوە و بەرەو پێش چووم. هەرکە چۆمێکی بچکۆڵانەم لە بەرامبەری خۆمدا دیت، دڵم گەشایەوە و هۆمێدم بە ژیان زۆرتر بوو. ڕەوتی ئاوی گەرم منی بەرەو چۆمەکە برد. دەگەڵ هەوراز ڕۆیشتنم لە درێژەی ئاوکەندەکەدا ، بەشوێن جێگایەکی ساف و تات چاوم گێڕا کە بکرێ شتومەکەکەمی لێ دابەزێنم. دیارە من دەمتوانی بە چۆمەکە دا هەڵبکشێم و هەتا دارستانەکان بچمە پێش، بەڵام چونکە من بۆ هاتنی گەمێیەکی ڕێگا لێگوڕاوی خەیاڵی،

هومێدی ڕزگار بوونم دە دڵ دابوو، بۆیە نەمدەویست دەریا لە بەر ڕوانگەم نەدیو بمێنێت. دەمەویست دەریام لە بەرچاوان بێت و شانسی گەمێ هاتنم لە کیس نەچێ.

سەرەنجام لە شانی ڕاستی چەمەکەدا جێگایەکی باش و بەجێم دۆزیەوە و بە زەحمەتێکی زۆر و سەوڵ لێدانێکی بەردەوام، هەتا نزیک وشکانی ڕامدا و هەر لەوێ سەوڵەکەم دەبن داربەستەکەم کوتاو چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی ئاوی دەریا ڕاوەستام. بەرەبەرە لۆتکە دەسکردەکەم دەگەڵ هەستانی ئاوی دەریا بەرەو شوێنی تات و تەختی کەنار چەمەکە هەڵکشا. لەو جێگایەی کە نیازی دابەزینم هەبوو، بۆ ڕاگیر کردنی لۆتکەکە، هەر دووک سەوڵم دە ژێر داربەستەکە کوتان و چاوەڕێی نیشتنەوەی ئاوی دەریا بۆی ڕاوەستام. ئاوی دەریا نۆرەی داکشانی گەیشتێ و هێدی هێدی وشکانی بەردا و تەختەبەندەکەی منی لە سەر نەرمە لیمکی و پان و تەخت دا جێ هێشت.

یەکەم کارم خولانەوە و گەڕان بەشوێن جێگایەکی بەمەتمانە بوو کە بکرێ بارگەی خۆمی لێ بخەم و ژیانی تەنیاییمی تێدا بەرپا بکەم. یەکێک لە تفەنگەکان و دەمانچییەک و کەمێک گوللە و دەرمانم هەڵگرت و بەرەو شاخی بەرامبەر وەڕێ کەوتم. زۆر شەکەت و بێ هێز ببووم. لە کاتی وەسەرکەوتنمدا چۆکم دەلەرزی و هیچ توانایەکم پێنەمابوو. بە هەرچۆنێک بوو گەیشتمە سەر ترۆپکی شاخەکە. کاتێک کە دووربینم دە وڵات گرت و بە وردی چاوم گێڕا، ئەودەم زانیم کە تووشی چ چارەنووسێکی خەمناکانەی بێڕەحمانە هاتووم. زانیم ئەو سەرزەمینەی کە ئەمنی تێکەوتووم، دوورگەیەکی دوورکەوتەیە و ئەولاتریش دوو دوورگەی بچووکتری لێ دیارە.



کەنارەی دەریاکە بەردەڵانی و نارێک و بۆ گەمێوانی زۆر باش نەبوو. ئەودەمەی کە من خۆم لە شەپۆلان گرتەوە و قاچم خستە سەر زەوی، پێم وابوو کەوتوومەتە ناو دوورگەیەکی پڕی ئاژەڵی سامناکی زیندەوەر خۆرە، بەڵام وا نەبوو. لە کاتی داگەڕانم بەرەو ژێر، باڵندەیەکی گەورەم دیت و تیرێکم پێوەنا. دەنگی تەقەی تفەنگ لە دوورگەکەدا وەهای دەنگ داوە، کە لە هەموو لایەکەوە پۆلە باڵندە بە قاژ و قوژ و جریوە جریو لە فڕکەی باڵانیان دا و بە ئاسمان وەربوون. دەکرێ بڵێم ئەو تەقەیە، یەکەمین دەنگی تفەنگ بوو کە لە هەمو تەمەنی زەویدا بە گوێی دوورگە دەگەییشت.

ئەو پەلەوەرەی من کوژتبووم، پەڕ و باڵ و دەندووکەکەی لە هەڵۆ دەچوو، بەڵام چەقەی پاش پانێی نەبوو. گۆشتەکەی بۆ دڕنێکی ناخۆشی لێدەهات و بۆ خۆاردن نەدەبوو. لەوێوە بەرەو کەلوپەلەکەم داگەڕامەوە و بە ماوەی نیوە ڕۆژێک خەریکی بەتاڵ کردن و دانان و دامەزراندنی شتومەکان بووم. بەرە بەری ئێوارێ، هەوا بەرەو لێڵی دەچوو. بۆ شەو و خەوی شەو نەمدەزانی چی بکەم و لە کوێ بخەوم. لە ترسی گیانداری گۆشتخۆر نەمدەوێرا لە سەر زەویی ڕووتەن بخەوم . نەمکردە ساوە ساو، گورجێک بە سندوق و مجری و تەختەکان کۆخێکی بچکۆلانەم ساز کرد. لە گەمیەکەمدا چارۆکەی گەمێ و پەت و تەناف و کەلوپەلی بەکار هاتووی زۆری تێدا بوو، کە دەبوایە ڕایانگوێزم. بۆ کاروانێکی دوایی و ڕووتاندنەوەی گەمێ خۆم تێکنا. ئەمەش بڵێم کە هەمیشە ئەگەری ئەوەش لە ڕێدا بوو کە تۆفانێکی دەریایی هەستێت و گەمیەکە تێکەوە پێچێت و ژێر ئاوی بکا. هەتا نۆرە



کەنارەی دەریاکە بەردەڵانی و نارێک و بۆ گەمێوانی زۆر باش نەبوو. ئەودەمەی کە من خۆم لە شەپۆلان گرتەوە و قاچم خستە سەر زەوی، پێم وابوو کەوتوومەتە ناو دوورگەیەکی پڕی ئاژەڵی سامناکی زیندەوەر خۆرە، بەڵام وا نەبوو. لە کاتی داگەڕانم بەرەو ژێر، باڵندەیەکی گەورەم دیت و تیرێکم پێوەنا. دەنگی تەقەی تفەنگ لە دوورگەکەدا وەهای دەنگ داوە، کە لە هەموو لایەکەوە پۆلە باڵندە بە قاژ و قوژ و جریوە جریو لە فڕکەی باڵانیان دا و بە ئاسمان وەربوون. دەکرێ بڵێم ئەو تەقەیە، یەکەمین دەنگی تفەنگ بوو کە لە هەمو تەمەنی زەویدا بە گوێی دوورگە دەگەییشت.

ئەو پەلەوەرەی من کوژتبووم، پەڕ و باڵ و دەندووکەکەی لە هەڵۆ دەچوو، بەڵام چەقەی پاش پانێی نەبوو. گۆشتەکەی بۆ دڕنێکی ناخۆشی لێدەهات و بۆ خۆاردن نەدەبوو. لەوێوە بەرەو کەلوپەلەکەم داگەڕامەوە و بە ماوەی نیوە ڕۆژێک خەریکی بەتاڵ کردن و دانان و دامەزراندنی شتومەکان بووم. بەرە بەری ئێوارێ، هەوا بەرەو لێڵی دەچوو. بۆ شەو و خەوی شەو نەمدەزانی چی بکەم و لە کوێ بخەوم. لە ترسی گیانداری گۆشتخۆر نەمدەوێرا لە سەر زەویی ڕووتەن بخەوم. نەمکردە ساوە ساو، گورجێک بە سندوق و مجری و تەختەکان کۆخێکی بچکۆلانەم ساز کرد. لە گەمیەکەمدا چارۆکەی گەمێ و پەت و تەناف و کەلوپەلی بەکار هاتووی زۆری تێدا بوو، کە دەبوایە ڕایانگوێزم. بۆ کاروانێکی دوایی و ڕووتاندنەوەی گەمێ خۆم تێکنا. ئەمەش بڵێم کە هەمیشە ئەگەری ئەوەش لە ڕێدا بوو کە تۆفانێکی دەریایی هەستێت و گەمیەکە تێکەوە پێچێت و ژێر ئاوی بکا. هەتا نۆرە



کەنارەی دەریاکە بەردەلانی و نارێک و بۆ گەمێوانی زۆر باش نەبوو. ئەودەمەی کە من خۆم لە شەپۆلان گرتەوە و قاچم خستە سەر زەوی، پێم وابوو کەوتوومەتە ناو دوورگەیەکی پڕی ئاژەڵی سامناکی زیندەوەر خۆرە، بەڵام وا نەبوو. لە کاتی داگەڕانم بەرەو ژێر، باڵندەیەکی گەورەم دیت و تیرێکم پێوەنا. دەنگی تەقەی تفەنگ لە دوورگەکەدا وەهای دەنگ داوە، کە لە هەموو لایەکەوە پۆلە باڵندە بە قاژ و قوژ و جریوە جریو لە فڕکەی باڵانیان دا و بە ئاسمان وەربوون. دەکرێ بڵێم ئەو تەقەیە، یەکەمین دەنگی تفەنگ بوو کە لە هەمو تەمەنی زەویدا بە گوێی دوورگە دەگەییشت.

ئەو پەلەوەرەی من کوژتبووم، پەڕ و باڵ و دەندووکەکەی لە هەڵۆ دەچوو، بەڵام چەقەی پاش پانێی نەبوو. گۆشتەکەی بۆ دڕنێکی ناخۆشی لێدەهات و بۆ خۆاردن نەدەبوو. لەوێوە بەرەو کەلوپەلەکەم داگەڕامەوە و بە ماوەی نیوە ڕۆژێک خەریکی بەتاڵ کردن و دانان و دامەزراندنی شتومەکان بووم. بەرە بەری ئێوارێ، هەوا بەرەو لێڵی دەچوو. بۆ شەو و خەوی شەو نەمدەزانی چی بکەم و لە کوێ بخەوم. لە ترسی گیانداری گۆشتخۆر نەمدەوێرا لە سەر زەویی ڕووتەن بخەوم . نەمکردە ساوە ساو، گورجێک بە سندوق و مجری و تەختەکان کۆخێکی بچکۆلانەم ساز کرد. لە گەمیەکەمدا چارۆکەی گەمێ و پەت و تەناف و کەلوپەلی بەکار هاتووی زۆری تێدا بوو، کە دەبوایە ڕایانگوێزم. بۆ کاروانێکی دوایی و ڕووتاندنەوەی گەمێ خۆم تێکنا. ئەمەش بڵێم کە هەمیشە ئەگەری ئەوەش لە ڕێدا بوو کە تۆفانێکی دەریایی هەستێت و گەمیەکە تێکەوە پێچێت و ژێر ئاوی بکا. هەتا نۆرە

دەریا دەمی داکشـــانی گەیشـــتێ و من توانیم بەشـــێکی هەر زۆریان کۆ بکەمەوە و ڕایانگوێزم.

ســـێزدە ڕۆژ بوو پێم نابوویە دوورگەکە و لەو ماوەیەش دا یازدە جاران خۆم بە گەمێدا کردبوو. گەلێ جاران گوێم نەدەدا گرژیی ئاســـمان و بای دەریایی و هەر بۆی دەچووم. ئاخر جاری ڕووتاندنەوەم بوو کە لە ژووری تایبەتی کەیخودای گەمێدا، ئامێرێکی ڕدین تاشین و سێ بەستە تیخی تازە و مەقەستێکی قژ کورتکردنەوە و دوو دەست کەوچک و چنگانەی تازە و سی و شـــەش لیرە، کە نیوەیـان زێڕ و نیوەی تری زیو بوون، کۆم کردنەوە. لە دیتنی پارە، پێکەنین گرتمی و لە خۆوە بە دەمم داهات و گوتم:" ئەی پارەی لە خشـتەبەری ئینسـان، تۆ لەبەر چاوی من چەندە سـووک و چرووک و بێ کەڵکی! تۆ بێ بایەختری لەوە کە زەحمەتی هەڵگرتنت بۆ بکێشـــم و باری خۆمی پێ قورس بکەم. تۆ گەلێک کەمبایی تری لەم کێردانەی کە ئێســـتێ کەوتـوونەتە دەســـــتـم. دانەیەک لەوانە بـایەخـدارتـرن لە هەمـوو گەنجینەی"کرۆزوسCre´sus"[3*]. تۆ دەردی ئەمنت پێ چارەســـەرناکرێ و هەر شیاوی ئەوەت دەبینم کە لێرە دا بمێنیتەوە و نوقومی ژێر ئاوان ببیت.

دەمەویسـت لیرەکان جێ بهێڵم، بەڵام لە بڕیارەکەم پاشـگەز بوومەوە و ئەوانیشم دەگەڵ هەندێک خرتە و پرتەی دیکە پێچانەوە. ویستم بە ئاخرین دار و تەختەی گەمیەکە لۆتکەیەک ســـاز بکەم، بەڵام کاتێک کە هەور و هەڵام بە ئاسمانەوە بینی و دیتم گژە با خەریکی ڕامالێنی شەپۆلانە، وازم لە سازکردنی داربەستی تر هێناو خۆم بە ئاو دادا. مەلەکردنی نێوان گەمێ و تەپۆڵکە لیمەکانی کەنار دەریا تەواوێک شـــەکەتی کردم. بەڵام باش بوو بە سڵامەتی دەرباز بووم؛ گەیشتمەوە ماڵ و خۆم دە خێوەتەکەم هاویشت و بۆ خەوتن قاچم ڕاکێشـان. ئەو شـەوە، تەواوی شـەو ئاسـمان کردی بە یەک جرپ و جۆپ و گرموهۆڕ، کە دەنگ بە دەنگ ڕانەدەکەیشـــت. دوای گرمەی هەور و چەخمـاخەلێـدانی، ئەمجـار ڕێژنەبـارانی بە خۆڕ و خرمەخرمی

---

[3*] Cre´sus ئاخرین پادشای لیدیە. لیدیە لە بەشی ڕۆژئاوای تورکیە و لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای ئێژە و دەریای ناوەڕاست(مەدیتەرانە) دابوو. لیدیە دەوڵەمەندترین وڵاتی سەردەمی خۆی بووە. لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زاییندا، لیدیە کەوتە بەر هێرشی یۆنانییەکان و ناوی لە مێژوو دا سڕایەوە. ئاخر پادشای لیدیە ئەوەندەی زێڕ و زەمبەری کۆکردبۆوە کە لە مێژوو دا بێ وێنە بووە.
وەرگێڕ

ســـەرپشـــتی خێوەتەکەم ســـازو ئاوازێکی خۆش نەوا بوون. بەیانی کە لە خێوەت هاتمەدەر و هەرکە ســەیری دەریا و لای گەمیەکەم کرد، ئاســەواری پاپۆڕەکە بە یەکجاری سـڕابۆوە. بەڵام شــەپۆلی بەرەو دوورگەکەم، تەختە شکاوەکانی بۆ ڕامالّیبووم. من ببووم بە خاوەنی هەموو شتێک و دەبوایە بۆ پاراستنی خۆم و شتومەکەکانم، شوێنێکی ئەهوەنی بە دوور لە مەترسی هەڵبژێرم. دەبوایە ماڵی هەتا هەتایی خۆمی تێدا بونیاد بنێم و بارگنەی ژیانی تەنیاییمی تێدا بکەمەوە. ئەو شوێنەی کە من دەم هەویست ، دەبوایە ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوایە : خۆش دیمەن و نزیک بە ئاوی شیرین بێ... لە تیشـــکی توونـدی هەتـاو بەدوور بێ... مەترســـیی ئـاژەڵی کێوی و ئینســـانخۆرەکـانی بە ســـەرەوە نەبێ... بەتـایبەت ڕوو بە دەریـا بێ و هاتووچۆی بە هەڵکەوتی گەمیە بازەرگانییەکانیشی لێ دیار بێ.

دەڵێن هەر ئەودەمەی کە زیندانی لە بەند دەکرێت، دەگەڵ کرانەوەی دەرگای بەندەکە بە ڕوویدا، یەکەمین کەلێنێکی کە چاوی زیندانی هیوای ڕزگاری پێوە دەبەستێ، ئەو پەنجەرۆکەیە کە ڕۆناکایی هەتاوی پێدا دێتە ژوورێ؛ زیندانی ئەو دەربیجەیە بۆ هەڵاتن هەڵدەبژێرێت. دەریا و هومێدی کزی هاتنی گەمێی بازەرگانیش بۆ من، ڕووناکایی ڕزگار بوونم بوو؛ کەوایە دەبێ دەریاشی لێ دیاربێ.

دوای گەڕانێکی زۆر، دەشـــتێکی بچووکی ســـەر تەپکێکم هەڵبژارد، کە ڕەوزە شـاخێک هەر بە چەشـنی دیوار، دەوراندەور، دەشـتەکەی دەباوەش گرتبوو. داوێنی ڕەوەزە شاخەکەش لە بەری ئەو دیوی دەشتەکەوە هەڵدێر و لێژ و ڕژدێکی توونـد بوو؛ پێـداهەڵچوون بەم ڕژد و هەڵـدێرگەیەش بۆ گیانداری دوو پێ و چوارپێ ئاستەم بوو.

لە گۆشـەی هەرە سـەرەوەی دەشـتەکەدا گڕەبەردێکی قووچ سـەری بەرز کردبۆوە کە لە ژێرەوەی ئەو گڕەبەردە دا دالانێکی وەک ئەشـــکەوتی تێدا سـاز ببوو. ئەو شـوێنەم زۆر بە دڵ بوو. بەتایبەت کە مێرگێکی بە سێوەڕە چندراوی خۆش دەیمەن، دەشـتەکەی داپۆشـیبوو. مێرگەکە وەک فەرشـێکی مەخمەری سـەوز، چوارسـووچێک بوو کە درێژاییەکەی نزیک بە 750 مەتر و پانـاییەکەی 375 مەتر بوو.

گرەبەردی سەرەوەی مێرگەکە، لەلای باکووری ڕۆژئاواوە تیشکی تووندی هەتاوی کل دەکرد و نەیدەهێشت تین و گەرمای ئیستیوایی بە شێوەیەکی تووندی شاوڵی ڕوو بکاتە زارکی ئەشکەوتەکەوە. هەربۆیە، من پێم وابوو ئەشکەوتەکە باشترین پارێزگایە بۆ پاراستنی باڕووت و دەرمانی تفەنگ. دەرمان و باڕووتی تفەنگ لە هەمبەر تیشکی تووندی هەتاو و چەخماخەی هەورە تریشقە دا گەلێک حیزە و بە پریشکە گەرمایەکی توند دەتەقیتەوە. تیشکی نیوەڕۆیانی مەڵبەندی ئیستیوایی چەشنی سکڵی تەندوورە و چەخماخەی هەورە تریشقەش بۆ گوللە و دەرمانی تفەنگ لە بەزەیی بە دوورە.

لە سەرەتادا، بۆ دانانی بناغەی ژیان و پاراستنی ئەو کەلوپەلەی کە دەسکەوتێکی زۆر هێژا ی من بوون ، لەبەر دەرگای ئەشکەوتەدا نیوەبازنەیەکم لە سەر زەوی ڕەسم کرد کە(نیوەتیرە= شعاع)ەکەی 37/5مەتر بوو. دوای ڕەسم کردنی نیوبازنەکە، بە مەودای هەر شەش قامکان دوو ڕیزە داری درێژی1/60ی مەتریم لە سەر نیوەتیرەکە داکوتا. نووکی دارەکانیشم تیژ داتاشین و لە ژوورەوەی حەوشەکەمەوە بۆ هەر جووتە داری چەقێندراو، سەرەدارێکی 75 سانتی مەتریم بە پەخی لە زەوی داکوتا و سەرەدارەکانم وەک قایمگیری لە ڕیزەدارەکانی دەرەوە شریت پێچ کردن. ئەو پەرژینە هەر هێندە ڕەختە و خۆڕاگر بوو، کە هیچ گیاندارێک لە توانای دانەبوو بە سەریاندا تێپەڕی. لەبری دەرگای هاتوچۆشمدا، پەیژەیەکم ساز کرد کە لەکاتی چوونەدەر و هاتنەوەمدا، کەڵکم لێوەردەگرت؛ کە دەچوومەدەر، پەیژەکەم لە کەلێنێکدا دەشاردەوە و لە دەمی هاتنەوەشمدا دەمبردەوە ژوورێ.


بە سازکردنی ئەو پەرژینە قایمە، ئیتر ترس و دڵەڕاوکێم نەما و توانیم لە چوار دیواری ماڵەکەمدا سەربەستانە کار بکەم و بخۆم و بخەوم. بیرم چوو بڵێم کە بەر لە سازکردنی پەرژین، هەرچی کەرەسەی کە لە پاپۆڕەکەماندا کێشابوومەوە، لە ژێر خێوەتێکی مەزندا حەشارم دان و بەرەبەرە ڕامگوازتنە ژوورێ و ،ماڵم پێ ئاودان کردنەوە. بەتایبەت بۆ ئەوەیکە لە باران و دڵۆپە پارێزراوبن، خێوەتێکی قیر خواردووشم بە سەردا

هەڵکێشـــان. شـــەوانە لە کاتی خەوتندا، لەو جۆلانەیە دا دەخەوتم کە تایبەتی خەوی کەیخودای گەمیەکەمان بوو.

دوای کۆتـایی هـاتنی وردەکـارییەکـانم، ئەمجـار دەگژ ئەشـکەوتە بچکۆلانەکەم ڕۆهاتم. بەرد و خاک و خۆڵی ناو ئەشکەتەکەم بە ستڵان دەر دا و لە پای نەردەکانی حەوشـەدا ناشـتمن. بە ڕۆکردن و هەڵڕشـتنی ئەو خۆڵ و وردە بەردەی کە لە ئەشـکەوتەکەمەوە کێشـامنە دەرێ، حەوشـەی ماڵەکەم نزیک بە 45 سانت بەرز بۆوە و هاتن و چوونەکەیشی بۆ دەرەوە، هاسانتر کرا.

ڕۆژێک لە ئەشـکەوتەکەمدا زۆر بە گەرمی خەریکی هەڵکەندن و کێشـەوەی خاک و خۆڵ بووم، کە لەپڕ هەورە ڕەشـەیەکی گرژ، ئاسـمانی داپۆشی. چی پێنەچوو شریخە و گرمو هۆڕ دەست پێکرد، دەنگی شریخەی هەور ترساندمی، بەڵام ترسی زیاترم لە هەورە تریشقە بوو، نەک لە جرپ و جۆپەکەی، چونکە بریسکەیەکی هەورە تریشقە دەیتوانی هەموو باڕووت و دەرمانی تفەنگەکانم بتەقێنێتەوە. تۆزێ ڕاوەسـتام و هەرکە هەور ئارامی گرت، بەرمیلی باڕووتەکانم کردنەوە و هەر بڕە دەرمانێکم دە توورەکەیەک کرد و لە شوێنێکی وشک و بەلاوەی ئەشکەوتەکەدا جێگام بۆ دابین کردن.

لە ڕۆژ دا تەنیا جارێک وەدەر دەکەوتم. لە گەڕان و پیاسـەکانمدا بە شوێن ناسینی ئەو بەر و بەرهەمە سروشتیانەدا دەگەڕام کە ژمارەیان لە دوورگەکەمدا کەم نەبوون. جار جاریش ئاژەڵ، یان پەلەوەرێکم دەکوشـت و دەمکردە خۆراکی چەند ژەمانم. ڕۆژێک تووشـی ژمارەیەک بزنە کێوی هاتم کە دڵم پێیان کرایەوە. بزنەکان ئەوندە سرک و سڵ بوون، کە هەر کە منیان دیت، وەک تیری لە کەوان دەرچوو دەرپەڕین و نەکەوتنە بەر تیری من. لە دیتن و دیداری بزنەکان ئەمەم بۆ ساغ بۆوە کە سیستەمی چاوی بزنەکان جۆرێکە، کە ئەگەر بزنەکان لە بەرزایی دابن و من لە دۆڵدا بم، ئەوان دەم بینن و ڕادەکەن. بەڵام ئەگەر ئەوان لە دۆڵدا خەریکی لەوەڕ بن و من لە سەر تیشان بم، ئەوان نامبینن و دەتوانم ڕاویان بکەم.



ڕۆژێک، قەدا و قەدی شـــاخ پێ هەڵگەڕام و گەیشـــتمە لاپاڵێک. لە خوارەوەی ڕەوزە بەردەکانەوە پۆلە بزنێکم دیتن کە سەرگەرمی لەوەڕ بوون. بۆیان دامەزرام و سێرەم تێگرتن و تەقەم لێکردن. بزنە مێیەکم ئەنگاوت کە کاریلەکەشی دەگەڵدا بوو. لەم کارەی کە کردم، هەستم بە تاوان کرد و لە کردەوەی خۆم پەشـــیمان بوومەوە. بەڵام تازە کار بوو کرابوو. بۆیان چووم و کاریلەکەم لاواندەوە و بزنەکەم بە کۆڵ دادا و ڕۆیشتم. کاریلکەکە بە شوێن مندا دەهات و دەیبالاند. گەیشـــتمەوە ماڵ. بزنەکەم لە شـــانم دابەزاند و کاریلەکەم گرتە هەمێز و ماچم کرد. بەو هومێدە کە بتوانم دەســـتەمۆی بکەم؛ بردمەوە ژوور و هەرچی کردم و هەر شتێکی لە بەر دەمم دانا، هیچی نەخوارد. نەبوونی دایک قەراری لێ هەستاندبوو. بە ناچار ئەویشـم ســەر بڕی و کردمە تێشووی دوو ڕۆژانم.

گۆشـــتی بزن و کاریلەکە خۆراکی چەندین ڕۆژانیان بۆ دابین کردم. با ئەمەش بڵێم کە ئەو بژیوەی لە گەمێ ڕامگواســتبوو، ئەوەندە زۆر نەبوو کە بەشی چەند مانگانم بکات. دەستم پێوە دەگرتن و نیسکم بە نۆکان دەخوارد. نانەکەم لە هەموو خورد و خۆراکێک پێ گرنگتر بوو، هەربۆیە هەر جارەی کە نان و خوانم ساز دەکرد، لەتکە نانێکی بچووکم لە ســەر سفرە دادەنا و زۆر بە دەگمەن لەتکەکەشم دەخوارد.

تاک و تەنیا و بێکەس و خەمبار لە دوورگەیەکدا مابوومەوە، بەڵام بە هەموو تەنیاییشـــمەوە، زۆر جاران خۆم دڵداری دەداوە و بەخۆم دەگوت کە ئەگەر تەک و تەنیا و بێکەسیشم ، بەڵام بەس نییە لە هەمێزی تۆفاندا بێ ســەرو شــوێن نەچووم! دەبێ ئەوەشــم لە بیر نەچێت کە لە هەموو یارانی هاوســـەفەرم تەنیا ئەمن دەرگای ڕزگاریم بۆ کرایەوە. هاوســـەفەرەکانم گشــتیان لە بەر چاوی خۆم کەوتنە ژێر شــەپۆلان و شــەپۆل شــرت و گومی کردن. بۆچ بیر لەوە نەکەمەوە کە شـــەپۆل بە کراســێک و دوولینگەیەکەوە دەری هاویشتم. بەڵام ئێستێ خاوەنی سەرزمێنێکی دەوڵەمەندم و فەرمانم بە سەر هەموو لایەکدا دەگەڕێت. بەڵێ ئەوە هەر ئەمن بووم کە بەختەکەم بەخت بوو؛ تەنێ من بووم لە شەشدەرێکی تەنگەبەر ڕزگاریم هات و بوومە خانی خانان. نابێ لەبیرم بچێت کە خۆم و چەقوولە و پەیپێک و تۆزێ توتن، بە تاک کراسێک و دوو لینگەیەکی کورت، تەڕ و لە ئاو دا خووســاو، خۆم کێشــایە ســەر مێرگێکی تەڕ. لە یەکەمینی شــەوی ڕزگاریمدا پەنام بۆ ئەو تاکەدارە برد، کە هێســـتایش هەر لە ســـەر پێیانە. ئەگەر بەختەکەم بەخت نەبوایە، کوا نێ گەمێ بەو هەموو کەرەســـەیەوە لە ســـەر تەپۆڵکە لیمێک بۆم دەچەقی. تفەنگم کەوتە دەســـت، کەرەســـەی کار و شـــتومەکی پێویســـتم وەگیر کەوتن و هەرچی کە مرۆڤ پێی دەوێ، من بە تەنیایی لە ماڵدا هەمە و پەکم بەهیچ ناکەوێ. تۆ بڵێی بەبێ تفەنگ توانیبـایەم چۆلەکەیەکیش بکوژم؟! ئەدی ئەو گشـــتە کەرەســـە و ئامرازەم بۆچ لە بیر بچێت کە هەر یەکیان کارســازی کارێکن و لە ژیانمدا بە هانامەوە هاتوون. من لە ســـایەی بوونی ئەو کەرەســـانەدا بوومەتە خوداوەندی ئەم دوورگە ڕەنگینە! جێگای ســپاســگوزارییە کە لە باوەشـــی شـــەپۆلان دەرچووم و بە ژیانێکی نیمچە ئارامدا کەوتووم!

هەتا بیرم لێدەکردەوە و زەنجیرەی قۆناخەکانی ژیانی رابوردووی خۆم دەخســتەوە بەر چاو، ژیانی ئێســتاکەییم گەلێک ئەهوەن و ئارامتر دەهاتە بەر چاو و شـــوکری خودێم دەکرد. ئەو ڕۆژی کە پێم نایە ئەم دوورگەیە، ڕۆژی 30 سەپتامبەر بوو. بە حیساباتی زانستی جوگرافیایی خۆم، شوێنی جوگرافیایی ئەو دوورگەیەی کە ئێستێ نیشتمانی خۆمە، دەبێ لە ژێرەوەی

کەمەربەندی ئیستیوایی دابێ و لە سەر خولگەی 33,38 پلەی جوگرافیایی دا هەڵکەوتبێت.

دوازدە ڕۆژ بوو پێم لە خاکی دوورگەکەم نابوو، کە بیری نووسین و ڕاگرتنی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵم کەوتە مێشکمەوە، بەڵام چوونکە ئەودەم ئامرازی نووسینم نەبوو، بۆ سازکردنی ڕۆژهەژمێرێکی دەستکرد، دارێکی درێژم هەر لەو جیگایە داکوتا کە لە ڕۆژی ڕەشی تۆفانەکەدا خۆم لە دەستی شەپۆلان ئەستاندبۆوە. بە نووکی کێردێکی تیژ و لە بەشی خوارەوەی دارەکەدا ئەو ڕستەیەم هەڵکۆڵی: [من لە ڕۆژی هەینی 30 سەپتامبەری ساڵی 1659 پێم نایە ئەم دوورگەیە].



هەر ڕۆژێکی کە بە سەر ژیانی ئاوارەییم دا تێپەڕ دەبوو، بە چەقۆ خەتێکم لە سەر دارەکە هەڵدەکۆڵی و ڕۆژی ئاخری هەفتەشم بە خەتێکی پانتر دیاری دەکرد؛ خەتی پان بە واتای ڕۆژی ئاخری هەفتە بوو. بەمجۆرە ڕۆژ هەژمێرێکی سەحراییم بۆ خۆم ساز کرد.

یەکێک لەو کەرەتانەی کە بۆ ڕووتاندنەوەی گەمیّ دەچووم، لە ژووری تایبەت بە کەیخودای گەمێکەدا کۆمۆدێکی پڕی ئامرازی نووسینم دۆزییەوە کە بریتی بوون لە: قاقەز، پێنووس، جەوهەری نووسین، چوار بازنەکێش، ئامێری ئەستێرە ناسی ، کتێبی مەتماتیک، دەمژمێرێک، چەند بەرگ نەخشەی جوگرافیایی، چەند پەرتووکی زانستی دەربارەی گەمێوانی و چەندین کتێبی تر.. گشتیانم تێکەوە پێچان و ڕاگوێزی ماڵی خۆم کردن.

هەتا لەبیرم نەچووە، با ئەمەش بڵێم کە لە هەموو گیاندارەکانی گەمێی خنکاومان، هەر تەنێ دوو پشیلە و سەگێک و من خۆم بووم کە بە زیندوویی دەرچووین. پشیلەکانم سواری لۆتکە کرد و سەگەکەش خۆی دە ئاو هاویشت و شـان بە شـانمان هات. سـەگەکە بە ماوەی چەند سـاڵان وەک هاورێیەکی زۆر بە وەفا دەگەڵم ژیا و لە سەرجەم گەشت و گوزاری دوورگەکەمدا دەگەڵم هات و یەکدەم لێم نەتۆرا. لە ڕۆژە ڕاواندا هەر ئەو بوو پەلەوەری بریندار بە دەمەوە دەگرت و بۆی دەهێنامەوە. لە گۆشـتی هەر نێچیرێکیشـدا بەشـە گۆشـتی ئەو لەبیر نەدەکرا. سـەگەکەم هاودەمێکی یەکجار زۆر باش بوو، بەڵام تەنیا کەمایسـییەکی کە هەیبوو، ئەمە بوو زمانی گوتنی نەدەگەڕا و نەیدەتوانی دەگەڵم بدوێ...

هەرکە کەلوپەلی نێومالّەکەم دانا و ژووری کارم بۆ خۆم ساز کرد، دەستم بە نووسـین کرد و هەتا ئاخر دڵۆپی جەوهەری نووسـین، سـەربردەی خۆم نووسی و کاتێک کە جەوهەرم لێ بڕا، قەڵەمیشم لە کار کەوت.

ئامێری کاری دارتاشی و جووتکاری و وردەشتی ترم هەبوون، بەڵام سەد مخـابن کە ئـامرازی وەک پـاچ و پێمەڕە و قوڵینگم نەبوو. نەبوونی ئەو ئامێرانەش هێزی کاری شل دەکردەوە و کار زۆر بە کزی بەرەو پێش دەچوو. بۆ نموونە، بۆ ڕێکوپێک کردنی ماڵ، مانگانی کات ویسـت.. یان بڕینەوەی دارێک بۆ پەرژین گرتن و ڕاگوێزانی لە دارسـتانەوە بو ماڵ و داکوتانی، یەک مانگی کار پێویسـت بوو. بەڵام لە کارکردندا زۆر تامەزرۆیانە و بە ئیشتیا کارم دەکرد و لێی وەڕەز نەدەبووم. کاری ڕۆژانەم چەندی گرتبایە و چەندەی ویسـتبایە، من بۆم دەکار دەکرد و هیچ دەرخەمی کات و سـات نەدەبووم. کـارم دەکرد و خۆم بە کـارەوە دەخـافڵاند. لە درێژەی کـاری ڕۆژانەشـمدا بەم ڕاسـتییە گەیشـتبووم کە کار باشـترین دەرمانی هەموو دەردانە. کار بۆ من دەرمانی دەردی دووری و بێکەسـیم بوو. کار نەبوایە، ڕۆژم لێ ئاوا نەدەبوو و شـەوەکانیشـم لێ دەبوون بە سـاڵ. هەربۆیە کاری ڕۆژانەم دەرمـانی برینی خەمۆکیم بوون و چەشـنی هەتوان ئـارامیـان دەکردمەوە. بەرە بەرە کاری ڕۆژانەم لێ ببوو بە ئەرک و ئەرکیشم لێ ببوو بە شفا. ئیتر وەکی جاری جاران چاو بە دەریاوە دانەدەنیشتم و بەهومێدی هاتنی گەمێ، گەرمە شـینم نەدەگێڕا. لە کارکردندا بیری چەوت و خەیاڵی

خاوی پڕ لە هاشــە و پاشــە بە مێشـکمدا نەدەهاتن و ئەگەریش هاتبانایە، ئـازایەتیی کـار دەمکوتی دەکردن و لـە ســــەرمی دەردەهـاویشـــتن. کـاری بەردەوامی ڕۆژانەم، دنیـایەکی پڕی حەســـانەوەی بۆ ســـاز کردبووم و دەمتوانی ئاســـوودە بخۆم و ڕەحەت بخەوم و لە دەمی ماندوو بوونیشـــدا قاچەکانم بەئارەزووی خۆم ڕابکێشم. بۆ پەرژینی حەوشەی ماڵەکەم، چیمی فریزووی مێرگم بۆ بڕیبوون و لەپای تیری پەرژینەکانـدا تەپاندبوومنەوە؛ پەرژینەکانم ڕەگیـان داکوتـابوو، لک و پۆیـان دەرکردبوو و هەڵیـان دابوو. چیمی فریزووی ژێرپێی تیرەکـانیش ڕەگـاژۆیـان کردبوو و دیوارێکی یەکپارچەیان لێ ســاز ببوو. پەرژین و چیمەن و گژ و گیا وەها تێکهاڵابوون، کە تەنانەت مێروولەش کەلێنێکی بۆ هەڵنەدەکەوت کە پێیدا تێپەڕ ببێت و بە میوانی ســەردانم بکات. لە درێژەی یەکســاڵدا توانیم ســەربانی ماڵەکەم بە دار و پەردوو دابپۆشم و سەربانێکی وەهای بۆ ساز بکەم کە ڕێژنەبارانی ئیستیوایی ڕێ بە نێوماڵمدا نەبات. ئەشکەوتی باوەشی تەقتەقە بەردەکەم بەرەبەرە دادڕێ و گەورەترم کردەوە. جسنی بەردی دیواری ئەشکەوتەکە لە بەردە کســـڵە بوو؛ بەردێکی نەرمی توێژ توێژی ڕەگەدار بوو کە زۆر بە هاسانی بە کوتک و قەڵەمەی ئاسن لێی هەڵدەبوو. ڕێگایەکی نهێنیشم تێدا هەڵکۆڵی و ڕەهۆڵەیەکی شـــاراوەم تێدا ســـازکرد کە لە دەمی تەنگانەدا بتوانم پێیدا دەرپەڕمە دەر. لەســەر ویستی خۆم و بۆ ئاسوودەیی خەیاڵم، ئەشـکەوتەکەم ئەوەندە گەورە کردەوە کە بەشـێک لە کەلوپەلی پێویسـتی ڕۆژانەم لەوێدا جێ دا.

من لە ژیانمدا قەت کاری دارتاشـــیم نەکردبوو. بەڵام چونکە دەمزانی نیازمەندی دایکی داهێنانە و هەر کەس بخوازی و مل بداتە کار، شـــت فێر دەبێ؛ منیش لەو دار و تەختەیەی کە لە گەمیێ هێنابوومن، توانیم کورسی و مێزێک بۆ خۆم ساز بکەم. گوتم ئامێری کار زۆر گرنگە و ئەگەر ئامرازی کار نەبێ، کـار زۆر بە زەحمەت دەچێتە پێش. بۆ وێنە من بۆ داتـاشـــینی تەختەیەک لە داری جەنگەڵی، دارێکی ئەســتوورم هەڵدەبژارد و بە مشـــار دامدێنا و دوایە بە تەشوێ ئەم بەرە و بەری دارەکەم ئەوەندە دەتاشـی،کە تەنک و ناســـک ببێتەوە. ئەمجار بە ڕەندەی دارتاشـــی گرێ و گۆڵم لێ هەڵدەکرد و ســافکاریم دەکرد و تەختەم لێ ســاز دەکرد. خۆ ئەگەر ئامێری

باش و بە کەڵکم هەبووبایە، هەم لە سەعاتی کاری کەم دەکردەوە و هەمیش زەحمەتی زۆری نەدەویست. بەڵام بۆ منێکی کە بەدانستە خۆم لە دنیای پڕچەنجاڵی بیرکردنەوەی بێ کەڵک دوور دەکردەوە، بەهەفتە و بەمانگ کارکردن هیچ قەیدی نەدەکرد.

دوای داتاشینی دار و سازکردنی تەختە، لە بەرێکی ئەشکەوتەکەمدا تاقە و ڕفەیەکی پان و ڕەختەم لە سەر سنگی دیوار ساز کردن. ئیتر ئەشکەوتەکەم وەک کۆگاخانەیەکی پیشەسازی لێهاتبوو کە هەمە چەشنە ئامێرێکی لەخۆیدا جێدابوو. ئەو کەرەسانەی کە لە ئاسن سازکرابوون، لە بەرێکم دانابوون و ئەو وردەئامێرانەی کە لە ڕۆژانەدا دەکارم دەکردن و دەبوایە دەمەودەست بیاندۆزمەوە، بەجۆرێک لەسەر تاقە و ڕفەی تەختەبەندکراو دا جێگام بۆ ساز کردبوون، کە لە کاتی پێویستدا گورجێک دەمدۆزینەوە. لە بەرێکی دیواری ئەشکەوتەکەشدا چەند شابزماری درێژم داکوتابوون و تفەنگ و دەمانچە و شیرو تیرەکانم بەو شابزمارانە داکردبوون. لە ڕاستیدا ئەشکەوتەکە وەک دۆکانێکی لێهاتبوو کە سەری مار و مێرووی تێدا دەست دەکەوت. بەڵام کەلوپەل و ئەسبابەکانم هەر ئەوەندە بە ڕیکوپێکی تێدا چنیبوون، کە بۆ هەر شتێک چووبایەم، بەبێ خولانەوە و گەڕان، بە هاسانی دەمدۆزیەوە و دەستم دەدایە.

چەند ڕۆژێک بە سەر لێک بڵاو بوونی گەمێدا تێپەڕی و من لە ڕاگوێزانی کەلوپەلی گەمێ بوومەوە. بۆ سەیری پانتایی دەریا و لێوارەی وشکانیی دوورگەم، بە کێو دا هەڵگەڕام. کاتێک گەیشتمە سەر ترۆپکی کێوەکە و بە سەر دەریا دا ڕووانیم، لە زۆر دوورەوە چارۆکەی گەمێیەکم بینی. هەر لەوێ وشک هەڵاتم و چاوم لە سەری هەڵنەگرت، بەڵام چێ پێ نەچوو چارۆکەی گەمێ لە بەر چاوم نەدیو بوو. ئەودەم چەشنی منداڵێکی وردیلانێ دانیشتمە سەر زەوی و سەرم لە سەر چۆکم دانا و بە سەر بێکەسی و بێچارەگیی خۆمدا گریام. بەڵام زۆر زوو هەستامەوە و خۆم سەرکۆنە کرد و هەر ئەودەم پەیمانم دەگەڵ خۆم بەست، کە ئیتر قەت قەت هومێدی ڕزگابوون بە هاتنی گەمێ نەبەستمەوە.

من لە هەر بار و بابەتێکەوە خۆم بە حەساوەوە و بەختیار دەدیت و هیچ کەمایەسییەکم نەمابوو. کورسی و مێزم بۆ خۆم سازکردبوو. قاقەز و قەڵەم و جەوهەری نووسینم لە سەر مێز دانابوو.

دەستتم بە نووسینی سەربردەی ژیانم کرد و کار و چالاکیی ڕۆژانەم خستە سەر قاقەز و هەتا جەوهەری نووسینم مابوو، هەر نووسیم.

## بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی ڕۆبینسۆن:

ڕۆژی 30ی سەپتەمبەری 1659 : دوای ئەوەیکە گەمیەکەمان تووشی کارەسات هات، هەر تەنێ من توانیم لە ژێر چەنگوڕکی نەمان دەربچم و پێ بنێمە سەر خاکی ئەم دوورگەیە کە ناوی دوورگەی ناهومێدیم بۆ هەڵبژاردووە. ئەو ڕۆژەی کە خۆم لە چنگی شەپۆلان ئەستاندەوە، تەواوی ڕۆژەکەم بە ترس و پەرێشانی تێپەڕ کردە. نە خواردنێک هەبوو کە برسیایەتیم بشکێنێت و نە جلک و لیباسێکی تەسەل کە ئەندامم بشارێتەوە. کەلێن و پەناگەیەکشم شک نەدەبرد کە خۆمی تێدا وەشێرم. هیچ چەک و تیر و شیرێکیشم لە دەست دا نەبوو کە هێرشی ئاژەڵی کێوی یان هوروژمی ئینسانخۆرەکانی پێ بەرپەرچ بدەمەوە. ئەو ڕۆژە، هەرکە ئێوارە داهات و هەوا تاریک بوو، لە درەختێکی گەورەی بە لک و پۆ وەسەرکەوتم و خۆم بە پەلک و گەڵاکانی داپۆشی. هەرهێندە برسی و شەکەت و شێواوەحاڵ بووم، هەرکە پیلووی چاوەکانم کەوتنە سەر یەک، خەوێکی قورس لە هۆشی بردم.

لە 1ی نۆڤەمبەر هەتا 30ی نۆڤەمبەر: بۆ یەکەم جار، شەو لە ژێر خێوەتێکی کە تازە هەڵمدابوو، لە باوەشی جۆلانەیەکی چەرمیدا خەوتم. دوو باڵندەی لە ڕەگەز مراویم بە تفەنگ خستە خوارێ کە گۆشتێکی فرە ناسک و خۆش تامیان هەبوو. بەیانانی هەموو ڕۆژێک، بەو مەرجە کە هەوا خۆش بێ و باران نەبارێ، تفەنگ هەڵدەگرم و پیاسەیەکی باش دەکەم و دوای گەڕانەوەم، هەتا کاتژمێری یازدە بە کارەکانم ڕادەگەم. نیوەڕۆ یان دوای نان خواردن هەتا کاتژمێری دوو دەخەوم. دوای لە خەو هەستانم، هەتا ئەودەمەی کە هەوا گەرمە و تینی هەتاو پێست دەسووتێنێت، لە ژوور

دەرناکەوم. دەگەڵ فێنک بوونی هەوا لە ماڵ وەدەر دەکەوم و هەتا سەری شەو خەریکی کار دەبم. مێز و کورسییەکەم سازکردووە کە لە دیتنیان تێر نابم. هەر لەو ڕۆژانەدا دەگەڵ سەگەکەم بە دارستاندا دەگەڕاین، پشیلەیەکی دەرکیم کوشت، بەڵام گۆشتەکەی بۆنی لێ دەهات و بۆ خواردن نەدەبوو. هەر ئاژەڵێکی کە ڕاوی دەکەم، کەوڵەکەی لە بەر دادەماڵم و دوای وشک بوونەوە هەڵیان دەگرم. ڕۆژێک بە کەنارەی دەریا دا دەگەڕام، چەند باڵندەیەکم بینی کە هەتا ئەودەم قەتم باڵندەی ئاوا نەدیتبوو. سێ سەگاویشم دیتن، بەڵام هێشتا لێیان نزیک نەببوومەوە کە خێرا خۆیان دە ئاو هاویشت و ڕۆیشتن. ئێوارەیەک هەور گرماندی و من لە ترسی هەورە تریشقە، بەشوێن جێگایەکی بەلاوەدا گەڕام کە باڕوتی تفەنگەکەمی تێدا وەشێرم. بو سازکردنی شوێنێکی باش و بۆ ڕاگرتنی باڕوت و کەرەسەی تفەنگەکانم، دەستم بە هەڵکۆڵینی ئەشکەوتەکەم کرد. قوڵینگم نییە و لە جیاتی قوڵینگ، لە قەڵەمەیەکی دەسک درێژی ئاسن کەڵک وەردەگرم. بە هەزار زەحمەت و بە ئارەق ڕشتنێکی زۆر، دارێکی ئەستووری جەنگەڵیم بە مشار بریەوە و بێڵێکی بچووکم لێ ساز کرد. سازکردنی بێڵ، چەند ڕۆژانی وەخت گرتم. پێمەرە و خاکەندازم نییە و لە جیاتیان لە بێڵێکی تەختە کەڵک وەردەگرم. داشقەی دەستی و چەرخی تایبەت بە هەڵگێڕ وەرگێڕی خاک و خۆڵیشم نییە و بە ناچاری شتێکی وەک قورکێشی بەننابیم ساز کردووە و خۆڵ و خاکی پێ دەبەمە دەر.

لە 1ی دەسەمبەر هەتا 31ی دەسەمبەر: ئەشکەوتەکەم گەورە کردۆتەوە و توانیومە کۆگاخانە و چێشتخانە و ژووری نان خواردنیشی تێدا ساز بکەم. ڕۆژێک لە کاتی داڕنینی دیواری ئەشکەوتەکە، لە بەشی سەرەوەی دیوارەکەوە بەشێکی بچوکی میچی ئەشکەوتەکەم داڕوخا. منیش بە هەزار زەحمەت توانیم کاریتە و کۆڵەکەی بۆ ساز بکەم و بەری ڕووخانی لێ بگرم. هەندە ڕۆژێک لە بەری بەیانەوە هەتا نیوەی شەو باران دەبارێ و من لە ماڵدا زیندانی دەبم. بەڵام هەفتەی واش هەیە سەرتانسەری هەفتە هەوا خۆش و دنیا ئارامە و من لە دەرەوە خەریکی کارم.

کارە بزنێکم کوشت و قاچی کاریلەیەکی دیکەم بریندار کرد. هەر دووکیانم هێناوە ماڵێ. قاچی کاریلە بریندارەکەم هەڵبەستەوە و گژ و گیام

دەبەر کرد و ئاوم دایە و دەستەمۆم کرد. کاریلەکە هۆگرم بووە و بەشوێنمدا دێت و ناخوازێ جێم بهێڵێ. لەو دەمەوە کە کاریلەکە بۆتە دۆست و هاورێم، بیری ئەوەشی خستۆتە مێشکمەوە کە هەوڵ بدەم بزن و نێری بە زیندوویی بگرم و زە و زوویان پێ بکەم و لە شیر و ماست و پەنیرەکەیان کەڵک وەربگرم. ئەگەر ئەو پرۆژەیەم سەر بگرێت، دەتوانم دەست بە گوولە و بارووتی تفەگەکەشمەوە بگرم.

لە 1ی ژانڤییە هەتا 31 ی مارسی 1660 : هەوایەکی گەرم بە سەر هەموو دوورگەکەمدا زاڵە. من هەر تەنێ بەیانانی زوو و ئێوارانی درەنگ دەتوانم تفەنگ دە شان بکەم و لە ماڵ وەدەرکەوم. ڕۆژێک کە بە دۆڵ و پێدەشتەکانی دوورگەکەمدا دەڕۆیشتم، تووشی ژمارەیەکی زۆری نێری هاتم. نێری بزنەکان خەریکی لەوەڕ بوون. من سەگم تێبەردان و پێم وابوو ڕادەکەن، بەڵام ئەوان بۆ سەگەکەم هاتن و سەگ لە ترسان بە نووزە نووز هات و هانای بۆ من هێنا.

لە ترسی هێرشی ئینسانخۆرەکان، بیری قایمترکردنی پەرژینەکانم کەوتۆتە سەر. وەرزە باران دەستی بە بارین کردووە و چەند هەفتەیە بەردەوام باران باری. ڕۆژێک کە بە لاشانی دارستانەکاندا دەڕۆیشتم، تووشی پۆلە کۆترێکی کێوی هاتم کە چەشنی کۆترەکانی خۆمان لە کون و قەڵشی بەردی شاخاندا هێلانەیان دانابوو. زۆر بە زەحمەت چەند بێچووم گرتن و بۆ ماڵیکردن زۆرم خزمەت کردن، بەڵام کاتێک کە باڵ و پەڕیان دەرکرد و باڵیان کردەوە، لە شەقەی باڵانیان دا، فڕین و ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. منیش جار جار بۆیان دەچم و لە هێلانەکەیان وەسەر دەکەوم و کۆترەکان دەگرم و خۆراکی خۆشتامیان لێ ساز دەکەم.

زۆرم هەوڵداوە بەرمیلێک لە دار ساز بکەم. بەڵام تێیداسەرکەوتوو نەبووم. جاران و بەر لە سازکردنی چرا، هەرکە ئێواران تاریک دەبوو، ناچار بووم بخەوم. بەڵام لەو دەمەوە کە چرا قەندیلەیەکم لە قوڕ سازکردووە، ئیتر ژوورەکەم ڕوناکایی تێگەڕاوە. چرا قوتیلەکەم لە قوڕ سازکرد و لە داوە دەزووش پلیتەم بۆ هۆنیوەتەوە. چرا فتیلەکەم بە چەوریی بزن کار دەکات. رووناکایی چراکەم بە تەواوی ژوورەکەم ڕووناک دەکات و هیچ حەوجێ بەوە نیم کە هەرکە تاریک دابێت، بخەوم.

ڕۆژێک، کۆنە توورەکەیەکم لە گۆشـەیەکی حەوشـەکەمدا هەڵم تەکاند. ئەو توورەکەیە لە گەمێی ڕەحمەتیماندا دانەمریشکی تێکرابوو.. مانگێک لە هەڵتەکاندنی توورەکەی گۆرین بە سـەر چوو و من توورەکەکەم لەبیر نەما. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک هەرکە دیتم دە دوازدە چلی ناسکی دەغل سەریان لە خۆڵ هێناوەتەدەرێ، سـەرم سوور ما. من پێم وانەبوو دوورگەی من دەغڵ و دانی تێدایە و گەنم و جۆ بەرهەم دێنێت. بەڵام هەر ئەوەم بە لاوە زۆر سـەیر هاتە بەرچاو، کە ئەم چەند چلە دەغلە شـلکە بۆچ ڕاسـت لە بەر دەرگای ماڵی مندا سـەریان هێناوەتە دەرێ! سـەرم بەتەوای تێیدا سـەتحی مابوو. بە خەیاڵاتی سـەیر و سـەمەرە دا کەوتم و گەلێکم داسـتان بۆ هۆنینەوە. لە سەرەتادا پێم وابوو دەستێکی نادیار، هەر بۆ ئەوەیکە لە بێ نانیدا نەمرم، لە ئاسمانەوە ئەم چەند چناوەی بۆ من داباراندووە. هەر بەم خەیاڵاتەشـەوە ئەژنۆم دادا و فرمێسـکم هەڵوەراند. زۆری پێ نەچوو، هەر لەو شوێنەدا چەند چڵی شلک و سـەزی برنجیش سـەریان لە خاک هێنایە دەرێ. هەرکە شتڵی ناسکی برنج و گەنم و جۆم لە بەر دەرگای ماڵی خۆمدا بینی، ئیتر هەر بەجارێک تووشـی خەیاڵات هاتم و پێم وابوو ئاسـمان ئاگادارمە و ئەم شـلکە دەغڵە سـاوایانە خەڵاتی خودێن و بەسـەر منیدا باراندوون. چوزەی تازەی دەغڵەکانم بە وردی سـەیر کردن و بژاردمن. لە ژمـاردن دابووم کە لەپڕ توورەکەکەم هـاتەوە بیر و زانیم کە ئەوەی بە خەیاڵ هەڵم بەسـتبوو، لە زارکی ئەو توورەکەیە هەڵتەکابوون کە خۆم بە دەسـتی خۆم هەڵم تەکاندبوو. دەور و بەری چناوکانی خۆم هەڵداوە و زۆر بە ئارامی خۆڵەکەم نەرم کردنەوە. لە ڕۆژ دا چەندین جارانم سەر دەدان و سـەیرم دەکردن. بۆ ڕۆژی دروێنە و هەڵگرتنەوەی بەرهەم ڕۆژم هەژمارد و بۆ پاشەکەوتی بنەتوو، دەغڵدانم بۆ ساز کردن.

لە هەڵگرتنەوەی خەرماندا نەمهێشـت دەنکێکیشـیان لێ زایە بێ. لە ساڵدا دوو جارانم چاندن و دوو جارانم بەرهەم لێ هەڵگرتنەوە. دوای چەند سـاڵان بەرهەمی دەغل و دانم ئەوەندە زۆر بوو، کە خەرمانم لێ بەبا کردن و نانم لێ خواردن و چێشتم لێ ساز کردن.

لە 1ی ئەپریل هەتـا 20ی ئەپریل : بۆ هـاتوچۆی نێو مـاڵ و دەرەوە، پەیژەیەکی ڕەختە و باشـترم سـاز کرد. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، لەو دیوی

خێوەتەکەمدا خەریکی کار بووم، کە لەپڕ میچی ئەشکەوتەکە بە دەنگێکی کەللەتاسێن تێکڕووخا. داڕووخانی ئەمجارە دەگەڵ جاری پێشین گەلێ جیاواز بوو. بەڵام هەر ئەوەی باش بوو کە لێی دوور بووم، ئەگینا لەوانە بوو بکەوتمایە ژێر هەرەس و تێداچووبایەم. لە ترسی داڕووخانی تر، خێرا بە پەیژەکەمدا چووومە ئەودیوی ماڵ. کاتێک کە کەوتمە پشتی دیوارەکە، زانیم میچێ ئەشکەوتەکەم بەهۆی بوومەلەرزە داڕووخاوە. دوو کۆڵەکەی کە وەبەر کاریتەکانمدا بوون، بە جووت تێک شکابوون. بەرد و چەوێکی یەکجار زۆر داڕژابوونە ژووری ئەشکەوتەکەمەوە. بوومەلەرزەکە لە ماوەی هەشت خولەکاندا سێ جاران ژێر پێی لەرزاندمەوە. هەڵتەکانی زەوی بە ڕادەیەک توند بوو کە دەیتوانی تەنانەت مەزنترین کۆشکیش تێک برووخێنێت. تاشەبەردێکی مەزن کە لە ڕەوەزە شاخەکەی کەنار دەریاوە لووتی بەرز کردبۆوە، بە دەنگێکی کەللەتاسێن تێک شکاو کەوتە ناو دەریاوە. تەنانەت ئاوی ئۆقیانوسیش بەم هەژانەوە هەژا و شەپۆل هەستا. وێدەچوو کە تەوژمی بوومەلەرزەکە ژێر ئاوی دەریاشی گرتبێتەوە، بۆیە بەبێ ئەوەیکە تۆفانێک لە گۆڕێدا بێت، شەپۆل بە بارستایی قەدی کێوێک بەرەو کەنارەکاندا هاتن و شەپۆل بەسەر وڵات دا پڕژان.

چەند خولکێک پێشتری ئەردهەژەکە، من لە ئەشکەوتەکەمدا خەریکی کار بووم. لەوێ بوامایە، لە ژێر کۆگا بەرد و تەلی خۆڵدا جیقم دەردەهات و زیندوو بە چاڵ دەکرام. هەر ئەوددەمەی کە زەوی لە ژێر پێمدا خۆی هەڵتەکاند، من هەر لەو شوێنەی کە لێی ڕاوەستابووم، ڕاوەستام و جووڵەم نەکرد. سێ جاری دوابەدوای یەک، زەوی لە ژێر پێمدا هەڵی تەکاندم، شاخی ڕووخاند، دەریای شڵەقاند و شەپۆلی وەڕی خست.

دەڵێن: لە نێوان مان و نەماندا هەناسەیەکی نێوانە. بەڵی وایە و ئەوا ئەمجارەیش کفنم دڕی و هیچم لێنەهات. دەبێ بڵێم هەر لەم دوورگەیەدا دوو جاران لە گەرووی مەرگ دەرپەڕیوم ؛ جاری پێشوو شەپۆل هەڵی شێلام و بە ڕەوەزە بەردانی دادام و ئەوا ئەمجاریش بوومەلەرزە و داڕووخانی میچی ئەشکەوتەکەم هات و بە سەرم دا تێپەڕی و بە سلامەتی دەرچووم. بەردەوام لە ژێر لێوانمدا بانگی خودێم دەکرد و خۆم دەخستە بەر بارانی ڕەحمەتی ئەو.

دوای ئەردهەژینەکە، ئاسمان بە هەوری ڕەش داگەرا و با هەڵیکردێ و بە ماوەی نیو کاتژمێران تۆفانێکی هەر ئەوەندە سەرشێت دەریای هەژاند، کە شەپۆل بە بارستایی شاخێک هاتن و خۆیان بە وشکانی داکێشا. گەلێک داری کۆنە ساڵی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵقەندن. تۆفانەکە بە ماوەی شەش کاتژمێران دەوامدار بوو. ئاخرسەریش ڕێژنە بارانێکی بەخوڕ هەڵیکردێ و تۆفانی دەمکوت کرد. لە ڕاستیدا ئەو ڕەشەبا و تۆفان و ڕێژنەبارانە پاشەبەرەی بوومەلەرزەکە بوون و دوای داکەوتنی باران، دنیا ئارام بۆوە و منیش تۆزکاڵێک ئەهوەن بوومەوە و بەرەو ماڵ بوومەوە. بەڵام لە ترسی ئەوەیکە نەکا تۆفان خێوەتەکەمی بزواندبێت، پەنام بردە ئەشکەوتەکەم و لەوێش نەهەندرام و ترسی داڕووخانی میچەکە، دەری پەڕاندمەوە.

بارانی بەخوڕ ئەو ئەزموونەی پێدام کە دەبێ لە حەوشەکەمدا جۆگەیەک هەڵبەستم و ئاوی زیادی لە حەشەکەم دەربکەم. بوومەلەرزە و تۆفان و بارانی بەخوڕ و داڕووخانی میچی ئەشکەوتەکەشم دڵیان لەرزاندم و فکری ڕاگوێزانیان خستە مێشکمەوە، بەڵام من زوو خۆم گرتەوە و خۆم دڵداری داوە و لە ئاکامدا  ترس دەستی لە بەرۆکم بەردا.

ئەو شەوە، هەتا نیوەی ڕۆژی دواتریش باران باری و من نەمتوانی لە ماڵ بچمە دەر. بوومەلەرزەکە بە ئاگای هێنامەوە کە دوورگەکەم لە سەر هێڵی ئەردهەژ دایە و دەبێ شوێنێکی ئاواڵەتر بۆ ژیان هەڵبژێرم. مانەوە و خەوتن لە نزیک ڕەوز بەرد و ئەشکەوتەکەدا ئەگەری خەتەری تێدایە و دەبێ خۆم بۆ کۆچکردن و ڕاگوێزانی ماڵ ساخ کەمەوە. بەڵام ڕاگوێزانی خێوەت بۆ شوێنێکی بەرئاواڵە کارێکی ژیرانە نەبوو. هەربۆیە خۆم ئارام کردەوە و گوتم هەتا شوێنێکی باشتر نەدۆزمەوە، چەلێ دەست لێرە نادەم و ئێرە چۆل ناکەم. دۆزینەوەی شوێنێکی دیکەش، کە لە هەر بار و بابەتێکەوە جێگای مەتمانەم بێ، پەلەی پێ ناوێ و بۆ بەرنامەی داهاتووی دادەنێم .

ئەو کێرد و تەور و تەورداسانی کە داری گرێدارم پێ داتاشیوون و کاری دارتاشیم پێ کردوون ، دەمەکەیان پاچاونەتەوە و پێویستیان بە کوتانەوە و تیژ کردنەوە هەیە. بۆ تیژ کردنەوەی تەور و کێرد و تەورداسەکانیش چەرخێکی وەهام پێویست بوو، کە بکرێ تۆپی بەردە زوورە هەڵسووڕێنێت.

گەڵاڵەی چەرخەکەم لە سەر قاقەز ڕەسم کرد و کەرسەکەی کارم بۆ وەکار خست. یەک هەفتەی تەواوی گرت هەتا توانیم چەرخێکی وەها ساز بکەم کە بکرێ بە هێزی پێ هەڵبسووڕێت. سازکردنی چەرخی تیژکردنەوەی چەقۆ و مەقەست و تەور، زۆر خۆشحاڵی کردم و بە ماوەی دوو ڕۆژان هەرچی هەم بوو، هێنام و تیژم کردنەوە.

ئەو نانەی کە لە گەمێی خنکاو هێنابووم، پاشەکەوتەکەی بەرەبەرە لە کەمێی دەدا. هەتا نانم کەمتر دەبووە، زۆرترم ئارەزووی نان دەکرد و لە نەبوونیدا خەم دایدەگرتم. لە ڕۆژ دا تەنیا لەتکێکی بچووکم لە نانەکەم دەخوارد و خۆم بە شتی دیکە تێر دەکرد.

لە 1ی مانگی مای هەتا 31ی مانگی مای : ڕۆژانە هەرکە لە خەو هەڵدەستم، دێمەدەر و لە ڕۆخی زرێ دادەنیشم و چاوەکانم لە پانتایی ئەوسەر نادیاری دەریادا وێڵ دەکەم. ڕۆژێک لە سەر تەقتەقە بەردێک دانیشتبووم و بە دەریا دا دەمڕوانی. دەریا بەشیک لە وشکانیی بەردابوو؛ دیار بوو لە نۆرەی نیشتنەوە دایە. لە نزیک وشکانیدا چاوم بە بۆرەشتێکی زۆر گەورە کەوت. خێرا بۆی چووم و هەرکە دیتم بەرمیلێکی یەکجار زۆر گەورەی دەرمانی تفەنگە. سەرەتا، لە دۆزینەوەی خێر و بەرەکەتێکی ئاوا گرانمایە سەرم سووڕ ما، بەڵام زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە ئەمەش هەر یادگاری گەمێی جوانەمەرگمانە و دوای هەڵوەشانی گەمێ بە زەبر و تەوژمی بوومەلەرزەکە، ئەو بەرمیلە مەزنە ئازدکراوە و شەپۆلەکان هەتا کەناران تلیان داوە. چووم و بە تلدان بەرەو وشکانیم کێشا. دانیشتم و سەربرم گرت هەتا ئاوی دەریا گەیشتە سنووری هەر ژێرەوەی نیشتنەوەی. هەر لەو بار و دۆخەدا گەمێی جوانەمەرگیش سەری لە ئاو دەرخست. من خێرا هەستام و لێی نزیک کەوتمەوە. بەبێ ساوەساو بۆی چووم و هەر لەو ڕۆژەوە هەتا ئاسەواری گەمێ بە یەکجاری لە بەر چاوام گوم بوو، من هەموو ڕۆژێک خۆم بە گەمێدا دەکرد. شەرتم کردو گوتم کە هەتا گەمێ لە بەر چاوانمدا مابێ، هەرچی تەختە و داری کە دە گەمێ دایە دەبێ ڕایانگوێزم و تاقیان لی نەهێڵم.

ئەو دار و پەردووەی کە لە بەدەنەی گەمێەکەدا دەکار کرابوون، باشترین چەشنی داری لێڕەواری بوون. ئەو دار و تەختەیە بۆ بەرنامەی داهاتووم

کەلێنێکی باشـیان پڕ دەکردەوە. لەسـەرتای کاردا ئەسـتووندەکی مەزنی بەشـی دواوەوەی گەمیەکەم بە مشـار بڕییەوە و دەگەڵ دار و تەختەیەکی یەکجار زۆر لێکم بەسـتن و ڕامگوازتنە سـەر وشـکانی و لە سـەر یەکم هەڵچنین.

ڕۆژێک، بۆ ڕاوە ماسی چوومە شوێنێکی ئارامی دەریا و چەند کاتژمێرێک قولاپم دە ئاو خست و بۆی دانیشتم، بەڵام لە جیاتی ڕاوی ماسی، سەگاوێکم گرت. لە کەرسـەی گەمیەکەدا قولاپی ماسـیگرتنی تێدا نەبوو، بەڵام بۆ سـازکردنی تۆڕی ماسـیگرتن، لە چەشـنێک دەزووی ئاوریشـم، تۆڕێکی بچکۆلانەم ساز کرد. تۆڕە دەست سازەکەم هەرئەوەندە باش و بە کەڵک بوو، کە لە گۆشتی ماسی بێ نیازی کردم. من ماسیەکانم لەبەر تیشکی هەتاو هەڵدەخستن و بە وشک کراوی دەمخواردن.

لە 1ی ژۆئەن هەتـا 15ی ژۆئەن : هەرچی تەختەی کە لە بەدەنەی گەمێی خنکـاو دا دەکـار کرابوون، بەردەوام بە ئـاوم دادان و لە کـاتی هەستانی ئاو، بەبێ ئەوەیکە من ئارەقێکیان لەبۆ بڕێژم ، ڕەوتی ئاو بەرەو کەنارانی ڕادەدان و کێشەوەکەیشیان لە ئەستۆی مندا بوو. بەم تەرتیبە، من بووم بە خاوەنی بڕێکی یەکجار زۆری تەختە و ئاسـنەواڵە و وەرەقەی مس. وەرەقەی پان و ناسکی ماتریاڵی مس، باشترین ڕووکەشە بۆ داپۆشینی قەڵش و جەمسەری تەختە لە پیشەسازیی گەمی سازیدا. کێشانەوەی ئەو گشـتە ماتریالە، بیری سـازکردنی بەلەمیان بە مێشـک داهێنام و خۆم بۆ سـازکردنی بەلەمێک تێکنا. پلانی سـازکردنی بەلەمێکم داڕشـت کە بکرێ بەبێ خۆف و خەتەر، سـەیر و سـەیاحەتی دەریای پێ بکەم و بە دەوری دوورگەکەشم دا بگەڕێم. کەس من نەناسێت، من خۆم زۆر چاک دەناسم و دەزانم کە ئەگەر تەنیا دوو ڕۆژان حەسـانەوە و هێمنیم وەدەسـت کەوێ، کرمی ماخولیایی لە مێشـکمدا جیذگڵ دەدات و ماڵم لێ کاول دەکات و دەمخاتەوە سەر هەواری خاڵی.

هەرکە لە کاری ڕۆژانەمدا هەسـتم بە شـەکەتی دەکرد، گورجێک بۆ سـازکردنی خۆراک دەچوومە ژووری چێشـخانەکەم و کاتێکی زۆرم بە سـاز کردنی خۆراک خەرج دەکرد.

16ی ژۆئەن : لە قەراغ دەریادا تووشی کیسەڵێکی مەزنی دەریایی هاتم. ئەوە یەکەمجار بوو کە کیسەڵی دەریاییم لە دوورگەکەمدا دەبینی. من لەم بەرەکەتەی کە هاتبوە بەردەستم، دەستم لێ هەڵنەگرت و گرتم و لەت لەتم کرد.

17ی ژوئەن : دەکرێ بڵێم تەواوی ڕۆژەکەم بە سازکردنی خۆراکی گۆشتی کیسەڵی دەریایی تێپەڕ کرد . لە زگی کیسەڵەکەدا شەست هێلکەیشی تێدا بوو. من لەوەتی لەو دوورگەیەدا ژیانم دەست پێکردووە، خۆراکی ڕۆژانەم هەر لە گۆشتی باڵندە و بزن بووە، هەر بۆیە خۆراکی گۆشتی کیسەڵی دەریایی تامێکی زۆر خوش و بە ئیشتیهای هەبوو.

18ی ژۆئەن : تەواوی ڕۆژەکە باران بەخوڕ باری و من لە ماڵدا ماومەتەوە . هەستم کرد تەواو نیم؛ سەرمامەو لێوە لەرزەمە. لە مەڵبەندی پشتێندەی ئیستیواییدا هەستکردن بە سەرما و لێوەلەرزە ، شتێکی سەیر و بە دەگمەنە.

19ی ژوئەن : حاڵ و تەندروسیم باش نییە. وەک بڵێی هەوا سارد بێ، چەقوچۆم دێتێ و هەڵدەلەرزم.

20 ی ژوئەن : شەو نەمتوانی بخەوم. سەرم ژانی دەکرد و نۆبەتێ دایگرتبووم.

لە 20ی ژوئەن هەتا 24ی ژوئەن : جارە جارە حاڵم تێکدەچێت و خەمێکی قورس بەری ئەوکم دەگرێ و گریانم دێ؛ هەندە جارێکیش ئەهوەن دەبمەوە. لەوە دەرترسێم کە لەم چولەوانییە دوورکەوتەیە دا، دوور لە کەس و کار سەربنێمەوە و بمرم.

25ی ژۆئەن : بە ماوەی حەوت کاتژمێران یاو تێیەکی توند دایگرتم. جار جارە لە سەرمان هەڵدەلەرزم و هەندە جارێکیش دەسووتێم و شەتڵانی ئارەق دەبم.

26ی ژوئەن : نۆبەتێ بەرەبەرە کزی کرد و بەرەو باشبوونەوە چووم. بەڵام زۆر بێ هێز و کەم تاقەتم. هیچ خورد و خۆراکێکیشم لە ماڵدا نییە. بە ناچاری تفەنگم هەڵگرت و بە شوێن نیچێر، لە ماڵ وەدەر کەوتم. زۆر دوور نەکەوتمەوە ، بزنێکم کوشت و بە ڕەکێش ڕەکێش و بە هەزار زەحمەت هەتا ماڵێم هێناوە. لە چێشتخانەکەمدا لەتوپەتم کرد و چەند پلە گۆشتێکم

لە سەر ئاگر برژاند و خواردم. لەوددەمە دا ئیشتیای شۆربەی گوشتم کرد، بەڵام هیچ دیزە و مەنجەڵ و قابڵەمەیەکم نەبوو کە گۆشتاوی تێدا ساز بکەم.

27ی ژوئەن : دیسان یاو تێ بە ئەوپەڕی قورسییەوە دایگرتمەوە بەجۆرێک خستمی کە تەنانەت بۆ ئاوخواردنەوەیەکیش توانای هەستانە سەپێم نەبوو. دەسووتام و ئاوم دەویست، بەڵام جووڵەی هەستانم لێ برا. بە ماوەی سێ کاتژمێر دەبوورەوە چووم و وڕێنەم کرد و بە هاتوهاواری خۆم خەبەرم بۆوە. بە ئاگا هاتمەوە و هەستم کرد لەشم زۆر قورسە و یارای جووڵانەوەی دەست و قاچیشم نەماوە. تاوێک لەم حاڵەتەدا مامەوە و دوایی خەوێکی وەک بێهۆشی بردمییەوە. لای نیوەی شەو لە خەو ڕاچڵەکیم . هەستم کرد تۆزکاڵێک حاڵم هاتۆتەوە جێ، بەڵام زۆرم تینوو بوو. ئاوم لە ماڵدا نەبوو و توانای چوونە دەریشم نەبوو. بەدەم نۆبەتێوە خەو بردمییەوە و لە خەو دا خەونێکم دیت کە ڕوح و گیانمی هەژاند. لە خەودا دیتم کە لە دەرەوەی حەوشەی ماڵەکەمدا لەسەر زەوی و لە سەر پشت ڕاکشاوم. لە کەلینی هەورە ڕەشەکانەوە گەردەلوولێکی گڕگرتوو بەرەو من هات. لە باوەشی ئاگر و دومانی گەردەلوولەکەدا پیاوێکی ڕەزاتاڵی مرۆتۆقێن، ڕمبێکی تیژ بە دەستەوە، سینگی منی کردە ئامانج و زۆر بە پڕتاو بۆ کوشتنم هات. پیاوە کەرتۆقێنەکە گوڕاندی بە سەرم دا و گوتی:

" ئەتۆ ی گرگنێکی لاساری بی گوێی ، تاوانت زۆرن و هەر بە تۆڵەی لاساری و بێ گوێ بوونت هاتوومەتە جەستەت و دەخوازم تۆڵەی سەرەڕۆییەکانی لێبکەمەوە... تۆ شایانی سەکەت کردنی؛ ئامۆژگاری باوک و دایک گوێیان نەئەنگاوتی و هەر بە بای ئارزوو ئاژواندت... ئەوا ئێستێ دەبێ تۆڵەی سەرەڕۆیی خۆت دە مستت بنێمەوە. دەی خۆت ئامادەی مردن بکە،.. دەی! "

من لە ترسان و لە خۆفی دیتینی ئەو دەموچاوە ناشیرینە، لە خەو ڕاپەڕیم و هەتا ماوەیەک هەر پێم وابوو کابرای ڕمب بە دەست بە ڕێگاوەیە و هاکا گەیشتێ و وەک پلە گۆشتێک بە شیشەی ڕەمبەکەیەوە کردم. تەنانەت هاتوهاوار و هەڕەشەکانیشی هەر ئازاریان دەدام . دار و دیوارم لێ ببوون بە جندووکە و شەیتان و لێیان دەترسام. ئەو کابووسە ترسناکە

وەهای تاساندم، کە تەنانەت وڵاتیش تەواو ڕووناک ببوو، من لە ترسان هەر هەڵدەلەرزیم و خۆم لە ژێر لێفە دا حەشـــار دابوو. بۆخۆم بە خۆم گوت:[دە هەڵگرەوە ڕۆبینسۆن!... ئامۆژگارییەکانی دایە و بابەت گوێ نەدایە و خۆت بەم دەردە برد کە ئێستێ تێیدای. دایک و باب ڕێگای ڕاستیان پێ نیشان دای، بەڵام ئەتۆ نەتکرد و خۆت بەم دەردە برد کە ئێستا دەیبینی!... بەبێ کەسی هەر بناڵێنە ڕۆبینسۆنی داماو! کاری خۆ کردی دەرمانی نییە و دەبێ دەگەڵ هەموو کۆسپەکان بەربەرەکانی بکەی و کۆڵ نەدەی. هیچکەس نییە پشتت بگرێت و هیچ دە ستێکیش نییە هاودە ستت بێت. تەنیا و بێ کەسی و هەر دەبێ خۆت هەستیتەوە...]

لە بەر بێدەسەڵاتی، دیسان سەرم بەرز کردەوە و گوتم ئەی خودای ماڵ لە ئاسمانان تۆ دەفریام کەوە!

ئەمە یەکەمین پاڕانەوە بوو، کە پاشی چەندین ساڵان لە ناخی دڵمەوە دەنگی هات؛ دەنگێکی کە بۆ خۆیشم بە گوێی خۆم بیستمەوە.

28ی ژوئەن : چەند چێشـــتەخەوی قورس تاقەتێکیان بۆ گەڕاندمەوە و توانیم لە جێگا بێمە دەر و بە شوێن ئاو دا بچم. لە دەمی سووتان و برژانی یاو تێدا، ئاو زۆر پێویستە و ئەگەر نۆبەتێم بۆ بگەڕێتەوە، هیچ نەبێ دەبێ ئاوێک هەبێ لێوێکی پێ تەڕ کەمەوە.

هەستام و شووشەیەکی گەورەم پڕێ ئاو کرد و لە سەر مێزی تەنیشت جۆلانەی خەوەکەم دانا و دوایەش چەند پلە گۆشـــتی بزنم لە ســـەر ئاگر برژانـد و خواردم. هەســـتم کرد تـاقەتێکم گەڕاوەتەوە و بۆ ئەوە دەبێ گەشـــتێکی لێ بدەم. لە ڕۆیشـــتندا چۆکم دەلەرزین و هەنگاوەکانم زۆر بە کزی و بێهێزی هەڵدەهاتنەوە. لەم کەم هێزییەم خەم دایگرتم و ترســـی ئەوەم هاتێ کە دیسان یاو تێ بمخاتەوە.

بەرەبەری خۆر ئاوابوونان چەند هێلکە کیسەڵی دەریاییم لە سەر ئاگر دەڵەمە کرد و هەڵم قوڕاندن. بەر لە خەوتن، ویســـتم بچمە دەرێ و چەند هەنگاوێک هەڵێنمەوە، بەڵام هەڵگرتنی تفەنگ گران بوو بۆم. هەر لە نزیک ماڵەکەم، لە سەر بەردێک دانیشتم و سەیرانی دەریای ئەو سەر نادیارم کرد. سەرسنگی دەریا ترووسکەی دەدا و ئاوەکەی ئارام و بێ شەپۆل بوو. دنیا بێدەنگ و زەمان ڕام، بەڵام گیانی بەلەنگای من ناساز و پەرێشان بوو.

فکر هەڵیگرتم و بە لاپەڕە تاریکەکانی ژیانی ڕابوردوومدا چوومە خوار. هەڵەکارییەکانی خۆم هەژماردن و ئەو ڕۆژە ڕەشانەی کە دەگەڵ مەرگ هەودایەکم نێوان بوون، هێنامنەوە بەر ڕۆشنایی و بیرم لێکردنەوە؛ بیرم لێکردەوە کە لە هەموو هەوراز و لێژەکانی ژیانی نا بەسامانمدا دەستێکی نادیار پاراستبوومی و لە ئەوکی مەرگ و نەمانی ئەستاندبوومەوە... ئەو دەستە هی کێیە؟!... ماوەیەک دانیشتم و بیرم لێکردەوە ؛ هەر تەنێ سەر و سیمای نازەنینی دایکم بوو لە بەر چاوم دەهات و دەچوو. کەیل و خەمناک هەستام و بەرەو ماڵ بوومەوە. لە پەرژین وەسەرکەوتم و ویستم بچمەوە ژوور. بەڵام ئەوەندە پەرێشانحاڵ بووم کە خەو بە چاوانمدا نەدەهات و هەنگاوم بۆ ژوور نەدەچوو. بەرەبەرە هەوا تاریک دەبوو. چراکەم هەڵکرد و تاوێک دانیشتم. ترسی گەڕانەوەی یاو تێ و بینینی خەوی پڕ هاشە و پاشەت تۆقێنەریش لە خەوتن و لە پێخەفدانی ترساندم. لەپڕ هاتەوە بیرم کە خەڵکی برازیلیا بۆ دەرمانی زۆربەی نەخۆشی و ژانەسەرەکانیان لە تووتن کەڵک وەردەگرن؛ تووتن دەجوون و ئاوەکەی قووت دەدەن. وەک لە غەیبەوە پەیامم بدەنێ ، زوو هەستام و سەری ئەو سەندووقەم کردەوە کە چەند کتێبی پیرۆز و تووتنی هەڵپێچراوی تێدا بوو. کتێبێکی پیرۆز و چەند گەڵای لوولەکراوی تووتنم هەڵگرتن و لە سەر مێزەکەم دانان. بەڵام لە بیرم نەمابوو کە خەڵکی برازیلیا بۆ دەرمانی دەردەکانیان تووتنیان چلۆن دەکار دەکرد. لەوەش دڵنیا نەبووم کە ئاخۆ دەردی من بە تووتن دەرمان دەکرێ یان نا ؟!

لە پێشدا چەند ورتکە گەڵای تووتنم هاویشتە زار و کەمێکم جووتن، بەڵام سەرگێژە دایگرتم و تووتنەکانم تف کردنەوە. گەڵا تووتنێکم لە ئارەقی قامیشەشەکرە دا خووساند و دوای دوو سەعاتان، لە دەمی خەوتندا چەند قومێکم لێ خواردەوەو کتێبی پیرۆزم کردەوە و دەستم بە خوێندنەوەی کرد. ئارەقی قامیشە شەکرە و تووتن تەواوێک گێژی کردبووم و نەمدەزانی چ دەخوێنمەوە، بەڵام ئەو کۆپلەیەم لە بیرە کە دەڵێ: لە کاتی خەم و پەژارەی گراندا ڕوو دە من کە و من وەبیر خۆت بێنەوە، من دەستت دەگرم و لە خەم و مەراقان دەربازت دەکەم...

نازانم ئەرێ لاواندەوەی یەزدانی بوو یان شـــیلەی شـــەکرو تووتن، کە گرتمی و چاوەکانی پڕ لە خەو کردم. بۆ ئەوەیکە دەور و بەرم ڕووناک بێت و لە دەمی چاوکردنەوەمدا تاریکی نەمترسـێنێ، چراکەم دانەکوژاند. ئەمجار بەر لە ڕاکشـــان و خەوتن، بۆ یەکەمین جار لە هەموو تەمەنمدا چۆکم داداو دوو دەســـتەکـانم بەرز کردەوە و داوای لێبوردەیی و هیوای ڕزگاریم لێکرد. دوای دۆعا و پاڕانەوە، ئەو شـــەربەتەی کە لە تووتن سـازم کردبوو، دەمم پێوە نا و زۆر بە نابەدڵی هەڵـــم لووشـی. شـەربەتی تووتن گرتمی و خەوێکی ئەوتۆ قورس بردمیەوە، کە هەتا کاتژمێری سـێی دوای نیوەڕۆیە بە ئاگا نەهاتمەوە. لە دەمی هەستانمدا، ئەوەی نەخۆشی و دەرد و ئازار و یاو تێی کە هەمبوو، دە لەشمدا نەمابوو. لە جاران ساغ و بێ وەی تر، هەستام و بە ئیشتیا نانم خورد.

30ی ژوئەن : تفەنگم هەڵگرت و لە ماڵ چوومە دەرێ، بەڵام زۆر دوور نەڕۆیشـــتم. جووتێکم باڵندە گوشـــتن کە لە بنەماڵەی قازی دەرەکی بوون. ئەوانم بۆ سبەی و دووی هەڵگرتن و بە چەند هێلکە کیسەڵی دەریایی خۆم تێر کرد. شەو دیسان شەربەتی تووتنم ساز کرد و کەمێکم لێ خواردەوە.

1ی ژوئیە : یا و تێیەکی سووک دایگرتم بەڵام هەر وەک خەیاڵ دەچوو.

2ی ژوئیە : شەربەتی تووتنم خواردەوە و کەمێکیشم گەڵای تووتن جووت. دیســـان ســـەرەگێژە دایگرتم. بۆ ســـوکنایی، کەمێکی ترم شـــەربەتی تووتن خواردەوە.

3ی ژوئیە : هەستم کرد یاو تێ بەری داوم، بەڵام بێ هێز و کەم توانام و تەواو نیم.

4ی ژوئیە : بەیانی کە لە خەو هەستام، کتێبی پیرۆزم کردەوە و بەشیکم لێ خوێندوە. دەمەوێ لەمەودوا لە خوێندنەوەی بەردەوام ببم و هەتا دەستم بەتاڵ بێت و لە ماڵدا بم ، چەند لاپەڕەیەکی لێ بخوێنمەوە.

لە 5ی ژوئیە هەتا 14ی ژوئیە : خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز هەســـتێکی پەشـــیمانی لە دەوورنمدا چاندووە و ئاکاری ناحەزی ڕابوردووی بە چاو مدا دەداتەوە. لەم حاڵەدا بۆ خۆم بە خۆم گوت: هەرچی بە سەرم هاتووە، گشتی بەر و بوومی چەوتیکارییەکانی خۆم بوون. بەڵام تازە ئیتر کارە و کراوە... ئەوەی کردوومە، کردوومە و بە هەزار ئاوانیش ناشـــۆرێتەوە... ڕابوردوو بۆ

کەس ناگەڕێتەوە. هەر بەم قسانەمەوە تۆزکاڵێک باری گرانی سەرشانم سووکتر و ژیانی ڕۆژانەم تۆزێ هاسانتر کردەوە. خوێندنەوەی کتێب و لاواندنەوەی جار بە جاری خۆم، بەرەبەرە باری تەنیایی و تەریک مانەوەی لەبیر بردمەوە. هەتا توانیشم خۆم لە بیرئانینی خەفەتهێن بە دوور ڕاگرت و گوێچکەی خۆم لە وردە گازەندان قەپات کرد. زۆرجاران بۆم دەرکەوتووە کە خۆ دزینەوەی لە خەمی نادیار و خۆ کەرکردن، باشترین دەوا و دەرمانە و پەرێشانیی ڕوحی دەسڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەوە بۆ پیاوی ژیر و ژیار بەکارە، نەک بۆ منێکی کە بەردەوام بە شوێن بەرداشێکدا دەگەڕیم کە خۆمی بخمە ژێری و لە بنیدا بپلیشێمەوە!

گەڕان و پیاسەم زۆرتر کرد، بەڵام زۆر بە وریایی و پشوو لەسەرخۆیی خولامەوە. بۆ ئەوەیکە زۆر ماندوو نەبم و نەچروسێمەوە، مەودا ڕێگای کورتم هەڵبژارد و پێیدا ڕۆیشتم.

هەستم کرد ئەو توانایەی جاری جارانم نەماوە و لە هەر مەنزڵێکدا دەبێ کەمە وچانێک بگرم و ئیستێک بحەسێمەوە. ئەو شەربەتە تووتنەی کە لە دەمی ناسازیدا دەکارم کرد، من بۆ کەسی تری گەواڵە ناکەم، چونکە و ئەگەرچی شەربەتەکە یاو تێی ئەمنی کەم کردەوە، بەڵام زۆر بێهێزیشی کردوم و چەشنە پەشێوی کرداریشی لە گیانمدا جێ هێشتووە.

15ی ژوئیە : ئەوە دەبێتە دە مانگی ڕەبەق کە من لەم دوورگە چۆلەوانییەدا تاک و تەریک ماومەتەوە و هیچ هیوایەکیشم بە چوونەدەر نەماوە. من ئەمەش دەزانم و دەیزانم کە من یەکەم کەسم کە پێم ناوەتە ئەم چۆلگەیە و کەسی تر ڕێی پێدا نەبردووە.

لەپڕ، ڕۆژێک کەوتە سەرم کە بۆ ناسینی نیشتمانەکەم، هەستم و خۆم دابەستم و پێیدا بگەڕێم. نیشتمانێکی کە هەر شەشدانگی هی خۆمە، چلۆن دەکرێ بست بە بستی نەبینم و نەیناسم؟! بەڵی دەبێ پێیدا بگەڕێم و سەری مار و مێروی تێدا بخوێنمەوە. دەبێ بزانم بەر و بەرهەمی دار و درەخت و مێرگ و چیمەنی چییەو زیندەوەرەکانی لە چ هۆز و تایەفەیەکن. هەرکە خۆم بۆ گەشت و گوزار تێک نا، سەرەتای گەڕان و پشکنینەکەم لەو ئاوکەندەوە دەستپێکرد کە لە ڕاگوێزانی کەلوپەلی گەمێی جوانەمەرگ دا یاریکارم بوو. کەنارەو کەناری چۆمەکەم گرت و بەرەوسەر هەڵکشام. نزیک

بە دوو مایلێک بە بەرزاییدا هەڵکشام و لە سەر نووچکە بەردێک دانیشتم و بە وردی سەیری دەریام کرد. بەڵام لەوێوە هیچ هەڵکشان و داکشانێکی ئاوی دەریا نەهاتە بەر چاوم. لە سەر بەرزاییەوە، چۆمە چکۆڵەکە هەر بە چەشنی جۆگەلەیەکی سیس و باریک بە نێو مێرگێکی سەر سەوز دا تێدەپەڕی و نەرم و نەرم بە باوەشی دووگردی بەرامبەر دا بەرەو خواروو دەڕۆیشت.

لە ڕۆیشتن و پشکنینی نیشتمانەکەمدا، بە سەر مەزرایەکی تووتنی سەر سەوز دا کەوتم کە چڵی بەڵابەرزیان چەشنی ئاڵای سەوز بە دەم شنەباوە دەشنایەوە. ڕووەک و گژ و گیا و گوڵی جۆراوجۆرم دیتن کە بەداخەوە هیچکامێکیانم نەدەناسین و نەمدەزانی بۆچی دەبن.

من لەو گەشت و گوزارەدا هەر بەشوێن کاساو دا دەگەڕام. کاساو چەشنە گیایەکە، کە ریشەکەی چەشنی پەتاتە خڕ و گۆشتنە. خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکا کە بە"سووورپێست" ناودێریان کردوون، لە ڕەگی کاساو نان ساز دەکەن. گەلێک بە شوێن کاساوا داگەڕام، نەمدۆزییەوە. بەڵام لەو گەڕان و پشکنینەدا چەند خەڵفە قامیشەشەکرەم دۆزینەوە. لە دۆزینەوە قامیشەشەکرەکان تەواوێک دڵم کرایەوە. بۆ ڕاگوێزانیان و چاندنیان، پلانی مەزرایەکی تایبەتم بۆ دارشتن. لە گەڕانەوەمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە خۆزگە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو گشتە ڕووەک و گوڵ و گیایە، زانست و زانایییەکی تەواوم هەبوایە؛ بەڵام دەگەڵ خۆزگە و بریا هیچ ناکرێ .

لە 6ی ژوئیە هەتا 18ی ژوئیە : دیسان هەر ئەو ڕێگایەم گرتەوە بەر کە پێیدا چووبووم. بەڵام ئەمجارە زۆرتر هەڵکشام و گەیشتمە مێرگەجاڕێکی سەر سەوز. هەر دوای مێرگەزارەکە بە سەر بێستانێکی خۆڕستی پڕی خرچە و کاڵک داکەوتم و دوایەش باخە ترێیەکی هەمە ڕەنگەی چەندین چەشنە ترێم دۆزیەوە. لە بینینی ئەو گشتە کاڵەک و باخە ڕەزەی کە هێشوو ترێی پڕ بە باوەشیان پێدا شۆڕ ببوونەوە، لە خۆشییان دڵم دەیکوتا و چاوم لە بینینیان تێر نەدەبوو. ترێم خوارد، بەڵام دەمزانی خواردنی زۆری ترێ باش نییە. بەتایبەت کە تازە لە سەر نوێنی ناسازی هەستابوومەوە، بۆیە دەستم بە دەممەوە گرت و زێدەڕۆییم نەکرد. بەڵام چەند هێشووی تەواوگەیشتووم لێکردەوەو لەسەر تاتە بەردێکی ڕوو بە هەتاو هەڵم خستن. دڵم خۆش و

چاوەکانم گەش بوونەوە کە ئیتر لەمەودوا مێوژی ساڵ ودۆشاوی تەسەل لەم ترێ ڕەنگاوڕەنگانە دادەخەم و سفرەی ڕەنگینی چێشتخانەکەم ڕەنگین تر دەکەم.

تەواوی ڕۆژەکەم بە گەشت و پیاسە بردە سەرێ. بەرەبەری ئێوارەیەکی درەنگ وەختی خۆم کێشایە ژێر دارێکی بە لک و پۆی دارستان و هەر وەک یەکەمین ڕۆژی هاتنم بۆ دوورگە، لە دارەکە وەسەر کەوتم. لە باوەش لکی تێک بەزیوی دارەکەدا خەوێکی قورس بردمییەوە. سبەی بەیانی زوو، بە دەنگی جریوەی مەل وەخەبەر هاتم و بەرەو باکوور کەوتمە ڕێ. نزیک بە چوار مایلێک ڕۆیشتم، گەیشتمە داوێنی گردێکی خۆش دیمەن. لە داوێنی گردەکەوە کانیاوێکی ڕوونی ئاوی شیرین بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشت.

ئەو بەشەی نیشتمانەکەم هەر هێندە سەرسەوز و گەش و ڕازاوە بوو، کە دەتگوت دەستی چەندین باخەوانی شارەزای تێگەڕاوە و بەتایبەتی نەخشێندراوە. لە بەشی خوارەوەیدا، ڕیزە داری نارنج و لیمۆ و کاکائۆ، بە میوەی ڕەنگاو ڕەنگیانەوە، دنیاکەمیان ڕازاندبۆوە. من لە دیتنی ئەو گشتە بەر و بوومەی کە نیشتمانە ڕەنگینەکەم بۆی پەروەردە کردبووم، خۆم بە خەنیترین دەوڵەمەندی دنیا نەدەگۆڕیەوە. دامنا بە کاتی خۆی، بۆ میوە چنین و بۆ وشک کردنیان بێمەوە ئەم بەرە و وشکەباران بۆ وەرزە بارانان دابخەم. بڕێکی زۆرم لیمۆ و ترێ چنی و لە هەر چەشنەی کەمێکم هەڵگرت. چەند هێشووی ترێی ئاوداریشم لەسەر بەردەپانەکاندا هەڵخستن. سەفەری ئەمجارەکەم سێ ڕۆژی خایاند.

19ی ژوئیە : لە گەڕانەوە مدا، بۆ کۆکردنەوە و هەڵگردنەوەی بەرهەم و بردنەوەیان بۆ ماڵ، گەیشتمەوە هەر ئەو شوێنەی کە میوەم لێ هەڵخستبوو، بەڵام بە سەر سوورمانەوە سەیرم کرد و دیتم کە ئەو برە ترێیەی کە لە بەر هەتاو م هەڵخستبوون، پرش و بڵاوی دەور و بەر کرابوون؛ بەشێکشیان خورابوون و کەمێکیان جووترا بوون و ڕۆکرابوونەوە. پێم وابوو کاری ئاژەڵی دەرەکییە. بۆ ئەوەیکە جارێکی دیکە زەحمەت بەخەسار نەبم، ئەمجار هێشووی گەیشتووی تریم لێکردنەوە و بۆ ئەوەیکە بە تینی هەتاو شک ببن و ئاژەڵیش زایەیان نەکات، بە لکی دارەکانەوە هەڵم واسین. بڕێکی زۆرم لیمۆ لێکردنەوە و بە کۆڵم دادن و بردمنەوە ماڵ.

ئەو دۆڵ و دەرەی کە ئەوەندە ڕازاوەو ڕەنگین و نەخشـین بوون، هۆکاری سـەرسـەوزییەکەیانم زانی چییە. زانیم کە شـوێنەکەیان پشـتی بە شـاخ و مێشـەڵانەوە بەسـتۆتەوە و ڕەشـەبای ڕۆژهەڵاتی نایگرێتەوە و تەڕایی لە سەوزەزار ناستێنێ.

ئەو خاکە پڕ پیت و بەرەکەتەی کە ئەو گشتە بەرهەمەی تێیدا ڕسکاوە، شایانی ئەوەشـە کە ماڵ و بنکەیەکی تێدا سـاز بکەم و تێیدا بحەسێمەوە. بەڵام ئەم بەشەی نیشتمانە ڕەنگینەم هەر تەنێ ئەم کەمایەسییەی هەبوو کە دەریـای لـێ دیـار نەبوو. لە ئەگەری نزیکبوونەوەی گەمێیەکی بـازەرگـانیـدا ، هومێدی ڕزگـاربوونی لێ کوێر دەکردمەوە، بۆیە پێم وابوو شوێنی ئەودیوم بەهومێدترە.

لە 20ی ژوئیە هەتـا 31ی ژوئیە : لەو دۆڵ و دەرە سـەرسـەوزە دا مەزرایەکی بچووکم تێدا سـاز کرد و دوو ڕیزە پەرژینم بە دەوری دا کێشـا و مـاڵێکی هـاوینە هەوارم تێدا ئـاودان کردەوە. ئیتر من خـاوەنی ڕەبەقی نیشـتمـانی هێژای خۆم بووم و، بۆم هەبوو مـاڵێکی ڕوو بە دەریـا و هاوینەهەوارێکی گەرمەسـێریشـم هەبێ؛ ماڵێکیان ڕوو بە دەریا و هیوای هاتنی گەمێیەکی ڕزگارکەر و ئەوی دیکەیان هەوارگەیەکی ڕازاوەی پڕ لە ناز و نیعمەت بۆ حەسانەوە و خۆشگوزەرانیم.

لە 1ی ئاگوسـت هەتا 13ی ئاگوسـت : لە هاوینە هەوارەکەمدا خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەم بووم، بەڵام ڕێژنەباران ئاسـتەنگی سـەرە ڕێگام بوو. من لە بەرامبەر بـارژنی بـاراندا کۆڵم نەدا و بە نیوە چـارۆکەیەکی پـانی گەمێ، خێوەتێکم لە ناو حەوشـەی مەزراکەمدا هەڵدا. بەداخەوە هاوینە هەوارەکەم هیچ ڕەوەزەبەرد و تەلانێکی تێدا نییە کە بۆ ڕاگرتنی وشکەباری میوەی ڕەنگی، بتوانم ئەشکەوتێکی دەسکردی تێدا ساز بکەم ؛ مێرگەزارێکی نەرمانی خۆش دیمەنە و گیانی ماندوومی تێدا دەحەسێنمەوە.

سـەرجەم ئەو هێشـوو ترێیانەی کە وەک مێلاق بە لک و پۆی دارانمەوە هەڵوا سیبوون، ببوون بە خا سە مێوژێکی نایاب؛ نە زۆر وشک و نە زۆر تەڕ. لەو ماوەیەدا زیاتر لە دووسـەت هێشـووی گەورەی ترێـم کردە مێوژ و لە ئەشکەوتەکەی ڕووو بەدەریا دا هەڵم خستن.

لە 14ی ئاگوســـت هەتا 31ی ئاگوســـت : باران بەردەوام دە بارێ و بارژنەکەی هەر ئەوەندە بەخوڕ دادەڕژێت، کە ڕێگای چوونە دەرم پێ نادا. لەو ماوەیەدا بە هۆی کەمبوونی تێشـــوووی ڕۆژانەم، دوو جاران و زۆر بە ناچاری لە ژێر ڕێژنەی باراندا وەدەر کەوتم. لە بەختی باشـــی خۆم توانیم بزنێک بکوژم و کیسەڵێکی دەریایی زۆر گەورەش ڕاو بکەم. گۆشتی کیسەڵی دەریایی لە ئاژەڵی کێوی گەلێک ناسک و خۆش تام ترە.

لە درێژەی ڕۆژانی بارانیدا، بەرنامەیەکی ڕێکوپێکم بۆ خۆم سـازکردووە و جار و بار قۆڵی چێشت سـازکردنی لێ هەڵدەماڵم و ژەمە خۆراکی شـەو و ڕۆژێک ئامادە دەکەم. هەموو بەیانان، هێشـــوویەک ترێ دەخۆم و بۆ نانی نیوەیەڕۆیەش پلێک گۆشـــتی بزن یان پارچەیەک لە گوشـــتی کیســـەڵی دەریایی دەبرژێنم. شەوانەش دوو یان سێ هێلکە کیسەڵی دەریایی دەکەمە دەڵەمە و هەڵیان دەقوڕێنم.

ئەندامانی بنەماڵەکەم ژمارەیان هەڵکشـاوە. یەکێک لە پشـیلەکانم، کە پێم وابوو مردووە، ڕۆژێک دەگەڵ سـێ بیچوولەی خرپن و زۆر جوان هاتنەوە ماڵ.

لە1ی ســـەپتامبەر هەتا 30 ی ســـەپتامبەر: کاتی وەرزەبارانانە و بەردەوام دەبارێ. من بێکار دانـانیشـــــــــم و خەریکی گەورەکردنەوەی ئەشـــکەوتەکەمم. هەروەها دەســـتم بە هەڵکەندنی ڕەهۆڵەیەک کردووە کە بکرێ وەک دزە ڕێگایەک لەو دیوی دۆڵی پشـــتی ڕەوەزەکەوە ســـەر وەدەر بنێم. ئەو ڕێگا نهێنییەم بۆ ڕۆژێک ســـاز کردووە کە ئەگەر هێرشـــی ئینسانخۆرەکانم بکرێتە سەر، بتوانم لەوێوە بۆی دەربچم. ترس و مەترسیی هێرشـــی ئینســـانخۆرەکانم لە کۆڵ نابێتەوە؛ خۆ ئەگەرچی دەزانم ئەم ترســـەکەم خۆڕاییە و لێم ڕوونە کە لە دوورگەکەمدا مەزنترین گیانداریکی کە تێیدایە، نێریە بزنێکی پیری پەکەوتەیە و بەس، بەڵام ورتە ورتی ئەم ئەگەرە لە ئێخەم نابێتەوە.

31 ی ســـەپتامبەر : ئیمڕۆ، خەمناکترین ڕۆژ و خەفەتبارترین دەمە بۆ منی تەنیا. لە بەر دەم ئەو ڕۆژژمێرە سەحراییە ڕاوەستاوم کە لە یەکەمین ڕۆژانی ئاوارەبوونمدا، بە دەســـتی خۆم دام مەزراندووە. ئەو خەت و

نیشـــانانەی کە لە ســـەر تەختەی کەنار دەریا هەڵم کەندوون، بە هەژمار بۆنەتە 365 ڕۆژ، واتە ساڵوەگەڕی ژیانی دەربەدەریم.

یەکساڵی تەواو بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە باوەشم بە گرەبەردرکەی کەنار وشـــکانی داگرت و خۆم لە شـــەپۆلان ئەســـتاندەوە. لە لاشـــانی بەردەنووســـی ڕۆژهەژمێرەکەمدا ســـەرم داخســـت و شـــەرمسـارانە لە بەر دەرگای خودێ پاڕامەوە و لە ناخی دڵمەوە زمانی سپاسم کردەوە، کە ژیانی پێ بەخشیومەتەوە. بۆ گەورە ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە و نزیک بوونەوەم لە خودێ، بە ماوەی دوازدە کاتژمێران خۆم لە خواردن و خواردنەوە پاراست و ڕۆژووم بۆ گرت. شـــەویش دەنکە بیســـکویتێک و هێشـــوویەکم تری خوارد و دوای پاڕانەوە وسپاسکردن، خەوتم.

ئەو جەوهەرەی کە خەریکم بەســـەرهاتەکەمی پێ دەنووسـم، بەرە بەرە بنەی دێ و من لەمەودوا ناچار دەبم تەنیا بەســـەرهاتی گرنگی ژیانمی پێ بنووسم.

لە ماوەی یەکســـاڵی تەنیاییمدا، نەزمی ئاو و هەوای دوورگەکەم بە تەواوی هاتۆتە دەســـت. دەزانم وەرزە بارانەکانی لە چ دەمێکەوە دەســـت پێدەکات و نۆرەی وەرزی کەمبارانەکەی کەنگێ دەگاتێ. لە پێشـــدا باســـی سەوز بوونی ئەو چەند چڵە گەنم و جۆ و برنجی لاشانی ڕەووەزە بەردەکانی ناو حەوشـــەکەمم نووســـیبوو. لە ســـەرەتادا پێم وابوو لە ئاســـمانەوە بۆم داباریون ، بەڵام دوایە زانیم ئەو هەڵکەوتەش خۆی لە خۆیدا هات و بەختی خۆم بووە کە توورەکە نازدارەکە بۆی ڕاگرتبووم و لە هێرشـــی مشـــکانی گەمێ، بۆی پاراستبووم. گەنم و جۆ و برنجەکان گوڵیان دا و دەنکیان گرت و من بەرهەمی 30هێشوو برنج و 20 گوڵە گەنم و جۆم هەڵگرتەوە. ئەوانم لە شوێنێکی بەلاوە دانان و چاوەڕوانی کاتی داچاندنیان ڕاوەستام. مەزرایەکی بچووکم بۆ تەرخان کردن و ئەودەم کە وەرزەباران کۆتایی هات و هەتاو ڕوو بە باشـــووری فەلەکی کلی کرد، من ئەو کاتەم بۆ داچاندنی گەنم و جۆ و برنج بە دەرفەت زانـی. پەڵە زەوییەکی بچووکم بە بێڵووکەیەک هەڵگێڕایەوە و خۆڵەکەم کوتاوە و نەرمم کرد. مەزرا بچکۆڵانەکەم بە دوو بەش دابەش کرد. بەشـــێکیـان بۆ گەنم و جۆ و ئەوی تریـان بۆ برنج. دەمەویســـت دەنکەکان دابچێنم، کە لەپڕ بە مێشـــکم داهات کە هەموو

دەنکەکان دانەچێنم و هەندێکیان بۆ جارێکی تر ڕابگرم. بەشێک لە سێ بەشی دەغڵەکانم داچاند و دوو بەشەکەی دیکەم بۆ ڕۆژی مەبادا هەڵگرت. ئەم کارەشم بۆیە کرد، کە نەکا دەنکەکانم وەڵام نەدەنەوە و ڕەنج بە خەسارم بکەن.

ئەم هەڵوێستەم زۆر بەجێ دەرچوو، چوونکە لەو برە دەغڵەی کە پێوەم کردبوون، ماوەیەکی خایاند، بەڵام هیچی لێدەرنەچوو. لە وەرزە بارانان دا چەند دەنکێک زۆر بە کزی و لاوازی سەریان دەرهێنا، بەڵام وشک هەڵگەڕان و پەرپووت بوون. من هۆکارەکەم بۆ دەرکەوت. لە شوێنێکی دیکە دا زەویم هەڵگێڕایەوە و لە ئاخرمانگی ژانقییە دا تووم وەشاند. لە پانزدەی مانگی فێڤریەدا سەریان دەرهێنا. لە مانگی مارس دا بارانێکی باشیان بە سەر دا باری و لە ئاخری ئەپریلدا گوڵیان دا و دەنکیان گرت. بەرهەمێکی باشم لە خەرمانە بچووکەکەم هەڵگرتەوە. هەروەها تێگەیشتم کە لە ساڵدا دوو جاران دەتوانم توو پێوە بکەم و دوو جارانیش خەرمان هەڵگرمەوە.

هەرکە وەزەباران بەسەر چوو و هەوا بەرەو خۆشی ڕۆیشت، بارگنەم بەرەو هاوینەهەوارەکەم تێکنا. کاتێک گەیشتمە وێندەرێ و پەرژینەکانم دیتن، دڵم گەشایەوە. پەرژینەکان گرتبوویان و خەڵفێکی زۆریشیان دەرکرد بوو. خەڵفەکانم برین و لە پای پەرژنەکاندا چەقاندمن. هەر ئەو خەڵفانە دوای چەندێک بەژنیان کێشا و دەوراندەوەی ناوماڵەکەمیان وەها تەنی، کە مێرووڵەش پێدا تێپەڕ نەدەبوو.

لە دورەگەکەی مندا ساڵ بە سەر دوو وەرزی زستان و هاویندا دابەش نابێت، بەڵکە ورزی پڕ باران و کەم بارانی هەیە و درێژیی هەر دووک وەرزەکانیش بەرامبەرن. بەڵام جار جارە، لە وەرزە باراناندا بای بەهێز دەتوانێ هەورەکان ڕامالێت و بەری بارژنان بگرێت. بەر لە ورزەباران، من تێشووی چەند مانگی ورزەبارانان دادەخەم و لە وەرزەبارانەکاندا دەتوانم بلێم خۆش نشینێکی تێر و تەسەلی خانەنشینم. بەڵام لە ماڵدا بێکار دانانیشم و لە درێژەی وەشتی باران بارینیدا خەریکی سازکردنی کەرەسەی پێویستی نێوماڵم. سازکردنی سەوەتە و قرتاڵە، یەکێک لەو کارانەیە کە باش خەریکیانم. من لە سەردەمی منداڵیمەوە جار جار بە بەر دوکانی سەوتەچی و قەرتاڵەسازاندا دەڕۆیشتم و بە وردی سەیری دەست و پەلی

وەستاکارانم دەکرد. چاوەکانم ئەوەندە بە وردی دەگەڵ دەست و پەنجەیان جووڵەی دەکرد، کە پێم وابوو منیش سەبەتەچنێکی کارا و لێزانم. بەڵام کاتێک لە یەکەمین وەرزەبارانەکاندا شووڵی لاوێنم چنی و خەریکی چنینی سەبەتە بووم، زانیم شارەزایەتییەکی ئەوتۆییشم نییە کە بە شاخ و باڵی خۆمدا هەڵ بڵێم. بەڵام بەرەبەرە ڕاهاتم. لە سەرەتادا ئەو شووڵانەی کە بۆ چنینی سەوتە و قرتاڵە دەکارم دەکردن، لێم دەشکان و کارەکەیان ڕادەگرتنم. بەڵام کاتێک کە شووڵی لاوێنی پەرژینی دەوری مەزراکەم دەکار کردن، توانیم چەند سەوتە و قەرتاڵە سازبکەم و کەڵکیان لێ وەربگرم.

بەرەبەرە وەرزەباران بەرەو کۆتایی ڕۆییشت. یەکەمین ڕۆژی دوای وشتەباران بوو کە توانیم لە ماڵ وەدەرکەوم. لە ماڵ هاتمەدەر و ڕێک بەرەو مەزراکەم چوووم. لە دیمەنگای مەزراکەمەوە ئەودیوی دوورگە و دەریا و کەنارەکانی دیار بوون. من بە تەواوی تێی نەگەڕابووم و نەمدەزانی ئەوێ چۆنە و چی تێدایە. بۆ دیتن و دۆزینەوەی ئیمکاناتی زیاتر، تفەنگ و گوولە و دەرمانی پێویستم هەڵگرتن و تەورێکی تیژ و شەمشێرێکیشم لە پشتێندم بەست و دوای هەڵگرتنی چەند هێشووی ترێ، دەگەڵ سەگە بەوەفاکەم وەڕێ کەوتین.

بە دۆڵەکە دا چوومە خوارێ . تاو و ساوێکی گەش و خۆش بوو. دنیا ئارام و دیمەنگاکان دڵ و چاومیان ڕۆشن دەکردەوە. چەند مایلێکی ئەولاتری دەریا، بۆرە وشکانییەکم کەوتە بەر چاو. نازانم دوورگە بوو یان بەشێک لە وشکانیی قاڕڕەییەکە. ئەو وشکانییەی کە لە دوورەوە دەبیندرا، شاخ و چیایەکی گەلێک بەرزی هەبوو. من وا مدا نابوو دەبێ بەشێک لە خاکی ئەمریکا بی کە دەگەڵ داگرتەکانی ئیسپانیا دراوسێنە. بەلێکدانەوەی خۆم، ئەگەر ئەو وشکانییانە بەشێک لە داگرتەکانی ئیسپانیا بن، دەبێ هاتوچۆی گەمیە بازەرگانییەکانی ئیسپانیش بەو گازە دا گوزەرە بکەن. بۆ ناسین و دڵنیابوونم، پێویست بوو بۆی دابنیشم و ئەم گومانەم ڕاست بکەمەوە. بێتوو هیچ گەمێیەک نەبینم، ئەوا دەبێ ئەو وشکانییە هەر ئەو خاکە بێت کە ئیسپانیا دەستی بەسەر داگرتووە و وڵاتی برازیلیای دوو لەت کردووە؛ هیچ بە دووریش نییە کە سەرزەمینی ئینسانخۆرەکان بیت.



لە گەڕان و سـەیرکردنی ئەم بەرەی دوورگەکەمدا بۆم دەرکەوت کە دوو بەری نیشـتمانەکەم وەکی یەک نین. ئەو بەرەی کە کاڵەی غەریبیم تێدا کردبۆوە، عەرز و عاسـمانی دەگەڵ ئەم لایە جیاواز بوو. دیمەنگاکانی ئەم بەرە، بە مێرگ و گوڵ نەخشـێندرابوون. دارسـتانەکانی چڕ و پڕ و خاوەنی داری بەرز بوو. لە سـەر لکی دارەکانیشـیاندا پۆلە باڵندی تووتیم چاو پێکەوتن. گەلێک خەریک بووم بارە تووتییەک بە دەسـت بگرم، بەڵام دەستیان نەدا؛ بە ناچار و زۆر بە زەحمەت توانیوم دانەیەکیان بە داردەست بخەمە خوارێ. تووتییەکەم هەڵگرتەوە و لاواندمەوە و دە توربێنم نا. هەر ئەو تووتییەش دوای دەسـتەمۆ کردن و ڕاهێنان و فێرکردنی چەند وشـە و دەسـتەواژەیەک، دەنگی لێوەهات و توانیم گوێم لە دەنگی هاودەنگێگ ڕابگرم و ناوی ڕۆبینسۆنی لێ ببیسم.

هەتا زیاتر و زۆرتر بەو بەشەی نیشتمانەکەمدا گەڕام، خێر و بەرەکەت و بەر و بەرهەمی زۆرترم تێدا دۆزیەوە؛ دەیان جۆرە ڕووک و چەندین

چەشنە ئاژاڵم تێدا بینی کە دانەیەکیشیان لەو دیوی نیشتمانەکەمدا دەست نەدەکەوتن. ئیتر دڵم بەو نیشتمانە ڕەنگینەم تەواوێک حەسایەوە و هەستم کرد پیاوێکی بەختەوەری تاک و تەنیام.

هەر لەو بەشەی دوورگەکەشمدا بەسەر دوو چەشنە ئاژەڵاندا کەوتم کە پۆلێکیان وەک کەروێشک دەچوون و هەندێکیشیان دەچونەوە سەر ڕێوی. بەڵام چونکە تامی گۆشتەکەیانم نەکردبوو، وازم لێهێنان و لەوڕەکەم لێ تێک نەدان.

لەو سەفەرەم دا ڕۆژانە دوو مایل بەڕێگا دا ڕۆیشتم، بەڵام چوونکە بە شووێن ناسینی گوڵ و گیا و دار و دەوەن و ئاژەڵاندا گەڕام و زۆریشم ئەمبەر ئەوبەر دەکرد، حەوجێ نەبوو خێرا بڕۆم و خۆمی پێ ماندوو بکەم. شەوانەش کە کفت دەبووم، دارێکی بە لک و پۆم هەڵدەبژار و لە ترسی ئاژەڵی گۆشتخور، دەور و بەری دارەکەم وەک حەوشە، بە تیژەدار دەتەنی و بە ئەرخەیانی لێی دەخەوتم.

هەرکە گەیشتمە سەر لێوارەی دەریا، ئەودەم زانیم کە من لە ناخۆشترین شوێنی دوورگەکەمدا ماڵم ساز کردووە. ئەم بەرەی دوورگەکەم پڕی خێر و بەرەکەت بوو. لە ئاژەڵ و دار و درەخت و گوڵ و گوڵزاریشدا هەر مەپرسن کە چەندە و چیهای خێر و بەرەکەت تێدا بوو! لەو دیوی تری نیشتمانمدا، بە ماوەی ساڵ و نیوێک تەنیا سێ کیسەڵی دەریاییم دەست کەوتبوو، کەچی لێرە و لەم دیوەی وڵاتەکەمدا، هەر کیسەڵ بوو دە کیسەڵی هەڵدەدا؛ کیسەڵی دەریایی لێرە بە پای فیلان بوو. دەیان چەشنە باڵندەی خۆش گۆشتم تێدا دیتن کە لەو دیویدا دانەیەکیشیان بە چاو نەدەبیندران.

ئەم دیوەی دوورگەکەم هەموو تایبەتمەندییەکی بۆ ژیان تێدا بوو، بەڵام دڵم نەهات جێگام بگۆڕم، چونکی پێی ڕاهاتبووم و کاڵەی غەریبیم تێدا کردبۆوە. من ئاغا و خاوەنی سەرتانسەری دوورگەکەم بووم و هەر شووێنێکی کە دڵم بیگرتایە، بۆی دەچووم و پێیدا دەگەڕام و لە بەرهەمی گیاندار و بیگیانی کەڵکم وەردەگرت.

دوای ئەوەیکە نزیک بە دوو مایلێک بە کەنارەی دەریا و بۆ لای ڕۆژهەڵات هەڵکشام، بۆ ئەوەیکە سنووری سەرزەمینی دۆزراوەوەم دیاری کردبێت، دارێکی داتاشراوی درێژم سپی کرد و بۆ نیشانگەی سنووری شوێنەکە، لە

قەراغ دەریا دامکوتا. بۆ گەڕانەوەشم، ڕێگایەکم گرتە بەر کە بە ناوچەیەکی کەند و لەندی پڕ لە و خڕ و دۆڵدا تێپەڕ دەبوو. لە سەرەتای ڕۆیشتنمدا من پێم وابوو تەنێ یەک گردم لە سەر ڕێ دایە و ئەگەر لەو گردە وەسەر کەوم، هەموو دوورگەکەم دێتە بەر چاو، تەنانەت حاستی ماڵەکەی خۆیشمی لێ دەبینمەوە. بەڵام کاتێک کە نزیک بە سێ مایل ڕۆیشتم، خۆم لە دۆڵێکی ئاواڵەدا دیتەوە کە دەگەڵ توانایییم یەک نەدەهاتەوە. ناچار هەر بەو ڕێگایەدا گەڕامەوە کە پێیدا هاتبووم. دوای ئەویکە نیشانگەکەی کەنار دەریام دیتەوە، هەر لەوێوە ڕێگای جارانم گرتەبەر و ئێوارەیەکی درەنگ وەختی گەیشتمەوە مەزرای هاوینە هەوارەکەم. تفەنگ و گولە و دەرمان و تەور و هەگبەی لاشانم قورس بوون و لاشانێکیان تەواو داهێنابووم؛ ماندوو بووم و هەموو لەشم شەتڵانی ئارەق ببوو. هێشتا نەگەیشتبووینە مەزراکەم، کە سەگەکەم بزنێکی هەڵبڕی و پێشەبڕەی لێداوە و نزیک بوو دە خۆڵێی بگەوزێنێ. من گورج گەیشتمە سەری و پەتم دەملی کرد. من دەمەویست جووتێک بزنە مێ و نێری بە زیندوویی بگرم و دەستەمۆیان بکەم و لە زەو و زووی ئەوانەوە دانگەیەکی پڕی بزنەگەل ساز بکەم. بزنی یەخسیرکراوم بە ڕەکێش ڕەکێش برد. لەم کێش بیکێشەشدا جارێک ئەو منی دەخۆڵ دەگەوزاند و گەلێک جارانیش من پشتی ئەوم چەسپی زەوی دەکرد، بەڵام بەرم نەدا و بە هەزار و یەک زەحمەت هەتا مەزراکەمم برد. لەمێژ بوو لە ماڵ وەدەرکەوتبووم و دەمەویست زووتر بگەمەوە ماڵ، هەربۆیە بزنەکەم لە مەزرا دا بە پەت و سینگ بەستەوە و خۆم و سەگەلەم خێرا گەڕاینەوە ماڵ.

لە گەیشتنەوەی ماڵ و شادبوونەوەم بە هێلانەکەم، تەواوێک گەش بوومەوە. لە جۆلانەکەمدا ڕاکشام و شەکەتیم لە لەش بڕا. لە ماوەی ئەو سەفەر دا، شەوانە بە ترسەوە دەخەوتنم و بەیانانیش کە لە خەو هەڵدەستام، وەک هەر نەخەوتبم، هەستم بە کەساسی و شەکەتی دەکرد. سەفەرەکەم دوور و درێژ و پڕی هەوراز و نشێو بوو. تەواوێک کوترابوومەوە و هەر ئەو شەوەش پەیمانم بەست کە قەت سەفەری ئاوا دوور و درێژ نەکەم و هێندە لە ماڵ دوور نەکەومەوە.

ماوەی دوو ڕۆژی حەفتە، خۆم لە هیچ کار و تێکۆشانێک نەدا و هەر بەس بە خۆم ڕاگەیشتم. لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی پشوودانمدا، بۆ ئەندامی تازەی

بنەماڵەکەم کە تووتی بێ، قەفەسێکم لە شووڵی لاوێن ساز کرد. هەر لە جەنگەی سازکردنی قەفەسەکە دابووم کە کەوتمەوە سەر بیری ئەو بزنە داماوەی کە بە پەت بەستبوومەوە. گورجێک هەستام و خۆم کۆکردەوە و بەرەو مەزرای ئەودیوی دوورگەکەم چووم. بزنی بەستەزمان لە برسان دەهات بەلادابێ. قولێکم گژ و گیا وەبەرنا و دوایە پەتم لە دەستم هاڵاند، بەڵام بزنەکە لە برسان و لە تونیان هەر بەس چاوی لە دەستی من بوو. منیش ئاوم دا و قسەڵی برنج و شینکەی تازەم بۆ هێنا. بەم پێڕاگەیشتنە و بەو تێرەخۆرەیەی کە لە بەر دەمم دانا، وای لێهات کە هیچ پەت و گوریسێکی گەرەک نەبێت و چەشنی منداڵی ماڵێ، ئۆگرم بێ. لە ماڵیشدا بە پەت نەمبەستەوە و بەرەبەرە وەک ئەندامێکی بنەماڵەی لێهات و بەردەوام بە شووێنمدا دەگەڕا.

وەرزەباران دیسان گەڕایەوە. ڕۆژی 30 سەپتەمبەر، ڕێکەوتی دووەمین ساڵی نیشتەجێ بوونم لە دوورگەکەدا بوو. دیسان هەر لەو ڕۆژە دا بەرەو خودێ بامداوە و ڕووی نیازم بۆ لای ئەو برد. لەو تاوانانەی کە لە ڕابوردوودا کردبووم، داوای لێبوردنم کرد. لەوەیکە ژیانێکی تەسەلیشی پێدابوومەوە سپاسم کرد.

لەو ساوە ئیتر بیر و کردارم ئاڵوگۆری بەسەر داهات و شادی و دڵنیایی و ئاسوودەیی ڕووی تێکردم و دەرگای دڵم بە ڕووی ژیاندا کرایەوە. ماندووبوونی ئیمڕۆکەییم بەلاوە گەلێک پێ باشتر بوو لە ژیانی سنوور شێواوی جارانم. بەڵام هەرکە جار جار بیرم لەوە دەکردەوە کە ناچارم زۆربەی دەم و کاتی خۆم لە ناو دوورگە و ئۆقیانووس و جەنگەڵ و شاخ و کیو دا بە تەنیایی تێپەڕ بکەم، خۆم وەک زیندانییەکی هەتاهەتایی دەهاتە بەرچاو و خەم دایدەگرتم. لەو هەل و کاتانەدا دڵم دەگیرا و بە دڵپڕی هەوای گریان دایدەگرتم؛ چەشنی منداڵێکی ڕەنجاوی دڵشکاو دەگریام. تەنانەت زۆرجاران لە جەنگەی کار و کوێرەوەریدا خەم و مەراق سواری شانم دەبوو، دەستم لە کارم سارد دەبۆوە و پەنام بۆ شوێنێک دەبرد و گەرمە شینم دەگێڕا. ئەگەر ئەمەم نەکردبایە لە ژێر قورسەکی خەمدا دەپلیشامەوە. هەر بۆیە بە سەعات و دوو سەعاتان دادەنیشتم و چاوم دە یەک جێگا دەبڕی، بەڵام هەتا نەگریابایەم و شینم نەگێڕابایە، ئارامم

نەدەگرت. بە ناچاری و بۆ ئەوەیکە ڕوحم تۆزێ ئارام ببێتەوە، لە ڕۆژ دا چەند لاپەڕەیەکم لە کتێبی پیرۆز دەخوێندەوە و خۆمم پێ ژیر دەکردەوە.

ئەو ڕۆژانەی کە باران نەباری، دوو سێ کاتژمێرێک بۆ ڕاوکردن دەچمە دەرێ. لە گەڕانەومدا خۆم سەرگەرمی لەتوپەت کردنی نێچیر و سازکردنی خۆراک دەکەم. بەشێک لە گۆشتەکان بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بارانییە و ڕێگای چوونەدە و ڕاوکردنم نیە، لە بەر سوورەتاو وشک دەکەم و بە وشک کراوی کەڵکیان لێ وەردەگرم.

لە ڕۆژانی زۆر گەرمدا، هەتا ئێوارێ لە ماڵ دەمێنمەوە و قۆڵی خاوێن کردنەوەی نێوماڵ هەڵدەماڵم. ئێوارانیش تفەنگ بە شان دادەدەم و دەگەڵ سەگەکەم دەچمە ڕاو. بەهۆی نەبوونی کەرەسەی کار و ناشارەزایی خۆم، کارەکانم باش ناچنە پێش؛ بۆ وێنە بۆ سازکردنی مێزێکی بچووک، دوو مانگ پێوەی خەریک بووم. بۆ داتاشینی درەختی جەنگەڵی و سازکردنی تەختەیەکی پان، دەبێ بچمە جەنگەڵ و دارێکی ئەستوور هەڵبژێرم . بۆ خستنی دارەکە، بە ماوەی سێ ڕۆژان دەبێ بە مشار و تەشوێ دەگژ دارەکە ڕۆ بێم. بڕینەوەی لک و پۆی دارەکەش کاتی دەوێ، بەڵام گرانتر و گیان ڕووشێن تر لە هەمووی ئەوانە، هەتا دەبێتە تەختە، بۆ داتاشین و ساف کردنەکەی پێویستە چەندین ڕۆژان کاری لە سەر بکەم و ئارەقی بۆ بڕێژم.

لە مانگی نۆڤەمبەر دا چاوەڕوانی هەڵگرتنەوەی خەرمانی گەنم و جۆ و برنج بووم. مەزراکەی من زۆر گەورە نییە. من مەزراکەم بە دوو بەش دابەش کردووە و لە هەر بەشەی دا گەنم و جۆ و برنجم بە جیا پێوە کردووە. داچێندراوەکانم ئەگەرچی زۆر نین، بەڵام بەرهەمەکەیان باشە و گوڵەکانیان دان زۆر دەگرن و ئەگەر بەمجۆرە بچێتە پێش، داهاتوویەکی باشیان لە ڕێدا دەبینم.

ڕۆژێک سەردانی مەزرا کەم کرد و هەرکە بە وردی سەیری حاسڵاتەکەم کرد، تێگەیشتم کە ئاژەڵ لە مەزراکەمدا لەوەڕاوە و بەشێک لە گەنم و برنجەکانیان خاکبڕ کردووم. لام سەیر بوو کە بەم گشتە شینکە و گژ و گیایەی کە لە دەور و بەری مەزراکەمدا هەیە ، چلۆنە و بۆچی زیانیان بە مەزرای من گەیاندووە. بەڵام وا دیار بوو کە ئاژەڵ تامی گەنم و برنجی منیان لە دەم دا خۆشتر بووە ، بۆیە بە میوانی سەردانی مەزرای بچووکی

منیان کردووە . ئاژەڵ کات و سات نازانێ و بۆ خۆ تێرکردن بە شەو و بە ڕۆژ خەریکی ڕنینەوە و ملۆمۆیە. ترسـی ئەوەم لە دڵ نیشـت کە ئەگەر هەر بەمجۆرە بڕواتە پێش، دەنکی ناهێڵن و هەر هەمووی دەخۆن. تەنیا ڕێگایەکی کە ڕێم پێدا دەبرد و دەیتوانی کێشەکە چارەسەر بکات، کێشانی پەرژین بە دەوری مەزراکەدا بوو. نەمکردە ساوە ساو و خەریکی داربڕین و کێشەوەی بووم. لە ڕۆژ دا هەر ئاژەڵێک ڕووی کردبایە مەزراکەم بە تیر دەم ئەنگاوت و بە شـەویش سـەگەکەم لە لەو دیوی پەرژینەکەدا دەبەسـتەوە. دەنگی حەپەحەپی سـەگەکە ئـاژەڵی دەترسـانـد و لە مەزرای دوور دەخستنەوە. بەمجۆرە ئاژەڵی شینکەخۆر دەستبەردارم بوون و بەرە بەرە قەفی لاسکی گەنم و جۆ و برنجەکانم ئەستورتر بوون. لە دەمی گوڵ کردن و دان گرتنیشـیاندا، ئەمجار پەلەوەرم لێ بوون بە میوان و هێرشـیان هێنا. ڕۆژێک کە خەریکی پەرژینی مەزراکەم بووم، پۆلە باڵندەیەکم بینی کە لە دوورەوە هەڵنیشـتبوون و چاوەڕێی دوور کەوتنەوەم بوون. تفەنگم دەسـت دایە و تەقەم لێکردن. لە تەقەکردنمدا سەرم سوور ما. ئەوەندە پەلەوەرەی کە لە دەور و بەری مەزراکەمـدا هەڵنیشـتبوون، دوو هێنـدەش لە ژێر حاسـڵاتەکەمدا خۆیان مەڵاس دابوو. لەم هێرشـە بێ ئامانەی باڵندان زۆر ترسـام و ناچار بووم بە شـەو و بە ڕۆژ وریای خەلە و خەرمانەکەم ببم. ڕۆژێک خۆم لێگرتن و هەر کە بە پۆل ڕژانە سـەر مەزراکەم، بە تیرێک سـێ باڵدارم لێ بەردانەوە. باڵندە کوژراوەکانم لە دار هەڵکێشـان و لە چەند شـوێنێکی مەزراکەدا دەخاکم چەقاندن. ئیتر باڵندە لێم ترسـان و وازیان لە خواردنی دەنک و دانی مەزراکەم هێنا.

لە ئاخر و ئۆخری مانگی دەسامبەر دا، کاتی دروێنەی حاسڵات گەیشتێ، بەڵام بۆ دروێنە داس و شـامیلەم نەبوو، بە ناچاری لە کێردێکی گەورە کەڵکم وەرگرت و دروێنەم دەست پێکرد. بەرهەمەکەم ئەوەندە زۆر نەبوو کە زەحمەتێکی زۆری بوێت. گوڵەگەنم و جۆی گەیشتووم لە ناو لەپی دەستمدا هەڵپرواندن و دەنکەکانم لە کا و کۆت جیا کردنەوە. کاری وەرزێڕیی من، لە داچاندنی چەند دەنکێکەوە دەسـتی پێکرد و ئەمجارەی کە خەرمانم هەڵگرتەوە، بڕێکی زۆرم گەنم و جۆ و برنج پێ برا. من لە بینینی بەرهەمی

ڕەنجی ڕۆژان و شـەوانم دڵم گەش بۆوە و هەمووی ئەوانەم لە ڕەنجی باڵ و باسکی خۆم دەدیتن.

دوای هەڵگرتنەوەی خەرمانی دانەوێڵە، ئەمجار کێشـەی هاڕینی گەنم و سـازکردنی ئارد و نان پێژیم لێ بوون بە کێشـە. بەڵام بۆ پەرەپێدانی زەوی و زۆر بوونی دەغڵ و دان، چەلی لە سازکردنی ئارد و نانپێژی خۆم پاراست و گەنم و جۆی سـەرخەرمانم بۆ داچاندن دانا. من بۆ نان پێژی هیچ ئاش و دەسـتهاڕێکم نەبوو کە گەنمەکەمی پێ بهاڕم و ئاردی لێ وەربگرم. بەڵام بەرنامەم دانا کە دوای داچاندنی ئەمجارەم، هیچ نەبێ دەسـتهاڕێک سـاز بکەم کە گەنمم بۆ لێبکات و ئاردم بداتێ .

وەرزی کشـت و کێڵ گەیشـتی و من دوو پەڵە زەویی ڕێک و نەرمانم لە نزیک ماڵەکەم دا دیاری کرد. زەوییەکانم بە زەحمەتێکی زۆر کێڵا و دەغڵم پێوە کردن. بە نیاز بووم دەوری مەزراکانم بە پەرژین بگرم، کە پەڵەباران دەستی پێکرد. دیار بوو ئاسمان هێشتا نەیناسیبووم و پێی وابوو دەتوانێ لە هەڵبەزدابەزم بخـات و بە ڕێژنەبـارانی بمترسـێنێ. بەڵام من بۆی ڕانەوەستام و لە ماوەی سێ مانگاندا پەرژێنێکی باشم بە دەوری مەزراکانم دا کێشا.

من لەو دەمانەدا کە باران ڕێی بە هیچ گیانداریک نەدەدا لە لان بێتە سـەرێ، منیش لە مـاڵ دەمـامەوە و تەنیـا سـەرگەرمییەکەم دوانـدنی تووتییەکەم بوو. لەوەتی دەگەڵ تووتییەکەم لە ماڵێکدا بووینەتە هاو ماڵ، من هەر بە "تووتییە جوانەکەم"ی بانگ دەکەم. من پێم وانەبوو تووتی ئاوا زوو زمان دەگرێ و وەقسە دێت. تووتیەکەم زۆر زوو ناوی ڕۆبێنسۆن فێر بوو. ئیتر ناوی ڕۆبینسـۆنی لە دەم ناکەوێت و دەیڵێ و دەیڵێتەوە. لە ڕۆژ دا چەندین جار بانگم دەکات و بە لاساکاریی من، دەڵێ: تووتیە جوانەکەم! ... تووتییە جوانەکەم!...

ئەو باڵندە بچکۆلانەیە بۆتە ئۆگری شـەو و ڕۆژانم و لە تەنیایی دەری هێناوم و بۆتە خەمڕەوێنەم .

ماوەیەک بوو بە شـوێن جێگایەکدا دەگەڕام کە دانەوێڵەی گەنم و جۆ و برنجی لێ هەڵڕێژم، بەڵام لە ترسـی مشـک و وردەزیندەوەرەی دانەوێڵەخۆر لەم کارە پاشگەز بوومەوە. زۆرم بیر لێکردەوە، یەکجێ بە مێشکم داهات کە

باشترین شت بۆ ڕاگرتنی دانەوێڵە، گۆزە و دەببە و کەندووی زۆر گەورەیە. من قەتم دەست بە قوڕ نەکردبوو کە شتێکی پێ ساز بکەم. ئەمە یەکەم جارم بوو کە دەستم بۆ سازکردنی دیزە و گۆزە بە قوڕ دەکرد. بۆ سازکردنی گۆزە و کەندووی گەورەی دەغل و دان، پلانم داڕشت و دەستم پێکرد، بەڵام زۆر ناشارەزایانە دەستم پێکرد. قسەی ڕاستی بێ، من چەشنی ئەو قوڕەی کە گۆزەکەران بۆ سازکردنی دەسکردەکانیان دەکاریان دەکرد، هیچم لێ نەدەزانی. هەر بۆیەش ئەو دەستکردانەی کە لەژێر دەستی ناوەستایانەی من دەهاتنەدەرێ، بۆم ببوونە گەپ و گاڵتەی خۆم و بە سەعاتان پێیان پێدەکەنیم. زۆربەی دیزە و گۆزەکانم خوار و خێس و گۆج و لوێج دەهاتنە دەرێ و زۆریشیان لەپڕدا تێک دەتەپین. کێشەکە هەر دە دەست و پەلی ناوەستایانەی مندا نەبوو، بەڵکە ئەو قوڕەی کە بۆ ئەم کارەم هەڵدەشێلا و کەلوپەلی نێو ماڵم پێ ساز دەکردن، قوڕێکی شیاو نەبوو. دوای چەند زەحمەت بەخەسار چوونێک، بۆم دەرکەوت ئەو گڵەجانەی کە من هەڵی دەشێلم، باش لێک ناهاڵێت و نابێتە ماجووم و خۆ ناگرێ. هەر بۆیەش دەسکردەکانم خۆ ناگرن و لێک بڵاو دەبن. تەنانەت چەندێکیشیان کە بەساغی دەرچوون، هەرکە بۆ وشک بوونەوە کێشامنە بەر خۆرەتاو، بەر لە وشک بوونەوە شەقار بوون و قەڵشەکانیان زاریان کردەوە و لەبەریەک چوون. ماوەیەک بە شوێن ئەو چەشنە گڵە دا گەڕام کە قوڕەکەی شیلەدار بێ و هەر بەچەشنی چەقە خۆ بگرێت و لە بەریەک بڵاو نەبێ. لە گەڕاندا بە سەر شووێنێک داکەوتم کە قوڕەکەی بۆنێکی تایبەتی دەدا. خۆڵی ئەو شووێنەم کۆکردەوە و لە ماڵدا قوڕم لی گرتەوە و زۆرم هەڵ شێلا. لە هەڵشێلانیدا گەیشتە بار و دۆخێک کە چەشنی هەنگوین شیلەدار و لە ناو پەنجەکانمدا زۆر جوای خۆی دەگرت. ماوەی دوو مانگان خەریک بووم، ئاخرسەر دوو کەندووی زۆر گەورەم لێ ساز کرد. بۆ وشک بوونەوە و زرینگانەوەیان لەبەر تیشکی خۆرەتاو هەڵم خستن. کەندووکان لە بەر سوورەتاو باش زرینگانەوە. بۆ پاراستنیان لە تێکشکان، سەوەتەی گەورەم بۆ ساز کردن و دە سەوتەم نان و لە ژووری تفاق و دانەوێڵەدا جێگام بۆ دابین کردن.

من ئەگەرچی لە سازکردنی قاپ و قاچاخی چێشتخانەدا زۆر سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام لە سازکردنی وردە شتی وەک گۆزەڵە، دیزەڵە، دەوری، توونگەڵە و شتی تریش نەمامەوە و شارەزاییەتییەکی باشم لێ وەدەست هێنان. لەو گڵەجانەی کە بۆ سازکردنی ئەو شتانە هەڵم دەشێلان، جار جارەش بۆ لای چێشخانەی دەکێشام و بەرەبەرە کەلوپەلی چێشتخانەم لێ ساز دەکردن. ئەو قاپ و دەوری و تووونگەڵانەی کە من لە قوڕ سازم دەکردن، هەر ئەو کەمایەسی و عەیبەیان هەبوو، کە هیچیان بۆ چێشت لێنان نەدەبوون. واتە شتی ئاوەکیان ڕانەدەگرت و لە ئاودا دەتلیسانەوە.

ڕۆژێک بۆ برژاندنی گۆشت ئاگرێکم کردبۆوە. دوای برژاندنی گۆشت، خەریک بووم سکڵی ئاگرەکەم کۆ دەکردەوە، کە یەکجێ بە سەر شتێکی سەیر داکەوتم. شتێک لە ناو پۆلووەکاندا ترووسکەی دەهات و چەشنی پۆلووی ئاور سوور دەچۆوە. بە مەقاش دەرم کێشا و بە وردی سەیرم کرد، زانیم پارچە دەفرێکی سازکراوی خۆمە و کەوتۆتە ناو ئاگر و برژاوە. بە شادمانییەوە بۆم دەرکەوت کە چ داهێنانێکی مەزنم لەم دوورگەدا پێ براوە. هەتا ئەو کاتەی کە لەتکە دەفرە برژاوەکەم لە ناو سکڵی ئاگر نەدیتبوو، نەمدەزانی قوڕ بە برژاندن دەبێتە سواڵەت و ئاو ڕادەگرێت. ئەمە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانمدا، وەرچەرخانێک کە بوو بە مایەی حەسانەوەم. ئیتر دوای وەرگرتنی ئەم ئەزموونە هێژایە، سازکردنی شۆربێ و خۆراکی ئاوەکی گەلێک هاسان بوو.

دوای فێربوونی سوورکردنەوەی قاپ و قاچاخی قوڕین لە ئاگر دا، هەر گورجێک دوو کەندوی گەورە و سێ دیزەی مەزنم لە سەر خۆڵەمێشی ئاگردانەکە دانان و وشکەڵەدارم لە دەور و بەریان هەڵچنی و ئاگرم تێبەردان. لە کەلینی گڕی ئاگر دا دەسکردەکانی خۆم دەدیتن کە ڕەنگ دەگۆڕن. بە ماوەی پێنج کاتژمێران نەمهێشت ئاگر لە دەور و بەریان دابمرکێت و بەردەوام دارم وەبەر دان و ئاگرم لێخۆش کردن. لەپڕ دیتم یەکێک لە دیزەکان خەریکی تواندنەوەیە. ئەگەر ئاگرم لێ خۆش کردبایە، لەوانە بوو وردە چەوی پێکهاتەکەیان بتوێتەوە و لە سواڵەت بەرەو شووشە بچێت؛ هەربۆیە بەرەبەرە ئاگرم لێ کەم کردنەوە. بە کزکردنی ئاگر، ڕەنگی دەسکردەکانیشم ڕەنگی هەر ئەو دیزە و گۆزانەیان گرت کە لە

شارەکاندا سازیان دەکردن و دەیانفرۆشتن. بۆ سازکردنی هەوڕ و دەفری چێشتخانە و سوورکردنەوەیان، ناچار بووم سەرتانسەری شەو بە دیار ئاگرەکەوە دابنیشتم و نەهێڵم گڕی گەرمایان لێ دابمرکێت.

نزیک بەیانی بوو کە سێ تووتگەڵەی ئاوخۆری و سێ دیزەی شۆربە سازکردنم لە ناو کڵی ئاگرەکە دەرکێشان. من ناتوانم شادی و ڕەزامەندیی خۆم لە بینینی ئەو دەسکردانەم بە زماندا بێنم. وردەخیزی یەکێک لە دیزەکانم وەها توابۆوە کە ڕووکەشێکی شۆشەیی بەسەر دا کشابوو. لە دیتنی دیزەکانم وەها گەشامەوە، کە هەرکە سارد بوونەوە، یەکێک لەوانم لە سەر کوانووی ئاگر دانا و چەند پلە گۆشت و چەوریی بزن و لاوێچێک برنجم تێکرد و شۆربەیەکی زۆر بەتام و خۆشچێژم تێدا ساز کرد. لە سازکردن و سوورکردنەوەی قاپ و دەوری و تووتگە و دیزەکانم ، تازە سەرم سووک ببوو، کە بیرۆکەی سازکردنی ئاشی دەغل لێکردنم کەوتەوە بیر. بۆ دۆزینەوەی بەردە سماتە زۆر گەڕام، بەڵام بەردەکانی دوورگەکەم لە چەشنی بەردە کسڵە بوون و بۆ بەردئاش نەدەبوون. بە ناچار بۆ لای سازکردنی ئاونگی دار ڕۆیشتم. بۆ ئەو کارەش بە جەنگەڵ داگەڕام و کۆتەرەی دارەکەوتێکم دۆزییەوە و بە تەوەرداس و تەشوێ وەری گەڕامێ و بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر دامتاشی. بۆ سازکردنی دۆڵچەیەکی گەورەی دار، بە شێوەی خەڵکانی گەللایی، ئاگرم لە ناو زگی کۆلکە دارەکە دا کردەوە و هەتا ئەو جێگایەی کە دەستی دا، توێژ بە دوای توێژ سووتاندم و دوڵچەیەکی قووڵم لێ ساز کرد. بۆ دەسکی ئاونگەگەش، هەر لە جسنی دارەکەوتەکە، گورزێکی قایم و قورسم ساز کرد و لە هەلی یەکەمدا کەمێکم جۆ تێدا کوتا. ئاردەکەم درشت و زبر و پڕ لە کا و کۆت بوو. ئەمجار بۆ دابێژانی ئارد، هێڵەگم پێویست بوو. بۆ سازکردنی هێڵەگ زۆرم بیر لێکردەوە و بە زۆر شتاندا چوومەوە. لەپڕ ئەو کەلوپەلانەم کەوتنەوە بیر کە لە گەمێ رامگواستبوون. بە دوایاندا چووم و لێیان گەڕام و دۆزیمنەوە. لە ناو کەلوپەلەکاندا چەند دەسرۆکە و هەندە لەتکە کوتاڵێکیان تێدا بوون، بەڵام هەموویان دادڕ دادڕ ببوون و بەکەڵکی سازکردنی هێڵەگ نەدەهاتن. کەمێکیشم مووی بزن ڕاگرتبوو، بەڵام دەست و پەلم بۆ ڕستن و چنینی تۆڕی هێڵەگ، شارەزا نەبوو. دەهاتم لێی بێ هیوا بم، کە یەکجێ جلکدانەکەم

کەوتەوە بیر و بۆیان چووم. دوای گەڕان و پشکنینی جلک و لیباسی گەمێوانان، چەند شاڵی گەردنی مەلەوانانم تێدا دۆزینەوە و سێ هێڵەگم لێ ساز کردم کە ماوەیەکی زۆر خزمەتیان کردم.

دوای سازکردنی دەستئاونگ و کوتانەوەی دەغل و سازکردنی ئارد و دروست کردنی هێڵەگ، ئەمجار نانپێژیم لێبوو بە کێشە. زۆرم بیر لێکردەوە ، بەڵام چونکینێ قەتم دوکانی نان پێژ و نانفرۆشان نەدیتبوو، نەمدەزانی ئەو کێشەیە چلۆن چارەسەر بکەم. دوای بیرلێکردنەوەیەکی زۆر و لێکدانەوەیەکی قووڵ، لە خۆوە تەندوور، یان سۆپەیەکی پڕ لە سکڵی ئاگرم کەوتە بەر چاوی خەیاڵ. دوای پلان دانان، لەم کارەشدا نەمامەوە. پێشەکی چەند دەرخۆنەم لە قوڕ سازکردن کە پانایی هەر دەرخۆنەیەک 70 سانت و بەرزاییەکانیان 15 سانت بوو. دەرخۆنەکانم لە ئاگر دا سوور کردنەوە و ئامادەی کارم کردن. بۆ دەرخۆنەکانیش قولکەیەکم هەڵقەند و تەرکی قوڵکەکەم بە خشتی سازکراوی خۆم فەرش کرد. ئاگرم لە ماڵی تەندوورەکە دا کردەوە و کاتێک کە خشتی تەرکی ئاگردانەکە باش داغ بوون، ئاگرم لێ دەر دا. گوتکێکی هەویرم لە سەر خشتەکان پان ڕاخست و دەرخۆنە سازکراوەکانی خۆم بەسەردا ڕۆکردن. سکڵی ئاگرم بە سەر دەرخۆنە نوخونکراوەکاندا کرد و بۆ هەر نۆرە برژاندنێک، چارکە سەعاتێکم سەبر گرت. گەرمای خشتەکان لە ژێرەوە و پۆلووی ئاگر لە سەرەوە، نانیان بۆ برژاندم. بەمجۆرە من لە ئاردی جۆی بەرهەمی ڕەنجی باسکی خۆم، لە ناو دەزگای تەندووری دەسکردی خۆمدا نانێکی وەها خۆشتام و بە خوێم ساز کرد، کە لە کەم نانەواخانەیەکدا تای بینراوە. جار جارەش بە ئاردە برنج، نانی بچووکم ساز دەکردن و بە دۆشاوی ترێ شیرینم دەکردن و لە جیاتی شیرینیی هەڵوا فرۆشان، بۆ بەرچایی دەمخواردن و نۆشی گیانم دەکردن.

دەتوانم بڵێم، زۆرترین دەم و کاتی سێیەمین ساڵی نیشتەجێبوونم، هەر بە پیشەی وەرزێری و کۆکردنەوەی دە غل و دان تێپەڕ کرد. زەوی و زاری تازەم ئاوەدان کردنەوە. زەوییەکانم هەڵگێڕانەوە و بنەتۆمم پێوە دەکردن، بۆ شاردنەوەی دەنکی گەنم و جۆ و برنج، خاک و خۆڵەکەم ماڵوو کرد. لە دەمی سەر دەرهێنانی داچێندراوەکانمدا، وەک هەسهەس و پاسەوان چاوم بە سەریانەوە بوو. دژ بە پەلەوەران جەستەی باڵندی کوژراوم بە دارەوە

هەڵواسی و لە ترسی ئاژەڵی شینکەخۆر، پەرژینم بە دەوری مەزراکانمدا کێشا. لە کاتی گەیشتن و کامڵبوونی گوڵە گەنم و جۆ و برنجەکانم، دروێنەم کردن و ڕامگواستنە ماڵ. لە ماڵیشدا ئەو سەوتەی تایبەتانەی کە بۆ دەغل و دان سازم کردبوون، خاوێنم کردنەوە و دانە دانەی گوڵە گەنم و جۆ و برنجەکانم بە دەست هەڵپرواند. دەغڵی خاوێنم دە کەندووی دەست سازی خۆم کرد. بۆ بنەتۆوی داچاندنیش، کەندووی تایبەتم لە شوێنێکی تایبەتدا ڕۆنان. بۆ خواردنی ڕۆژانەش کەندووی گەروەترم ساز کردن. ئەمەش بڵێم کە لە کاری وەرزێریمدا گەلێکم ئەزموونی بەنرخ وەدەست کەوتن. بۆ وێنە، هاتبووە دەستم کە ڕادەی داهاتی دەغل و دانم دەبێ چەندە بێ کە بەشی خواردنی یەک ساڵەم بکات. هەر بۆیە لە ساڵدا هەر ئەوەندەم تووە دەپرژاند، کە بەشی خواردنی ساڵ و بنەتووی وەرزی داهاتووم بکەوێتە دەست.

جارجارەش بۆ هەڵاتن لە دوورگە ، ڕەگی حەکەداریم دەبزووت و لە مێشکم دا جینگڵ دەدا. بیری هەڵاتن و وەک وەسوەسەی دڵی ئەڤینداریکی لێهاتبوو کە بۆ دیداری دڵدار، دەم و کات نازانێ و بۆ دیداری یار هەر پێی پێوە بنێ و سەربان و ژێربانان دەکات ؛ بیر لە هیچ مەترسییەک ناکاتەوە و خۆی بە ئاو و ئاگر دادەکات ؛ منیش هەر وەک دڵدارانی تازە لاو، گەلێک جاران بۆ تێڕاوانینی دەریا و بە هومێدی هاتنی گەمێی بازەرگانی، بە گردەکەی ئەو بەری ماڵەکەمدا هەڵگەڕاوم و چوومە سەر تیش و هەر لەوێوە بە سەعاتان سەیری سنگی ئەوسەر نادیاری دەریام کردووە. دووربینم دە هەموو لایەک گرتووە و هومێدی دیتنی خاڵێکی ڕەشم کردووە کە پاپۆڕێکی خەیاڵیی بێ و بۆ لای دوورگەکەی من لابدات .

لە ڕۆژی بێ هەور و هێڵدا، لە ڕێگای دووربینەوە ڕەشایی وشکانییەکم دەبینی. هەتا ئەو تارماییەش دەکەوتە بەر چاوی دووربینەکەم، ئارزووی فرینم بەهێزتر دەبوو. لە دوورگەکەمدا جگە لە خۆم، کەسی تری تێدا نەدەژیا. بەڵام پێم وابوو وشکانیی بەرامبەرم خەڵکی تێدا دەژی و ئەگەر دەستم بەوێندەرێ ڕابگات، لەوانەیە بتوانم لەم چۆڵەوانییە بێمەدەرێ. بەڵام ئەو ترس و مەترسییەشم لە گۆڕیدا دەبینی کە ئەگەر ئەو بۆرە وشکانییە سەرزەمینی ئینسانخۆرەکان بێت، ئەودەم لە جیاتی ڕزگار بوونم، دەبمە پارووی دەمی ئینسانخۆرەکان و دەخوریم. بەڵام بیری هەڵاتن و

گەیشــتن بەو وشــکانییە بەرۆکی بەر نەدەدام و بۆ تێپەڕکردنی ئەو مەودا دوورە دەریاییە، ئاگری ســازکردنی بەڵەمێکی لە مێشــکمدا چەســپاند. ئەو کەلکەلە ناموبارەکە، بە شــــەو و بە ڕۆژ ســــووتانـدمی و هەدادانی پێ نەهێشــتم. ســازکردنی بەلەم لە مێشــکمدا وەک کرمێکی لاســاری لێهات و بەشێک لە چالاکی ڕوژانەی لێ سەندم.

ڕۆژێک کەوتمە ســــەر یادی ئەو بەلەمەی کە دەگەڵ یارانم بە هومێدی ڕزگاری بەرەو وشکانی پێی هاتین؛ بۆی چووم و ســەیرم کرد و تێی ڕۆهاتم، بەڵام بەلەمی مـاڵوێران بە تەوژمی شــــەپۆلان وەهـا هەڵگەڕابۆوە و بە چەشــــنێک هەتـا ملانی دە لم و زیخ چەقیبوو، کە هەڵگێڕانەوەی کـاری ئیمامی فیل بوو. بەڵام ســــەرەڕای ئەم زانیاریانەش، منی تەنیا بە ماوەی مـانگێـک خەریکی بووم . بنکۆڵم کرد و لم و وردە چەوم لێ دەردا، بەڵام هیچم پێ نەکرا. ئەگەر چەند هـاودەســــتێکم هەبووایە، ڕەنگ بوو بتوانم نەوژەنی بکەمەوە و بە ئاوی دابدەم. بەڵام بەلەمەکە گەلێک قورس و لمی دەریـاش گرتبوویە بـاوەش و منی یەکتەن بەرەو مـاڵ بوومەوە. بەڵام بیری دەرباز بوون لە دوورگە و گەیشــــتن بە وشــــکانیی بەری نەدام و هەر بە چەشنی خولخولەی دەستی مندالٚ هەڵی سووڕاندم. ئەمجار بیری سازکردنی لۆتکەیەکی کە بتوانێ من و کەلوپەلی ســــەفەرم بۆ هەڵبگرێ و لەم بەندەم ڕزگار بکات، شــێواندمی . بۆ ســازکردنی لۆتکەیەکیش کە شــیاوی ســەفەری دوور و درێژ بێ، پێویســت بوو بچمە نێو دارســتان و مەزنترین دار هەڵبژێرم و بە شــێوەی مرۆڤە ســــەرەتاییەکان بە ئاگر دڵی دارەکە بکۆڵم. جەنگەڵ و دارێکی مەزن بە جێی خۆیان، بەڵام ئاخر جەنگەڵ هەتا دەریا مەودایەکی ئەوەندیان نێوانە کە تاقمێک مرۆڤی بەتوانای گەرەکە هەتا بەلەم بە ئاوی دەریا بگەیەنێت. بەڵام بە کێ دەڵێی؟! بۆ وەڵامی ئەرێنیی ئەم پرســــیارە، زمانی مێشــــکی خۆم گرێدا و هەموو ئەقڵ و فامەکەم کردە قاچ و ڕووم کردە جەنگەڵ. بۆ سازکردنی لۆتکەی هەڵاتن لە نیشتمانی ڕەنگین، بەشوێن کەڵە دارێکی بەکارهاتوو دا گەڕام.

بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارەش، تەشوێ و مشار و تەورم دەست دایە و بە جەنگەڵدا گەڕام. ئەستوورترین دارم دەست نیشـان کرد کە (تیرە = قطر)ی دارەکە مەتر و نیوێک و بەرزاییەکەی نزیک بە حەوت مەتر بوو. بۆ خستنی

دارەکە، دە ڕۆژی تەواوم کار لە سەر کرد و بە ماوەی پازدە ڕۆژانیش لک و پۆی دارەکەم داپاچی. لە ماوەی مانگێکدا بە ڕەندەی دارتاشین، تەڵاشم لە دارەکە داتاشی و ڕواڵەتی لۆتکەیەکم لێ دەرخست. کۆڵین و داتاشینی ناو زگی دارەکەش نزیک بە سێ مانگانی خایاند و لۆتکەیەکی وەهام داتاشی کە بتوانێ بیست و شەش کەسان لە خۆیدا جێ بکاتەوە.

لۆتکەکەم ساز کرد و لە خۆشیانی گەشکە بووم و هەزاران ئافەرینم بە شـــان و باڵی خۆم گوت. لۆتکەکەم مەزنترین لۆتکەیەک بوو کە لە هەموو تەمەنی خۆمدا دیتبووم. ئەگەرچی لۆتکەکەم هەتا دەریا زۆر دوور نەبوو، بەڵام هەرچی کردم و تێی نووســـام، نەمتوانی بە قەدرایە پشـــتێندی مێرووولەیەکیشی بیجووڵێنمەوە.

مەودای نێوانی لۆتکەکەم هەتا کەنارەی دەریا، تەلێکی گەورەی لێ بوو کە بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر لە ســـەر ڕێگا وەلام برد و ڕێگاکەم وەکوو لەپی دەســـتم ســـاف و بێ کەند و کلۆ کرد. من هەموو ئەو زەحمەت و کوێرەوەرییەم هەر بە ئەشـقی ئازادی وە ئەسـتۆ گرت. ئەو گشـتە جەفا و گیان بەختکردنەم لە ڕێی ئەشـــقێکدا بەخت کرد کە دواهاتووەکەی نادیار بوو. ڕێگاکەم وەک شـەقامی شاران ساف کرد، بەڵام جووڵاندن و ڕاکێشـانی لۆتکەکە هەیهاتی گەرەک بوو. من ئەم شکستانەم دەدیتن، بەڵام هەر بۆی تێهەڵدەچوومەوە و قەت ئاخری کارم نەدەخوێندەوە. ئەمجار خۆم تێکنا و گوتم ئەگەر لۆتکەکەم ناتوانێ بەرەو دەریا بخزێ، من دەریا بەرەو پیلی لۆتکەکەم دەهێنم. ئەو ئەســـباب و ئامرازەی کە بۆ هەڵکەندنی کانال دە دەســـتی مندا بوو، بەش و باشـــاری هەڵقەندنی جۆگەلە ئاوێکی نەدەکرد، نەخوازا بۆ کێشانی کاناڵ دەریا! بە حیساباتێکی سەر قامکان لێکم دایەوە و لە ئاخر دێڕی حیســـاباتەکەم بۆم دەرکەوت کە دە دوازدە ســـاڵێکی کاری شـــەو و ڕۆژان پێویســـتە هەتا لێوی لۆتکەکەم بە ئاوی دەریا تەڕ ببێت. کاناڵەکە دەبوایە بیســـت و دوو پێ قووڵ هەڵقەندرێت هەتا ئاوی دەریا بە بەلەمی من بگات. من، نە ئەو ئامرازەم لە دەســـت دابوو و نە ئەو هێز و توانایاشم پێ مابوو کە دەکاری بێنم؛ بە ناچاری دەستم لێ هەڵگرت. دوای ئەو گشـتە دەرد و مەینەت و ماندووبوونە بێ حاسڵە، وەک هەمیشـە، تازە بەوە گەیشتم کە بەر لە هەر کارێک لێکدانەوە زۆر پێویستە.

نیشـــتەجێبوونم لـە دوورگـەکە دا چوار ســـــاڵـی پڕ کرد و و پێم نـایە پێنجەمین ســـاڵ. ژیانـی من لـە هەر بار و بابـەتێکەوە بـەرەو باشـــی و بێ نیازی دەڕۆییشــت. ژیانێکی ئارامم هەبوو. دەســەڵاتی من بـە ســەر هەموو دوورگەکەمدا حوکمێکی کارای ڕەبەقی هەبوو. کاری بێ حاسڵی سـازکردنی لۆتکە و کێشـــانی کاناڵ و ســـەفەری دەریایی وەهای تەزاندم و بەجۆرێک ســـەری لـە بەردی پەشـــیمانی دام، کە بۆ چاو ترووکانێکیش لووتم بۆ لای دژوارە کاران لار نەکردەوە. هەوڵ و خەباتەکەم هەر بەرەو خۆشـی و شـادی هان دا. حەز و خۆزیام بە جوانی و ڕازاوەیی سروشـتی دوورگەکەمەوە گرێ دا. زۆرجاران ســەری خۆم دەخوێندەوە و دەکەوتمە ســەر بیری ئەو گشــتە کەلوپەلەی کە لە گەمیەکەوە ڕامگوێزابوونە مـاڵێ ؛ ئەو کەلوپەلەی کە ژیانی منیان لە سـیفری ڕەبەقەوە بۆ ئاسـمان بەرز کردبۆوە. من بەبێ ئەو ئامراز و ئەســـبابانە قەت نەمدەتوانی چەند ڕۆژێکیش لە دوورگەکەمدا دەوام بهێنم؛ یان دەمردەم یان دەبوایە چەشـنی ئەو ئینسـانە خێڵەکییانە ژیان بەرمە ســەر. من ئەو خێر و بەرەکەتەم لە هێزی باڵ و باســکی خۆم دەزانی و سپاسی یەزدانی مەزنیشم دەکرد کە لە ڕۆژی تەنگانەدا یاریکارم بووە.

ئەو جەوهەرەی کە یادداشتەکانم پێ دەنووسین، کەم و کەمتر بۆوە. من زۆر جاران چەند دڵۆپە ئاوێکم تێدەکرد، بەڵام ئیتر وای لێ بەســەرهات کە زۆر بە زەحمەت نووسراوەکانم دەخوێندرانەوە. جلکی بەرم شڕ ببوون و هەر بەس چەند کراسی ڕیڕیی گەمێوانانم بۆ مابوونەوە. ئەو کراسانە بۆ وەرزی گەرم و وشک زۆر بەکارهاتوو بوون و گەرمایان دەگێڕایەوە. هەندە جلکێکی کە لە گەمیەکەم هێنابوون، زۆر ئەســـتوور و گەرم بوون و بە کەڵکی ئاو و هەوای ئیستیوایی نەدەهاتن.

لە ڕۆژ دا، هەتاوی تیژی ئیســـتیوایی ســـەری مرۆڤ دادپلۆخێنێت و من بەرگەی ئەو گەرمایەم نەدەهێنا. لە ڕۆژدا دەبوایە سـێبەرێکم بە ســەرەوە بوایە کە بتوانم لە ماڵ وەدەربکەوم. جلکەکـانم بە گشــتی کۆن ببوون و هەندە شـوێنێکیشـیان دادڕ ببوو. لە فکری ئەوە دابووم کە تیک و درومانێک دەست پێبکەم و جلکەکانم پینە بکەم. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، مەقەست و دەرزی و دەزووم دەست دایە و ئەو قوماش و پەردە و تەختەپۆش و ڕووپۆشەی

که له گەمیّ هێنابوومن، له ســـەر مێزەکەمدا پانم کردنەوە و توانیم دوو چاکەت و چەند دوولینگەی تازەیان لێ ساز بکەم. کاتێک کە دوولینگەکانم کردنە بەر، کورت و نارێک و زۆر ناشـــێرین هاتنە بەرچاوم. لە بینیان پێکەنین گرتمی و گاڵتەم بەو دەست و نەخشەی خۆم کرد.

لە پێشدا ئاماژەم بەو کەوڵانە کرد،کە لە نێچیرەکانم داماڵیبوون، بەڵام چونکە لەبەر هەتاو هەڵم خســـتبوون، وشـــک و ڕەق هەڵاتبوون و بەکاری بەرگـدروون نەدەهـاتن. چەنـدێکیـان کە تـاوگەز نەببوون و تۆزکـاڵە نەرمابییەکیان پێوە مابوو، بەشـــی کڵاوێکم لێ دەرهێنان. کڵاوێکی گەورەم بە جۆرێک لێ ساز کردن کە بتوانێ لە کاتی بارژنی باراندا سەرم لە تەڕ بوون بپارێزێت. بۆ ئەم کارەش بەشی تیسک و تووکی کەوڵەکەم هەڵگێراوە دەرێ و بەشـــی نەرمانی پێســـتەکەم کردە پاریزەری ســـەرم. تاقمێکیشـــم چاکەت و دوو لینگەی گەورەتر لە جەســـتەی خۆم ســـازکرد، کە لە تین و پرشنگی تیژی هەتاو باش دەیانپاراستم. تاقمەکەم بۆیە فش و گەورەتر لە ئەندامی خۆم سازکردن، کە بە لەشمەوە نەنووسێن و بتوانن هەوا دەربکەن و گەرمای هەوام لێ بەدوور ڕابگرن. لە دورەگەکانی مەڵبەندی ئیستیوابیدا پۆشاک بۆ بەرگری لە گەرما دەبەر دەکرێت.



دوای کۆتایی کاری دروومان، زۆرم هەوڵدا شتێکی وەک چەتر ساز بکەم کە بکرێ دەگەڵ خۆمی بگێڕم و لە کاتی گەرما و باراندا هەڵیدەم و وەختی

حەسـانەوە بیبەسـتمەوە. زۆری کات گرتم و زۆرم زەحمەت پێوە کێشـا و ئاخرسەر توانیم شتێکی وەک چەتر سازبکەم. چەترەکەم ئەوەندە ڕەختە و قایم سـازکرد، کە دەمتوانی بە هاسـانی هەڵیدەم و هەڵی سـوورێنم و لە گەرما و ڕێژنەبارانانیشدا بخۆمی پێ بپارێزم. بۆ بەرگری لە بارانی توندی ئیستیواییش، کەوڵێکی تەنکم بەجۆرێک بە سەر خۆمدا هەڵدەکێشا، کە لای تیسک و مووی کەوڵەکە بکەوێتە دەرەوە.

پێنج سـاڵەی نیشـتەجێیم لە دوورگەکەمدا زۆر بە خێرایی تێپەڕی و بەبێ ئەوەیکە تووشی هیچ ئاستەنگ و ڕووداوێکی ناحەزی نەخوازراو ببم، سـاڵی پێنجەمی تەنیاییم بە ئاخر گەیشت. لەو ماوەیەدا کاری وەرزێری و باخەوانی و ئاژەڵداریم بەبێ وەستان و سەرکەوتووانە بەڕێوە برد. گەنم و جۆ و برنجم تێرە خۆرە بوون و ترێ هەڵاوەسـین و مێوژ سـازکردنیش لە ئەوپەڕی باشیدا دەڕۆیشت. ڕاوی ڕۆژانەشم ڕۆژبوێری تێنەدەکەوت و هەندە ڕۆژێک ڕاوبەتاڵ دەگەڕامەوە.

ئەو لۆتکەیە، کە ئەو گشـتە جەفایەم پێوە کێشـا ، هەر لەو جێگایە ماوتەوە کە لێی بوو. بەڵام ئەو کارە بێ کەڵکە بۆ من وەک ئەزموونێکی بە نرخی لێهات و فێری کردم کە دەست بدەمە بەردێک تاقەتم پێی بشکێت. دیسـان بۆ سـاز کردنی لۆتکەیەکی دیکە ڕووم کردە جەنگەڵ و دارێکم هەڵبژارد کە نیو مایل لە دەریا دوور بوو. دارەکەم بڕی و دەستم بە داتاشین و هەڵکۆڵینی کرد. لۆتکەکەم ساز کرد و بۆ ئەوەیکە ئاوی دەریا بکێشمە بەر پێی لۆتکەکەم، دەسـتم کرد بە هەڵقەندنی زەوی و ڕاکێشـانی کاناڵێک کە مەتر و نیوێک پان و مەترێک و هەشتا سانت قووڵ بێت. لە یەکەمین ڕۆژی هەڵقەندن هەتا کۆتایی کار، دوو ساڵی کێشا هەتا توانیم لۆتکەکە لە ڕێگای کاناڵەوە بەرەو دەریا ڕادەم. ئەو گشـتە کارو کوێرەوەری و لەش ئازاردانەم نەک هیچ دەروونی نەڕووشـاندم، بگرە زۆر شـاد و دڵخۆشـی کردم. هەر ئەودەمیش ئەمەم بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ دەتوانێ و لە دەستی دێت گەلێک دژوارە کاران ڕاپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر دوو مرۆڤ لە کار دابن باشـترە لە تاکێک. من، هەر ئەو هیوایەم لە دڵدا بوو کە ڕۆژێک دابێت و لەم بەند و زیندانە تەنیاییە بێمە دەرێ و ڕەنگ و ڕووی ئازادی ببینمەوە.



قەبارەی لۆتکەکەم بچووکە. بچووک بوونی لۆتکەش ئەو مانایەی دەبەخشێت کە بۆ سەفەری دوور و درێژی دەریایی دەست نادات. ئەو وشکانییەی کە لە بەشی ئەو دیوی ئەو دوورگەکەمەوە بە حاستەم دیارە، لۆتەکەی گەورەتر و ژمارەی دەریاگەرانی زۆرتری پێویستە. لۆتکەی تازەی من خێرایی ڕۆیشتنەکەی کەمە و بەرگەی شەپۆلانیش ناگرێ. دەمزانی تەنیا بە کلکە شەپۆلێکی دەریایی نوقوم دەبێ و زەحمەت بە خەسارم دەکات. بەڵام بۆ گەڕان و سەیر و سەیاحەتی دەوران دەوری دوورگەکەم لە دەستان خۆشە. ئیتر بە بوونی ئەو لۆتکەیە دەتوانم دەوراندەوەری نیشتمانەکەم بگەڕێم و بە چاوی کرپارەوە سەیری ڕۆخ و کەنداو و دار و دەوەنانی بکەم. لە یەکەم هەنگاو دا، ئەستوندەکی چارۆکەگرتنم لە سەر دامەزراند و بە جۆرێک سوکانی ڕەوت و ڕۆی لۆتکەکەم تێدا سازکرد، کە بکرێ ئاقاری ڕاست و چەپی ڕێگاگۆڕینم دە دەست دابێت و لە کاتی بادانەوەی لۆتکەکەمدا حەوجێ بە هەستان نەبم و بە دانیشتنەوە فەرمانی چەپ و ڕا ستکردنم لە دەست دابێ. لە بەشی پێشەوە و دواوەوەی لۆتکەکەمدا دوو سەندووقم ساز کردن کە جێگای خواردەمەنی و تفەنگ و گولە و دەرمان و کەلوپەلی تری هەبێت. بە خەیاڵی خۆم، ئەو ڕۆژانەی کە هەوا ئارام و دەریا مەند و بێ شەپۆلە، بتوانم بە خەیاڵێکی ئاسوودە لە بەشی پێشەوەی لۆتکەکەم و لەژێر سایەبانی چەترکەم دانیشم و سەیری هەموو لایەک بکەم. بەڵێنیشم بە خۆم دا کە لە ڕۆژانی یەکەمی سەیر و سەیاحەتەکەمدا هەر لە دەور و بەری ئەو ئاوکەندە دا بێم و بچم، کە چۆمێکی بچووکی تێدەڕژێت. ئەم

کارانەم کرد و لە سەر قەول و قەراری خۆم ڕۆیشتم و خۆم ڕاهێنا. لە سەرەتای کار دا، بۆ دۆزینەوەی کەموکووڕی و عەیبی میکانیکیی دەسکردەکەم، بێرە و بەوێدا ڕامدا و سوکان و ئەستوندەک و چارۆکەی باگرم بە تاقی کردنەوە و لە گەڕانەوەمدا دەستم پێدا هێنا و نەخۆشینەکانیم چارەسەر کردن.



ڕۆژێک هەوەسی گەشت و گەڕانی دەوراندەوری دوورگەکەم کرد. بۆ ئەنجامی ئەو کارە، پێشەکی برێکی زۆرم نان و برنج و نیوە بزنێکی برژاو و گۆزەڵەیەک ئاوم خەزێنە کرد و تفەنگ و بارووت و کەلوپەکی تفەنگ داگرتنەوەم هەڵگرت. دوو دۆشەگی بچووک و بەتانەیەکیشم دەگەڵ خۆمدا برد. بەتانەو دۆشەگەکانم بۆیە هەڵگرت کە شەوانە خەوەکەم لێ تێک نەچێت. دەمزانی نیوەی شەوانی دەریا کەمێک فێنک دەبێ و ترسی سەرمابوونم هەبوو.

ئەو ڕۆژەی کە بۆ سەفەری دەور و بەری نیشتمان لە لۆتکەکەمدا دانیشتم، ڕۆژی شەشەمی مانگی نۆڤەمبەری شەشەمین ساڵی نیشتەجێیم بوو. قەت پێم وانەبوو سەفەرەکەم ئاوا دوور و درێژ دەبێ و لە نیشتمانەکەم دوور دەکەومەوە.

نیشتمانەکەی من زۆر مەزن نییە، بەڵام لە بەشی ڕۆژهەڵاتەکەیدا ڕەووزە بەردێکی دور و درێژی هەیە کە چەند گیلۆمەترەێک لە ئاوی دەریا دا چۆتە پێش. ئەو ڕەوزە بەردە لە هەندە شوێنێکدا سەری لە ئاو هێناوەتە

دەرێ و جێ جێش وەبن ئاو کەوتووە. ڕەوەزەکە تەواو ڕووتەن و بێ دار و دەوەنە. ئەو چەشنە قەراغ ئاوە بۆ گەمیوانی باش نییە و کەسێکی کە شارەزای گەمیوانی بێ، خۆی لێنادا، چونکە ئەگەری پێداکێشانی ژێر تەرکی بەلەم بە گرەبەردی ژێر ئاو زۆرە. من بە دیتنی ڕەوەزە بەردەکە، چی نامابوو لە سەفەر پاشگەز ببمەوە و بگەڕێمەوە سەر خەت و پەتی خۆم. من نەمدەزانی درێژایی ئەو بەردەڵانە هەتا کوێ لە ژێر ئاو دایە و تەنکایی ئاوەکە چەندە. هەر بۆیە لەنگەری لۆتکەکەم لە پەسیوێکی نزیک بە وشکانیدا خستە ئاو. خۆم تفەنگ بە دەستەوە لە گردێکی بەرامبەرم وەسەر کەوتم. لە بەرزایی گردەکەوە درێژایی و بارستایی ڕاکشانی دیوارە بەردەکەم لێ دیار بوو. من خۆم ئامادەی گەڕانەوە کرد و ویستم بە دەوری ڕەوەزە بەردەکە دا سەفەری خۆم درێژە پێ بدەم، بەڵام کاتێ کە بە وردی سەربیر ئاوی دەریام کرد، شەتاوێکی[*4] خۆش ڕەوتی دەریاییم بینی کە زۆر خێرا بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێوەیە. ئەم شەتاوە دەریاییە لەو دیوی دوورگەکەشمدا هەیە. هەر ئەودەمە بۆم دەرکەوت کە دوورگەکەی من شەتاوێکی دەریایی مەزن دوو قاش دەکات؛ لەتکێکی بەم بەرە و لەتەکەی تری بەو بەری دوورگەکەمدا تێپەڕ دەبێت.

بۆ ئەوەیکە نەکەومە بەر خوڕێنکی ئەو شەتاوە دەریاییە، خۆم ساغ کردەوە کە خۆمی لێ بپارێزم و بە کەلێنێکدا بەلەم تێپەڕ بکەم. من هێشتا بە سەر گردە ڕووتەنەکەوە بووم، کە توندەبا هەڵیکردێ و شەپۆلی دەریا دژ بە ڕەوتی شەتاوی دەریایی بەرەو کەناران هات. هەر ئەوەندەی چاوێک بتروکێنی، شەپۆلێکی گەلێک مەزن خۆی بە وشکانی داکێشتا و دەریای هەژاند. ماوەی دوو ڕۆژان بە سەر گردەوە مامەوە و سەبرم گرت. ڕۆژی سێیەم هەوا ئارام بۆوە و من سواری لۆتکەکەم بووم. ویستم بە دەوری شاخە بەردینەکەدا تێپەڕ ببم، بەڵام هێشتا مابووم بگەمە ئاخر بەردی شاخە

---

[*4] شەتاوی دەریایی (Ocean Current) = مەبەست لە شەتاوی دەریایی، ئەو ڕەوتە بەهێزانەیە کە وەکوو ڕووبارێکی یەکجار مەزنی پڕ تەوەژم لە ئوقیانوسە گەرمەکانی مەڵبەندی گەرمی گۆی زەوی بەرەو ئوقیانووسە ساردەکانی دوو کڵاوەی سەهۆڵبەندانی باکوور و باشوور دەچن. بە پێچەوانەش لە ئوقیانوسەکانی کڵاوەی سەهۆڵبەندانی ساردی باکوور و باشووری گۆی زەوی بەرەو، مەڵبەندی گەرم بەڕێوەن. مەزنترین شەتاوی دەریایی بریتین لە: گۆلف ستریم، لابرادۆر، فالکلەند، بەنگاڵ، دریفت، کۆرۆشیڤۆ و ... وەرگێڕ

ڕووتەنەکە، کە لەپڕ ڕەوتی بە خوڕی شـــەتاوی دەریایی لۆتکەکەمی گرت و ڕایکێشـــا و دەگەڵ خۆیدا بردمی. هەر ئەوەندە بەخێرایی ڕایدام، کە مردنم لەسەر دووندی لووتمدا بینی. شەتاوی بە خوڕی دەریایی بەرەو نێوەڕاستی دەریای بردم و منی بە دەستەوەستانی هێشتەوە. ئەوەندەی باش بوو دەریا ئارام و بێ شـــەپۆل بوو. بەڵام بەو جۆرەی کە شـــەتاوی دەریایی دەیفڕاندم، ئەگەر خۆم و لۆتکەکەشـــم نوقومی دەریا نەبوویاینایە، هەزاران مایل دوور لە وشـــکانی و لە چەقی دەەیادا لە برســـان دەمردم. من لە نیشـــتمانە ئازیزەکەی خۆم گەلێک دوور کەوتمەوە و ئیتر هیچ هیوایەکم بە گەڕانەوە نەما. لۆتکەکەم چەشنی پەڕە پووشێک لە باوەش ڕەوتی بەهێزی شەتاوی دەریاییدا بەرەو ئاقارێکی نادیار دەڕۆیی و لە بەهەشـــتی نێشـــتمانەکەم دوور دەکەوتمەوە.

ئەوەندەی کە هێز و توانا لە دە باســـک و شـــان و باهۆمدا بوو ، بە زیادەوەم دەکار هێناو دە هەوڵی دەرچوون لە ڕەوتی شـــەتاوی دەریایی، ســـەوڵم لێدا. دەمەویســـت ڕێ بەرەو باکوور کل بکەم و لە خەتی شـــەتاو دا نەمێنم، بەڵام چم بۆ نەکرا. بەرەبەرەی نیوەڕۆیە هەســـتم کرد شـــنەیەکی سووکی لەبار، لە بەری باشوورەوە ڕوو بە باکوور هەڵیکردۆتێ. چارۆکەکانم هەڵـــداو لووتی لۆتکەکەم بۆ لای بـــاکوور وەرگێڕا. شـــەتـــاوی دەریـــایی مەودایەکی یەکجار زۆری لە نیشتمانە خۆشەویستەکەم دابڕیبووم. ترسی ون کردنی ڕێگا و نەدۆزینەوەی نیشـــتمان تەواو گێژی کردبووم. وشـــکانیی ســـەرســـەوزی نیشـــتمانەکەم لەبەر چاوان نەدیو ببوو. لە بەختی بەدفەڕم، دەزگـای (کۆمپـاسKompass)ەکەم دەگەڵ خۆمـدا نەهێنـابوو کە ئـاقـاری جوگرافیـایی پێ بدۆزمەوە. لە هەوای تووش و بە هەور و دوومـان، یـان لە تاریکیی شەودا ڕێگا دۆزینەوە بە بێ کۆمپاس گەلێک دژوارە.

من هەر دە هەوڵی ئەوە دابووم کە خۆم لە چنگ ڕەوتی شەتاوی دەریایی بســـتێنمەوە. هەروا چاوە چاوم بوو. ســـەیری ئاوی دەریام دەکرد و چاوی هومیدم بە شوێن کەلەبەرێکدا دەگێڕا کە خۆمی تێکوتم و لە چنگ شـەتاوی دەریایی ڕزگاریم بێت. هەر لەو هەلە ناســـکەدا یەکجێ هەســـتم کرد ئاوی شەتاوەکە ڕەنگی گۆڕدراوە؛ لە پێشدا شینێکی تۆخ بوو کە بەرەبەرە ڕەنگی شـــینی تۆخی کاڵ دەبۆوە و بۆرە لێڵاییەک جێگیر دەبوو. هەر وا چاوم بە

شوێن کەلێنێکدا دەگێڕا کە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ و بیقۆزمەوە و لەو بەندە دەربچم، کە ڕوانیم و دیتم ڕەوزە بەردێک لە دەریا سەری بەرز کردۆتەوە و هەر بە چەشنی دوورگەکەی من، ئەویش ڕەوتی شەتاوی دەریایی بە دوو بەش دابەش دەکا؛ بەشی هەرە زۆری بەرەو باشوور دەچێ و بەشی کەمی خۆی بە ڕەوەزە بەردەکە دادەکێشێت و ڕێگای باکووری ڕۆژئاوای دەگرتە بەر. ئەو ڕێگایەش ڕاست ئەو ئاقارەی دەگرتەوە کە دوورگەکەی منی لێبوو. من سوکانی لۆتکەکەم بۆ لای باکوور باداوە و شنەبا ورگی چارۆکەکانی پڕ کرد و لۆتکەکەم لووتی بەرەو باکووری ڕۆژئاوا ڕاگرت و بە دەم شنەباوە باڵی گرت. ڕەوتی شەتاوە چکۆڵەی دەریایی، کە بە لاشانی دوورگەکەی مندا بە هێوری بەرەو پێش دەچوو، منی دەگەڵ خۆیدا برد و هەتا نێشتمانەکەم دەستی لە پشتم بەر نەدا. هەرکە گەیشتمە نزیک ڕۆخی دوورگەکەم، سوکانم بەرەو کەنار دەریا سووڕاندەوە. لە کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆیە لە لۆتکە دابەزیم و هەرکە قاچم کەوتەوە سەر خاکی نیشتمانەکەم، چۆکم دادا و خۆڵی نیشتمانەکەم ماچ کرد. سپاسی خودێشم کرد کە ئەمجارەش لە ئەوکی کابووسی مەرگ نەجاتی دام. هەر ئەودەم بەڵێنیم بە خۆم دا کە ئیتر قەت قەت سەرەڕۆیی نەکەم و خۆم نەخەمە داوی بەڵای لابەلا.

لۆتکەکەم بەرەو ئاوکەندە بچووکەکەم ڕادا و هاتمە سەر وشکانی و هەر لەوێ ڕاکشام. شەکەت و هەر هێندە کەلەلا بووم، کە ڕاکشان و خەوتن پێکەوە هاتن و چەند کاتژمێرێک حاواندیانمەوە؛خەوەکەم تەواوێک ئارامی کردمەوە. لە خەو هەستام و بۆ حەشاردانی لۆتکەکەم، شانە و شانی ڕۆخی دەریا بەرەو سەر ئاژواندم. زۆر نەڕۆیشتم و بە سەر ئاوکەندێکی باش دا کەوتم. ئەو ئاوکەندە ئەمەی باش بوو کە چۆمەڵێکی تێدەڕژا و ئاوی شیرینی چۆمە بچکۆلانەکە، کۆمەڵە گژ و گیایەکی بالابەرزی لە دەوراندەوی ئاوکەندەکەدا ڕواند بوو. لۆتکەکەم تاقەت کرد و کەلوپەلم بە شانم دادا و ڕێگای ماڵم گرتە بەر. بەڵام کاتێک چەند سەت مەترێک ڕۆیشتم، ئەودەم زانیم کە ماڵەکەم لەو شوێنەوە زۆر دوورە و منی شەکەت ناتوانم بەم گشتە شتومەکەوە بە ماڵ بگەمەوە. هەر بۆیە کەلوپەلەکانم خستنەوە خەزێنەی لۆتەکەکە و هەر تەنێ تفەنگ و چەترەکەم هەڵگرت و شاد و دڵخۆش وەڕێ

کەوتم. ئێوارەیەکی دەرنگ وەختی گەیشــتمەوە ماڵ. لە پەرژین وەســەر کەوتم و لەو دیوەی پەرژین و لە تەنیشــت پەرژینەکاندا ڕاکشــام و خەوم لێکەوەت. تـازە گەرمە خەوم بە چـاو داهـاتبوو، کە بە دەنگی بـانگێـک وەخەبەر هاتم. بە سەرسووڕمانەوە گوێـم دایە. دەنگێک بوو بانگی دەکردم: "ڕۆبیسۆن! ڕۆبینسۆن کرۆزۆئە! ڕۆبینسۆن کرۆزۆئەی داماو لە کوێ بووی؟"

لە خەو ڕاپەڕیم و لە نێوان خەو و وشــیاری دا پێم وابوو خەون دەبینم، بەڵام دەنگەکە بەردەوام دووپات دەبۆوە و کەســێک بانگی ڕۆبینســۆنی دەکرد. بە دەم ترسـەوە ڕابووم و سـەیرێکی دەور و بەری خۆمم کرد. سـەرم بەرز کردەوە و دیتم ئەوە تووتییەکەمە لەســەر چلۆکی پەرژینەکاندا دیت و دەچێت و دەندووک لێک دەدات و بە بڵمەبڵم بانگم دەکات.

لە درێژەی ڕۆژ دا هەتا لە ماڵ بوایەم، جار و بار دەگەڵ تووتییەکەم قسەم دەکرد و فێرە گوتنم دەکرد. گەلێک جاران، دەستەواژەم وشە بە وشە بۆ دەگوتەوە و لێم دوو پات دەکردەوە. دەکرێ بڵێم بە دەیـان جـار لێم دووپات کردۆتەوە کە بڵێ: ڕۆبینسۆن ئەوە لە کوێ بووی؟ ڕۆبینسۆن لە کوێ دێیەوە؟ ڕۆبینسۆنی داماو و...

بۆی هەستام و بە ئاماژەی سەری پەنجە بانگم کرد. پەلەوەرە جوانەکەم خێرا باڵی کردەوە و هات لە ســەر دەســتم هەڵنیشــت. دیار بوو لە ماوەی دووربوونمدا زۆری غەریبی کردووم. لە دیتنەوەم تەواوێک حاڵی هاتەوە جێ و بەردەوام بۆی گوتم و پێی گوتمەوە : ڕۆبینسۆن لە کوێ بووی؟...

ئەو ســەفەرە دوور و درێژ و پڕ ماجەرایەم تەواوێک شــەکەتی کردبووم. هەســتم کرد حەســانەوەیەکی تەواوم گەرەکە و دەبێ بە خۆم ڕابگەم. هەر بۆیە ماوەی چەند ڕۆژێک لە ماڵ وەدەر نەکەوتم.

چەند کەرەتان ویستم لۆتکەکەم لەو کەنداوە دوورە ڕاگوێزم و بیکێشمەوە نزیک ماڵەکەی خۆم، بەڵام لە ترســی ڕەوتی بەهێزی شــەتاوی دەریایی نەیوێرامێ و لە ڕاگوێزانەکەی چاوم داخست.

بە ماوەی یەک ســاڵی تەواو، بیری هەڵاتن لە دوورگە و گەیشــتن بە جیهانی نەناســراوم بە بای گوێیان دادا و بیرم لێ نەکردەوە. لەبری بیری هەڵاتن و دەرچوون، خۆم سەرقاڵی ئەو کارە ناتەواوانە کرد کە بە نیوەچڵی مابوونەوە. ئەگەرچی خاوەنی ئەســبابی باشــی دارتاشــی نەبووم، بەڵام

لەسـای خواسـت و ویسـتی خۆم و کارکردنی بەردەوامم، وەسـتاکارێکی شارەزام لێ دەرهاتبوو. لە کاری دیزە و گۆزە دروست کردنیشدا پەنجەکانم شارەزایەتییەکی وەستاکارانەیان پێ بڕابوو. تەنانەت وام لێهاتبوو کە دیزە و گۆزەی نەخشین و گوڵگوڵینم ساز دەکردن و فێری گوڵکاری و پێوە لکاندنی دەسـگرە و لوولێنە و شـتی ئەوتۆیش ببووم. دەزگـایەکی چەرخـداری گۆزەسازکردنم دروست کرد، کە چەشنی گۆزەکەرانی وڵاتی خۆمان بە هێزی پێ هەڵدەسـووڕا. گوتکی قوڕم لە سـەر پشـتی دەزگاکە دادەنا و بە قاچ چەرخەکەم هەڵدەسـووڕاند و بە لەپی دوو دەسـتەکانیشـم شـکڵ و بیچمی جۆراوجۆرم بە قوڕ دەدا. ئیتر دروستکردنی هەمە چەشنە کاسە و دەوری و لەنگەری بۆ من وەکی ئاو خواردنەوە وابوون. پەیپێکم لە قوڕ سـازکرد کە ئەگەرچی نارێک و ناشـیرین دەهاتە بەر چاو، بەڵام کاتێک تووتنم تێکرد و مژم لێدا، هەر ئەوەندە خۆش مژ بوو کە چەشـنی لوولە سۆپەیەک دووکەڵی دەر دەدا. من هەر لە تەمەنی لاویمەوە ئۆگری پەیـپ و دووکەڵ بوومە و هێسـتایش هەر کەیفم پێی سـاز دەبێت. لە پیشـەسـازیی سـەوەتە و قەرتاڵەشـدا دەسـتەکانم ڕاهاتبوون و ببووم بە باش وەسـتایەکی دەسـت ڕەنگین. سەوتە و قەرتاڵەی زۆر جوانم ساز دەکردن و شمەکم تێدا ڕادەگرتن.

گوولە و دەرمانی باڕووتی تفەنگم بەرەبەرە کەم دەبوون و ترسـی تەواو بوونیان، ناخۆش خەوەری داهاتووی ژیانمیان ڕادەگەیاند. بە ماوەی هەشت ساڵان، بزنە مێیەکم لە ماڵدا ڕاگرت کە بە تەواوی دەستەمۆ ببوو. لە هەوڵی ئەوە دابووم نێریەکی بە زیندوویی بۆ بگرم و جووتیان بکەم و بزنەگەلێکیان لێ دابخەم، بەڵام نێریم بۆ نەگیرا و بزنەکەم پیر بوو و چونکە دڵـم نەدەهات سەری ببڕم، تەمەنی بەسەر هات و مرد.

مانەوەی ناچاریم لە دوورگەدا یازدە سـاڵی پڕ کرد. لە ماوەی ئەو یازدە سـاڵانەدا، زاد و خورد و خۆراکی سـەر سـفرەکەم هەر بە تفەنگ ڕەنگین و زەنگین کردبوو. بەڵام گولە و دەرمانی تفەنگ بنەی دە ئاو دا نەبوو کە لێی هەڵێنجم و قەت کۆتایی نەیەت؛ دەبوایە بیرێکی کارسـازی بۆ بکەمەوە و دەست بە فیشـەک و باڕووتەکەمدا بگرم. بۆ پاشـەکەوت کردنی کەرەسـەی تفەنگ، تەنیا یەک ڕێگام شـک دەبرد کە ئەویش گرتنی بزن بە زیندویی و سـازکردنی جەڵەبە بزنێک بوو بۆ ڕاگرتن و زەو و زوویان. لە سـەرەتادا بۆ

گرتنی بزن بە زیندوویی، داوم بە تەناف بۆ دانانەوە و کلۆشــی دەغڵم وەک چەشــتە بە ســەر قلْفی تەنافەکاندا ڕۆ دەکرد. بزن دەڕژانە ســەر کلۆش و چەندێکیان دە داو دەکەوتن، بەڵام پەتەکەیان دەجووت و خۆیان لە بەند ڕزگار دەکرد. لەم شــێوە ڕاوە دا ســەرکەوتوو نەبووم و بیرێکی دیکەم بە مێشــک داهات و کردم. لەو شــوێنانەی کە لەوەڕگەی باش و دەوڵەمەندی لێبوو، چەند قووڵکەیەکی قووڵم هەڵقەند و ســەری قوڵکەکانم بە دار و شووڵی تەڕ دادەپۆشی و کەمێکم خۆڵ بە سەرداکرد و چەشتەی ساقەتی برنج و جۆم بۆ پێوە کردن. لەم ڕاوگەیەشــدا بزن دە قوڵکە دەکەوتن، بەڵام بە یەک قەڵەمتۆز لە قوڵکە دەردەپەڕین و ڕایان دەکرد. زۆرم بیر لێکردەوە و سەرەنجام چەشنە تەڵە و داوێکم بۆ سازکردن کە تیبکەون و نەتوانن لێی دەربــاز ببن. تەڵە و داوەکــانی ئەمجــارەم، ســــەرەڕای زۆر قووڵبوونیــان، دەرگایشــیان هەبوو. ئەو چەشــنەش لە ســەرەتا دا باش کاریان نەدەکرد و کەمایەســــییان هەبوو. کەمایەســــی و عەیبەکانیانم دۆزینەوە و نەوژەنم کردنەوە. ڕۆژێک بەیانی چووومە سۆراغی تەڵە و داوەکانم. لە تەڵەیەک دا بزنێکی پیر و لەوی تر دا سێ کاریلەیان تێکەوتبوون. لە کاریلەکان یەکێان نێر و دووی تریان مێ بوون. بزنە پیرەکە هەر ئەوەندە دڕ و تووڕە بوو، کە دەستەمۆکردنی هەیهاتی گەرەک بوو. بە ناچاری ئەوم بەر دا، بەڵام دوایە بیرم لێکردەوە کە برسیایەتی شێریش دەستەمۆ دەکات. ئەگەر بزنە پیرەم دوو ڕۆژان لە چالدا برسی ڕاگرتبایە، بۆ قولێک گیایەک دەستی ڕادەموسیم ، بەڵام دەگەڵ چووان چی ناکرێ.

کاریلەکانم یەک بە دوای یەک لە چاڵ هێنانە دەرێ و تەنافێکم دە مل کردن و بە ڕەکێش ڕەکێش و بە هەزار دەردیسەر بۆ ماڵم ڕاگواستن.

کاریلەکان چەند ڕۆژێک هەدادانیان نەبوو. بەردەوام هەڵبەز دابەز و بالەبالیان بوو. دەمیان لە خواردن نەدەدا و بۆ دایکیان دەگریان. بەڵام کاتێک برسیایەتی هیلاکی کردن، بە قسەسەڵی برنج و لاوێچێک جۆ هێدیم کردنەوە و بە لاواندنەوە دەســــتەمۆم کردن، ئۆگر بە خۆم کردن. کاریلەکان ئەو هومێدەیان پێدام کە بتوانم بزنی تریش دە داو بخەم و دانگەیەکی دەوڵەمەندیان لێ ســــاز بکەم. ئەگەر ئەمەم بۆ کرابایە، هیچ حەوجێ بە گوولە و تفەنگ نەدەبووم. بەڵام بۆ ڕاگرتن و بەخێوکردنی چەند سەرەبزنان،

دەبوایە جێ دانگەیەکی سنووورداری پەرژینکراویان بۆ ئامادە بکەم. لە نزیک جەنگەڵدا، مێرگێکی دەوڵەمەندی لێ بوو کە چۆمێکی بچکوکی پێدا دەهات. ئەو پەڵە مێرگە، بۆ پۆلی بچووکی ئاژەڵی من زۆر باش و بەجێ بوو. تەنانەت ئەگەر ڕۆژگارێک داهاتبا و ژماری ئاژەڵم چەند هێندەی تریش بە هەژمار هەڵکشابایە، دەمتوانی پەرژینەکەیان بۆ بەرفرەوانتر بکەمەوە. ڕۆژانە کە وەدەر دەکەوتم، کاریلەکانم دەگەڵ خۆمدا دەبردنە سەر کار. بەڵام چونکە من سەرقاڵی پەرژین تێکێشان بووم و نەدەکرا بە بەردەوامی چاوم بە سەریانەوە بێ، بۆ ئەوەیکە لێیان دڵنیابم، قاچێکی یەکا یەکیانم بە پەتێکی درێژەوە لە یەکتر گرێ دەدا. کاریلەکان دەیانتوانی باش بلەوەڕێن و لە ئاوی چۆمە چکۆڵەش تێر ئاو ببن و هەڵبەز دابەزی خۆیشیان بکەن.

کاریلەکانم بە ساقەتی گەنم و جۆ و برنج پەروار دەکردن و گژ و گیای مێرگەکەشی لە سەر بێ، یەک ڕۆژەیان دوو ڕۆژە بوو. هەر سێیان دەتگوت فوو کراون. قەڵەو و چالاک و بە دەماخ بوون. برنج و جۆم بە لاوێچی دەست بۆ ڕادەگرتن. دەیان خوارد و لە تەواو بووندا بە شوێنم دادەهاتن. زۆرباش دەستەمۆ ببوون و جارجاریش پەتم لە قاچیان دەکردەوە و ئازاد و سەربەست دەهاتن و دەچوون. ئەوان لە هاتن و چوونیشدا لێم دوور نەدەکەوتنەوە و بۆ هەر جێیەک چووبایەم ئەوانیش بە شوێنم دادەهاتن.

ساڵێک تێپەری و ڕەوەدەیەکی دوانزدە بزنیم لە دانگەی پشتی پەرژینانەدا هەبوو. لە دانگەکەی مندا، بزن و نێری تێکەڵی بە یەک بوون و بەبێ شوان لە حەوشەی مەزنی پشتی پەرژینانەدا دەیانخوارد و دەخەوتن. دوو ساڵ بە سەر ئاژەڵداریمدا تێپەڕی و بووم بە خاوەنی چل و سێ سەرە ئاژەڵ. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا چەند سەریشم لێ کوشبوونەوە و بۆ خۆراکی خۆم دەکارم هێنابوون.



هەر لە تەنیشـــت ئەو دانگەیەدا، پێنج دانگەی تریشـــم پەرژین کردن. دانگەکانم جۆرێک سازکردن، کە دەرگایان بە سەر یەکتر دا بکرێتەوە. ئەم شێوە دانگەیە هەر بۆیە باش بوون کە ئەگەر ویستبایەم کارە بزنێک بگرم، بزنەکانم بۆ حەوشە بچووکەکان ڕەپێ دەنان و بەمجۆرە گرتنی بزنی لاسار هاسانتر دەبوو.

فێری بزن دۆشـــین ببووم. بزنەکانم یەک بەدوای یەک دەگرتن و هەڵم دەدۆشـــین. لە شـــیری چەوری ســـەر بە توێی بزنەکـان پەنیر و ڕۆنی بەرەمەشـکەم سـاز دەکرد و هەمیشـە شـیری گەرم و پەنیری تازە و ڕۆنی بەرەمەشکەم لە سەر سفرە دا هەبوو.

من لەم گشـتە بەر و بەرهەمەی کە لە دوورگە ئازیزەکەمەوە پێم بڕابوو ، سـپاسـی یەزانی پاکم دەکرد. ئەودەم کە ڕووت و تەڕ و تلیسـاوەوە و بە چنگەکرە خۆم لە چنگ شەپۆلە شێتەی تۆفانی دەریای تووڕە ئەستاندەوە، شـــەکەت و شـــێواوەحاڵ، قەت پێم وانەبوو ڕۆژێک دادێت و بەم ژیانە دەوڵەمەندەدا بکەوم. سـفرەی ڕەنگین و ژیانی ئارام و دوورگەی پڕی ناز و نیعمەت بۆیە بەمن بڕاوە کە شوکرانە بژێری یەزدانی مەزن بم.

من، وەک حاکم و سـولْتانی دوورگە، خاوەن دەسـەڵاتی ڕەبەقم و مان و نەمانی ژینەوەران لە دەسـتی من دایە. لە دوورگەمدا هیچ گیانداریکی سـەربزێوی تێدانییە کە دژ بەمن ڕابوەسـتێت. شـاهانە دەژیم و خورد و خۆراکی هەمە چەشنە لە سەر سفرەمدا بە پای فیلانە. تەنیا تووتییەکەمە

که دەتوانی لە بەرامبەری مندا دەم بکاتەوە. سەگەکەم تەنیا و بێ جووت و بێ هاوسەرە. پیر و پەک کەوتەیە و هەمیشە لە لای ڕاستی مندا وەردەکەوێت. دوو پشیلەی خرپنیشم هەنە کە لەو بەری مێزەکەمدا هەڵدەتووتەکێن و چاوەڕێی دەستی منن کە پلە گۆشتێکیان بۆ باوێژم.

ماوەیەک بوو بیری چەوتی ڕاکردن لە نیشتمانەکەمم بە بای فەرامۆشی دادابوو. بەڵام ڕۆژێک لە پڕ لێم وەخەبە هاتەوە و لە سەری دام کە بچم و لە نزیکەوە ڕەوتی شەتاوی دەریایی ببینم و بزانم ئەو شەتاوە تووڕەیە بۆچی منی هەڵگرت و بە ئاوی دادام! گوتم دەچمە سەر کێو و لەوێوە چاوی پێدادەخشێنم و ڕاز و ڕەمزەکەی وەدەست دێنم.

ئەوێ ڕۆژێ کە بەرەو وێندەرێ دەچووم، جلّ و بەرگێکیم پۆشیبوو ،کە ئەگەر بە جەرگترینی مرۆڤ منی دیبایە، لە ترسان لە خۆ دەچوو. کڵاوێکی گەورەم لە پێستی بزن لە سەر کردبوو. تیسکی کەوڵەکە لە بانی سەرمەوە بە دەم نەمە باوە سەمای دەکرد. نیوە چەرمی پشتی بزنێکییشم بە پشت سەری کڵاوەکەمەوە دوریبوو کە دوو باسکی کەوڵەکە بە دوو لاشانم دا شۆڕ ببوونەوە. ئەو پێستەم بۆیە بە کڵاوکەمەوە دوریبوو، کە شان و پشتی ملم لە تیشکی تیژی هەتاو و بارژنی باران بپارێزێت. دوولینگەیەکی فش و نارێکم لە پێستی بزن دە بەر دابوو، کە دوو کەس بە هاسانی دەیانتوانی لەو شەڵوارەدا جێگایان ببێتەوە. تیسکی شەڵوارەکەم ئەوەندە درێژ بوون، کە بە سەر پێڵاوەکانمدا نەرمە سەمایان بوو. پێڵاوم نەبوو، بەڵام لەجیاتی پێڵاو، جووتێکم پاپووچە لە کەوڵی بزن ساز کردبوون. پێ و پەلم بەم پاپووچانەی کە دە پێم کردبوون، دەتگوت پای فیلە دە چەرم دورواوە. قایشێکی باریکم بە لاشانی چەپەمەوە دوریبوو کە دوو بەری ئەو قایشە، دوو کیسە چەرمی پێوە دوروا بوون. ئەو قایشە باریکە و ئەو دوو کیسە چەرمە، لە ڕاستیدا فیشەکدانی من بوون. یەکێکیان بارووتی تفەنگ و ئەوی تریان گرموولە ئاسنی تێدابوو. سەرەڕای ئەمانە، چەترێکی نارێکی چەرمیشم لە بان سەری خۆم هەڵدا بوو. بەو کەوڵ و چەرم و تیسک و کوولکە و قەیتانەی کە پێمەوە بوون، نموودی شتێکی سەیرم لێ دەرچوو بوو. تفەنگی لاشانم و شمشێری پشتێندیشم خۆیان شتێکی سەیر بوون. هەمووی ئەوانەم بۆیە بە خۆمەوە هەڵواسیبوون، چوونکینێ تینی تاوی

مەڵبەندی ئیستیوایی پێستی لەشی ئینسان دەسووتێنێ و دەیانگوت نەخۆشیش دێنێ. ئەگەرچی زۆربەی ڕۆژان لە دەرەوەی ماڵ بووم و لەبەر هەتاو کارم دەکرد، بەڵام پێستی سەر و دەموچاو و دەست و پەلم ڕەش هەڵنەگەڕابوون و هەر وەک جاران نەرم و سپی مابوونەوە.

من بەو سەر و پۆتەڕاکە و بەم گشتە پێست و تیسکەمەوە لە ماڵ وەدەرکەوتم. پێشەکی کەنارەو کەنار بە ڕۆخی دەریا دا هەڵکشام و لەوێوە بۆ لای ئاوکەند و لۆتکەکەم چووم و هەر بە لاشانی ئاوکەندەکەدا هەورازی گردی بەرامبەرم گرت و بەرەو سەر چووم. مەبەستم لەم سەفەرە، ڕوانینی دەریا لە بەرزایی و دۆزینەوەی ئاقارەی ئەو شەتاوە دەریاییە بوو کە بە لاشانی نیشتمانەکەی مندا تێپەڕ دەبوو. کاتێک گەیشتمە سەر ترۆپکی گردەکە و بە دەریا دا ڕوانیم، دەریایەکی مەندی ئارامم دیت کە هیچ نیشانەیەک لە ڕەوتی شەتاوی دەریایی پێوە نەدەبیندرا؛ هەر نەک ڕەوتی شەتاوی دەریایی، بگرە تەنانەت شەپۆلیشی بەسەرەوە نەبوو. من بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ئارامیی ئاوی دەریا سەبرم گرت. لەوێوە چاوەڕوانی نۆرەی هەڵکشانی دەریا و داکشانەکەی دانیشتم. نۆرەی هەستانی ئاوی دەریا گەیشتێ و کەم کەمە ئاوی دەریا هەستا و بەشێکی لە کەنارەکانی داگرت. هەر لەو دەمەشدا ڕەوتی شەتاوی دەریایی خۆی نواند. بۆم دەرکەوت کە لە نۆرەی هەستانی ئاوی دەریا دایە کە شەتاوی دەریایی جێگا دەگوڕێت. واتە لە نۆرە و کاتی هەستانی ئاوی ئۆقیانۆسە کە شەتاوی دەریایی وزەی میکانیکی خۆی دەکار دەێنێ. هەر ئەودەم هاتە دەستم کە لە نێوانی دوو نۆرەی هەستانی و نیشتنەوەی ئاوی ئۆقیانوس دایە کە بۆ ئاژۆتنی بەلەم بەخێرە و دەتوانم زۆر بە هاسانی لۆتکەکەم بەرەو نزیک ماڵەکەم ڕاگوێزم. بەڵام بیرئانینی ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە شەتاوی دەریایی ڕەپێچەکی دام و هەتا دوورەدەستانی بردم، موچوڕکم بە لەشدا دێنێت. ترسی ئەو ڕۆژە بە جۆرێک رووخاندوومی کە وزەی ئەوەم نییە لۆتکەکەم تەنانەت سانتێکیش بجووڵێنم. هەر ئەو ترسەش وای دەرس دادام کە لەو بەری تری دوورگەکەشمدا لۆتکەیەکی دیکە ساز بکەم و لە هەر دووک بەری نیشتمانەکەمدا خاوەنی لۆتکە ببم. هەر ئەو دەمەی کە ئارەزووی سازکردنی لۆتکەیەکی ترم کرد، من خاوەنی دوو ماڵ و دوو مەزرا بووم؛ ماڵیکم لە

داوێنی گرەبەردەکە و لە باوەشی ئەشکەوتە و لە ئەشکەوتەکەشمدا چەند هۆدەم تێدا ساز کردووە کە لە ژووری هەرە مەزنی ئەشکەوتەکەمدا، چەند کەندووی گەورە و چەند سەوتەی مەزنی پڕی دانەوێڵەم داناون. لە دەرەوەیماڵی کەنار دەریام دا، ئەو شووڵە لاوێنانەی کە بۆ پەرژین لە خاکم چەقاندوون، ڕەگ و ریشەیان داکوتاوە و پاڵیان وێکداوەو پەرژینێکی وەها پڕ و تێک بەزیونان ساز کردووە، کە بۆ کەسی ناشارەزا زۆر زەحمەتە بزانێ ئەودیوی ئەو دارستانەچڕە چی تێدایە. لە خوارەوەی ئەو ماڵ و حاڵەمدا مەزرایەکی سەرسەوز و بێستانێکی پڕ بەر و بارم هەیەکە لە ساڵدا بەر و بەرهەمێکی باشم دەدەنێ. لە لاشانی ئەو مەزرایەدا تەختە مێرگێکی نەرمانیشم جیرانە، کە دەتوانم بۆ پەرە پێدانی باغ و بێستان کەڵکی وەربگرم و پەرە بە دەسەڵاتەکەم بدەم.

ماڵ و مەزرایەکی تریشم لە هاوینەهەواری ئەودیوی دوورگە دا هەیە کە دەوران دەوری ئەو مەزرایەشم بە پەرژین گرتووە. پەرژینەکانی ئەو باخچەیەش ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە و هەر شووڵەی بۆتە دارێکی شۆخ و شەنگی بە لک و پۆ. لک و پۆی سەر سەوزی ئەوان، سێبەریان هاویشتۆتە سەر خێوەتەکەم. لە ژێر خێوەتەکەشدا قەرەوێڵەیەکم داناوە کە دۆشەگی سەر قەرەوێڵەکەم لە کەوڵی نەرمی ئاژەڵی کێوەی ساز کردووە. هەر کاتێکی کە دەمەوێ بحەسێمەوە و شەکەتی دەربکەم، پەنا بۆ هاوینە هەوارەکەم دەبەم و لە سەر قەرەوێڵە نەرم و نۆڵەکەمدا سەرخەوان دەشکێنم. مێرگی دەور و بەری خێوەتەکەم تەرخانی لەوەڕی بزنان کردووە و دەور و بەری لەوڕگە و ماڵ و حاڵەکەشم بە پەرژینێکی قایم دابەستووە.

هەمووی ئەمانە لە سای ئارەق ڕشتن و چالاکی و تێکۆشانی شەو و ڕۆژانی خۆمدا بوون. ئەگەر ژیانم ڕاحەتە و ئەگەر خاترم ئاسوودەیە، کاری بێ وچانی خۆمە کە ڕەنێوهێنەری ئەو ڕاحەتی و ئاسوودەییەن. هەر ئەو لەوڕگە پڕ لە کار و بزنەی کە پەرژینم بە دەور دا کێشاون، لە ڕاستیدا وەک خەزێنەیەکی پڕ گۆشت و شیر و پەنیر و ڕۆنی بەرە مەشکەن بۆ من. ریزە مێوی باخی ترێی من، هەر ڕاست لە نێوانی ماڵەکەم و ئاوکەندە بچکۆلانەکە دایە. لەو ئاوکەندەشدا لۆتکەکەیەکی منی لێ بەستراوەتەوە کە گەلێک جاران دەچمە سوێی لۆتکەکەم و ئارەزوویی سەفەری دەریایی دەکەم، بەڵام

لە ترســـی ڕەوتی بەهێزی شـــەتاوی دەریایی ناوێرم قاچ بنێمە ناو لۆتکەکەمەوە.

ڕۆژێک ئارەزووی گەشـــتی دەریاییم کرد و بەرەو ئاوکەندە بچکۆڵانەکە چووم. گوتم کە هەر چۆنێک بێ لۆتکەکەم کەمێک بجوولێنمەوە و وەڕەزی خۆمی پێ بشـــکێنم. بە ســـەر نەرمە لمی کەنار دەریا دا دەڕۆیشـــتم، کە یەکجێ شوێن پێیەکم بەر چاو کەوت؛ دیتنی شوێن پێی ئادمیزاد بوو؛ شووێن پێکە وەهای ترســـاندم، کە دەتگوت تووشـــی ســـامناکترین جانەوەری کێوی هاتووم. لەسەر جێگا وشک هەڵاتم. لە ترسان مووی سەرم چەشنی بزمار قرژ و ڕەق بوونەوە و هەموو لەش و گیانم بوون بە چاو و ســـەیری وڵاتم پێکردن. تەواوی هەستی وجوودم بوون بە گوێچکە و هەستی وڵاتم پێڕاگرتن. بەڵام نە کەسێکم بینی و نە دەنگێکیشم بیست. بە غاردان وەسەر گردەکە کەوتم و بە وڵاتدا ڕوانیم، بەڵام بە بێ ئەوەیکە ئاســـەوارێک لە هیچ گیانداریکی دووپێ ببینم، لە گردەکە هاتمە خوار و داگەڕامەوە کەنار دەریا. لە ڕێگادا پێم وابوو تووشـــی خەیاڵات هاتووم و ئەوەیکە بینیـــومە



تەپوتۆزی خەیاڵاتە و ئەسڵ و ئەساسی نییە. بەڵام کاتێک کە هاتمەوە ســـوێی شـــوێن پێ و دیســـان بە چاوی ســـەرم دیتمەوە، ئیتر ســـەرچاوەی لێکدانەوەم وشـــکاوی هات و نەمتوانی هیچ گریمانەیەکی بۆ بدۆزمەوە کە

خەیاڵی شێواوم تۆزکاڵیک هێور بکاتەوە. بە پەرێشانی ڕێگای ماڵم گرتەوە و بە هەڵەداوان بۆی دەرچووم. لە مەودا ڕێگای نێوان کەناری دەریا هەتا ماڵێ، پەسا پەسا پشت سەری خۆم تەماشا دەکرد و لە هەر ڕوانینێکیشدا، هەرچی پنجە درگ و تەپلۆکە ڕەملێکی کە بە بەر چاوی پەرێشان و خەیاڵی شێواومدا دەهاتن، پێم وابوو هەر هەمووی قولەڕەشی ئینسانخۆرن و بە شوێن سەرمدا دێن و تەماحی خواردنمیان هەیە. خەیالاتی ترش و تاریک بە سەرمدا دەهاتن و زۆرتریان دەتاساندم. هەرکە گەیشتمەوە ماڵ، چەشنی پیاوێکی لێقەوماوی داماوی ڕەتاوی کارەسات، خۆم دە ژووریٚ هاویشت. لە چوونە ژووریشمدا نازانم بە پەیژەکەمدا وەسەر کەوتم یان لە ڕێگای ئەو ڕەهۆڵە نهێنیمەوە چوومە ژووریٚ کە لە ئەشکەوتەکەوە بۆ ڕۆژی تەنگانان سازم کردبوو. ئەوەندە شێواوە حاڵ و پەرێشان کردار بووم، کە پێم وایە هیچ وردە ئاژەڵێکی کێوی کە لە چنگ گۆشتخۆرێکی دڕندەی دەربازی بووە ، بە ڕادەی من ترسابێت.

ئەو شەوە، هەتا بەیانی خەو بە چاوانمدا نەهات. ترس و دڵەڕاوکێ دەم بە دەم و چرکە بە چرکە زیاتر و زیاتر دەبوو. شتگەلی سەیر و سەمەرە و خەیالاتی ناخۆشم بە مێشکدا دەهاتن و دەچوون.

من هەتا ئەو دەمەی کە شوێن پێی ئادەمزادەم بە سەر لمی نەرمی دەیاوە نەبینی بوو، پێم وابوو جگە لەمنی بێچارە، هیچ دوو پێیەک قاچی دەم دوورگە چۆڵە نەناوە؛ تەنەنەت شەیتانیش! جار جارە خۆم دڵداری دەداوە و دەمگوت بەچی دیارە کە لۆتکەی ئینسانخۆرەکان نەکەوتبێتە بەر شەپۆلی تۆفانی دەریایی و بۆ کورتە دەمێک پەنایان بۆ دوورگەکەی من هێنابێت!... دەی بەچی دیارە ئینسانخۆرەکان لۆتکەکەی منیان نەدیتبێت و بە شوێن سەرمدا نەهاتبن؟ پرسیار بە دوای پرسیار دەهاتن و هەر پرسیارێکیش کۆگایەکی پرسی تۆقێنەری تازەی بۆ ساز دەکەرم؛ سەیر ئەوە بوو کە هەر بۆخۆشم وەرامی پرسیارەکانم بە وڵامی تۆقێنەر دەداوە. وەها کەوتبوومە بەر ڕێژنەی خەیالاتان کە بە ئاشکرا کۆمەڵێکم ئینسانی ڕەشو ڕووتی ڕمب بە دەستی تیرو کەون لە شان بە دەور و بەری خۆمەوە دەدیتن. بۆ دۆزینەوەی ڕێگای هەڵاتن، بە شوێن کونە مشکاندا دەگەڕام کە خۆمیان تێدا وەشێرم. بۆخۆم بە خۆمم گوت کە هەتا کاتم لە دەست دا ماوە و هەتا

ژۆڵە چەرمم نەکەوتۆتە دەستی ئینسانخۆرەکانەوە، واباشە سەری خۆم هەڵگرم و هانا بەرمە قووڵایی جەنگەڵ و خۆمیان لێ وەشێرم. ئەودەم با ئەوانیش بێن و ماڵ و مەزرا و باغ و باغات و هەرچی کە هەمە، هەمووی خاپوور بکەن و هیچم بۆ نەهێڵنەوە...

بەر لەوەیکە من شوێن پێی مرۆڤێکی نادیار بە سەر لمی کەنار دەریاوە ببینم، دە هەولێ ئەوە دابووم کە خۆم بە دەریا دادەم و بۆ دۆزینەوەی تاک هاودەمێک، سەری خۆم هەڵگرم و هەتا ئەو پەڕی بەحراوان بەلەم ڕادەم. زۆرجاران بۆ دۆزینەوەی تاک هاومالێک ئاخم هەڵکێشاوە و لە چنگ ژیانی تەنیایی هاوارم بە ئاسمان گەییشتووە. کەچی ئێستا لە دیتنی شوێن پێی ئینسانێک، خەریکم بە دەستی خۆم گیان لە خۆم دەستێنم.

هەر لەجەنگەی هەرای دەروون و پشکووتنی دەیان پرسیار دژبەیەکی ناو مێشکمەوە، خۆم بە خۆم گوت:" بەچی دیارە ئەو شووێن پێیەی کە بە سەر ڕەملی کەنار دەریاوە بینیوتە، شوێن پێی خۆت نەبێ؟! دەی هەستە برۆ و دەگەڵ شوێن پێی خۆت بەراوەردی بکە..." غیرەتم بزووت و لە لان هاتمەدەر و هەر بە چەشنی ڕۆژانی ڕابوردوو کە بۆ پیاسە دەچوومە دەشت، قیت و قۆز وەڕێ کەوتم.

سێ شەو و سێ ڕۆژ بوو کە خۆم لە ماڵدا قەتیس کردبوو. لە برسان دەهاتم دەبوورەوە بچم و پێ ڕابێم. لە ماوەی چەند ڕۆژی زیندانی بە ئەشکەنجەمەوە، جگە لە دوو سێ بیسکویت و چەند قومە ئاوێک هیچی ترم بە ئەوکدا ڕۆنەچوو بوو. تەنانەت بۆ تیمار کردن و هەڵدۆشینی بزنەکانیشم سەردانی دانگەکانم نەکردبوون. هەر بۆیە و بەر لە هەر شتێک چوومە سەردانی بزنەکانم. بزنەکان گەلێک کز و کەساس دەهاتنە بەر چاوم. بەهۆی هەڵنەدۆشینیان چەندێکیان ناساز و نەخۆش کەوتبوون. ترسی نادیار و تاسانی لە خۆڕایی یەکدەم لێم دوور نەدەکەوتنەوە. تەنانەت ئەودەمەی کە سەردانی بزنەکانیشم کرد، هەر وەک تاوانکاری بکەری کارێکی ناڕەوا، بە ترس و لەرزەوە دەڕۆیشتم و پەسا پەساش پاش سەری خۆمم سەیر دەکرد. بە هەر دوو سێ هەنگاوێکی کە هەڵم دێناوە، ڕادەوستام و ستلێ شیرم دادەنا و ڕام دەکرد و دیسان دەگەڕامەوە. ئەو ڕۆژەم بەمجۆرە تێپەڕ کرد و دیسان گەڕامەوە ماڵ و چەند ڕۆژی تریش خۆم زیندانی کرد.

لەم چەند ڕۆژەشـــدا جار جارە خۆم دڵداری دەداوە و خۆم تین دەدا کە بچم سەردانی شوێن پێ بکەم و دەگەڵ جێ پێی خۆمی هەڵسەنگێنم. سەرەنجام بەبێ سێ و دوو لێکردن هەستام و تفەنگم دەشان کردو چوومە سوێی شوێن پێی سـەر ڕەملی دەریا. هەرکە گەیشتمە وێندەرێ، هەر ئەودەم لێم یەقین بوو کە من قەت قەت بەو شـــوێنەدا تێنەپەڕیوم و هەرگیزیش لەوێ لە لۆتکەکە دانەبەزیوم. سەرەڕای هەموو شتێک، من لەوتی پێم لەم دوورگەیە ناوە، قەت بە قاچی ڕووتی بێ پێڵاوەوە یەک هەنگاویشم هەڵنەهێناوەتەوە ســـەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئەو شـــوێن پێیەی کە لە نیشـــتمانەکەی مندا بەجێ ماوە، گەلێک گەلێک لە جێ پێی من گەورەترە؛ کەوایە هی من نییە و لە کەسێکی ترەوە جێماوە..

لەم بینین و هەڵسەنگاندنەی دوو شوێن پێیان، ترسێکی یەکجار قورسی ڕووخێنەر لە سـەر ڕوحم نیشت و هەر بڵێی یەک و دوو، بە هەڵەداوان تێم تەقاند و هەتا مـاڵێ گیر نەبووم. ئیتر لێم یەقین بوو کە دوورگەکەی من هەر تەنێ ماڵ و ملکی من نییە.. لەوانەیە خەڵکێکی دیکەشی تێدا بژین کە من هێشتا تووشیان نەهاتووم.. لەوانەشە لە دوورگەکانی دراوسێی بە لۆتکە پەڕیونەتەوە ئەم بەرە و ســـەردانی ئێرەیان کردبێت... گریمانە بە دوای گریمانەدا هاتن و مێشـکی ناســازمیان ناســازتر کرد. ئیتر وەک ئەوەیکە پۆلێک ئینسانخۆری برسیم بە چاوان بینی بێت، لە ترسان وێک هاتم و هیچ هیوایەکم بە ژیان نەما.

بە دەم ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوانەی خەیاڵی شێواوی خۆمەوە، سەرەتا بە خۆم گوت کە هەتا ئینســـانخۆرەکان نەیانزانیوە کەســێکی تر لەو دوورگەیەدا دەژی، با هەستم وە هەرچی پەرژینی کە لە دەورەی ماڵەکەمدا ناشـتوومە، گشـتیان بە بادی فەنا بەرم و بزنەکانم بەرەڵا بکەم و هاوینە هەوارەکەشـم خاپوور بکەم و خۆشـم پەنا بۆ قووڵایی جەنگەڵ بەرم. دڵم لە هەڵکۆڵینی ئەشکەوتەکەشم سارد بۆوە و لێی پاشگەز بوومەوە کە دەستی تێوەردەم و بەرفرەتری بکەم. بەڵام هەر لە جەنگەی ئەم حاڵە پەرێشـانە و لە ئەوپەڕێ بێ هیوایی کە تێی کەوتبووم، یەکجێ تفەنگەکـانم کەوتنەوە یاد. تفەنگەکان دڵیان پێدامەوە و ڕای خۆم گۆڕی و بە خۆمم گوت: " من کە خاوەنی ئەم گشـتە تفەنگ و دەمانچە و شـیر و تیرەم، لەچی بترسـێم؟! من

که دەتوانم بەری لەشـــکرێکی گەورەی ڕەش پێســـتان بگرم، بۆچی دەبێ ئەوەندە ترسنۆک و داوەشـاو بم کە لە سێبەری خۆم بترسێم؟ سا تۆ خودا کەسـێکی کە خاوەنی ئەو گشـتە چەکوچۆڵە بێت و هەر هێندەیش بەتوانا، چلۆن دەبێ لە ترســـی دوژمنێکی نادیار نێوکی بکەوێت و بەشـــوێن کونە مشـــکاندا بگەڕێت!.. دە هەســـتە و لە لان وەرە دەرێ و لە دەورانپشـــتی ماڵەکەتدا مەتەرێزان ئاودان بکەوە!.. دەست و بردێک بکە و تفەنگان پڕکە و خۆت بخەرە سەر تێز و دەنگ هەڵبیرە و بڵێ ئەو کەسە خەیاڵی خاوە کە دەخوازێ نیشتمانەکەی من داگیر بکات!...

حەوشـــەکەی من بە تەختەبەندێکی شـــریت پێچکراوی وەها قایم لێک بەســـترابوو، کە بە تۆپخانەش نوونی تێنەدەکەوت. من هەر لە ســـەرەتای ســـــازکردنی مـالەکەمـدا، هەرچی خـاک و خۆڵ و بەرد و چەوی کە لە ئەشکەوتەکەوە دەرمکێشـابوو، بە خڕ و پتوونی کردبوومە قایمگیری دیواری حەوشـەکەم. لە دیوی ژوورەوەی ماڵەکەمدا، بە مەوادای هەر سێ مەترێک، دیوارەکـانم وەک بورجی قەدیم بەرزتر هەڵچنیبوو. لە پشـــتی هەر بورجێکیشـــدا، مەتەرێزیکی شـــەڕ و بەرگریم تێدا ســـاز کردبوو. لە هەر مەتەرێزیکیشـــدا پێنج پەنجەرۆکەی چکۆڵەم تێدا کردبوونەوە، کە بکرێ لە وەختی خەتەر، دەوەر و بەری ماڵەکەم کۆنترۆڵ بکەم.

هەســـتام و زۆر ئازایانە تفەنگ و دەمانچە و شـــیر و تیرم لە خۆم کۆ کردەوە. لە زارکی هەر مەتەرێزێکدا، تفەنگێکی لە ســـەر پێ و ئامادەی تەقەکردنم دانا. لە هەر مەتەڕێزێکیشدا بۆ پێنج جار داگرتنەوەی تەفەنگم، گولە و دەرمانی پشـتیوانی دانا . بەم تەرتیبە و لە ماوەیەکی کورتدا، دەور و بەری خۆم بە چەشنێک چەکدار کرد، کە لە ماوەی دوو خولەکدا دەمتوانی پێنج تفەنگـان ئـاگر بـدەم و ئـامـانجەکـان بپێکم. ئەم ئـاڵوگۆڕە و ئەم ئامادەکارییەم چەند ڕۆژێکی خایاند. ســـەرەڕای ئەوانە، نزیک بە بیســـت هەزار شـووڵە لاوێنم ئامادەی پەرژین کێشـان کردن. خەڵفە لاوێنەکانم وەک پەرژین بە دەوری ئەو پەڵە مێرگەدا کێشـــا، کە جێگای پیاســـە کردنی جار جاری خۆم بوو. پەرژینی شـــووڵی لاوێن زۆر زوو ڕەگ و ڕیشـــەیان داکوتا و پەرژینێکی پڕ و جوانیان لێ ســـاز بوو. تەواوی ئەو کار و خەباتانەم تەنیا بۆ داکۆکی لە خۆم و بۆ ڕاگرتنی دەســـەڵاتی خۆم دەکـار کرد. خەڵفە

لاوێنەکان لە خاکی بەپێزی مێرگی تەڕ و بڕ دا، خێرا گرتیان و لک و پۆیان دەر کرد و چەشــنی مێشــەڵان، ماڵ و ملکی منیان لە باوەشــی خۆیان دا حەشار دا.

جاران هەتا لە ماڵ دەردەکەوتم و دەگەڕامەوە ماڵ، لە دوو پەیژان کەڵکم وەردەگرت. پەیژەی یەکەمیان منی لە ڕەوەزە بەردەکەوە دەبردە سەر و بە پەیژە دووەمدا بەرەو خوار دادەکشــامە خوار. بۆ ئەوەیکە پەیژەی دەرەوەم نەکەوێتە بەردەستی نەیاران، دوای وەسەرکەوتنم، پەیژەکەم هەڵدەکێشا و لە شوێنێکی شاراوە دا تاقەتم دەکرد.

ئیتر لە ســای پەرژینی قایمی دەوەر و بەری ماڵەکەم و دیواری پتەوی دیوی ژوورێم و، بەتایبەت بە بوونی تۆپخانەی ئامادەکراوی تەقەکردنم، ورەی تێک تەپیوم زیندوو بۆوە و ئاوی غیرەتێک بە ژێر پێستم دا گەڕایەوە. جار جارەش بۆ نواندنی غیرەت، لە ژێر لێوانەوە دەمگوت و دەمگوتەوە: " ئەوەی کوڕی بابی خۆیەتی با بێت و خۆی بەتاقی بکاتەوە!"

دوای ئامادەکاریی تۆپخانەی شــەڕ، ئەمجار کەوتمە ســەر دانگەی بزنەکانم. بزنەکانم سەرەڕای ئەمە کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی خورد و خۆراکم بوون، لە گردەوەکۆشــی و دەســت پێوەگرتنێکی گولە و دەرمانی تفەنگەکانیشــمدا هەر خێر و بەرەکەت بوون. پاراستنی بزنەکانم بەواتای ئەرخەیانیی ژیانی داهاتووم بوو. شیر و پەنیرو ڕۆنی بەرەمەشکە و گۆشتی تازەی بزنەکان لە نانی شــەو بۆ من بەرز و بەرێزتر بوون. بۆ دۆزینەوەی شــوێنێکی بەدوور لە هەر چەشــنە ئەگەرێکی نەخوازراو، هەســتام و بە دوورگەکەمدا گەڕام. بە قووڵایی جەنگەڵدا چوومە ژوور و دوای گەڕانێکی زۆر، لە قەوغاترین دارســتانی بەشــی ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەمدا، مێرەگ و مەزرایەکی رووتەنی بێ دار و درەختم دۆزییەوە کە هەر دەتگوت بە دانستە بۆ دانگەی ئاژەڵان ساز کراوە. هەر ئەودەم قۆڵم لێ هەڵماڵی و پەرژینم بە دەوری مێرگەکە داکێشــا و بەرەو بەرە بزنەکانم ڕاگوێزانە شــوێنی تازە. بزنەکانم دەستەمۆ و ئارام دەگەڵم هاتن و شوێنی تازەیان ئاوەدان کردەوە.

دیتینی شــوێن پێی ئادەمیزادێک، ئاڵوگۆڕێکی وەهای لە ژیانمدا پێک هانی، کە بە ماوەی دوو ساڵان وچانیان لێ بڕیم و یەک پشوو کارم بۆ کرد. هەر ئەو ڕۆژەی کە لە ڕاگوێزانی بزنەکانم بوومەوە، بۆ حەســانەوە و

پشــودانێکی تەســەل، لە ســەر ترۆپکی گردی ڕوو بە دەریا دانیشــتم و بە دوورەدەســتاندا ڕوانیم. لە پڕ لە نێوەڕاســتی دەریادا چاوم کەوتە ســەر ڕەشــاییەک. لە ســەرەتادا پێم وابوو لۆتکەیە و بە دەریادا دەگەڕێت. دووربینەکەم بەلاوە نەبوو کە بزانم ئاخۆ لۆتکەیە یان خاڵی خەیاڵە و دیسان دێت و بە بەر چاوانمدا دەگەڕێت و ورەم دەشێوێنیت.

دوای ئەوەیکە لە گردەکە هاتمە خوار و کەوتمە ســەر نەرمانی ڕۆخی دەریا، بەرەو ئەو شووێنە چووم کە شوێن پێکەی لێ جێما بوو، لەپڕ هەموو دنیام لێ بوو بە ترس و چی نامابوو پێ ڕابێم. بە دوو چاوی سەرم دیتم کە چەندەها ئێسقانی سەر و دەست و قاچ و قولی مرۆڤ، لێرەو و لەوێ بڵاوی گۆڕەپانەکە ببوون. ئێسقانەکان پاشماوەی لەش و لاری مرۆڤ بوون کە دوای خواردنیان، لەو شوێنەدا جێیان هێشتبوون... ئیتر زانیم و تێی گەیشتم کە ئینســانخۆرەکان لە دوورگەکانی دوورە و دوای شــەڕ و پێکدادان و دیل گرتنیــان، جەژن و هەڵپەڕکێ و ڕێورەســمی دیل خواردنیــان لێرە و لە دوورگەکەی مندا بەڕێوە دەبەن.



چەند هانگاوێک ئەولاتر، کوانووی ئاگرێکی دامرکاوم دیت کە دەوران دەوری ئاگردانەکە، چەندین جێگای دانیشتنیان بە شێوەی کورسی لە زەوی هەڵقەند بوو. دیار بوو لە دەمی جەژن و شاییدا، لە دەوری ئاگر دادەنیشن و میواندارییی گەرمی خۆیان بە برژاندن و خواردنی گۆشــتی دیلەکانیان بەڕێوە دەبەن.

بینینی ئەو دیمەنە ناشــیرینە، بۆ ماوەیەکی کورت، ترس و دڵەلەرزەی لێ دوور کردمەوە و قینێکی ڕەش و تووڕەییەکی وەها خەســتی لە دەروونمدا چاند، کە دە گێژەوە هاتم. بەم دیمەنە قێزەونە دڵم کوڵی و ئەگەر ئەوەی خواردبووم بە یەک قلپە هەمووم نەهێنابایەوە، بێشک هەر لەوێ دەکەوتم

و لە هۆش دەچووم. نازانم چلۆن ڕۆیشـــتم و بەرەو کویێ ڕۆیشـــتم. هەر ئەو دەمە بە ئاگا هاتمەوە کە لە نیوەی ڕێگایە دا ڕاوەســـتام و چاوی پڕ لە ئەســـرینم بەرەو ئاســـمان ڕاگرتووە و دەپاڕێمەوە. دەپاڕامەوە و ســـپاســـی یەزانی مەزنم دەکرد کە منی لێرە و لەناوە ئەو مرۆڤە پاشـــوەڕۆیانەدا لە دایک نەزاندووە کە بە خوێنی هاوڕەگەزانم زگی برسیم تێر بکەم.

گەیشتمەوە ماڵ و تۆزکاڵێک حاڵـــم هاتەوە جێ. زانیم ئەو داماوانە بۆ تالانی ماڵ و ملْکی من ڕیگای نیشتمانەکەی منیان نەگرتۆتە بەر. لە ماوەی هەژدە ساڵی نیشتەجێیم لەم دوورگەیە دا، ئەمە یەکەم جار بوو من تووشی ئەو دیمەنە ناشێرینە دەهاتم. کەوایە دەبێ بە ئاسوودەیی پێ ڕابکێشم و بە دڵی ڕەحەت ژیان بەرمە ســـەر؛ بە مەرجێک خۆمیان لێ نەدیو بگرم و خۆمیان نیشان نەدەم.

بەڵام دیمەنی خەمبارانەی ئەندامی لەوتوپەکراوی مرۆڤ، گورزێکی وەها قورسی لە رووحم دا، کە تووشـــی خەمۆکی کردم و ماوەیەکی زۆر لە دەست پەرێشـــانحاڵی ناڵاندم. بە ماوەی دوو ســـاڵان، ڕێگای هاتوچۆی من تەنیا لە نێوان مەزرا و بێســـتانی هاوینە هەوار و دانگەی نوێی بزنەکانمدا بوو. هاتوچۆی دانگەی بزنەکانیشم تەنیا بۆ دۆشینیان و هێنانەوەی شیرەکەیان بوو. لەو ماوەیەدا و بۆ ئەوەیکە لە چاوی ئینســـــانخۆرەکان بەدوور بم، تەنانەت بۆ جارێکیش ســـەردانی لۆتکەی ســـەفەرکردنم نەکرد. وام بەباش زانی کە واز لەو لۆتکەیە بهێنم و لۆتکەیەکی تر لەم بەرەی دوورگەکەمدا ساز بکەم و بیخەمە ئاو.

بە تێپەڕینی زەمان، دڵنیاییم وەرگرتەوە کە هیچکەس بە جێگە مەنزڵ و ماڵ و ملْکی من نازانێ و هیچ پێویســـت ناکا ژیانی خۆم بە خەیاڵی بەتاڵ بشـــێوێنم. ژیانم بەرە بەرە هاتەوە ســـەر دۆخی جاران، بەڵام چاوەکانم لە جاران کراوەتە و فام و هۆشم زیاتر لە پێشوو ئاگاداری سەر و ژێران کرد. بۆ ئەوەیکە کەس دەنگی تەقەی تفەنگی منی بە گوێ نەگـات، ئیتر بۆ ڕاوی ئـاژەڵیش لە تفەنـگ کەڵکم وەرنەدەگرت، بەڵکە بزنم هەر بە تەڵە و داو دەگرتن. بەرەو هەر شـــوێنێکیش چووبایەم، بەبێ تفەنگی لاشـــان و دوو دەمانچەی لاکەلەکێم لەجێ نەدەبزووتم. ژیانەکەم بەئارامی دەڕۆیشـــت، بەڵام ترسی تووشبوونی ئینسانخۆران، گەلێک بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی

لێ خەواندمەوە. یەکێک لەو بەرنامانەی کە پێوە بووم بیخەمە ژێر چەرخی کرداری، ســـــازکردنی بیرە بوو. بۆ ســـــازکردنی بیرە، بەرمیلی لە تەختە ســـازکراوم پێویســت بوو. هەروەها مەنجەڵێکی گەورەشــم پێویســت بوو کە بکڕێ جۆی فەریکی چەکەرەکردووی تێدا دەم بێنم. ســــەرەڕای ئەوانە گیای ڕازیانە و هەویرمایەی بیرەیشی دەویست، کە ئەوانیشم نەبوون.

لەو ڕۆژەوە کە بە هەڵکەوت تووشی شوێنی ڕێوڕەسمی ئینسانخۆرەکان ببووم، زۆر جاران لە پاڵ خۆمدا خۆزگەم دەخواست کە شەڵڵا ڕۆژێک تووشی ژمارەیەک ئینســــانخۆر و دیلەکانیان دەهاتم و دوای ســــەکەت کردنی ئینسانخۆرەکان، دیلەکانیانم بەردەست دەکردن و خۆم لە تەنیاییە ڕزگار دەکرد.. بەڵام دەگەڵ ئەم ئاواتخوازییەشـــمدا توانایی خۆم دەگەڵ پۆلێک ڕەش پێستی تووڕە بەراوەرد دەکرد و دەمگوت کوا منی یەک تەن دەروەستی پۆلێک ڕەش پێستی کەواندار دێم؟.. تیری کەوانی ئەوانیش چەشنی ئاگری تفەنگی من کار دەکەن و هەتا من تفەنگێک ئاگر دەدەم، ئەوان حەفتا و حەوت تیر و ڕمبی تیژم بە ســــەر دا دەبارێنن... یەک بە حەفتا و حەوت!... نەخێر ئەمە هیچ سەودایەکی باش نییە!..

جارجاریش لە خەیاڵی خۆمدا پلانی ســەیرم دادەڕشــت. بۆ وێنە: لەژێر کوانووی ئاورگی ئینســــــانخۆراندا قوڵکەیەکم هەڵدەقەند و چەند کیلۆم باڕووتی تفەنگ تێدەکرد. ڕەش پێستەکان دەهاتن و هەر لەو شوێنە ئاگریان دەکردەوە کە من تەقینەوەم تێدا حەشــــار دابوو. بە تەقینەوەی کوانوو، بە تێکڕای ئینســـانخۆرەکان هەڵدەتەکان و دیلەکانیان بە زیندوویی دەکەوتنە دەستی من. بەڵام زۆر زوو لەو شێوە شەڕەم پاشگەز دەبووم و دەمگوت ئەوە هات باڕووت تەقیەوە، بەڵام کەســیش لووتی بە خوێن نەبوو، ئەو دەم چی؟ من تەنیا بەرمیلێکم باڕوووتی تفەنگ ماوە، کەوایە ئەو پلانە خەیاڵێکی بەتاڵە و هیچی لێ شین نابێ. ئەمجار دەهاتمە سەر ئەو بیرە، لە خوارووی ئەو گردەی کە ئینســــــانخۆرەکان بەزمی لێدەگێڕن، خۆم لەنێو دارێکی هەڵۆڵی نزیکیاندا حەشار بدەم؛ ڕەش پێستەکان هاتوون و من بارانی ئاگرم بە سەردا باراندوون. لە یەکەمین دەسڕێژی تفەنگ و دەمانچەکانمدا سێ چوارێکیانم سللار کردوونەتەوە و دواییش ئەوانی دیکە... نەخێر ئەمەمەش باش نییە...

لە شەش کیلۆمەتریی ماڵەکەمدا شووێنێکی باشم دۆزییەوە. ئەو شوێنە نهێنگەیەکی باش بوو، چونکی هەر ڕاست بە سەر ئەو شوێنەدا زاڵ بوو کە جێ بەزمی ئینسانخۆرەکان بوو. لە نهێنگەکەدا سێ تفەنگ و دوو دەمانچەم شاردنەوە. دوو تفەنگم لە وردە ئاسن و باڕوووت ئاخنینەوە و تفەنگەکەی تریشم بە گرموولە ئاسنی درشت داگرتنەوە. چوار گوولەشم لە فیشەک خۆری هەر دەمانچەیەک خست. سەرەڕای ئەوانە، بەشی دوو، یان سێ جار تەقە کردنیشم گوولە و دەرمانی زیادی ئامادە کردن و لە پەناگاکە دا تاقەتم کردن.

دوو مانگی تەواو، هەموو ڕۆژێک بەیانان هەتا درەنگانێکی لە سەر تەپۆڵکی گردەکەوە چاو بە دریاوە دادەنیشتم و چاوم لێ نەدەترووکاند، بەڵام لە ئینسانخۆر و یەخسیرەکانیان هیچ سەر و سۆراغێک دیار نەبوو. بەرە بەرە لەو کارە خۆڕاییەی خۆم ماندوو بووم و بە توورەیی دەخۆم ڕاخوڕیم و گوتم :" ئاخر ئەتۆ بۆچی خۆت کردۆتە وەکیل و دەمڕاستی یەخسیری بەردەستی ئینسانخۆرەکان. هیچ پێویستیش ناکا چەک و تفەنگی خۆت وەکار بخەیت و ئینسانخۆرانی پێ بکوژی. ئەوان لەوەتی هاتوونەتە سەر ئەم دونیایە، ئەمە کاریانە. تۆی یەکتەنیش قانوونی ئەوانت پێ ناگۆڕدرێت. تۆ خەریکی خۆت لە جێگای خودێ دادەنێی و تۆڵەی ژێردەستان لە ستەمگەران دەکەیتەوە! نەخێر ئەمە ڕەوشتی خۆیانە و بە تۆ ناگۆڕدریت. ئەتۆیش بۆ تێرکردنی زگی برسیت، سەری بزن و مەڕ و مانگا و پەلەوەران دەبڕی و گۆشتەکەیان دەخۆیت و هیچ پەکیشت پێی ناکەوێ کە ژینەوەریش وەکی خۆت مافی ژیانیان هەیە، بەڵام ئەتۆ ئەو مافەیان لێ دەستێنێ و چەشنی ئینسانخۆرەکان دیلی ژێردەستی خۆت دەکووژی و دەیانخۆیت. ئەوانەش لە شەڕی نێوان هۆزەکاندا دیلەکانیان بەردەست دەکەن و دەیانخۆن و هیچ بە کار و کردەوەیەکی خراپیشی دانانێن. ئەتۆ ئاژەڵخۆری و ئەوانیش ئینسانخۆر، کەوایە ئەتۆ بۆت نییە کاری ئەوان بە تاوان دابنێیت. ئێمەیش بە شارستانییەتی خۆمان دەنازین و داستانی مێژوویی بۆ دەهۆنینەوە، کەچی لە شەڕی وڵاتاندا دیل لە یەکتر دەگرین و دیلەکانیش دەکوژین!

ئەو لێکدانەوانەم تەواوێک ئارامیان کردمەوە. هەڵوێستی شەڕانی و پلان دانانی شەڕ و قەڵاچۆکردنم وەلانان. بەرەبەرە لە شەڕ و گوشتنی ئینسانخۆرەکان بەتەواوی پاشگەز بوومەوە و بڕیارمدا هەتا ئەو کاتەی کە ئینسانخۆرەکان بەری دەرگام پێ نەگرن و بەرەی شەڕم دەگەڵدا نەکەنەوە ، من خۆیان لێ کل دەکەم و چاویان لێ دەنووقێنم..

ئەو بڕیارەم تەواو ژیرانە بوو، چونکە ئەو پلانەی کە من بۆ شەڕ و بەربەرەکانیم دانابوو، سەرەنجامەکەی هەر سەری خۆمی تێیدا دەچوو. لە شەڕی دژ بە ڕەش پێستەکاندا، من تاکێک بووم و ئەوانیش بە هەژمار زۆر. من پۆلێکم لێ کوشتبایەن و تەنیا تاکێکیان دەرچووبایە، ئەو دەم هەر ئەو تاکە لەشکەری ڕەش و رووتانی بە سەر وەردەکردم و خاکیان بە توورەکان دەکێشام. کەوایە فام و مشوور و سیاسەت و ئایین پێم دەڵێن کە وازیان لێ بێنم و هەتا لێیان نەدیو ببم باشترە. بۆ ئەویکە لۆتکەکەم لەبەر چاوان دیار نەبێ، ڕامگواستە بەری ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەم و لە شوێنێکی شاراوەدا حەشارم دا. ئەو شوێنەم بۆیە پێ باش بوو ، چونکینێ ڕەوتی توندی شەتاوی دەریایی پێیدا تێدەپەڕی و ڕەش پێستەکان لەوێوە بەرەو نیشتمانەکەی من نەدەهاتن.

بە ماوەی یەک ساڵی تەواو، لە تاراوگەکەمدا تەواو تەریک مابوومەوە. هاتوچۆی من لە ماوەی ئەو یەکساڵەدا تەنیا سەردانی بزنەکانم بوو. دانگەی بچوکی بزنەگەلانم لێم نزیک بوو، بەڵام دانگەی گەورەم لە باوەشی جەنگەڵستانە قەوغاکەی ئەو دیوی دوورگەمدا بوو. شوێنی دانگەی گەورەم ئەمەی باش بوو کە لە قەسابخانەی ئینسانخۆرەکان یەکجار زۆر دوور بوو.

سەبارەت بە هاتنی ئینسانخۆرەکان بۆ نیشتمانی من، ئەمەم بۆ دەرکەوتبوو کە ئەوان شووێنی بەزم و مەکۆی ڕێوڕەسمی خۆیان ناگۆڕن. هەر لەو شوێنەدا بەڕیوەی دەبەن کە ساڵیانی سالە بەڕیوەیان بردووە .

لەو ماوەیەدا کە ترس دە ماڵێی پەستاوتبووم، تەنیایی و بێکاری تەواو جاڕسی کردبووم. ترس و پەرێشانی و وازی وازی، وەک ئازارێکی کوشندە دەگیانم بەرببوون و چەشنی شەوە هەڵیان دەگوشیم. بیری هێرش و گەرمارۆ لە مێشکمدا لانەیان کردبۆوە. زۆر جاران دەمگوت:" ئەوە هات و لە شووێنێکدا، بەبێ چەک تووشیان هاتم، یان ڕۆژێک لە دەمی پیاسەکردندا

لەبری شـووێن پێی تاکێک، بەسـەر لەشـکەرێکی بیسـت کەسـیدا کەوتم، ئەودەم دەبێ چیم بەسەر بێت؟"

نیگەرانی و دڵەڕاوکێ تەواوێک شـێواندبوومی. دەسـتم لە هەموو کار و چالاکییەک سـارد ببۆوە. کار و کردارم هەر بەس خواردن و خەوتن بوو. ئەوەندە وەڕەز و بێ واز ببووم، کە تەنانەت بزمار لە دیوار داکوتانێکیشـم پێ نەدەکرا. تفەنگەکانم بە دیوارەوە جووڵەیان نەبوو. لەوە دەترسـام تەقەیەک بکەم و بە گوێی ئینسـانخۆرەکان بگاتەوە و ماڵ بگیرم بکەن. تەنانەت ئەو کاتانەی کە ئاگرێکیشـم بۆ چێشـت لێنان دەکردەوە، لەوە دەترسام کە ئینسانخۆرەکان بە شوێن دووکەڵدا بێن و بمدۆزنەوە. هەربۆیە ئاگرکردنەوەو چێشـت لێنانم دەبردە دوورەدەسـتان و لەوێ کاری خۆم جێبەجێ دەکرد. ڕۆژێک بە نیاز بووم لە جیاتی ئاگر کردنەوە، دار ببڕم و خەڵووزی لێ سـاز بکەم. ڕەژی دووکەڵ ناکا و دوژمنانم بە سـەر وەرناکا. چەند لکی ئەسـتووری کۆنەدارێکم بڕین و بەشـوێن جێگایەکدا گەڕام کە بتوانم بەخەیاڵی ئاسـوودە خەڵووزی تێدا سـاز بکەم. لە گەڕان بە شـوێن جێگایەکی شـیاوی خەڵوز سـازکردندا تووشـی ڕەوەزە بەردێک هاتم، کە ڕووکاری تەلانەکە بە گژ و گیا و دڕک و داڵ داپۆشرابوو. لە ڕەوەزە بەردەکە نزیک بوومەوە، کونێکی گەورەم لە پشـت دڕک و داڵی ڕەوەزە بەردەکەدا بینی. هەسـتی لێکۆڵینەوە باوی هەنگاوی بەتین تر کردم. کاتێک بەو دیوی ڕەوەزە بەردەکەدا وەرسووڕامەوە، زارکی ئەشکەوتێکم لێ وەدەرکەوت. لە ڕەوەزەکە وەسـەر کەوتم و بۆ ئەشـکەوتەکە چووم. دڕک و داڵێکی تێک هاڵاوی بڕۆوێن، بەر زارکی ئەشکەوتەکەی داۆشیبوو. من بە دەست و بە قاچ بەشـێکم لە دڕک و داڵەکە ڕامـاڵـی و زۆر بە زەحـمەت بەر زارکـی ئەشـکەوتەکەم خاوێن کردوە . من لەمێژ بوو بەشـوێن جێگایەکی ئاوا دا دەگەڕام. دۆزینەوەی حەشـارگەیەکی مەزن و شـاراوە، هەموو ئاواتەکانی منی وەدی دەهێنا. لە زارکی تەنگی ئەشـکەوتەکە ڕەت بووم و کەوتمە نێو ماڵی ئەشـکەوت و هەسـتامە سـەر پێ. ئەشـکەوتێکی هەتا بڵێی گەورە و جێدار بوو. لە خۆشـیان هەر وا بە دەوراندەوری خۆمدا دەسـووڕام و چاوم دەگێڕا، کە یەکجێ لە بنەبانی تاریکی ئەشـکەوتەکەدا چاوم بە دوو خاڵی ڕووناک کەوت کە لە دڵی تاریکانیدا دەتروسـکانەوە.. خاڵە گەشـە

ڕووناکەکان دە جووڵانەوە و دیار بوو دوو چاوی گیاندارێکە و بۆ ستار و ئۆقرەگرتن خۆی کێشاوەتە ئەشکەوت و خەریکی پشوودانە. لێم دیار نەبوو چ ئاژەڵێکە، هەر بڵێی یەک و دوو، دەرپەڕیمەدەر و ئەشکەوتم بۆ چۆڵ کرد.

تاوێک لە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە ڕاوەستام و ئیستێکم گرت. دوایە بە لۆمە و تانووت خۆم داگرت کە چەندە ترسنۆک و بێ ورە و کزەڵۆکم. خۆم بە خۆم گوت: "ئاخر ئەوە دەبێتە بیست ساڵی ڕەبەق کە لەم دوورگەیە دا پیر بووی و بە هەموو شوێنێکیدا هاتووی و چووی. تەنیا گیاندارێکی دوو پێی کە تێدایە هەر خۆتی. تۆ خۆت لە بەر ئاوێنە ببینەو سەیری سەر و پۆتەڕاک و جلک و لیباس و چەتر و کڵاوت بکە و بزانە هەر گیاندارێک تووشت بێ، ئەگەر یەکجێ زەندەقی نەچێت، بێشک هەتا گوێی دەگیری لە ترسانت ڕادەکا. تۆ خۆت خاوەن و ئاغای ئەم دوورگەیەی و هەرچی تێیدایە، ماڵ و ملکی خۆتە.."

وردە وردە سامم شکا و غیرەتێکم بزووت. چرو چیلکەی و وشکەڵم کۆ کردە و شاپلێتەیەکم لێ ساز کردو ئاگرم تێبەردا. شاپلێتە بە دەستەوە چوومەوە ناو ئەشکەوتەکە. خێرا بەرەو بنەبانی ئەشکەوتەکە چووم. لەپڕ دەنگێکی کپی وەک ناڵینی نەخۆشم بە گوێ گەیشت و لە ترسان ئاوی ئەژنۆم چوو. دەنگێ غەڵدە غەڵدی گیاندارێکی دەمی ئاوزینگدانانم بە گوێ گەییشت. دەنگی گیاندانی گیاندارێک بوو کە لە دوو هەنگاو ئەولاترمەوە دەهات هەناسەی ئاخرینی دەربدات. سەرتاپای لەشم شەتڵانی ئارەق ببوو. مووی لەشم چەشنی نەشتەر ڕەق بوونەوە و دڵم دەیکوتا. مەشغەڵی ئاگرم بەرز کردەوە و لە دوو مەتری خۆمەوە بزنەپیرەیەکم چاوپێکەوەت کە بۆ مردن ئەشکەوتەکەی هەڵبژارد بوو. سەرەتادا ویستم لە ئەشکەوتەکە ڕایدەمە دەرێ، بەڵام بزنی داماوە هەرچی دەخۆی نووسا، نەیتوانی لە سەر پێیان هەستێت. منیش ئازادم کرد کە لە سەر جێی خۆی بمێنێتەوە و بە ئارامی گیان بدات.

لە ئەشکەوتێکی تەریکی ئاوا تاریک و نووتەکەدا، هەر کەس لە جێی من بوایە، تەنانەت بوێرترین و بگرە ڕەش پێستی ئینسانخۆریش بوایە، بە دەنگی غەڵدە غەڵدی گیاندارێکی بەرەو مەرگ دەترسا. دوای ئەوەیکە حاڵی زار و پەرێشانی بزنە پیرم بینی، ئەمجار بە وردی بە ناو ئەشکەوتەکە

داگەڕام. لە گەڕانمدا، کونێکم لە دیواری ئەشـــکەوتەکەدا چاو پێکەوت کە پێم وابوو ڕەهەندێکە و بۆ ئەشـــکەوتێکی دیکەم دەبات، بەڵام ڕەهەندەکە هەر ئەوەندە تەنگ بوو، کە بە گاگۆڵکە نەبوایە، تێپەڕبوونت بۆ نەدەکرا. منیش وازم لێی هێنا و لە ئەشکەوتەکە چوومە درێ.

بۆ سبەینی بەیانی، تفەنگم دە شانم کردو شەش مۆمی گەورەم هەڵگرت و بەرەو ئەشـــکەوتەکە وەڕێ کەوتم. لە زارکی ئەشـــکەوتەکە هەتا بەشـــی ناوەوەی، ڕەهۆڵەیەکی تەنگەبەر بوو، بەڵام بەشـــی ناوەوەی ئەشـــکەوتەکە گەلێک ئاواڵە و بەر فەریح و گەورە بوو. لە تەرکی ئەرزەوە هەتا میچەکەی، نزیک بە حەوت مەترێک بەرزایی بوو. کاتێک شـــەمەکانم داگیرســـاندن و سەیری دار و دیوار و میچ و ئەرزی ئەشکەوتەکەم کرد، سەرم سووڕ ما. شۆق و شەبەقی دوو مۆم، ئەشکەوتەکەی زرینگاندەوە و چواردیوار ومیچ و تەرکی ئەرزەکەی ترو سکەیان پیدا گەڕا. هەر دەتگوت ئە شکەوتێکی ئاوێنەبەندە و بەردەکانی لە ئەلماس و زێڕ و زیو داڕێژراون. شـــۆلەی شـــەمەکانم بۆ هەر بەرێک ڕادەگرت، بەردی پێکهاتەی ئەشـــکەوتەکە شـــەبەقییان دەدایەوە و دەترووســـکـانەوە. بەبـاوەڕی من ئەشـــکەوتەکەم جوانترین و دڵگرترین ئەشکەوتی سەر ڕووی زەمین بوو.

ژووری ئەشـــکەوتەکە تاریک بوو، بەڵام عەرزەکەی بە وردە لمێکی زۆر وشک و نەرم داپۆشرابوو. تەنانەت هەوای ناو ئەشکەوتەکەش وشک و بێ هەڵمەتوک بوو. لە مار و مێروو و وردە زیندەوەری زیانبەخش ئاســـەوارێک دیار نەبوو.

لە دۆزینەوەی ئەو ئەشکەوتە شاراوەیە، دڵم گەش بۆوە. تایبەتمەندیی هەر باشـــی ئەشـــکەوتەکە ئەمە بوو کە ڕێگای چوونە ژووری وەها لە خۆی داپۆشیبوو، کە زۆر بە زەحمەت دەدۆزرایەوە. کەسێک دەیتوانی بیدۆزێتەوە کە وەک خۆم گەڕیدە و عەودالی شوێنی شاراوە بێت. ڕێگای چووونە ژووری ئەشـــکەوتەکە بە هۆی تەنگی و تـاریکی، ئەوەنـدە تـایبەت بوو کە هەر دەتگوت تایبەت بە من و بە خواستی دڵی من داتاشراوە. ئەشکەوتەکە وەک پەناگایەکی بەمەتمانە بوو، کە دەمتوانی هەرچی شـمەکی بەکارهاتوو بوو ، بەرە بەرە ڕایان گوێزم و لە ســـووچێکی بەلاودا جێگایان بۆ دابین بکەم. بڕیارم دا لە هەلی یەکەمدا تفەنگ و باڕووت و وردە ســـاچمەی تەیبەت بە

داگرتنەوەی تفەنگ و هەموو ئەوشـــتانەی کە نیازیان بە جێگای وشـــکی شاراوە هەیە، ڕایانگوێزم.

ئەودەم کە لە گەمێی تێکشـــکاوماندا کەلوپەلی پێویســـتم ڕاگواســـت، بەرمیلێکی پڕی باڕووتی تفەنگم تێدا دۆزییەوە. بەرمیلەکە بە بارســـتایی سێ چوار قامکان ئاوی دزیبوو. بەڵام ئەمەی باش بوو ئەو بەشـە باڕووتەی کە ئاوی خواردبوو، چەشنی چەسپ و چرێش بەری تەشـەنای ئاوی گرتبوو. بەشی هەر زۆری باڕووتی ناو بەرمیلەکە، وەک کاکڵە گوێز وشک و بێ وەی مابۆوە و نزیک بە دوو سەت و هەشتا کیلۆ باڕووتی وشکم لێ دەرکێشا. ئەو بڕە بـاڕووتە و بڕێکی زۆر لە گرمووڵە ئـاســـنی تفەنـگ داگرتنەوەم بۆ ئەشکەوتەکەم ڕاگوێزا و هەر ئەوەندە گوولە و دەرمانەم لە ماڵدا هێشتەوە کە بەکاتی بەجێ و لە دەمی هێرش و خانەبگیریدا بتوانم بەرگری لە خۆم و سامانەکەم بکەم.

ترس بەڵایە و، ترسنۆکی نەخۆشینێکی جێی بەزەییە. لەو سەر و بەندە پڕ نەهامەتیەمدا منیش هەر وەک مرۆڤگەلی سـەرەتایی ببوومە ئەشـکەوت نشـین و ڕێگەی سـەخت و هەرە حەسـتەمم گرتبوویە بەر. دەترسـام و لە ترسـان بە ئامادەباشـی دەڕۆیشـتم؛ دانیشـتنم بە ترسـەوە بوو ، خەوتنم بە ترسـەوە بوو و ژیانم بە ترسـەوە تێپەڕ دەبوو. بەڵام جارجارەش غیرەتێکم وەبەر خۆم دەهێنا و دەمگوت :" ئەگەر ئینســـانخۆرەکانیش بە گەللایی هێرش بکەنە ســـەرم، بە هۆی پڕ چەکبوون و جێگای حەســـتەم و قەڵای بەردینم، سەرکەوتن بەمن دەبڕێت و دوژمنانم تێدا دەچن."

پیرە بزنە نەخۆشـەکەی نێو ئەشکەوتێ، دوای دوو ڕۆژ دەست و پەنجە نەرم کردن دەگەڵ مردن، مرد. من کەلاکی بزنە پیرەم بردە دەر و ژێرخاکم کرد. هەر ئەوێ ڕۆژێ کە بزنەپیرەم بە خاک ئەسپارد، تەمەنی نیشتەجێیم لە دوورگەدا گەیشتە بیست و سێ ساڵ. قسەی ڕاستی بێ، ئەگەر ترسـی هێرشـــی ئینسـانخۆرەکانم بە ســـەرەوە نەبوایە، وەها خووم بە ژیانی دوورگەکەم گرتبوو، کە پێم خۆش بوو هەموو تەمەنی دواییـنی خۆم لەو دوورگە ئازیزەمدا تێپەڕ بکەم و هەر لەو جێگەیەشـدا بمرم کە بزنە پیرەی لێ مرد.

لە دوورگەکەمدا شتێکی وای تێدا نەبوو کە پێی بخافڵێم و وەڕەزیمی پێ بشـــکێنم. تەنیا ئەو دەنگەی کە بێدەنگی بۆ دەشـــکاندم و دەیلاواندمەوە، چەنەوەڕی و زۆر بڵێیی تووتییەکەم بوو. سـەگە وەفادارەکەم دوای شـانزدە ســـاڵ برادەری و هاودەمی، بەهۆی بەســـەر چوونی تەمەن، لە پیریدا مرد. مردنی ســـەگەکەم بۆشـــاییەکی خەمناکانەی لە ژیانی ئاوارەییمدا بەجێ هێشـــت. پشـــیلەکانم ئەوەندە زۆر ببوون، کە منیان ناچار کرد پیرەکانیان بفەوتێنم و تەنیا سێ پشیلە جوان و تازەلاویان بهێڵمەوە. هاواڵ و هەمدەمی دیکەم دوو کاریلەی خرپن و بزۆز بوون، کە زۆرتر لە دەستی من شینکەیان وەردەگرت و خۆیان بە لەوەڕکردن ماندوو نەدەکرد. بۆ ئەوەیکە تووتییەکەم لە کەســـاســـی و یەکتەنی بێتە دەرێ، دوو تووتیی دیکەم بۆ ڕاگرتن. دوو تووتییە تازەکانیشم دوای ماوەیەک لاساری و بێدەنگی، لە پیرەتووتییەکەم فێر ببوون کە نـاوی ڕۆبینســـۆن کروزوو بڵێنەوە. ئیتر نێومـاڵەکەم هەرای تێگەڕابوو؛ ئەم بۆ ئەوی دەگوتەوە و ئەو لە ئەمی تری دەگێڕایەوە و دەبوو بە هەرا. چەند پەلەوەری دەریاییشم ڕاگرتبوون کە ڕەگەزەکەیانم نەدەزانی و نازانم ناویان چییە. پەلەوەرەکانم بە بێچوویی لە ڕۆخی دەریا گرتبوون و باڵم کردبوون. دوای باڵ هاتنەوە یان فڕین، بەڵام گەڕانەوە. باڵندە کان هەر لە نزیک ماڵەکەمدا، لە سەر داری ئەو دارستانەی کە بۆ حەشاردانی ماڵ و ژیانی خۆم چاندبوومن، هێلانەیان دانا و هێلکە و بێچوویان کرد و بوون بە ئەندامانی بنەماڵەی خۆم. هەمووی ئەوانە، گەڵبـازە و ئـامرازی حاوانەوەی خۆم بوون و ئەگەر ترســـی ئینســـانخۆرەکان لێیان گەڕابایەم، تاکانە خۆشبەختی ئەو دوورگەیە و هەموو دونیا ، هەر خۆم بووم.

ئەم بەسەرهاتە، لە مانگی دەسامبەر دا قەوما. لە مانگی دەسامبەر دا زۆربەی دەم و کـاتی من لە هـاوینە هەوارەکەمدا تێپەڕ دەکرد. هەر لەوێ ماڵێکی قشـــپیلانەم ســـاز کردبوو. ئەو ماڵە و ئەو مەزرایەم لە ڕاســـتیدا کارگەی وشـک کردنەوەی میوەی و، شـوێنی لە تەرەدانی گەڵای تووتن بوو. بەرامەی خۆشـــی ئەم بەرەی نیشـــتمـانەکەم زۆر تـایبەت بوو؛ لێی دەحەسامەوە و تێیدا ئارامم دەگرت. ڕۆژانە بە کۆکردنەوەی بەر و بەرهەم، ڕۆژم بە شەو دەگەیاند و شەوانەش هەر لەوێ دەخەوتم.

ئەو ڕۆژەی کە ئێستێ بۆتانی باس دەکەم، بەیانی بەر لە تاوهەڵاتان لە خەو هەستام و خۆم تێکنا کە دوای نانی بەیانی، سەردانێکی دەرەوەی چارداخەکەم بکەم و دوایە دەست بەکار ببم. هەرکە سەیری دەور و بەری خۆمم کرد، لە بەری دەریاوە و لە مەودا ڕێیەکی پێنجسەت مەتریمەوە بڵێسەی ئاگرە گڕەیەک لە تارمایی بەرەبەیانیدا سەمای دەکرد و بەر چاومی دەجووڵاندەوە. سەمای ئاگرەگڕەکە هەر لەو ئاقارەوە ڕووناکایی بڵاو دەکردەوە کە ئینسانخۆرەکان بە قەراری هەمیشەگیی خۆیان بەزم و ڕێورەسمی دیل خورادنیان تێدا دەگێڕا.

ترس هەڵیگرتم و بەهەڕەمە ڕێگای ماڵی ڕوو بە دەریام گرتەبەر. تازە لە پەیژەکان هاتبوومە خوارێ، کە یەکجێ بەرهەمی ڕەنێوهاتووی کۆنەکراوەوەی هاوینە هەوارەکەم کەوتەوە بیر. من پێم وابوو ئەگەر ئینسانخۆرەکان بۆ گەشت و گەڕانێک بە ڕووکاری ئەودیو دا هەڵکشێن و ئەو گشتە بەر و بەرهەمە ئامادەکراوە ببینن، هەست بە بوونم دەکەن و بە شوێنمدا دێن و دوورگەکەم لێ داگیر دەکەن. ئەگەر ئەوان ئەو گشتە بەرهەمە و ئەودانگە بزنەگەلە دەوڵەمەندە ببینن، تۆ بڵێی تازە دوورگەکەی من جێ بهێڵن؟! لێی بێشکم کە ئەم گشتە ناز و نیعمەتە چاویان سوور دەکا و بەشوێنمدا دێن. بۆ دۆزینەوە و دەسبەسەرکردنم، بست بە بستی وڵاتەکەم دەپشکنن و شوێنم هەڵدەگرن؛ دەمدۆزنەوە و دەمگرن و دەمخۆن و دوایی بە هەموو شتێک دێنن. بە دەم ئەم خەیاڵە تاڵە وزەبڕووکێنانە، هاتمە سەر ئەمە کە دەست پێ بکەم و لە پەرژین و باخ و باخچەوە پێدا بێم و دواییش بکەومەوە سەر مۆڵگەی ئاژەڵان؛ مەزرا و زەرعاتان خاپوور بکەم و بزنەگەل بەرەو جەنگەڵ هان بدەم.

بەڵام هەر چۆنێک بوو، ددانم بە جەرگم داگرت و لە پەرژینان وەسەر کەوتم. دوای هەڵکێشانەوەی پەیژەکانم، ئەمجار بە وردی بە حەوشەکەم دا ڕوانیم و سەیرێکی تفەنگی ئامادەکراوی پەنجەرۆکەکانم کردو غیرەتم بزووت. خۆم بۆ بەربەرەکانێ ئامادە کرد و جلکی ترس و تاسانم لەبەر خۆم داماڵی. هەموو تفەنگ و دەمانچەکانم پڕ کردن و خۆم کێشایە سەر پشتی ئەشکەوت و بەسنگەخزە خۆم دە مەتەرێز هاویشت. مەتەرێزەکەم ڕوو بە سەکۆی دانیشتنی ئینسانخۆرەکان بوو. بڕیارم دا، پەنا بە یەزدان، دژ بە

نەیاران شەڕ بکەم و خۆم لەو دوو دڵی و ڕاڕایی بستێنمەوە. ماوەیەکی دوو کاتژمێری چاوەڕێی دوژمنم کرد، بەڵام دوژمن هەر لەوێ دانیشتبوون و خەریکی کاری خۆیان بوون و جووڵەیان نەدەکرد. سەبر و قەرارم لێ هەڵگیرا. هاتمە سەر ئەوە کە لە ماڵ بچمەدەرێ و بزانم لە دەرەوەی ماڵی مندا چی ڕادەبوورێت. کەس نەبوو خەبەرێکم بۆ بێنێت. دانیشتن لە ماڵیشدا جگە لە ترس و خەیاڵی پووچ، هیچ پنجێکی بە کەڵکی لێ شین نەدەبوو. تینم بە خۆم دا و بە دوو پەیژە دا وەسەر گرەبەردەکانی سەر ئەشکەوتە بچکۆڵەکەم کەوتم. هەر لەوێوە، لەسەر زگ ڕاکشام و بە دووربین سەیری کارەساتەکەم کردن. ئینسانخۆرەکانم هەژماردن؛ نۆ کەس بوون. ئەوان لە دەوری ئاگرەکەدا کۆزیلکەیان بەستبوو. ئاگرکردنەوەیان سەرەتای بەرنامەی حیندرحۆیان بوو؛ دوایەش برژاندنی لەتکە گۆشتی مرۆڤ و، خواردن و حیندرحۆی ئاخریان. لە کەنار دەریاوە دوو لۆتکەیانم دیت. دەردەکەوت ئەوان نەزمی هەستان و نیشتنەوەی ئاوی دەریا لە من باشتر دەزانن و، دەنزانن کەنگێ کاتی نیشتنەوەی ئاوی دەریا دەگاتێ و لۆتکەکانیان چ کاتێک بە ئاو دابدەن و چلۆن بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە. هەر ئەودەم منیش بۆم دەرکەوت کە لە نۆرەی هەڵکشانی ئاوی دەریا دا دەبێ لۆتکەکەم بە ئاو دابدەم و تێر بە دەریادا بخولێمەوە.

هەر لە سەر پشتی گرەبەردەکانەوە بە دوربین سەیرم کردن. ئاوی دەریا خەریکی پاشەکشێ و بەردانی کەنارانی بوو، ڕەش پێستەکان بەرز بوونەوە و دوای سەماکردن و حەی و حوویەکی سەرخۆشانە، بەرەو لۆتکەکانیان داگەڕانەوە. لۆتکەکانیان ڕاست بەرەو ئاقاری ئەو وشکانیانە ئاژواند کە لە دوورگەکەی منەوە بە حاستەم دیارن. ئەوان دوور کەوتنەوە. منیش دوو تفەنگم خستە سەر شانم و دوو دەمانچەکانم لە کەلەکێم بەستن و شمشیرە درێژەکەم هەڵگرت چوومە شوێنگەی جەژن و شاییەکەیان. لەوێوە سەیرم کردن؛ دوو لۆتکە لە بەرەوە و یەکیش لە دواوە دەڕۆییشت. ئەوان ڕۆیشتن و من چوومە شوێنی بەزمی ڕێوڕەسمەکەیان. لە دەور و بەری کوانووی ئاگری گەرمیاندا دیمەنی قێزەونی لەت و کوتکردن و برژاندنی ئەندامی لەشی مرۆڤم بە چاو بینی. دیتنی ئەو دیمەنە ناشیرینە، کین و ڕقێکی ئەوتۆ گرژ و تووڕەی لە مندا پێک هانی کە شەرتم کرد لە کاتی گەڕانەوەیاندا هەر

چەندی کە بە هەژمار زۆر بن، یەکێکیان بەساغی نەهێڵمەوە و تاقبڕیان بکەم.

لەو ڕۆژەوە کە ئینسانخۆرەکان سەردانی دوورگەی منیان کرد و ڕۆیشتن، پانزدە مانگ تێپەڕی و هیچ سەر و سۆراغێکیان دیار نەبوو. ماوەی ئەو پانزدە مانگانە، بە بەردەوامی دڵەڕاوکێم بوو. بە ڕۆژ خەم میوانم و شەوانەش خەونم پێوە دەدیتن. کابووسە خەوەنەکانیان ژیانی لێ شێواندبووم و هەدادانی لێ هەڵگرتبووم. هیچ دەرەتانێکیشم شک نەدەبرد کە پێیدا تێپەڕ ببم و تۆز و تەمی بێ غیرەتی لە خۆم بتەکێنم. بیری شەڕ و کوشتاری ئینسانخۆرەکان بەرۆکی بەر نەدەدام و پلان داڕشتن و خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕ، عەشقی کارکردنی لێ کز کردبووم. گەڵاڵەی گەلێک کار و بەرنامەی بەکەڵکم داڕشتبوو کە ئاوەدانی و خێر و بەرەکەت و خۆشگوزەرانیی پێوە بوو. لەبری بەڕێوەبردنی پلانەکان، نەخشەی شەڕو پلانی کوشتاری بە کۆمەڵم ڕەسم دەکردن. پێم خۆش بوو بەر لە دابەزینی ئینسانخۆرەکان، بەسەریان دادەم و هەموو لۆتکەکانیاندا تێک و پێک بشکێنم و تەرمی کوژراوان بە سەر دەریا وەر بکەم. بەڵام گورجێک نەخشەی شەڕ و ئینسان کوژتنم دەگۆڕێ و شێوە شەڕی تر و پلانی تاقبرکردنیانم دادەڕشت. ببڕای ببڕا ش هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە کە لەو شەڕ و کوشتارەدا هەر ئەوان سەرکەوتوو دەبن و من تێدا دەچم. ئەوان خێڵی بێ هەژماری ڕەش پێستانی ئەو دەوەرەیان لە پشت بوو و من تاکێکی بە تەواو ماناوە تەنیام. تەنانەت جارجارە بیریشم لێدەکردەوە کە هەیاران ئەگەر پۆلی ئینسانخۆرەکانیش بکوژم، ئاخر من خۆیشم دەبم بە ئینسانکوژێکی بێ بەزەی بێ ویژدان.

دیسان ترس و تاسان وەهای ژیان لێ تاڵ کردمەوە، کە بە کاتی هاتنەدەر و لە دەمی ڕۆیشتنمدا گەلێک بە پارێزەوە هەنگاوم هەڵدەهێنایەوە. پێم وابوو دەور و پشت و هەر چوار تەنیشتم پڕی ئینسانخۆرە و هاکا گرتیانم و خواردیانم. لە هەر هەنگاوێکدا چەندین جار سەیری ئەمبەر و ئەو بەرانم دەکرد و گوێم بۆ بیستنی دەنگی نەبیستراو ڕادەگرت. ئەودەم کە بزنەکانم ڕاگواستن و شوێنێکی بەلاوەی بە مەتمانەم بۆ ساز کردن، تۆزکاڵێک حەسامەوە. ئاژەڵەکانم هێژاترین دەست و

پەیوەندی من و ئازیزترین جۆباری خێر و بەرەکەتی من بوون. بەبێ ئەوان، هەر نەک سـفرەم بەتاڵ دەبوو، بەڵکە کانگای گولە و دەرمانی تفەنگیشـم بەرەو نەمان دەڕۆیشـت. پاراسـتنی ئەوان لە مەترسـی، خۆی لە خۆیدا هومێدێکی مەزن بوو بۆم. تەقەکردن و ڕاوی ئـاژەڵ بە تفەنگم وەلانـابوو. تفەنگم تەنیا بۆ پاراستنی خۆم دە شـان دەکردن. تەقەی تفەنگ، ڕەنگە لە هەلی یەکەمدا ڕەش پێستەکان بترسێنێت، بەڵام سوور دەزانم یەکێکیان لێ دەربچێت، خەبەر بەهەزاران دەگاتەوە و پڕی سـەدان لۆتکە بە سـەرم وەردەبن و تاڵەسێوانم دە خەو دێنن.

لە ماوەی ئەو پانزدە مانگانەدا، بە ڕۆژ جارس و خەمبار و شـەوانەیش خەونی پەرێشـان و کـابووسـی گیـان تەزێنم دەدیتن. بە دەم خەونی پەرێشـانەوە یەک گەز ڕادەچەنیم؛ لە خەو ڕادەپەڕیم و هەتا ڕۆژ خەو بە چاوانمدا نەدەهاتەوە. شەوێک لەو شەوانە خەونێکی سەیر پەرێشانم دیت و هەتا چەند ڕۆژانیش هەر پێی هەڵدەلەرزیم. لەو خەوەدا خۆم ئاوا هاتە بەرچاو، کە تاقمێک ئینسـانخۆرم کوشـتبوون، بەڵام یەکیان توانی لە چنگم دەربچێت. ئەو ڕایکرد و هاواری بۆ هۆز و عەشـیرەتان برد و خێڵی ڕەش پێستانی لێ هاندام. ئینسانخورەکان بە هەزاران هاتن و بە دەشت و دۆڵ و چەم و دارسـتـاندا بڵاو بوونەوە. لەو خەوەدا من کێو بە کێو لە چنگیـان ڕامکرد و ئەوان ڕێی هەڵاتنیان لێ ئەستاندمەوە و دە گەمارۆیان خستم. لە گەمارۆیاندا منی تەنیا هاوارم کرد و دەسـت و پەلم لێکدا؛ هەر هێندەم هاوار کرد و هەر ئەوەندەم خۆ بە دار و دەوەنان دادا، کە تاقت و توانام هاتە سەر سیفر و لە پێ کەوتم. باش بوو لە خەو ڕاپەڕیم ئەگینا لەوانەبوو هەر لە خەو دا گیانم دەرچووبایە. نوێن و بانەکەم وەها بە ئارەقی ترس تەڕ کردبوون، هەر دەتگوت حەمامە و من شڵەژاندوومە.

دەهات بیسـت و چوار سـاڵی تەمەنی نیشـتەجێیم لەو دوورگەکەمدا بە ئاخر بگەیەنم، کە لە نێوەڕاسـتی مانگی مای دا تۆفانێکی هەر ئەوندە بەهێز دەریا و وشکانی داگرت، کە چاو چاوی نەدەدیت. شریخەی سامناک و چەخماخەی هەور، پەسـا پەسـا، زەوی و دەریای پێکەوە دەهەژاند. تۆفان هەتـا نیوەی شـەو درێژەی کێشـا. من کتێبی پیرۆزم کردەوە و خەریکی خوێندنەوەی بووم، کە لەپڕ دەنگی زرمەی تۆپێکم لە لای دەریاوە بە گوێ

گەیشـــت. بیســـتنی زرمەی تۆپی گەمیٚ، منی لە جیٚگا هەڵبەزاندەوە. خیٚرا پەیژەم بە لاملە بەردی سەر پشتی ئەشکەوتەکەوە نا و پیٚی هەڵاچووم. هەر ئەودەم گویٚم لە دەنگی زرمەی تۆپیٚکی دیکە بوو. پیٚم وابوو گەمیٚی بازەرگانانە و لە باوەشـــی شـــەپۆلەکاندا لیٚی قەوماوە و بانگی یاریکاران دەکات. منی بیٚچارەی دەستەوەستان زرمەی تۆپەکانم دەبیستن، بەڵام لە چواردیواری تەنگەبەری دوورگەیەکدا ، من قەتیس مابووم و دەستم بە هیچ لایەک ڕانەدەگەییشت. بەڵام یەکجیٚ کەوتمە سەر ئامازەی شۆڵەی ئاگر و خیٚرا بۆی بزووتم. گورجیٚک چووم و باوەشـیٚکم وشـکەڵەدار هیٚنا و لە سـەر پشتی ڕەوەزە بەردەکانەوە گڕم تیٚبەردان. بای سەرشیٚت، سەمای بە گڕی ئاگر کرد و گڕی ئاگری چەشنی خولخولە سووڕاند. سەمای ئاگرەگڕەکە لە باوەشـــی تاریکیدا شـــەبەقی دەخســـتە ســـەر ســـنگی دەریا و جار جارە ترووســـکەی پیٚدا دەگەڕاند. من دلنیابووم کە گەمیٚی باوەشـــی تۆفان گڕی ئاگرەکەی منی دیوە. خۆزگە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و نەجاتی من، لیٚم نزیک بکەوتبانایە و دەستمان پیٚک ڕاگەیشتبایە. دەنگی تۆپی سیٚییەم ڕایگەیاند کە گەمیوانەکان گڕی ئاگری منیان دیتووە. بە دوای تۆپی ســـیٚییەم، چەند تۆپیٚکی تریشیان ئاگر دا و ئیتر تەواو!

هەتا ڕۆژ بۆوە، من هەر لە سەر پشتی گڕەبەردەکەوە، بەردەوام بە دیار ئاگر دانیشتم و پەسا پەسا وشکەڵم بەسەر دا دەکرد و ئاگرم نیٚڵ دا. بەیانی زوو لە ڕیٚگـای دووربینەوە ســـەیری بەری ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەم کردو پەڵەیەکم بە سەر دەیاوە بینی، بەڵام بۆم ساغ نەبۆوە چییە.

بە دریٚژایی ئەو ڕۆژە، چاوم لەو ڕەشـــاییە کل نەکرد و بەردەوام بە دووربین ســـەیری ئەو خـاڵەم کرد. من پیٚم وابوو گەمیٚی بـازەرگـانـانە و لەنگەری هاویشـــتووە. بۆ ئەوەیکە لیٚی دڵنیا بم، تفەنگم هەڵگرت و چوومە سەر کەل. هەوا ڕووناک و دنیا ئارام بوو. من لەو سەرەوە بە وردی سەیری ئەو پەڵەیەم کرد و بۆم دەرکەوت کە گەمیٚ خۆی بە کەندی کەنار دەریا دا کیٚشـاوە و تیٚک شـکاوە. خەمی گەورەم ئەوە بوو کە نەمدەزانی چەند کەس لە سەرجەمی دانیشتوانی گەمیەکە زیندوو ماون.

من ناتوانم ڕستەیەک بدۆزمەوە کە پلەی ئاواتەخوازییەکانی خۆمی پیٚ دەرببڕم. بەڵام هەر ئەوەندە دەتوانم بە خویٚنەری ئەم نووسراوەیە بڵیٚم کە

من لە ئەوپەڕی دەســتەوەســتانیدا، لە ســەر ئەو تەقتەقە بەردە مامەوە و هیچم لە دەست نەهات.

بە دڵ خۆزیاگەری ئەوە بووم کە سەد خۆزگە و هەزار بریا دە ستم پێیان ڕاگەیشــتبایەو هەواڵیکم لێ زانیبانایە. لە خەمان و لە بێ دەســەڵاتی ، کەوتمە ســەر خاک و چۆکم دادا و دوو دەســتەکانم بەرەو ئاســمان بەرز کردەوە؛ نزاکار بووم و پاڕامەوە. خۆش خۆش دەمگوت:" شــەڵڵا هیچ نەبێ هەر تەنیا کەسـێکیان بە ســاغی دەربچێت و ببێتە هاودەم و هاواڵم. تاک کەســێکیان ڕزگاری بێت و دەســتم پێی ڕابگات؛ ئیتر خەمی تەنیایی و تەریکبوونم نامێنێت".

هەتا ئەو دەمە، قەت ئەوەندە هەستم بە تەنیایی و بێکەسی نەکردبوو.

نیگای چاوی هیوام هەر بەرەو ئەو ئاقارە دەخوشــی کە ڕەشــایی گەمێی شــکاوی پێوە دیار بوو. بۆم ڕوون نەبوو گەمێی چ وڵاتێکە و چەند کەســی تێدابووە و چەندی لێ دەرچوون. چەندرۆژێک پێچوو، تەرمی مەلەوانێکی گەمێی تێکشــکاوەکە بەدەم شــەپۆلانەوە ســەردانی کردم. گەمێوانەکە تازەلاوێکی هەژار بوو. چاکەتێکی ســاکاری کرێکاری و دوولینگەیەکی کورت و کراسێکی سپی دەبەر دابوو. لە گیرفانەکانیدا هیچ بەرگەیەکی تێدا نەبوو کە بزانم کوێندەرییەو لە کوێوە هاتووە. لە گیرفانەکانیدا دوو وردە پووڵی چرووک و پەیپێکی تێدا بوو کە پەیپەکەی بۆ من لە دراوەکەی بایەخدارتر بوو.

هەرکە تۆفان کەوت و، دەریای ئارام و هەوای ساف و ئاسمانی بێ هەورم بینی، ئارەزووی ســەفەری دەریا و دیتنی گەمێی تێکشــکاوم کرد. دیتنی گەمێ بۆ من تەنیا یەک هومێدی تێدابوو، ئەویش زیندوومانی مرۆڤ بوو و بەس. حەز بە زینـدوومـانی مرۆڤیش خۆی لەوەدا دەدیتەوە کە من خۆم کەشتی شکاوێک بوم و بە تاق دەرچو بووم. ژانی تەنیایی و بێ کەسیم هەر تەنێ بە دۆزینەوەی مرۆڤ سارێژ دەبوو؛ هاونشـینێک بۆ من هەموو شـتێک بوو.

یەکجێ خۆم ساز کرد و لۆتکەکەم ئامادەی سەفەر کرد. کەلوپەلی وەک: بڕێک نان، تونگەیەک ئاو، شووشـەیەک شـەربەتی وزە، قرتاڵـەیەک کشمش، برنج، بڕێک نانی شیرین، بڕێک پەنیر، تونگەیەک شیر و چەترێکی گەورە؛

ئەوانەم لە لۆتکەکەدا جێ دا و پەنــا بە یەزدان وەرێکەوتم. لـووتـی بەلەمەکەم ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەم باداوە. لە ئاخر زمانەی تیشـــە بەردەکەی ئەودیوی دوورگە دەورم لێداوە و ڕێگای نێوەڕاسـتی دەریام گرتە بەر. ترسم لە شەتاوی دەریایی بوو کە وەک جاری پێشوو ڕەپێچەکم بدات و بمفرێنێت. تووشـــی دڵەڕاوکێ هاتم و بۆ خۆپاراســتنم، لۆتکەکەم بەرەو کەنداوێکی بچکۆڵانە برد و دابەزیم. لە سەر تەپۆڵکە ڕەلمێکی قەراغ دەریا دانیشتم و لە نێوان ئارەزووی گەرمی بە مرۆڤ گەیشتن و ترس و دڵەڕاوکێدا کاتم بردەسـەر. ئاخرسـەر بە خۆم گوت:" با بچمە سـەر گردی بەرامبەری و لەوێوە بە ســـەر دەریا دا بڕووانم و بزانم ئاخۆ ڕێچارەم چییە! دەبێ لە هەستانەوە و نیشتنەوەی ئاوی دەریا و ڕەوتی شەتی دەریایی شتێک بێتە دەستم جا ئەودەم خۆم بە ئاو دا بدەم".

لە گرد وەسەر کەوتم و ماوەیەک بۆی دانیشتم و لەوێوە بە وردی سەیری دەریا و هەڵکشــان و داکشــان، هەروەها تەماشــای ڕەوتی شــەتاوی دەریاییم کرد. هەر ئەودەم بۆم دەرکەوت کە ســـەرەتـای دابەزینی ئـاوی دەریـا لـە باشـــوورەوە دەســـت پێدەکات و هەر دەمیش دەتوانم شـــەتاوی دەریایی تێپەڕێنم. لە گەڕانەوەشـمدا بە پێچەوانەیە و دەبێ چاوەڕوانی هەسـتانی ئاوی دەریا بکەم و بەرەو نیشتمانەکەم بگەڕێمەوە.

بەم زانیـارییە بەنرخەی کە وەدەســـتم هـاتبوو، تەواوێک کرامەوە. لە ڕاستیدا کلیلی چوون و گەڕانەوەم کەوتە دەست و لێی ئەرخەیان بووم. ئەو شـــەوە لە لۆتکەکەم دا خەوتم و بەیانی زوو لە خەو هەســـتام و لە کاتی نیشـــتنەوەی ئاوی دەریادا خۆم بە ڕەوتی نیشـــتنەوەی ئاو دادا و بە ماوەی دوو کاتژمێران گەیشتمە نزیک گەمیەکە. دیمەنێکی دڵتەزێنم بینی. شەپۆلە شێتە، پاپۆڕەکەی بە چەشنێک بە نێوان دوو دۆڵی بچووکی ڕەوەزە بەردێکدا کێشـابوو، کە بەشـی پشـتەوەی بە تەواوی تێک قرمابوو. بەشـی پێشـەوەی ئەگەرچی لەو وەیشـوومەیە نەجاتی هاتبوو، بەڵام ئەسـتووندەکی مەزن و بچووکەکەی لە بنەوە شـــکابوون و تەنیا چارۆکە مەزنەکەی بە ســـاغی دەرچوو بوو.

هەرکە لە گەمیەکە نزیک کەوتمەوە، ســـەگێک لە نێوان دار و تەختەی شکاوی گەمییەکە خۆی نیشان دام و دەستی بە حەپە حەپ کرد. بانگم کرد،

بە پڕتاو خۆی بە ئاو دادا و هاتە لام. هەر ئەوەندە برسـی و توونی بوو، کە توانای لە سـەرپێ ڕاوەسـتانی نەبوو. منیش گورجێک نان و ئاوم بۆ دانا و هەر بلێی یەک و دوو قووتی دا.

لە گەمیەکە وەسـەر کەوتم و لە یەکەم دیدار دا تووشـی دیمەنێکی یەکجار خەمناکانە هاتم؛ دوو کەس، هەر دووکیان دەسـتیان دە هەمێزی یەکتر وەراندبوو و لەو حاڵەدا خنکابوون. لە یەکەم دیدار دا زانیم کە جگە لە سـەگەکە، هیچ گیاندارێکی زیندووی تێدا نەماوە. سـەرجەم کۆگاخانەی گەمیەکە ئاو گرتبووی. چەند بەرمیلی شەرابم دۆزینەوە، کە بە هۆی قورس بوونیان توانای هەڵگرتنیانم نەبوو. چەندسەندووقێکم چاو پێکەوتن، کە زۆر قورس بوون و هەر تەنیا دووانم بۆ هەڵگیران. چەلەنگێک و دەبەیەکی گەورەی پڕ لە باڕووتی تفەنگیشم ڕاگواستە ناو لۆتکەکەم. لە ئاکامی گەڕان و پشکنیندا، چەند مەقاش و خاکەندازێک و دوو مەنجەڵی مسی و مەنقەڵێکی گۆشت برژاندن و دەزگایەکی شوکلات چێکردنم بە ساغی دۆزینەوە و بەرە بەرە ڕامگوازتن. دوای دامەزراندنی کەلوپەلەکان، سەگەکەم لە پەنای خۆم دانا و هەرکە نۆرەی هەسـتانی ئاوی دەریا گەیشـتێ، منیش هەوسـاری لۆتکەکەم بە ڕەوتی هەسـتانی ئاو ئەسـپارد و دەگەڵ ڕەوتی ئاو بەرەو دوورگەکەم گەڕامەوە. من و سەگەکەم شەو لە لۆتکەکەمدا خەوتین. بەیانی کە لە خەو هەستام، بڕیارم دا ئەو کەلوپەلەی کە لە گەمیەکە هێنابوومن، ڕایـان گوێزمە ئەشـکەوتی پیرە بزنێ. بەڵام بەر لە بردنیـان، قفڵی سـندووقەکانم شـکاندن. یەکێک لە سـندوقەکان چەند تونگەی تێدا بوو کە بەدەنەی تونگەکان زیوئاژن کرابوون و لە هەر تونگەیەکیشـدا چەشـنە شەربەتێکی تێدا بوو کە بۆ سڵامەتی مرۆڤ باش بوون. هەر لەو سەندووقەدا چوار بانکـەی دۆشـاوی ترێیشـی تێدا بوون کە دوویان ئاویان دزیبوو و بەکەڵک نەدەهاتن، بەڵام دووەکەی تریـان بە سـڵامەتی دەرچووبوون. سـەرەڕای ئەوانە، چەند کراسـی زۆر باش، چەند بۆین باخی، شـەش دەسرۆکەی سپی و سێ توورکەی پڕی پولی زیو دەگەڵ چەند پارچە خشڵی جۆراوجۆرم هەر لەو سەندووقەدا دەرهێنان. لە سەندووقەکەی دیکەدا تەنیا چەند دەسـت لیباسـی هەرزان بایی و سـێ کووپەڵەی پڕ لە باڕووتی وردی تێدا بوو. بەتێکڕایی لەو سەفەرەم دا قازانجێکی ئەوتۆییم دەست نەکەوت.

گەلێکم پێ خۆش بوو لەبری خشــڵ و پارەی زیو، ســێ چوار جووت گۆرەویم دەسکەوتبایە؛ زۆر لەمێژە بێ گۆرێ ماومەتەوە. ئەو دوو جووتە پێڵاوەی کە دە پێی دوو خنکاوەکانی ناو گەمێ دابوون، باش بوون، بەڵام هاوتای کەوشی ئینگیزی نەدەهاتنەوە. ئەو وردە پارە زیوەی کە دەسکەوتی ئەو سەفەرەم بوو، تێکەڵ بە پووڵی ئەشــکەوتی پیرە بزنێم کردن. ئەگەر ڕێگـام بە کۆگا خانەی گەورەی گەمیە شــکاوەکەدا بردبایە ، بێ شــک شــتی زۆر بـایەخدارم دەســـت دەکەوتن و دەمتوانی دوای ڕزگـاریم لەم دوورگەیە، سامانێکی باش دەگەڵ خۆمدا بەرمەوە.

دوای ئەوەیکە شتومەکەکانم تاقەت کردن، لۆتکەکەم لە شوێنێکی نەدیو دا بەستەوە و خۆم گەڕامەوە ماڵ. ماوەیەکی باش لە ماڵدا پشووم دا و هەتا بە تەواوی نەحەسامەوە، لە ماڵ وەدەرنەکەوتم. بەڵام لە دەمی پشوودان و خەوتن و حەسانەوەشدا، هەر وریا و چاوکراوە و ئامادەی بەرگری بووم.

کەمتر لە ماڵ وەدەر دەکەوتم و ئەگەر مەیلی پیاســەشــم هەبوایە، خۆم لەو ڕێگایە گێل دەکرد کە جێی بەزمی ئینسانخۆرەکان بوو؛ هەر ببڕای ببڕا بۆ لای نەدەچووم و لێێ زویر بووم.

ئەگەر کەلکەلەی هەڵاتن لە دوورگە و ئـارەزوی ڕزگـاری دەســتی لە بەرۆکم بەردابـایە، دەمتوانی گەلێک پلان و پڕۆژەی بـاش دابڕێژم و لە سـێبەریاندا باشـتر بحەسـێمەوە. هەر لە سـۆنگەی ئارەزووی ڕاکردنم لە دوورگەدا، تەواو هۆش و هەست و فامم هەر لە دەوری ئەو گەمیە خنکاوەکەدا دەگەڕا کە کەسی تێدا نەمابوو. گرووی سەفەرکردن و هەڵاتن لە لایەک و لە بەرێکی ترەوە ئەگەری سەدان مەترسی دەریاش، منیان دەهێنا و دەبرد. لە ڕاسـتیدا من خۆم بۆ سـاغ نەدەبۆوە و هەر ئەم ڕاراییەش بەە کە دەسـت و باڵی لە کار و چالاکی سارد دەکردمەوە. زۆر جارانیش یادی بەلەمی پادشای دزانی دەریـاییم دەکەوتەوە بیر ،کە من و کســووری لە "ســالە"ەوە پێی دەرچووین. ئەو بەلەمەم لە ژێر پێدا بوایە، هەر شــوێنێکی کە حەزم لێی بوایە دەمتوانی بەبێ مەترسی بۆی چووبایەم.

هەندە شــەوێک کە خەوم لێدەتۆرێ، دەکەومەوە ســەر یادی ڕابودووم و قۆناخەکانی ژیانی سەردەمی لاوێم دێتەوە بیر. ئەودەم کە لە ماڵی دایە و بابە هەڵاتم و ئەو ئازیزانەم جێهێشــت، ئەوە خەمبارترین بیرەوەریمە.

ژێرئاوبوونی یەکەمین گەمێی و گەیشـــتنم بە برازیلیا و کاری ورزێریی و دەوڵەمەند بوونم... دیسان سەفەری دەریایی و تۆفان و تێکشکانی گەمیٚ و تاک مانەوەی خۆم... ڕاگوێزانی ئامراز و کەرەســـەی پێویســـت لە گەمیٚ... چالاکی و ماندوو نەناسیم لە ڕێی پێکەوەنانی ژیانێکی تەسەل... ئەم بار و دۆخەی کە ئێستێ تێی کەوتبووم. بەدیتنی شوێن پێی ئادەمیزادێک هەموو شتێکم لیٚ شێواوە و مەیلی کار و چالاکیم وەلاناوە... لە دەمی بیٚ خەویمدا ئەوانەم بە مێشکدا دێن و لە خەویشدا خەونیان پێوە دەبینم.

شـــەوێک لە خەو دا خەونێکی زۆر ســـەیرم دیت. لەو خەونەمدا بەرە بەیانێکی زوو لە دەم دەریادا ڕاوەســـتا بووم و چاوم لە دوورە دەســـتان بڕیبوو. دیتم ئەوە دوو لۆتکە بەرەو دوورگەکەم بەڕێوەن و لە نزیک وشکانیدا یانزدە ئینسانخۆریان لیٚ دابەزین. ئەو یازدە کەسانە دیلێکیان دابەزاند و بۆ خواردن بەرەو هەر ئەو شـوێنەیان برد کە جێگای بەزمی هەمیشـــەگیی خۆیان بوو. لە پڕ دیتم دیلەکەیان لە چنگ دەرپەڕی و بە هەڵەداوان بۆ لای ماڵەکەی من هات. دیلەکە دەیەویســـت خۆی بە دارســـتانی بەر ماڵی مندا بکات و خۆی تێدا بشـــارێتەوە. من هەلم بە دەرفەت زانی و بۆی چووم و لە بەرامبەریدا ڕاوەستام. ئەو تەنیا و منیش تەنیا، بە ئاماژەی دەست ڕێگام بۆ کردەوە و هێنامە لای خۆم و لاواندمەوە. ئەمجار ژێر پیلیم گرت و لە پەیژەکە هەڵم کێشا و بردمەوە حەوشەکەی ماڵم و لاواندمەوە. لەو خەوە دا دڵم بەوە خۆش بوو کە ئیتر تەنیا و بێکەس و یەک دەســـت نیم؛ کەســـێکم هەیە کە لە دەریاوانیدا ســـەوڵم دەگەڵ لێبدا و لۆتکەم بۆ بازۆێنێت. دڵم خۆش بوو کە هاودەنگ و هاوکارێکی باشـــم وەگیر کەوتووە و لە تەنیایی ڕزگاریم هاتووە. لە گەرما گەرمی ئەو خەونە خۆشـــەمدا لەپڕ ڕاچڵەکیم و خەبەرم بۆوە. هەرکە زانیم هەموو خۆشی و شادمانییەکانم بە شەو خەونە و بە ڕۆژ خەیاڵن، گەلێک خەمناک بووم. بەڵام بۆ وەدیهێنانی ئەو خەونە بەپێویســـتم زانی هەنگـاوێکی بوێرانەی بۆ هەڵێنمەوە و بۆی ببزووم. بەپێویســـتم زانی بەکاتی هاتن و دابەزینی ئەوان، ژمارەی ئینســـانخۆر و دیلەکـانیـان بژمێرم و بزانم چەندن. ئەودەم کە زانیم هێز و توانـای بەربەرەکانیم دەگەڵ هەژماری ئەوان یەکتر دەخوێننەوە و پێیان دەوێرم، ئەوەدەم پیِیاندا بدەم و تاقبڕیان بکەم و دیلیان لیٚ بســـتێنم. تەنانەت

ئەگەر تاکە دیلێکیشم وەدست کەوێ، هەر بەزیاد بێ و پێی دڵشادم. دەتوانم بە ئارەزووی خۆم ڕای بێنم و فێری هەموو کارێکی بکەم و بیکەمە هاودەست و هاوکاری خۆم. تاکێکیانم وەگیر کەوێ، لە باری هێزی کارەوە دەبین بە دوو ؛ ئەودەم ئیدی من دەحەسێمەوە... خەمی تەنیایی و بێکەسی گەلێک ناخۆشە و کەس ناتوانێ هەتا سەر دەگەڵی بژی. بەڵام هەرکە بیرم لە شەڕ دەکردەوە و دەهاتە بەرچاوم کە دەستم بە خوێنی کەسانێک سوور دەبێ کە هیچ تاوانێکیان دەرهەق بە من نەکردووە، ئەودەم لە شەڕ و خوێن ڕشتن پاشگەز دەبوومەوە و لە خێر و بێری هاودەم و ئاواڵیش چاوم دەنووقاند و نەمدەویست.

من لە پلان دارشتنم بۆ ڕزگارکردنی دیلی بەردەستی ئینسانخۆرەکان، هەر نەک بە کردەوە، بگرە لە بارەگای ویژدان و فام و مشووریشمدا قەت قەت حەزم نەدەکرد دەستم بە خووین سوور بکەم. لە شەر و ئینسان کوشتن بێزار بووم و لە بیرکردنەوەکەشی دڵم دەلەرزی. بەڵام بەرگری لە خۆم و دەسکەوتەکانیشم بە ڕەوا دەزانی و حەیفم دەهاتێ کە بەرهەمە ڕەنجی ساڵەهای ساڵی دەربەدەریم، بە دەست کەس و کەسانێکەوە زایە بێت کە ئارەقیان بۆ نەڕشتووە. لەو نێوەدا، بۆ ئەوەیکە ئەوان بە دستی من نەکوژرێن و من بە دەستی ئەوان لەتوپەت نەکرێم، باشترین هیوام ئەوە بوو کە دیلێک لە دەستیان دەربچێت و من بتوانم دەستی بە سەر دابکێشم و دیلەکەیان بکەمە کوڕی خۆم و لە تەنیایی بێمە دەرێ. کەوایە بۆ ئەویکە دەرگیری شەڕ نەبم، دەبێ خۆیان لێ بپارێزم و وریا و چاو کراوە بم و چاوڕێی دەرفەتێکی وا بکەم کە هۆمێدم بێتە دی.

هەژدە مانگ بە سەر ئەو خەون و ئەو بڕیارەمدا تێپەڕی، بەڵام هیچ ئینسانخۆرێک قاچی نەنایە خاکی دوورگەکەی من. بەو حاڵەشەوە، ڕۆژ نەبوو سەردانی ئەو شوێنە نەکەم کە کۆنە چاڵی ئینسانخۆرەکانە. بەرە بەرە هاتوچۆی هەموو ڕۆژانی من بۆ ئەو شوێنە، تەواو لە خۆمی بەگلەیی کردم کە بۆچی ئەوەندە وازی وازی و بێ قەرارم! بەڵام سەیر ئەوە بوو کە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ خۆم سوورتر و پێداگرتر هەست پێدەکرد کە دیلێک چەشنی کەو بە دەست بگرم. چەلان چەندەم خۆ لە دیتن و لە دیداریان دەپاراست، ئێستێ وا نەمابووم. لە دەروونی خۆمدا شتێکم هەست پێکردبوو کە سەد

جار سەد جار ئازاتر و بوێرتری کردبووم. سەیرەکەی دەوە دابوو کە غیرەتم بزووتبوو و ئیشـــتیهای دیلی ڕاکردووم دەکرد کە خۆ بخاتە باوەشـــمەوە. بۆ ئەو بەرەنگار بوونەوەش چاوەڕوانی دەرفەت بووم، کە ئەو دەرفەتەشـــم بۆ ڕەخسا.

ڕۆژێک، بەیانی زوو لە ماڵ هاتمە دەر و هەرکە ســـەیری کەنار دەریام کرد، شەش لۆتکەم بینی کە لە ڕۆخی دەریا بەستراونەتەوە. دڵنیا بووم کە لۆتکەی ڕەش پێستەکانە و هەر ئێستێ لە دوورگەکەمدا دابەزیون. مەودای نێوانی من و ئەوان زۆر بوو. من ئەوانم نەدەدیتن و نەمدەزانی چەند کەسن و چەند دیلیان پێیە. بەڵام چونکە دەمزانی هەر لۆتکەیەکی ئینسانخۆرەکان، پێنج یان شەش کەسان هەڵدەگرێت، بە حیسابی سەر قامکان هەژماردمن کە ژمارەیان نزیک بە 30 کەس بوون. ئەو گشـــتە ئینســـانخۆرە دەگەڵ حیســـاباتی من یەکتریان نەدەخوێندەوە. منی یەکتەن کوا باشـــاری ســـی کەسان دەکەم؟.. چلۆن دەکرێ تاکە کەسێک دەگژ 30 کەسان ڕۆبێت؟

گوتم:" ئەوە شەڕە و هاتۆتە بەر دەرگام و دەبێ دەسکەرەوە بم. دەست لە سەر دەستدانان حیزانەیە و شەرم و شووڕەییە. دەبێ بۆیان وەسەر کەل کەوم و لەوێوە ژمارە و چەکی دەســـتیان و ژماری دیلەکانیان بژمێرم و دوایەش...

خۆم ئامادە کرد. دوو تفەنگەکانی لاشانم لە پاڵ پەیژەکەی خوارێدا جێ هێشتن و بە پەیژەکەدا هەڵگەڕامە سەرێ. بۆ ئەوەیکە نەبیندرێم، لە سەر ئاخر پلیکانی ســـەرەوە دا بەجۆرێک خۆم کووڕ کردەوە ، کە ســـەرم لە ئاخر پلیکانی پەیژەکە هەورازتر هەڵنەکشێت. لەوێوە بە دووربین سەیرم کردن و ژمارەیانم هەژماردن؛ بە ژمارە ســـی کەس بوون. ئاگریان کردبۆوە و سەرەتای ڕێوڕەسم و دەسپێکی جەژنی دیل برژاندن بوو.

ئاگریان کردبۆوە و بە خۆ بادان و حیندرحۆ بە دەوری ئاگرەکە دا نەرمە ســـەمایان بوو. چەندێکیان چوونە کەناری دەریا و دوو دیلیان لە لۆتکەیەک دەرکێشـــا و بە ڕەکێش ڕەکێش هێنایانن. دیلێکیان بردە بەر کوانووی ئاگر و بە زەربی تێڵا وەهایان کوتایە ســـەری کە یەکجێ پێ ڕاهات. چەندێکیان داگژانە سەری و ورگیان هەڵدڕی و کۆشتی زیندووی لەشیان لەتوکوت کرد و خســـتیانە ســـەر کڵی ئاگر و برژاندیان. من لە بینینی ئەو دیمەنە قێزەونە

دڵم کوڵی. ئەوان سـەرقاڵی برژاندن و خواردن بوون، بەڵام دیلەکەی تریان لە سووچێکەوە و لە ترسان هەڵدەلەرزی. ئەوان سەرگەمی خواردن بوون و دیلی داماویش لە سەر پێ چەقیبوو. ئینسانخۆرەکان مەستی گۆشتی خوێناوی بوون، کە دیلی تر کاتی بە دەرفەت زانی و بە هەرچی تین و توانای کە دە لەش و لاریدا بوو، بەرەوە پەناگەکەی من غاری دا.

من لە ڕاکردنی دیلەکە، لە خودی دیلەکە زیاتر ترسام. ترسی من لەوەدا بوو کە نەکا سەرجەمی ئینسانخۆرەکان بەتێکڕا بۆی ببزوون و بە شوێن سەریدا بێن.

خەونەکەی پارم چلۆن بوو، هەر ئەو جۆرەش دیلەکە ڕێگای دارستانی بەر ماڵەکەمی گرتەبەر و بۆم هات. من لە سەر جێگای خۆم جووڵەم نەکرد و چاوەڕێی دژکردەوەی ئینسانخۆرەکان سەبرم گرت. هەرکە دیتم تەنیا سێ کەسیان بەشوێن دیلی ڕاکردوودا دێن، دڵم کرایەوە. من بە وردی سەیری ڕەوتی ڕاکردنی دیل و شێوەی ڕەپێنانی ئینسانخۆرانم کرد. مەودا ڕێگای ئەوان هەتا ماڵەکەی من نیوکاتژمێرێکی دەخایاند. بەو خێراییەی کە دیلەکە بۆم دەهات، بە دڵنیایی زۆر زووتر دەگەیشتە دارستانەکە و ئیتر بۆ نەجاتی ئەو دەبوایە، من بۆی ببزووم.

لە نێوان ڕاکردوان و ماڵەکەی مندا ئاوکەندێکی بچووک، ئاوی دەریای وەک زمانەیەکی باریک بە وشکانیدا کێشا بوو. دیلی ڕاکردوو گەیشتە سەر لێوارەی ئاوکەندەکە و من لەوە ترسام کە دیل مەلە نەزانێ و هەر لەوێ گیانی لێ بستێنن، بەڵام وا نەبوو. دیلەکە بەبێ وەستان خۆی بە ئاو دادا و تەنانەت و ئەگەرچی ئاوی دەریا لە نۆرەی هەڵکشان دابوو، بەڵام باسکی لێدا و بەخێرایی ئاوەکەی بڕی و هەرکە ئاوکەندەکەی تێپەڕ کرد، خێراتر لە پێشوو باوی هەنگاوی توندتر کرد و بە ڕاکردن هات. لە سێ کەسەکان، تەنیا دوویان مەلەوان بوون و خۆیان بە ئاو دادا و کەسی سێیەم بەرەو یاران داگەڕایەوە. ئەوەندەی کە دیلەکە لە مەلەوانیدا چاک و چالاک و تیژ باسک بوو، ئەوانی تر بە نیو دانگی ئەو نەدەهاتنەوە؛ دیلەکە بۆ خەلاسی گیانی خۆی باسکی لێدەدا و ئینسانخۆرەکان بۆ زار و ورگیان.

من لەو حاڵەدا سەری ڕێزم بۆ یەزان نزم کردەوە کە هاودەمێکی بۆ منی ناردووە و ئەرکی ڕزگارکردنی ئەویشی بە من ئەسپاردووە. گورجێک لە

بستووی سەربانی ئەشکەوتەکەم دابەزیم و تفەنگەکانم دە شانم کردن بە هەڵەداوان خۆم خستە نێوان دیل و ئینسانخۆرەکانەوە. بانگی دیلەکەم کرد و بە ئاماژەی دەست تێم گەیاند کە ڕاوستێ و خۆی بخاتە پشت سەری من. بەڵام هەرکە دیل چاوی بەمن کەوت، خێراتر لە پێشووو تێی تەقاند. من تێی گەیشتم کە ئەوەندەی لە ترسی لەتوپەتکردن و خواردنی خۆی دەترسێت، لە بینینی من و سەر و پۆتەڕاکی ئینسان تۆقینی من، دوو ئەوەندە ترساوە. من زۆر بە ئارامی بەرەو دوو ئینسانخۆرەکان چووم و هەرکە یەکەمیانم لێ نزیک کەوتەوە، بە قۆنداخی تفەنگ وەهام دە لاسەری کوتا، کە بەبێدەنگی کەوتە سەر زەوی. ئەوی تریان گەیشتە سەرمان و تیری بۆ دە کەوان نابین، بەڵام نەمهێشت زێی کەوان بکێشێتەوە کە بە یەک گوللە خستم. دیلی ڕاکردوو بە دەنگی شریخەی تفەنگ ترسا و ڕاوەستا. سەیری من و دوو نەیاری کەوتووی کرد و چاوی بە مۆلەق وەستا. لە ئاماژەکردنەکانی من و سەر و دەست ڕاوەشاندنەکانم زۆرتر ترسا و ویستی لە دەستی من ڕابکا، کە بە دەمی پڕ لە پێکەنینەوە و ئاماژەی سەر و دەست بانگم کرد. چەند هەنگاوێک لێم نزیک کەوتەوە، بەڵام ترسی ئەوەی دە دڵ دابوو کە ئەویش بە دەردی دوو ئینسانخۆرەکان بەرم؛ خەریک بوو ڕابکات. بەڵام من بە ئاماژەی پەنجە تێم گەیاند کە گیانی پارێزراوە و من پەنای دەدەم. من چەند هەنگاوێک بۆلای چوم و بە زەردەی سەر لێوانمەوە دەستم بۆ درێژ کرد. بۆ لاواندنەوە هەمێزم بۆ کردەوە. ئەمجار وەک ئەوەیکە لێم دڵنیا بووە کە خەیاڵی کوژتنی ئەوم نییە، چەند هەنگاوێکم بۆ هات. هەرکە گەیشتە لام، سەری لە سەر خاک دانا و قاچی منی خستە سەر سەری خۆی؛ بەمجۆرە پلەی وەفاداری خۆی پێ ڕاگەیاندم. من لە سەر خاک هەڵمگرتەوە و بە خەندە و پێکەنینەوە لاواندمەوە و بە هەمێزی گەرمم ئارامم کردەوە. لەو ئاماژە و ئیشارەتانە دابووین کە دیتم ئەو ئینسانخۆرەی کە بە زەربی قوونە تفەنگ خستبووم، زیندوو بۆتەوە و خەریکی هەستانەوەیە. دیلەکە بە دیتنی زیندوو بوونەوەی ئەو، ترسی لێ نیشت. هەر ئەودەم بە ئاماژەی دەست داوای شمشێرەکەمی کرد؛ دیار بوو تینووی خوێنی نەیارە و دەیەوێ تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە. شەمشێرەکەم دایە و ئەویش خێرا بۆی چوو. بە

یەک قەڵتی شـــەمشـــێر، ملی دوژمنی خۆی پەڕاند و شـــەمشـــێرە تەختەی کوژراوەکەی هەڵگرت و بۆی هێنام.



کە دەڵێم شـەمشـیری تەختە، مەبەسـتم نە ئەو شـەمشـیرە تەختەیە کە منداڵان لە کایەی منداڵانەی خۆیاندا دەیبەسـتن و نەخشـــــــی سـەربازی پێدەگێڕن. شەمشێری ئەوان لە دارەکەوتی جەنگەڵ سازی دەکرێ و لە باری کێشـــــی قورسـایی و تیژایی تیخەکەی، لە شـمشـێری پۆڵایی قورسـتر و لە شـــەمشـــیری ســـەربازیش تیژترن؛ ئەوەندە قورســـن کە من زۆر بە زحمەت دەتوانم وەکی ئەوان دەکاری بێنم و تیژاییەکەیشـــیان ئەوەندەیە کە ئەوان دەتوانن بە یەک قەڵت سەری گیاندار لە ملی جیا کەنەوە.

دوای کوشـــتنی دوژمن، کۆیلەکەی من بە هەڵبەز دابەز و تریقەی پێکەنینەوە ســـەری دوژمن و شـــەمشـــێرەکەی لە بەر پێی من دانا. من لەو هەڵسوکەوت و شەمشێر وەشاندن و سەر لە بەر پێ دانانەی ئەو تێیگەیشتم کە خەریکە ئەمەگدارییی خۆی نیشـــان دەدات و لەو چاکەکاریانەی من مەمنوونە. شـەمشێرەکەی دامەوە و بە وردی لە تفەنگی لاشـانم خورد بۆوە. ســـەیرێکی منی کرد و بە ئاماژەیەکی ئەو دوو نەیارە، ئەم پرســـیاری بە

ڕوویەوە دیار بوو کە "ئەوە چ حیکمەتێکە لەو داردەستە باریکە دایە کە لە دوورەوە مرۆڤ دەکوژێت؟!"

سەیری من و تەماشای تەرمی کوژراوەکانی کردن و مەوادی نێوانی من و ئەوانی بە چاو پێوا، بەڵام بۆی ساغ نەبۆوە کە داردەستەکەی من چلۆن لە مەودایەکی ئاوا دوور دا پیاوی کوشتووە. سەرەنجام بە ئاماژەی دەست ئیزنی لێ خواستم کە بچێتە سەر تەرمەکە و لە نزیکەوە سەیریان بکات. من بە زەردەی سەر لێوانمەوە قایل بوونی خۆم ڕاگەیاند. هەرکە لە تەرمەکان نزیک بۆوە و سەیرێکی زامی پشتی کوژراوەکەی کرد، سەری پتر سووڕ ما. تەرمەکەی هەڵگەڕاندەوە و بە وردی سەیری زامی سەر سنگی کرد. بەبێ دەنگی تیر و کەوانی کابرای هەڵگرت و بۆی هێنام. منیش بە ئاماژەی دەست تێم گەیاند کە لەوانەیە دوژمن بە شوێنماندا بێن و تووشی شەڕ ببین. ئەویش بە سەر و دەست ئاماژەی بە کۆژراوەکان کرد و تێی گەیاندم کە بۆ شوێنە ونکە، دەبێ تەرمی کوژراوەکان ژێر خاک بکەین. منیش هەر بە لاساکاری لەو، بە ئاماژەی دەست ڕزامەندیی خۆم ڕاگەیاند. هاوڕێی من، هەر بلێی یەک و دوو، پەنجەی پانی بە نێو لمی نەرمی کەنار دەریا دا هێنا و دوو چاڵی پڕ بە دوو تەرمەکانی هەڵکۆڵی. دوای شاردنەوەی تەرمەکان، بە شوێن مندا هات و یەکسەر بەرەو ئەشکەوتی پیرە بزنێ چووین. بەم تەرتیبە خەونەکەم وەدی هات و ئەوەیکە لە خەو دا دیتبووم هاتە دی.

هەر کە گەیشتینەوە ئەشکەوتی پیرەبزنێ، کەمێک نان و کشمیش و کاسەیەکم ئاو لە بەر دەمی دانا. دیار بوو ئەو هەڵاتن و ترس و تۆقانە شەکەتی کردووە و لە توونیان وشکاوی هاتووە. نانەکەی خوارد و من بە ئاماژەی دەست سووچێکی ئەشکەوتەکەم پێ نیشان دا و کاتی خەوتنم پێ ڕاگەیاند. هەر لەوێ لە سەر ساقەتی وشکی برنج لێی ڕاکشا و منیش لێفەیەکی خۆم بە سەر داکێشا و چێ پێ نەچوو خەو بردییەوە.

میوانەکەی من تازە لاوێکی بیست و پێنج ساڵانەی ڕێک و پێکە. بە لەش و لار زۆر درشت هەڵکەوتە نییە، بەڵام لاوێکی بە دەست و برد و بەهێز دێتە بەر چاو. لە ئەندامی ڕەشید و ڕواڵەتی ساکاری ئەو دا هیچ نیشانەیەک لە توونی و تیژی و بێ بەزەیی بەدی ناکرێت. لە دەمی پێکەنینی دا سەر و

ســــیماکەی هەر ئەو نەرم و نیان و میهرەبان دێتە بەر چاو، کە زۆر زوو دەکەوێتە بەردڵان. قژی سەری، بە پێچەوانەی قژەسەری ڕەش پێستەکانی تر، زبر و لوو لوو بادراو نییە، بەڵکە قژە ســــەرێکی نەرم و لووس و داوداوی هەیە. نێوچاوانێکی پان و کراوەوەی هەیە و جووتێک چاوی ڕەشــــی گەشــــی دەگەڵ بینەر پێدەکەنن. دەموچاوێکی خڕی خوێن شــــیرین و دوو ڕێز ددانی زۆر سپی و دەم و لێوێکی خۆش حاڵەت و ڕەنگی پێستی لەشی قاوەییەکی تۆخە.

خەوەکەی نیو کاتژمێرێکی خایاند. لە خەو هەستا و لە ئەشکەوت هاتە دەر. من لە دەر خەریکی دۆشینی بزنەکانم بووم. هەرکە منی دیت، بە پڕتاو بۆ لام هات و دیسان بە نیشانەی وەفاداری لە بەر پێم ڕاکشا و قاچی گرتم و لە ســــەر ســــەری خۆی دانا. لە هەر کردەوەیەکیدا و بە هەر ئاماژەیەک، وەفاداری و پێزانیی خۆی نیشان دەدام. بە چاویش سپاسگوزارم بوو کە من گیانی ئازیزی ئەوم لە مەرگ نەجات داوە. منیش بە پێکەنین و دەســــت و باسک داماڵینی، خۆشەویستیی خۆمم پێ ڕاگەیاند. هەر لەو ڕۆژەوە، وشە بە وشــــە زمانیم کردەوە و فێرە قســــەم کرد. ســــەیر ئەوە بوو کە وەک قوتابییەکی هۆشــــمەند، هەرچی من دەمگوت، ئەویش دوو پاتی دەکردەوە و ماناکەشی فێر دەبوو. لە سەرەتای یەکتر ناسینماندا پێمگوت کە لەمەو بە دوا، ئەو نــاوی "هەیــنــی"یە و "هەیــنــی"ش ئەو ڕۆژەیە کە لە چــنــگ ئینســانخۆرەکان ڕزگاری هاتووە. ئەوەشــم فێر کرد کە لە بانگ کردنی مندا هەر بە "ئاغا"م بانگ بکات. دوو وشەی "بەڵێ" و "نەخێر" زۆر زوو فێر بوو.

لە کاتی نان خوردندا کاسەیەکم شیر بۆ خۆم و یەکی ترم بۆ ئەو دانا و فێرم کرد کە چلۆن پاروو بگرێ و دە شــــیری هەڵکێشــــێت و دوایەش قومێک شیری بە دوا دا هەڵقوڕێنێت. ئەو ڕۆژە، هەتا شەو فێری سەر سفرەم کردو خاوێنی و پوخت و پاروایم کردە سەرمەشقی ڕۆژانەی. شەو لە ئەشکەوتی پیرە بزنێدا خەوتین و بەیانی پێکەوە چووینە ســــەر ســــندووقی جلک و لیباسان. "هەینی" سەر تا بەپێ ڕووت بوو. بە ئیما و ئیشارە فێرم کرد کە جلک و بەرگ، مرۆڤ لە زۆر نەخۆشی دەپارێزێت.

پێکەوە بەو شوێنەدا ڕۆیشتین کە دوێنێ دوو کوشتەی ئینسانخۆرەکانمان تێدا ژێر خاک کردبوون. "هەینی" نیشــــانەی لە ســــەر گۆڕەکەیان دانابوو.

دەستی گرتم و بە ئاماژەی دەست تێی گەیاندم کە تەرمەکان بۆ خواردن لە ژێر خاک بێنینەوە دەر. من بۆ دەرکردنی بیری ئینسانخۆری لە مێشکی ئەودا، نێوچاوانم تێک نا و زۆر بە تووڕەیی چاوم دە چاوی بڕی و بە ئاماژەی دەست فەرمانی دوور کەوتنەوەم پێدا. "هەینی" گورجێک بۆ لای من وەرسووڕایەوە بە شوێن مندا هات.

دەگەڵ خۆمدا بردمە سەر گردەکەی ڕوو بە دەریا. بە دوربین سەیری هەموو لایەکمان کرد. لە ڕێگای دووربینەوە ولاتم چۆل بینی و دلنیا بووم کە ئینسانخۆرەکان دوورگەی منیان چۆڵ کردووە و گەڕاوەنەتەوە زێدەکەی خۆیان. لەوە حەسامەوە کە هەر من و هەینی لە دوورگەکەدا ماوینەتەوە. بۆ دڵنیایی زیاتر، دەگەڵ هەینی بەرەو قەراغ دەریا داگەڕاینە خوار. هەینی تیر و کەوانی دەشان کردبوو. منیش شمشێر و تفەنگێکم دایە و خۆیشم دوو تفەنگم دەشان دابوو.

دەگەڵ هەینی سەردانی کۆنە چاڵی ئینسانخۆرەکانمان کرد. لە دەور و بەری سەکۆی دەسکردی ئینسانخۆرەکاندا ئێسقامی پەراسوو، کاژەڵەی سەر، لەتکە گۆشتی نیوە سووتاو و قژ و پرچی ئینسان بلاو ببوونەوە. من لەم دیمەنە ناشیرینە خوێن لە دەمارمدا کوڵی و تووڕیی و کین و قێز پێکەوە جەستەیان داگرتم. بەڵام هەینی وەک مێشکی لێ میوان نەبێ، سەیری منی دەکرد. هەینی، ئێسقانەکانی نیشانی من دا و بە ئاماژەی دەست تێی گەیاندم کە چوار دیلیان بۆ خواردن هێنابوو کە خۆی یەکێک لەوان بوو. هەینی بۆی گێڕامەوە کە لە نێوان هۆزی ئەوان و هۆزێکی تر دا شەڕێکی خوێناوی ڕووی دابوو. هەینی بە ئیشارەی دەست تێی گەیاندم کە هەر هۆزێک لە شەڕ دا سەرکەوێت، بۆی هەیە دیلان و هەڵپەرکێیەک ساز بکات و دیلەکانی شەڕ ببرژێنن و بییان خۆن. ئەوە ڕەسم و یاسای خۆیانە و کەس ناتوانێ بەریان بگرێت.

من چیتر توانایی سەیر و ڕوانینی کارەساتەکەم نەهێنا و هەر بەس بە ئاماژەی دەست بە هەینیم گوت کە ئێسک و پرووسک و پلە گوشتی لاسووتاو و هەرچی لە گۆڕەپانەکەدا هەیە، کۆیان کاتەوە و بە توونی ئاگریاندا بکات. من بە بێ مەیلی پشتم دە گۆڕەپانەکە کردبوو، کەچی هەرکە لێی خورد بوومەوە، دیتم ئەوە هەینی بە بینینی گۆشتی برژاو، ئیشتیهای لێ

تیژ کردوونەتەوە و بەنیازە خویّ چێژیان بکات. بەڵام چونکە پێشــەکی بێزاریی منی لەم کارە نالەبارەدا دیتبوو، لە ترســی ئەوە کە نەوەک لێی دەرهەڵ ببم و بیکوژم، وازی لە خواردنیان هێنا.

دوای خاوێن کردنەوەی گۆڕەپانەکە، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. من بە نیاز بووم جلک و بەرگێکی شــیاو دەبەر هەیینی بکەم و بە ڕووتی نەی بینم. چوومە ســەر ســندووقی جلک و لیباســەکان و ئەو دوولینگەیەی کە لە ســندووقی گەمێی ئیســپانییەکاندا دۆزیبوومەوە، دوای کورت کردنەوەی، دەبەریم کرد. لە جلک درووندا تەواوێک دەستم ڕاهاتبوو. لە کەوڵی بزنان قەمسەڵەیەک و لە پێستی کەروێشکیش کڵاوێکم بو دووری.

هەیینی قەتی جلک دەبەر نەکردبوو، هەربۆیە لە سەرتادا حەجمانی لێ هەڵگیرابوو، بەڵام کاتێک کە دیتی ئەویش وەکی من جلوبەرگی لەبەر دایە، بەخۆی داهات و بەرەبەرە پێیان ڕاهات. لە ســەرەتادا، چونکە دەقی کەوڵەکان نەشــکابوون، قەمســەڵەکە ڕێکیان دەکوشــی و ژێر پیل و ســەر شــانی ئازاریان دەبینی. بەڵام دوای چەند ڕۆژان، کەوڵەکە لەبەر یەک کشایەوە و شان و باڵی وەجووڵە کەوتنەوە و تێیاندا ئاسوودە بوو.

چەند ڕۆژ دواتر کەوتمە بیری ئەوەی کە ماڵێکی جیای بۆ ســاز بکەم و جیّ خەوەکەی بگۆڕم. بیرم لەوە دەکردەوە کە هەیینی هێســتایش هەر ئەو خسڵەتە ئینسانخۆرییەی تێدا ماوە و لەوانەیە شەوێک ئارەزووی گۆشتی مرۆڤ بکات و بێتە جەستەمەوە. بۆ ئەنجامی ئەو کارە، لە نێوانی ئەو دوو حەوشەی کە بە دەوەری ماڵەکەمدا کێشابووم، ماڵێکی بچووکم بۆ ساز کرد و پەیژەی هاتوچۆی نێوان ماڵەکانیشــم لەبەر دەســتی ئەو هەڵگرت. چەکوچۆڵەکانیشــم کێشــایەوە ژوورەکەی خۆم و هەیینیم لە خۆم دوور کردەوە. بەختیارانە لە پاشــان زانیم و تێی گەیشــتم کە هەموو خۆپاراستنەکانم خۆڕایی بوون و لە هەیینی باشتر و وەفادارتر، کەسی تر دەست ناکەوێت. هەیینی چەشنی ڕۆڵەیەکی دڵسۆز بۆ باوکی، گویّ لە مست و گیان لەسەردەستان بوو. ئەو خۆشەویستی و سۆزەی کە ئەو هەیبوو، کەم ڕۆڵە بۆ باوکی خۆیان هەیانە. لەو ماوە کەمەی کەوا لە ژێر ســایەی ماڵی مندا دەژیا، بە چەشــنێک منی لە خۆی دڵنیا کرد کە هەموو دڕدۆنگی و ناباوەڕییەکانی منی وەلا نا. لە دانیشــتەکانماندا هەر ئەوەندە خۆماڵی و

دڵســـۆزانـه بـه دەورەمدا دەهات و دەچوو، کـه حـەزێکی تایبـەتی بـه دڵـی من بـەخشـــی. منیش وەک جگـەرسۆزەیـەکی خۆم، بۆ ڕاهێنان و پـەروەردەکردنـی دەست بـەکار بووم و کاتێکی زۆرم لـه سەر دانا و بـه دڵسۆزی خـەریکی زمان کردنـەوەی بووم. ئـەمـەش بڵێم کـه هـەینی وەک خوێندکارێکی بلیمـەت گوێی لێدەگرتم و دوای یـەک دوو جار دووپاتکردنـەوە، شـــتـەکـەی وەردەگرت. هـەر کاتێکیش کـه بـه چـەند وشان ڕستـەیـەکـەمان ساز دەکرد و لـه مانا و واتاکـەی تێدەگـەیشـــت، قـەند دە دڵیدا دەتوایـەوە و پڕ بـه ژوورەکـه پێدەکـەنی. بـه کورتی دەتوانم بڵێم بـه بوونی هـەینی، ژیـانـەکـەی من ئـــاو و ڕەنگێکی زیندووی پڕ لـه شـادمانی تێگـەڕا. ئـەگـەر ترســی هێرشـی ئینسـانخۆرەکانم نـەبوایـە، قـەت ڕازی بـه ڕۆیشـتن و لـه دەسـت دانی ئـەو ژیانـه شـێرینـەمان نـەدەبووم.

دوای چـەند ڕۆژێک، بڕیارم دا فێرە خواردنی گۆشـــتی نێچیرانی بکـەم و بیری ئینســـانخۆریی لـه مێشـــکیدا بشـــۆمـەوە. هـەر بـەو مـەبـەســـتـه، بـەرە بـەیـانێکی زوو، پێکـەوە ڕێگـای جـەنگـەڵمـان گرتـه بـەر و ڕۆیشـــتین. لـه شـــوێنێکی کـه لـەوەڕگـەی بزنـەگـەلان بوو، بزنێک و دوو کاریلـەمان دیتن کـه لـه ژێر ســـێبـەری دارێکدا تخێڵ ببوون. بـه ئـاماژەی دەســـت بـه هـەینیم ڕاگـەیاند کـه بـەبێ دەنگی ڕاوەستێ و بـەس سـەیری بزن و کاریلـەکان بکات. تفـەنگم ئاگر دا و کاریلـەیـەکم کوشـــت. هـەینی پێشـــەکی دیبووی کـه لـه دورەوە دوژمنێک لـه دوو دوژمنـەکـانیم بـه تفـەنـگ کوشـــتووە، بـه دەنگی شـــریخـەی تفـەنگ چـەشـــنی نۆبـەتێداران دەســـتی بـه لـەرزین کرد. هـەینی بـەبێ ئـەوەیکـه ســـەیری نێچیری کوژراو بکات، قـەمســـەڵـه کـەوڵینـەکـەی لـه بـەر خۆی دامالّی و بـه دەســـت و چاو، لـەش و لاری خۆی بـەتاقیکردەوە کـه نـەوەک گوللـــــه لـەشـی ئـەوی بڕیبێت. ئـەو پێی وابوو من خـەیاڵی کوشتنی ئـەوم هـەیـه بۆیـە هێناومـەتـه دەرێ. دیسان لـه بـەر پێی من ڕاکشا و ئـەژنۆمی دەباوەش کێشا و داوای بـەخشینی لێکردم. من بۆ دڵدانـەوەی دەستم گرت و بـه پێکـەنینـەوە بـەرزم کردەوە و کاریلـه کوژراوەکـەم نیشان دا و پێم گوت :

"هـەینی هـەستـه مـەترسە! هـەستـه بڕۆ ئـەو کاریلـەیـەم بۆ بێنـەوە. "

هـەینی ڕۆیشـــت و کاریلـەکـەی بۆ هێنامـەوە، بـەڵام خۆی بۆ ڕانـەدەگیرا و بـه چـاوێـک ســـــەیری تفـەنـگ و بـەچـاوی تری دە کـاریلـەکـەی دەڕوانـی.

دەیهەویســـت بزانێ من لە دوورەوە چلۆن مرۆڤ یان ئـاژەڵ دەکوژم. بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی هەینی، بە ئاماژەی دەست پەلەوەرێکم پێ نیشان دا کە لە سەر چڵووکی دار هەڵنیشتبوو. سێرەم لە باڵندەکە گرت و قامکم بە ماشە دا کێشا و پەلەوەرەکە لە سەر دار داکەوت. هەینی دیسان چاوەکانی لێ بز بوونەوە و سەری زۆرتر سوورما. هەینی قەت داگرتنەوەی تفەنگی نەدیتبوو، پێی وابوو هەر وەخت و هەر دەمێک پەنجە بە ســـەر ماشـــە دابگرم، تفەنگ تەقە دەکات و گیاندار دەکوژێت. بە خەیاڵی ئەو، تفەنگەکانی من سـەرچاوەی گوولە و دەرمانی هەمیشـەیین و بە دایم پڕ و لەســـەر پێن. هەر بۆیە ترس لە تفەنگ، وەک دین و ئـایینی لێهاتبوو و دەیەویست بەژن بۆ تفەنگ بچەمێنێتەوە و چەشنی خودا ستایشیان بکات. جار جارەش گوێم دەدایە کە لە ژێر لێوان ورتەی دەهات و بە نزاکاری لێیان دەپاڕایەوە کە لە کوشتنی ئەو چاو بپۆشن.

بەرەبەرەی ئێوارێ پێستم لەبەر کاریلەکە داماڵی و گۆشتەکەم پل پل کرد و هەندێکم لە دیزە دا کوڵاند. دوای سازبوونی شێو، لە سـەر سفرەم دانا و دەســتم کرد بە خواردنی. بۆ تاقیکردنەوە، پلێکم گۆشــت بۆ هەینی دانا و لە ژێرِ چاوانیشمدا تێی ڕامام. هەرکە گۆشتەکەی خستە ژێرِ ددانی و کەمێکی هێناو برد، لە تامی گۆشـــتی کوڵاو، ڕەنگی گەش بوونەوە. من لەبەر چاوی ئەو دا  کەمێکم خوێ بە گۆشـــتەکەم داکرد و خواردم؛ هەینی دەستی بۆ خوێ برد و کەمێکی لێ چەشت، بەڵام بە نێوچاوانی گرژەوە تفی کردەوە و دەستی خستە سەر دڵی. بەو ئاماژیە پێی ڕاگەیاندم کە خوێ بۆ خواردن باش نییە. منیش لە وەڵامی ئەو دا پلێکم گۆشتی بێ خوێ چەشت و بە ڕووگرژی تفم کرەوە. بەڵام نە ئەو گوێی بە ئاماژەی من دا و نە منیش بە گوێی ئەوم کرد. ســـەیر ئەوە بوو کە دواییش زۆرم هەوڵ دا فێرە خوێ خواردنی بکەم، بەڵام گوێی نەدامێ و دەمی لە خوێ نەدا. بۆ ســـبەینێ بەرنامەی کەباب ســـازکردنم بۆ هەینی چنی. دوو ســـەری مازەی پشـــتی کاریلەکەم بە تەنافەوە گرێ دا و لە ســـەر ســـکڵی ئاگر دا چەرخاندم و کەبـابێکی بـاشـــم بۆ برژاند. هەرکە هەینی تـامی لە کەبـاب کرد، هەر ئەوەندەی پێ خۆش و بە تام بوو ، کە پەیتا پەیتا پەسنی کەبابی گۆشتی

کـارژۆڵەی دەکرد و ددانی لێ تیژ دەکردنەوە. دیـار بوو تـامی کەبـاب ئارەزووی خواردنی گۆشتی ئادەمیزادی لە چێژ بردۆتە دەرێ.

لە یەکەم ڕۆژی کار دا، هاوەن و کوتکی کوتانەوەی دەغلم نیشـــان دا. ئەمجار شێوەی کوتک گرتن و چەرخاندن و وردکردنی گەنم و جۆم فێر کرد و شێوەی کاو و کۆت لێگرتن و خاوێن کردنەوەیشم نیشـان دا. ئەوەی باش بوو کە بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی هەینی، دووپاتکردنەوەی نەدەویست و هەر بە یەکەمین مەشـق، زۆر شـارەزایانەتر لە مامۆسـتاکەی دەیکرد. هەینی هەر ئەو ڕۆژە، زۆر ئازایانە گەنمی پێویستمانی کوتاوە و سوورەگەنمی لە کاو و کۆت جیاکردەوە. بەرە بەرە فێری کاری ناو ماڵ و پوخت و پاراوی و ماڵ هەڵوژاردنیشم کرد و کردی.

ئیتر مـاڵەکەمـان وەک جاران کوێرەمـاڵ نەبوو؛ دوو نـانخۆر لە مـاڵدا دەژیاین و پێویست بوو بەشە خوارد و خۆراکی هەینیش لە بەرنامەی ماڵدا بگونجێنین. دانەوێڵەی زیاترمان دەویســت و پێویســتیمان بە مەزرایەکی پان و بەرینتر هەبوو کە دوو کەســان تێر بکات. بۆ داچاندن ، مەزرایەکی گەورەترمـان هەڵبژارد و دەوراندەوری مەزرا مەزنەکەشـــمان بە پەرژین داگرت. هەینی مـاندووبوونی نەدەنـاســی و لە هەموو ئیش و کـارێکدا یـاریکـارێکی دەســـت و پەل ڕەنگینی خۆم بوو. بەتـایبەتی کە دەیزانی ئەویش لەو خورد و خۆراکەدا خاوەن بەشـــە و، بە ئەرکی خۆی دەزانی کە کار بکات و ئارەق برێژێ.

هەتا هەینیم لە کار دا دەدیت و چالاکی و ماندوونەناسـی ئەوم سـەیر دەکرد، پێی دەگەشامەوە و دڵم زۆرتر بە دیداری دەکرایەوە. ئەویش ئەمەی لە مندا دەبینی و دەیزانی کە چەندەم خۆش دەوێ. هەینی کوڕێکی سپڵە و پێ نەزان نەبوو. بە هەموو کاڵوکرچی خۆیەوە، لە دەمی کار کردندا منی ناچار دەکرد بۆ پشوودان دابنیشم و بحەسێمەوە.

ئەو ســـاڵەی کە دەگەڵ هەینی هاودەم و هاوکار بووم، خۆشـــترین و گەشـــترین ســـاڵەکانی دوورگەنشـــێنیم بوو. بەتایبەت کە زۆر زوو زمانی کردەوە و بە ڕەوانی قســـەی پێدەکرد. لە ماوەی ژیانی یەکتەنیمدا، چونکە هاودەنگ و هاودەمێکم نەبوو دەمی دەگەڵ ببزێوم، بەرەبەرە زۆر وشـــەی زمانی خۆمـاڵیشـــم بیر چووبۆوە، بەڵام لەوەتی هەینی ببووە هـاودەنگم،

هەموو وشـــە ونبووەکـانم هـاتنەوە بیر و زمـانی هەینیشـــم پێکردنەوە. زمانکردنەوەی هەینی بۆی دەرخستم کە ئەو کوڕە ساکار و بێگەردە چەندە دڵپاک و ڕاســـت و ســـەلیمە. هەتا کات بە ســـەرماندا تێدەپەڕی، ڕادەی خۆشـەویستی هەینی لە دڵی ڕۆبینسۆن کروزوو دا بەرزتر هەڵدەکشا. ئەو ڕێز و خۆشەیستییەش تەواو دوو لایەنە بوو.

ڕۆژێک کە دەگەڵ هەینی پێکەوە دانیشـــتبووین. من هۆکاری یەخسـیر بوونەکەییم لێ پرسی. لە وڵامدا بە زمانێکی ساکاری ئینگلیســــی وڵامی دامەوە کە ڕەش پێســـتەکانی دوورگەکان یەک زمان و لە یەک هۆز نین. هەر کۆمەڵە دوورگەیەک زمانی خۆیان و پاشـــای خۆیان هەیە. زۆربەی پا شاکانیش دوژمی یەکترن و بەردەوام شەڕیانە و زۆرتری شەڕەکانیش بۆ دیل گرتن و دیل خواردن ســـاز دەکرێن. لە ناو هۆزەکاندا، هۆزی ئەوان لە شەڕەکاندا سەرکەوتنی زیاتریان هەبووە و دیلی زۆرتریان خواردووە. بەڵام ئەوجارەی کە ئەو بە دیل گیراوە، هۆزی ئەوان بێ خەیاڵ لە هێرشـــی دوژمن بوون و دوژمنیش فێڵەبازانە و لە هەلێکی نابەجێدا هێرشـــیان کردۆتە سەریان. هەر لەو شەڕەش دا، هەینی و سێ کەسی تری هۆزەکەیان بە دیل گیراون.

دەگەڵ گێڕانەوەی شـەڕ و دیل گرتن و دیل خواردنیان، هەینی شـێوەی ســـەفەری دەریایی و هاتن و گەڕانەوەی لۆتکەی ئینســـانخۆرەکانی بۆ دوورگەکان بەمجۆرە بۆ باس کردم کە ئەوان بەری بەیانان لۆتکەکانیان بۆ هاتن دەخەنە بەر ڕەوتی ئاوی دەریا و ئێوارانیش بۆ گەڕانەوە هەر ئەو کارە دەکەن. من پێموابوو مەبەستی هەینی لە ڕەوتی دەریایی، هەڵکشان و نیشتنەوەی ئاوی ئۆقیانۆســەکانە، بەڵام لە دوایە زانیم ئەو ڕەوتەی کە لۆتکەی ئینسـانخۆرەکان دێنێت و دەیانباتەوە ، ڕەوتی شـەتاوی دەریاییە نەک هێزی هەڵکشـــان و داکشـــانی ئاوی ئۆقیانۆســـەکانە. ئەو شـــەتاوە دەریاییەی کە لە دوورە دەســـتانەوە بە لاشـــانی دوورگەکەی مندا تێپەڕ دەبێ، لە ســـەر نەخشـــەی جوگرافیاییدا بە شـــەتاوی دەریایی(ئۆرێ نۆک Ore´noque) ناوزەد کراوە. شەتاوی ناوبراو بە تەنیشت دوورگەی (ترینیتێ Trinte´)دا تێدەپەڕێ و بەرەو دوورگەکەی من دێت و دوایە بە کەنارەکانی بەری باکووری ڕۆژاوای دوورگەکەمدا بەرەو دوورەدەستان دەڕوات.

بەرەبەرە زمانی هەینی ڕەوان و ڕەوانتر دەبوو. دەگەڵ پشکووتنی زمان و توانایی وڵامدانەوەکەی، منیش دەیان پرسیارم دەربارەی نیشتمانەکەیان، دراوسیەکانیان، و داب و نەریت و دین و ئایینەکەیان و گەلێک شتی تریشم لێکرد و زانیارم لێوەرگرت. وڵامەکانی هەینی لە ئەو پەڕی ساکاریدا گەلێک زانیاریی جوگرافیاییشی تێدا بوو کە بۆ من گەلێک هێژا و بەنرخ بوون. دەگەڵ پرسیارەکانمدا ویستم باوەڕمەندیی ئایینی هۆز و عەشیرەتی دراوسێیانی بزانم؛ لێم پرسی:

"تۆ کێ سازی کردووی هەینی؟! "

ئەو پێی وابوو مەبەستم باوکێتی. پرسیارەکەم گۆڕی و گوتم:

"کێ ئەو دەریا و وشکانی و دارستان و گیاندار و بێگیانانەی لە سەر زەوی داناوە؟"

هەینی لە وەرام دا گوتی:

"پیرەپیاوێکی ڕیش چەرموویە، کە "بۆناک موکە"ی ناوە. ئەو خودایە و زۆر پیرە. لە هەموو گیاندار و بێگیانان بە تەمەنترە. تەنانەت لە مانگ و هەتاو و هەسێرەکانی ئاسمانیش بە تەمەنترە. هەموو شتێک ئەو دایناوە."

من ئاماژەم بە ئاسمان کرد و پێمگوت کە خودای ڕاستی لە ئاسمانانە و هەر ئەویشە کە هەموو شتێکی بنیاد ناوە. هەر ئەویشە کە خاوەن دەسەڵاتە و بگێڕی ئەرز و ئاسمانانە. ئەو خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەبەقە و دەتوانێ هەموو شتێکمان بۆ وەدی بێنێت و دەتوانێ لێمان بستێنێتەوە. هەینی چاوی لێ نەدەترووکاندم و سەراپا گوێچکە بوو. لە ڕواڵەتیدا شوێنەواری ڕەزامەندی دیار بوو. دیاربوو کە باوەڕی بە قسەکانی من هێناوە. جارجارەش چەند لاپەڕییەکم لە کتێبی پیرۆز بۆ دەخوێندەوە.

دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێم کە لە دەمی خوێندەوەی کتێبی پیرۆز دا، گەلێک لە ئایەتەکانی بۆ من تازە بوون و خۆم واتاکانم نەدەزانی. بەڵام بوونی هەینی بۆ من ئەوەندە بەرز و بەنرخ بوو، کە من خۆیشم نرخم پێی زیاد بوو.

قوتابییەکەی من لە زمانی ئینگلیزیدا گەیشتە ڕادەیەک، کە زۆر باش لە یەکتر تێدەگەیشتین. هەر ئەودەم بەسەرهاتی خۆم بۆ باس کرد و بۆم گێڕاوە کە چلۆن بە دەستی بەتاڵ کەوتوومەتە ئەم دوورگەیە. دەگەڵ

گێڕانەوەی سەربردەی خۆم، باسی تفەنگ و گوولە و دەرمان و شێوەی داگرتنەوە و سێرەگرتن و تەقەکردنیشم فێر کرد. کێردێکی تیژیشم دایە کە لە خۆشیان دەتگوت دنیایان داوەتێ. پشتێندێکی قایش و کالانێکیشم لە قایشی بزن بۆ سازکرد و لە کەمبەریم بەست. بەم قایش و قرۆش و کێردەی کە بە کەمبەری خۆیەوە دەیدیت، گەشکەی شادی ببوو؛ خۆی ڕادەنا و پێیان دەخوری.

ڕۆژێک بردمە سەر جەندەکی ئەو بەلەمەی کە لە ڕۆژی تۆفانەکەدا کەوتینە بەر چەپۆکی تۆفان و یارانم تێدا چوون؛ دەمەویست چیرۆکی بەلەمەکە بۆ هەینی وەگێرم، بەڵام هەرکە دیتم هەینی لە بینینی بەلەمەکە سەری سەیر سووڕ ماوە و لە زۆر بلێی کەوتووە، من هۆی حەیرانمانەکەییم پرسی. هەینی دوای ئیستێک بێدەنگی، گوتی:

"من لەوێ دیتم بەلەمێکی ئاوا."

من لە وەڵامی هەینی باش تێ نەگەیشتم. پێم وابوو دەخوازێ بڵێ ئەویش چەشنی ئەو بەلەمەی دیوە کە تۆفان خستوویەتە قەراغ دوورگەی ئەوانەوە. ئەو زانیارییەی کە هەینی پێیدام، ئەو پرسیارەشی بۆ من ساز کرد کە ئاخۆ دەبێ گەمێی وڵاتێکی ئەورووپایی لە نزیک دوورگەی هەینی دا نوقوم بووبێت؟ من ئەمەم کردە پرسیار و لێم پرسی:

"تۆ گوتت بەلەمێکی لەم چەشنەت لەوێ بینیوە، کێ ئەو بەلەمەی بۆ ئێوە هێنا؟"

هەینی گوتی:

"ئێمە دەستمان گرتن لە ئاوەکاندا... ئینسانە سپی پێستەکان لە خنکان دا بوون..."

لێم پرسی:

"ئینسانە سپی پێستەکان لە بەلەمەکەیان دابوون؟ ئەدی چییان لێهات هەینی؟!"

گوتی:

"بەڵی زۆر ئینسان بوون ـــ بە پەنجەکانی حڤدەی بۆ ژماردم ـــ ئێمە دەستی ئەوەندە سپی پێستانمان گرت... ئەوان ماون دەگەڵ بابەی من دەژین لەوێ."

ماوەی چەند هەفتەیەک بیر و فکرم هەر بەلای قسەکانی هەینی و ئەو کارەساتەوە بوو کە بۆی باس کردم. کەمێکی لێ دڕدۆنگ بووم و کەمترم دەملاواندەوە و وەک جاران دەگەڵی بە گفتگۆ و دەم بە پێکەنین نەبووم. بەڵام هەینی لە قسەکردندا هەر ئەوەندە سەرڕاست و بێ درۆ و دەلەسە بوو، کە دڕدۆنگی لە دڵ دەرهاویشتم.

ڕۆژێک لێم پرسی:

"ئێستا پێت خۆش بوو لە کوێ ژیابای هەینی؟"

هەینی ڕوون و ڕاشکاو گوتی:

"پێم خۆشە ماڵی بابە... ماڵی بابە دەگەڵ ئاغا لەوێ خۆش بوو پێکەوە. ئا غا نەبێ لەوێ، هەینیش نابێ لەوێ. پێکەوە بچینە ماڵی بابە هەموو خۆش دەبن بۆ تۆ. سپی پێستەکانیش دەبینێ لەوێ ئاغا. ئەوانیش خۆش دەبن بۆ ئاغاکەم..."

ئەمجار قسەکانی هەینی بزواندمی و هاتمە سەر ئەو بڕیارە کە سەفەرێکی دوورە دەستان ساز بکەم و خۆم بگەیەنمە ئەو وشکانییەی کە لە دوورەوە دیارە. بۆ بەرێوەبردنی ئەو بەرنامەیە، پڕۆژەی سازکردنی بەلەمێکی شیاوی سەفەری دوور و درێژم داڕشت. بۆ ئەو کارەش دەبوایە بە شوێن کەڵەدارێکی سەختە دار دا بگەڕێین کە لە دەریاوە دوور نەبێ. بۆ دۆزینەوەی سەختەدارێکی ئەستووری لاشانی دەریا، هەینی ئەرکی دۆزینەوەی گرتە ئەستۆ. لە ماوەی دوو ڕۆژان گەڕان بە شوێن دارێکی شیاو دا، هەینی دارێکی هەڵبژارد و بەنیاز بوو چەشنی ڕەش پێستەکان دڵی دارەکە بسووتێنێت و لۆتکەی لێ ساز بکات. بەڵام من ڕەندە و تەشوێ و قەڵەمەی نووک تیژی ئاسنم نیشان دا و شێوەی کۆڵین و هەڵۆڵ کردنی کۆلکەدارم فێر کرد. سەختە دارەکەمان خست و لە دەرەوەی دارەکەوە دەستمان پێکرد. بەشی تویێلک و لک و پۆی دارەکەمان بە تەشوێ داتاشی و لە ماوەی مانگێکدا بیچمی لۆتەکەیەکی پوخت و پاراومان لێ دەرخست. ئەمجار بەربووینە دڵی دارەکە و بەرە بەرە بە تەشوێ و ڕەندە و قەڵەمەی ئاسن کۆڵیمان. بو ژوورۆچکەی تایبەت بە خورد و خواردنەوە، سندووقێکی باشمان تێدا ساز کرد. ئەمجار بۆ خزاندنی بەلەم بەرەو دەریا، چەندین داری لووسمان بۆ کردە ڕەوڕەوەی خزین و دانە دانەی دارە لووسەکانمان

خستە ژێر بەلەمەکەوە. ئەوەی باش بوو کە ڕێگای خزینی بەلەمەکە بەرەو دەریا، تۆزکاڵێک لێژ بوو. هەینی لە دواوەوە پاڵی پێوە دەنا و منیش دارە لووسەکانم یەک بە دوای یەکدا دەخستەوە ژێر لۆتکەکە و بەرەو دەریامان جاڵە دەکرد. نزیک بە دە ڕۆژی خایاند هەتا بەلەم بە هێزی دوو کەسـی، بە سەر دارە لووسەکاندا خزی و لووتی بە ئاو گەییشت و کەوتە سەر ئاو.

بەلەمەکەمان گەورە و جێدار بوو. لە یەکەم گەشتی دەریاییدا، هەینی ئاژواندنی بەلەمەکەی گرتە دەسـت و هەر هێندە چالاکانە بەلەمەکەی دەهێنا و دەبرد، هەر دەتگوت قوتیلەیەکی سـەر ئاوە و هەینی کایەی پێدەکات. دەمێک بۆ لای ڕاسـت و جارێکیش بەرەو چەپ دەی ئاژواند و گەمەی پێدەکرد. بەبڕوای هەینی، بەلەمەکەمـان لە هەمبەر بـای بە بەهێزیشدا توانای خۆڕاگری هەیە.

بەلەمەکەمان هێشـتا کاری تەکنیکی مابوو. ئەسـباب و ئامرازێکی دەویست، کە بکرێ بە ئەرخەیانی ڕێگای دوور و درێژی پێ بڕۆین. پێویست بوو چارۆکە و دیرەگ و ئەسـتوندەگی ڕاگری چارۆکە، هەروەها سـوکان و ئامرازی لەنگەرگرتنیشـی بۆ ساز بکەین. بۆ ئەستوندەگی ڕاگری چارۆکە، ڕاسـتە دارێکی بەرزی سـنەوبەرمان هەڵبژاردو هەینی دارەکەی بڕی و دیرەگێکی ڕەختەمـان لە بەلەمەکە دامەزراند. بۆ دوورینی چـارۆکە، دوو چـارۆکەم بۆ بڕێ و بەهۆی نەبوونی دەرزیی تـایبەت، بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر چارۆکەیەکی سـێ سووچمان بۆ سـاز کرد. چارۆکەکەمان هاو چەشـنی چارۆکەی ئەو بەلەمە سـازکرد، کە لە بەلەمی سـەرۆکی دزانی دەریـاییـدا دیتبووم. ئەو چەشـنە چـارۆکەیە تـایبەتی بەلەمی هۆزی بەربەرەکانە کە یەکجار زۆر تایبەتییە.

بۆ دیاریکردنی جێگای دامەزراندنی ئەستوندەکی چارۆکەگر، ماوەی دوو مانگان خەریکی بووین. جێگای دامەزاندنی ئەسـتووندەک لە بەلەمدا بە گەللایی نیە و دەبێ لە دڵی بەلەمەکە دامەزرێـت. بۆ قـایم ڕاگرتنی ئەسـتوندەگی مەزن، تیرەگێکی بچووکتریشـمان لە بەشـی پێشـەوە بەلەمەکەدا دامەزراند. دوای دامەزراندنی جووتەی ئەسـتوندەکەکان، هەر دووکیانمان پێکەوە تەناف پێچ کردن. ئەو قایمکارییەمان بۆیە ڕەچاو کرد، کە لە دەمی هەڵکشانی ئاوی دەریا و ڕاخوشینی توندەبای دەریاییدا، زۆر

جاران ئەســتوندەگی گەورە ناتوانێ چارۆکەکان بچەرخێنێت و توندەبا زەفەری پێدەبات و تێکی دەشــکێنێت. تیرەگی بچووک دەوری قایمگیری ئەستوەندەکی گەورە دەبینێت.

بۆ ڕاســت و چەپ پێکردنی ئاقاری ڕۆیشــنیشــمان ســوکانێکی زۆر کاریگەرمان بۆ دانا. بە بوونی ســوکان لە بەلەمدا دەکرێ لە ڕەوتی بای هەر چوار کەناران کەڵک وەربگیرێت و بەلەم بە ئارەزووی خۆت و بۆ هەر لایەکی کە بخوازی، ڕێبەری بکەیت. سازکردنی سوکانی بەلەم بۆ منێک کە لە پیشەی دارتاشیدا شارەزایەتییەکی ئەوتۆییم نەبوو، کەمێک گران بوو. بەڵام زۆرم ســەرنج دایەو گەلێکی دەگەڵ خەریک بووم و ئەگەرچی تێیدا سەرکەوتووش بووم، بەڵام بۆ سازکردنی سوکان و دانان و دامەزراندنەکەی، تەواو بە قەدرایە ســازکردنی هەموو بەلەمەکە، کات و زەحمەت و دەردیسەری ویست.

بۆ ئاژۆتنی لۆتکە و شێوەی سوکان گرتن و گۆڕینی ئاقاری جوگرافیایی، دەبوایە هەینی ڕابێنم. هەینی هەر تەنێ دەیتوانی لۆتکەی بە گەللایی بئاژوێنێت و لە ســەوڵ لێداندا تای نەبوو. بەڵام لە کێشــان و هەڵدانی چارۆکە و دەکار هێنانی سوکان، هیچی نەدەزانی. هەر جارێکی کە من بە ئــارزووی خۆم بەلەمەکەم بۆ هەموو لایەک ڕادەدا و زۆر بە خێرایی لە هێزی با کەڵکم وەردەگرت ، ســەری ســووڕ دەما. من دەمزانی هەینی مشــوورەکەی زۆر بەرزە و هەرچی پێی بڵێی، بێ ســێ و دوو فێری دەبێت. هەر بۆیە بۆ ڕاهێنانی، لە تەنیشتی خۆم دانا و فێرم کرد کە چلۆن سوکان بگرێتە دەســت و چلۆن بەلەم بەرەو ڕاســت و چەپ بادەداتەوە، هەروەها چلۆن لە ڕەوتی با کەڵک وەربگرێت و چارۆکەکان چلۆن پڕ با بکا. هەینی، کوڕێکی ژیری زەین ڕوون و ژیرەک بوو. بە وردی چاوی لە دەســتم کرد و ســەرەنجی دامێ و وردەکارییەکانی لێ هەڵگرتمەوە. بەڵام دەکار هێنانی کۆمپــاس بۆی گران بوو؛ من زۆرم هەوڵ دا، بەڵام وەری نەگرت و فێری نەبوو. بەختیارانە لە ڕۆژانی ڕاهێنانیدا، هەوا ســاف و بێ مژ و هەور و هێڵ بوو و کۆمپاسمان پێویست نەبوو. لە ڕۆژانی هەور و هێڵ و بارانیشدا خۆمان لە دەریا نەدەدا. زۆری نەخایاند، هەموو شــتێکمان بۆ ســەفەر ئامادەکرد و خۆمان تێکنا.

بیست و حەوت ساڵەی تەمەنی نیشتەجێیم لە دوورگەکەمدا پڕ کرد. بەڵام هەر ئەو 3 ساڵەی کە هاودەنگ و هاوکار و هاومالّم هەبێنی بوو، هەموو ئەو بیست و چوار ساڵەی پێشینم بە قوربانی یەک ڕۆژی دەکرد. ئەوده‌مانەی کە لە نیشتمانەکەمدا تەنیا و ڕەبەنێکی ڕەبەق بووم، خۆم وەک بەندکراوێکی زیندانی تاکەکەسی دەهاتە بەر چاو، بەڵام ئێستاکێ وا نیم و خۆم بە ئازاد و سەربەست دەبینم. ئەو جیاوازییەشم بە شوکرانەی یەزدانی مەزن دەزانی و دەمزانی ئەگەر بەزەیی ئەو نەبوایە، ژیانەکەم وەک دنیای کوێران ڕەش و تاریک و نووتەکە دەبوو. دڵنیا بووم و سوور دەمزانی کە ئەو بەزەییە هەمیشە لە بان سەرم دایە و ئاخرسەر لەم بەندەش ڕزگارم دەکات. بەڵام ئەو دڵنیابوونەشم دەستی کار و چالاکی نەبەستبووم و هەر وەک جاران زەوین دەکێڵا و ورزێری و ئاژەڵدارین بەرێوە دەبرد. هەر وەک جاران ترێ و تەڕەبارن وشک دەکرد و دەستی ماندوون لە سەر زگی تێر دادەنا.

وەرزی وەرزەباران نزیک ببۆوەوە و ئێمەیش زۆربەی کاتی ڕۆژانەمان بە ناچاری دەبوایە لە ماڵدا بمێنینەوە. بەلەمەکەمان لە ئاوکەندە بچووکەکەدا بەستبۆوە؛ شوێنەکەی پەناگەیەکی باش بوو و لە هەر بار و بابەتێکەوە لێی دڵنیا بووین. هەبێنی لە ئاوکەندەکەدا جێگایەکی بۆ دادڕیبوو و بەربەندێکی وەهای بۆ سازکردبوو، کە هەر کاتێکی کە ئارەزووی سەیر و سەفەرمان بکردبایە، زارکی بەربەندەکەی بۆ دەکردەوەو ئاو بە ڕادەی پێویست دەڕژایە قوڵکەکە و بەلەمەکەی لە خاک دەستاندەوە و دەیخستەوە سەرئاو. سەرەڕای ئەوە، بۆ ئەوەیکە ئاوی باران نەڕژێتە ناو بەلەمەکەمانەوە و زیانی پێ نەگەیەنێت، سەربانەکەی بە دار و پەردوو گرتبوو. سەرپشتی دار و پەردووەکەشی جۆرێک بە گەڵای دار و باریکە چرپی و چیلکە داپۆشیبوو، کە تەنانەت دڵۆپە بارانێکیش بە سەر پشتی بانەکەوە ڕانەدەوەستا.

چاوەڕوانی داهاتنی مانگی نۆڤەمبەر و دەسامبەرمان دەکرد کە ڕێگای دەریا مان بۆ بکرێتەوە. بەرەبەرە وەرزە باران کۆتایی هات و هەوا بەرەو خۆشی ڕۆیشت. من لە سەر سەفەر سوورتر بووم و پانزدە ڕۆژ بەر لە

دەسپێکی سەفەر، کەلوپەلی پێویستم بۆ سەفەر تێکناو زاد و تێشووی چەندین شەو و ڕۆژانیشم بۆ دابین کرد.

ڕۆژێک، لە دەمی بەرەبەیانیدا هەینیم بۆ ڕاوی کیسەڵی دەریایی ڕەوانەی دەریا کرد، بەڵام هێشتا چارکە سەعاتێک پێ نەچوو ، کە هەینی زۆر بە پەرێشانی لە پەرژینانەوە خۆی خستە ژوورەوە و بەر لەوی من دەم بکەمەوە، بە دەم هەناسە بڕکێوە گوتی:

" ئاغا... ئاغا هاتن... ماڵمان ڕما ئاغا... "

لێی چوومە پێش و شانیم گرت و لێم پرسی:

"چییە هەینی؟ چ باسە ؟!"

هەینی گوتی:

" یەک... دوو.. سێ لۆتکە دین لە دەریاوە ... زۆرن ئاغا! "

هەینی ئەوەندە ترسابوو، کە هەناسەکێشانیشی بە ئاستەم بۆ دەهات. من هەرچی دڵداریم داوە، بێ کەڵک بوو. ئەو پێی وابوو ئینسانخۆرەکان بە سەرمان وەردەبن و دەمان خۆن. من تێی ڕاخوڕیم و گوتم:

"غیرەتت بێ هەینی!.. مەترسە، ئەگەر خەتەرەیەک بێتە پێش، پشک و بەشی زیاتری بەر من دەکەوێت. جێگای ترس و دڵەڕاوکێ نییە باوکەکەم! دەبێ هەستین و دەست پێ بکەین و هەتا کار لە کار نەترازاوە خۆمان بۆ بەرگری دابەستین... بەڵام بڵێی تۆ بتوانی شەڕیان دەگەڵدا بکەی هەینی؟"

هەینی گوتی:

" من تیریان پێوە دەنێم، بەڵام ئەوان زۆرن بۆ ئێرە دێن... زۆرن دێن بۆمان! "

گوتم :

" مەترسە ئێمە تفەنگ و دەمانچەمان پێیە، چەندێکیان دەکوژین و ئەوانی تر لە تەقەی تفەنگ دەترسێن و دەڕەون. من ئامادەم گیانی خۆم بۆ تۆ بەخت بکەم و نەهێڵم بکەویتە بەردەستی ئەوانەوە؛ ئەدی ئەتۆ چی هەینی؟ دەتوانی دەست بکەیتەوە و ئەوەی من پێتی دەڵێم بەڕیوەی بەری؟"

هەینی گوتی:

"من بۆ ئاغاکەم دەمرم... من ناخوازم بمرێ ئاغاکەم... هەرچی فەرمانم پێ بدات، من دەمرم ئەگەر ئاغاکەم فەرمانم پێ بدات!"

بۆ ئەوەیکە هەینی ترسی برەوێت، جامێکی پڕی ئارەقی قامیشەشەکرەم دایە. دوو تفەنگی ڕاوم بە باڕووت و گرموولە ئاسنی درشت بۆ پڕکردەوە و دە شانیم کردن. بۆ خۆشم چوار تفەنگم بە گرموولە ئاسن و بزمار و باڕووت پڕکردنەوە و دەمانچەکانیشم فیشەک وەبەرنان و سەرەڕای ئەوانە، دوو شمشێری درێژم لە کالان دەرکێشان و لە کەمبەرم بەستن. "هەینی"ش تەورە تیژەکەی بە دەستەوە گرت. دووربینمان هەڵگرت و بەرەو گردەکەی نزیک بە ماڵەکەمان وەڕێ کەوتین. لە ڕێگای دووربینەوە، بە وردی سەیرم کردن. سێ لۆتکە زۆر بەخێرایی بەرەو دوورگەکەمان دەهاتن. ئەوان بیست و یەک کەس بوون و سێ یەخسیریشیان پێ بوو. لە هەلسوکەوتەکانیان دیار بوو برسین و بۆ خواردنی یەخسیرەکانیان زۆر بە پەلەن.

ئەوان لە شوێنێکی دوورتری ئەو جێگایە دابەزین کە هەینی لە بەر دەستیان دەرباز ببوو. هەر سێ لۆتکەکان لە نێوانی ئاوکەندە بچووکەکە و دەریا یەکتریان گرتەوە و دابەزین. کۆبوونەوەی تێکڕاییان هەلێکی زێڕین بوو بۆ لێدان و قڕکردنیان. هەینی لە تەنیشتم ڕاکشابوو. ڕووم تێکرد و بەئاسپا پێمگوت:

"ئەگەر هەینی یاریکارم بێ، دەتوانین تاقبڕیان بکەین. "

هەینی سەیرێکی کردم و دەمێک بێدەنگ مایەوە. بە جوانی دیاربوو کە ئارەقی شەکرەقامیش کاری تێکردووە. سەرخۆشانەو بە دەنگێکی کپ گوتی:

"من بۆ مردن ئامادەم ئەگەر ئاغاکەم فەرمانم پێ بدات. "

سەرخۆشبوونی هەینی و غیرەت بزووتنەکەی هەلێکی باش بوو بۆ دانانی پلانی شەڕ. دەمانچەیەکم لە کەلەکێی بەست و سێ تفەنگ و توورەکەیەک باڕووتم بە کۆڵی دادا. من خۆیشم هەر ئەوەندەم تفەنگ و گوولە و دەرمان هەڵگرت و بۆیان بزووتین. من سەرەڕای ئەو گشتە چەکوچۆڵ و شیر و تیرەی کە بە شان و شەپیلکمەوە هەڵواسرابوو، شووشەیەکیشم ئارەقی توونd پێ بوو. ئەوسا بە هەینیم گوت کە بەبێ فەرمانی من نابێ بجووڵێتەوە و دەبێ بەس بەئەسپایی بە شوێنی مندا پێ هەڵێنێتەوە.

لە ڕێگـای دووربینەوە بەشـــوێن ڕێگـایەکـدا گەڕام کە ئێمە بەرێتە نزیکیان و لە دیدی ئەوانیشـــدا نەدیو بین. من هەســـتام و"هەینی"ش بە شـــوێنمدا هات و ڕێگای ئەو بەری ئاوکەندەکەمان گرتەبەر. لەوێوە بەرەو ئەو شوێنە هەڵکشاین کە کۆبوونەوەکەیان لەبەر تێزکەی تفەنگماندا بێت. بەنیاز بووم بە چەند دەســـڕێژی نەپســـاوەوە تاقبڕیان بکەین و نەهێڵین یەکیان لێدەرچێت. لە ڕێگادا تاوانی مرۆڤ کوشتنم بە مێشکدا هات. بەدەم ئەم بیرەوە هەنگاوەکانم شـــل بوونەوە. شـــل بوونەوەی هەنگاوەکانم هۆی ترسی دوژمنی تێدا بەستە نەبوو. چونکە ئەوان گشتیان ڕووت و بێ چەک بوون و ئێمە لە هەر بـــار و بـــابەتێکەوە لەوان تۆکمەتر. بەڵام من لە کوشـــتاری بەکۆمەڵی خەڵکێک بێزار بووم کە ئەوان بێخەبەر لە هەموو شـــتێک، تەنیا ســـەرگەرمی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەســـمێکی بوون کە لە باب و باپیرانەوە پێیان براببوو؛ ڕێوڕەسمـــێکی کە بە بوون و نەبوونی من نوونی تێنـاکەوێت و هەر دەمێنێت. لەم شـــەڕگەیەدا من دەســـتم بە خوێنی کەسـانێک سوور دەبێت کە نە دەمناسن و نە دوژمنایەتیشیان دەگەڵمدا هەبووە. لەوانەیە هەینی دژ و دوژمنیان بێ و ئەو مافە بە خۆیەوە ڕەوا ببینێ کە بەرەنگاریان بوەستێتەوە، بەڵام من چی؟! ئەدی بۆچ دەستی خۆم بە خوێنی کەســـانێکی بێ تاوان ســـوور بکەم؟!... ئەم بیر و خەیاڵاتە تەواوێک منیان گێژ کرد. ئاخرسەر هاتمە سەر ئەو بڕیارە کە لێیان نزیک ببمەوە و خۆم بخەمە بەر فەرمانی یەزدان و هەر فەرمانێک لە لای ئەوەوە بێت، بیکەم و دەست نەگێڕمەوە. هەر بەو بیرەمەوە، بە ئەو پەڕی وریایی و هێمنی، لە ڕێگای جەنگەڵەوە بەرەو شـــوێنی مەبەســـت هەڵکشـــام و هەینیش بەشـــوێنمدا هات. گەیشـــتینە جێگایەک کە تەنیا پۆلەدارێک نێوانمان بوو. ڕووم کردە هەینی و پێم گوت:

" تۆ بڕۆ و وەســـەر ئەو دارە بکەوە و لەوێوە ســـەیریان بکەو بزانە خەریکی چین و چیدەکەن. "

هەینی خێرا بە دارەکە هەڵچوو. ســـەیری هەموو لایەکی کرد و بە وردی کارەساتەکەی دیت و گوتی:

" یەکێک لە دیلەکانیان لەتوپەت کردووە و خەریکی گۆشـــت برژاندنن. بەڵام ئاغا شتێکی سەیر!... ئەسیرەکەی تریان هەر ئەو سپی پێستەیە کە

پەنای بۆ هۆزەکەی من هێنابوو. ئەو دەبینم کە بەدەستی بەستراوەوە لە سەر چۆکان خەو بردوویەتەوە... "

هەرکە قسەکانی هەینیم بیست، بە ئەوپەڕی تووڕەییەوە لە جێگای هەستام و بۆخۆم وەسەر دارەکە کەوتم. لە جلک و لیباسی کابراوە زانیم خەڵکی وڵاتێکی ئەوروپایە. گورجێک لە دار هاتمە خوار و بە سەنگەخزە بەرەو ئاخر داری مابەینمان چووم. ئەو تاکەدارەی کە مەتەرێزی نێوانمان بوو، بە هۆی تەڕ و ئاودار بوونی شوێنەکە، کۆگایەکی دڕو و داڵ و گژ و گیا لێ ڕوابوو. شوێنەکەی ئێمە بژوێن بوو؛ ئەوان ئێمەیان نەدەدیت و لێیان شاراوە بووین. لەوێوە، بەبێ ئەوەیکە لێیان دیار بم، بەژنم ڕاست کردەوە و سەیرم کردن. ئەوان لەبەر تیزکەی تفەنگم دابوون و دەمتوانی تەقەیان لێ بکەم. بەڵام سەبرێکم گرت و کەمێکم خۆ ئارام کردەوەو تیژتر ڕوانیمن. ژمارەکەیانم بژارد، نۆزدە کەسیان گەرمی خواردن بوون و لە خواردنیشدا پارووی ئاخرینیان و ئەمجار نۆرەی لەتوپەتکردنی ئەوروپییەکە بوو. دوویان خەریکی بڕینی پەتی دەست و پەلی ئەو بوون، کە بولای هەینی داگەڕامەوە و پێمگوت:

"هاوڕێی من! هەرچی ئەمن کردم، ئەتۆیش بیکە!"

گورجێک دوو تفەنگەکانم لە سەر زەوی دانا و بە تفەنگە سەرپڕەکەم ئینسانخۆرەکانم بە نیشانە هەڵگرت. هەینیش چەشنی من چۆکی دادا و سێرەی لێگرتن. بە فەرمانی من، دوو تفەنگمان ئاگر دا. هەینی لە ئەنگاوتنی نیشانەدا گەلێک لە من ئەنگێوەتر بوو. ئەو بە تیرێک دووی کوشتن و سێیانیشی بریندار کردن. بەڵام من تەنیا یەکێکم لێ خستن و دوویانیشم بریندار کردن. ئەوانەی خەریکی کڕووستنەوەی ئاخر ئێسقانی دیلی داماو بوون، کە لە تەقەی تفەنگ و سللار بوونەوەی یارانیان بەچەشنێک شڵەژان، کە نەیاندەزانی هۆکاری کوژران و بریندار بوونی هاوڕێیانیان چییە و ئەم تەقوتۆقە لە کوێوە دێت. هەستابوون و نەیاندەزانی بەرەو کوێ ڕابکەن. هەر کەس دەفکری خۆیدا بوو. هەینی لە ڕێگای چاوانییەوە گوێ بە فەرمانی من بوو. من و هەینی دوو تفەنگی ڕاومان لە سەر دەستاندا بوو. من و هەینی لە یەک کاتدا ئینسانخۆرەکانمان بە نیشانە هەڵگرت و بە فەرمانی من، هەر دووک تفەنگمان لە یەکدەمدا

بە ڕووی ئینسانخۆرەکان تەقاندەوە. گرمووڵە ئاسنەکانی تفەنگە سەرپڕەکان، دوو کەسیان خست و چەندێکیشیان بریندار کرد. برینداره‌کان بێره و بەوێدا هەڵدە هاتن، بەڵام لە هەڵاتندا سێ کەسیان کەوتن و هەڵنەستانەوە. من و هەینی تفەنگە بەتاڵەکانمان دانا و دووی پڕمان هەڵگرت و لە ژێر دەوەن و درو داڵان دەرپەڕین و بە هات و هاوارێکی سامناکمانەوە بەروە دوو یەخسیرەکان چووین. ئینسانخۆرەکان دیلەکانیان جێ هێشت و بەرەو لۆتکەکانیان غاریان دا. من بە هەینیم گوت کە شوێنیان هەڵگرێت و نەهێڵێ تاقیان دەربچن. هەینی لێیان دامەزرا و تەقەی لێکردن و بە تێکڕای خستنە سەر خاک. من پێموابوو هەینی بە یەک تەقە هەموانی کوشتوە، بەڵام دیتنم دوویان زیندوون. هەینی دیسان تەقەی لێکردن و دووی تری خستن و تاکێکیان بە جۆرێ بریندار بوو، کە وەک مردوان لە لۆتکەکەدا تخێڵ کەوت.

هەینی ئازایانە تێیان بەر ببوو. دەستی ڕانەگرت و هەتا ئاخر کەسی لێ نەگوژتن، ڕانەوەستا. من کێرده‌کەم دەرکێشا و خەریکی بەندی دەست و پێی یەخسیرە سپی پێستەکە بووم. دوای کردنەوە بەندی دەست و پەلی ، بە زمانی پورتەکاڵی لێم پرسی:

"ئەتۆ کێی؟"

کابرای ئەورپی هەر نەک زمانی پورتەکاڵی نەدەزانی، بەڵکە لە ترسان و بەهۆی بێهێزی، زمانیشی نەدەگەڕا. چاوەکانی بێ ورشە و لێوەکانی وشک و گیانی دەبەر دا نەمابوو. زۆر بە کزی و لاوازی، بە زمانی لاتینی توانی بڵێ :

"من لە خاچ پەرستەکانم!"

داماوە هەر ئەوەندە بێ هێز و شەمزابوو، کە توانای زمان کردنەوە و لە سەرپێ ڕاوەستانیشی نەمابوو. من شووشە شەربەتی هێزبەخشم لە باخەڵم دەرهێنا و چەند قومێکم بە گەرووی داکرد. ئەمجار کەمێکیشم نان لە پێش دانا. نان خواردن و خواردنەوەی شەربەتی هەتوانبەخش، هێنایانەوە جێ. ورده ورده بە زمانی سپانیۆلی قسەی کرد و لەو خزمەتە گەورەی کە گیانی زیندووی پێدابۆوە سپاسی کرد. منیش بە هەرچی وشەی کە لە زمانی سپانیۆلی بیرم مابۆوە، گوتم:

" ئا غا گیان ئێمە بۆ قســـەکردن کاتێکی زۆرمان لە بەرە و دەتوانین پێکەوە دانیشین و لە یەکتر تێبگەین. بەڵام ئێستێ کاتی شـەڕە و دوژمن بنەبڕ نەکراوە. ئەگەر تاقەت و توانایەکت هەبێ، من دەمانچە و شمشێرت دەدەمێ و تۆیش بەشداری شەڕەکە بکەیت بە قازانجمانە."

دیتنی دەمانچێ و شمشێر، زیندوویان کردەوە و هەر وەک قەت ناساز نەبووبێ، هەستا سەرپێ و بوێرانە بۆ شەڕ بزووت. خۆی گەیاندە دوویان و بە زەربی شمشێر هەر دوویانی خست. ئینسانخۆرەکان وەها تاسابوون، کە توانای دەســـت کردنەوەیان نەمابوو. ئەوانەی کە بەرەو لۆتکەکانیان چووبوون، لە ترســـی تەقەی تفەنگ و دەمانچە، خۆیان لە لۆتکەکانیاندا مەڵاس دابوو. هەینی چۆکی بۆ دادابوون و تەقەی لێدەکردن. تفەنگەکان پڕکردنەوەیان دەویست و تەنیا تفەنگی پڕ کراوەوە، ئەو تفەنگە بوو کە دە دەســتی خۆم دابوو. من بە هەینیم گوت کە خێرا ببزوێت و تفەنگ و گوولە و دەرمانەکانی ژێر تاکەدارکەم بۆ بێنێت. هەینی تفەنگ و گولە و دەرمانی هێنا و من خەریکی داگرتنەوەی تفەنگەکان بووم. لەپڕ دیتم یەکێک لە ئینسانخۆرەکان بە شمشێرە دارینەکەیەوە کەوتۆتە سەر سپانیۆلییەکە و خەریکە شمشێرەکەی لە دەست بستێنێت، بەڵام سپانیۆلەکە بەهەموو کەم تاقەتی و بێ هێزیانیشیەوە، بە شمشێر وەهای بە لاسەری هێرشکار داکێشا، کە یەکجێ خستی. ڕەش پێستێکی تر گەیشتێ و پشتێندی گرت و هەڵی سووڕاند و خستی. ڕەش پێستەکە دەیەویست شمشێرەکەی لە چنگ بستێنێ، کە سپانیۆلییەکە زۆر بە ئارامی شمشێرکەی بەر دا و بە دەمانچەکەی، فیشیکێکی لە کاژەڵەی سەریدا و مێشکی بڵاو کرد. هەینی بە شوێن سەری ئەو سێ زامدارانە دا ڕۆیشت و گەیشتەوە سەریان. بە زەربی تەوری دەستی هەر سێیانی ئەنجنی. ئەمجار سپانیۆلییەکە تفەنگی دەست دایە و دوو ئینسانخۆر کە خەریکی ڕاکردن بوون، بە نیشانە هەڵیگرتن و تەقەی لێکردن و بریندارى کردن. دوو بریندارەکان بۆ خۆ حەشاردان بەرەو جەنگەڵ ڕایان کرد. هەینی یەکیانی کوشت و ئەوی دیکەیان زۆر چالاکانە خۆی بە ئاو دادا و بە مەلەکردن بەرەو ئەو لۆتکانە چوو کە سێ کەس لە هاوڕێیانی بریندارى تێدا بوون. لە سەرجەم ڕەش پێستەکان تەنیا ئەو چوار بریندارەیان لێ دەرچوو و

تەرمی ئەوانی دیکە لە شـــەڕگەکە دا جێ مان. بریندارەکـان بە هەموو هێزیانەوە سەوڵیان لێدەدا و لۆتکەیان ئاژواند.

من بیرم لێکردەوە کە ئەگەر ئەو چوارانە بگەنەوە شـــوێنی خۆیـان، لەوانەیە لەشـکری ئینسـانخۆرەکانمان بەسـەر وەربکەن. هەر بۆیە خێرا سواری لۆتەکەیەکی ئەوان بووم و بانگی "هەینی"شم کرد کە بە شوێنیاندا بڕوین، بەڵام هەر کە پێم دە لۆتکەکە نا، دیتم ئەسیرێکی شریت پێچکراوی تریش لە تەرکی لۆتکەکەدا ڕاکشاوە. ڕەش پێستەکە لە ترسـان نیوەگیان مابۆوە و ئازای ئەندامی چەشـــنی مێژۆکە دەلەرزین. دەســـت و قاچی بە چەشـنێک پێچرابۆوە، کە توانای سـەر بەرزکردنەوەو ڕوانینی منیشـــــی نەبوو. من پەتی دەســـت و باڵ و قاچیم کردەوە و کەمێکم بەرز کردەوە، بەڵام لە بەر ژانی لەش و لە ترسـی کوشـتن و خواردن دەیناڵاند. ئەو پێی وابوو کردنەوەی بەندی دەســت و پەلانی بە واتای ســەربڕین و کوشـــتن و خواردنێتی.

هەینی هاتەوە لامان و من بە ئاماژەی دەســـت پێمگوت کە چەند قومە ئارەقی شەکرەقامیش بداتێ. هەینی بە ئارامی سەری پیرەپیاوەکەی بەرز کردەوە و هێدی هێدی قســـەی بە گوێیدا گوت و لاواندییەوە. یەخســـیرە دامـاوەکە بەرەبەرە هێور بۆوە و زمـانی کرایەوە. هەینی ســـەری پیرە پیاوەکەی بەرەو خۆی وەرگێڕایەوە و بە وردی سەیرێکی کرد و لەپڕ کابرای گرتە باوەش و ملی لە ماچ و مووچان نا. هەستا سـەرپێ و دەستی کرد بە سەماکردن و هەڵبەز دابەزینێکی چاوەڕوان نەکراو. هەینی هەر وەک شێت و ماخولیا یانی لێهاتبوو. دەگەڵ پێکەنین و چەپڵە لێدان و ســـەماکردن، منیشـــــــــی حەیران کرد. من هەر وا تێی ڕامابووم و پێم خۆش بوو بزانم هۆکاری ئەو شـادمانی و هەڵپەڕکێ و پێکەنین و چەپڵە لێدانەی چییە. من هەر بەس تێی ڕامابووم و ئەویش لە سەر بەزمی خۆیدا بەردەوام بوو. کەم کەمە هەینی هاتەوە خۆ و بە ئاوپەڕێ شادمانییەوە هاتە لام و گوتی:

"ئاغاکەم!... هیچ دەزانی ئەو پیرە پیاوە کێیە و چ کەسـە... ئەو باوکی منە.. باوکمە!... باوکم!"

من بەش بە حاڵی خۆم لەو گشتە شادمانی و خۆشی و دڵگەشییەی کە ڕۆڵەیەک لە دیتنەوەی باوکی پێی بڕابوو، دەهات فرمێســـک بە ڕوومتم دا

بتکێتەوە. زمانی من لە گێڕانەوەی دیمەنی پێک بڕانەوەی باوک و ڕۆڵە، کورت و کزە و هەر بەس دەتوانم بڵێم کە ئەوەی هەینی دەیکرد، هەستێکی پیرۆزی ئینسانی بوو.

هەینی سەبرو ئارامی لێ بڕابوو. لە لۆتکەکە دەردەپەڕی و دەگەڕایەوە و ڕووو بە ڕووی باوکی دادەنیشت. بۆ گەرم کردنەوەی لەشی کلۆڵی باوکی، سەری بە سنگی خۆیەوە دەنا و دەست و قاچی وشک هەڵاتووی دادەماڵی. دیدار و پێک شادبوونەوەی باوک و کوڕ، گۆڕەپانی شەڕ و دەربازبوونی ئینسانخۆرەکانی لەبیر بردینەوە. دەتوانم بڵێم ئەو شانۆیەی هەینی و باوکی بۆ ئێمە ئاخر خێر بوو. چونکە هێشتا چارەکە سەعاتێک تێنەپەڕیبوو کە توونده بایەکی سەر شێت، ئاوی دەریای هەژاند و شەپۆل بە بارستایی دیوارێک هەستان و تۆفان دەستی پێ کرد. سەرتانسەری ئەو شەوە، بای سەر شێت نەسرەوت و تۆفان ئارامی نەگرت. توونده با و تۆفان لە بەری باکووری ڕۆژئاواوە هەڵی کردبوویە و هەر ڕاست دژ بە ڕەوتی لۆتکەی ئینسانخۆرەکان بوو؛ من پێم وایە ئەگەر لۆتکەکەیان باڵداریش بوایە، لە چنگ ئەو تۆفانە هومێدی ڕزگار بوونیان گەلێک کەم بوو.

هەینی، بە چەشنێک بە دەوری باوکیدا هەڵدەسووڕا و هەر هێنده بە دلۆڤانی خۆی بە سەرگەردی دەکرد، کە من پێم حەیف بوو تەنانەت قسەیەکیشیان بهاوێژمە نێوانیان. من لە ژێر چاوانمەوە بە وردی سەیرم دەکرن و لە دڵدا سپاسی هەینیم دەکرد کە ئاوا خۆش خزمەتە دەرهەق بە باوکی. لەم خۆش خزمەتی و خەمدار بوونی هەینی، شەرمێکی تێکەڵاو بە تاوان بە من بڕا. منیش خاوەنی دایک و باب بووم و منیش سایە پەروەردەی دایک و بابان بووم، بەڵام ئەوەی نامردی بوو دەگەڵم کردن و ئەوەی ناموڕادی بوو بە من بڕا؛ ئەم شەرمە تێکاڵاو بە تاوانەش خۆی لە خۆیدا وەڵامێک بوو کە لە ئاکاری ڕابوردووی خۆمەوە پێم دەگەیشتەوە.

دوای ئیستێک، من هەینیم بانگ کردە لای خۆم و لێم پرسی:

"ئاخۆ جگە لەو شێلان و داماڵینی و سەیرکردنەی باوکت، هیچ دە فکری باوکت دا هەی؟! هیچ دەزانی لەمێژە دەمی لە هیچ نەداوە و ئاوی لەشی بەرەو تەواو بوومە؟!... "

هەینی هاتە نێو قسـەکانم و بەو شـیرین زمانی و خۆش گوتارەی خۆی گوتی:

"نەخێر ئاغاکەم، منی سەگەپیس لە خۆشیانی هەر خۆم خواردوومە و لە بیری باوک و زگی برسی باوک دا نەبووم!"

من نانێکی جۆ و کەمێک کشمیش و شووشـەیەکم ئارەقی شـەکرەقامیش دایە و پێمگوت:

"کەمێک لەم ئارەقەی بە دەمیدا بکە و دوایەش نان و پێخۆری بدەیە. ئەوەیکە لە ئارەقەکەش مایەوە، خۆت نۆشـی گیانی بکە. ئاخر تۆیش دوای ئەو گشتە هەڵسووڕان و تێکۆشانەت، خواردن و خواردنەوەیەکت پێویستە... بەو ڕابگە؛ نابێ خۆیشت لەبیر بچێت هەینی!"

هەینی نان و کەمێک مێوژی هەڵگرت و هەمووی بۆ باوکی دانا. چی پێ نەچوو، هەینی چەشـنی فیشـەک دەرپەڕی و زۆر بە خێرایی بەرەو ماڵ هەلینگی دا. من چەند جارانم گاز کردێ، بەڵام ئەوەندە خێرا ڕۆییشت، کە دەنگی منی نەگەیشتێ. زۆری نەخایاند، هەینی لە لای ماڵانەوە دەرکەوت. بەڵام دیار بوو بارەکەی قورسـە و هەلینگدانی بۆ ناکرێت. نەرمە نەرمە لێمان نزێک کەوتەوە. دیتم لە دەستێکدا گۆزەیەکی پڕ ئاو و دەستەوارێک نان لە ژێر باخەڵەکەی تری دا، بە شنەشن هاتەوە لامان. نانەکەی بۆ من دانا و گۆزەکەی بۆ باوکی برد. باوکی هەینی قورتم قورتم ئاوی خواردەوە و کەم کەمە حاڵی هاتەوە جێ. من ئەمەش لە هەینی فێر ببووم کە لە دەمی ترسان و تاسانی مرۆڤدا، باشتری دەرمان ئاوە. دوای تێرئاوکردنی باوک، ئەمجار نان و مێوژی دەرخواردی دا و چەند قورتمە ئارەقیشـی بەدەم داکرد. باوکی هەینی بەم پێڕاگەیشتنە، بەرە بەرە تین و توانایەکی وەرگرتەوە و چاوەکانی بە دەور و بەر داگێڕا. دوای ئەوەیکە لە زیندوو بوونەوەی باوکی هەینی دڵنیا بووین، ئەمجار من و هەینی هەستاین و نان و ئاومان بۆ سـپانیۆلییەکە برد. ئەو داماوەش هێز و توانایەکی ئەوتۆی دە لەشـدا نەمابوو. لەبەر بێ هێزی و بەهۆی ترسـی پێشـووی، هەر وەک تەرمێک لە سـەر مێرگی ژێر سێبەری دارێکدا لێی ڕاکشابوو. نان و گۆزەی ئاو لە دەستی هەینی دا و لە دەستی منیش دا کەمێک ترێ، بۆی چووین. هەر کە ئێمەی دیت چاوەکانی کردنەوە و بە چاوێکی پڕی سـپاسـەوە

سەیرێکی کردین و ویستی لەجێگا هەستێت، بەڵام توانای هەستانی نەبوو. ترسی گیان و ئازاری ژێردەستەبوونی ، هیچ تاقەت و توانایەکیان پێ نەهێشتبۆو. دەست و قاچەکانی ئازاریان هەبوو. شوێنی شریت پێچی دەست و قاچەکانی ماسیبوون و دیار بوو ئازاریان هەیە. من بە هەینیم گوت کە بە ئارەقی شەکرەقامیش شووێنی ماسینی قاچ و جومگەکانی دامالێت و دوایەش بە ئاوی سارد بیشواتەوە. هەینی بە دەم دامالینی دەست و قاچی سپانیۆلییەکە، بەردەوام سیلەی چاویشی هەر بەلای باوکێوە بوو؛ چاوی لە سەر هەڵنەدەگرت و بە نیگەرانی دەیڕوانی. باوکی هەینی بۆ ڕازان و شەکەتی دەرکردن لە لۆتکەکەدا ڕاکشا بوو. هەینی، کابرای سپانیۆلی گرتە کۆڵ و چالاکانە ڕفاندی و هەر لە تەنیشت باوکی، لە تەرکی لۆتکەدا خەواندی. ئەمجار پەتی لۆتکەکەی گرت و بە شوێن خۆیدا ڕایکێشا. ئەگەرچی ڕەشەبا هەڵیکردبوویەو شەپۆلیش بەرز تێهەڵدەچۆوە، بەڵام هەینی لۆتکەی هەتا ئاوکەندەکە ڕانەگرت و بە دوای خۆیدا ڕەکێشی کرد. دوای بەستنەوەی لۆتکەکەی نەخۆشان، ئەمجار لۆتکەی لەشکەری ئینسانخۆرەکانی ڕەکێش کرد و دوای بەستنەوەی لۆتکەکان، ئەمجار نەخۆشەکانی لە لۆتکە هێنایەدەر. بەڵام ئەوان هیچیان توانای لە سەرپێ ڕاوەستان و ڕێگا ڕۆیشتنیان نەبوو. هەینی نەیدەزانی دەگەڵ دوو ناسازی دەستەوەستان چ بکاو چلۆنیان ڕاگوێزێت. من بۆی چووم و پێم گوت:

"هەینی تۆ بە لایانەوە دانیشە و ئاگایەکت لێیان بێ ، من هەر ئێستا بۆیان دەگەڕێمەوە و ناسازەکان ڕادەگوێزین."

خێرا بەرەو ماڵ بوومەوە و هەتا هەینی پشوویەکی تازە کردەوە، من کورسییەکی تەگەردارم بۆ ساز کردو گەڕامەوە. کاتێک کە نەخۆشەکانمان ڕاگواستن و گەیشتینەوە لای پەرژینەکان، ئەمجار بۆمان دەرکەوت کە نەخۆشەکان ئەو توانایەیان نییە بە پەیژەکاندا ئەودیوی ماڵ ببن. تەنیا چارەیەکی کە بواری کرداری هەبوو، ئەوە بوو کە لە پشت پەرژینەکاندا خێوەتێکیان بۆ هەڵدەین و وەک نەخۆشخانەی سەحرایی، نەخۆشانی تێدا ڕابگرین. من و هەینی پێکەوە قۆڵمان لێ هاڵماڵی و لە ماوەی دوو کاتژمێراندا خێوەتێکی بچووکمان لە نێوان پەرژین و مێشەڵانەکەدا بۆ

هەڵدان و بە دار و پەردوو دامان پۆشـــی. لە ژووری خێوەتەکەشـــدا دوو قەرەوێڵەمان لە کای وشک بۆ ساز کردن و لێفەمان بە سەر دا هەڵکێشان.

ئێســـتێ ئیتر دوورگەکەی من ئاوەدان ببووەوە و کۆمەڵێک نانخۆرم بۆ پەیدا ببوون. لە ڕاســـتیدا من یەکا یەکی ئەو نانخۆرانەم لە بەر دەمی تیخی ئینســـانخۆرەکان دەرکێشـــابوون و ئەوانیش ئامادە بوون لە ڕێگەی مندا گیان بەخت بکەن.

من هەر لەو ڕۆژەوە کە هەینیم نەجات دا و ناوی"هەینی"م بە ســـەر دا بڕی، بەرە بەرە بۆلای دینی مەســـیح و ئاینزای پرۆتەســـتانم ڕاکێشـــا. ســـپانیۆلەکەش لایەنگری ئاییبنزای کاســـۆلیک و باوکی"هەینی"ش ســـەنەم پەرســت بوو. منیش وەک پادشـــایەکی دڵ و دەروون ئاواڵە، بەبێ ئەوەیکە دەمـارگرژی بکەم و لەنیوان ئـاییـنەکـانـدا جیـاوازی دابنێم و ئەمەم لە ئەویتریان ڕێزدارتر بێ، برایانە بە ســـەر دانیشـــتووانی نیشـــتمانەکەم ڕادەگەیشتم و باوەڕی دین و ئایینی ئەوانێشم بەلاوە ڕێزدار بوو.

بۆ نەخۆشـخانە و میوانانی ناســازمان بەرنامەیەکی تایبەتم دانا . بۆ گەڕانەوەی ســـڵامەتی و تین و تاقەت پێدان و بووژاندنەوەیان، بەرنامەی خورد و خۆراکی تایبەتم دانا. هەینیم ڕەوانەی دانگەی بزنەگەلان کرد کە کارژۆڵەیەکی ناســـک بگرێت و بۆمانی بێنێ. کارژۆڵەکەم ســـەر بڕی و گۆشـــتەکەم پل پل کرد و دەگەڵ کەمێک برنج و جۆ لە دیزەدا گولاندمن و گۆشـتاوێکی زۆر خست و خۆڵم لێ سازکردن. گۆشتاوەکەم بە دیزەوە بردە خێوەتی میوانەکان و بەتێکڕایی لێی هالاین و نانمان خوارد. سپانیولییەکە لەو دەمەوە کە لەناو هۆزی ڕەش پێســـتەکاندا ژیا بوو، زمانی ئەوان فێر ببوو و زۆر بە ڕەوانی دەگەڵ باوکی هەینی قسەی دەکرد. هەینی وەرگێڕی زمان بوو لە نێوان من و بـاوکی و ســـپانیۆلییەکە دا. من بۆم دەگوتن و هەینی بۆی وەردەگێڕانەوە و کەیفیـان بە گوتن و گوتـارەکەی من و وەرگێڕانەکەی هەینی ساز دەبوو.

دوای نـان خواردن، من هەینیم بە شـــوێن کۆکردنەوە چەکۆچۆڵەکەی گۆڕەپانی شـەڕ دا نارد و ڕاشم ئەسپارد کە گوژراوەکانی شـەڕگەکەش ژێر خـاک بکـات. ئەوێ ڕۆژێ و بۆ ڕۆژی دواتریش هەینی گۆڕەپـانەکەی

هەڵوەژارد و تەرمی کوژراوەکان و ئێسک و پرووسکی دیلە خوراوەکانی ژێر خاک کردن و وڵاتی تەواو خاوێن کردەوە.

من لە باوکی هەینیم پرسی کە ئاخۆ پێی وایە ئینسانخۆرەکان بە لەشکرێکی گرانەوە بە سەرمان وەربن؟ باوکی هەینی پێی وابوو لۆتکەی ئینسانخۆرەکان لە تۆفاندا بە سەلامەت دەر نەچووە؛ تەنانەت ئەگەر لە تۆفانیش ڕزگاریان بووبێت و شەپۆڵ رایدابنە سەرزەمینی ئینسانخۆران، سەریان تێدا چووە. باوکی هەینی گوتەنی کە تەنانەت ئەگەر بە هۆزەکەی خۆیشیان شاد بووبنەوە، تەقە و گڕ و ئاگری لوولەی تفەنگمان هەر وەهای ترساندوون، کە بۆ ڕوو سوورکردنەوەی خۆیشیان بێ ، داستانی وەک توورە بوونی خودا، بۆ خەڵک هەڵدەبەستن و هەزار گورگ و ڕێویشی تێهەڵدەکێشن.

بەڵام من، ترسی گەڕانەوەی ئینسانخۆرەکانم هەتا ماوەیەکی زۆریش هەر دە دڵ دابوو. هەربۆیە هەموو ئەندامانی ژێر فەرمانی خۆم چەکدار کردن. هێزی چەکداری دوورگەکەی من چوار کەس بوون، کە بە دڵنیاییەوە پێم وابوو لە تێهەڵچوونماندا، بەری سەدان ئینسانخۆرمان پێ دەگیرێ. بەڵام ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو، هیچ خەبەرێکمان لە هێرشی ئینسانخۆران پێ نەگەییشت. بەرەبەرە دڵەڕاوکێم نیشتەوە و پەرێشانیم داکەوت. ڕۆژێک دەگەڵ باوکی هەینی دانیشتم و دەربارەی سەفەرێکی دەریایی و دیداری خزم و کەسانی ئەو، پرسیارم لێکرد. باوکی هەینی دڵنیای کردم کە ئەگەر ئەو سەفەرە بکەین، هەر خۆی بۆم دەبێتە چاوەش و تەواوی بەسەرهات و ڕووداوەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە. باوکی هەینی ئەم بەڵێنەیشی پێدام کە سەرجەم هۆزەکانی سەر بە هۆزەکەی خۆی دەبنە موریدی من و پێڵاوەکانم لە سەر چاوان دادەنێن. منیش بە بەڵێنەکەی باوکی هەینی دڵم کرایەوە و بیری سەفەرم کەوتە سەر، بەڵام سپانیۆلییەکە ساردی کردمەوە و دەگەڵ گێڕانەوە ی بەسەرهاتی خۆیاندا و گوتی:

"گەمیەکەی ئێمە، گەمێیەکی بازرگانانی ئیسپانی ـــ پورتۆکالی بوو کە لە نێوانی ئەوروپا و لاتین ئەمریکادا بازرەگانیمان دەکرد. لە یەکێک لە سەفەرەکانماندا کە زۆرایەتیی بارەگەی گەمیەکەمان زیو و پێستی ئاژەڵ بوو. لە ریۆدو لاپلاتاوە Riode´laplata بەرەو هاڤان

Havaneڕۆیشتین و بەنیاز بووین لە "هاڤان" کەوڵی ئاژەڵ و زیو دابەزێنین و شـــمەکی ئەوروپایی هەڵگرین و درێژە بە ســـەفەر بدەین، کە لە نیوەی ڕێگادا تووشی تۆفان هاتین. لە تۆڤانەکەدا پێنج کەسمان تێدا چوون، بەڵام بە هەزار دەردیسەر توانیمان پێنج دەریاوانی پورتەکالی لە چنگ شەپۆلان ڕزگار بکەین. گەمیەکەمان تێک شـکا، بەڵام من و شـانزدە هاوســەفەری ســـپانیایی و پورتەکاڵی توانیمان خۆمان باوێژینە بەلەم و ڕێگای نەجات بدۆزینەوە. ڕێگـای ڕزگـاریمـان دۆزییەوە، بەڵام کەوتینە دوورگەی ڕەش پێســـتەکانی هۆزی باوکی هەینی. بە پیێچەوانەی ترس و تۆقینی ئێمەی سپی پێست، ڕەش پێستەکان باوەشیان بۆ کردینەوە و وەریان گرتین. بە ئەوپەڕی میهرەبانی هەڵسوکەوتیان لە گەڵماندا کرد و لە تێشـووی کەمی خۆیان بەشـــی ئێمەیشـیان دا. بەڵام چونکە لە باری بەرێچوونەوە گەلێک کەم دەست و بێ ئەنوا بوون، ئەوان لە چنگ هەژاری دەلەرزین و ئێمەیش لە ترســی گیانمان هەدا دانمان نەبوو؛ چونکە هەمیشــە ئەگەری ئەوەمان لە ڕێدا بوو کە ڕەش پێستەکان لە برسان دامانگرێنێ و بمان کەنە پارووی ورگی بەتاڵیان. یارانی ئێمە تفەنگیان هەبوو، بەڵام تفەنگەکانیان بێ گوللە و باڕووت بوون و هیچ کەڵکێکیان نەبوو... "

من لێم پرسی:

" ئەگەر ئێمە بتوانین ســـەفەری وێندەرێ بکەین و دەســـتمان پێیان ڕابگات، تۆ بڵێی یارانی ئێوە حەز بکەن ڕەگەڵمان کەون و نیشتمانەکەمان ئاوەدان بکەنەوە؟ "

سپانیۆلییەکە گوتی:

" من دڵنیـام ئەوان لە خودا دەخوازن بە نـان و نەوایەک بگەن و لە مەترســـی بێنە دەرێ. بەڵام چوونی تۆ بۆ لای ئەوان ڕەنگە کەمێـک مەترســـیدار بێت. هەر بۆیە بەباوەڕی من، ئەگەر ڕێم پێ بدەی و دەگەڵ باوکی هەینی هاوســـەفەرم بکەیت، من هەڵگری پەیامی تو دەبم بۆ لای یارانی خۆم. من پەیامەکەت بە هاوڕێیان ڕادەگەیەنم و ئەگەر بەڵێندیان پێدام و ســـوێندیان بۆ خواردم کە وەفادار و ملکەچی تۆ دەبن، ئەودەم دەگەڵیان دادەنیشـــم و پەیمان نامەیەکیان پێ مۆر دەکەم کە ئەتۆ وەک

ڕێبەرێک ببینن و قەت سەر لە فەرمانت لانەدەن. پەیمان نامە دەنووسم و پێیان واژۆ دەکەم، جا ئینجا ڕێگایان بۆ دەکەمەوە."

من قسەکانی سپانیۆلیەکەم بەدل بوو. هەر بۆیە ویستم دەمەودەست ببزووم و ئەسبابی سەفەریان بۆ ئامادە بکەم. کە دیسان سپانیۆلییەکە دەستی گرتم و گوتی:

" بە باوەڕی من نابی پەلە بکەین. ئەو گشتە میوانە خەرج و باج و خۆراکیان پێویستە. پێویستە بنەیان بۆ دابخەین و ئەوان بێنە سەر سفرەی دەولەمەند. لازمە دانەوێڵەی زیاتر دابخەین و ژماری ئاژەڵانیش پەرە پێ بدەین. بۆ ئەو گشتە نانخۆرە، دەبێ زەوی و زارێکی زۆر گەورەتر دابچێنین و دەغڵ و دانێکی زۆرتر پاشەکەوت بکەین. هەرکاتێک کە سەری خۆمان خویندوەو زانیمان نیشتمانەکەمان توانای بەخێرهێنانی ژمارەیەکی زۆرتری هەیە، جا ئەو دەم دەتوانین بە شوێنیاندا بچین و بانگهێشتیان بکەین. "

پێشنیارەکەی هاوڕێم هەر ئەوەندە ژیرانە بوو، کە من بە دل و گیان لێم وەرگرت. بەپێی بەرنامەیەکی ڕیک و پێک، چەند پەڵە خاکێکی خوار دارستانەکانمان هەڵبژارد و بەتێکڕایی بۆی بزووتین و دەستمان کرد بە هەڵگێڕانەوەیان. لە ماوەی مانگێکدا، بە بێڵی تەختە زەویمان کێلا. لە سەرجەم ئەو برە برنج و گەنم و جۆیەی کە پاشەکەوتم کردبوو، بەشێ شەش مانگ خواردنی خۆمانمان گێڕایەوە و هەرچی هەبوو بە مەزرامان داکرد.

ژمارەی دانیشتووانی دوورگەکەم گەیشتبوویە چوار کەسان. ئیتر ترسی هاتنی ئینسانخۆرەکانمان کەم ببۆوەوە و هەستمان بە توانایییەکی لەبڕان نەهاتوو دەکرد. هاونشینی و پێکەوە ژیانی دێموکراتی، لە مێشکی هەر چوارماندا یەکڕیزی و تەبایی ساز کردبوو. بەتێکڕامان بست بە بستی دوورگەکەمان بە نیشتمانی خۆشەویستی خۆمان دەزانی. هەر چوارمان ئارەزووی گەڕان و پشکینی سەرتانسەری نیشتمانی خۆمان دە دل دابوو، هەربۆیە بڕیارمان دا پێکەوە گەشتێک بە هەموو خاکی دوورگەکەماندا بکەین و لە نزیکەوە سەر و ژێرانی بگەڕێین و بزانین چی تێدایە. هەر چوارمان خۆمان بۆ گەڕان و پشکنینی سەرتانسەری دوورگەکە تێکنا.

ئەمەش بڵێم کە هاونشینی و پێکەوە ژیانمان هومێدێکی مەزنیشـــی لە پشـــت بوو؛ ئەویش دەرچوون و کرانەوەی ڕێگای ڕزگاری بوو؛ لە هەموویان زیاتر من خۆم بووم کە بە هەر شوێنێکدا تێپەڕ دەبووم، بە چاوی کڕیارەوە کەڵەدارەکانم ســەیر دەکردن و بۆ ســازکردنی بەلەمێکی جێی دڵنیایی، هەڵم دەبژاردن. لە کاتی گەڕان و ســەیرکردنی داری جەنگەڵی ، من چەند کەڵەداری زۆر ئەستوورم هەڵبژارد و ئەوانم بۆ هەینی و باوکی دەستنیشان کرد، کە بە کاتی بەجێ دارەکان بخەن و لە ژێر چاوەدێریی سپانیۆلییەکەدا تەختەی لێ ساز بکەن. من لە دەمی تەنیاییمدا، بە ئەوپەڕی تێکۆشانی شێلگیرانەمەوە لە داری جەنگەڵ تەختەم ساز دەکردن. شێوەی سازکردنی تەختەم دەگەڵ هاوڕێیانی خۆم باس کرد و بۆم گێڕانەوە کە تەنیاباڵ چەندەم کوێرەوەری بۆ داتاشینی تەختەیەک کێشاوە.

دوای کۆتایی گەشـــت و پیاســـەکەمان، ســـپانیۆلییەکە بە یاریکاریی هەینی و باوکی، دارەکانیان خست و بە کەرەسەی کول و کۆڵی سەرەتایی و بە ئەوپەڕی زەحمەتەوە، توانیان دوازدە تەختە لە دار بەڕووی ســـەخت دابتاشن. درێژایی هەر تەختەیەک 10/5 و پانایی 6 مەتر و ئەستووارایی 2 بەندی قامکێک بوون. لە ماوەی ســـەرقاڵبوون بە دار و تەختە، جارجارە من و هەینی و هەندە جارێکیش ســـپانیۆلی و هەینی بۆ ڕاوە بزنان وەدەر دەکەوتین. دەگەڵ هەر جارە ڕاوێکیش چەند کاریلەمان بە زیندوویی دەگرتن. هەر لەو چەند ڕۆژانەدا، توانیمان 22 کاریلە بزنان تێکەڵ بە بزنەگەلی دانگەکانمان بکەین. لە هەرەوەزی گشـــتیماندا بۆ چنینەوە و ڕنینەوە ترێ و ڕەجابا هێنانی مێوژ، توانیمان بڕی 60 بەرمیلی گەورە خاســـە مێوژان هەڵگرینەوە. ئەمەش بڵێم کە لە ســـێ جەمەی نانی ڕۆژانەماندا، ژەمێکمان نان و مێوژ دەخوارد.

دوای هەڵگرتنەوەی مێوژ، ئەمجار نۆرەی دروێنەی دەغڵەکانمان گەیشـــتێ. دەغڵەکانمان باشـــیان گرتبوو، بە چەشـــنێک کە لە 209 کیلۆ بنەتووی جۆ، نزیک بە 1140 کیلۆی بەرهەم داینێ. بەرهەمی برنجیش هەر بەو جۆرە بوو. ئەو بڕە بەرهەمەی کە لە میوە و دەغڵ هەڵمان گرتەوە، بەشی هەموو میوانەکانی دەکردین و تەنانەت ئەگەر نیازی ڕۆیشتن و جێ

هێشــتنی دوورگـەکـەیشــمـان هـەبوایـە، ئـەو بڕە زاد و زمهـەرە بـەشـــی هـەتا قەراغ ئاوەکانی ئەمریکای دەکرد.

دوای ئـەوەیکـە بـەرهـەمـی دەغڵـەکـەمـان لـە کـا و کۆت جیـا کردەوە، بۆ هـەڵگرتن و ڕاگرتنیان، چوار سەوەتەی زۆر گـەورەمان لـە شووڵـی لاوێن چنـی و قەســـەڵـی برنجمـان لـە ژێریـانـدا تـەپـانـدەوە و دەغڵمـان تێکردن. سپانیۆلییەکە، لـە هونـەری سەوتە چنیندا هـەر ئـەوەندە شارەزا و مامۆستا بوو، کـە پێـی وابوو لـە جیاتـی سازکردنـی دیوار لـە پەرژین و چرپی، دەبوایـە لـەو شـــێوەیـەم کـەڵک وەرگرتبایـە. پەرژین و دیواری دار و چرپی یادگاری سەردەمی تەنیاییم بوون؛ ئیتر ئێستا ترسی هێرشی ئینسانخۆرەکانمان بـە سەرەوە نـەماوە و پەرژین و چنینی دیواریشم بـە کەڵک نایەن.

هـەرکـە لـە کـاری هـەڵگرتنـەوەی دەغـل و دان و بـەرهـەمـی ترێ و مێوژ و دۆشـاوی ترێ سـەرمـان سـووک بوو، سـپانیۆلـی و بـاوکـی هـەینیم بۆ سـەفـەر ئامادە کردن و فـەرمانێکی نووسراوەشم دایـە کـە بۆ یارانـی بخوێنێتـەوە. لـە نامـەکـەدا نووسـیبووم: ئـەو کـەسـانـەی کـە نیازی هاتنـی دوورگـەکـەی منیان هـەیـە، پێویسـتـە لـە بـەرامبـەر سـپانیۆلـی و بـاوکـی هـەینـی دا سـوێندی وەفاداری بخۆن کـە هـەتا دەگـەڵمانن، وەفاداری یاسـای کۆمـەڵگاکـە بن و بـەڕێزەوە ملکـەچی فـەرمانداری دوورگـەکـەش ببن.

جارێکی تریش بـە گوێـی هاوڕێـی سپانیولیم دا خوێند کـە هـەر خۆی دەبێ بـەرپرسـی یارانـی بێت و بـەرپرسـیاریی هـەموویان لـە ئـەسـتۆی خۆی دایـە. سـپانیۆلـی بـەڵێنـی پێدام و دوای وەرگرتنـی هـەموو ڕاسـپاردەکانم، دەگـەڵ باوکـی هـەینـی ئامادەی سـەفـەر بوون. منیش بارگـە و بنـەم بۆ تێک نان. بۆ هـەر یـەک لـەوان تفـەنگێکی و بـە ڕادەی هـەشـت جار داگرتنـەوەی تفـەنگ، باڕووت و گرموولـە ئاسـنم دانێ و هـەر بـەو لۆتکـەیـەی کـە ئینسـانخۆرەکان پێـی هاتبوون، ئامادەی سەفـەرم کردن.

ئـەوە یـەکـەمین هـەڵوێستی کرداری من بوو کـە دوای بیست و حـەوت ساڵ نیشتـەجێ بوونم هـەوڵـی ڕزگاریم دەدا. بۆ ئـەوەیکـە کارەکانم خێردەرەوە بن و بـە ئاکام بگـەین، هـەموو بیرۆکـەکانم هێنانـەوە بیر و بۆ هـەموو ئـەگـەر و خـەتـەرێکیش ڕێگـای ژیرانـەم لـە بـەردەم دانـان. لـە یـەکـەمین هـەلـدا، بۆ هـەموو ئـەو میوانانـەی کـە قـەراری هاتنیان درابوو، بـە پێـی سـەرانـە، تێشووی

هەشت ڕۆژانیانم بۆ ئامادە کردن. نان و مێوژ و ئاو و وردە شتی تریشم بۆ تێکەوە پێچان و لە لۆتکەکەدا جێگامان بۆ دابین کردن. قەراریشـــمان دانا کە لە دەمی گەڕانەوەیـانـدا، ئەو ئـالآیەی کە لە پێشـــخوانی لۆتکەکە دابەســـتراوە، بەرزی بکەنەوە و خۆیان بناسـێنن. بەمجۆرە لە شـــەوێکی تەواو مـانگەشـــەو دا، کە شـــنەیەکی هێوری دەریـایی هەڵیکردبوویە، ڕێورەسمی ماڵاواییمان بەجێ هێنا و سەفەرکەران بەرەو نیشتمانی باوکی هەینی وەڕێ کەوتن. بەپێی حیســـابـاتێکی کە خۆم کردبووم، ئەوان لە مانگی ئۆکتۆبەر دا ســـەفەرەکەیان دەســـت پێکرد و دەبوایە لە ماوەی هەفتەیەکدا کار و باری خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن و بۆ دوو هەفتە دواتر بەرەو ئێمە بگەڕێنەوە و ئێمە چاوەریی بەخێرهێنـانیـان ببین. بەڵام بە پێچەوانەی حیســـابـاتی من، چەنـد هەفتەیشـــی پێچوو، هیچ هەواڵ و نیشانەیەکیان لە دەریا دەرنەکەوت.

بەرەبەیـانێکی زۆر زوو، هەینی بە هـاتو هـاوارێکی زۆرەوە هـات و لە خەو خەبەری کردمەوە و گوتی:

"ئاغا !... ئاغا هەستە هاتنەوە... ئەوان هاتنەوە!"

خێرا بەرز بوومەوە. بەرگم پۆشـــی و لە پەرژین و دارســـتانەکەی بەر ماڵان وەدەر کەوتم. چونکە هەســـتم بە مەترســـی نەدەکرد، بەپێچەوانەی ڕۆژانی تر چەکم هەڵنەگرت. بەڵام هەرکە ســـەیرێکی دەریـام کرد، بە ئەوپەڕی ســەرسووڕمانەوە بەلەمێکم بینی کە چاروکەیەکی سێ سووچی هەڵدابوو و زۆر بەخێراییی بە هێزی بـا بەرەو ڕۆخی نیشـــتمـانەکەی من بەێوە بوو. بەلەمەکە لە بەری باشوورەوە بۆ لای ئێمە دەهات، هەربۆیە بە هەینیم گوت کە ئەمە یارانی ئێمە نین و بەرلەوەیکە بزانین دۆســـتن یان دوژمن، خۆیان نیشـــان نادەین. بۆ وەرگرتنی زانیاری و نـاســـینی میوانانی نەخوازراو، بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتین و دوربین و کەرەســـەی پێویســـتمان هەڵگرت و بە پەیژەکەدا پێهەڵاچووین. من و هەینی خۆمان گەیاندە ســـەر گرەبەردەکانی شانی ماڵەکەمان و لەوێوە دوربینمان تێگرتن. هەرکە چاوی دوربینم بە دەریـــا دا گێڕا، لە دە دوازدە کیلۆمەتریی قەراغ دەریـاوە گەمێیەکی مەزنم بینی کە لەنگەری هاویشـــتبوو. نمای گەمیەکە دەینواند کە گەمێیەکی ئینگلیزییە.

بە دیتنی گەمێیەکی ئینگلیســـــی، کە گەمێوان و کاردار و خزمەتکار و تەنانەت چێشتکەرەکانیشـــــی دەبێ ئینگلیسـی بن و هاووڵاتییانی من ، دەبوایە کڵاوی خۆم حەوا بدەم و لە شـادمانی نەیگرمەوە. بەڵام لە ناخی مژی و مشوورمەوە هەستم بە چەشنە نیگەرانییەک کرد. هۆی نیگەرانی من لە بینینی پاپۆڕەکە ئەمە بوو، کە دوورگەکەی من شـارێگە و سـەرەڕێی گەمێی بازەرگانی نییە و هیچ تۆفانێکیشـمان بە دەریاوە نەبینیوە کە گەمێ لە ترسـی تۆفان هانای بۆ وشـکانی هێنابێت؛ کەوایە دەبێ لە ژێر ئەم دەرخۆنەیەدا شتێکی تۆقێنەری تێدابێ و پێویستە وشیار بین. بەپێی مێژووی لەمێژینەی گەمێوانی، گەلێک جاران بە هۆی کۆدیتای ئاژاوەچییان، کاپیتانی گەمێی خراوتە چاڵ و گەمێ کەوتۆتە ژێر ڕکێفی داگیرکاران. لەوانەیە ئەمەش یەکێک لەو سـەربزێویانە بێت و پاپۆڕەکە داگیرکراو بێت و گۆڵمەزی بەدواوە دەبێ . هەربەم بیرەوە، خۆم سـاغ کردەوە کە خۆمان نەخەینە ناو گێژاوی نەناسراوی نەخوازراو؛ پێویستە بە وردی سەیری کارەساتان بکەین و خۆمان تووشی کێشەی لاوەکی نەکەین.

بەلەمەکە کەنارەو کەنار و زۆر بەخێرایی بەرەو ڕۆخی دوورگەکەمان هات. دیار بوو بۆ دابەزین بەشـوێن کەنار ئاوێکدا دادەگەڕێن کە تەنکاو بێ و بواری دابەزین بـدات. بەڵام چونکینێ هیچ ئـاوکەنـدێکیـان بۆ نەدۆزرایەوە، بە ناچاری لووتی بەلەمەکەیان بەرەو تەپڵۆکە ڕەملەکانی کەنـاران وەرگێڕا و کەمێک دوورتر لە ڕووکـاری مـاڵەکەی ئێمە، خۆیـان خستە ئاو و لە ئاوایان دا. ئەو شوێنەی کە لێی دابەزین، دەگەڵ خواست و ویستی من یەک دەهاتەوە. چونکی ئەو شوێنەی کە کاروان لێی دابەزین و لۆتکەیان بە شوێن خۆیاندا کێشا، شوێنێکی بەلاوەی دوور لە ماڵ و ملکی ئێمە بوو. هاتباو لە ڕووکاری ماڵەکەی من دابەزیبایەن، بێ شـک ئەگەر پیاو خراپ بوانایە، ماڵەکەیان لێ زەوت دەکردم و دەستیان بەسـەر دار و نەدارەکەم دادەگرت.

ئەوان لە ئاویان داو پێیان نایە نیشتمانەکەی من. هەژماردمن؛ یانزدە کەس بوون. لە جلـک و لیبـاسـی ئۆنیفۆرمیـانەوە بۆم دەکەوت کە لە یانزدەکەسەکان، هەشتیان دەریاوانی ئینگلیزین و سێ کەسیان هۆلەندین. بەڵام کاتێک کە بە وردی سەیرم کردن، زانیم هەڵەم کردووە و سێ کەسیان

دیلی دەست و پێ بەستراوی لە ژێر چاوەدێری ئەوانی دیکە بوون. لە ناو دیلەکاندا هەر تەنێ یەکێکیان زۆر پەرێشـــان و دڵ بەکوڵ دیار بوو؛ پەساپەسا دەستی بەستراوی بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە و لەبەر شمشێر بەدەستەکان دەپاڕایەوە.

من کەتبوومە بیر و خەیاڵاتێکی پڕ هاشـــە و پاشـــە و بۆم لێک نەدەدرایەوە کە ئەم هەشـــت کەســـانە کێن و چ کارە و چ کەســـن و چ نیازێکیان هەیە!

هەینی گوتی:

" ئاغا بۆچ مەگەر ســپی پێســتەکانیش بەچەشــنی ڕەش پێســتەکان دیلەکانیان دەخۆن... ئاغا ئەتۆ ســـەیری دیلەکانیان بکە و ببینە چەند پەرێشانن ! "

وەرامم داوە:

" نەخێر هەینی، ئەوان دیلەکانیان ناخۆن، بەڵام ترســـی ئەوەم لە دڵدایە کە دیلەکانیان بکوژن و لێرە جێیان بهێڵن و بڕۆن."

هەر لە جەنگەی قســـەکردنی من و هەینیدا بوو کە یەکێک لە هەشـــت کەســـەکان زۆر بە تووندی نووکی تیژی شـمشـێرەکەی بە ســـەر دەموچاوی یەکێک لە دیلەکاندا کێشا و شریخاندی بە سەریدا. من لە بینینی ئاکاری ئەو شمشێر بەدەستە، هەموو گیانم سڕ بوو. من لەوەدەمەدا دەستی خۆم دەشکاندەوە کە بۆچی باوکی هەینی و سپانیۆلییەکەم لەم هەلە ناسکە دا ڕەوانەی هەندەران کرد. ئەوان لێرە بوانایە، بە چوار کەســـان دەمانتوانی خزمەتێکی باش و بەجێ بکەین بەو جەردە دەریاییانە.

من و هەینی، بێ چەک هـاتبووینەدەر و هەروەک ســـەیرکەرێکی کارەســـات، بە چاوان ســـەیرمان دەکردن. پێمخۆش بوو تفەنگم پێ بوایە و ئەو دەریاوانە نامەردەم بە سێرە هەڵگرتبایە، بەڵام وەک تۆ بڵێی دەستی چارەنووس دەگەڵ ئێمە بێ، هەر لەو جەنگەیەدا پێنج کەسیان ڕۆیشتن و ئەسیرەکانیان جێ هیشت. ئەو پێنج کەسە بە داوێنی گردی بەرمبەرماندا هەڵکشـــان. دیلەکانیان بە دەســـت بەســـتراوی لەوێ جێ هێشـــت. دیلەکان دەیانتوانی لە سەر پێ هەستن و بە ڕێدا بڕۆن و تەنانەت ڕابکەن. بەڵام دیار بوو وەها تاسا بوون کە وەرەی هەستان و ڕاوەستانیشیان نەبوو. ترس

و بێ هیوایی ئەوان یادی ئەو ڕۆژەیان بۆ من زیندوو کردبۆوە کە تۆفان گەمیەکەی لێ شکاندین و هەر تەنێ من قاچم کەوتە سەر زەوی. لەودەمە دا، ترسی دڕندەی کێوی لە لایەک و لە بەرێکی ترەوە برسیایەتی لە پێی خستبووم. لەودەمەدا قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە گەمێی شکاوی ئێمە بە زەبری هەڵکشان و نیشتنەوەی ئاوی دەریا هەتا نزیک بە وشکانی دابکشێت و من ببمە خاوەنی ئەم دوورگە چۆڵە. یەخسیرەکانیش لەو دەمەدا هەر وەک ئەوێ ڕۆژەی من، مەرگیان بە چاوان دەدیت و هیچ هیوایەکیان بە ژیان نەمابوو.

ئەودەمەی کە دەریاوانەکان بەلەمەکەیان هەتا نزیک بە وشکانی هێنا و خۆیان لە ئاویان دا، دەریا لە قۆناخی هەستاندا بوو، هەر بۆیە بە تێپەڕینی کات، دەریا کەوتەوە قۆناخی داکشان و ئاوی دەریا نیشتنەوە و بەلەمی ئەوانیش نیشتە سەر وشکانی. لە دەریاوانەکان، سێ کەسیان وەک چاوەدێری یەخسیرەکان لەوێ مابوونەوە، بەڵام دیار بوو ئەوەندە خۆش و سەرخۆشی ئارەق بوون، کە سەرمەست و کەلەلا لێی خەوتن. لەپڕ یەکێک لەوان لە خەو ڕاچڵەکی و هەرکە دیتی بەلەمەکەیان نیشتۆتە سەر خاک، ئەوانی تری ڕاست کردنەوە و پێکەوە خەریکی بە ئاودادانی بەلەمەکە بوون. بەڵام بۆیان نەکرا. لمی دەریا ژێری بەلەمەکەی وەها گرتبوو کە تەنانەت جووڵەیشی نەکرد. ئەوان هۆشیان بەلای یەخسیرانەوە نەما و سەرگەمی تلدانی بەلەمەکە بوون. سەرەنجام یەکیان بە دەنگێکی بەرز ، سکاڵای کرد و هاواری کرد:

"کوڕە با واز بێنین... چەلێ دەریا لە نۆرەی نیشتنەوە دایە و بەلەمێکی ئاوا قورسیش بەهێزی ئێمەی سێ کەسی ناجووڵێتەوە. وەرە با ئێمە پشوووی خۆمان بدەین. "

من دەمزانی کە ئاوی دەریا هەتا کاتژمێری دەی دوای نیوەڕۆیە هەڵناستێت، هەربۆیە بیرم لێکردەوە کە لە تاریکیی سەری شەودا دەتوانین بە هەڵمەتێکی کوتوپڕ، ئەو سێ پاسەوانانە دەسبەسەر بکەین و یەخسیرەکانیان لێ بستێنینەوە. هەر بۆیە لە دەور و بەری ماڵەکەماندا خەریکی بەرنامەچنین بووین و خۆمان بۆ هێرش ئامادە کرد. لەو شەڕەشدا دەمزانی هەینی پشیتوانێکی نەبەزە و دەتوانێ یاریکار و هاودەستم بێت.

هەینی لەو ماوەیەدا کە هاودەم و هاوکارمە، لە شەڕ و لە ڕاو و لە کار دا دەستی بە تفەنگ و کەرەسەی کار ڕاهاتووە. دەست و تفەنگی هەینی لە پێکانی نیشانگە و نێچیر دا گەلێک ئەنگێوەترە لە هی من و تیری بە خەتا ناچێ. هەینی سێ تفەنگ و من دوو تفەنگمان هێنا و خۆمان پڕ چەک کرد. قەد و گیپاڵی من بە شمشێری ڕووت و دوو دەمانچەی لاکەلەکێ و دوو تفەنگی لاشانم، بەتایبەت بەو کڵاوە تیسکنەمەوە، دیمەنێکی گەلێک سامناکیان پێ بەخشیبووم.

پلانی هەڵمەتم بۆ سەری شەو دانا، بەڵام دەور و بەری دووی نیوڕۆیە، گەرماکەی هەر ئەوەندە قورس کرد، کە سێ چاوەدێرەکانیش لە چنگ گەرمای بەرهەتاو ڕایان کردە ژێر دارستانەکانی جەنگەڵ و یەخسیرەکانیان لە نزیک ماڵی مندا جێ هێشت. یەخسیرەکان لە ژێر سێبەری چەند دارێکدا خەو بردبوونیەوە. من هەلەکەم بە دەرفەت زانی و دەگەڵ هەینی خۆمان گەیاندە ژوور سەرینیان و بەر لەوەیکە بمان بیینن، بە زمانی سپانیۆلی لێم پرسین:

"ئۆهۆی برادەرینە ئێوەی بەڕێز کێن و چ کەسن؟"

ئەوان هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە و وەک ئەوەی ترسابن و خەریکی ڕاکردن بن، لە جێ هەستان. من ئەمجار بە زمانی ئینگلیسی گوتم:

" بەڕێزان خەیاڵتان ئاسوودە بێ، ئێمە بەنیازی یارکاریتان هاتووین و دەخوازین لەو بەندە ڕزگارتان بکەین."

یەکێکیان بە دەنگێکی کپی پڕ لە ڕێزەوە گوتی:

" کەواتە ئێوە دەبێ ناردروای خوادابن و لەلای ئەوەوە بۆ نەجاتمان هاتبن. ئاخر نەکبەتیی ئێمە ئەوەندە قورس و گرانە، کە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ لەم بەندە ڕزگارمان بکات ."

من لە وەڵام دا گوتم:

" یاریکاری سەرەکی هەر ئەوە و ئێمە ئامرازی بەردەستی ئەوین. هەر ئەودەمەی کە پێتان نایە سەر ئەم وشکانییە و ئەو دزە نایەکارە شەمشێری بە ڕووی تۆ دا کێشا، دڵم پێی تەزی. بەڵام ئێستا پێم بڵێن بزانم ئێوە کێن و بۆچی دەسبەسەر کراون و لە ئێمەی چی دەخوازن ؟"

یەخسیرەکە بە سۆزەوە گوتی:

" ئەرێ تۆ خوا پێم بڵێن بزانم ئێوە فرشـــتەی ئاســـمانین کە دەســـتی ڕزگاریمان بەسەردا دەکێشن؟ "

من لە وەرام دا گوتم :

" ئەگەر خودا فرشـــتەی یاریکاری ناردبایە، تۆ بڵێی بەم جلک و بەرگە ناشـــێرینەوە ناردبایەی؟ ئەگەر فرشـــتە بووینایە، کەمێک لەبار و خوێن شـــیرینتر دەبووین و جلک و بەرگی بەریشـــمان تۆزکاڵیک ڕازاوەتر دەبوو. نەخێر من تاکێکی ئینگلیسیم و ئەو هاوڕێیەش یاریکاری منە و هاتووین لە بەندی گرانتـان بســـتێنینەوە... فەرموو بزانم ئەرکی ئێمـــــــە چێیە بۆ ڕزگاریتان؟"

" بەداخەوە بەسەرهاتەکەمان ئەوەندە دوور و درێژە و هەر هێندە تاڵە، کە باسی ناکرێ. لەو بەریشەوە دوژمنەکانمان ئەوەندە بێ بەزەیین و ئەو قاســیش بە هەژمار زۆرن، کە باســیان ناکرێت. هەر ئەوەندە بزانە کە من کـاپیتـانی گەمێیەکی بـازرگـانیم و ژێردەســـتەکـانم لێم یـاغی بوون و کۆدیتایان لێکردووم. دەسبەســەریان کردین و بەڵێن وابوو لە سێدارەمان بدەن، بەڵام دوایی لێمان بووران و هاتنە ســـەر ئەم ڕایە کە لەم دوورگە چۆڵەدا جێمان بهێڵن و خۆیان بڕۆن."

لێم پرسی :

" یاخییەکان چەکیان پێیە؟ "

گوتی:

"بەڵی ســێ چەکیان پێیە، کە یەکێان لە بەلەمەکە دایە و دووی تریان لە ژێر داران دان. "

گوتم :

" کەوایە با دەست بەکار بین. هەر ئێستێ ئەوان خەوتوون و دەتوانین سەرجەمیان بکوژین، یان بەردەستیان بکەین."

کاپیتان گوتی:

" لەوانە تەنیا دوو کەســیان چاوســوور و بگێڕی ســـەرهەڵدانەکەن و ئەوانی دیکە چاو لە دەســـت و بێ تـاوانن. بێتوو ئەو دوو تـاوانبـارانە بەردەست بکرێن، ئەوانی دیکە سەربەرێن و دەست دەدەن. "

گوتم :

" کەوایە هەتا ئەوان دە خەو دان، با ئێمە لێرە دوور کەوینەوە... هەستن و بە شوێن مندا وەرن."

من ئەوانم بەرەو دارستانەکە برد و دوای شاردنەوەیان، ڕووم کردە کاپیتانەکە و گوتم:

"ئێمە بۆ ڕزگارکردنتان گیانی خۆمان دەخەینە مەترسی. ئێمەیش لە هەمبەر ئەو خزمەتەی خۆماندا چەند شەرت و مەرجێکمان هەیە و تکایە باش گوێم لێبگرن با پێتانی بڵێم. مەرجی سەرەکیم ئەوەیە کە هەتا ئێوە لەم دوورگەیەدا دەژین، دەبێ بە تەواو ماناوە لە ژێر فەرمانی مندا بن و هەموو فەرمانەکانم بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک بەڕێوە بەرن. ئەو چەکوچۆڵەی کە بۆ پارێزگاری خۆتان لە منی وەردەگرن، هەر کاتێک کە کاری چەکداریمان کۆتایی پێ هات، ڕادەستی خۆمی بکەنەوە. هەروەها دەبێ سوێندم بۆ بخۆن کە هەر کار و کردەوەیەکی کە بە زیانی من تەواو دەبێت، ئێوە خۆی لێ بەدوور بگرن و نەیکەن. مەرج دوویەمم ئەوەیە کە دوای وەرگرتنەوەی گەمیێ و دەسبەسەرکردنی سەربزێوەکان، پێویستە من و هەینیی هاوڕێم بەبێ هیچ پارەو و پاداشێک هەتا ئینگلستان بەرنەوە."

کاپیتان و هاوکارەکەی پەیمانی وەفاداری و فیداکارییان دەگەڵمان بەست و بە ئەوپەڕی نیازپاکی سپاسیان لێکردین و دەستی بەڵێنی هەموو مەرجەکانیشیان لە سەر چاوان دانا. منیش بۆ هێرش و پەلاماری سەر دوژمنانەکانمان سێ تفەنگ و گوولە و دەرمانم دانێ. لە کاپیتانیشم ویست کە خۆی ڕێبەرایەتی شەڕەکە وەئەستۆ بگرێت. کاپیتان دەگەڵ سپاس، داوای لێکردم کە بەڕێوەبەرایەتیی شەڕەکە بە دەست خۆم بێ باشترە.

من پێم وابوو باشترین کار ئەوەیە کە هەتا ئەو یاخیبووانە کفتی خەوی سەرخۆشین، هێرشێکی تێکڕاییان بکەینە سەر؛ ئەوەی ئاڵای خۆبەدەستەوەدانی هەڵدا، بەردەستی بکەین و ئەوەی دەستی کردەوە بیکووژین. بەڵام کاپیتان بە ئەوپەڕی هێمنی گوتی کە ئەو حەز بە کوشتنی هیچ کەسێک ناکات و واباشە ڕێگایەکی هێمنانەتر هەڵبژێرین. تاوانکار تەنیا ئەو دوو سەربزێوانەن کە بگێڕی بەرنامەی سەرهەڵدانن؛ من دەیان ناسم و ئەگەر ئەوان دەسبەسەر بکرێن، کار تەواوە. کاپیتان پێی وابوو کە ئەگەر شەڕ بکەوێتە نێوانمان، لەوانەیە ئەو دوو سەربزێوە خۆیان نەجات

بدەن و بگەڕێنەوە گەمیەکە و ئەوانی ترمان لێ دەنگ بدەن؛ ئەودەم ئیتر سەرکەوتووی شەڕ ئەوان دەبن و ئێمە دەفەوتێنن.

من لە ئا ستی بۆچوونەکەی کاپیتاندا هیچ قسەیەکم پێ نەما. منیش بۆ تێکهەڵچوون خوێن ڕژتنی هەرچی کەمتر، کاپیتانم کردە پێشەنگ؛ ئەو بە ئارەزووی خۆی بیکات و ئێمەیش بە شوێنیدا بچێن.

لەو قســـانە دابووین، کە دیتمان دوو کەس لە ئاژاوەگێڕان لە خەو هەستاون و بەرەو بەلەمەکە دەچن. بە گوتەی کاپیتان، چونکینێ ئەوان لە ئاژاوەبگێڕەکان نین و ڕەشـــایین، وازمان لێ هێنان. کاپیتان تفەنگ و دەمانچەکانی لە خۆی شـــەت دا و زۆر بە ئاســـپایی لە جێ هەســـتا. لە ڕۆیشـــتن بەرەو چالاکیی نیزامی، جێگرەکەی و هاوڕێی تری لە پێشـــەوەی کاپیتان و ئێمەیش بە شـوێنیاندا شـۆر بووینەوە. هێشـتا چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبووینەوە، کە یەکێک لەو ســـەربزێوە ســـەرەکییەکانە لە خەو هەســـتا و بە دەنگێکی بەرز بانگی هاوڕێیانی کرد، بەڵام کاپیتان بە یەک فیشـــەک دەنگی لە ئەوکی دا خنکاند و ئەوی تریشـــــــــی بریندار کرد. بریندارەکە خەیاڵی ڕاکردنی هەبوو کە کاپیتان بە ســـەری دا شـرپیخاند و گوتی:

" ئەی ڕووڕەشـــی بەدکردار، کوا دەتوانی لە چنگم دەربچی، وەرە چۆک دابدە و داوای لێبووردن بکە."

برینـدار دەســـتی نەدەدا و بەردەوام لە هەڵاتن دابوو، کە کـاپیتـان گەیشـتە سـەری و بە قونە تفەنگەکەی دووی لە سـەری دا و خستی. سێ هاوڕێی تریان کە لە خەوی مەستی هەستابوون، هەرکە سـەرو پۆتەڕاکی کەرتۆقێنی منیان بینی، هەستیان کرد کە دەست کردنەوەیان بێ سوودە و دەستی خۆ بەدەستەوەدانیان بەرز کردەوە. ئەوان گورجێک چۆکیان دادا و داوای لێبوردنیان کرد. کاپیتان تێیان ڕاخوڕی کە ئەگەر خەیاڵی خاویان دە سـەر دابێ، بە دەردی هاوڕێیانی کوژراویان دەچن و ئەگەریش لە ڕووی نیازپاکیدا هاوکارمان بن، لە تاوانەکانیان دەبووڕێ. دەســت بەســـەرەکان بەڵێنیـان دا کە هەر وەک جـاری جـاران هـاوکـاری کـاپیتـان دەبن. ئەوان ســـوێندیان خوراد و بەڵێنیان دا کە لە درێژەی ســـەفەر بەرەو جامائیکا (Jamaique)دا ، یاری وەفادار دەبن و ســـەرۆکایەتییەکەی بە دل و گیان

دەپارێزن. کاپیتان قەول و بەڵێنی ئەوانی بە ئەرێنی وەرگرت. منیش وەک پێشنیار پێمگوت کە هەتا ڕۆژی سەرکەوتن، دیلەکان دەبێ دەست و پێیان ببەسترێت.

دوای خەوتنەوەی پشێویی سەربزێوان، من بە هەینی و جێگری کاپیتانم ڕاگەیاند کە سەوڵ و چارۆکەکانی بەلەمەکە دابگرن و بەلەمەکە بە ڕووتی جێ بهێڵن.

هەموو کار و چالاکییەکانمان کۆتایی پێهاتبوو کە ئەو سێ دەریاوانەی کە بۆ گەشت و گوزار لە بەلەم دوور کەوتبوونەوە، بە دەنگی تەقەی تفەنگ، شڵەژاوانە گەڕانەوە. گەڕانەوە بەڵام بە سەر هەواری خاڵی داکەوتن. هەرکە کاپیتانی یەخسیرکراویان بە سەرکەوتوویی بینی، ئەوانیش کەوتنە سەرچۆک و داوای لێبوردنیان کرد. کاپیتان بەزەی بەوانیش داهات و فەرمانی لێبوردنی بۆ دەرکردن. ئەوانیش چەشنی هاوڕێیانی دیکەیان، دەست و پێیان بەسترا و ڕەوانەی ژووری ئەو دیوی کران و هەرایان خەوتەوە.

دوای دەستبەسەرکردنی ئاژاوەگێڕان و گەڕانەوەی ئەهوەنی بە سەر دوورگەکەدا، من و کاپیتان پێکەوە دانیشتین و باسی زۆر شتانمان کرد، تەنانەت بەسەرهاتەکەی خۆم و ژیانی چەندین ساڵەی تەنیاییشم بۆ گێڕاوە. بەسەرهاتەکەی من کاپیتانی وەها سەرسام کردبوو، کە گەلێ جاران دەستی دەخستە سەر دەستم و بە داخ و پەژارەوەیەکی قووڵەوە تێی دەڕوانیم. چیرۆکە خەمناکەی من، کە پڕاوپڕ بوو لە کەوتن و هەستانەوە، کاپیتانیشی دەگەڵ خۆیدا دەگێڕا و چەشنی گەڵای باوەشی گەردەلوول، هەڵی دەسووڕاند. باسی ئەودەمانەی کە کەمدەست و بێدەسەڵات بووم و پەژارە و بێدەرەتانی بە تەواوماناوە هەڵی چنیبووم، کاپیتانی کز و دلبەخەم دەکرد. لە گێڕانەوەی ڕۆژانی کار و چالاکی و بووژانەوەشمدا، دەگەشایەوە. بەتایبەت دوای ئەوەیکە هەموو کەرەسە و ئامرازی ژیانم لە گەمێی ڕاگواست و ژیانی یەکتەنی و ئاوارەییم پێ ساز کرد، سەدان ئافەرینی پێگوتم و لاواندمییەوە. کاپیتان سپاسی یەزان کرد کە منی لەو دوورگە دوورە دەستە دا کردۆتە قەڵغانی پاراستنی کەرامەتی ئەو و سەرلەنوێ سەروەیی پێداوەتەوە. کاپیتان دەگەڵ دابارینی فرمێسکی

شـــادمانی، پەیمانی وەفاداری بۆ دووپات کردمەوە و منی بە ڕزگاریکەری خۆی هەژمارد.

قسەکانمان کۆتایی هات و ئەوجار میوانەکانم بەرەو ماڵ ڕێبەری کردن. لە ماڵەکەمدا هەموو ئەو کار و خەباتەی کە بۆ ئاوەدانی کردبوومن، یەک بە یەک نیشانم دان. کاپیتان لەو گشتە زەحمەتەی کە لە ڕێگای سازدانی ژیانێکی شارستانی کێشابووم، سەری سوورِ مابوو. بەتایبەت لەو پەرژین و چەپەر و دارســـتان و مێشـــەڵانەی کە بە دەوری ماڵەکەمدا کێشـــابووم، زمانی پەســـن و ئافەرینی ڕانەدەوەســـتا و لە ڕێزەی پیاوانی ناوداری دادەنام و دەستخۆشانەی پێدەگوتم.

من گوتم ئەم دارستانەی کە بە دەوری ماڵی مندا کێشـــــراوە، ســەر و سەردەمانێک توولە نەمامی شلک و ساوا بوون کە دانە بە دانە و دەنک بە دەنک بە دەستی من ناشتراون. ساڵ بە دوای ساڵدا گەشـە و نەشـەیان کردووە و ئێســـتێکە لێرەوارێکی قەوغایان لێ چێ بووە کە شـێر نایبڕێت. ئەمانە گشـــتی چیرۆکێکن لە ڕەنجی باســـک و ئارەقی تەوێڵی من. منی تەنیا، نەمامەکانم یەک بە یەک لە زەوی داون و ئەو ڕێگا پڕ پێچ و خەمەی کە بە نێو دارانمدا کێشـــاون و ماڵ و ســـامانەکەی خۆم تێدا شاردوونەتەوە، ئەندازیارەکەی هەر خۆم بووم.

بە کاپیتانم گوت: ئەم ماڵەی کە ئێستێ لێی دانیشتووین و داستانی تەنیایی خۆمی تێدا دەگێرمەوە، ئەمە کۆشـــکی دەســـەڵات و ناوەندی حاکمییەتی منە و بە ســەر هەموو گیاندارانی دوورگەکەمدا زاڵە. شـایانی ئامـاژەیە، بۆ ڕاگرتنی باری ئەمنییەتی دەســـەڵاتداریم، لە هەموو دامو دامەزراوەکـانی خۆم، هەر تەنێ مـاڵ و ژووری دانەوێڵە و ژووری چەک و چۆڵ و دزە ڕێگاکانم بە میوانان نیشـــان دان. ماڵی هاوینە هەوار و باغی میوە و دانگەی مەزنی بزنەگەل و ئەشـــکەوتی پیرە بزنیش مابوون، کە ئەوانم بۆ ئەو کـاتە دانـان کە گەمێی زەوتکراو لە چنـگ ئـاژاوەگێڕان بستێندرێتەوە و چارەنووسی خۆشم دیاری بکرێت.

بیست و شەش سەربزێوی داگیرکار لە گەمیەکەدا مابوونەوە و چاوەڕێی گەڕانەوەی یارانیان دەکرد. لە ناو ئەو بیست و شـەش کەسـەکەشدا، هیچ کەســـێکی وەها زانایان تێدا نەبوو کە فەند و فێڵی دەریاوانی بزانێت و

بتوانێ گەمیەکە لە جێ خۆی بجوولێنێتەوە. لە بەرێکی تریشـــەوە، ئەوان دەیانزانی کە یاسای گشتیی وڵاتی بریتانی ڕێ بە هیچ دەریاوانێک نادات کە دژ بە کاپیتانی کەشـــتی هەڵبەزێتەوە و گەمێ داگیر بکات. تەنانەت ئەمەشـــیان دەزانی کە ســـەربزێوی دژبە کاپیتانی گەمێ، ســـزای لە سێدارەدانی بۆ براوەتەوە.

کۆدیتاچییەکان قەراریان دابوو کە کاپیتانی گەمێ و هاوڕێ و جێگرەکەی لە دوورگەدا جێ بهێڵن و خۆیان خێرا بگەڕێنەوە. بەڵام کە یارانیان بەکاتی دیاریکراو نەگەڕانەوە، هەزاران بیر و بۆچوونی گرژ و تاڵی لە ناو دانیشتووانی پاپۆڕەکەدا پێک هانی بوو. دانیشتوانی گەمێی، لە بێ ســـەر و شـــوێن چوونی یارانیان بە جۆرێک تووشـــی دڵەڕاوکێ و پەرێشـــانی ببوون، کە هەر کەس داســـتانێکی بۆ دەهۆنییەوە. ئەوان، چارەڕەشـــی خۆیان بە بوون یان نەبوونی ئەو کەســـانەوە گرێدابوو، کە ئەوان شارەزای ئاژواندنی گەمێ بوون و ئەگەر ئەوان لە کیس چووبن، ئیتر تێداچوونی خۆیان بەلاوە مسۆگەر بوو.

کاپیتانی گەمێ دەیزانی کە هەر ئێستاکە لە ناو گەمیەکەدا نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێ بە ســـەر یەکا یەکی دانیشـــتواندا زاڵە و لە ترســـی چارەنووسی نادیار و دواڕۆژی ڕەشیان، لە نێویاندامقۆ مقۆ و دژایەتی ساز بووە.

بەڵام ئێمە! ئێمەیش لە تەکوتوێی بەڕیوەبردنی پلانێکدا بووین کە بەبێ شـــەڕو خوێنڕێژی گەمیەکە لەچنگ ئاژاوەگێڕان بســـتێنینەوە. بەڵام کمبوونی ژمارەی ئێمە و زۆربوونی گەمێ نشـــینان چەتی دەخســـتە پلانەکەمان و ئەو هیوایەی لێ دەســـتاندین کە بەم چەند دەنکە بتوانین ئاژاوەگێڕان چەک بکەین. هەرچی ئەمن بووم، پێم وابوو دەبێ سەبر بگرین و کارێک نەکەین کە ئاکامەکەی بە زیانی ئێمەدا بشکێتەوە و کێشەکەمان ئاڵۆزتر بکات. ئێمە دەمانزانی هیچکام لە گەمێ نشینەکان شارەزای فەند و فێڵی گەمێ ئـاژۆتن نینە و نـاتوانن یەک هەنگـاویش لە دوورگە دوور کەونەوە. ســەرەڕای ئەمە، ئەوان تیمێکی کارایان لە دوورگەدا مابوونەوەو بەبێ ئەوان توانای دەندووک دە ئاو نانیشیان نەبوو.

لە توێژینەوەی تێکڕاییماندا ئەو هومێدە سەرەتاتکێی دەکرد کە ئەوان ئاخرسەر ناچار دەبن جەماعەتێک بە شوێن یارانیاندا ڕەوانەی دوورگە بکەن؛ بەهاتنی ئەوان و بەردەست کردنیان، بالآی هومێدی ئێمە بەرزتر تێهەڵدەچێتەوە و گرتنەوەی گەمیّ وەک ئاوە خواردنەوەی لێدێت. کاپیتانی گەمیّ ئەو ترسەی دە دڵدا بوو کە ئەگەر ئەوان بە تێکڕایی بەرەو دوورگە بێن، ئێمە بەرگەی شەڕی ئەوان ناهێنین و سەرکەوتن بە وان دەبڕێت. بۆچوونی کاپیتانی گەمیّ جێی سەرنج و تا ڕادەیەکیش جێی مەترسی بوو. چونکە ئەوانیش چەکدار و دەستکەرەوە بوون و بۆ نەجاتی خۆیان، لەوانە بوو زۆر بە توندی بەرەنگاری ئێمە ببنەوە. ئاخرسەر، من و کاپیتان هاتینە سەر ئەم ڕایە کە هەر ئەو بەلەمەی کە تیمی یەکەمی بۆ دوورگە هێنابوو، بۆ ئەویکە ئەوان نەتوان دژ بە ئێمەی دەکار بێنن، نەقومی ژێرئاوی بکەین.

ئەوەی ڕاستی بیّ، هومێدی مەزنی من داگیرکردنەوەی گەمێی کاپیتان نەبوو، بەڵکە ددانم لە بەلەمەکەیان تیژ کردبوو. من لە جەوهەری دەریاوانان شارەزا بووم و دەمزانی چەشنی ئاوی دەریا بە بایەک دەشڵەقێن و بە تیشکێک دەدرەخشێنەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوە هات و ئەوان پێکهاتن و پشتیان دە من کرد، ئەوان بە یارمەتیی ڕەوتی با، گەمیّ تیژ دەکەن و دەڕۆن و هەر من بە مایە پووچی دمێنمەوە. بەلەمەکەیان ئەگەر بۆ من بمێنێت، گەلێک ئاوات و هیوام بۆ دەستەبەر دەکات.

کاپیتان پشتی گرتم و دەریاوانەکانیش دەستیان دامیّ و دەست بەکار بووین. پێشەکەی کەلوپەلی ناو بەلەمەکەمان ڕاگواست و دوایەش کونێکی گەورەمان دە تۆقەڵەی بنی کرد و ژێرئاومان کرد. بۆ پاراستنی بەلەمەکەش، ئەوەندەی توانیمان بەرەو ڕۆخی دەریامان ڕەکێش کرد و لە شوێنێکی بەلاوە دامانپۆشی .

ئێمە خەریکی ڕاکێشانی بەلەمەکە بووین، کە دەنگی تۆپی گەمیەکە بانگی گەڕانەوەی یارانی کرد. لە سەربانی گەمیەکەوە بە ئاماژەی ڕەمزی دەریاوانان، بە تیشکی ئاوێنە بانگی یارانیان دەکردو تۆپیان دەتەقاند، بەڵام چونکە لە لای دوورگەکە منەوە سریوەی هیچ دەنگێکیان بۆ نەچوو،

بە ناچاری بەلەمیان بە ئاو دادا و هاتن. لە ڕێگای دوربینەوە سەیرمان کردن و ژمارەمان بژاردن؛ دە کەس بوون و هەر هەموویشیان چەکدار بوون.
ئەوان هاتن و بەرەبەرە لە وشکانی نزیک بوونەوە. دیار بوو بەشوێن ئەو بەلەمەدا دەگەڕان کە کاپیتان و دوو بارمتەکەیان پێ ڕاگوازتبوو.
کاپیتان لە ڕێگای دووربینەوە یەک یەکی سەربزێوەکانی ناسینەوە و گوتی :
" لە ناو ئەو دە کەسەدا، سێ لاوی هێدی و هێمنی تێدایە کە ئەوان بێ تاوانن و لە ڕێی ناچاری ملیان داوە... تاوان، هەر تاوانی سەربزێوەکانە و ئەوانی تر بە زۆرەملی ڕەکێشی ئەو بەزمە نامۆبارەکە کراون؛ من سەر بە سەریان دەنا سم و پاک و پیسیان لە یەکتر جیا دەکەمەوە... تۆ سەیر بکە و ئەو کەسە ببینە کە سوکان بە دەستە و بەلەم ڕێبەری دەکا... ئەو یەکێک لەو تاوانبارانەیە... فەرموو سەیری بکە! "
من گوتم :
" لەم هەلومەرجە دژوارەی کە ئێمە تێکەوتووین، بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێ دەگەڵ بەزەیی مالاوایی بکەین و ناچارین زەبر و زەنگی جەرگبڕ دەکار بێنین. بە باوەڕی من بۆ تێکشکاندنی دوژمن، نابێ بەقەدرایە تاڵە موویەکیش ڕاڕابین. سووربوون و یەکچاو بوونمان لە چەکی سەردەستمان کاریگەرترە. نابێ لە هیچ خەتەرەیەک بترسێین و ئەگەر مردنیش لە ڕێدابێ، مردن خۆی چەشنە ڕزگار بوونێکە و هەزار جار لەم بێچارەگییە هێژاترە. ئەگەر ڕزگاریمان گەرەک بێ، دەبێ تێبکۆشین و کۆڵ نەدەین... من پێم وایە لە نێوان مردن و ژیاندا دەبێ ڕێگایەک هەڵبژێرین کە ئەویش سەرکەوتنە. "
قسەکانم تامی ڕزگاری و بۆنی سەرکەوتنی لێدەهات، هەربۆیە کاپیتان لەو حاڵە و هەوایەی کە پێشدا تێیکەوتبوو، خەلاسی هات و بە هەر دوو دەستان قۆڵی گرتم و بەڵێنی سەرکەوتنی پێدام. یەکەم کارمان ڕاگوێزانی دیلە دەست و پێ بەستراوەکان بوو. دیلەکان وەک قۆمبەلەی لە سەر پێ وابوون و هەردەم ئەگەری تەقینەوەیان هەبوو. من بەنیاز بووم هەموو دیلەکان ڕاگوێزم، کە کاپیتان لە ناو دیلەکاندا دوویانی وەگ سەهەندەی بەدفەڕ پێناساندم و بۆ ئەوانی تر دڵنیای کردمەوە کە بێ زیانن. منیش

دوو ملۆزمە بەدفەڕەکانم ڕادەستی هەینی کرد کە دە ئەشکەوتی پیرە بزنێیان بکات. ئەشکەوتی پیرە بزنێ، شووێنێکی دوورەدەستی بەلاوە بوو کە دەنگی هیچ بەدفەڕێک بەگوێی هیچ سەهەندەیەک ڕانەدەگەیشت. تەنانەت ئەگەر پەتی دەست و پەلیشیان کرابایەوە، لە جەنگەڵی هەزار بە هەزاردا ڕێگایان بەهیچ لایەکدا دەرنەدەبرد. من بۆ خۆم و بە دەستی خۆم بەشە خۆراکی دوو کەسەکانم بۆ دانان و پێشم گوتن کە ئەگەر سەربەڕێ و هێدی و هێمن بن و بیری هەڵاتن و دەرچوون لە کەللە دەرهاویژن، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئازاد دەکرێن. ئەوان بەڵێنیان پێدام کە سەر لە فەرمانم وەلانابەن و قسە و فەرمانەکانم بەڕێوە دەبەن. ئەوانی دیکە سوێندی وەفادارییان بۆ کاپیتان خوارد و لە کردەوەی خۆیان پاشگەز بوونەوە. کاپیتان تەنافی دەست و پەلیانی کردەوە و کاری پێ ئەرسپاردن. بەم جۆرە ژمارەی ئێمە گەیشتە حەوت کەس و هومێدی سەرکەوتن بەرز بۆوە؛ بەتایبەی کە لەنێو ئەو دە کەسەی کە بۆمان دەهاتن، سێ لاوی پاکژ و بێ وەی هەبوون کە وەک تابووری پێنجەمی ئێمە، هەر بەلای ئێمەدا دەشکانەوە.

هەرکە یاخیبووەکان گەیشتنە شوێنی بەلەمی پێشوویان، بەخێرایی لە دابەزین و بەلەمەکەیان ڕەکێشی سەر لیمی قەراخ دەریا کرد. زۆر بە خێرایی بۆ لای بەلەمی کونکراو هاتن و هەرکە بەلەمەکەیان دۆزییەوە، بەڵام بەبێ سەوڵ و چارۆکە و سوکانیان دیت و قەڵشی ژێرەوەیشیان چاو پێکەوەت، سەیر پەشۆکان. بۆ دۆزینەوەی یارانیان، دەستیان بە هاتوهاوار کرد و بانگیان کردن. بەڵام سریوەی دەنگ لە هیچ گۆشە و کەنارێکی دوورگەوە نەهات. لەم بێدەنگییە ترسیان ڕێکەوت. بە شێوەی مانۆڤری سەربازی، بازنەیەکیان لە خۆیان سازکردو تەقەیان کرد. دەنگی تەقە بە دوورگە داگەڕا، بەڵام وەڵامێکیان پێ نەگەیشتەوە. ماوەیەک ڕاوەستان و هەستیان ڕاگرت، سریوە لە دار و بەرد هات و لە یارانیان خەبەرێک نەبوو. ئەمجار خێرا بەرەو بەلەمەکەیان چوون کە بە ئاوی دادەنەوە و بەرەو گەمێ بگەڕێنەوە. ماوەیەک هەر لەوێ ڕاوەستان و سرت و خورتێکیان کرد؛ دیار بوو خەریکی ڕاگۆڕین و چارە دۆزینەوەن. زۆری نەخایاند حەوت کەسیان لە بەلەم هاتنەدەر و خۆیان بۆ گەشت و گوزاری دۆزینەوەی یاران

ئامادە کرد. ئێمە چاومان بە سەریانەوە بوو، بەڵام هەڵسوکەوتەکانیان بۆ ئێمە نادیار بوو. هەڵسوکەوتی نارێکیان سەری لە ئێمەش شێواند. ئێمەیش خۆ بە خۆ لە یەکترمان دەپرسی کە ئاخۆ ئەو پۆلە حەوت کەسییە بەرەو کوێ دەچن و هەتا کوێ دەچن؟ ئەدی سێ کەسەکەی تریان چی؟ ئەگەر ئێمە شوێنی حەوت کەسەکەنمان بگرتایە و تەقەمان لێ کردبانایە، تۆ بڵێی هەڵوێستی سێ کەسە چی دەبوو؟

وەک بلێی لەو بگرە و بەردەیەدا پلانەکەی ئێمە ڕوو بە شکان دەچوو. بەڵام لەپڕ دەور گۆڕا و ئێمە هەناسەیەکمان هاتەوە بەر. ئەو سێ کەسەی مابوونەوە، دیسان بەلەمەکەیان بۆ وشکانی ڕاکێشا و بە تێکڕا لە بەلەمەکەیاندا دانیشتن. حەوت کەسەکەش یەکسەر بەرەو تەپکی لاشانی ماڵەکەی من هاتن و ئێمەیش لە سەر ڕێگای ئەواندا بۆسەمان گرت. هەڵسوکەوتی ئەوان لە ئێمەوە دیار بوو. مەتەرێزی ئێمە قایم و سەرەی سەربازیی ئەوان شێواوە حاڵ بوو؛ ئێمە ئاشنای بست بە بستی مەڵبەند و ئەوان چەشنی پەلەوەری نا بەڵەد بەرەو قەفەس بەرێوە؛ ئێمە زاڵ بە سەر ئەواندا و ئەوان نیشانگەی بەر تیری ئێمە. هەمووی ئەوانە شڵەژاندبویانن و بێ هیوایی لە ئاکار و لە ڕەوشتیاندا دیار بوو. ئێمەیش لە سەرپێک و بێ وەی و حەساوەوە بووین. خۆمان لە مەتەرێز دا مەڵاس کردبوو و زۆر بە وەردی سەیرمان دەکردن. دامان نابوو ئەگەر بەرەو ماڵ و سامانەکەی من ڕێگا کل بکەن، لە مەترەێزانەوە بارانی گوولەیان بە سەر دا ببارێنین. ئەوان گەیشتنە سەر ترۆپکی گردەکە و چاویان بەهەموو لایەکدا گێڕا. لەوێوە بەشێکی گەورەی جەنگەڵ و لێڕ و دارستانەکانیان لێ دیار بوو؛ مێرگ و شیو و دۆڵی ئەو دیوی دوورگەشیان دەبینی. لەسەر گردەکە ڕاوەستان و بەهەموو توانایانەوە بانگی یارانیان کرد. دەردەکەوت ترسابن و کارەساتێکی تاڵیان هەست پێکردووە. هەنگاوی ڕۆیشتنیان شل ببۆوە و لە نێوانی ئەگەر و مەگەردا مابوونەوە. دیسان دانیشتن و خەریکی ڕاوێژ و خۆ ساغکردنەوە بوون. شەکەتی و ترس، پەس و داماوی کردبوون و وێدەچوو خۆیان بۆ پشوودان و تەنانەت سەرخەو شکاندنێکیش ئامادە کردبێت. دیار بوو شوێنەکەیان بە دڵە و مەیلی قاچ ڕاکێشانیان هەیە. بەڵام غەریبی و نامۆیی وڵات وای لێکردبوون کە تەنانەت لە

سێبەری خۆیشیان بسڵەمێنەوە. دوورگەیەکی چۆڵ، وڵاتێکی نەناسراو، بێ سەر و شوێن چوونی یارانیان، گێژی کردبوون و کەوتبوونە دوو ڕێیانێکی ئەوسەر نادیار.

ئێمەی پشوو درێژ، دەتگوت لە چایخانەدا پاڵکەوتووین و خەریکی شەکەتی دەرکردنین. چی پێ نەچوو، یەک یەک و دوو دوو هەستان و بەرەو خوار داگەڕانەوە. دیار بوو مەیلی یارانیان ناوە و بە تێداچوویان قەبڵاندوون. تەنانەت لە ڕێگا ڕۆیشتنەکەیشیاندا دیار بوو کە لە سێبەری خۆیشیان دەترسێن و بەنیازن هەرچی زووتر بەرەو گەمێ داگەڕێنەوە.

کاپیتان دەهات بەباری ناهومێدی دا بکەوێت، کە من بیرۆکەی تازەی خۆم پێ پێشنیار کرد. بیرۆکەکەی من بەمجۆرە بوو کە ئێمە لە دوورەوە هات و هاوارێکی یارمەتیخوازانەیان بۆ بەرز بکەینەوە و ئەوان بەرەو خۆمان ڕابکێشین. ئەوان بە شوێن هاوار دا بێن و ئێمەیش لێیان دوور کەوینەوە جار جاریش بانگیان بکەین. ئەم بانگ هێشتن و جێهێشتن و هەڵاتنە، هەتا ئەودەمە درێژە هەبێ ، کە ئەوان بکێشرێنە قووڵایی دوورگە و ئەوەندەیان شەکەت بکەین، کە چەشنی کەو بە دەست بیانگرین.

بۆ بەڕێوەبردنی بیرۆکەکەم، جێگری کاپیتان و هەینیم لە ڕێگای ئاوکەندە بچووکەکەوە ڕەوانەی سەر ترۆپکی گردی بەرامبەرمان کرد. ئەوان لە سەر گردەوە هات و هاوارێکیان ساز کرد. لادەرەکانیش بە شوێن دەنگی ئەواندا گەڕانەوە و بەرەو دەنگ چوون. هەینی و جێگری کاپیتان نەخش و دەوری خۆیان زۆر شارەزایەنە بەڕیوە برد. یارانی ئێمە دوو گردی تریشیان بانگ کردن و تاقمی بەدکارانیش بە شوێن دەنگدا ڕۆیشتن.

بیرۆکەکەی من دەهات جێ بگرێت و ئێمە لە ئامانج نزیک بکاتەوە. دەنگی هەینی و جێگری کاپیتان بەرە بەرە بۆ لای گردی ڕوو بە جەنگەڵ ڕۆیشت و لەشکری شکاویشیان بە شوێن خۆیاندا ڕەکێش کرد. هەر ئەودەم من و هاوڕێیانم بە لاشانی کەنداوەکەدا دەورمان لێداوە و بەرەو بەلەمەکەیان ڕۆیشتین. لە سێ کەسی چاوەدێر، یەکیان لەسەر لمزارە گەرمەکەدا لێی خەوتبوو و دوو تریان لە بەلەمەکەدا چاوەڕانی یارانیان دانیشتبوو. لە خشپەی پێی ئێمە، خەوتووی سەر خیز خەبەری بۆوە، بەڵام بەر لەوەیکە بتوانی بەرز ببێتەوە، کاپیتان بە قۆنداخی تفەنگ وەهای دە

لاســـــەری کوتا، کە بێدەنگ لێی تخێڵ بۆوە. کاپیتان بەســـــەر دووی تر دا شـریخاند و گوتی کە ئەگەر دەسـت بکەنەوە، بە یەک فیشـەک مێشـکیان دەپرژێنێ. دووی ناو بەلەم، هەرکە پێنج تفەنگی ئامادە و لەســـــەر پێیان بینی، زانیـان بـارەکە ئـاڵۆزە. پێکەوە دەسـتیـان بەرز کردەوە و خۆیـان بەدەسـتەوە دا. ئەوانیش هاودەم دەگەڵ دەسـت بەرز کردنەوە، بەڵێنیی وەفادارییان پێکەوە ڕاگەیاند و بەمجۆرە و زۆر بە هاسـانی دەسـتمان بەسەر بەلەمەکەیان داگرت.

هەینی و جێگری کاپیتان دەور و نەخشـی خۆیانیان زۆر باش گێڕا و زۆر زانایانەیان تاقمی سـەرلێشـێواویان ئاوارەی هەندەران کرد. دەگەڵ هەر بانگ و ئاوازێک، تاقمی حەوت کەسـەیان دۆڵاو دۆڵ برد و ڕەکیشـــــــی دوورەدەسـتـانیـان کردن؛ لەم گرد بۆ ئەو گرد و لەم خڕ بۆ ئەو دۆڵ و ئاخرسـەر کپ و بێدەنگ مانەوە. بێدەنگ مانەوەی یارانی ئێمە بە واتای تیری ئاخر و نۆرەی هێرش و گەمارۆ و تێکەوپێچانیان هات و دەبوو ئێمە بۆیان ببزووین. ئێمە زانیمان کە تاقمی حەوت کەسە هەر ئێستاکە لە ناو دارسـتانەکاندا سـەرگەردانن. دارسـتان لە دەشـتایی زووتر دەکەوێتە تاریکایی. تاریکانیی دارستان و سەرزەمینی نەناسرو، تاقمی سەربزێوی وەها داما و دەسـتەوەسـتان کردبوو، کە یارای شـەڕ و توانای بەرگرییان پووچەڵ ببۆوەوە.

ئێمە هەتا ئەودەمەی کە هەینی و جێگری کاپیتان نەگەیشتنەوە لامان، لە جێ نەبزووتین. تاقمی حەوت کەسـی، شـەکەت و شـێواو و چەشـنی لەشـکری شـکاو، چوار لە بەرەوە و سـێ لە دواوە هاتن. دەنگی پرتەو و بۆڵەیـان دەهـات و ئەم لە ئەمی تر دەخوڕی. دەنگی خێراکە!... پێ هەڵینەوە !... و توندتر بڕۆیان لە دەم نەدەکەوت. جار جارە دەنگی هاوار و ناڵەیان بە دۆڵدا دەگەڕا؛ دیار بوو لە ئەو پەڕی شـەکەتی و شـپرزەیی دان و هاکا کەوتنە سەر چۆکان. ئێمەیش لە مەتەرێزاندا بۆیان دامەزراین و چاومان بە سەر تیزکەی تفەنگەوە بوو.

ئەوان چلۆن دەڕۆیشتن، ئێمەیش بەشێوەی نەزمی ڕۆیشتنی ئەوان و بە دوایاندا دەڕۆیشـتین، ئێمەیش شـانەوشـان بەرەژێر داکشـاین. تاقمی سـەرلێشـێواویش لە ئاخر گردی ڕوو بە دەریایە هاتنە خوار و بە هەزار

زەحمەت خۆیان گەیاندە نزیک بەلەمەکەیان. چاوەکانیان لە تارما ڕونکەی لای شێواندا چەند هەنگاو ئەولاتری پێ نەدەبیندرا. بۆ دۆزینەوەی ئەو سێ چاوەدێرانەی کە وەک پاسەوانی بەلەم جێیان هێشتبوون، بە دەور و بەر دا گەڕان و چەند جارانیشیان بانگ کردن، بەڵام دەنگ، هەر دەنگی خۆیان بوو کە لە دنیای بێدەنگیدا دەنگی دەداوە. هەر لەو دەمەشـــدا لە بەختی چەوتیان ئاوی دەریا کاتی نیشـــتنەوەی هاتبوو و بەلەمەکەیان لە سەر لمی نەرمی ڕۆخی دەریا چەقیبوو.

ئێمە لە بەر ڕۆشنایی کز و کەم ڕەنگی ئەستێرەکاندا ئەوانمان دەدیتن کە بێرەو بەوێدا دەگەڕان. جار جار بۆ پشوودان و حەسانەوە دەچوونە ناو بەلەمەکەیان، بەڵام ئارامیان نەبوو. بۆ دۆزینەوەی یارانی بێ ســــەر و شــــوێنیان، چاویان بە تاریکانیدا دەگێڕا و هاواریان دەکردنێ. هاوڕێیانی من تامەزرۆی هێرش و پەلامار بوون، بەڵام من دەمەویست ئەوەندەی بکرێ خۆمان لە قەرەی شــــەڕ نەدەین و بەبێ تەقە و خوێنڕێژی بەردەســــتیان بکەین. من حەزم نەدەکرد لە بەرەی ئێمەدا کەســــمان لێ کەم بێتەوە. بۆ ئەم کارەش، هەوڵمان دا ئەوەندەی بکرێ لێیان نزیک ببینەوە و بتوانین بڵاوەیان پێ بکەین و تاک و تەرا بە دەســـت بیبانگرین. هەر بۆیە، من لە مەتەرێز هاتمەدەر و خۆم بەرەو ئەو جێگایە کێشـــا کە بەرەگە و ڕێگای هەڵاتنیان بوو. لەولاشـــەوە هەینی و کاپیتان بە ســـنگەخزە خۆیان بەرەو شوێنی دانیشـتنی ئەو ئەفسـەرە دا کێشـا، کە کاپیتان گوتەنی یەکێک لە دنەدەرانی هەرە بەدفەڕی کۆدیتای گەمێ بوو.

هەر لەو دەمەدا، کاپیتان چەشنی بەوری تووڕە لێیان هەستا سەرپێ و بە یەک فیشـەک ئەفسـەرەکەی خست. پریشـکەی هەر ئەو تفەنگە سنگی یەکی تری گرت، بەڵام ســـێیەم کەس توانی ڕابکات. ئەمجـار نۆرەی من گەیشتێ و منیش وەک فەرماندەی مەفەرەزەیەکی هەشت کەسی، فەرمانی هێرش و گەمارۆ و دەستبەسەر کردنم یەکجێ ڕاگەیاند.

لە تاریکانیی سەری شەوی کەنار دەریا دا ژماری هێزی ئێمە بۆ دوژمن نادیار بوو. جێگری کـاپیتـان بە دەنگێکی بەرز تێیـان ڕاخوڕی و بە نـاو، ناوی یەکە یەکەیانی گوت و داوای خۆ بەدەستەوەدانی لێکردن. مەفرەزەی پەشـۆکاوی ئەوانیش بەبێ هیچ کردەوەو کاردانەوەیەک، بە هێمنی خۆیان

بەدەســـتەوە دا. هەر ئەودەم کە دەســـتیان بەرز کردەوە، هاواری ڕەجای لێبوردەیشـــیان ڕاگەیاند. دوای چەک کردنیان، ســـوێندی وەفادارییان بۆ کاپیتان خوارد. ئەوان کەوتنە سەرچۆک و کاپیتان دەستی لە سار شانی یەکا یەکیان دانا و گوتی:

" من لێرە و لەم دوورگەیە دا، لە ژێر سایەی فەرمانداری دوورگەکە دا دەژیم. ئێوەیش ئەگەرچی دژ بە من ڕاساون و کردەوەی ناحەزتان دەرهەق بە من کردووە و بە دەســـت و بێ بەســـتراوی ڕاگوێزی ئەم دوورگەیەتان کردم، بەڵام خاوەنی دوورگەکە باڵی بە سەرماندا کێشا و ئێمەی لە چنگ پیلانی ئێوە ڕزگار کرد. من خۆم و یارانی من و ئێویش لە ژێر یاســـای فەرمانداری دەورگەکەدا دەژین و ئەو چلۆن قەڵەم لە چارەنووستان بدات، دا هاتووتان هەر ئەوە دەبێت. ئێوە لە بەندیخانەی ئەم دوورگەیە دا لە بەند دەکرێن و فەرمانداری دوورگە بەنیازە ڕەوانەی بریتانیتان بکاتەوە و ئەودەم خۆتان و قانوون و مەحکەمەی وڵات!... بەڵام من بە تکاوە داوا لە فەرمانداری دوورگە دەکەم کە جگە لە "ئەتکین"ی ڕوو ڕەش، لە گشتی ئێوە خۆش ببێت... تەنیا ئەو "ئەتکین"ە چارەڕەشـــەیە کە پەت و داری تۆڵەی چاوەڕێیە. "

هێشتا کاپیتان لە قسەکردن دابوو، کە ئەتکین چۆکی دادا و قاچەکانی کاپیتانی گرتە هەمێز و بە گریانەوە پاڕایەوە:

" بەڕێز کـاپیتـان، من کردم و ئەتۆ مەیکە! تکـات لێـدەکەم بەلای فەرماندەی دوورگەکەە بۆم بپاڕێوە کە هەر لێرە سـزام بدات. کردەوەی من زۆر ناشیرین بوو، من لە کردەی خۆم پاشگەزم... تکایە کاپیتان ... تکایە!

ئەمجار نۆرەی من هات و دەمزانی کە ئەتکین بە تاق ماوەتەوە و لە کردەی خۆی تەواو پا شگەزە. هەمیسان دەمزانی کە پاڕانەوەکەی بە واتای پەشـــیمانی و بادانەوەیە و دەتوانێ لە گرتنەوەی گەمیەکەدا هاوکارمان بێ. بەڵام بە باوەڕی خۆم، چونکە هیچ پێویســت نەبوو تاقمی تازە گیراوی ژێر دەستمان بزانن کە من فەرماندەری دوورگەکەم، هەر بۆیە لە دادگایی کردن و لێپرسینەوەیاندا بەشداریم نەکرد و خۆم پێ نەناساندنن. بەڵام لە دەمی پاڕانەوەی ئەتکین دا، ڕووم کردە کاپیتان بە دەنگێکی بەرز گوتم:

" بەڕێز کاپیتانی گەمیٚ! فەرماندەری دوورگە منی ڕاسپاردووە کە پێتان ڕابگەیەنم دوای تەواوبوونی ســەرخوێندنەوەی تاوانکاران، هەر خۆتان بەتەنیٚ ســەردانی ژووری ســەرکردایەتی بکەن و لە ســەر دیاری کردنی چارەنووسی دەسبەسەرەکان ، ڕاوێژان بکەن. "

کاپیتان لە وەرامدا گوتی:

" بە سڵاو و ڕیزەوە پێیان ڕابگەیەنە کە هەر کاتێک ئەو خۆیان فەرمان بدەن، من ئامادەی دیداریانم."

ئەم شــانۆیە ئاکامێکی باشــی لێکەوەتەوە و دیلەکان پێیان وابوو کە فەرماندەری دوورگە، هەر ئێستیٚ دەگەڵ هێزێکی مەزنی پاسەوان و هێزی بەرگریی دوورگە، لە کۆشکی خۆیدا خەریکی بەڕێوەبەرایەتییە.

من و کــاپیتــان پێکەوە دانیشـــتین و بۆ گرتنەوەی گەمیٚ و کۆتــایی پێهێنانی هەرای ئاژاوەگێڕان پلانمان دارشت و بڕیاری دەست پێکردنمان بۆ بەیانی دانا. بەرلە هەرشـــتێک داوام لە کاپیتان کرد کە ئەتکین و دوو تاوانبارەکەی تر ڕادەســتی هەینی بکات کە بۆ ئەشــکەوتی پیرەبزنێیان ڕابگوێزێت. ئەو چەند کەسەش کە تاوانەکانیان سووکە، بە دەست و پیٚ بەســتراوی لە ماڵەکەی مندا ڕابگیرێن. لە مەڕ پلانی هێرش بۆ ســەر گەمیەکەش قەرار داندرا کە خودی کــاپیتــان لە دانیشـــتن دەگەڵ بەند کراوەکان باســی چالاکیی گرتنەوە گەمیٚ بکات و ڕا و بۆچوونی ئەوانیش وەربگرێت؛ ئەودەم دەردەکەوێت کە چەند کەس لەوان ڕەگەڵمان دەکەون و ژمارەی هێزی چەکداری هێرشبەرمان دەگاتە چەند کەسان.

کاپیتان بڕیار و بۆچوونەکانی منی بە ئەرێنی وەرگرت و دەگەڵ دیلە دەســت و پیٚ بەســتراوەکان دانیشــت. لە ســەرەتادا زۆر بە تووڕەیی بە سەریاندا هات و بڕیاری ڕادەست کردنەوەی بریتانیای بە گویٚ دادان. بەڵام دوای ئەویکە دیلەکان بە گریانەوە داوای لێبوردنیان کرد، کاپیتان مەرجی لێبوردەیی ئەوانی بە بارەگای فەرمانداری دوورگە گریٚ دا. هەر ئەودەمیش بەندییەکان کەوتنە ســەر چۆک و ســوێندی وەفادارییان بۆ کاپیتان خوارد. تەنانەی بە تێکڕایی بەڵێنیشیان پێدا کە ئەوان ئامادەن ڕاپۆرتێک بنووسن و ژێری نووســراوەکەش پەنجەمۆر بکەن کە هەتا پای گیان لە پێناو ئازاد کردنەوەی گەمیٚ تێدەکۆشن. کاپیتانیش بە ئامانژەی ئەوەیکە پەیامەکەیان

بەگوێی فەرماندەری دوورگە دەگەیەنێت، بە شـــیوەیەکی کاتی لە نێوان هومێد و بێ هیوابییدا ڕایگرتبوون.کاتێک کاپیتان هاتەوە لای خۆم، لە دوورەوە دیار بوو کە بە دەســـتی پڕەوە بۆلام دێتەوە. بە ڕوویەکی گەش و دەم بە بزە ، گوتی:

" بە تەواوی لێیان دڵنیام کە وەک ئاوی شـــەو خاوێن بوونەتەوە و ئەوەیکە چەوتی و چەپەڵی بێ، تێیاندا نەماوە. لێیان دڵنیام کە لە بەرەی ئێمەدان و بە تەواوی یارانی وەفاداری خۆمن."

منیش بۆ قایمگیر کردنی کارەکانمان، پێشنیارم پێکرد و گوتم:

" بە باوەڕی من وابا شە ئەوان پێنج کەسان لە نێو خۆیاندا هەڵبژێرن و وەک نوێنەری چەک هەڵگری خۆیان ڕەگەڵمانی خەن؛ ئەگەر ئەو پێنج کەســە هەتا گرتنەوەی گەمیٚ بە سەرراستی پشتیان گرتین و پەیمانیان نەشکاند، ئەوا باوەڕمان پێیان دەبێت و لە تاوانی گشتیان خۆش دەبین. ئەگەریش پەیمان شکێن بن و لە دژی ئێمە ڕابوەستن، ئەوا پێنج بارمتەکان جێگای هەرە بەرزیان ، بەرزایی تەناف و سێدارە دەبێ ."

کاپیتان پێشنیارەکەی منی پێ ڕاگەیاندن و ئەوانیش ڕیکارەکەیان مۆر کرد و لە نێو خۆیاندا پێنج کەسیان وەک نوێنەری چەک هەڵگر هەڵبژارد. دەگەڵ ئەمەشـــدا، ئەوانیش بۆ پاراســـتنی گیانی خۆیان، نوێنەرەکانیان سوێند دا کە گیانفیدایانە ئەرکی خۆیان بەرێوە بەرن.

ئەو مەفرەزە چەکدارەی کە لەوکاتەدا لە ژێر فەرمانی مندا بوون، بریتی بوون لە :

1. کاپیتان و جێگر و برادەرەکەیان.

2. ئەو دوو دەریـاوانـانەی کە لە یەکەم تێهەڵچوونیـانـدا، خۆیـان بەدەستەوە دابوو.

3 . ئەو دوو زیندانییانەی کە لە هاوینە هەوارەکەمدا دەست و پێ بەستە بوون و بەپێی خواستی کاپیتان فەرمانی لێبوردەییان بۆ دەرکرا.

4 . ئەو پێنج کەســەی کە نوێنەری بارمتە دەســت و پێ بەســتراوەکان بوون.

مەفرەزە دوازدە کەســـی لە ژێر فەرمـانـدەیی کـاپیتـان، خۆیـان بۆ گرتنەوەی گەمیٚ ئامادە کرد و پلانیان دارشـــت. من و هەینی دەبوایە لە

دوورگەدا بمێنینەوە، چونکە لە دوورگەدا حەوت زیندانیی دەستبەرمان هەبوون و دەبوایە پێیان ڕابگەین. ئەو پێنج زیندانییەی کە لە ئەشکەوتی پیرەبزنێدا ڕامان گرتبوون، دەست و پێ بەستراو بوون و هەینی لە ڕۆژ دا دوو ژەمە خواردەمەنیی بۆ دەبردن. دوو کەس لەو پێنج کەسانەش کە لە ماڵی مندا مابوونەوە، یاریکاری هەینی بوون و لە ژێر دەستی ئەودا کارەکانیان بەڕێوە دەبرد.

بۆ هێرش بردن و گرتنەوەی گەمیٚ ، من دوو بەلەمم تەرخانی ئەو کارە کرد. بەلەمێکیاندا کاپیتان و جێگرەکەی و پێنج دەریاوان و لە بەلەمەکەی دیکەیاندا برادەرەکەی کاپیتان و چوار دەریاوان دانیشتن و لە سەری سەعاتی سێی نیوەشەودا کەوتنەڕێ. بەڵێن بوو لە دوور و نزیکی پاپۆڕەکەوە، کاپیتان پلانەکەی خۆی بۆ ئەندامانی مەفرەزە ئاشکرا بکات و بۆ هەر تاقمەی ڕێبازێک دیاری بکات. قەول و قەراریان وا دانابوو کە یەکێک لە دەریاوانەکان بە دەنگێکی بەرز هەرا بکات و بڵێ:

"هاوڕێیان!.. خۆمانەین ... یارانی خۆتانین و گشتمان بە سلامەتی هاتووینەوە لاتان. تکایە تەنافەکانمان بۆ بخەنە خوارەوە با سەرکەوین."

پرۆژەبەرنامەی گرتنەوەی گەمیٚ بەمجۆرە داندرا بوو، کە هەتا نەگەنە بەر پێی پاپۆڕەکە هیچ شتێک ئاشکرا نەکرێت.

بەلەمەکان دەگەنە نزیک پاپۆڕ و هەرکە تەنافی هەڵکێشانەوەی بەلەمەکان دادەکێشرێن، پێشەکی کاپیتان و دەستیارەکەی ئۆپەراسیون دەست پێدەکەن. کاپیتان بە قونداخی تفەنگ لە کەللەی سەری ئەفەسەر و دەریاوانێک دەدات و هەر دووکیان دەخات. هەر لەو دەمەشدا یارانی کاپیتان دەست پێدەکەن و بەشی باڵەخانەی گەمیەکە داگیر دەکەن و دەرگای پەیوەندیدەری سەر و خوار دادەخەن. هەر لە هەمان کاتیشدا مەفەرزەی بەلەمی دووهەم، لە بەشی پێشەوەی گەمی دەست بە چالاکی دەکەن و دەریاوانە خەوتووەکانی باڵەخانەی ژێرووودا دەست بەسەر دەکەن. لە چێشتخانەی گەمێدا سێ کرێکار دەگرن و دەگەڵ چەند کەسی خەوتوو دە ژوورێکیان دەکەن و دەرگاکەیان لە سەر دادەخەن.

مەفەرزەی کاپیتان، لە یەک هێرشی کوتوپڕ دا بەشی باڵەخانەی گەمیٚ لە ژێر چنگی داگیرکاران ئازاد دەکەن و دەستی دەسەڵات بە سەر بەشێکی

گەورەی گەمیّ دادەگرن. ئەمجار ڕوو دەکەنە ژووری کاپیتانی گەمیّ و دەرگایان لیّ دەشکێنن. لە ژوورەکەدا، سەردەستەی کۆدیتاچییەکان و سیّ دەریاوانی دەمانچە بە دەست، بەبیّ ئەوەیکە دوژمنانی خۆیان بە چاو ببینن، بە پەشۆکاوی تەقە دەکەن. لە ئەنجامی تەقەکردنی کوێرانەدا، کاپیتانی خۆسەپێنی گەمیّ بە فیشەکی دەمانچەی جێگری کاپیتان دەکوژێت و ئەوانی دیکە دەستیان بەرز دەکەنەوە و خۆیان بە دەستەوە دەدەن. لەو شەڕە دا، ئێسقانی باسکی جێگری کاپیتان بە گوللە بریندار دەبێت. بە کوژرانی کاپیتانی ساختە، سەرجەم بەرهەڵستکاران تەسلیم دەبن و گەمیّ دەکەوێتەوە دەستی کاپیتانی گەمیّ و هەرای ئاژاوەچییان دەخەوێتەوە.

****

من لە دوورگەکەمدا گوێم لە تەقوتۆقی تفەنگ ڕاگرتبوو. دڵەڕاوکێم بوو کە ئاخۆ گەمیّ چی بەسەر دێت و چارەنووس بەرەو کوێمان دەبات! من هەتا کاتژمێری دووی نیوەی شەو بە تەنیا دانیشتم و لە نێوانی هیوا و ناهومێدیدا، هەر هاتم و چووم. دەڵم دەیکوتاو نیگەران و پەرێشانی ئاکامی کار بووم. لە ماڵدا حەجمینم لیّ هەڵگیرا و دیسان ڕووم کردە دەریّ و لە دەم دەریادا هاتم و چووم. لە پڕ دەنگی زرمەی تۆپێک لە نیوەی شەو دا دەریای هەژاند. تۆپ بە دوای تۆپیان تەقاند و من شەشم هەژمارد. زرمەی ئاخر تۆپ، حەوتی پڕکرد و ڕایگەیاند کە یارانمان سەرکەوتوو بوونە و گەمیّ ڕادەستی کاپیتان کراوەتەوە. دەنگی تۆپەکان خەوتەوە و منیش بە خەیاڵی ئاسوودە بەرەو ماڵ بوومەوە و لەشی شەکەت و خەواڵووم بە جێگا و بان دادا و خەوێکی قورس بردمیەوە. لە گەرمەی خەستەخەو دا بووم کە شریخەیەکی تر لە خەو ڕاپیەڕاندم. لە جیّ هەستام و ویستم بزانم دەنگی شریخەی تفەنگ لە کوێوە دیّ. چوومە دەر و بە هەموو لایەکدا ڕوانیم، کەسم نەدیت. لەپڕ کەسێک بە ناوی فەرماندەری مەزنی دوورگە بانگی هێشتم. دیسان سەیری دەور و بەرم کردو ورد ورد ڕوانیم و هەر کە بە سەرسوڕماوی کاپیتانی پاپۆڕەکەم بینی، گەشکە خۆشی بۆ لای چووم. ئەو لە سەر ڕەوەزە بەردەڵانەکەی بەرماڵان ڕاوەستا بوو، من بۆ لای چووم

و لە ڕەوەزە بەردەکە وەســـەر کەوتم. کـاپیتـان بـاوەشـــی بۆ گرتمەوە و دەهەمێزی گرتم و دەستی بەرەو دەریا ڕاداشت و گوتی:

" ئەی ڕزگاریکەری من و گەمێ و دەریاوانەکەنم... ئەی دۆســتی ئازیز! ئەوە گەمێیەکە لە ســای کەرامەتی تۆوە ڕزگار کراوەتەوە. ئیتر گەمێ و کـاپیتـان و دانیشـــتوانی گەمێ، بە تێکڕایی مـاڵ و ملّکی خۆتن و من و یارانیشم بە گشتی لە خزمەتی تۆ دا دەست بە سنگەوە ڕادەوەستین. "

گەمێی ئازادکراو لە دوورگە نزیک ببۆوەوە و هەتا ڕۆخی دەریا، تەنیا دوو ســەت مەترێکمان نێوان بوو. هەر لەوێوە قورســەنگی لەنگەرەکەی دە ئاوی دەیا هاویشتبوو و چارۆکەکانیشی خەواندبۆوە.

ئیتر هەتـاوی بەختیـاری و ڕۆژی ڕزگـاربوونم لە ئـاســـمـانی ژیـانمدا دەرکەوت و شـــەوگاری ڕەشـــی تەنیایی و بێکەســیم کۆتایی پێهات. منیش هەوالّبەندی ئازیزی خۆم گرتە باوەش و گوتم:

" ئەوا ئەتۆش هەروەک پەیکی بارەگای یەزدانی، ســـایەی میهرەبانیت خســتە ســەرم و دەرگای داخراوی تەنیایی چەندین ســالّەت بە ڕوودا والاّ کردمەوە و ژیانی نوێت پێدامەوە. من هیواخوازم کە ئەم بەســەرهاتەی من و تۆ ببێتە پەندێکی مێژوویی و ڕۆشـــنایی بخاتە بەر پێی مرۆڤی ســـەر زەوی. ئەو پەیوەندییە سەیر و دەگمەنەی من و تۆ، ڕایگەیاند کە بەستێنی خاوێنی مرۆڤی شـــەڕافەتمەند بەهیچ دەســـت و دەســـتەڵاتێک غەوری لێ نانیشێت و یەزدانی مەزن ئاگاداریەتی. "

ئێمە گەرمی قســـەکردن بووین، کە دەریـاوانەکـان هـاتن و بڕی لۆتکەیەکیان دیاریگەلی زۆر تایبەت بۆ هێنام. لەناو دیارییەکانیاندا قەند، نانەشـــەکرە، شـــەڕابی کۆن، کوتالّی گرانبەهای فاســـوونیا و جل و بەرگی خەوانینانە و گەلّیک شتی تریش.

دوای ســپاس و ڕێزلێنانی کاپیتان و یارانی، دیســان باســی کرســانی دەست و پێ بەستراوم هێناگۆڕێ و باسی ئەوانم کردە شەوچەرەی مەجلیس و قسەمان لە سەر کرد .

من دەمزانی کە کـاپیتـان مرۆڤێکی دلّنەرم و دلّۆڤـانە و، بەزەیی و کەرامەتەکەی گەلێک زۆر و زیاترە لە هەســـتی تۆڵە ســـەندنەوەی. خۆم دەمزانی کە دلّی میهرەبانی ئەو جێگای کین و نەفرەت نییە. بەتایبەت کە

من و ئەو و هەموو هاورێیانمان دەمانزانی کە لە ناو دەسبەسەرکراوەکاندا تەنیا دووی بەدفەڕیان تێدایە، کە ئەم دووەش نە بە ئاوی گەرم نەرم دەبنەوە و نە بە بەردی ڕەقیش ســـەریان پان دەبێتەوە؛ بەند و زیندان و ڕەشەچاڵیش چاری دەردیان ناکات. بۆیە وەک پێشنیار بە کاپیتانم گوت:

"ئەم دوو کەســـە بەدفەڕانە، چ لێرە بن و چ لە بریتانی، ســـێدارە و تەناف چاوەڕوانیانە. بەڵام من پێشـــنیارێکم هەیە کە تەنیا پێشـــنیارە و بەس؛ واتە دەکرێ وەرامی نەرێنی وەرگرێتەوە یان پەیامی ئەرێنیی پێ بدرێت. ئەوکەسەی کە دەتوانی قەڵەم لە چارەنووس بدات ، هەر کاپیتانی گەمێیە و بەس. من دەزانم کە ئەو دوو کەســـە تاوانبارە، تەنیا دژ بە کاپیتان پیلانیان گێڕاوە و سزای گرانیشیان لە پێشەوە دیاریکراوە. بەڵام بە بڕوای من لە جیاتی لە دار دان و خنکاندنیان، با ئەم دووە لەم دوورگەیەدا جێی بهێڵین و مەحکووم بە ژیانی تاراوگە و تەریک مانەوەیان بکەین. دەڵێن وەڵامی تەحا، پەحایە؛ ئەوان دەیانەویســـت تۆ و جێگر و دۆســـتەکەت لەم دوورگە دوورئاوابییەدا جێ بهێڵن و بڕۆن. بەڵام ئەوان نەیانتوانی و تۆ دەتوانی. من بە کوژتنی مرۆڤ حەز ناکەم و بە مەرگی کەسیش خۆشحاڵ نیم، تەنانەت ئەوکەسانەی کە بەدکاریش بن، بەڵام تۆ کاپیتانی گەمێی و خۆت سەربەست و ئازادی لە بڕیاردان دا..."

کاپیتان بەبێ هیچ ئای و ئۆیەک پێشـــنیارەکەی منی وەرگرت و زۆر بە دڵاوایی لە مەرگی دیلەکان خۆش بوو. منیش هەینی و دوو دەریاوانێکی کە لە کار و باری دەســـت و پێ بەســـتراوەکاندا یاریکارانی هەینی بوون، ڕەوانەی ئەشـــکەوتی پیرە بزنێم کردن و پێم گوتن کە دەســـت و پێیان ببەســـتن و بەرەو هـاوینە هەوارەکەمیـان ڕەکێش بکەن. هەر ئەودەم چوومەوە ماڵ و جلکی تازەی دەریاوانانم کردە بەر و دەگەڵ کاپیتان بەرەو هـاوینەهەوارەکەم وەڕێ کەوتین. زۆری نەخـایـانـد پێنج دەریـاوانە تاوانبارەکانیان هێنانەوە و من وەک فەرماندەری دوورگە، ڕووم تێکردن و گوتم:

"ئێوە لە گەمێی بازەرگانیدا بوونەتە هۆکاری بەلاڕێدا بردنی یاران و ئەوانتان لە دژی کەپیتانی گەمێ هەڵخڕاندووە و کۆدیتاتان وەڕێ خستووە. مەرامی ئێوەیش لە زەوتکردنی گەمێ، نەک بۆ کاری بازەرگانی، بەڵکە بۆ

ڕێگری و دزی و چەتەیی دەریـایی بووە. بەڵام ئەو پیلانەی کە دژ بە کاپیتانی گەمیٚ وەگەڕتان خسـت، ئێوەی گەمژە خۆتان تێی کەوتن. من گەمیەکەم لیٚ ئەستاندوونەتەوە و ڕادەستی کاپیتانی ڕەسەنی خۆییم کردۆتەوە. ئێوە بە تاوانبارانی یەکەمی کۆدیتاکە ناسراون و حوکمی سێدارەتان بۆ بڕاوەتەوە. بریاری جێبەجیٚ کردنی ڕێوڕەسمی لە سێدارەدانتان سبەی بەیانی دەبێت و لە سەر سەکۆی مەزنی گەمێدا قەرارە بەڕێوە بچێت؛ ئەمە بڕیاری گشتییە و دەبیٚ بەڕێوەی بەرن. "
یەکێک لە دیلەکان هەڵیدایە و گوتی:

" ئێمە زمانی بەرگری کردنمان کورتە، چونکە ئێمە هیچمان تێدا نەهێشتۆتەوە کە شیاوی خۆ پەراندنەوەی هەبێت. بەڵام لە کاتی خۆ بەدەستەوەدانماندا خودی کاپیتان بەڵێنی پێداین کە لە دارمان نادەن و پلەیەک لە تاوانەکەمان دادەبەزێنن؛ ئەوا ئێمەیش داوای لێبوردن دەکەین و بەهیوای بەزەیی ئێوەیشین. "
منیش لە وڵامی ئەودا گوتم :

" من بەنیازم دوورگەکەم جیٚ بهێڵم و هەر بە گەمێی ئێوە بەرەو بریتانیا بگەڕێنمەوە، کاپیتانیش سوور و پێداگرە کە دەگەڵ خۆیتان بەرێتەوە. بردنەوەشتان بەو مانایە تەواو دەبێت کە ڕادەستی یاسا بکرێنەوە. من لەو بابەتەوە هیچ کارێکم لە دەست نایە و هەر تەنیٚ دەتوانم لە کاپیتان بخوازم کە ئەگەر ڕێگەمان پیٚ بدات، ئێوە لەم دوورگەیە دا جیٚ بهێڵن و هەموو ئیمکانیاتی دوورگەکەشتان بداتیٚ؛ ئەودەم ئێوە هەر جۆرێکی کە ئارەزووی دڵتانە، خۆتان سەرپشک دەبن لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی خۆتاندا. "

ئەوان بەتێکڕایی پێشنیارەکەی منیان بە دڵ وەرگرت و گەلێکیان سپاس کردم. بەڵام کاپیتان نێوچاوانی لیٚ گرژ کردن و بە جۆرێک حاشاند یکە گۆیا دەگەڵ پێشنیارەکەی من لایە. منیش کەمێک بە خۆمدا هاتمەوە و بە گرژی پێم گوت:

"ئەوانە لە سەرزەمینی مندا دەستبەسەر کراون و دیلی بەندیخانەی منن. من بەڵێنی لێبوردنم پێداون و ئەوە هەر منم کە ڕێز لە قەول و بەڵێنی خۆم دەگرم و پەیمان ناشکێنم. من دیلەکانی خۆم ئازاد دەکەم و

هەر دەمێکیش کە کاپیتانی گەمیٚ لەم دوورگەیەدا لە من بەتوانا‌تر بوو، ئەو دەتوانابیت حوکمێکی تریان بەسەر دا بسەپێنێت. "

بە دەم قسە کردنیشمەوە، قلّفی پەت و بەندی پەل و پێی یەک یەکیانم کردەوە و هەرکە پەتی دەست و قاچی دیلەکانم کردنەوە ، پێم گوتن:

" من، سـالّیانی سـالّە لەم دوورگەیەدا ڕەنجم کێشـاوە و هەموو ئیمکانیاتی ژیانم تیدا وەگەڕ خسـتووە. ئەگەر ئێوە برای برپرەی پشـتی یەکتر بن و یەکتر نەشـکێنن، بۆ هیچ شـتێک دانامێنن و وەک گول بەخێو دەبن. لە باری چەک و جبەخانەوە، ئەوەندەی تفەنگ و دەرمان و گوللـەتان پێویسـت بیٚ، دەتان دەمیٚ و بۆ هیچ شـتێک مەحتەلتان ناکەم. بەهیوام ئێویش شـێوەی گردەوەکۆشـی من بگرنەبەر و بۆ ئاوەدانی دوورگەکەم تێبکۆشـن. ئەمەشـتان پیٚ بلّێم کە تەنیا برایەتی و تەبایی و یەکڕیزی دەتوانێت ئاسـتەنگ و کێشـەکانتان چارەسـەر بکات. لە دووبەرەکێتی و دژایەتی خۆ بپارێزن و ژیانێکی ئارام و ئازادانەی برایانە بەرنە سەریٚ. "

ئەمانەم پێگوتن و مالّاواییم لێکردن.

ئەوە ئاخرین شـەوی ژیانی دوورگەنشـینیمە و سـبەی بەیانی دەڕۆم و نیشـتمانەکەم جێی دەهێلّم. من بە دەسـتی بەتالّ و ئەندامی شـەکەت و ڕووحی شـێواوەوە پێم نایە وشـکانیی ئەم دوورگەیە. هەر ئەو شـەوەی کە پەنام بۆ لک و پۆی دارێک برد و لە باوەشـی گەلّاکانیدا خەو بردمییەوە، پێم وا نەبوو چەند شـەوی تر دەوام دێنم. لە دارای دنیا چەقوولەیەک و پەیپێکم پیٚ بوو. بەلّام نەسـرەوتن یارم بوو و دەسـتی ماندووم، ژیانێکی ئافراند کە لە بەری حەسامەوە.

ئەم شـەوە ئاخر شـەوە و دەمەویٚ ئەم ئاخر شـەوەم بە خۆشـی بەرمە سـەریٚ. کەلوپەلی پێویسـت کە یادگاری سـەردەمانی تەنیاییم بوو، کۆم کردنەوە و بۆ ڕاگوێزانیان داوام لە کاپیتان کرد کە بەلەمەکەی خۆییم بۆ بنێرێت. هەروەها بەگوێی کاپیتانمدا خوێند کە تەرمی ئەو دەریاوانەی کە وەک کاپیتانی خۆسەپێن، بگێڕی سەرەکیی فەرتەنەکە بووە، لە کۆلّەکەی گەورەی گەمیەکەی هەلّاوەسێت تاکوو ئەوەی ڕوحی سەربزێوی لە قالب دا دەجوولّێتەوە، پێی بچێت و خەیالّی خاوی سەرهەلّدانی پیٚ نەمێنێت.

دەگەڵ ڕۆیشـــتنی کاپیتان، هەموو ئەو بەندییانەی کە داواکار بوون لە دوەرگەکەمدا بمێننەوە، کۆم کردنەوە. چیرۆکی خۆم بۆ گێرانەوە و دەنگ بە دەنکی کار و خەباتەکانم بۆ ژماردن کە چلۆن بە دەســـتی بەتاڵ، خۆم بە ئاو داداوە و لە گەمێی شـکاو دا گردەوەکۆشـیم کردووە و کەلوپەلم لێ ڕاگۆازتووە. کەوتن و هەســـتانەوەکانم بۆ گێڕانەوە کە لە هەر کەوتنێکدا فێری هەستانەوە بووم و پشتی ناهومێدیم پێ شکاند. ئەو دەرد و زووخاوەی کە لە تەنیایی و بێکەسیمدا خواردبووم، بە دەنگ و قسە بۆم ڕەسم کردن و پێمگوتن کە بۆ ئاوەدان کردنەوەی دوورگە و سازکردن دانگەی پڕ لە بزن و باغاتی پڕ لە میوە، چیهام جەفا پێوە کێشـــاون. بە ڕجاوە لە بەریان پاڕامەوە کە دوای ڕۆیشـــتنی من دوورگەکە ئاوەدانتر بکەنەوە. ئەمجار شـــێوەی چانـدن و هەڵگرتنەوەی دەغل و ســـازکردنی نان، هەروەها چلۆنایەتیی وشک کردن و سازکردنی دۆشاوی ترێ و شێوەی ڕەجابا هێنانی زەوی و زارم بۆ باس کردن. چلۆن دانگە بزنەکان دەوڵەمەندتر بکەن و بە چ شێوەیەک لە شیر و گۆشت و کەوڵ و کشپەڵی بزنەکان کەڵک وەربگرن. بە کورتی ئەوەی ئەرکی ســەرشـانم بوو، پێم گوتن و ڕێنماییم کردن. باش بوو هاتەوە بیرم کە شانزدە دەریاوانی سپانیولی قەراری هاتنیان هەیە و ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە، هێزی کـاریـان زیـاتر و ڕادەی وەبەرهێنـانی بەرهەمیان زۆرتر دەبێت. من نامەیەکیشم بۆ دۆستی سپانیۆلیم نووسی و ئەوم لە جێی خۆم دانـا. داوام لێکرد کە بۆ تەبـایی و پێکەوە ژیـانێکی هاوبەشی برایانە، تێبکوشێت و کۆڵ نەدات.

هەر ئەو جۆرەی کە بەڵێنم پێدابوون، هەموو تفەگ و دەمانچە و شمشێر و باڕووت و گوللـەکانم ڕادەستیان کرد. سەرەڕای ئەوانە، داوام لە کاپیتان کرد کە دەرمانی تفەنگ و گوللـــــەی زیاتر و تۆمی چەند جۆرە پنجاری بێستانییان بۆ بەجێ بهێڵێت.

بەرەبەیانی ڕۆژی نۆزدەهەمی دەســـامبەری ســـاڵی 1686، ئاخرین ڕێوڕەسمی ماڵاواییم لە دوورگەکەم بەجێ هێنا. ئەو ڕۆژەی کە دوورگەکەم جێ هێشت، ڕاست و دروست بیست و هەشت ساڵ و دوو مانگ و نۆزدە ڕۆژ، لەو ڕۆژە تێدەپەری کە من لە "ســـالە" ڕامکرد و ماڵباتەکەم بە یەکجاری جێ هێشت.

لە هەموو مـاڵ و ملْکی دوورگەکەم، چەتر و کڵاوە گەورەکەم، کە لە کەوڵی بزنم ساز کردبوون، هەر وەها هەندە دراوێک کە لە درێژەی ڕۆژگار دا ژەنگیان هێنابوو، باری سـەفەرم کردن و لە بەلەمدا بەرەو گەمیٚ وەڕیٚ کەوتم. دوو هاوەدەنگ و هاونشــینی ڕۆژگارانی تەنیاییم، واتە هەینی و تووتییەکەم دەگەڵم هاوسەفەر بوون.

ئەو شـەوە و بۆ بەیانیش نەمانتوانی وەڕیٚ کەوین و هەر لەو شـوێنە ماینەوە کە گەمیٚ لێی چەقیبوو. بۆ دوو بەیانی، کاتژمێری پێنجی بەیانی، دوو ڕەشـاییمان بە سـەر ئاوی دەریاوەوە بینی. دوو ڕەشـاییەکە بە مەلە بەرەو گەمیٚ دەهاتن و لێمان نزیک دەبوونەوە، زانیمان دوو کەس لەو پێنج کەسـانەن کە لە دوورگەدا جێمان هێشـتبوون. ئەوان لە گەمی نزیک کەوتنەوە و گازیان کردین و زۆر پاڕانەوە کە ڕێگایان پیٚ بدەین ڕەگەڵمان کەون. هۆی هەڵاتنی ئەوان لە دوورگە، ترس لە سیٚ تاوانبارەکانی تر بوو، کە نەکا لە نەبوونی ئێمەدا تەماحی کوشتنیان بکەن. ئەوان دەپاڕانەوەو دەیانگوت کە تەنانەت ئەگەر سزای لە سێدارەدانیشیان بۆ دەربچێت ، هەر بەو مەرجە ڕێگایان پیٚ بدرێت، وەئەسـتۆی دەگرن. لە سـەرەتا دا کاپیتان پێی وابوو من بەهاتنی ئەوان ڕازی نیم، بۆیە وەڵامی نای پێدانەوە و فەرمانی گەڕانەوەیانی ڕاگەیاند. لەوان پاڕانەوە و لە کاپیتانیش ڕووگرژی و تووڕەیی. ئەمجار هاواریان بۆ من هێنا و پاڕانەوە کە بۆیان ببمە پردی نەجات. سەرەنجام کاپیتان پشتی وڵامی ئەرێنیی منی گرت و ڕێگای پێدان کە ڕەگەڵمان کەون.

دوای وەرگرتنەوەی ئەوان، بەپێی بەڵێنێکی کە من بە تاوانبارەکانی نیشتەجێی دوورگەم دابوو، کاپیتان شمەکی پێویستی وەک تۆمی سەوزی بۆ داچاندن، تفەنگ و کەرەسـەی پێویسـتی تەقەکردن، خواردەمەنی و تەنانەت جلک و بەرگیشـــی بۆ ناردن. منیش پەیامم بۆ ناردن و بەڵێنم پێدان کە لە بیریان ناکەم و چاوم بە سەریانەوە دەبێت. تەنانەت ڕۆژێک و ڕۆژگارێک ئەگەر بۆم بلوێت، گەمێیەکیان بۆ دەنێرم کە چەشنی خۆم لە تاراوگە ڕزگاریان بێت و بگەڕێنەوە باوەشی خزم و کەسی خۆیی.

وەڕی کەوتین و لە ڕێگادا گەلێک بیرەوەریی سەردەمی لاوێنیم کەوتەوە یاد. سـەرەنجام لە ڕۆژی دووەمی ژۆئەنی سـاڵی 1687، لە بریتانیا

دابەزین. هەر ئەودەم کە پێم لە سەر خاکی نیشتمانەکم دانا، ڕاست و دروست سی و پێنج ساڵ لە وڵاتی خۆم تەرکە وەتەن ببووم. بەڵام دەگەل یەکەم پێدانانیشمدا، هەستم بە نامۆیی و غەریبی و غەوارەییەکی ئەوتۆ کرد کە هەر وە بڵێی ڕۆبینسۆن کروزوو هەرگیز خەڵکی ئەو نیشتمانە نەبووبێت، پەشیمانی و پەرێشانی دایگرتم.

ئەو خانمەی کە جێی باوەڕ و سەردەمێک ئەمانەتداری سامانەکەی من بوو، هەر مابوو. بەڵام چ بوون و چ مانێک؟! نەخۆش و کەلەلای چەندین ناسازی و دەردەدارێکی نزیک بە مردن! لە دەردی پیری و پەککەوتەیی دەیناڵاند و ئاواتی مەرگی دەخواست. دوو میردی یەک بە داوی یەکی لە دەست دابوون و بێ دەرەتان و هەژار مابۆوە. چوومە سەردانی و دوای ناساندنی خۆم، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم. لە ناسازی و تەنیایی و هەژارای بە گلەیی بوو. من زۆرم دڵداری داوە و پێمگوت:

"خاتوونی بەڕێز! بمبوورە ئەمن بۆ وەرگرتنەوەی پارە سەردانی تۆم نەکردووە. لەم بابەتەوە خۆت مەشەمزێنە و هەرچی هەیە لەبیری خۆتی بەرەوە. لە ناسازی و یەکتەن مانەوەشت دڵ پڕی خەمم. من هەتا بتوانم و لە دەستم بێت، لە خزمتی تۆ دادەبم و دەستی یارمەتیدانت لێ کورت ناکەمەوە."

بەرەو زێگەکەم، واتە شاری "یۆرکYork"م چووم؛ باوک و دایکم مردبوون و لە هەموو خزم و کەسەکانی نزیکم، هەر تەنێ دوو خوشک و دوو برازام مابوون. خزمەکانم دەستیان لێ شوردبووم و بە مردوویان دانابووم ، هەر بۆیەش لە دابەشینی میراتی دایی و بابان، بەشی منیشیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردبوو. دیارە من ئەوەندە هەژار و کیسە بەتاڵ نەبووم کە بۆ سواڵ و سەدەقە لە دەرگای ئەم و ئەوێک بدەم و بە هومێدی کەلەپۆری خودالێخۆشبووانم دەرگایان بتەقێنمەوە. ئەگەرچی لە دارایی دنیا ، جگە لەو برە پارەیەی کە لە پشکنینی گەمیەکان وەدەستم کەوتبوون، هیچی ترم لە هەناو دا نەبوو، بەڵام دەست پان کردنەوەشم پێ شوورەیی بوو ؛ بە مەرگی خۆم ڕازی بووم و لە سواڵ و سەدەقی بێزار. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەوەمدا خۆم بۆ دۆزینەوەی ئێش و کار تێک نا و سەرم بە چەند شوێنێکیش دا گرت. بەڵام بەر لەویکە وەڵامی خاوەن کار وەرگرمەوە

و خۆم بە کار دا بدەم، باش بوو لە لایەن یەکێتی گەمیوانانەوە دەستخۆشانەیەکی باشم پێ گەیشت. ئەو بڕەپارەیە کەلێنێکی بۆ پڕکردمەوە. دەستخۆشانەکەش لەبری ڕزگار کردنی گەمیّ و کاپیتانەکەی بوو. کاپیتان، کە خۆی ئەندامی یەکێتیی گەمیوانان بوو، نەجاتی خۆی و گەمیّ و دەریاوانەکانی بە یاریکارییەکانی منەوە گرێ دابوو. یەکێتییگەمیوانانی ئینگلیسیش، بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە منیان بانگهێشت کرد و لە سای خزمەتەکانمدا، بڕی دوو سەت لیرەیان دامێ و گەلێکیشیان سپاس کردم و میداڵیای شانازیی دەریاوانیشیان خەڵات کردم.

دووسەت لیرە بڕە پارەیەکی کەم نەبوو، بەڵام بەو بڕە پارەیە ژیانی پێ دەستەبەر نەدەبوو، هەر بۆیە بڕیارم دا بچمە "لیسبۆنLisbon" و سەبارەت بە زەوی و زار و دەستمایە و کەلوپەلێکی کە بەلای شەریکە مەزراکەمەوە جێم هێشتبوو، پرسیاراتێک بکەم. من دەگەڵ هەینی، یار و هاوڕێی شەو و ڕۆژانم سواری گەمیّ بووین. هەینی لە جاران وەفادارتر و دلۆڤانتر بوو. قەت ئیستێک لێم خافڵ نەدەبوو و بەردەوام چەشنی سێبەر بە شوێنمەوە بوو. مانگی سەپتامبەر گەیشتینە شاری لیسبۆنی پێتەختی ئیسپانیا. یەکەم کاری کە لە شاری لیسبۆن بە شوێنی داچووم، سۆراغی ئەو کاپیتانە بوو کە لە دەمی ڕاکردن لە "سالە"دا باڵی بە سەر داکێشام و لە گەمیەکەی خۆیدا وەری گرتم. کاپیتانەکەم دۆزییەوە، بەڵام پیرێکی کەلەلای زێدە زورهان بوو. من دەربارەی زەوی و زار و دەسمایە و کارگاکەنی خۆم پرسیاراتێکم لێکرد. کاپیتان گوتی:

" نزیک بە نۆ مانگی بەرێ، لە سەفەری برازیلیا دا شەریکەی جارانتم چاو پێکەوەت. ئەو گوتەنی ، وەزارەتی دارایی حکومەتی برازیلیا قەڵەمی مردوویان بە سەر ناوی تۆ دا کێشاوم و بەشە زەوی و زار و دە سمایەکەی تۆیان بەم چەشنە دابەش کردووە: یەک لە سێیان ڕادەستی خەزێنەوەی حکومەتی کردووە و دوو لە سێیشیان بە کڵێسەی "سەنت ئاگوستەن"بەخشیوە. شەریکەکەت پێی وایە هەر کاتێک کە ڕۆبینسۆن وەدی بێتەوە و خۆی بە وەزارەتی دارایی بناسێنێت، ئەوا بەپێی یاسای برازیلیا، لەوانەیە دارایی نەغدینەکەت بدەنەوە. "

من بە سەر سوورمانەوە لێم پرسی:

" چلۆن و بە چ یاسـایەک وەکێڵەکانی من لە نەبوونی مندا توانیویانە سـامانی من تەخشـان پەخشـان بکەن؟ مەگەر من لە وەسـییەتنامەکەی خۆمدا ، ئەتۆم وەک سەروەسی و میراتگر هەڵنەبژارد بوو؟"
کاپیتان گوتی:
"ئەوان هیچ بەڵگەیەکی جێی باوەڕیان لە دەست دانەبوو کە بسەلمێنێ ئەتۆ مـاوی و نەمردووی، هەربۆیە منیـان وەک سـەروەسـێ و میراتگر وەرنەگرت. بەڵام من هەر ئەوەندەم لە دست هات کە بڕی سەت و شەشت سککە پووڵی زێڕ، لەبری داهاتی هەشت ساڵەی بەروبوومەکەت وەرگرمەوە. من ئەو سەت و شەست سکە زێڕەم لە توورەکەیەکی چەرمی خستووە و بۆم حەشار داوی و هەر ئێستێ ڕادەستی خۆتی دەکەمەوە."
ئەگەرچی ئەو پیاو شـەریف و شـەڕافەتمەندە لە دارای دنیادا هەر هیچی نەبوو، بەڵام بە دەسـتپاکی بەشـێک لە سـامانەکەمی پاراسـتبوو. منیش لە بری ئەو چاکەکارییەی ئەودا، سـەد سـککەم هەڵگرت و شـەشـت سـککەشـم لە گیرفـانی ئەو کردەوە. من کۆڵم نەدا و نـامەیەکم بۆ خەزێنەداری برازیلیا نووسـی و داوای مافی پێشـێلکراوی خۆم کرد. دوای مانگێک، نامەیەکم لە شـەریکە مەزراکەی خۆمەوە بۆ هات. ئەو هاوکارە هێژایەم بۆی نووسـیبووم کە هەموو داهاتەکەت زیندوو بۆتەوە و سـەر لە پێنجسـەت هەزار لیرەی زێر دەدات. سـەرەڕای ئەو نەغدینەیە، هەزار و دووسەت سەندووق شەکر و هەشت سەد فەردە تووتنت دەکەوێ و دەتوانی وەریـان بگریتەوە. سـەرەڕای ئەوانە، بـایی زەوی و زار و مووچێ و مڵکەکەشت کە دەبێتە هەزار لیرە بۆ هەر ساڵێک، ڕژاوەتە حیسابەکەتەوە. داهاتێکی کە لەپڕ بە سـەرم دارژا، ئەوەندە زۆر و بە دوور لە باوەڕ بوو، کە هەتا ماوەیەک تێیدا گێژ و وێژ بووم و نەمدەزانی ئەو گشـتە سـامانە چلۆن خەرج بکەم.
یەکەمین شـتێکی کە لەو دەمە ناسـکەدا کەوتەوە بیرم، ئەو کاپیتانە پورتەکالییە بوو کە لە گێژاوێکی سـامناکی سـەردەمی لاویمدا، من و کسووری لە نەمان ڕزگار کردبوو. هەروەها ئەو بێوەژنە هەژار و ناسـازەی کە مێردەکەی، ئەمنی لە بـاوەشـی نەمـان دەرکێشـابوو؛ ئەوانە لە سـەردەمێکی هەر هێندە کەسـاسـی و بێ ئەنواییدا یاریکارم بوون، کە بە

تەواوی لە پێ کەوتبووم و ئەگەر ئەوان نەبوونایە، نەدەمام. ناوی ئەوانم بۆ چاوەدێری نێونووس کردن. بۆ یاریکاری ئەوان، چوومە لای بازەرگانێکی خەڵکی لیسبۆن و داوام لێکرد کە پەیامێک بۆ لایەنەکەی خۆی لە لەندن رەوانە بکات و راسپێربێت کە سەردانی ئەو خانمە بەرێزە بکەن و سەد لیرەی بدەنێ و دڵنیاشی بکەن کە هەتا بمێنم، وەک خوشکێکی ئازیز ئاگاداری دەبم و ناهێڵم کەمایەسی ببینێت. هەروەها بۆ دوو خوشکەکانیشم، کە دەمزانی لەباری ماڵی زۆر کەمدەستن، بۆ هەر یەکەی سەد لیرەم نارد.

سامانێکی لە رادەبەدەر زۆرم دەسکەوت بوو. لە سەرەتادا دەمەویست هەر لە برازیلیا بمێنمەوە، بەڵام دوایی پاشگەز بوومەوە و خۆم بۆ گەرانەوی باوەشی نیشتمانەکەم ئامادە کرد.

گەلێک کەس و زۆر کەسایەتی نامەی پر لە سۆز و میهرەبانییان بۆ نووسیبووم و دەبوایە وەڵامیان بۆ بنووسمەوە. یەکەمین وەڵامی نامە، بۆ قەشەی کلێسەی "سەنت ئاگوستین"م نووسی و برِی هەشت سەد و حەفتا سککەی زێرم پێشکەشی کرد و داوام لێکردن کە لەو برە پارەیە، پێنج سەت سککە بۆ کلێسەکەی هەڵگرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بیکاتە خەرجی ماڵی هەژاران. نامەیەکی سپاسگوزاریشم بۆ وکێڵەکانی خۆم نووسی و زەحمەتەکانی ئەوانم بەرز نرخاند. نامەیەکیشم بۆ شەریکەم نووسی و تێیدا سەبارەت بە راگرتنی زەوی و زار و مڵکەکانم، چەند بیرخەرەوەیەکم تێدا گونجاند. دوای رێکوپێک کردنی کارەکانم، ئەو برە شەکر و تووتنەی کە پێم برابوون، فرۆشتمن و پارەکەیانم وەرگرت. بۆ گەرانەوەی باوەشی نیشتمانەکەیشم ئەگەرچی تەمەنێکی زۆرم لە دەریا و دەریاوانیدا تێپەرکردبوو، بەڵام لە سەفەری دەریایی دڵزدوەو بێزار ببووم. کاپیتانە پیرەکەی دۆستی نزیکشم پێی وابوو کە سەفەری وشکانی هەڵبژێرم و لە رێگای ئیسپانیا و فەرانسەوە بەرەو "کالە Calais"و لەوێوە بۆ "دۆوڤرە Douvres" برِۆم.

لەو کاروانەدا، من دەگەڵ سێ بریتانیایی و دوو بازەرگانی پۆرتەکالی کە بەرەو فەرانسە دەچوون، هاورێ و هاوسەفەر بووم. هاوسەفەرەکانم نۆکەریشیان دەگەڵدا بوو و منیش سەرەرای هەینی، دۆستێکی قەدیمەم کە

دەریاوانێکی خاوەن ئەزموون بوو، دەگەڵدا بوون. ئێمەی چەند کەسـی، باخەڵ پڕ و ساز و تەیار، ماڵاواییمان لە لیسبۆن کرد و کەوتینەڕێ.

دوای ئەویکە لە شــاری " مادرید Madrid" و پامپیلون Pampelune" تێپەڕین و گەیشتینە سنورەکانی فەڕانسە. لەوێوە سەرزەمینێکی گەرمە سـێرمان تێپەڕ کردو گەیشـتینە کوێسـتانی"پیرینە"ی و بە ناو بەفر و بەستەڵەکاندا ڕێگامان بڕی. کەند و لەندی چیا و بای سارد و سڕ، دەست و پەل و گوێچکەکانمانی تەزاند. ئەو کوێستانە سارد و سەقەمە، بەتایبەت بۆ هەینیی داماو کە قەتی سـەرما و بەفر و لێژ و هەڵدێر نەدیبوو، گەلێک بە ئازار بوو. زۆر جاران دەهات لە هەڵدێرەکانەوە خلۆر بێتەوە و لە ناو ڕنووی کوێستاندا نوقومی بەفر و بەستەڵەک بێت، بەڵام من و هاوڕێی ترم ژێر پیلمان گرت و دەگەڵ خۆمانمان برد. هەر لە درێژەی ئەو سـەفەرە دا تووشمان وە تووشـی ڕەوە گورگێکی برسـی هات. دەستی ئەنگێوە و چاوی تیژی هەینی ، بە تفەنگ چەندێکی لێکوشـتن و توانیمان لە چنگیان ڕزگار ببین.

بە کورتی، دوای کێشـانی ڕەنج و زەحمەتێکی یەکجار زۆر، سـەرەنجام گەیشتینە شاری "تۆولۆوس Toulous". لەو شارەدا، هەوای سازگار و مێرگ و شـیناوەردی لێڕەوارەکانی بووژاندیانینەوە. ئەوەی من لەو سـەفەرە دا چێشـتم، هەر بەشـی من نەبوو بەڵکە هاوڕێیانیشـم پشـک و بەشـی خۆیان چەشت. بەڵام دوای ئەو گشتە خۆشی و ناخۆشییەی کە چەشتمان، توانیمان لە ڕێگای شــاری "پاریس" بۆ "تۆولۆن Toulon" و لەوێشــەوە بۆ "کالە Calais" بڕۆین. لە ڕۆژی یازدەهەمی مانگی ژانڤییەدا گەیشـتینە "دۆوڤرە Douvres "و سـەرەنجام چاوم بە خاکی نیشتمانەکەم ڕوون بوونەوە. ئیتر ئەمجار وڵاتی ئینگلسـتان کەوتەوە باوەشـی ڕۆبینسـۆن. من بڕیارم دا لە وڵاتەکەی خۆم دا سـەرکەمەوە و ئەوەندەی تەمەنم بۆ ماوەتەوە، لەوێدا بژیم و لە مردنیشـمدا خاک و خۆڵەکەم تێکەڵ بە خاکی نیشـتمانەکەم ببێتەوە. هەربۆیە خۆم سـاغ کردەوە و بۆی هەسـتام و دەسـتم کرد بە فرۆشـتنی هەرچی زەوی و زەرعاتی کە لە برازیلیادا مابووم. بۆ ئەنجامی ئەم کارەش، نامەیەکم بۆ دۆستی دێرینم نووسی و بۆ فرۆشتنی ملک و ماڵ و زەوی و زارەکانم، ئەوم کردە نوێنەری خۆم. لە نامەکەمدا ئاماژەم

بەوەش کرد کە وەکێڵەکانم تامەزرۆی کڕینی مەزراکانم بوون و ئەگەر هێستایش هەر کڕیار و خواهانن، بەوانی بفرۆشێت. هەشت مانگ تێپەڕی و کاپیتانی دۆستم بۆی نووسیم کە ملک و ماڵ و زەوی و زارەکانمی بە ئارەزووی خۆم فرۆشتووە. لە نامەکەیدا ئەمەشی نووسیبوو کە گۆیا زەوی و مەزراکانم بۆ کڕیارانی هەر هێندە خێردەرەوە بوونە، کە بەڵێنێکی نووسراوەیشیان بۆ کاپیتان و کوڕەکەی واژۆ کردبوو، کە هەر ساڵێک بڕێ سەت پوڵی زێڕی پورتەکالیایی وەک دەستخۆشانە بۆ کاپیتان و پەنجا سککەش بۆ کوڕەکەی بخرێتە حیسابی بانکی.

****

بەشی یەکەمی سەربردەکانی ژیانم لێرە دا کۆتایی پێدێت. من پێموایە کەم کەس لە ژیانیدا تووشی ئەم چەشنە بەسەرهاتە پڕ لە کارەساتە بووبێت؛ بەسەرهاتێکی کە لێوان لێو بوو لە نەهامەتی. ئەو بەسەرهاتە نالەبارانەی کە لە ڕێبازی ژیانی مندا سەوز بوون، هەر هەمووی لە توخم و تۆمی ئاکاری بەدفەڕی خۆم سەوز ببوون؛ ئەوەی چاندم، گشتی ڕسکان و هەڵیان دا و ژاراویان بە ئەوکم داکرد. بەرهەمی گیانی نەسرەوت و بیری شێواوی خۆم بوون کە ئێوە وەک چیرۆک دەیخوێننەوە.

ژیانێکی کە هەر لە سەردەمی تافی لاوێنیمدا قەت ئۆخەیەکی بەرهەم نەبووبێ، با لە دەورانی پیریمدا زێڕوەشان بکرێم و بە سامان و خۆشبەختی بگەم، چ دێنێ؟! ... هەر لە هەڕەتی لاوێنیمدا ئەگەر گەزۆی شیرینی دڵداری دەرونمیان ئاوپژێنی خۆشەویستی نەکردبێت، لە پیرانە سەریدا تامی هەنار و بەرامەی گوڵی نەسرین، کەی دەمبزوێنێ؟!

بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژەیەکی ڕێزدارانەش بە ئەزموونی بەنرخی خێزانە پیرەکەی کاپیتانی خوالێخۆش بوو بکەم کە وەک فرشتەیەکی ئەفسانەیی دەستی گرتم و ڕێگای ژیانی کۆمەڵایەتی نیشان دام و چاوی کردمەوە؛ لە ڕاستیدا ئەو وەک مامۆستایەکی زانا، ژیرانە ئامۆژیاری دامێ و ڕێگای ڕاستی وەبەرنام.

تۆ بڵێی، ســـەرم لە بەردی ئەلحەد کەوتبێت کە بە شـــوێن ژیانێکی ئارامی بە دوور لە پەرێشـــانیدا گەڕابم؟! بە خۆم داهاتمەوە و دەســـتی یاریکاریم بەســـەر هەموو لایەکدا کێشـا. دوو برازاکانم وەخۆم گرتن؛ ئەوی گەورەیان دارا و دەوڵەمەند بوو، من نەمهێشت سامانی بێ وەفا چاوی کوێر بکات و ڕێگای هەڵە بگرێتە بەر. جۆرێکم ڕاهێنا کە دەوڵەت و داهاتەکەی بە خاوێنی دەکار بێنێت و خۆی لێ نەگۆڕێت. بەڵام ئەوی بچووکەکەیانم بە کاپیتانی گەمێیەکی بازەرگانی ئەسپارد کە چاوی بەســەریەوە بێت و لە گەمێوانیدا پەروەردەی بکات. باش بوو برازا بچووکەمەم ژیر و خۆش فام بوو. دوای پێنج ســـاڵ دەریاوانی، پیاوێکی ژیرەک و ژیار و ئازای لێ هاتە دەر و منیش گەمێیەکی بازەرگانیم بۆ کڕێ و خستمە سەر کار.

منیش هەر وەک ئەوەیکە هەڵەســـوونەم هێنـابێتەوە و لە هەڕەتی دەندووک و پیاڵاندا بم، بڕیارم دا خۆم لە تەنیایی دەربکێشم و ژن بخوازم و دەگەڵ خێزان پێ ڕابکێشـــم. ژنم خواســـت و بووم بە خاوەنی دوو کوڕ و کچێک. ژن و منداڵ لە دەوەر و بەرمدا بەهەشتێکی پڕی بەختیارییان ساز کردو من بە ئەشـــقی خاو و خێزانەکەم، قۆڵم لێ هەڵماڵی و زۆر ژیرانە خەریکی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی منداڵان بووم. شـایانی باســە بڵێم کە لەو سەردەمەشدا حەسرەت و پەشیمانی بەرۆکیان بەر نەدەدام و هەتا بە شـێنەیی دەگەڵ منداڵاکانمدا هەڵسـوکەوتم دەکرد و ڕێگای لارم بۆ ڕاسـت دەکردنەوە، خۆم و باوکی خۆمم دەکەوتەوە بیر. دەهـاتەوە بەر چاوم کە باوک چەندە مەند و چیها ژیر و، من چەندە لاســـار و چقاس بێ گوێ و ســـەرەڕۆ بووم! وەک تۆ بڵێی ئەوە باوکم بوو فەرمانی بەمێشـکی من دەدا کە چلۆن دەگەڵ منداڵان هەڵســـوکەوت بکەم و چلۆنیان ڕابێنم، دەمکرد و خۆم بە قوربـانیـان دەکرد و لێیـان مـاندوو نەدەبوم... هەرچی بێ و هەر چۆنێک بوو، لە ســـەردەمی منداڵی خۆمـدا ئەوەی بـاوکم دەیگوت، من نەمدەکرد. ئێستاکێ من لە جێگای باوکم دانیشتووم و کەسـایەتیی ئەوەم لە خۆم شـــەت داوە و وانەی دەمی ئەوە بە منداڵەکانمی دەڵێمەوە؛ ئەو وانە و دەرس و ڕاهێنانەی کە باوکم بە زمانی شـــیرین، دەمێشـــکی منی دەکرد و من لەم گوێ وەرم دەگرت و لەویتر فتم دەکرد؛ ئێستێ من لە جێی

باوکم دانیشتووم و بەختیارانە منداڵەکانم هێشوو چنی باغی زانستن و دەگەڵ منداڵێتیی من تار و پۆیان گەلێک دوورە.

سی و پێبج ساڵەی دوورکەوتەیی و خەفەتباری و ترس و دڵە لەرزەم تێپەڕاند و کاتی حەسانەوە و خۆشگوزەرانیم هات. حەوت ساڵ بوو دەگەڵ خانمی خێزانم و منداڵەکانمدا بە ئەوپەڕی شادکامی و بەختیاری ژیانمان دەبردەسەر. بیری دەریا و خەیاڵی دەریاوانیم لە سەر بەدەر کردبوو. تەمەنم لە شەست و یەکی دابوو و چوار دەست و پێ بە نیشتمانەکەمەوە نووسابووم. کارو کرگارم گەپ و گەمە و یاری و وازی بوو دەگەڵ منداڵەکانم. زۆربەی هەرە زۆری کاتی ژیانم تەرخانی زارۆکان کردبوو. ئەوەی ئەوان پێیان خۆش بوایە، منیش بە دڵ پێمخۆش بوو. ساماندارێکی چاوچنۆکی پیسکە نەبووم. پاڵەمان دابۆوە و سامان و داراییەکی زۆر پشیتوانمان بوو. هەر کەسێکی تریش لە جێگای من بوایە، هەر بەمجۆرە دڵگوشا و بێ خەم و خەیاڵ دەژیا و جگە لە شووکرانەبژێریی بارەگای یەزدانی، هیچ ڕێگایەکی تری هەڵنەدەبژارد. من هەتا ئەودەمە خۆم بە بەختەورە دەزانی و هەستم بە حەسانەوە دەکرد، کە بیری سەفەری دەریا و ئارەزووی بینینی ئەمریکا لە کەللەی نەدابووم. بەڵام هەر وەک تۆ بڵێی من بۆ حەسانەوە و بەختیاری ساز نەکراوم. لە پڕ بیری سەفەر و دیتنی ئەمریکا خۆی خستە ناو جەستەمەوە و ڕەگ و پنجێکی بەهێزی لە ناخی مێشکم داکوتا. یادی دوورگەکەم و ئەو گشتە مەزرا و باغ و دانگەی بزن و هاوینەهەوار و باخ و بێستانەکەیشی بەردەوام لە بارەگای مێشکمدا دەهاتن و دەچوون و منیان هان دەدا کە ئەگەر بۆ جارێکی تریش بێت، سەرێکیان لێ هەڵبێنمەوە و چاوێک بە دیداریان گەش بکەمەوە.

هاوژینی دلۆڤانی من کە بە دایم بە دەورم دا دەهات و نەیدەهێشت تاوێک بە خەمدا بکەوم، ئاڵوگۆڕی لە پڕی ڕەفتارەکەمی هەست پێکردبوو. ڕۆژێک لێی پرسیم کە چییە و بۆچی ئاوا بە خەمدا کەوتووم. منیش لێم نەشاردوەو هەرچی لە مێشکم دابوو پێم گوت. ئەویش بە ئەوپەڕێ میهرەبانیەوە لاواندمییەوە و پێی گوتم:

"ئەگەر ئارەزووی سەفەر پەرێشانی کردووی، من هەر نەک بەرگر و بەرهەڵستت نابم، بەڵکە بە ئەوپەڕی ڕەزامەندیشەوە لە تەکت دا دەبم و

پەیمان دەبەستم هاوسەفەرێکی باش و جگەرسۆزەت بم. بەڵام با لێت نەشارمەوە و ئەمەشت پێ بڵێم کە تەمەنەکەت بواری سەفەری دوور و درێژت پێ نادات و لەوانەیە تووشی ناسازی و ئازار بێیت، بەڵام من بە ئەوپەڕێ شانازییەوە لە ژێر باڵی تۆ دا دەبم و ئامادەی خزمەتم.

دەنگی خۆشنەوای خانمی خێزانم و ئەو گشتە دڵسۆزی و وەفادارییەی کە لە ڕێگای گوتن بە گوێچکەیدا چرپاندم، وەک نمە نمی خوناوکەی بارانی سەر دێمەکارانی تینوو، پەرێزی گیانی بەلەنگازمی هێور کردەوە. بیرم لێکردەوە و قسەکانی ئەوم لە بارەگای ویژدانم دا لێکدایەوە، هاتمە سەر ئەم ڕایە کە بەڵێ بێکاری و دانیشتنی زۆری گۆشەی ماڵە، کە ئەم کەڵکەڵە ناموبارەکەی خستۆتە ناو مێشکمەوە. بەخۆمدا هاتمەوە و خەیاڵاتی سووکی سەفەرم لە مێشک دەرهاویشت. لەبری سەفەری دەریا، نەمکردە خنە خن و بە قەدرایە گوندێکی گەورەم مووچێ و مەزرا و کانی و باغات کڕی و دەگەڵ ماڵ و منداڵ، گەرمێن و کوێستانمان دەست پێکرد. گاجووت و گاسن و ئەسب و مانگا و بزن و مەڕم کڕێ و وەک بنەماڵەیەکی مامناوەندی، کە ئاواتی باوکم بوو، خەریکی کاری ورزێری و باخەوانی و کشت و کێڵ و داشتن و ناشتن بووین. کاری ڕۆژانەو دیتنی دیمەنگای ڕازەوە، بەتایبەت میهرەبانییەکانی خانمی خێزانم و هەقرەبەقۆ و کایەی منداڵان، مێشکی ماندوویان حەساندمەوە و بیری دەریا و هەوەسی سەفەریان لە کەللەم دەرهاویشت.

لەم بەهەشتەی کە من و خانمی خێزانم پێکەوەمان نابوو، پەریزادەی بەهەشتەکەم، واتە خانمی خێزانم و دایکی منداڵەکانم بە تەنێی هێشتین و کۆچی داوییني لێکردین. مردنی یاری وەفادارم، هەموو دنیای بەسەرمدا ڕووخاند. ئیتر ئەو کەسەی کە بارانی ڕەحمەت بوو بۆم و کانگای ئامۆژگارییەکانی بە سەر دا دەباراندم، لە کیسم چوو. ئەو ژنەی کە لە ئامۆژگاری و دڵدانەوەدا جێگای باوک و ئەسرینەکانی دایکمی بۆ پڕ کردبوومەوە، لە ماڵمدا کۆچی کرد و منی جێ هێشت. ئیتر دوای کۆچی ئەو ئازیزە، من لە نیشتمانەکەمدا وەک غەریبێکی خەمبارم لێهات و کەوتمەوە سەر هەواری خاڵی. لە گوندەکەمدا من تەنیا نەبووم؛ کاردار و سەپان و خزمەتکارم بە دەورەوە بوون و هەینی هەر وەک جاران سێبەری میهرەبانی

سەر سەرم و دەستی ڕاستی تێکۆشانم بوو. بەڵام هەر وەک ئەو سەردەمەی کە تەک و تەنیا لە دوورگەیەکی دوور لە ئاوایییدا مابوومەوە و هیچ فریارەسێکم شک نەدەبرد، خۆم بە تەنیا دیتەوە. ماڵ و گوند و مەزرا لە بەر دیدەی خەیاڵمدا گەمێیەکی سوکان شکاوی بی سەوڵی نێو دەریایەکی خرۆشانی لێهات، کە دڵم لە حەسرەتی ئازادی و گەیشتن بە ڕۆشنایی، باڵی فرینی گرتەوە بەر. لەو هەلومەرجە نابەسامانەمدا، دیسان کرمی وەسوەسەی سەفەر و گەشت و گوزار لە مێشکمدا گەرای دانا. ئیتر مەزرا و باغ و ئاژەڵ و کاری وەرزێری بۆ مێشکی ماندووی من، وەک بەرداشی قورسی لێهات کە دیتنیان لە دین بە دەری دەکردم. بە ناچاری گوندەکەم جێ هێشت و بەرەو لەندەن داگەڕامەوە. شاری گەورەی لەندەن، بەو گشتە قەرەبالخی و جەنجاڵەیەوە نەیتوانی کۆرپەی دڵەکەم بحاوێنێتەوە؛ ئۆقرە و هەدادانم لێ هەڵگیرا. بێکار و پەرێشانحال، لەم شەقام بۆ ئەوی تر و لەم دوکان بۆ ئەوی تر چووم و هەر وەک گەڕۆکێکی ماڵ بە کۆڵەوە، یەکدەم سرەوت و ئارامم نەبوو.

لە سەرەتایساڵی 1693 دا، ئەو برازایەم کە خۆم گەمێم بۆ کردیبوو و بە پلەی کاپیتانی گەیشتبوو، هاتە سەردانم. برازاکەم لە "بیلبائۆ" گەڕابۆوە. هەر لەوێندەرێ چەند کەڵە بازەرگانی دەوڵەمەند پێشنیاریان پێکردبوو کە شتومەکی بازەرگانییان بۆ بەرێتە چین و هیندستان. برزاکەم بار و دۆخی نەفسیی منی دەزانی و دەیزانی حاڵم بێحاڵە. بۆیە لەو سەفەرە دا پێی خۆش بوو منیش ڕەگەڵی کەوم و ئاو و هەوایەک بگۆڕم و لە خەفەتباری بێمە دەرێ. گوتیشی کە پێشەکی بەرەو برازیلیا دەچین و زۆر باش دەبێ کە سەردانێکیش لە دوورگەکەم بکەم. ئەو پێشنیارە تەواوێک دڵی ئارام کردمەوەو حەساندمییەوە. هەربۆیە بە ئەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، پێشنیاری ئەوم بە دڵ و گیان وەرگرت. برازاکەم بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

"هیوادارم مامی خۆشویستی من لە دوورگەکەی دا سیپ دانەکوتێت و ئێمە لە دیداری جارجاری خۆی بێبەری نەکات ."

منیش لە وەرامدا گوتم:

سەر سەرم و دەستی ڕاستی تێکۆشانم بوو. بەڵام هەر وەک ئەو سەردەمەی کە تەک و تەنیا لە دوورگەیەکی دوور لە ئاواییدا مابوومەوە و هیچ فریاڕەسێکم شک نەدەبرد، خۆم بە تەنیا دیتەوە. ماڵ و گوند و مەزرا لە بەر دیدەی خەیاڵمدا گەمێیەکی سوکان شکاوی بی سەوڵی نێو دەریایەکی خرۆشانی لێهات، کە دڵم لە حەسرەتی ئازادی و گەیشتن بە ڕۆشنایی، باڵی فڕینی گرتەوە بەر. لەو هەلومەرجە نابەسامانەمدا، دیسان کرمی وەسوەسەی سەفەر و گەشت و گوزار لە مێشکمدا گەرای دانا. ئیتر مەزرا و باغ و ئاژەڵ و کاری وەرزێری بۆ مێشکی ماندووی من، وەک بەرداشی قورسی لێهات کە دیتنیان لە دین بە دەری دەکردم. بە ناچاری گوندەکەم جێ هێشت و بەرەو لەندەن داگەڕامەوە. شاری گەورەی لەندەن، بەو گشتە قەرەبالخی و جەنجاڵەیەوە نەیتوانی کۆرپەی دڵەکەم بحاوێنێتەوە؛ ئۆقرە و هەدادانم لێ هەڵگیرا. بێکار و پەرێشانحال، لەم شەقام بۆ ئەوی تر و لەم دوکان بۆ ئەوی تر چووم و هەر وەک گەڕۆکێکی ماڵ بە کۆڵەوە، یەکدەم سرەوت و ئارامم نەبوو.

لە سەرەتای ساڵی 1693 دا، ئەو برازایەم کە خۆم گەمێم بۆ کردیبوو و بە پلەی کاپیتانی گەیشتبوو، هاتە سەردانم. برازاکەم لە "بیلبائۆ" گەڕابۆوە. هەر لەوێندەرێ چەند کەڵە بازەرگانی دەوڵەمەند پێشنیاریان پێکردبوو کە شتومەکی بازەرگانییان بۆ بەرێتە چین و هیندستان. برزاکەم بار و دۆخی نەفسیی منی دەزانی و دەیزانی حاڵم بێحاڵە. بۆیە لەو سەفەرە دا پێی خۆش بوو منیش ڕەگەڵی کەوم و ئاو و هەوایەک بگۆڕم و لە خەفەتباری بێمە دەرێ. گوتیشی کە پێشەکی بەرەو برازیلیا دەچین و زۆر باش دەبێ کە سەردانێکیش لە دوورگەکەم بکەم. ئەو پێشنیارە تەواوێک دڵی ئارام کردمەوەو حەساندمییەوە. هەربۆیە بە ئەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، پێشنیاری ئەوم بە دڵ و گیان وەرگرت. برازاکەم بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

"هیوادارم مامی خۆشویستی من لە دوورگەکەی دا سیپ دانەکوتێت و ئێمە لە دیداری جارجاری خۆی بێبەری نەکات ."

منیش لە وەرامدا گوتم:

ئامادە کرد و دەگەڵ یاری وەفادارم هەینی، سواری گەمیٚ بووین. کاپیتانی گەمی فەرمانی هەڵدانی چارۆکەکانی دەرکردو خۆی سوکانی گرتە



دەســـت و گەمێی بەرەو ئامانج ڕادا. من بە لای خۆمەوە بڕیام دا کە لە دەمی دابەزین لە دوورگەکەمدا، ژیرانە سـەیری بار و دۆخەکە بکەم و بەر لە هەر شـتێک بە وردی سـەیری کار و کردەوە و چۆنییەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای دوورگەکەم بکەم. ئەگەر سـازمانی کۆمەڵگەکەیانم باش نرخاند و لێیان دڵنیابووم، ئەوا کەلوپەلێکی کە پارەیەکی زۆرم پێدابوون، بۆیان دادەبەزێنم و پێشـــکەشـــیـان دەکەم. بەڵام ئەگەر بـاش بە دوورگەکە ڕانەگەیشـــتبن و ژیرانە و شـــارســـتانیانە نەجووڵابنەوە، ئەوا هەر نەک کەلوپەل، بگرە ئەو کرێکار و وەســـتاکارانەی کە دەگەڵ خۆم هەڵگرتبوون، ناهێڵم دەســـت و پەل ماندوو بکەن. بەڵام پڕ بە دڵ ئارەزوومەند بووم کە بە ســـەر کۆڕ و کۆمەڵگایەکدا بکەوم کە لە گوڵ جوانتر و لە ئاوی کانیاو خاوێنتر بن. ئەودەم ئیتر دەســـت ناگێرمەوە و هەرچی بۆم کرێون، بۆیان دەدابەزێنم و پێشکەشـیان دەکەم. تەنانەت وەسـتاکارەکانیش کە ئەگەر خۆیـان بۆ مـانەوە و نیشـــتەجێبوون ڕازی بن، من لـە دوورگەدا دایـان دەمەزرێنم و کارێکی وهادەکەم کە ئەوان نیشـــتمانەکەم و دانیشـــتووانی تەواو ببووژێنەوە .

لەو کرێکار و وەســـتاکارانەی کە دەگەڵم بوون، یەکیان دارتاش و باش وەســـتای ســـازکردنی بەلەم و گەمیٚ بوو، یکی تریان ئاســـنگەر، ئەوی دیکەیان تەنەکەچی و ئاخرینیشیان وەستاکاری گۆزەکەر و باش وەستای سازکردنی ئاشی دەغل لێکردن و دەیان پیشەی تریش بوو. بەرگدروویەکی

شارەزاشم دەگەڵ بوو کە سەرەڕای بەرگدروون، لە دەیان پیشەی تریشدا باش وەستا بوو.

ئەو کەلوپەلەی کە بۆ دوورگەکەمم کڕیبوون، بریتی بوون لە کووتاڵ ، پێڵاو، گۆرەوی، پێخەف، قاپ و دەوری و کەچک و چنگانە و وردەشـــتی چێشـــتخانە، هەروەها بزمار و لاولاوەی دەرگا و پەنجەرە و قفڵ و کلیل و دەیان خرتە و پرتەی تریش. سەرەڕای ئەوانە، سەت تفەنگ و دەمانچە و دوو ســـەت بەرمیلی گەورە باڕووتی تفەنگ و گولە و کەرەســـەی تر بۆ تفەنگ. چوار تۆپ دەگەڵ گولە و دەرمانەکانیان و ژمارەیەکی زۆر شمشێر و کێردی سەربازی و شتومەکی تر. من ئەو گشتە شتومەکەم بۆیە کڕیبوو کە خـۆم بە خـاوەنـی دوورگەکە دەزانـی و هەمـووی ئەوانەم بـۆ دەستەبەرکردنی هەیمەنە و خاوەنداریەتی خۆم خەرج دەکرد.

لە درێژەی ڕێگا دا بەهۆی بای دژ بە ڕەوتی ڕێگای گەمیٚ و لە کار کەوتنی چارۆکەی مەزن، زۆر وەدرەنگ کەوتین، بەڵام باش بوو بیٚ وەی و بەدوور لە مەترســـی تێپەڕ بوو. ســـەفەری ئەمجـارەکەم لە هەموو ســـەفەرەکانی تر دڵگوشـــاتر و گەش و خۆشـــتر بوو. ئێوارەدەمی ڕۆژی بیســـتەمی فیڤرییە، یەکێک لە دەریـاوانەکـان پێی وابوو لە دوورەوە بریسکەیەکی بینیوە و دەنگی تۆپێکیشـــی بە گویٚ گەیشتووە. ئیستێکیمان گرت و هەســـتێکمان ڕاگرت، دەریاوانێکی دیکە هات و گوتی کە دەنگی تۆپێکی تری بە گویٚ گەیشـــتووە. ئێمە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەمەڕ چوونیەتیی کارەساتەکە، بە تێکڕامان چووینە سـەر سـەکۆی باڵەخانەی گەمیٚ و لەوێوە سەیری دوورەدەستانمان کرد. لە ئاسۆی دوورەوە شۆق و ڕۆشناییەکی گەورەمان بینی. گەمێی ئێمە نزیک بە سیٚ هەزار کیلۆمەتر لە وشکانی دوور کەوتبۆوە. لە دەنگی تۆپ و ترووسکەی ئاگری تۆپەکەوە بۆمـان دەرکەوت کە بوویەرێکی نـاخۆش قەومـاوە. ئێمە بەرەو دەنـگ و بۆلای تیشـــکەکە وەڕیٚ کەوتین. بەتێکڕامان لێکمان داوە کە گەمێییەک لە دەریـادا ئـاگری تێبەر بووە و داوای یـاریکـاری دەکـات. من فـەرمـانـی ئاگردانی پێنج تۆپی یەک بە دوای یەکم دا و بەم تەرتیبە ڕامانگەیاند کە یـارێکـار بۆیـان بەڕیوەیە. دوور و نزیکیـان بوویەنەوە و ئێمە بە ڕاشکاوی زمانەی گڕ و ترووسکانەوەی شەبەنگی گڕەکانمان لە ئاوی دەریا

دا دەبینی، بەڵام گەمیٚ نشـــینانی داماو لە تاریکی دا بوون و ئێمەیان بۆ نەدەبیندرا.

ئێمە خێرایی ڕەوتی گەمیەکەمان دوو هەندە تووندتر کرد و بۆلایان چووین، بەڵام هەر ئەودەم شـــریخەیەکی یەکجار بەرز دەریای هەژاند و گەمییەکە بە هەموو جەستەیەوە بەرەو ئاسمان فڕێ و کەوتەوە خوارەوە و جگە لە تەختە شکاوی سوتاو، هیچ ئاسـەوارێکی لێ نەما. من هیوای ئەوەم هەبوو کە گەمیٚ نشـینان سـواری بەلەم بووبن و خۆیان لە ئاگر و تەقینەوەکە بە دوور ڕاگرتبێت. هەر ئەو هیوایەش منی هاندا کە فەرمانی ڕۆشـنکردنی شـاپڵیتەکان بدەم و پێنج تۆپی پەیتا پەیتایش ئاگر بدەین. بە دل خوازیار بووم کە ئەیش بەشکەم زیندووەکانیان بە ئاماژەکانمانەوە بێن و ڕزگارییان بێت.

ئەو شـەوە هەر لەو شـوێنە ماینەوە و بەردەوام گڕی شـاپڵیتەکانمان بەرز ڕاگرت و جارجارەش تۆپێکمان تەقاند. بەرەبەیانی زۆر زوو بوو کە دوو بەلەم بەرەو ئێمە هاتن. بای نـاڕێک و دژ بە ڕەوتی بەلەمەکـان، خێرایی لە دەسـت و باسـکی سـەوڵ لێدەران کز دەکرد و توانایی بەرەو پێش هـاتنیـان لێ زەوت دەکرا. هەر بۆیە ئێمە بۆلایـان چوووین و نیو کاتژمێرێکی خایاند هەتا گەیشتینە سەریان و هەڵمـان کێشان. ژمارەیان شـــەســـت ژن و پیاو و منداڵ بوون و دوو قەشـــەشـــیان لە گەڵدابوو. گەمێیەکەیان لە فەرانسەوە هاتبوو و سەرنشینانی گەمیەکە فەرانسەوی زمان بوون. ڕزگاربووەکان بە دەسـت و زمان و سـەر خەریکی سـپاس و سـتایشـمان بوون و نێوچەوانیان لە خاکی شـوکرانەبژێری دەمالی کە یەزدانی مەزن یـاریکـاری بۆ نـاردوون. یەکێـک لە قەشـەکـان بە نوێنەرایەتیی هاوسـەفەرەکانی هاتە لامان و هەرچی زێڕ و دراوی کە پێیان بوو، لە بەر دەمیان هەڵڕشـتین و لە بەرمان پاڕانەوە کە لە نزیک ترین شـارەدەریـای وڵاتێکـدا دایـان بەزێنین. من بە کـاپیتـانە فەڕانسـەوییەکەم گوت کە ئێمە ئەرکی مرۆڤـایەتی خۆمـان بەجێ گەیاندووە و هیچ بایی و بەخشـینێک هەڵناگرێت. سـەفەری دەریایی ئەم کارەساتانەی دەگەڵە و وەکی دەڵێن: کەم گەمیٚ پیری بەخۆیەوە دەبینێت؛ لەوانەیە ئێمەیش لە ڕۆژگارێکدا ئەم خەسارەمان لێبکەوێتەوە.

پارە و ئاڵتوون و خشڵ و زیوەرەکانم پێشکەش کردنەوە و گوتم:

" گەمیەکەی ئێمە لەلایان چەند بازەرگانێکەوە بەکرێ گیراوە و کاڵای ئەوان بەرەور هیندستان دەبات. هیوادارم لە درێژە ڕێگەدا گەمێییەکمان تووش ببێت کە دەگەڵ ئاقاری ئێوە یەک بگرێتەوە، یان هیچ نەبێ بەرەو شووێنێک بچێت کە بە دوو مەنزڵ بتوانن بە نیشتمانەکەتان شاد ببنەوە."

لێقەوماوەکان پێشــنیارەکەی منیان وەرگرت. منیش لە نۆرەی خۆمدا سپاسێکی گەرمم پێشکەشی برازاکەم کرد کە زۆر بە دڵاوایی لە ڕزگار کردنی لێقەوماواندا تێکۆشــاوە. بەتایبەت لەوەیکە ئەو وەک کاپیتانی پاپۆڕەکە بڕۆی لێ گرژ نەکردم و هیچ دژکردەوەیەکی نەنواند کە من ئەو گشتە بەڵێنانەم لە سەر حیسابی خۆم بە گەمێ شکاوەکانم دا؛ وەک بڵێی کاپیتانی گەمێ من بم ، ئەو دەستەونەزەرم ڕاوەستا و دەمی نەبزاوت.

لە درێژەی ڕێگادا هەوایەکی خۆش و دڵگوشــامان هەبوو، بەڵام دژەبا نەیهێشــت چارۆکە مەزنەکانی گەمێ بە تەواوی هەڵبدەین، هەربۆیە لە درێژەی حەوت ڕۆژەی گەمێ ئاژۆتنماندا ڕێگایەکی زۆر نەڕۆیشــتین. بەختی لێقەوماوەکانیش نەیگرت کە لە درێژەی ڕێگادا تووشــی گەمێیەک ببین کە ئەوان بە کاوی دڵ شاد ببن. کاتێک گەیشتنە نیوزیلەند، بەشێک لەوان دابەزین، بەڵام چوار دەریاوانی گەمێی ســووتاوەکە ڕەگەڵمان کەوتن و بوون بە دەریاوانانی ئێمە. قەشــییەکیش کە دەیەویســت لە"کۆرۆماندەل Coromandel" دابەزێت، دوای لێکردین ڕێگەی پێ بدەین هەتا وێندەرێی هاوسەفەرمان بێت .

ماوەی بیســت ڕۆژ بوو کە لە باشــوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات ڕێگامان دەبڕی. ڕۆژی نۆزدەهەمی مارســی 1695 بوو کە لووتی گەمێمان بەرەو ڕۆژهەڵات باداوە. هەر ئەودەمیش لە دوورەوە گەمێیەکی گەورمان بینی کە بەرەو ئێمە دەهات. پێشــەکی بۆمان ڕووون نەبوو کە ئاخۆ ئەو گەمێ مەزنە بۆچی بەرەو ئێمە دێت؛ لێی دڕدۆنگ بووین و شــکی خەراپمان لێکرد، بەڵام کاتێک نزیکتر بوونەوە و بە دوربین سەیرمان کردن، دیتمان ئەســتوندەکی مەزنی چارۆکەگرەکەی شــکاوە، زانیمان بۆ وەرگرتنی یاریکاری بۆ لای ئێمە دێن. دوور و نزیکمان بوون و تۆپێکیان بۆ ئاگر داین و یارمەتییان لێ خواســتین. لێیان نزیک کەوتینەوەو زانیمان کە ئەو

گەمێیە لە شــــارەدەریـای "بریســـتول Bristol"بەرەو دوورگەکـانی "باربادۆBarbado" بەڕێوەیە.

بەسەرهاتی گەمێیەکە بەمجۆرە دەبێت:" کاپیتان و جێگەرکەی بۆ کار و باری ئیداری لە بەندرگەیەک دادەبەزن و سەردانی بەشی بازەرگانیی شارەدەریاکە دەکەن. هەر لەودەمەشدا تۆفان هەڵیدەکاتێ و گەمێ بەرەو نێوەڕاستی دەریا دەفڕێنێت. سەرنشنیان و دەریاوانانی داماویش توانای کۆنترۆڵی گەمیەکەیان نابێ و گەمێ بە دەم شـەپۆلانەوە بەرەو شـوێنی نادیار ڕادەدرێت. بە ماوەی هەشت ڕۆژان دژ بە تۆڤان سەرەسوونە دەکات و لە ئاکامی ڕاتڵەکانی توندی شـەپۆلاندا، ئەسـتوندەکی مەزنی تێک دەشـکێت. لە ماوەی ئەو هەشـت ڕۆژە سـەرگەردانییەدا، سـەرنشـینانی دامـاو، لە لایەکەوە لە ترسـی تێداچوون و لە بەرێکی ترەوە بە هۆی کەمبوونەوەی خورد و خۆراک، هێز و توانایەکیان تێدا نامێنێت و لە باری ڕوحیشـەوە ورەیان بە تەوای لە دەسـت دەچێت. هەر ئەو دەمەیەش کە بەلەمێک لە لای ئەوانەوە بەرەو ئێمە دەهـات، لە شـێوەی سـەوڵ لێدانەکەیان بۆمان دەرکەوت کە هیچ توانایەکی ئەوتۆیان دە جەسـتە دانەماوە کە بتوانن بەلەمی پێ ڕادەن. کاتێک کە گەیشـتنە لای ئێمە، بەنیوە گیـانی گەیشـتنێ. جێگری دووەمی کـاپیتـانی گەمی و شـەش دەریاوانەکانمان هەڵکێشانە سەر. ئێسقانەکانی سەر و دەست و شان و ملیـان زەق و زۆپ دەرپەڕێبوو و چاوەکـانیـان دە قووڵەوە چو بوون. من ئەوەندەی کە لە دەسـتم هات، بە دڵدانەوە و هومێد پێ بەخشـینیان خەمەکانیانم سووک کردنەوە.

بۆ گەڕانەوەی هێز و تاقەتێکی سەرەتایی، ئێمە شەش لەتکە گۆشتی گای زۆر گەورەمان بۆ لەتوپەت کردن و لە مەنجەڵی مەزن دا کۆڵاندمانن. ئەو دەمەی کە گوشت لە گەرمەی کوڵین دابوو، داماوانە دەیانەویست خۆ بە مەنجەڵ دابکەن و گۆشـتی نەکوڵیو لە ئاوی کوڵیو دەربکێشن و هەڵی لووشـن. من بەزەییم پێیان داهات و دڵم بۆیان گریا. دەمزانی بەم حاڵە بکەونە سـەر گۆشـت و بە پەلە ئاو دیوی بکەن، تووشـی دەرد و ئازاران دێن. بۆیە چووم و چەند بەستە نانەشکەم هێنا و بە ئاوی مەنجەڵ تەڕ و

برم کردەوە و بۆم دانان. هەر بڵێی یەک و دوو، نانی خووساویان قووت دا. من بەلایانەوە دانیشتم و بە قسەگێڕانەوە خافڵاندمن و سەبرم پێ گرتن.

لەوانەیە ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا قەت برسیایەتیان نەچەشتبێ، ئەگەر ئەم بەسەرهاتە بخوێننەوە، بەلایانەوە شتێکی سەیر بێ کە کەسێک لە برسان گۆشت لە دیزەی حەوت جۆش بفرێنێت. بەڵام وەکی دەڵێن زگی برسی ئیمانی نییە، لە دەریادا بەسەرهاتی لەم چەشنە زۆرە کە نموونەیان لە وشکانیدا بەدەگمەنە. هەر گەمییەکی کە بە سەر ئاو دا دەگەڕێت، دەبێ بە قەدرایە ماوەی سەفەر و زۆرتر لە ژمارەی سەرنشینانی گەمێ، ئاو و خواردەمەنی هەڵبگرێت. لە تەنگانان و ئەو کاتانەی کە گەمێ لێی دەقەومێ، ئەگەر گەمییەک هەڵکەوێ و دەستی ڕزگارکردنیان بۆ درێژ بکات، چونکە خۆیان ئەوەندەیان تێرەخۆرە لە گەمێ دانییە کە بەشی دوو گەمێیان بکات، ناتوانن خورد و خۆراکی دوو گەمێیان دابین بکەن و هەندە جارێک کێشەیان تێدەکەوێت و لێیان دەبێتە شەڕی مان و نەمان.

ئێمە ئەوەندەی کە لە توانامان دابوو، چاودێریی لێقەوماوەکانمان کرد. ئەوان داوایان لێکردین کە جێیان نەهێڵین و هەر دوو گەمێ بە پێکەوە سەفەر بکەن. گەمێی ئەوان، ئەستوندەگی مەزنی ، کە بەشی هەرە زۆری چارۆکە باگرەکانی پێوە بەندە، لە بنەوە هەڵقەندرا بوو. هەربۆیە ئەو خێراییەی نەبوو کە دەگەڵ گەمێی ئێمە دەربچێت و ئێمە بە هاوسەفەریان وەرگرین. دانیشتین و دوای وتووێژێکی زۆر، ئەو ڕێچارەمان پێ پێشنیار کردن کە وەستا کارەکانی ئێمە بۆ نەوژەنکردنەوەی گەمێی دەست بە کار بن و ئەستوندەکی چارۆکەگرەکەیان بۆ نەوژەن بکەنەوە. ئەوان ڕازی بوون و ئێمەیش کردمان. کاری خێری ئێمە سێ ڕۆژی وەپاش خستین. سەرەڕای کاری نەوژەن کردنەوە، بۆ خورد و خۆراکی لێقەوماوانیش بڕی شەش تەنەکە گۆشتی گا و یەک تەنەکە گۆشتی بەراز و چەند دەستەواری گەورەی وشکەنانە و چەند کیلۆ نۆکەسپیلکە و دوو فەردە ئاردمان دانێ. ئەوانیش لەبری ئەو گشتە خزمەت و یارمەتییەی ئێمە، سێ سەندووق قەند و چەندین شووشە شەڕابی رووم و کەمێک پارەیان پێداین و لێک هەڵبڕاین.

ڕۆژی دەهەمی ئاپریل، لە خولگەی 33,38پلەی جوگرافیاییدا بەرەو پێش دەچووین. من دەمزانی دوورگەکەی منیش هەر لە سەر خولگەی 33,38پلەی جوگرافیایی دایە. گەمیەکەمان بە نێوانی ڕیزە کۆمەڵە دوورگەیەکی ورد و درشت دا ڕێگەی دەبڕێ. ئەو ئاقارەی کە گەمیّ بۆی دەڕۆییشت، بەشی باشووری دوورگەکەی منی نەدەگرتەوە، هەربۆیەش شوێنی دوورگەکەم لێ بزر ببوو. گەمیەکەمان شەتاوی ئۆقیانۆسیی "ئۆرێنۆک"ی"Ore´noque"ی بڕی و لەوێوە بەرەو باشوور هەڵکشا.

ئەودەم، واتە ئەو ڕۆژەی کە یەکتەن و بێچارە و پەشۆکاوی دەستی تۆفان پێم نایە دوورگەکەمەوە، لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە کەوتمە سەر وشکانی و لە دەمی چوونە دەریشمدا هەر بەو ئاقار دا لێی دەرچووم. سەرەنجام لە کەنارەکانی باشووری دوورگەکەم چووینە پێش و لە نزیک ئاوکەندە بچووکەی جیرانی ماڵەکەمدا لەنگەرەکانمان دە ئاو هاویشتن و ئامادەی دابەزین ڕاوەستاین.

هەرکە دوورگەکەمان لێ وەدەرکەوت، بانگی هەینیم کرد و پێم گوت:

" هەینی! وەرە سەیری ئەم وشکانییە بکە و پێم بڵی بزانم ئێرە کوێیە؟"

هەینی زۆر بە وردی سەیری وشکانییەکەی کرد و لەپڕ بە ئەوپەڕی شادمانییەوە بە دەست و پێ کەوتە هەڵبە دابەز و گوتی:

" بەڵی... بەڵی دەزانم ... دەزانم ئێرە کوێیە... ئێرە هەر ئەو نیشتمانە ڕەنگینەی خۆمانە.

هەینی بە ئاماژەی دەست ماڵەکەمانی نیشان دەدام و بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ دەیگوت و دەیگوتەوە:" ماڵەکەمان!... ماڵ و حاڵە ڕەنگینەکەی خۆمانە!..."

هەینی بەچەشنێک گەشکەی بینینی دوورگە و ماڵ و دارستانەکەمان ببوو، کە دەیەویست خۆی بە ئاو دا بدات و بەر لە هەمووومان بگاتەوە ماڵ. بەڵام من ڕامگرت و ئەهوەنم کردەوە و لێم پرسی:

"هەینی تۆ بڵێی دوورگەکەمان کسی تێدا مابێت؟ بڵێی باوکت ببینینەوە؟"

هەینی بە بیستنی ناوی باوکی، لە هەڵپەرین و لاوژەچڕین کزی کرد و بێدەنگ و خەمگین ڕاوەستا. پەژارەی دیتنی باوک، هەر هێندە کاری کردە سەر هەینی، کە ئەسرین بەچاوی داگەڕا. گوتم:

" هەینی گریانت لە چییە! لە خۆشی بیبینی باوکت دەگری یان لە دیتنەوەی نیشتمانە جوانەکەمان؟"

هەینی بە ماتەمینەوە وەڵامی دامەوە:

"نەخێر ئاغا من ئیتر باوکم نابینمەوە.... قەت قەت!"

بە سەرسووڕماوی لێم پرسی:

"بۆ پێت وایە باوکت لە دوورگەکەماندا نەماوە؟.. تۆ لە کوێ دەزانی باوکت نابینینەوە؟!"

گوتی:

" باوکم نەماوە... ئەو دەمێکە مردووە... ئەودەم کە بەرەو نیشتمانەکەی خۆمانت ناردەوە، گیانی دەبەردا نەمابوو... زۆر پیر و بێ توانا ببوو..."

بۆ ئەوەیکە هەینی لەم حاڵ و هەوا خەمناکە بهێنمە دەرێ، لێم پرسی:

"ئەرێ بڵێی دەورگەکەمان کەسی تێدا مابێت؟!"

چاوەکانی هەینی گەلێک بەهێزتر لە چاوی من بوون. بە وردی سەیری دوورەدەستانی کرد و بە ئاماژەی دەست، سەر گردەکەی پشت ماڵانی نیشان دام و گوتی:

" بەڵێ من لە سەر گردەکەی بەرماڵانەوە حەشیمەتێک دەبینم.. تۆیش سەیری سەر ئەو تەپۆڵکە بکە و ببینە چەندەی خەڵک لێیە!"

من بە کاپیتانی گەمێم گوت کە ئاڵای ئینگلیس هەڵبدات، با دانیشتوانی دوورگەکە بە شەکانەوەی ئاڵای وڵاتەکەمان بگەشێنەوە. ئاڵامان هەڵدا و دوایەش دوو تۆپمان تەقاند. ئیستێک دواتر، لە دەور و بەری ئاوکەندەکە دوکەڵ هەستا. بە دەستووری من بەلەمیان بە ئاو دادا و ئاڵایەکی سپی، کە بە واتای ئاشتی و ئەهوەنی بێ، لە پێشەوەی بەلەمەکەماندا چەقاندمان. لە بەلەمەکەدا، من و هەینی و شانزدە چەکدار دانیشتین و بەرەو کەناران سەوڵمان لێدا. هەرکە لە وشکانی نزیک کەوتینەوە، یەکەم کەسی کە ناسیمەوە، هەر ئەو سپانیۆلیە بوو کە ئینسانخۆرەکان

بۆ خواردن هێنابوویانە دوورگە و ئێمە ئەستاندمانەوە. من بە هاوڕێیانی خۆم گوت کە هەتا ئەمن ئاماژەی هاتنە خوار ڕانەگەیەنم، کەس بۆی نییە دابەزێت. من خۆم بەر لە هەموویان لە بەلەم هاتمە خوار و دوای من هەینی. هەینی زۆر بە پڕتاو دابەزی و بۆ بینینی باوکی، دوو پێی تریشی خواستەوە و هەر بەچەشنی تیری لە کەوان دەرچوو، تیژ تێپەڕی. دیار بوو لە دوورەوە باوکی بینیوە بۆیە خۆی بۆ ڕانەگیراو بە هەڵەداوان بۆ باوکی چوو. بە باوکی شاد بۆوە و وەک گیانی شیرین یەکتریان گرتە باوەش. ڕامووسین و لاوانەوە و دەستەملان بوونی باوک و کوڕ، ئەوەندەی حەز و خۆزیا لێدەباری کە کاری کردە سەر بینەران و بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو پێک گەیشتنەوەیان کرد. دوای ماچ و دەستەملان بوونیان، لە سەر کۆتەرە دارێک و بەرامبەر بە یەکتر دانیشتن.

هاوڕێی سپانیۆلی، کە پێی وانەبوو جارێکی تر من دەبینێتەوە، سەرەتا نەیناسیمەوە. ئەو تەنیا نەبوو. هاوڕێیەکی دەگەڵ بوو کە ئاڵای نیشتمانی دوورگەکەی بەدەستەوە بوو. بۆمان هاتن و لێمان نزیک بوونەوە. من بە زمانی پورتەکالی سڵاوم لێکردن و هەرکە بە دەنگ ناسیمیەوە، وەک زمانی بەسترابێت، خێرا هات و ئامبازم بوو و دەباوەشی گرتم. بەر لە هەشتێک، لەویکە نەیناسیومەتەوەو سڵاوی نەخستۆتە پێش سڵاوی من، داوای لێبوردنی کرد. ئەمجار بە هاوڕێی پەنا باڵی گوت کە خێرا هەواڵی گەڕانەی من بە جەماوەر ڕابگەیەنێت.

من و هاوڕێی سپانیۆلی، بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی گوزەرانی کۆمەڵگاکە، بەرەو ماڵ بووینەوە.

من ئەگەر تەنیا و بێ چاوساخ بەرەو ماڵی جارانم گەڕابامەوە، پێم وایە ڕێم دەرنەدەکرد. لەو ماوەیەدا کە من دوورگەکەم جێ هێشتبوو، هەر ئەوەندەیان نەمام لە دەور و بەری ماڵەکەمدا ناشتبوو، کە دارستانێکی قەوغای پڕ داری ئەستووری لێ ساز ببوو. تەنانەت ڕێگاکەی جارانیان کوێر کردبۆوە و ڕێگایەکی تریان بۆ کێشابوو. هاوڕێی سپانیۆلیم هۆکاری ئەو ئاڵوگۆڕەی بۆ گێڕامەوە و گوتی:

"نازانم ئەو سەفەرەت لەبیر ماوە کە بۆخۆت بۆت تەرتیب داین؟! هەر ئەودەم کە من و باوکی هەینی لە سەر فەرمانی خۆت و بە

ڕێنموونییەکانت کارەکانمان جێ بەجێ کردو دەگەڵ هاوڕێیانی سپانیۆلی گەڕاینەوە، تۆ لە دوورگەدا نەمابووی . من دونیام لێ تاریک بوو. هەستی غەریبی و بێکەسـی دایگرتم. بۆ هەر لایەک دەڕۆیشـتم و سـەیری هەر شتێکم دەکرد، سیما و ڕەنگ و دەنگی تۆی تێدا بوو. بەڵام هەر بەو شەرت و قەرارەی کە دەگەڵ ئێمەت بەستبوو، دەمزانی شـەرتی خۆت فەرامۆش ناکەی و سەرەنجام سەردانمان دەکەیتەوە. هەربۆیە من و یارانم چاو لە ڕێی گەڕانەوەتدا بووین؛ دەمانزانی ئاخر سەر بە سەرمان دەکەیتەوە..."
لە قسان دابووین، کە ئەو دوانزدە سپانیۆلیانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی هۆزەکەی باوکی هەینی دا دەژیان و پێکەوە گەڕابوونەوە دوورگە، هاتن و دوای یەکتر ناسینمان ، هاوڕێی سپانیۆلیم گوتی:
"ئەم دوانزدە کەسە و منیشیان دەگەڵدا بم، ژیان و مانی خۆمان لە تۆ دەزانین . "
دەریاوانەکان یەکە یەکە هاتن و دوای بەخێرهێنانەوەم، بە چەشنێک ڕێزیان لێگرتم و وەها بە بیبینم شاد بوون و پەسنیان کردم، کە خۆم وەک قارەمانێک هەست پێدەکرد.

****

جەژنێکی شکۆداریان بۆ گرتم و هەر لەو جەژنەشدا هاوڕێ سپانیۆلیم دەگەڵم دانیشت و باسی بەسەرهاتی تاڵی ئاوارەبوونی خۆیانی بۆ کرد. بۆی گێڕامەوە و گوتی:
" هەر ئەو دەمەی کەوا گەمیەکەی ئێمەیش بە زەختی شەپۆلان نوقومی ژێرا ئاو بوو، بە تێداچوونی کاپیتانی گەمیێ و چەندێک لە یارانمان، من و ئەو چەند هاوڕێیەی کە لێرەدا دەیان بینی، خۆمان خستە نێو بەلەمێک و بە هەناسـەسـاردی پەنامان بۆ هۆزەکەی باوکی هەینی برد. هەر ئەودەمیش یارانی من لە نەبوونی کاپیتانی گەمێ و بۆ پاراستنی خۆمان، منیان بە جێگری کاپیتانی گەمێ دانا. هەتا ئەو دەمەی کە من کەوتمە بەردەستی ئینسانخۆرەکان و بۆ دوورگەکەی تۆیان ڕاگوازتم، ئەوان بە دڵ و بە گیان دەگەڵم بوون و لە قسـە و فەرمانم دەرنەدەچوون. بەڵام دوای

ئەوەیکە من و باوکی هەینی کەوتینە بەردەســـتی ئینســـانخۆرەکان و ڕایانگواستینە نیشتمانەکەی تۆ، هاوڕێیانم دەستیان لێ شوردبووم بەڵام مەیلیان نەنابووم و هەروا بە جێگری کاپیتان یادیان کردبووم. بەڵام کاتێک کە دەگەڵ باوکی هەینی گەڕاینەوە لایان و هەموو چیرۆکەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوان پێیان وابوو ئەوەی من دەیڵێم، هەڵبەســتەن و ئەســڵ و ئەساسیان نییە. بەڵام کاتێک کە تفەنگ و تفاق و کەرەسەی دەستی تۆم لە بەر دەم دانان و فەرمانی بانگهێشــتەکەی تۆیشــم بۆ خوێندنەوە، ئەودەم گەشــکەی خۆشـــی و شـــادمانی بوون و هەر گورجێک خۆیان بۆ ســـەفەر تێکنا. بۆ ئەنجامی ئەو ســـەفەرەش چووینە لای ســـەرۆکی ڕەش پێستەکانی ئەو دەوەرە و بە پەساوی ڕاوە ماسی، دوو لۆتکەی گەوەرەمان لێ خواستنەوە و هەر ئەو ڕۆژەش بەرەو نیشمانەکەی تۆ گەڕاینەوە. لە گەڕانەوەشـــماندا ئەگەرچی تۆ لە دوورگە دا نەمابووی، بەڵام بەپێی ڕاهێنانی خۆتان و بە گوێرەی ئەو دەستوور و نەزم و زاکوونەی کە خۆتان بەڕێوەتان بردبوو، لە سەرەتادا هەم ئێمە و هەمیش ئەو سێ ئینگیزییەی کە لە دوورگەدا مابوونەوە، بەگشـــتی کردمانە پێڕەوێکی یاســـایی و بە ڕێزەوە ملکەچی بووین. بەڵام هەر کە ئەو ســـێ ئینگلیزییەی کە بە تاوانبار ناســـرابوون، لێمان بوونە داســـی ڕمانە و هەدادانیان پی نەهێشتین. ماوەیەک خۆیان لە دارستان و مێشەڵانەکاندا حەشار دا و دوای بزر بوونیان، یەکجێ گەڕانەوە لامان و تێکەڵ بە ئێمە بوونەوە. بەڵام هەرچی نەزم و نیزامی هێژای کۆمەڵگاکەمان بوو، خستیانە ژێر پێ و لێیان شـــێواندین. چی پێ نەچوو ئەو ســـێ ئینگلیزییە دژ بە ئێمە ڕاوەستان و تەنگیان پی هەڵچنین. بە ڕۆژ ، لە ژێر سێبەراندا پاڵیان داوە و دەســـتیان لە ڕەش و ســـپی نەدا و کاری وەرزێری و کۆکردنەوەی بەرهەمیشـــیان پێ شـــوورەیی بوو. بەیانان بە ئارەزووی خۆیان لە خەو هەڵدەستان و بە بیانووی ڕاوە کیسەڵی دەریایی، خۆیان لێ بزر دەکردین. لە گەڕانەوەشدا ئەو خورد و خۆراکەی کە ئێمە سازمان کردبوو، دەمیان لێ نەدەدا و خۆیان چێشتی تایبەت بەخۆیان ساز دەکرد. ئێمە گەلێکمان ســـەبر کرد و زۆرمان ددان بە جەرگ داگرت و هیچمان پێ نەگوتن. بەرە بەرە ئەو کۆمارە بچووکەی کە بۆمان دامەزرا بوو، دەهات هەڵوەشـــێت و

لێمان تێک بچێت. ئەوان بە ئاشـکرا داوای دەسـەڵاتی ڕەبەقی سـێ کەسـەیان دەکردو دەیانەویست حاکمییەتی چەکمەڕەقانەمان بەسـەردا بسـەپێنن. دوو ئینگلیزییەکانی تریان هێدی و سـەربەڕێ بوون، بەڵام ئەوان تابوشتی ئەو ڕەوش و ڕەفتارەیان نەهێنا کە سێ هاووڵاتییەکانیان دەیانکرد. ئەوان دژ بە سـێیانی تر ڕاوەسـتان و لە بەشـی باکووری دوورگەدا ماڵیـان سـاز کرد و لێمان دوور کەوتنەوە. ئێمەش بنەتۆو و کەرەسەی کارمان پێدان و لە ئاستەنگ و زەحمەتەکانیشیاندا یاریکاریان بووین. ئەوان تێکۆشـان و توانیان لە سـەر پێی خۆیان ڕاوەسـتن و لە بەرهەمی ڕەنجی خۆیان بخۆن. بەڵام سـێ بەدەفەڕەکان زۆرجاران دەگژ ئەوانیش ڕۆدەهاتن و بەری دەرگایان لێگرتن و داوای باجیان لێکردن. ئەوان دوورگەکەیان بە ماڵ و ملکی خۆیان دەزانی و دەیانگوت کە هەر کەس لەم دوورگەیەدا ماڵ پێکەوە بنێ و زەوی بکێڵێ، دەبێ باجی سەرانە و ساڵیانەمان بداتێ. بەتایبەت بەدفەڕترینیان ئاتکین بوو. هەر ئەویش بوو کە چەند جاران بەنیازی ئاگرتێبەردانی ماڵ و مەزرای دوو ئینگلیزییەکان، شـاپلێتەی ئاگر بەدەسـتەوە بۆیان چوو بوو. بەڵام هاوڕێیانی سـپانیۆلی بە فریادیان گەیشـتبوون. ئەو سـێ بەدفەڕانە بەمەش نەهەندران و لە ئێمەیشـیان توند کرد. هەڕەشـەیان لێکردین و پێیان گوتین کە دوورگەکە هی ئەوانە و هەرکەس لە دوورگەدا هەناسـە بکێشێت، بە کۆیلەی ئەوان دەژمێردرێت؛ یان دەبێ باج بدات یان خۆی بۆ مردن ئامادە بکات.

ڕۆژێک ئاتکین هاتە لای ئێمە و فەرمانی دەرکرد کە دەبێ دوورگەکەیان بۆ چۆڵ بکەین و خۆمان بە بەحراوان دابکەین. ئەوان بە تفەنگەوە هاتبوون و خەیاڵی شەڕ و کوشتاریان لە مێشک دابوو. بەڵام سـپانیولییەکان بە یەک هێرش گەمارۆیان دان و چەکیان کردن. ئەو هێرش و چەککردنە وەک گورزێکی کوشندەی لێهات و کشی کردن. کەوتنە پاڕانەوە و داوای لێبوردن و چاوپۆشـیان لێکردین. تەنانەت گوتیان کە ئەگەر ئێمە لێیان ببوورێین، ئەوان ڕام و ئارام دەبن و مێشـیان لە بەر دەم هەڵنافڕێ. ئێمەیش بەو مەرجە لێیان خۆش بوون کە لە بەر دەرگای دوو ئینگلیزیەکانی دیکە مڵ دابخەن و داوای لێبوردنیان لێبکەن. ئەوان

ئەمەیان کرد، بەڵام ملیان بۆ کارکردن و گردەوکۆشیی شل نەکرد و ببڕای ببڕا بۆ لای ئیش و کار نەچوون کە نەچوون.

دوو مانگێک بە سەر ئەو هەرایەدا تێپەڕی و سپانیۆلییەکان وەک برا هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا کردن، تەنانەت تفەنگ و گوللـە و دەرمانیشیان پێدانەوە. بەڵام هەرکە چەکیان بە شـانی خۆیاندا بینی، ئەمجارەش ملهوڕ و کەڵەوەکێش تر لە جاران، شـووڵیان لێ هەڵکێشـاین و پلانی پیلانێکیان دارشت کە شێواندنی کۆمەڵگاکەی لە ژێر سەر دابوو. لەوان کەڵەوەکێشـی و لە ئێمەیش سـەبر و قنیات؛ ئاخرسـەر پلانەکەیان لێ ئاشـکرا بوو و ئێمەیش پەلامارمان دان و چەکمان کردن. کۆبوونەوەی لێکۆڵینەوەمان بۆ گرتن و تاوانەکانمان بۆ هەژماردن و بە نیازی سزادانیان هەڵوێستمان گرت، کە دیسان کەوتنەوە پاڕانەوە، تەنانەت بە فینگە فینگی گریانەوە بەڵێنیان دا کە ئەوە ئاخرین چەوتیکاری و شـێواندنیان دەبێت. سـوێندیان خوارد و بەڵێنیان پێداین کە هەر وەک بەرخۆڵەی دەستەمۆ، چاوەڕانی فیکەی شوان دەبن.

هەر لەو سەرو بەندەدا، شەوێک لە خەو دا من خەونێکم بینیّ کە دوو هێزی دژ بەیەک لە بەرامبەری یەکدا مەتەرێزیان گرتووە و هەڕەشەنامە بۆ یەکتر دەنێرن. لەو خەوە پەرێشانەم ڕادەپەڕیم و بە نیازی ڕزگار بوون لەو کابووسە ترسناکە، لە پێخەفدان هاتمەدەر و بۆ سەرو گوێ ئاودانێک ڕووم کردە دەرێ. لە ڕۆیشـتنمدا گێژی خەیاڵات بووم و نەمزانی بەدەنگی خشـپەی پێم، یەکێک لە هاوڕێیانی خۆم خەبەر کردۆتەوە. ئەو هاوڕێیە شـوێنی هەڵگرتبووم و بۆ سـەر و گوێ ئاودانێک بە شـوێنم دا هاتبوو. لە دەرەوەی ماڵان هاتە لام و هۆکاری هاتنە دەرمی پرسـی. من خەریکی خەون گێڕانەوە بووم و بەدەم قسـەکردن بە دوڵدا هەڵکشـاین بە تەپکی بەرماڵاندا هەوراز چووین. کاتێک کە گەیشـتینە سـەر ترۆپکی گردەکە، ئاگرێکمان بینی کە ئینسـانخۆرەکان بە دەوریدا سـەمایان دەکرد. من و هاوڕێم بە بینینی ئەو دیمەنە، دوو ڕێگەمان لە بەر دەمدا بوو؛ یان خۆمان حەشـار بدەین و بەرەو ماڵ بببینەوە، یان بوێرانە دایانگژێنیّ و تاقیان لێ ببڕین.

بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئاریشەیە، من خۆم ساغ کردەوە. هاوڕێم بە شوێن یاراندا ڕەوانە کرد و خۆم بۆسەگیر ڕاوەستام. چی پێ نەچوو یارانمان گەیشتنێ و بۆ ڕاو دابەشین و هێرش بردن، داگەڕاینە خوارێ. هەرکە دوور و نزیکیان بووینەوە، دیتمان ئەوە لە سێ شوێنی دوور لەیەکتر دا ئاگریان کردۆتەوەو ئینسانخۆرەکان لە هەر سێ شوێنەکاندا خەریکی سەماکردن بوون. بەبینینی سێ جێگا ئاگری دوور لەیەک، پلانی هێرشەکەمان تێک چوو. ئێمە لە خوار گرد و ئینگلیزییەکانیش لە سەر گردەوە، وەک سەیرکەر ڕاوەستاین.

لەپڕ ئینسانخۆرەکان وەک پیاسەکردن تێکەڵی یەکتر بوون و بێڕەو بەوێدا بڵاو بوونەوە. من ترسی ئەوەم لە دڵ نیشت کە نەکا بەرەو دانگەی بزنەگەلان بچن و بە داگیر کردنیان کانگای بژیومان لە دەست بستێنن. من، بۆ ڕاگوێزانی بزنەکان، دوو سپانیایی و سێ ئینگلیسم کردە بەرپرس کە بزنەکان بەرەو دۆڵی مەزن ڕاگوێزن و ئەگەر بۆیان بکرێ بۆ دانگەی ئەشکەوتی پیرەبزنانیان بەرن. ئەمجار یارانم کۆ کردەوە و پێم گوتن کە دەبێ چاوەڕوانی کۆ بوونەوەی ئینسانخۆرەکان بکەین و بزانین بە چ مەبەستێک هاتوونەتە دوورگە و بۆچی لە سێ شوێناندا ئاگریان کردۆتەوە. بۆ سەر و گوێ ئاودان و دەرخستنی هۆکارەکان،باوکی هەینیم کردە تەتەری ئەو کارە. باوکی هەینی لە تاریکایی نیوەی شەو دا زۆر بوێرانە و زانایانە خۆی گەیاندە تاقمی ئینسانخۆرەکان و بەماوەی دوو کاتژمێران، هەموو شتێکی لێدەرکێشان و گەڕایەوە لامان. بۆمان دەرکەوت کە ئەو سێ قۆڵە ئینسانخۆرانە ، لە دوو هۆزی دژ بەیەکن و لە ئاکامی شەڕی دژ بەیەکتر دا، هەر هۆزەی چەند یەخسیریان لەوی تر گرتووە و بۆ جەژنی سەرکەوتن و خواردنی دیلەکان، هاتوونەتە شوێنی هەمیشەیی و ڕێوڕەسمی خۆیان بەڕێوە دەبەن. باوکی هەینی گوتی کە ڕێوڕەسمی ئینسانخواردنیان درێژە دەکێشێت و بە دووریش نییە کە بەری بەیانیدا لێیان ببێتە شەڕ. باوکی هەینی ئەمەشی بۆ دەرکەوتبوو کە ئینسانخۆرەکان بۆیە ئەم دوورگەیان بۆ ڕێوڕەسم و دیل برژاندن هەڵبژاردووە، کە پێیان وایە دوورگەکە چۆلگەیەکی ڕەبەقە و کەسی تێدا

ناژی. ئەو گوتەنی کە ئینسـانخۆرەکان قەت لە دوورگەیەک دانابەزن کە بەشە گۆشتیان لێ بستێندرێت.

ئێمە دانیشـتین و چاوەڕێی داهاتوومان کرد. هێشـتا بەتەواوی وڵات ڕووناک نەببوو، کە هاتوهاوارەکەیان بە وڵات داگەڕا. دوو بەرەی دوژمن لێک ڕاسـان و شـەڕ دەسـتی پێکرد. باوکی هەینی داوای لێکردم کە هێمنایەتیی خۆمان بپارێزین و چاوەڕێی کۆتایی شەڕ ڕابوەستین. باوکی هەینی دڵنیای کردینەوە کە ئەمە ڕەسمی خۆیانە و دوای پێک هەڵپڕژان و و ڕژتنی قین و تووڕەیی، لایەنی دۆڕا چرکەیەک ڕاناوەستێ و بەرو ماڵ ڕادەکا.

باوکی هەینی خۆی یەکێک لە کەسـانی هۆزێک بووە و سـەردەمانێک هەر ئەم بەرنامانەیان بەڕێوە بردبوو. قسەکانی تەواو ڕاست دەرچوون، بەڵام هاوڕێیانی ئینگیزی گوێیان نەدا ئەم چیرۆکە و لە تاریکیی شـەودا خۆیان کێشـایە نزیکترین شـوێنی ئاپۆرای ئینسـانخۆرەکان و هەر لەوێ خۆیان حەشـار دا. خۆ حەشـاردانیان هەمان و دەسپێکردنی شـەڕی دوو بەرەی دوژمنیش هەمان. شەڕی دەستەویەخە هەتا ئەوەدەمە درێژەی کێشا کە بەرەیەکیان بەزی و بە قونەدزە بەرەو دارسـتانەکان ڕایان کرد. پاشەکشێ و بڵاو بوونەوەی بەرەی بەزیو، ئەم مەترسییەشی بە دواوە بوو کە سەرکەوتووەکان ڕاویان بنێن و بەم تەرتیبە هێزی ئینسانخۆرەکان بە سەرتانسەری دوورگەکەدا بڵاو ببنەوە.

هێزی چەکداری دوورگە بۆ نەهێشـتنی تەشـەنای هێزی بەزیو، لە دانیشـتنێکی کورتی چارەسـازدا پلانێکی کوتوپڕماندا، بڕیارمان دا لە تفەنگمان کەڵک وەرنەگرین و هەر بە شمشێر و قونە تفەنگ و دار و تێڵا بەری بڵاو بونەوەی هێزی بەزیو بگرین. ئەم بڕیـارەش تەنیـا بۆ ئەمە دەکار کرا کە ئینسانخۆرە سەرکەوتووکان هەست بە بوونی ئێمە نەکەن.

ئێمە لە کەلێندا بۆسـەمان داناوە و چاوەڕوانی هاتنی هێزی بەزیومان کرد. سـێ کەس لە هێزی بەزیو بە دەوری کەنداوەکەدا دەوریان لێداوە و یەکڕاست بەرەو ئێمە هاتن. ئینسانخۆرە بەزیوەکان ڕێگای بەر ماڵانیان گرتە بەر و هەر ئەدەم من فەرمانی هێرش و پەلامارم ڕاگەیاند. لە یەکەم تێهەڵچوندا، سێ ئینسانخۆرمان بە بێ شەڕ دەستبەسەر کران. پۆلێک لە

بەزیوەکان بایان داوە و خۆیان گەیاندە لۆتکەکانیان و بە سەوڵ لێدان بەرەو وڵاتی خۆیان تێیان تەقاند. ڕاکردنی ئەو تاقمە بە واتای کۆتایی بەرنامەکەیان بوو. ئینسانخۆرە سەرکەوتووەکان دیسان بەزمیان گێڕا و حینـدرحۆیـان کرد. دوای جەژن و هەڵپەڕکێ، ئەوانیش دوای نیوەڕۆیە دوورگەیان جێ هێشت و ڕۆیشتن.

ئینسانخۆرەکان ڕۆیشتن و ئێمەیش لە مەتەرێزان هاتینە دەر و بۆ سەیر و بینینی گۆڕەپانی شەڕ، بەرەو ژێر داگەڕاین. لە گۆڕەپانی شەڕ دا سێ کوژراویان جێ هێشتبوو. شایانی گوتنە کە ئینسانخۆرەکان لە کۆتایی شەڕ دا بریندارەکان جێ ناهێڵن و دەگەڵ خۆیانیانی دەبەنەوە. جگە لە سێ کوژراوەکان، چەند شمشێری سەختەدار و ڕمبی تیژ و پەیکان و گۆپاڵی قورسیان لێ جێمابوون. چەکەکانیان لە دارەکەوت ساز کرابوون و ئەوەندە قورس بوون، کە بۆ هەڵسووران و لێدان و کوتانی نەیاران، شان و باهۆیەکی گەلێک بەهێزی گەرەک بوو.

ئەو شەڕ و خوێن ڕژتنانە ئەگەرچی ناشیرین و بە دوور لە جوانمێری بوو، بەڵام یەک شتی باشی بۆ ئێمە تێدابوو. لایەنی باشی ئەو هێرشە ئەمە بوو کە سێ ئینگلیزییە بەدفەڕەکان ترسیان وەبەر کەوت و ئارامیان گرت. ئەوان بۆ ماوەیەکی کورت هاتنەوە لامان و دەگەڵ کۆمەڵگاکەمان پێیان ڕاکێشا و لە کاری وەرزێری و ئاژەڵداری و لە ئاوەدانکردنەوەشدا بوون بە یاریکارمان. بەڵام بەداخەوە ئەو هاریکاری و چالاکییە زۆر دەوامدار و بەروبوو درێژ نەبوو..."

ئەم چیرۆکەی کە لە زمانی فەرماندەی دوورگەوە بە گوێم گەییشت، لە لایەکەوە لەو سێ ئینگلیزیە بەدەفەڕە گرژ و توورە بووم و لە بەرێکی ترەوە، ئەو بەسەرهاتە تاڵەی کە بە سەر کۆمەڵگاکەماندا هاتبوو، خەمباری کردم. لە ناخی گێڕانەوەی کارەساتەکاندا من لەمە تێگەیشتم کە سپانیۆلییەکان لە چنگ ئینگلیسییەکان هەر ئەوندە وەزاڵە هاتبوون، کە بەنیاز بوون جێگای ژیانیان بگۆڕن و بۆ ئەودیوی دوورگە کۆچبار تێک بنێن. بەڵام دوای دانیشتن و لێکدانەوەیەکی هەمەبابەتی، لە بڕیارەکەیان پاشگەز دەبنەوە. پاشگەز بوونەوەیشیان بەو قەول و قەرار و

بەڵینانەی منەوە گرێ درابوو، کە من دەگەڕێمەوە لایان ئەوان نابێ جێگا بگۆڕن. لەم بارەوشەوە خۆیان گوتیان:

"... ئێمە دەمانزانی بەڵینەکانت بە کردەوەن و بە دەستتی پڕەوە سەردانمان دەکەیتەوە، بۆیە بڕیاری خۆمان شکاند و کەنار دەریامان بەر نەدا. شوێنمان چۆل کردبایە و ماڵ و حاڵمان تێک دابایە ، لە هاتنەوەتاندا بە سەر ماڵی خاپوور و دوورگەی چۆلکراو دا دەکەوتی. ئەودەم نە چاوی ئێمە بە دیداری تۆ گەش دەبۆوە و نە کەمدەستتی و هەژاریشمان بەم گشتە خێر و بەرەکەتەی تۆ خەنی دەبوو. بەڵام بۆ پاراستتنی زیندەوارەکان، شوویێنی دانگەی بزنەکانمان ڕاگواستن و لە نزیک ئەشکەوتی پیرەبزنێدا دۆڵێکی زەمەندی پڕ گژ و گیامان بۆ ئاودان کردنەوە. هەر لەوێ، چەند دانگە و مۆڵگەی گەورەمان بۆ ساز کردن و ئاژەڵداریمان پەرە پێدا . لە کاری وەرزێری و باغداری و ڕەجاباهێنای دەغل و دانەوێڵە و وشکبارانیشدا هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوتمان کردووە، کە خۆت پایەڕێژی بووی. ئێمەیش هەر وەک خۆت هەمیشە نیوەی دەغڵمان پێوە کردووە و نیوەمان ڕاگرتووە. لە کاری ناشتتنی دار و درەخت و پەرەپێدانی باخچە و باخاتیشدا هەر پێمان لە جێی پێی تۆ داناوە؛ لە ڕاستیدا ئەگەرچی خۆت بە جەستە لە نێوماندا نەبووی، بەڵام شێوەی ڕاهێنانی هێژانایەی خۆت هەر دەگەڵماندا ژیاوە. هەر تەنیا کارێکی کە خۆمان بە مەیل و ئارەزووی خۆمان کردوومانە، ئەم دارستانەیە کە هەتا قەدی ئەو گردانەی داگرتووە."

*****

ئەوەی کە ئەوان گوتیان و ئەمن گوێگر و بیسەری بووم، بە تێکڕایی ئەمەی لێ دەخوێندرایەوە، کە دوای ڕۆیشتتنی من و جێ هێشتتنی نیشتمانەکەم ، دوورگەنشینان بە ماوەی دوو ساڵان بەبێ هیچ ڕووداوێکی تاڵ ، دەست لە ناو دەست و یەک گرتوو، خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوون. ئینسانخۆرەکانیش لەو ماوەیەدا بەرەو دوورگە نەهاتبوونەوە. ئەو چەند کۆیلانەی کە لە شەڕی دژ بە ئینسانخۆرەکانیشیان بەردەست کرابوون،

بەرە بەرە وەک ئەندامانی کۆمەڵگاکەیان لێهاتبوو. ئەوانیش لە کار و چالاکی و لە پاراستنی دەسکەوتەکانیاندا چەشنی سەربازانی گیانفیدا تێکۆشا بوون. بەڵام دوای تێپەڕینی دووساڵێک، ئاژاوەیان تێدەکەوێت و سەری ناسازی و گێرمە و کێشە، کۆمەڵگاکە لە یەک بڵاو دەکات.

بۆیان گێرامەوە:"... ڕۆژێک سەرجەمی دانیشتوانی دوورگە لە سەر مەزراکاندا خەریکی کاری وەرزێری دەبن، کە یەکێک لە ئینگلیزییەکان بە دار و تێڵا هێرش دەکاتە سەر ڕەش پێستێک و بە زەربی داردەست لاباڵێکی بریندار دەکات. هاونیشتمانییەکی ئیسپانیۆلی، وەک بژیوکارێک غاری دەداتێ و بە سەریدا دێتەوە و تێی ڕادەخوڕی و پێی دەڵێ کە ئەمە کاری ئینسانی نییە دەیکات. ئینگلیزییەکەش بە هەڕەشە پیی دەڵێ کە لە بری کۆیلەکە ئەو دەگۆڕێت. بەڵام سپانیۆلیەکە بە پشتەبێڵێکی زەوی هەڵگێرانەوە دەیکوتێت و دەیخاتە سەر زەوی. ئەمجار یەکێک لە ئینگلیسییەکان هێرش دەباتە سەر سپانیۆلیەکە و کێشەکە گەورەتر دەکات. دوو سپانیۆلی دێنە نێو شەڕەکە و لەو بەریشەوە ئینگلیزییەکی شمشێر بە دەست دێت و دوو سپانیۆلییەکان زامدار دەکات. ئینگلیزییەکان بە شمشێرەوە و سپانیۆلییەکان بە ئامیری کاری وەرزێری دژ بە یەکتر ڕادەوستن. خەبەر بە سپانیۆلییەکانی دیکە دەگاتەوە و ئەوانیش دێن. ئەوان بۆ ئەوەیکە کێشەکە گەورە نەبێتەوە، خێرا سێ ئینگلیزیەکان دەگرن و دەیانخەنە بەندیخانێ. فەمانداری دوورگە لە ئینگلیسیەکان تووڕە دەبێ و بە هەڕەشە پێیان دەڵێ:"ئەگەر ئێوەی تاوانکار هاووڵاتیی خۆم بووانایە، بێ شک فەرمانی لە سێدارەدانم بۆ دەردەکردن، بەڵام بە حورمەتی فەرمانداری بە ڕەچەڵەک ئینگلیزی دوورگەکە، من لە تاوانتان دەبوورم، بەڵام نازانم دانیشتوانی دوورگەکە لە ڕۆژی دادگایی کردنتاندا چ حوکمێکتان بە سەردا دەسەپێنن!"

لە دانیشتنێکی تێکڕایی و سەر خوێندنەوەی تاوانکاران، تەنیا بۆ چاوترسێن کردنی خەتاکاران، چەند کەسێک حوکم دەدەن کە بگێڕی سەرەکیی هەموو گێرمە و کێشەکان دەبێ لە دار بدرێن. بەڵام ڕای گشتی دژ بە کوژتنی تاوانکاران ڕادەوەستێت و بە تێکڕایی دەنگ دەدەن کە سەرجەمی تاوانکاران دەبێ دەستیان لە هەر چەشنە چەکێک کورت

بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوە، کۆمەڵگاکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەر چەشنە هامۆشۆیەکیان لێ پاوان بکات. هەر لەو کۆبوونەیشیاندا ئەو خاڵە پەسند دەکەن کە هەر کەس بچوکترین زیان بە بەرو بوومی چێندراو و بە زیندەواری دوورگە بگەیەنێت، وەک جانەوەرێکی زیاندەر مامەڵەی دەگەڵدا دەکرێت و حوکمی فەوتانی بۆ دەردەچێت .

فەرمانداری دوورگەکە بە حوکمی ویژدانی مرۆڤایەتی، داوا لە دانیشتووان دەکات کە کۆمەڵگا دەرگای یەکجارەکی لە سەر تاوانباران دانەخات و لە باری خورد و خۆراکەوە ئاوڕدانەوەیەکی خێرخوازانەی هەبێت. کۆمەڵگا قسەی فەرمانداری دوورگە ناشکێنێت و بە حوکمی مرۆڤایەتی، لە زمهەر و زیندەورەوە بیگرە هەتا دانەوێڵە و بنە توو و ئارد، هەروەها شەش بزن و چوار نێری و شەش کارەبزنیان پێدەدەن، بەڵام دەرگای چاوەدێری تریان لە سەر دادەخەن. خەتاکاران ناچار دەبن لە چاندن و ناشتن و داشتنی دانەوێڵە و لە پەروار کردنی بزنەگەڵ، خۆیان ئاگاداری نەزمی دەسکەوت و دەرچوونی خورد و خۆراکی خۆیان بن. لە جیابوونەوەشیاندا، بەو مەرجە کە ئەگەر مرۆڤی سەربەڕێ و دوور لە شەڕ بن، کەرەسەی کاری چاندن و داشتن و هەڵگرتنەوەی خۆیانیان پێدەدەن و بەردەوامیش چاویان بە سەریانەوە دەبێت. بەم تەرتیبە، کۆمەڵگای بچووکی دوورگەکەم، بۆ ماوەیەک تووشی لەتبوون دەبێت. تاوانکاران ماڵ بار دەکەن و لە شوێنێکی دوورەدەستی ڕوو بە دەریا ، دوو ژوورۆچکە ساز دەکەن و تێیدا دەژین. دوای نۆ مانگ جیابوونەوە، دیسانەکە کارنەکەری و بزۆزی و شەڕفرۆشی تێیاندا چەکەرە دەکاتەوە و خۆیان بۆ پیلانێکی هەر هێندە دزێو تێک دەنێن، کە ئەگەری تێداچونی کۆمەڵگاکەی بە دمەوە دەبێت.

ئەوان لە ئەوپەڕی پەرپووتیدا، خۆیان بە ڕەگەزێکی فرەتایبەت دەناسێنن و پەیام بۆ کۆمەڵگاکە دەنێرن و ڕادەگەیەنن کە لەمەودوا ئەوان پاڵ دەکەون و کۆمەڵگە دەبێ تەڕ و وشکیان بکاتەوە. پلانی سەفەر بۆ دوورگەکانی دوور دەست دادەڕێژن و بۆ بەردەست کردنی دیلی ڕەش پێست و هێنانەوەیان بۆ کاری بێگاری، خۆ تێک دەنێن. لە پلانەکەیاندا ئەگەرچی هیچ لێکدانەوە و حیسابگری و هەڵسەنگاندێکی ژیرانەی تێدا

نـابێت، بەڵام بە هەموو نەپوختەیی و گەللایی بوونیشـــیانـدا، زۆڵانە بەڕێوە دەبەن و تێیدا سەرکەوتووش دەبن. بۆ بەڕێوە بردنی پیلانەکەیان، هەر سێکیان لە ژێر پەردەی ساختەچێتیدا سـەردانی کۆمەڵگای دوورگە دەکەن و دەڵێن: "ئێمەی سێ کەسی لە ئەو پەڕی هەژاری و بێ دەرەتانیدا دەژین و ژیانمان پێ بەڕێوە ناچێت. ئێمە هاتووینەتە ســـەر ئەم بڕیارە کە لەم دوورگەیە کۆچ بکەین و پەنا بۆ دوورگەکانی دیکە بەرین. بەڵام بۆ ئەو ســـەفەرە لۆتکەیەک و چەند تفەنگ و گولەی دەرمانی تفەنگ و تفاق و خورد و خۆراکی ڕێگامان پێویستە و دەبێ بمان دەنێ".

پێشنیارەکەیان لە لایەن سپانیۆلییەکانەوە بە ئەرێنی وەردەگیرێت. دوو تفەنگ و دەمانچەیەک وگوللـــە و دەرمان، هەروەها شمشێرێک و سێ تەوری داربڕین و خورد و خۆراکی مـانگێکیـان پێـدەدەن. لە ڕۆژی بەڕێکردنیشیاندا دەچنە سەردانیان. سێ ئینگلیزییەکان سەر بە خەیاڵی سەوداگەرانەیان سوار دەبن و بەرەو وشکانیەکانی دوورەدەست، سەوڵان لێدەدەن و دەڕۆن. ڕۆیشـتی ئەوان، دوورگەنشـینان دڵنیا دەکات کە ئیتر نیشتمانەکەیان لە چەوتی پاک بۆتەوە و برایەتی باڵی بەسەردا کێشاون. کۆمەڵگا بە هومێدی ئارام بوونەوەی نیشـــتمان، جەژن دەگرن و ئاهەنگ دەگێڕن. بەڵام هێشتا بیست ڕۆژێک لە ڕۆیشتنی ناپاکان تێناپەڕێت، کە ڕۆژێک لە دەمی کاری وەرزێریدا، یەکێک لە ئینگلیســـییەکان لە دوورەوە سـێ تفەنگ بەشـان دەبینێ و سـەری سوور دەمێنێ. لە ترسـان کار جێ دەهێڵێ و خەبەر بۆ فەرمـانـدەی دوورگە دەبـات. فەرمـانـدە هەموو کەسـەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە و سـەرە ڕێیان لێدەگرن و لێیان دەخەفتێن. ســێ کەســەکان نزیک دەبنەوە و هەرکە دەناســرێنەوە، دوورگەنشــینان بۆیان دەچن و پرسیار بارانیان دەکەن. ئەوان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن:

" بە ماوەی دوو ڕۆژان، مەودای نێوان ئێرە و ئەوێمان بڕێ و گەیشتینە دوورگەیەک؛ ویستمان دابەزین، بەڵام لەپڕ هێرشـی ڕەش پێستەکانمان کرایە سـەر و تیریان بۆ هاویشتین و ڕۆخی دەریایان لێ گرتین. ئێمەیش ترساین و بەرەو شوێنێکی دیکە ڕۆیشتین. لە کەنارەی وشکانییەکدا لامان دا، بەڵام وشـــکانییەکی ڕووتی بێ دار و درەخت بوو. جووڵەوەری تێدا بەدی نەدەکرا. لە ڕووی ناچاری لەوێوە بەرەو کۆمەڵە دوورگەیەکی دیکە

سـەوڵمان لێدا و لەم دوورگەیە بۆ ئەوی تر چووین و ئاخرسەر لەلای ڕۆژئاوای کۆمەڵە دوورگەکانەوە، دوورگەیەکمان هەڵبژارد و بۆی چووین. ئەو دوورگەیە سـەرزەمینی ڕەش پێستە ئینسانخۆرەکان بوو. سـەرەتا پێمان وابوو ئێمە بە دەستی خۆمان، خۆمان کردۆتە پارووی دەمی ئینسانخۆرەکان و هاکا هێرشیان بۆ هێناین و ڕووتیان کردینەوە و خواردیانین. بەڵام وانەبوو. ئەوان تێیان گەیاندین کە لە شـەڕێکی گەورەی خێڵەکاندا، ئەوان ئەوەندەیان دیل گرتووە کە لە گۆشتخواردن بێزراون. بە پەنجە ئامارەیان بە مانگ کرد و تێیان گەیاندین کە لە دوو مانگ پێشترەوە، دەمیان دە گۆشتخواردن دایە و چەلێ وازی خواردنی ئێمەیان نییە. ئەوان بە ئامارەی دەست ماڵی سەرۆک عێلەکەیان نیشان داین و گوتیان کە نزیک بە دووسەت دیلی دابەستە لە حەوشەی ماڵی سەرۆکدا وەک پەروار بەخێو دەکرێن و بۆ داهاتوویەکی دووریش بەشە گۆشتمان لێ نابڕێ. ئێمە ویستمان چاومان بە دیلەکانیان بکەوێت و بزانین حاڵ و گوزەرانی دیلەکان چۆنە، ئەوان پێیان وابوو کە ئێمەیش بەشە گۆشتمان لێیان دەوێ، کە گورجێک و هەر بڵێی یەک و دو، پێنج ژن و سێ پیاویان بۆ هێناین. ئێمە لەم دەست بڵاوی و تەخشان پەخشانەی ئەوان سەرمان سەتحی ما. هەر دەتگوت خاوەنی مەڕ و ماڵاتن و، بزن و کاریلان دەبەشنەوە. هەشت دیل بۆ ئێمە یەکجار زۆر بوو، بەڵام نەدەکرا دەستی بەخشینی ئەوان بەرپەرچ بدەینەوە، هەربۆیە لە بری ئەو پێشکەشکارییەدا، ئێمەیش تەورێکی دار بڕین و کۆنە کلیلێک و چەقۆیەک و شەش گوللەی تفەنگمان دانێ. ڕەش پێستەکان خەڵاتەکانی ئێمەیان وەرگرت و بەبێ ئەوەیکە بزانن چین و بۆ چ کارێک دەبن، لە خۆشییان بە دەست و پێ سەمایان کرد. ئەوان دیلە دەست بەستراوەکانیان بۆ هێنابینە نێو بەلەم و خۆیان ڕۆیشتن. بە ڕۆیشتنی ئەوان، ئێمەیش دەست و پەلی دیلەکانمان کردنەوە. دیلەکان، هەتا دەست و پەل بەستراو بوون، ئارام و بێدەنگ بوون. بەڵام هەرکە بەندی دەستەکانیانمان کردنەوە، بە تێکڕا هاواریان لێ بەرز بۆوە؛ تۆ مەڵێ لە ڕێوڕەسمی ئەواندا هەرکە دەست و پەلی دیل کرایەوە، بە واتای کوژتن و خواردنیانە. دیلەکان پێیان وابوو ئەوە ئاخر هەناسەیانە و دەبێ بە هاتو هاوارەوە ماڵاوایی لە ژیان بکەن.

ئێمە بە ئاماژەی دەست و سەر، دڵنیامان کردنەوە کە گیانیان لە مەترسی دانییە .

دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، ئینگلیزیەکان لە بێ خورد و خۆراکی خۆیان سکاڵا و داوای یاریکاری دەکەن. هەر ئەودەم، فەرمانداری دوورگە بۆ دەرخستنی درۆ و ڕاستی، دەگەڵ هەموو یارانی هەڵدەستن و دەچنە دیدەنیی دیلەکان. کە دەگەنە وێندەرێ، هەشت دیلی چارەڕەشی دەست و پێ بەستراو دەبینن کە تخێڵی ژوورەکە ببوون. بە گوتەی ئینگلیزییەکان، هۆکاری دەست و پێ بەستراویی دیلەکان لە ترسی ئەوە بوو ە، کە نەکا دیلەکان هەل بە دەفەت بزانن و خۆ بە بەلەمان دابدەن و لە چنگیان دەربچن.

لە نێو دیلەکاندا، سێ پیاوی سی ـ هەتا سی و پێنج ساڵەی زۆر بەتین و تاقەت، دوو ژنی سی ساڵە و دووی بیست و پێنج ساڵانی و کیژۆڵەیەکی شانزدە ساڵانەی تێدا بوون. دیلەکان زۆر هەنا سەسارد و شەمزاو دەبینن و فەرماندەی دوورگە داوا لە باوکی هەینی دەکات کە پێیان بڵێ لێرە گیانیان پارێزراوە و دەتوانن چاوەڕێی ژیانێکی ئارام بن. باوکی هەینیش گوتەی فەرمانداریان بۆ وەردەگێڕێتەوە، بەڵام دەردەکەوێ کە تەنیا یەکێک لە ژنەکان هاوزمانی ئەو دەبێت و ئەوانی دیکە لێی تێناگەن. ژنەش بۆ ئەوانی دیکە دەبێتە وەرگێڕ و قسەی فەرمانداریان بۆ دەگێڕێتەوە. سەرجەم دیلەکان بەو مزگێنییە دڵیان دەکرێتەوە و هەر یەک بە چەشنێک شادمانیی خۆی دەنوێنێت. باوکی هەینی لە زمانی فەرماندارەوە لێیان دەپرسێت، ئاخۆ کەسێک هەیە لە ئێوە کە ڕزگاریکەرەکەی لالووت بێ و حەز نەکا بەندەوار و خزمەتگوزاری ئەو بێت؟ ئەوان لە وەرا مدا بە هەڵپەڕکێ و چەپڵەسەمای خۆیان وەرامی ڕەزامەندی و شادمانیی خۆیان نیشان دەدەن و خاکی بەر دەرگای ژوورەکە ماچ دەکەن.

ئینگلیزییەکان بە یاریکاریی ئەندامانی گۆمەڵگای دوورگەکە و بە کارلێکێشانی کۆیلەکانیان، لە ماوەیەکی کەمدا پێنج ژووران ساز دەکەن. ئەوان، بە ئانقەست و بۆ دووربوونەوە لە سپانیۆلەکان، لە بەشی ئەودیوی دوورگە دا ماڵ و مەزرا ئاوەدان دەکەنەوە.

ماڵ و مەزراکەی من، سپانیۆلەکان و باوکی هەینی دەبنە خاوەندار، مدوو ئینگلیزییەکەی دیکەش نزیک بە ماڵ و مەزرای سپانیۆلەکان مەزرا و ماڵ و دانگەی پەروارکردنی بزنەگەل پێکەوە دەنێن. بەمجۆرە لە دوورگەی بچکۆلانەکەی مندا، سێ کمۆنی بچووک ساز دەکرێت، بەڵام ناوی من لە سەرووی هەموو سەراندا دەبێت و هەر بە خێر و خۆشی یادی من دەکەن.

لە ئینگلیزییەکان، دوویانیان هێدی و هێمن و خۆش ڕەوشت و خۆش ڕەفتار دەبن. ماڵ و مەزرا و باخ و دانگەی بزنەکانیان بەرمێن و خۆش بەرهەم و دارستانەکانیان بەژن ڕاست و بێ گرێ و گۆڵ دەبن؛ ئەمانە هەمووی ئاماژەیەکی ڕاست و ڕەوانی خوو و خدەی خاوەنەکانەکانیان دەگەیەنێت. ئەو دوو ئینسانە ڕاست کرداره، لە نێو ماڵیشدا هەر وەک من چەندین کانالی ژێر زەمینی ساز دەکەن. بە ڕەوش و ڕەفتاری هێمنانەیان دەخوازن تەنانەت ئەو سێ بەدفەڕانەی دیکەش ڕام بکەنەوە و دەستی هاوکاریان بدەنێ. بەڵام بەدەفەڕەکان دەست نادەن و لە بەردەوامی ژیانیاندا هەر وەک جاران، کارنەکەر و تەپلۆس دەمێننەوە.

هەر ئەو کاتەی کە من بەرەو وڵات چوومەوە و دوورگەم چۆڵ کرد، دوورگەنشینان لە نەبوونی مندا مێژوولکەیەکی خەمناکانەیان بۆ تۆمار کرابوو. لە یەکەم کارەساتی نەخوازراو دا دەگێڕنەوە کە بەربەیانێکی زۆر زووی بەر لە تاوهەڵاتان، شەش لۆتکەی پڕی ئینسانخۆریان بە سەر وەردەبن. کۆمەڵگەی دوورگە، بەپێچەوانەی ئەودەمەی کە من بە تەنیا تێیدا زیندانی بووم و بە دایم وریا و لە سەر پێ بووم، بەڵام ئەوان بێ خەم و خەیاڵ لە ئاستی هێرشی لاوەکی، خۆیان بۆ ڕۆژی ڕەش ئامادە نەکردبوو . هەر ئەو ڕۆژەی کە شەش لۆتکەی پڕی ئینسانخۆریان بۆ دادەبەزن، لە ترسان خۆیان حەشار دەدەن و دەنگ ناکەن. دوای ڕیوڕوسمی سەما و هەڵپەڕکێ و دیل خواردنی ئینسانخۆرەکەیان، دوورگە چۆڵ دەکەن و دەڕۆن. هەر ئەودەمیش سپانیۆلەکان بۆ چاو پێداخشاندنی شوێنگەی ڕێوڕە سمەکەیان، دەچن و بە وڵاتدا دەگەڕێن. بە سەرسوڕماوی دەبینن کە سێ ڕەش پێست لە سەر زەوی تخێڵ بوون و خەو بردونیەوە. ئەوان کوژتنی مرۆڤی خەوتوو بە کارێکی ناجوانمێرانە دەزانن و بۆ دیتن

و دۆزینەوەی لۆتکەی ئەو سێ کەسانە، سەیرێکی ڕوحی زرێ دەکەن. بەڵام هەرکە هیچ لۆتکەیەک لە کەنار دەریا دا نابینن، ئەمجار ترسی ئەوەیان دەکەوێتە دڵ، کە نەکا یارانیان بە شوێن سەریاندا بگەڕێنەوە؛ دەکەونە سەر بیر و ڕایان کە چی بکەن و دەگەڵ سێ ڕەش پێستی خەوتوو چ ڕەفتارێک بکەن؟ سەرەنجام خۆیان ساغ دەکەنەوە کە لە خەودا دەست و پەلیان ببەستن و چەشنی دیلەکانی دیکە، دەکاریان بکێشن. لەم کارەشدا سپانیولەکان بە ئەوپەڕی بێ ئەزموونی، لە بری ئەوەیکە دیلەکان بۆ ئەشکەوتی پیرە بزنێ ڕاگوێزن و لەوێ ڕایان بێنن، هەر لە هاوینە هەوارەکەی جارانی مندا ڕادەستی ئینگلیزییەکانیان دەکەن. دانیشتوانی دوورگەکەش بەهۆی دڵنیایی لە ڕەش پێستە تازە گیراوەکان، دەربەستی وریاکاری و دەرخەمی ئەمنییەتی دوورگەکەدا نابن و بەگەللایی لە سەر مەزراکاندا بەرەڵلایان دەکەن. ڕەش پێستەکانیش ئازادانە بە وڵاتدا دەگەڕێن و دوای ماوەیەک، یەکجی ون دەبن. دوورگەنشینان سەر و ژێری وڵاتیان بەدوا دا دەگەڕێن ، بەڵام ڕاکردوان نابیننەوە. ئاخرسەر و سەرەنجام بە تێکڕا یی بەم پەندە دادەکەون کە دوورگەنشینان زۆر بێ ئەزموون و گەلێک ساویلکە بوون و کۆیلەکانیش زێدە زیت و زانا؛ ئەوان هەلیان بە دەرفەت زانیوە و بۆی دەرچوون. هەر ئەودەم و دوای خەساری مەزن، بەتێکڕایان ئەو کەلکەلەیان دەکەوێتە مێشکیان کە دیلی لە قەفەس دەرچوو بە کۆمەڵێک زانیاریی زۆر زیندوو، سەرەنجام دەگەڵ ڕەوەدەیەک ڕەش پێستی ئینسانخۆر بۆیان دەگەڕێنەوە.

گریمانەکەیشیان زۆر زوو وەڕاست دەگەڕێت و دوو مانگ دواتر، بەرەبەیانێکی پێش خۆرهەڵاتان شەش لۆتکەی ئینسانخۆرەکان لە کەنارەی ئەودیوی دوورگەکەدا دەبینن. ئینسانخۆرەکان لە لۆتکەکانیان دادەبەزن و یەکڕاست بەرەو هەر ئەو شوێنانە دەکەونە ڕێ، کە ماڵ و مەزرای ئینگلیزییەکانی لێ دەبێت. ئەوان بە هەژمار شەست کەس دەبن. لە شێوەی هێرشەکەیاندا دەردەکەوێ کە چاوساغ و بەڵەدیان دەگەڵە و تیژایی هێرشەکەیان ڕاست بۆ سەر ماڵ و سامانی دوو ئینگلیزییەکان سازمان دراوە. ئیتر ئینگیزییەکانیش دەزانن کە بەڵەد و چاوساغەکانیان هەر ئەو سێ کۆیلەیەن کە لە ژێر دەستیان دەرچوو بوون. هەر بۆیە لە

یەکەمین هەلدا دەست و پەلی ئەو دوو کۆیلەیە دەبەستن کە هاومالّیان دەبن. ئەوان خۆیان و سێ کۆیلەی قەدیمەیان، خێرا کەلوپەلی نێو مالّ و هەر دووک کۆیلە دەست و پێ بەستراوەکان بۆ ئەو ژێرزەمینانە ڕادەگوێزن کە بۆ ڕۆژی ڕەش سازیان کردبوون. دوای حەشاردانی شتومەک، دێنەدەر و لە ئینسانخۆرەکان دەخەفتێن. ئەوان ڕێچکەی ڕەش پێستەکان دەبینن کە ڕێک بەرەو مالّ و مەزراکەیان بەڕێوەن؛ تەنانەت کویلکە ڕاکردووەکانیش دەناسنەوە کە پێشەنگ و ڕێناسیان دەبن. ئینگلیزییەکان دەرگای حەوشەی بزنەگەلان دەکەنەوە و بزن بەرەو جەنگەلّ ڕادەدەن. هەر ئەودەمیش هاواری کوڕە بگەنێ بە کۆیلەیەکدا ڕەوانەی یارانی سپانیۆلی دەکەن.

هێرش دەست پێدەکات و ئینسانخۆرەکان خۆیان بە کۆختەکەیان دادەکەن و ئاگری تێبەردەدەن. دوورگەنشینان بەبێ جوولّە و خۆنیشاندان، هەر لە سەر گردەکەی نێو دارستاندا دەمێننەوە و سەیری کارەساتەکە دەکەن. هێرشکارانیش وەکوو دڕندەی کێوی بەهەموو لایەکدا بلّاو دەبنەوە. و لە ئاکاریان دەردەکەوێت کە بە شوێن دەسکەوتی زیندوو دا دەگەڕێن.

ئینگلیزیەکان هەر بەو هیوایە کە ئینسانخۆرەکان بەرەو ژێر داگەڕێن و لە دارستان نزیک دەبنەوە، سەبر دەگرن و پلانی شەڕی نێو دارستان دادەڕێژن و بەر لە هەر شتێک کوێرە ڕێگاکانی نێو دارستانیان لێدەگرن.

چی پێناچێت، هێرشکاران یەک یەک و دوو دوو بە نێو دارستان وەردەبن و چەشنی ئاژەلّی برسی ملّومۆ دەکەن. ژمارەیەکی زۆریشیان هەر لە سەر گرد و لە دەوری مالّەکەدا دەمێننەوە. دوورگەنشینان ترسی ئەوەیان دەکەوێتە دلّ کە نەکا ڕێگای ژێر زەمینەکە بدۆزنەوە و هەست و نستیان بە تالّان بەرن.

هێرشکاران بەشوێن خواردەمەنیدا خەریکی پشکنینی سەر و ژێران دەوبن و ئینگلیزییەکانیش لە پشتی کۆتەرە دارەکانەوە چاوەڕوانی هاتنیان. پێنج کەس لە ڕەش پێستەکان، هێدی هێدی و زۆر هەستیارانە لە دوو قۆلّانەوە بۆ نێو دارستانەکان بدەچن؛ دوویان بە لاشانی ئەو ڕێزەدارانەوە کە بەرهەلّستکاران خۆیان تێدا حەشار دابوو و سێیشیان هەر ڕاست ڕوو بە ڕوویان دێن. هێرشکاران هێور هێور و بە سەرەتاتکێ و

زیتە زیتی چاوانیان سەر و خواران بەتاقی دەکەنەوە و نزیکتر و نزیکتر؛ ؛ئەوەندە نزیک کە تەنانەت سەر و سیمایشیان بە جوانی دەبیندرێت. ئینگلیزییەکان سێرەیان لێدەگرن و بە نۆرە، یەکیان تەقە دەکات و نۆرەی ئەوەی تریان دەگاتێ. لە نێوان نۆرەکاندا تفەنگان دادەگرنەوە و دیسان تەقە. لە یەکەم تەقەدا، دوو ڕەش لە سێ ڕەشان دەکەونە سەر زەوی و یەکیان دەمێنێتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە، هەر ئەوە کۆیلە ڕاکردووە دەبێ کە پێشەنگی هێرشکارانە. بە وردی سەیری دەکەن و بە یەک فیشەک سنگی هەڵدەوەشێنن. تەقەی تفەنگ لە جەنگاڵدا دەنگ دەداتەوە و پێنج هێرشبەری دیکەیان لە تەقەی تفەنگ دەسڵەمێنەوە، بەڵام قاچی هەڵاتنیان دەوستێ. دەنگی خرمژنی تفەنگ دەسرەوێتەوە و پێنج ڕەشەکان وزە وەردەگرن و دێنە ژوور سەرینی یارانیان. پێنج ڕەش پێستەکان خەریکی هەڵگرتنەوەی تەرمی یارانیان دەبن، کە لە کەلین دارانەوە دەسرپێژیان دەکەنێ. لە پێنجەکان، چواریان دەکوژرێن و پێنجەمیان بەبێ هیچ گەزەندە و ئازارێک، لە ترسان تخێڵی سەر زەوی دەبێت. ئینگلیزیەکان بە خەیاڵی ئەوەیکە سەرجەمیان کوژراون، بە تفەنگی پڕ نەکراوەوە لە پشتی داران دێنە دەرێ. بەڵام هەرکە نزیک بە کوژراوەکان دەبن، سێی برینداریان هەڵدەستنەوە و بە خەیاڵی ڕاکردن خۆ تێک دەنێن، بەڵام بە قوونە تفەنگان لە لاسەریان دەدن و دەیانکوژن. ڕەش پێستە ساخەکەش هەر لەوێ لە دار دەبەستنەوە.

ئینگلیزییەکان تفەنگەکانیان پڕ دەکەنەوە و بۆ پارێزگاری لە ماڵ و سامانی خۆیان وەڕێ دەکەون. هەر لەودەمەشدا هێرشکاران ڕێگای ژێر زەمینەکە دەدۆزنەوە و بەنیازی دەست بەسەرداگرتنی لوور دەبنە ژوور. بەڵام بە هاتنی حەوت سپانیۆلی و داگژان و تەقەکردنیان، نەزمی هێرشەکە دەگۆڕێت و هێرشکاران دەبنە بەرگریکار. پۆلێکی تر لە سپانیۆلییەکان لە جەنگەڵەوە بۆیان دەێن و تووشی ئەو ڕەش پێستە دەبێن کە لە دار بەستراوەتەوە. فەرمانداری دوورگە، دەست و پێی یەخسیرەکە دەبەستێت و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەشکەوتی پیرەبزنێی دەکات. بە هاتنی سپانیۆلییەکان و بەرزبوونەوە خرمژنی تفەنگ، هێرشبەران لێیان دەشێوێت و خەریکی کۆکردنەوەی کوژراوەکانیان دەبن.

دوو ئینگلیزییەکان بە دیتنی ماڵی سووتاو و مەزرای شێواویان، بە تووڕەیی هێرش دەبەنە سەر هێزی تێکشکاو و بەرەو دەریا ڕاویان دەنین. ڕەش پێستەکان، کوژراوەکانیان جێ دەهێڵن و بە پەلەپرووزە خۆیان داوێژنە لۆتکەکانیان و بە پرتاو سەوڵان لێدەدەن و دەریا دەبڕن و دەڕۆن. ئینگلیزییەکان بۆیان دادەمەزرێن، بەڵام ڕەش پێستەکان هەروەها بەخێرایی سەوڵان لێدەدەن کە تەنانەت فیشەکیش نایان گاتێ.

لەم هێرش و خانەبگیرییەدا، دوو ئینگلیزییەکان خەسارێکی مەزنیان بەردەکەوێت. مەزراکانیان وەها وێران دەکرێ کە تەنانەت هەڵگرتنەوەی بەرهەمیش خێردەرەوە نابێت. ماڵ و نێوماڵەکەیان تێک دەتەپێندرێت. بۆ سازکردنەوەی ماڵ، هەموو دانیشتوانی دوورگە دەستیان دەدەنێ و ماڵیان بۆ ساز دەکەنەوە. ئاتکین و ئینگیزییەکانی دیکە بەهێرشی ڕەش پێستەکان نازانن. بەڵام هەرکە خەبەریان پێدەگاتەوە، ئەوانیش بەهاوارییانەوە دێن و قۆڵی هەروەزیان بۆ هەڵدەماڵن و بەشێک لە کەمایەسییەکانیان بۆ قەرەبوو دەکەنەوە؛ بەمجۆرە برایەتییەکەیان تۆزکاڵێک نزیکتر دەبێتەوە.

شەش مانگ بە سەر ئەو هێرش و شەڕ و کاولکارییەدا تێدەپەڕێت و دوورگە ئارام دەبێتەوە. دوورگەنشینای پێیان وادەبێ کە ڕەش پێستەکان لە شەڕی شەش مانگ پێشیاندا چاوترسێن کراون و ببڕای ببڕا بۆ لای دوورگە نایەنەوە. بەڵام ڕۆژێک خەبەریان بۆ دێت کە ئەوە بیست و هەشت لۆتکە لە ڕۆخی دوورگەکەیاندا خەریکی دابەزاندنی جەنگاورانیانن. پیاوانی چەک هەڵگری دوورگەکە، بریتی دەبن لە حەفدە سپانیۆل و پێنج ئینگلیزی و باوکی هەینی و شەش کۆیلەی وەفادار. ئەم بیست و نۆ چەکدارە هاو دڵ و هاوخەبات، لە ژێر فەرمانی فەرمانداری دوورگە و ئاتکین دا بە دوو بەرە دابەش دەبن. تیژایی یەکەمین هەڵمەتیان بەرەو لۆتکەی دوژمن دەبێت کە گشتیان لە کار دەخرێن. لە قۆڵێکی ترەوە، بارانی فیشەک بە سەر دوژمندا دەتەقێندرێتەوە و لە هێرشیان دەخەن. لە دوورگە نشیناندا چەند کەسێک بریندار دەبن، کە برینەکانیام سووک دەبێ. بەڵام هێزی دوژمن بە گشتی چۆکیان پێدا دەدرێت و دەکەونە ژێر ڕکێفی هێزی دوورگەکە.

لە ڕەش پێستەکان 30 کەسیان بە زیندوویی دەستبەسەر دەکرێن، کە هەر ئەودەم باوکی هەینی کۆیان دەکاتەوە و فەرمانی لێبوردەییان لە زمانی فەرماندارەوە پێ ڕادەگەیەنێ. فەرمانی لێبوردن بەمجۆرە دەبێت، کە بە مەرجی هێمن بوون و ڕاگرتنی ئەهوەنیی دوورگەکە، لەو دیوی دوورگەدا شوێنێکیان دەدرێتێ کە ماڵی تێدا سازبکەن. زەرعات و زەوی و زار و دانگە بزنی تێدا وەگەڕ بخەن و وەک ئەوان پێی بحاوێننەوە. ڕەش پێستەکان هیچ چارێکیان نامێنێ جگە لەوەیکە سەر بەردەنەوە و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، فێری کار ببن. ڕەش پێستەکان فەرمانی لێبوردەیی فەرمانداری دوورگە بە دڵ و گیان وەردەگرن. دوورگەنشینانیش لەو دیوی دوورگەدا شوێنی کێڵان و چاندنی دەغڵ و جێ مۆڵگەی بزنانیان بۆ دیاری دەکەن. سەرەڕای ئەوانە، چەند سەرە بزنیان پێشکەش دەکەن و شێوەی پەوروەردەکردن و ڕاگرتنی بزن و بەرهەمهێنانی شیر و ماست و پەنیریشیان فێر دەکەن. لە مەڕ چاندن و هەڵگرتنەوەی دەغڵیشدا یاریکاریان دەبن و لە هەر چەشنە دەغڵێکیش بنەتووی داچاندنیان پێشکەش دەکەن.

ڕەش پێستە تازە دابەزیوەکان لە درێژەی کار و چالاکی و خەبات بۆ ژیان، بەرەبەرە ڕادێن. هاوکاری و ڕێنوێنی دانیشتووانی دوورگەش دەبێتە مایەی دڵگەرمی بۆیان و ئەوانیش لە خەسڵەت و خووی ڕەمەکی دێنە دەرێ و دەبن بە هاووڵاتی.

****

دوای تێکشاندنی هێرشی ڕەش پێستەکان، دوورگەنشینان ژیانێکی ئارام وەردەگرنەوە و خەیاڵیان لە هێرشی دەرەکی ئاسوودە دەبێ. جارەجارەش کە ئینسانخۆرەکان دیلەکانیان بۆ خواردن لە دوورگە دادەبەزێنن، دوورگەنشینان وەک هیچ نە قەومابێ، خۆیانیان لێ گێل دەکەن؛ ئەونیش وەک ئەوەیکە دوورگەکە زیندەوەری تێدا نەبێ، دیلەکانیان دەبرژێنن و دوای بەڕێوەبردنی جەژن و هەڵپەرکێ، سواری لۆتکەکانیان دەبن و دەڕۆنەوە.

ئەمە کورتە مێژوولکەیەکی دوورگەکەم بوو کە دوای ڕۆیشـــتنم بە نەنووسراوی مابۆوە. بەڵام هاتنەوەی ئەمجارەکەی من و خێرو بێرێکی کە دەگەڵ خۆمدا هێنابووم، هەر نەک سـپی پێسـتەکان، بگرە سـەرجەمی دانیشـتووانی کۆمەڵگاکە پێی خەنی بوون. زۆرایەتیی ئەو کەلوپەلەی کە من بۆ دوورگەکەی خۆمم هێنابوو، شتومەکی زۆر پێویستی بە دانستە بوون کە ئاوەدانکردنەوە و برەوپێدانی بەشی وەرزێری و ئاژەڵداری و سازکردنی ماڵ و نێومالّی دەسـتەبەر دەکرد. وەردە ئامرازی وەک کێرد، مەقەسـت، شانە، دەرزی و دەزوو، پێمەڕەو و خاکەنداز، قوڵێنگ ، نیرو ئاموور، بزمار و تەناف و دەیان وردەشـتی تری دیکەشـیان تێدا بوو کە هەموویان بۆ ژیانی ڕۆژانەی دوورگەیەکی دوورکەوتە پێویست بوون.

کەرەسـەکان دەیان خانوویان پێ سـاز کرا و ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بە کۆمەڵگاکە بەخشـی و دانیشتوانی حەساندەوە. کۆخ و کۆختەی جارانیان کە شوێنی ژیانی پێ دەگوترا؛ لە ڕاستیدا چەشنی کۆخی ئاژەڵی نێومالان، تەنگ و تاریک و نووتەکە بوون. هەڵگێر وەرگێڕیان تێدا نەدەکرا و تەنگ و تاریکییەکەیان شـایانی ژیانی مرۆڤ نەبوو. بەڵام ئامرازی نوێ و باش وەسـتای شـارەزا، ماڵی تازە و ئامرازی نوێ و حەسـانەوەیەکی باشـتری پێشکەشی کۆمەڵگاکە کرد.

سـەردانی ماڵ و مەزرای ئاتکین و یارانیشیانم کرد. ئاتکین ئەو خوو و خدەی جارانی لەبیر بردبۆوە و وەک پیاوێکی ئارام، بۆ ژیانی خۆی و هاوڕێیانی تێدەکۆشـا. کۆختەی ئاتکین و یارانی لە کۆخی هەموو دەرگەنشـینان گەورەتر و جێدارتر سـاز کرابوو. من لەو شـێوە ماڵەی کە ئەوان سازیان کردبوو، سەرم سوور ما و گەلێکم پەسن کردن. خۆشتر لە هەرشـتێک، ئەو برایەتی و خەمخۆرییە بوو کە نێوان ئینگلیزییەکان و سـپانیۆلی و ڕەش پێسـتەکاندا بەرقەرار ببوو؛ وەک خزمی نزیک و برای بڕبڕەی پشـتیان لێهاتبوو و بە گەرمی دەرخەمی یەکتر بوون. ژمارەی دانیشـتوانی دوورگەکەمان ئەوەندە بەرز تێهەڵکشـابوو، کە پێم وابوو لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا تووشـی بەرتەنگی جێگا دەبن. لە سـەرەتادا من بە نیاز بووم چەندێکیان دەگەڵ خۆمدا بەرمەوە ئەورووپا و قورسـایی دانیشـتووان کەم کەمەوە، بەڵام زۆر زوو لە هەڵوێسـتەکەم پاشـگەز

بوومەوە، چونکە هێزی کــار و هێزی بەرگریی دوورگە، خوازیــاری دوو هێندەی تریش بوو. هەر بۆیە لە دانیشــتنێکدا بە ڕاشــکاوی پێم گوتن کە من نەهاتووم کۆمەڵگەکەتان تووشـــی کزی و کەســـاســـی بکەم. من بۆیە ســەردانتانم کردووە، کە دوورگەکەتان تووشــی قەیران نەبێ و ئاوەدان و پــایەدار بمێنێتەوە. ئەمەشـــم پێ گوتن کە هەتــا خۆم گەیــانـدۆتە دوورگەکەیان، گەلێکم زەحەمەتی و کۆسپ و ئاستەنگ هاتۆتە سـەر ڕێ. ئەو ڕێگا حەســتەمەشــم بۆیە هەڵبژاردووە، هەر تەنێ بۆ دیداری یاران و پێشکەش کردنی ئەو برە کەرەسە پێویستە بووە. ئێستێ ئەو گشتە ئامراز و کەرەسەیە و ئەم باش وەستا شارەزایانەی کە بۆ ئێوەم هێناوە، تەنیا و تەنیا یەک شــتم دەوێ، ئەویش ئاوادانکردنەوەی دوورگە و حەســانەوەی دوورگەنشینانی خۆشەویستمە.

ئەو ڕۆژەی کە دەبوایە کەلوپەلەکــانیــان بە ســـەر دابەش بکەم، هەموویانم کۆکردەوە و گوتم:

" پێم بڵێن بزانم ئاخۆ قین و دژایەتییەکانتان وەلا ناوە و دڵەکانتان دەگەڵ یەکتر چاک کردۆتەوە؟ ئەگەر لە کەلێنی دڵی تاکێکتاندا وردە گلە و گازەندەیەکی تێدا ماوە، تکایە هەر ئێســتێکە پێم بڵێن بەشــکوو بتوانم یاریکارتان ببم و دڵتان و وەک ئاوی شـــەو خاوێن بکەمەوە؟ ئەرێ بڵێی دوای من بتوانن دەســـتی هاوکاری بە یەکتر بدەن و برا یانە دەرخەمی یەکتر بن؟..."

لە نێو ئاپۆڕاکەدا ئاتکین دەســـتی بەرز کردەوە و بە ئەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە دەستی پێکرد:

" من لە ناو جەماوەری دوورگەکەماندا هەر ئەوەندەم ئازار چەشتووە، کە بۆ ئەهوەن کردنەوەی هاورای ویژدانم، ناچارم دەم بکەمەوە و چی دە دڵی زامدارم دا کۆ بۆتەوە بیدەمە دەرێ. من هەر لێرە و لە بەرامبەر فەرمانداری مەزنی دوورگەکەماندا پەیمان دەبەستم کە چی لە توانام دا هەبێ و هەرچی لە دەســت و باســکم هەڵبوەرێ، شــەرت بێ بە شــەرتی ئازادیخوازانی ئازا، هەر هەمووی خۆشـــەویســتی و حورمەت و ڕێز بێ بۆ ئەو کۆمەڵگــا ئــازیزە. ئەنـدامـانی کۆمەڵگـاکەم دڵنیـا دەکەمەوە کە لە بارەگای مێشـک و ئەندێش و ڕامانەکەیشـمدا تۆمی یەکڕێزی و برایەتی و

یەکێتی دەچێنم و دەگەڵ نامەردی و چەوتیکاری و دژایەتییەکانی جارانم ماڵاواییەکی هەتاهەتایی دەکەم. لێرەدا، لە بەردەرگای کەرامەتی فەرمانداری دورگەدا ئەمەش دەڵێم کە ئەوەی برادەرانی سپانیۆلی دەرهەق بە منیان کردووە، سەربەسەری گەوهەری یەکدانەی خزمەت و یاریکاری بووە. من لە بەرامبەری ئەواندا سەری ڕێز دادەنەوێنم و داوێنیان بادەدەم کە لە تاوانەکانی پێشووی من خۆش بن؛ من گەلێکم ساردی نواندووە و زۆرم ناپیاوەتی دەگەڵدا کردوون. من ئیتر ئەو پیاوە بێ مشوورەی جاری جاران نەماوم... من لە کرداری ناحەزی جارانم شەرم دەمگرێت و داوای لێبوردن دەکەم..."

سپانیولیەکانیش لە نۆرەی خۆیاندا پێیان لە هەڵەکارییەکانی خۆیان نا و گوتیان:

"بەداخەوەی ئێمەیش لە هەمبەر ئاتکین دا زۆر ژیرانە نەجووڵاینەوە. چەکمان کردن و ماوەیەکی زۆر دەنگمان لێ گۆڕین. بەڵام لەو شەڕە مەزنەی کە ئینسانخۆرەکان دە ئەستۆیان پستاوتین، ئاتکین پیاوانە دەستی داینێ و ئازایەتییەکانی ئەو نەبوایە سەرکەوتنمان مسۆگەر نەدەبوو. ئیتر ئێمەیش دەستی برایەتیمان دە دەستی ئەو ناوە و پێکەوە ئاشت بووینەتەوە و پشت و پەنای یەکترین..."

ئەم ڕاست بێژی و ڕەخنە لە خۆ گرتنانەیان ئەوەندە ڕاستگۆیانە و دەجێدا بوو، کە من گەلێکم حەز پێکردن. بۆ سپاسکردنیان، هەموویانم بۆ نانی نیوەڕۆیە بانگێشت کرد. بۆ سازکردنی نان و خوان، چێشکەرەکەی گەمێ و دەست و پەیوەندەکانیانم دەنگدا. بۆ ئەو بانگهێشتە تێکڕاییەش، فەرمانی کەباب کردنی پێنج گیسکی دابەستەم دا. کەبابی سێ گیسکانم بۆ کارەکەرەکانی گەمێ نارد.

دوای نان خواردن، دەستوورم دا کەلوپەل و ئامرازی کار و دانەوێڵە و دەیان شتومەکی پێویستی دوورگە دابەزێنن. بەر لە دابەشکردنی ئامرازەکان، ئەو وەستاکارانەی کە دەگەڵ خۆمدا هێنابوومن، بە کۆمەڵگاکەم ناساندن. هەر ئەودەم بە وەستاکاری جلک دروونم گوت کە بۆ سەرجەمی دانیشتووانی دوورگە، جلکی تایبەتی کار، هەروەها بەرگی ڕێوەڕەسمیان بە جیا بۆ بدوورێ. وەستا دارتاشەکانم بۆ گەمێ ناردەوە

کە هەرچی دار و تەختەی کە لە گەمێدا بارم کردبوون، دایان بەزێنن و بۆ هەر ماڵێکی کۆمەڵگاکەم، هەمە چەشـــنە قەنەفە و قەرەوێڵە و مێز و کورسی و مێزی چێشتخانە و تەختی خەوتنی میوانانیان بو ساز بکەن و ، کردیان.

لە ماڵەکەی مندا، ســـپانیۆلەکان دەگەڵ باوکی هەینی و هاوڕێیانی ڕەش پێکەوە دەژیان. لە ڕاستیدا، ئەو ماڵەی کە من لە ســـەرگردەکەم ســـاز کردبوو، وەک ناوەند و پێتەختی دوورگەی لێهاتبوو. سپانیۆلەکان لە دەور و بەری ماڵەکەیاندا دەیان چەشنە نەمامی هەمە جۆرە میوەیان ناشـــتبوو. کۆنە ماڵەکەی من، بە چەشـــنێک دە هەمێزی دارستاندا حەشار درابوو، کە ئەگەر هەزار کەسیش بە ماوەی یەک مانگ هەموو دوورگەکەیان پشـــکنیبایە، زۆر زەحمەتی دەبوو کە بە ســـەر ئەو ئاوەدانیدا کەوتبانایە. ئەو نەونەمامانەی کە بۆ پەرژین نێژرابوون، کەڵە داری زۆر مەزنیان لێ دەرهاتبوو. لک و پۆی دارەکان وەها تێک بەزیبوون، دەتگوت دیوارێکی ڕەختەی گەلێک بەرزە و لە دار داتاشراوە.

یەکێک لە هاوڕێیانی ئاتکین مردبوو. ئاتکین و تاک هاوڕێکەی داوایان لێکردم کە ڕێیان پێ بدەم ئەوان و وەستاکارەکان لە دراوسییێی یەکتردا بژین. من داخوازییەکەیانم بە ئەرێنی وەرگرت و ئەوانیش وەک تاقمێکی ئازا و زانا، لە یارانیان نزیکتر بوونەوە. دوو ئینگلیزییەکەی تریش کە دوو جاران کەوتبوونە بەر هێرشـــی دەرکییەکان و زەوی و زەرعاتیان خاپوور کرابوو، لە سای ئەو کەلوپەلەی کە لە لای منەوە پێشکەشیان کرا، تەواوێک بووژانەوە.

بەر لەویکە لە دوورگەنشـــینان ماڵاوایی بکەم ، من هاتمە ســـەر ئەو بیرە کە برایەتیی دوورگەنشینان بە شتێک گرێ بدەم کە قەت لە یەکتر زویر نەبن و برایەتییەکەیان هەتا هەتایی بمێنێتەوە. ڕۆژێـک کۆم کردنەوە و هەموو دوورگەکەم لە سەر کاغەز بە جۆرێک بە سەردا دابەش کردن، کە بۆ هەر تاقم و دەســـتەیەک، ئاو و خاک و دارســـتان و باخات و لەوەڕگەی یەکسانیان بەربکەوێت. هەر ئەو سەرزەمینەی کە بە یەکسانی دابەشـــم کرد و بۆ هەر تـاقمێکیش بەشـــێکی تێرەخۆرەم بۆ دانـان، خاوەنداریەتیی گشـتی دوورگەکەشـم هەر بە ناوی خۆم نووســی. هەر لە

داوێنی ئەو نەخشەیەشدا،ماڵیاتی ساڵیانە و سەرانەی دوورگەکەم بە پارەی ئینگیزی قەبڵاند کە هەر یازەساڵێک دەبێ لە دەفتەری مندا بنووسرێت.

دابەش بوونی سەرانەی دوورگەنشینان لە دوورگە و، شێوەی بەڕێوەچوون و یاریکاری و یەکێتییەکەیان، زۆرتر لە کۆمارێکی دێموکراتیکی بچکۆلانە دەچوو. بەڵام لەو کۆمارە دێموکراتیکەدا، پەڵەیەکی ڕەشی بە دوایێەوە مابووە، کە ئەویش بە تاق کەوتنەوەی سی و حەوت ڕەش پێستی بە دیل گیراو بوو، کە لە پەراوێزێکی دوورکەوتەدا فڕێ درابوون و چاویان بە چۆلەوانیدا دەکرایەوە. من داوام لە فەرمانداری دوورگە کرد کە دەگەڵ باوکی هەینی هەستن و سەردانی ئەو سی و حەوت کەسە بکەن و داوایان لێبکەن کە مافی خۆیان بپارێزن و ئەوەی هەیانە بە هی خۆیانی بزانن، بەڵام لەم چۆلگە پەرەستییە بێنەدەرێ و تێکەڵ بە کۆمەڵگاکە ببنەوە. ئەمەشم بۆ دووپات کردنەوە، کە تێکەڵبوونەکەیان ئارەزوومەندانە دەبێ و هەر چۆنێکی کە مەیلیان لە سەر بێ، خۆیان سەرپشکن لە شێوەی بەڕێچوونیان دا.

باوکی هەینی و فەرمانداری دوورگە بە دەستی بەتاڵ نەگەڕانەوە و ڕەزامەندیی ئەوانیان بۆ تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵگا پێ ڕاگەیاندم. شوێنی ژیان و موچی و مەزراکانیاندا لە تەنیشت سپانیۆلەکان دیاریکرا . هەر لەوێشدا ماڵیان بۆ سازکرا و ئیمکاناتی ژیانی شارستانیانەیان بۆ دابین کرا. لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای دوورگەکەمدا، ئاتکین و یارانی خەریکی وەرزێری و ئاژەڵداری بوون و مەزرایەکی بەرینیان لە ژێر دەست دابوو. بۆ ئەوەیکە ئاتکین و یارانی دەگەڵ ئینگلیزییەکانی دیکە هەرایان لێ ساز نەبێت، من بەشێک لە سەرزەمینەکانی نێوانی ئەوانم وەک پاوان هێشتەوە کە هیچ کامێکیان بۆیان نەبێ بۆلای بچن. بەشی خوارەوەی ئەو سەرزەمینانەشم تەرخانی ئەو ڕەش پێستانە کرد، کە جار جار دەهاتن و ڕێوڕەسمی دیل خواردنیان تێدا بەڕێوە دەبرد.

لە گەمیەکە دا چەند بەلەمی گەورەم بۆ دوورگەنشینان هێنابوو ، بەڵام نەمدانێ. هۆی ئەم دەست گێڕانەوەشم ئەمە بوو کە بەلەمەکان دەبوونە هۆی کێشەی نێوانی دوورگەنشینان. بەتایبەت لەوانەبوو

بەلەمەکان بۆ هێرش و تالانی دوورگەکانی تر دەکار بێنن. سەرەڕای بەلەمەکان، چەند تۆپیشم بۆ دوورگەنشینان کڕیبوو، کە ئەوانیشم بۆیە ڕادەست نەکردن، چونکە ترسی ئەوەم هەبوو نەکا بۆ کاری نابەجێ کەڵکی لێوەربگرن.

بە تێکڕا، ماوەی بیست و پێنج ڕۆژان لە دوورگەکەمدا مامەوە. ئەو ڕۆژەی کە خۆم بۆ گەڕانەوە تێک دەنا، کۆم کردنەوە و بەڵێنم پێدان کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دور دا، چەندین سەریان گاو گۆل و مەڕ و مالات بۆ دەنێرم و لە تفەنگ و کەولوپەلی تەقەمەنیشدا فەرامۆشیان ناکەم. بۆ بەرەبەیانی دواتر، دەگەڵ هەینی سواری گەمیٚ بووین و پێنج تۆپمان بە بۆنەی مالاوایی ئاگر دا و چارۆکەکەنمان هەلدان و ڕێگای برازیلیامان گرتەوە بەر. سێ ڕۆژ لە سەفەرەکەمان تێپەڕ ببوو کە کەوتینە نزیک شەتاوێکی دەریایی. ئێمەیش ئاقاری گەمیەکەمان دە مستی شەتاو نا و بە هێزی شەتاوی دەریایی بەرەو ئامانج وەڕێ کەوتین. هەوایەکی خۆشی بە تاو و ساو بوو. تازە گەمیەکەمان لە چنگ ڕەوتی شەتاوی دەریایی ئەستاندبۆوە، کە یەکێک لە دەریاوانەکان هاواری کرد کە وشکانییەکی گەلێک مەزنی لە دوورەوە بینیوە. بۆمان دەرنەکەوت کە ئەو وشکانییە سەر بە کێهە قارە(کیشوەر)ە. چەند مایلێک ڕۆیشتین، کە دیدەبانێک هاواری کرد و گوتی کە ڕەشاییەکی یەکجار زۆر مەزن بە سەر دەریاوە دەبینێت. جێگری کاپیتانی گەمی بە پەیژەی ئەستووندەکی مەزنی چارۆکەگردا هەلچوو؛ لەوێوە بە دوربین سەیری ڕەشاییەکەی کرد و پاش ماوەیەکی کەم هاتەخوار و گوتی:

" لەشکرێکی ڕەش پێستان بە سەدان لۆتکەیانەوە بەرەو ئێمە دێن."

من سەرم لە قسەیە سوورما. بۆ زانینی ئەم ڕووداوە لە برازاکەم پرسی:

" چ باسە؟... ڕەش پێستەکان لەم دەریا پان و بەرینەدا بە شوێن چیدا دەگەڕێن؟"

کاپیتانی گەمیٚ زۆر خەمناکانە گوتی:

" ئەوانە لە دەریا دا بەلای کوتوپڕیان پێدەلێن و بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی گەمیٚ، لە دزانی دەریایی بێ ڕەزاترن. لە کوشتن ترسیان

نییە و لە هیچ ناپرینگینەوە... زۆر زەحمەتە بە سـەلامەتی لە چنگیان دەربچین ... بابزانین چیمان بەسەر دێ ! ..."

دەریا ڕەش داگەڕابوو . دەتگوت کوللو هەسـتاوە و هەتا چاو بڕی بینینی بوو هەر ڕەشـایی بوو بە سـەر دەریاوە. لۆتکەکانیان بە دەور و بەرماندا بڵاو بوونەوە و مەیدانە شـەڕیان لێ دابەشـینەوە. بە فەرمانی من، لەنگەرە قورسـەکانیان دە ئاو هاویژتن و گەمێ لە سـەر جێگای خۆی ڕاگیرا. لە بەشـی پشـتەوەی گەمێ، دوو بەلەمی پڕی چەکدارمان ئامادەی داهێشـتن کردن و بۆ بەرگریکردن لە ئاگربارانی تیری ڕەش پێسـتەکان و سووتاندنی بەلەم و گەمێ، ستڵی پڕ لە ئاومان ئامادە کردن.

لە دەور و بەر و لە هەر چوار کەنارانداگەمارۆیەکی توون و تیژی ڕەش پێستانمان هاتە سەر. هەر لۆتکەیەکیان، دە هەتا بیست کەوانداری تێدا دانیشتبوون. لە سەرەی پێشەوەیاندا چەند لۆتکەی باریک و درێژیان هاتن و بەخێرایی هێرشـیان هێنا. هەندێکیان بۆ گەمارۆدانی گەمێ، لاجەولاج هاتن و دەوریان داین. لە هەر لۆتکەیەکیاندا چەند کەسـێک بەرز بوونەوە و ڕمبی درێژیـان بەرەو گەمێ نیشـانە گرت. تفەنـگ بەدەستەکانی ئێمە لە بەلەمەکانیانەوە تیرەبارانیان کردن. من دەستورم دا چەند تەختەی پان بۆ پاراستنی تفەنگچییەکان دە ئاو هاوێژن کە وەک مەتاڵی شەڕی دژ بە ڕمب و تیر، کەڵکیان لێ وەربگرن.

تۆپ و تفەنگەکانمان ئامادەکردن. لۆتکەی ڕەش پێسـتەکان بە مانۆڕە شـەڕێکی سـەیر، ماڕپێچ دەڕۆییشـتن و خولیان دەخواردەوە، لەپڕ بەتێکڕا بەرەو گەمێ هێرشیان دەهێنا. من بە هەینیم گوت:

"بڵێی بتوانی لێیان بپرسـی چییان لە ئێمە دەوێ و مەبەسـتیان لەم هەرایە چییە؟ "

هەینی لە سەر سەکۆی بەرزی گەمیەکەوە تێیان ڕاخوڕی، بەڵام دەنگی هەینی بە قووڵاندنی ڕەش پێستەکان وەک هازەی مێشوولەی لێهات و بە گوێی کەس نەگەیشت. لە پڕ بارانی تیری ڕەش پێستەکان بە سەرماندا بارین. لە نێو ئێمەدا، جگە لە هەینی، کەس بە تیری ڕەش پێسـتەکان دانەکەوت. ئەوەی کە داکەوت و سنگی کرایە ئامانج، ڕۆڵەی شیرینی من،

یاری ڕۆژانی تەنیاییم هەینی بوو کە سێ تیری دوژمن گیانیان لێ هەستاند.

لە دەستدانی ڕۆڵەی ڕۆژانی خەمناکیم، خەمێکی وەها گیان پرووکێنی بە سەرم دا ڕژاند ، کە دونیای لە بەر چاوانم ڕەش داگەراند. من لەم خەسارە مەزنەدا هیچ شتێکم بۆ ئەهوەن کردنەوە زامی جەرگ کارا نەدیت، هەر تەنێ بە هەموو توانامەوە فەرمانی ئاگر بارانم دا و دەریام بە کەلاک ڕەش داگەڕاند. مەودای لۆتکەی ئەوان دەگەڵ گەمیەکەی ئێمە زۆر نەبوو، بەڵام تۆپچییەکانمان بە جۆرێک وەبەر تۆپانیان دان، کە قەت لە هیچ شەڕگەیەکدا ئەوەندەی کەلاک لێ جێ نەماوە. سەر ئاوی دەریا وەک شەڕگەیەکی لێهات و بە کوژرانی دەیان ئینسان، شەڕ کۆتایی پێهات، بەڵام برینی جەرگی من بۆ هەینی، بە هیچ هەتوانێک سارێژ نەبۆوە.

من نازانم چەندیان لێ کوژرا، بەڵام دەتوانم بڵێم لەو ژمارە زۆرەی کە بۆ هێرش هاتن و شەڕیان کرد ، کەمی لێ دەرچوون. زێدە لە چاردە لۆتکەیان هەپروون بە هەپروون بوون و ژمارەیەکیشیان لەتوکوت بە سەر دەریاوە مانەوە. لە سەرجەمی لۆتکەکانیان، سێ چوارێکیان بە ساخی مابوون و لە هەڵاتن دابوون. سەیر ئەوە بوو کە ئەو ڕەش پێستانەی بە سەر ئاوی دەریا بە بێ لۆتکە مابوونەوە، بە خێراییەکی هەر هێندی توند مەلەیان دەکرد، کە لۆتکەکانیشیان بەو چەشنە تیژ نەدەڕۆیشتن. سەیرتر لە هەموو شتێک ئەوە بوو کە لە کۆی ڕەش پێستەکان، هەر تەنێ یەکێکمان بۆ بەردەست کرا کە ئەویشمان لە دەمی مەلەکردن و هەڵاتندا کەوتە دەستمان. ئەومان گرت و هێنامانە سەرێ و نان و ئاو و پێخۆرمان بۆ دانا. بەڵام ڕووی لێ گرژ کردین و دەستی لە هیچ نەدا. ڕووی لێ گرژ کردین و بە زمانی خۆی شاتە شاتێکی کرد؛ دیار بوو جوێنمان پێدەدا. نان و خوانەکەی لە بەر دەمی بوو، بە ئانقەست ڕووی لێ وەرگێڕا . دیار بوو دەیەویست لە برسان بمرێت بەڵام کۆیلەتی نەچێژێت. من ویستم لێی توند بکەم و بە ترساندن دەمی بکەمەوە. فرمانم دا دە ئاوی هاوێن و خۆی لێ گێل بکەن و ئەگەر پاڕایەوە، لە ئاوێی بگرنەوە. دە ئاومان هاویشت و هەرکە هاتەوە سەر ئاو، بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو بەرەو

لۆتکەیەکی جێماو ڕۆیشت. هەرکە خۆی خستە ناو لۆتکەکە، ڕوو بە ئێمە دەستی کرد بە هات و هاوار. ئێمە لێی تێنەگەیشتین، بەڵام دیار بوو قسەی باشمان پێ نابێژێت. بەلەمەکانی ئێمە دەورەیان گرت و دەست بەستە هێنایانەوە سەرێ. ئێمەیش چارۆکەی پاپۆڕی خۆمان هەڵدا و خۆمان بە شنەبایەکی ئارام ئەسپارد و کەوتینەوە ڕێ. کارەکەرانی گەمێ شاد و بەکەیفی ئەو سەرکەوتنە بوون و منیش خەمبار و پرسەدار و دڵتەنگی لە دەست دانی هەینی مامەوە. هەر ئەودەم کە جەستەی ساردەوبووی هەینی خرایە ناو تەختە تابووتێکەوە و بە ڕەوش و ڕەسمی دێرینی دەریاوانان ئامادەی دە ئاو هاویشتن کرا، بە فەرمانی من، یازدە تۆپیان بۆ ئاگر دا. لە ڕێگادا گەلێکمان هەوڵ دا کە دیلە ڕەش پێستەکە وەزمان بێنین. وشە بە وشە ئینگلیزیمان فێر کرد و زۆر بە زەحمەت لێمان پرسی کە خەڵکی کوێیە و بۆچی بۆ شەڕی ئێمە هاتوون. ئەو بە ئاماژەی سەر و دەست تێی گەیاندین کە ئەو گشتە ڕەش پێستە لە پێنج هۆزی یەکگرتوو پێک هاتبوون و پادشایەکیان بۆ خۆیان دانابوو. ئەو پێنج هۆزە بە مەبەستی شەڕ سازمان درابوون و دژ بە هۆزەکانی دراوسێ یەکیان گرتبوو. گوتیشی کە ئەوە یەکەمجار بوو گەمێیەکی ئەوتۆ مەزنمان بینی بوو. ئێمە هەر بۆ سەیری گەمێ هاتبووین و خەیاڵی شەڕ و داگیرکردنمان نەبوو.

بای خۆش و ڕەوتی خۆش ئاقار، گەمێی ئێمەی ڕادا و بەرەو ئامانجی دیاریکراوی بردین. لە ماوەی دوانزدە ڕۆژاندا مەودایەکی گەلێک باش ڕۆیشتین و گەیشتینە دوور و نزیکی وشکانییەک. هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەو وشکانییە، لە مەڵبەندی پێنج پلە پانایی باشووری جوگرافیاییدا بوو. ئێمە زانیمان کە ئەو وشکانییە بەشێک لە سەرزەمینی ئەمریکایە و لە دەریادا خۆی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی جوگرافیایی کێشاوە. ئێمەیش شان بە شانی وشکانییەکە بەرەو باشوور ڕۆیشتین و دوای چوار ڕۆژان بە بەر لووتکەی سەنت ئاگوست دا تێپەڕ بووین و گەیشتینە ئاوکەندی (تۆوس لەس سەینت Tous-les-seints) و هەر لەوێ ڕاوەستاین و لەنگەرە قورسەکانمان دە ئاو هاویشتن. لە وێندەرێ کارێکی زۆرمان بە دەستەوە بوو کە دەبوایە ڕایپەڕێنین. بەڵام هەر لە سەرتای کار دا تووشی

ئاســـتەنگێکی گەلێـک دژوار هـاتین. ئێمە لەنگەرمـان بۆیە دە ئـاو هاویشـــتبوو، کە بچینە ناو شـــار و دیداری کۆنە دۆســـتەکانمان تازە بکەینەوە، کەچی هەر لـە ســـەرەتای کار دا ڕێگـا یان لیگرتین و نەیان هێشـــت لە گەمیٚ دابەزین. گەلێکمـان هەوڵدا و زۆرمـان شـــێر و ڕێوی هێنـانەوە، بەڵام ئەوان پێیـان لیٚ چەقـانـدین و ڕێگـای دابەزینیـان پیٚ نەداین. من ناوی شـــەریکی کار و کســـبەکەی خۆم پێگوتن، کە پیاوێکی بەناوبانگ و ناسراوی حکومەت بوو. بەڵام ئەوان گوێیان نەدامیٚ و جوابی دەرکردنیان پێداینەوە. ئەمجار ناوی دوو دەســتیاری شــەریکەکەی خۆم و تەنانەت بەســـەرهاتی ئەفســـانەیی خۆیشـــم بۆ گێڕانەوە، بەڵام ئەوان گوێیان لیٚ قەپات کردین و بە هیچ جۆرێک دەگەڵمان نەهاتنە ڕەدایە. لە بەختی بەدفەڕی خۆم، تەنانەت شـەریکەکەی جارانیشم لێم نەبان ببوو. دوای لێدوانێکی دوور و درێژ و بیرخستنەوەی ئەو پێنج سـەت لیرە زێڕەی کە من پێم دابوو تا پێشکەشی سەرۆکی کلێسەی سەنت ئاگۆستەنی بکات، بەخـت گرتی و منی هـاتەوە بیر. تەنـانەت ئەمەشـــی هـاتەوە بیر کە دوو سەت لیرەشی لە سەر حیسابی من بە سەر هەژاراندا دابەش کردبوو. دەڵێن پیری و هەزار عەیـب؛ ئەگەر شـــەریکەکەم تۆزکـاڵێکی تر پیرتر بوایە، دابەزینی ئێمە هەیهـاتی گەرەک بوو. بەڵام بـاش بوو کە خێرا سەرۆکی کلێسەی سەنت ئاگۆستەنی دە حاکمی شار بەردابوو و جەوازی دابەزینی من و کاپیتانی گەمیٚ و هەشت کەسی تری وەرگرتبوو.

ئەم ڕێگـا کردنەوەیەش دەســـت و بـاڵی ئێمەی بە تەواوی ئـاواڵـە نەکردەوە. ڕێگاکردنەوەکەیان ســـنووردار بوو. هەڕەشـــەیان لێکردین کە بۆمـان نییە کەل و پەل لە گەمیٚ دابەزێنین.. بۆمـان نییە دەگەڵ هیچ کەسێک لە خەڵکی شارە تۆقە بکەین و...

ئەم چەق و تەفە بە جۆرێـک دەســـتمـانی بەســـتبوو، کە دیتنی شەریکەکەیشیان لیٚ قەپات کردم. من سیٚ تۆپم کۆتاڵی ماهووت بە دیاری بۆ شـــەریکەکەم هێنابوو کە بە هەزار دەردیســـەر ڕێگەیان پێداین دایان بەزێنین. شـــەریکە دامـاوەکەی من هەر لـەو شـــارەدا دەســـتی بەمن ڕانەگەیشـــت بەڵام چەند دەبە شـــەراب و چەند بوخچە تووتن و چەند

میداڵیای زێڕ و بڕێکی زۆری مرەبا و شیرنیاتی جۆراوجۆر بە کەسێکدا بۆ ناردبووم، کە پێم گەیشتن.

گرنگترین کارم لەو شارەدریایە دا ئەوە بوو، کە بەشی چەند بەلەمان تەختەی ئامادەکراو بکڕم و بە یاریکاریی شـــەریکەکەمدا بۆ دوورگەی بنێرمەوە. سێ ڕۆژ بوو دە هەوڵ و خەباتی دیتنی ناسیاواندا بووم، سێیەم ڕۆژ توانیم زۆر بە دزی و بە کەلێن شـــەریکەکەم ببینم و بەرنامەکەی خۆمی دەگەڵ باس بکەم. شـــەریکەکەم لە ماوەی دوو ڕۆژاندا، بە قەدرایە سازکردنی سێ بەلەمی گەورەی تەختەی ئامادەکراوی بۆ کڕیم. سەرەڕای بەڵەم، پارەی کڕینی کەلوپەلی وەرزێری و دارتاشی و چەند سەرە مەڕ و مالاّت و گاو و گۆل و کوتاڵ و دانەوێڵەی جۆرا و جۆم پێدا. دوای ســـەر و ســـاماندانی بەرنامەی کارەکەم، یەکێک لە دەریاوانانی گەمێی خۆمان داوای لێکردم کە دەگەڵ کەلوپەلی ئـامـادەکراو بکەوێت و بگەڕێتەوە دوورگە و هەر لەوێ بمێنێتەوە. منیش بە شـــەریکەکەی خۆمم ئەسـپارد و پارەی بەکرێگرتنی گەمێ و شوێنی دوورگەکەیشم پێدا.

چەندێک پێچوو، نامەیەکم لە شـــەریکەکەمەوە پێگەیشـــت کە زۆر بە شادمانییەوە خەبەری گەیشتنی گەمێ و ڕادەست کردنی کەلوپەلەکەی بە سلاّمەت بۆ نووسیبووم. منیش لەو خەبەرە خۆشە، تینی ئەمەم کەوتە دڵ کە فەرمانێکی نووســـراو لە دەوڵەت بریتانی وەربگرم و دەگەڵ چەند نوێنەری دەوڵەتی ســـەفەرێکی دوورگەکەم بکەین و هەر لەوێ بە فەرمی تاپۆی دوورگەکە بە ناوی من بنووســـرێت و و بخرێتە ســـەر داگرتەکانی ولاّتی ئینگلیس. من لە بیرۆکەیەمدا بەنیـاز بووم گەمێیەکی ســـووکی تیژڕەو بکڕم و دوای ئەوەیکە تاپۆی دۆرگەکەم بە ناو کرا، لەوێ بمێنمەوە و خەریکی بـــازەرگـــانی و هەنـــاردەکردنی برنج بۆ ئینگلیس ببم. بۆ ئەنجامی ئەم بیرۆکەیەش، دەبوایە چەند کرێکاری قۆچاخی شـــارەزای کشت و داشتی برنج بە کرێ بگرم. لە بەرنامەی خەیاڵیی هەناردەکردنی بەرهەمی برنجی دوورگەکەم بۆ بریتـــانیـــا، قەڵەم و دەفتەرم هێنـــا و حیســـــابی بـدە و بســـتێنەی ئەو بـــازەرگـــانییەم لێکـدایەوە. لەو حیسابگەرییەمدا، دەسکەوتی دروایم ئەوەندە بەرز هەڵکشا، کە پێم وابوو هیچ بازەرگانێک لە من دەســـترۆیشـــتووتر نابێ. ئەو خەیاڵ پلاّوانە،

پنجیان وەها لە مێشکمدا گیر کردکە نزیک بوو دیسان خۆم بە قەڵبەیەکی ســـامناکتر دا بکەم و لە ســـەری پیریدا باوەش بۆ هەڵوەدایی بگرمەوە. بەڵام باش بوو کڵاوی خۆم کردە داوەر و لە مەحکەمەیەکی شـــەریف دا خۆم نرخاند. من خۆم بە خۆم گوت کە پیاوانی حکومەتی بریتانی ئەوەندە بێکار دانیشـــتوون، کە هەر چاوەڕێی چوونی منن کە بچم و باڵیان بگرم و بەروە دوورگەیەکی دوورەدەســـتیان بەرم . پێکەنینم بە ئاقڵی خۆم هاتێ کە چەندە گەوج و ساویلکە و ساکارم! دەوڵەت پیاوانی بریتانی سەریان لە چوار بەری جیهان دەرهێناوە و پەتی هەموو عەلەمیان گرتۆتە دەست، من ببینن و باسی دوورگەی دورەدەستیان لە گەڵدا بکەم، هەرنەک پەسنم ناکەن و چەپڵەم بۆ لێنادەن، بگرە لووتیشـــم لێ هەڵدەقرچێنن و بە گەمژەشم دەزانن .

لە برازیلیا وەڕی کەوتینەوە و لە ڕێگای ئوقیانۆسی ئەتڵەسـی بەرەو لووتکەی هومێد ڕۆیشتین. لەوێوە بەرەو دوورگەی ماداگاسکار چووین. لەو دوورگەیەدا خەڵکێکی وەپاشـــکەوتووی لێ دەژیان کە زۆربەیان هەڵگری تیر و کەوان و ڕمب و تێڵا و گۆپاڵ بوون. لە ئەنگاوتندا گەلێک دەســـت ڕاســـت و لە شـــەڕ دا گەلێک چالاک بوون. بەڵام خەڵکەکەی هەر هێندە هێدی و هێمن و میهرەبـان بوون، کە دەگوترا مێشـــیـان لە بەر دەم هەڵنافڕی.

ئێمە لە دوورگەی ماداگاسکار دابەزین و بووین بە میوانیان. ئەوەندەی کە ئێمە دە نیویاندا بووین، لە ئەو پەڕی میوان دۆســـتی و میهرەبانی بەدەر، هیچی ترمـان لێ نەدیتن. ئێمەیش لەبڕی ئەو گشـــتە ڕێز و حورمەتەی ئەواندا، چەندین کێرد و مەقەســـت و خرتە و پرتەی ترمان دانێ. ئەوانیش لە جیاتی ئەو کەلوپەلە ســـووک و کەم بەهایە دا یازدە گویلکیان بۆ هێنایین.

شـــەوێک، ئێمە لە چارداخێکی دەســـکردی ئەوان، لە کەنار دەریادا خەوتبووین. بەڵام من خەوتنی ژێر تـاقی ئـاســـمـانم هەڵبژارد و لە بەلەمێکی خۆماندا ڕاکشـــام. هێشـــتا بە تەواوی نەخەوتبووم، کە لەپڕ یەکێک لە یارانمان زۆر بە شـــڵەژاوی هات و خەبەری پێدام کە ڕەش پێســـتەکان هێرشـــیان هێناوە و چەند کەســـێکیان لێ کوشـــتوین. من لەم

خەبەرە سەیرە سەرم سووڕ ما و هەر ئەودەم پێم وابوو کە لە ژێر ئەم کاسەیەکدا نیو کاسەیەکی پیسی بۆگەن هەیە و تاوان هەر تاوانی ئێمەیە و گوناهی بێ گوناهانی تێدا نییە. بەڵام گورجێک هەستام و هەرکە تەقەی تفەنگم بەگوێ گەییشت، زانیم شتێک قەوماوە و دەبێ خێرا بۆی ببزووم. بەلەمەکەم بەرەو وشکانی ڕادا و هەر لەوێ دیتم کە چەند هاوڕێی ئێمە بە هەڵاتن بەرەو ئێمەن. بە شوێن ئەوانیشدا پۆلێکی زێدە لە سەت ڕەش پێست، یارانی ئێمەیان هەڵبڕیبوو. دۆستانی ئێمە خۆیان بە ئاو دادا و بەرەو من هاتن. لەوان سێ کەسیان زامدار بوون و ڕەش پێستەکان لە درێژەی کەنار دەریادا چۆکیان داکوتا و بارانی تیریان بە سەر ئێمەدا دەباراند. یەکەمین کاری کە کردمان، مێز و کورسییەکانی نێو بەلەمەکەمان کردە مەتەرێز و تفەنگمان لێ وەکار خستن. دوو تفەنگمان لێ بەتاڵ کردن و دەنگی هات و هاواریان بەرز بۆوە. زانیمان چەندێکمان پێکاون. لە لای ئەوانەوە تیر وەک پەڵەی باران دەهات و جارجارەش ئێمە تەقەیەکمان لێدەکردن. شەومان بەم شێوەیە بە ڕۆژ گەیاند، بەڵام ئەوان دەسبەردارمان نەبوون و تیریان بۆمان دەهات. تیربارانەکەیان مۆڵەت و ماوەی ئەوەیشیان نەدەدا کە چارۆکەی بەلەم هەڵبدەین و لە چنگیان دەربچین. بۆ گۆڕینی ئاقاری گەمێ، دەبوایە هەستینە سەرپێ، کەچی تیری بێ هەژماری ڕەش پێستەکان هەدادانیان لێ هەڵگرتبووین. دەبوایە بە هەر جۆرێک بێ، بار و دۆخی نالەباری خۆمان بە گەمیەکەمان ڕابگەیەنین و داوای یارمەتییان لێ بکەین. من چەند ئاماژەیەکی تیش و ئاوێنەم لە مەڕ هێرشی ڕەش پێستان بۆ ناردن. ڕێگای نێوانی ئێمە و گەمێ حەوت کیلۆمەتر بوو. گەمی نشینان لەوێوە دەنگی تەقەی تفەنگانیان بەگوێ گەیشتبوو، بەڵام چونکینێ ئێمە و هێرشکەران ئەوەندە نزیکی یەکتر بووین، گەمێ نەیدەتوانی تۆپ ئاگر بدات. زۆری نەخایاند لە گەمێوە بەلەمێکیان بۆ ناردین. هاتنی بەلەم بۆ پشتیوانیی ئێمە نەبوو، بەڵکە بۆ ڕاکێشانی بەلەم و دوورخستنەوەمان لە مەترسی بوو. یەکێک لە هاوڕێیانمان زۆر بە ئاسپایی خۆی دە ئاو هاویشت و دوای ئەوەیکە پەتی لەنگەرگرتنی بەلەمەکەمانی هەڵپاچی، گوریسی هەر دووک بەلەمەکانی تێک خستن و جووتەی بەلەمەکان وەڕێ کەوتن. ئێمە

لە پەسیو مەتەرێزی دەستکردماندا ڕاکشاین و لە کەنار ئاوەکان دوور کەوتینەوە. دەگەڵ دوور کەوتنەومان لە ڕۆخی دەریا، هەر ئەودەم برازاکەم چەند تۆپی بە شوێنگەی ڕەش پێستەکانەوە نا و دوای تاوێک، بێدەنگی بە سەر دەریا و کەنارەکانیدا زاڵ بۆوە.

من و ئەو هاوڕێیانەی کە لە مەترسی ڕزگایمان هاتبوو، وەک ژیانێکی تازەمان وەرگرتبێتەوە، بە سەلامەتی لە ئاگرە کوێرەی کارەساتی نەخوازراو هاتینە دەرێ. بەڵام من دڵبەخەم و سەرشکستەی ئەو گوندنشینە هەژارانە بووم کە لە عەینی میواندارى گەرمیان، دۆستایەتیمان فیدای چەند زرتەبۆزی بێ ئەخلاق کرابوو. کارەساتەکە پەرۆی شینی شەرمساری بوو کە بە سەر شانی ئێمە سپی پێستی ڕۆڵەی شارستانییەت مایەوە.

هەر ئەودەمەی کە گەمێ بەلەمەکەی ئێمەی هەڵکێشا، بەرپرسی ژووری هەناردە و هاوردەی بازەرگانیی گەمێ، کە دەیان جار میوانی ئەو دوورگەیە و خەڵکەکەی ببوو، بە ڕاشکاوی پێی گوتم کە خەڵکی ئەو دەوەرە یەکجار زۆر هێدی و میوان دۆستن و، بێ شکم کە تاوانکارانی ئەم پێکداکێشانە هەر خۆمان بووین و کردەوەی ناجایەزی خۆمان بووە. منیش بە پشت ئەستووریی بۆچوونی ئەو، غیرەتم بزووت و بە شوێن ڕاستی و دروستییەکاندا چووم و بۆ دوورگە گەڕامەوە. لە ئاکامی پرسیاراتێکی کە لە دوورگەکە کەوتە دەستم ، بۆم دەرکەوت کە یەکێک لە دەریاوانەکانی ئێمە دەگڕ ژنێکی گوندی ڕۆ هاتووە ویستوویەتی لاقەی بکات، کە گوندییەکان پێیان زانیوە و دەستیان لێ وەشاندووە. لە ئاکامدا بکەری سەرەکیش بێ سەر و شوێنە و یەکێک لە کرێکارەکانیشمان کوژراوە.

بۆ دۆزینەوەی دۆستی بێ ناموسمان، ئێمە بە دوو بەلەمی پڕ لە هێزی چەکدارەوە و، بە ماوەی دوو ڕۆژان کەنارەو کەناری ئەو شوێنانەمان پشکنی و چەندین نیشانگە و ئامارژەشمان لە سەر ڕێگاکان دانا کە ئەگەر وەدی هاتەوە بزانێ ئێمە بە شوێنیدا گەڕاوین. بەمەش ڕانەوەستاین و من و بەرپرسی بازەرگانیی گەمی، بیست کەسمان دەگەڵ خۆمان هەڵگرت و بەو شووێنانەدا گەڕاین کە کارەساتەکەی تێدا قەومابوو. هەر لەو شوێنە، ئێمە بووینە دوو قۆڵ؛ قۆڵێکیان بە سەرۆکایەتیی من و قۆڵەکەی

دیکە بە سەرۆکایەتیی ئەفسەرێکی گەمێ، لە تاریکانیی شەو دا بە وڵاتدا گەڕاین. ئەفسەری گەمێ بە سەر کوژراوانی کارەساتەکەدا دەکەوێت و هەر ئەوەدەمیش پەیامی بۆ ئێمە نارد کە هەرچی زووتر خۆمان بگەینینە وێندەرێ. کاتێک گەیشتینە لای ئەفسەرەکە، بەسەر خەمناکانەترین تراژیدیا دا کەوتین. من بە دیتنی ئەو کارەساتە ئابڕوو بەرەیەدا، سەد جار سەد جار دەستی ئینسانخۆرەکانی جیرانی دوورگەکەی خۆم ماچ کرد لە ئاستی ئەم کردارەی ئێمەدا، ئەوان چەندە ڕووسوور بوون! لەو گۆڕەپانەدا نزیک بە چل کەسی خەڵکی ئاوایی کوژرابوون و تەرمەکانیان هەر لەوێ مابوونەوە. لە ناو تەرمەکاندا دوو برینداریش دۆزرانەوە. من پێم وابوو گەڕان بە شوێن تاوانبارەکەی خۆماندا نای هێنێت کاتی بۆ زایە بکەین و پێویستە هەرچی زوتر بگەڕێنەوە گەمێ، بەڵام ئەفسەرەکە پێی داگرت و بە ئەوپەڕی نامەردی گوتی:

"تازە ئێمە هەر هاتووین، بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە شوورەییە. من هەتا لە چارنووسی هاوڕێی گومبووی خۆم هەواڵیک وەرنەگرم، ناگەڕێمەوە. من هەر بەم گوندەوە نانووسێم و دەبێ شارەدێی ڕەش پێستەکانیش بدۆزمەوە و هەتا بەرهەمی زەحمەتەکانم وەرنەگرمەوە، ناگەڕێمەوە. "

من زانیم کە ئەو ئەفسەرە شەڕەخۆرە و دەیەوێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێت و بە پاساوی دۆزینەوەی تاوانباری بێ سەر و شوێن، دەست بۆ ماڵ و نامووسی هەژارانی بێ تاوان درێژ بکات. من پێم چەقاند و گەڕانەوەی خۆم ڕاگەیاند. ئەو هاوڕێیانەی دەگەڵم بوون، گشتیان دەگەڵ ئەو کەوتن و هەر تەنێ دوو کەس دەگەڵ من مانەوە.

ئەوان ڕۆیشتن و کارەساتێکی هەر هێندە پیس و قێزەونیان خوڵقاند، کە تەنانەت گێڕانەوەکەیشی حەیای مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەوان ڕێگایان لە ئێمە جیا کردەوە و ڕۆیشتن. بەڵام لە تاریکایی شەو دا بە سەر گوندێکی مەزندا دەکەون کە پێیان وا دەبێ شارێکی گەورەیە. ئەوان تێدەمێنن کە چلۆن و لە کوێوە دەست پێ بکەن و لە چ بەرێکەوە دەست بە خوێنی هەژاران سوور بکەن. بە دەورو بەردا دەگەڕێن و بەسەر جوانەگایەکدا دەکەون کە پەتی ملی بە دارێکەوە بەستراوەتەوە.

ئەفسەرەکە دەزانێ ئەگەر جوانەگاکە لە پەت ڕزگار بکەن، ئاژەڵ ڕێگای ماڵ دەگرێتە بەر و ئەوانیش ڕێگای ئاوایی دەدۆزنەوە. ئاژەڵی ئازادکراو بەرەو ماڵ دەڕوات و ئەونیش بە شوێنیدا دەچن. کاتێک دەگەنە نێو ئاوایی، تازە دەزانن کە گوندێکی هەژارنشینە و ماڵەکانیان لە چیلکە و چاڵ سازکراوە و بە پووشوو سەری گیراوە. ئەفسەری نامەرد بڕیار دەدا هەتا خەڵک دە خەو دان و یارای دەست کردنەوەیان نییە، لە هەموو لایەکەوە ئاگر دە ماڵیان بەربدەن و ئەوەی زیندوو هاتە دەر، بە فیشەک خوێنی بڕێژن.

فەرماندەی تاوانکاران، هێزی چەکداری خۆی دەکاتە سێ پەل و هەر پەلەی بەرەو ئاقارێکیان دەنێریت. لە گۆڕەپانی گوندەکەدا بە سەر تەرمی بێ سەری لە دارد دراوی ئەو دەریاوانە تاوانکارە دادەکەون و بە دیتنی یاری تاوانکاریان ئاگری تۆڵەیان تیژتر دەبێت. بە ئەو پەڕی ناجوانمێری ئاگر دە ماڵان بەردەدەن و لە هەموو لایەکەوە بڵێسەی ئاگر پشتی تاریکانی دەشکێنێ. ئەوەی ڕێگای دەرچوونی نامێنێ دەسووتێ و ئەوەی لە ماڵ دەردەپەڕی، دەکوژرێ. تاقمی تاوانکارانمان بە ئاگر و کوشتنی ڕەش پێستەکان ناسەکنن و قۆمبەلەیان بۆ داوێژن و لەتک و پەتکی مرۆڤی بێ تاوان بە ئاسماندا حەوا دەدەن. شۆڵەی ئاگر ئەوەندە بەرز ببۆوەوە، کە ڕۆخی زرێ و بەرپێی ئێمەیشی ڕووناک کردبوو. گڕ و بڵێسەی گوندی سووتاو گەیشتبوویە گەمێ و گەمێ نشینانیش شەبەقی ئاگرەکەیان دیتبوو. برازاکەم پێی وادەبێ ئێمە تووشی کارەسات هاتووین. هەربۆیە بەلەم بە ئاو دادەدات و خۆی و سێزدە گەمێوان بە فریای ئێمە گەیشتن. بەلەمەکەیان گەیشتە ئێمە و هەر کە منی دەگەڵ دوو هاوڕی بینی، پێی وابوو سەرجەمی کەسەکانمان تێداچوون و هەر ئێمە ماوین. لەولاشەوە هەتا پێدەچوو، شۆڵەی ئاگر پتر بەرز دەبۆوە و دەنگی شریخەی تفەنگیش زیاتر دەبوو.

کاپیتانی گەمێ لەم پەیمان شکێنییەی کە یارانی ئێمە کردبوویان، گەلێک دڵتەنگ و خەمبار بوو. بۆ ئەویکە کارەسات جگەر بڕتر نەبێ، شەش کەسی بۆ پاراستنی ڕۆخی زرێ لە بەلەمەکەدا جێ هێشت و خۆی دەگەڵ ئەوانی تر بەرەو شەرگەکە چوون. منیشی وەک ڕیش سپی و

دادوەر دەگەڵ خۆی هەڵگرت و ڕۆیشتین. بڵێسەی ئاگر، جڵەوکێشی ئێمە بوو و شوێنی کارەساتەکەی بۆ دەست نیشان دەکردین.

هەرکە گەیشتینە نێو ئەو ئاواییە خاپوور کراوە، بەسەر خەمناکترین دیمەندا کەوتین. لە هەموو لایەکەوە کەلاکی ئینسانی سووتاو بڵاو ببۆوەوە. هەوا پڕی دووکەڵ و زەوی پڕی سووتوو بوو. هەر لەوێدا ئاپۆڕایەکی بیست کەسیمان تووش هاتن کە لە چنگ بکوژان ڕایان کردبوو. بە دیتنی ئێمە، لە ترسان کەوتنە سەر چۆک و پێیان وابوو کاریان تەواوە. ئەوان بەتێکڕا لە گابۆڕیان دا و کەوتنە سەرچۆکان و خۆیان دە خۆڵی بەر پێی ئێمە گەوزاند. من لە بینینی ئەم نەهامەتییە، بە جۆرێک تووشی شەرمەساری هاتبووم، کە زمانی قسەکردنم لاڵ ببوو. بۆ ئەهوەن کردنەوەی داماوەکان، داوام لە هاوڕێیانم کرد کە دانیشن. بە دانیشتنی ئێمە تۆزکاڵێک ترسیان شکا. ئەمجار بە دەست و زمان داوای یاریکارییان لێکردین و بە ئاماژەی دەست بەزیی ئێمەیان وەجۆش هێنا. ئێمەیش دەستمان بە سەریان داهێنا و بۆ لاواندنەوەیان دەباوشمان گرتن. لە چاڵی چاوەکانیاندا ترس و نزاکاری دەتکایەوە. ئێمەیش بە دەست و سەر و لە ڕێگای چاوەکانمانەوە تێمان گەیاندن کە بۆ نەجاتی ئەوان هاتووین و لە ژێر چاوەدێریی ئێمەدا گیانیان پارێزراوە. من بۆ دۆزینەوەی بگێڕی ئەو کارەساتە دوو کەسم ڕەوانەی مەیدان کرد. خۆم بگێڕی سەرەکیم دەناسی، بەڵام تەنیا مەبەستی من ئەوە بوو کە تاکێکی ئینگلیزی دەم بکاتەوە و باسی ئەو هەتکە مەزنە بکات. بەڵام هێشتا دوو کەسەکان لە بەر چاوانمان گوم نەببوون کە ئەفسەری گەمێ دەگەڵ چوار دەریاوانی هاوکاری بە لاڕێدا هاتن و بەرەو ژێر ڕۆیشتن. ئێمە بانگمان هێشتن و هەرکە ئێمەیان دیت، وەک مەزنترین ئەرکی مرۆڤایەتییان بەجێ گەیاندبێت، هاتن. ئەفسەری سەدەستەی تاوانکاران، وەک تۆ بڵێی مەزنترین ئەرکی نێشتمانی بەجێ گەیاندبێت، بە دەنگێکی کڕی پڕی شەرمەزاری گوتی:

"گەلێک بەخێر بێن!... لە هاتن و لە دیدارتان دڵمان گەش بۆوە... من دەمەوێ بە قەدرایە تووکی سەری هاوڕێی شەهیدمان، لەم قولەڕەشە مەلعوونانە تۆڵە بستێنمەوە."

دوای ئەم کورتە پەیامە، دیسـان پشـت بە ئێمە، ڕێگای گرتەبەر و بەرەو کوشتاری ئینسانی مەزلووم وەڕێ کەوتەوە. بەڵام من بۆی دامەزرام و تفەنگم هێنا سەر پێ و گوڕاندم بە سەریدا:

"بوێستە هەی دڕندەی بێ بەزەیی... هەنگاوێکی تر ببزێوەی ساردت دەکەمەوە!.."

سەیرێکی کردم و بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

"سەیرە جەناب!... تۆ مەگەر نازانی ئەو ڕەشە بێ ویژدانانە چییان بەسەر دۆستی ئێمە هێناوە؟!... تۆ چەند هەنگاوێک ئەولاتری لووتت بڕوانە و سەیری کەلاکی بێ سەری هاوڕێی خۆت بکە... دوور نییە... ئەوەتا ئەو دارەی کە نێوەڕاستی ئەم گۆڕەپانەدا چەقاوە!... بڕۆ سەیری بکە و جا ئەودەم لۆمەی من بکە!"

هەرکە گەمێوانەکان کەلاکی بێ سەری هاوڕێی خۆیان بە دارەوە بینی، ئەوانیش بە تێکڕا بۆی بزووتن و بوون بە هاودەستی ئەفسەری چاوسوور و بەرەو کوشتارگە وەڕێ کەوتن. ئیتر قسەی من کارکردی نەما و کەس بە هەندی نەگرتم. بە ناچاری دەگەڵ بەرپرسی بازەرگانیی گەمێ و دوو هاوڕێی ترم، بە دڵی پڕی پەژارە و خەمەوە بەرەو گەمێ داگەڕاینەوە. ئەو چوار کەسەی کە بۆ چاوەدێریی بەلەمەکە داندرابوون، ئێمەیان گەیاندەوە گەمێ و بۆخۆیان گەڕانەوە و چاوەڕێی تاوانکاران دانیشتن.

ئەو شەوە هەتا ڕۆژ نەخەوتم و بەردەوام سەیری بڵێسە و چڕە دوومانی ئەودیوی دارستانەکانم کرد. نزیک بە تاوهەڵاتان دەنگی هاتوهاواری ئینسانی ڕەنجبەر خەوتەوە و ئاخرین دەنگی تفەنگیش ڕایگەیاند کە ئینسانکوژەکان بە ئاواتی چەپەڵی خۆیان شادبوونە. هێزی سەرکەوتووی شەڕ گەڕانەوە و گەلێک بێ بەزییانە گوتیان:

"... بەداخەوە تەنیا یەکێک لە یارانی جەرنگاوەرمان تۆزکاڵێک قۆڵی چەپی سووتا و یەکی تریشمان بە ئاستەم قاچی دارووشا، ئێمەیش توخم و تۆوی قوڵەڕەشی دوو گوندانمان لە سەر زەوی پاک کردەوە... "

من نەمتوانی خۆم ڕابگرم. زمانی لۆمەم کردەوە و لە کاپیتانی گەمێ کە برازای خۆم بوو پێدا هاتم و تاقێکیانم نەبواردن؛ هەر هەموویانم بە

پیاوکوژ و تالآنچی ناوبرد و یەکیشـــیانم نەهێشـــتنەوە. بەتایبەت دەمی ڕەخنەم زیـاتر ڕوو بـە کـاپیتـانی گەمێ بوو، کە دەبوایە ڕێگر بێت لـە هەمبەر ئـەم هەتکە قورســـەی کە بە هیچ ئاوێک ناشـــۆرێتەوە. بەڵام بەداخەوە برازاکەشم لە کادری ژێردەستی خۆی خاوتر، لێی نەشاردمەوە کە بینینی تەرمی بێ سەری هاوڕێی چەپەڵیان، دڵی چکۆڵەی ئەویشـــی برینـدار کردبوو. خۆی گوتـەنی" ئەگەر ئـەمەی نەکردبـایە لـە بەر چـاوی هاوکارانی کەمی دەهێنا و کەسایەتییەکەی دەشکا..."

بۆ بەیانی، چارۆکەکانمان هەڵدان و گەمێ وەڕێ کەوت. چەند ڕۆژێک بە تەوژمی بای هاوســـەفەر، مەودا ڕێگایەکی زۆرمان بڕی و گەیشـــتینە کەنداوی فارســـی و هەر لەوێ لەنگەرەکانمان دە ئاو هاویشـــتن. چەند دەریاوانێک بۆ کڕینی کەلوپەل چوونە وشـــکانی، بەڵام هەر تەنێ دوویان گەڕانەوە و پێنج کەسی تریان بێ سـەر و شوێن چوون. بێ سـەر و شوێن چوونی پێنج کەســـەکە ورەی داتەپیوی دەریاوانانی ســـەد ئەوەندە منداڵ کردەوە و هیچکەس زاتی ئەوەی نەبوو لە گەمێ دابەزێت و بە شـــوێن خوێنی یارانی دە بچێت. منیش کە دڵم لە دەســـتیان خوێنی دەدەڵاند، هیچم لە دەست نەدەهات و هەر تەنێ لەڕێی ناچاری، بە لاتاو گوتم:

"ئەم هەقیچە بەو هەقیچەتـان؛ خەســـاری ئیمڕۆتـان بە ڕەفتـاری دوێنێکەتان؛ لە دوورگەی هەژارانی ماداگاسکار دا دەست بە خوێن و چاو سوور گەڕانەوە و لە کەنداوی فارسیدا سەرشۆڕ وەژوورکەوتنەوە...

گەمێی ئێمە ڕووی کردە ئاوکەندی بەنگالە و هەر لەوێ ئەفســـەری تاوانکار هات و ڕوو بە ڕووم ڕاوەستا و بە ئەوپەڕی سووکایەتی پێی گوتم:

ـ"تۆ لە گەمێی ئێمەدا وەک سەفەرکەرێکی لاپرەسەنی بێ کەڵک و کار دەناسرێیت و خاوەنی هیچ مافێک نی. تۆ بۆت نییە لە ئاست ئەفسەرێکی پلەبەرزی گەمیوانیدا زمـانی لۆمە بکەیتەوە. یـارانی ئێمە، بە ورد و درشتەوە لە قسەکانت دەرهەڵبوون و منیش لە قسەکردن و هەڵوێستگرتن و لە دیتن و دیدارت بێزارم. دەمەوێ لەو گەمێیەی کە تۆی تێدای، نەمێنم و بڕۆم."

منیش هەر بەو شێوە گوتنەی ئەو، وڵامم داوە و گوتم:

" ئەوەیکە ئەفسەرێکی گەمێی ئینگلستان لە دوورگەی ماداگاسکار دا کردی، لە خانەی تاوانکاری شەڕ دادەندرێت و سزای گرانی لە بەر پێیە. ئەمەش ڕاستە کە من خاوەنی گەمێ نیم، بەڵام بەشی هەر زۆری کەلوپەلی بازەرگانیی ئەم گەمێیە، بە پارەی من کڕدراوە. هەر بۆیە من قسەکانی تۆم پێ هەوایە و لە دواییشدا یەکتر دەبینینەوە!"

من پێم وابوو، شەڕی من و ئەفسەری گەمێ دوایی هاتووە و هەتا دەگەینەوە وڵاتی خۆمان، دەبێ پشووم لە سەرخۆ بێت. بەڵام چەند ڕۆژێک تێپەڕی و من دەگەڵ بەرپرسی بازەرگانیی گەمێ بۆ پیاسەکردنێکی لە شار دا، لە گەمێ دابەرزیین و دوای گەشت و گوزاریکی کورت، هێشتا کاتی پشوودانمان مابوو کە بەرەو گەمێ داگەڕاینەوە. لەسەر سەکۆی لەنگەرگەی گەمێ تێپەڕیم و ویستم پێ بنێمە گەمێ، کە پاسەوانێکی گەمێ هات و سنگ بە سنگم ڕاوەستا. دەستی بە سنگمەوە نا و زۆر تووڕەو تۆسن پێی گوتم:

"تۆ بۆت نییە بەم گەمێیە سەفەر بکەیت."

من لەم گوتەیە، کە هەوای ئەمر و فەرمانی لێوەدەهات و تام و مەزەی سووکایەتی دەدا، تێکچووم. شەرم گرتمی و زمانم بەسترا. زانیم لە ژێر ئەو تاسە سەرنوخون کراوەدا نیو کاسەیەکی تریشی تێدایە و پیلانێکە و دژ بە من چندراوە. هەر بۆیە داوام لە بەرپرسی بازەرگانی گەمێ کرد کە ئەو بچێتە لای بەڕێوەبەری گەمێ و بابەتەکە بکاتەوە و بزانێ ئەو دەنگە لە کوێوە دێت. ئەو ڕۆیشت، بەڵام کاتێک چیرۆکی نافەرمانیم بە گوێ گەیشتەوە، بەخۆم گوت دەبێ سەبرم هەبێ تا بزانم برازاکەم چەندە لانی ڕاستی و پاکی دەگرێت و چەندە دژ بە گێرەشێوێنی ڕادەوستێت.

هەر ئەودەمەی کە من و بەرپرسی بازەرگانیی گەمێ بۆ پیاسە لە گەمێ دەرچووبووین، ئەفسەری تاوانبار دەگەڵ دار و دەستەکەی سەردانی ژووری کاپیتانی گەمێ دەکەن و بەبێ هیچ شەرم و شوورەیی، ڕوداماڵاوانە پێی دەڵێن کە یان ئێمە لەم گەمێیەدا دەمێنین یان ئەو کابرا دژبەرەمان. تەنانەت هەڕەشەیان لێکردبوو، کە ئەگەر من پێ بنێمەوە ناو گەمێ، ئەوان بە تێکڕا گەمێ چۆڵ دەکەن و دەڕۆن.

من، برازاکەی خۆمم باش دەناســـی و دەمزانی پیاوێکی بوێرە؛ بەڵام بوێرێکی پشوولەسەر خۆیە و بە کەچکە ئاوێک وەمەلە ناکەوێ و دەزانێ چلۆن دەگەڵ هەڵسوکەوتان دەست و پەنجە نەرم بکات. هەر بۆیە، بەبێ ئەوەیکە خۆی شلوێ بکات و لە سەر من وەجواب بێت، پێیان دەڵێ دەبێ ســـەبریان هەبێ و دوایە ورامیان دەدرێتەوە. کاپیتانی برازام چەندێک قۆنەقۆن دەکات و دەیەوێ کێشـــەکە بەبارێکی ئەهوەندا تێپەڕ بکات، بەڵام تاقمی بەرهەڵســـتکار مل نادەن و داوای لێدەکەن کە دەبێ لە چاوترووکانێدا کێشەکە چارەسە بکات.

برازاکەم بە ناچاری لە گەمێ دێتەدەر و بە شـوێنم دادیت. کاتێک کە چاوم پێی کەوت، بە ئەوپەڕی خۆشحاڵی بە پێشوازیەوە چووم. خۆشحاڵی و شادمانیی من نەک بۆ چوونەوەی گەمێ، بەڵکوو لە بەر گیرفانی باتاڵی بی پارەم بوو؛ چوونکی ئەگەر ڕێگای چوونی گەمێیان لێ بەستبایەم، لە برسان دەمردم. پێکەوە دانیشتین و قسەمان کرد و لە یەکەمین قسەدا بار و دۆخی جۆرک و گیرفانی باتاڵی خۆم بۆ باس کرد. برازاکەم ســـەری داخســـت و بۆی گێڕامەوە کە بەشـــی هەر زۆری دەریاوانەکان لانی ئەفســـەرەکەیان گرتووە و دوو ڕێگایان لە بەر پێم داناوە؛ یان ئەتۆ، یان ئەوان. منیش بەناچاری لانی ئەوانم گرتووە و دەســـتم لە مامۆی خۆم شوردووە. منیش پێم گوت:

" من بــار و دۆخی تۆ دەزانم و تێدەگەم کە گەمێ بە تاقمێک دەریاوانەوە گەمێیە. من تاک و تەنیا و ڕەبەنم و ئەگەر پارەم دە گیرفان دابێ، هیچ خەمم نامێنێ و دەتوانم خۆم بگەیەنمەوە وڵات. تۆ ئەگەر بتوانی ئەو کەلوپەلەی کە بە پارەی من کڕدراوە بۆمی دابەزێنی، هەموو شتێک تەواوە و هیچ دەرخەمی من مەبە!

برازاکەم لە کاتی ماڵاواییدا، جێگای نەمابوو خەمانی تێبکات. بە چوونەوەی برازاکەم و مانەوەی من لە وڵاتی نامۆ دا، تاقمی بەدکاران شـــایی و لۆغانەیای ســـاز کردبوو. برازاکەم ســـەرەڕای کەلوپەل و برێک پارە، خزمەتکار و حیســـاب ڕەســـی گەمێی بۆ ناردبووم کە بە تەنیا نەمێنمەوە. ســـەرەڕای شـــتومەک و پارەی خۆم، برازاکەم حەواڵەیەکی بانکی بۆ ناردبووم کە برە پارەیەکی زۆری تێدا بوو. بەبوونی پارەیەکی

تەســـەل و ئەو دوو هاودەنگەم، تەواوێک دڵم کرایەوە و هەســـتی نامۆییم کەم بۆوە. بۆ مانەوەیەکی کاتی، لە ماڵی خانمێکی ئینگلیزیدا دوو ژوورم وەرگرت و بەرەبەرە بە فرۆشـــتنی کەلوپەل، پارە پەرەی ئەســـتاند و لە باری ماڵی و دراوییەوە کەمایەسیم بڕا. بار و بارگنەم فرۆشت و بەو بڕە پارە زۆرە، کەمێکم ئەلماس کڕی. چەند ڕۆژێک دواتر، گەمێەکی ســـاز و ڕەختەم کڕی و دوو ئەفسەر و تۆپچێیەکی ئینگلیزی و دارتاشێکی هۆلەندی و سێ کرێکاری پورتەکالێم ڕاگرتن. بە کڕینی گەمێ، کەسایەتیی شکاوی خۆم سارێژ کردەوە و هاتمەوە سەر بار و دۆخی سازگاری جارانم.

لە ڕێگای ئوقیانۆسی هیندەوە بەرەو کۆمەڵە دوورگەی سوماترا و سیام و کەنارەکانی چاینا چووین و لە دوایە بەرەو ژاپۆن تێهەڵچووینەوە. لە کەنارەکانی ژاپۆندا گەمیەکەم فرۆشـــت و لە ڕێگای وشـــکانییەوە بە ســـەرزەمینی تاتارەکانی ڕوسـیا دا بەرەو ئەوروپا ســـەفەرم کرد. هەرکە گەیشتمە شاری هامبۆرک، ئەلماسەکانی خۆم بە چوارهەزار لیرە فرۆشت. چوار مانگێک هەر لەو دەورەوە مامەوە و لەوێوە بە پاپۆڕێکی ئینگلیزی، بەرەو وڵاتەکەی خۆم وەڕی کەوتم. ڕۆژی بیستەمی ژانڤییەی ساڵی 1705، دوای دە ساڵ و نۆ مانگ دوور کەوتنەوەم، دیسان جارێکی تریش بە شاری لەندەن شاد بوومەوە.

ئێســتێ من لە نێشـتمانەکەی خۆمدا قاچم لێ ڕاکێشـاوە و هاتوومەتە سەر ئەم ڕایە، کە ئیتر بەشی دەربەدەری و بێ نیشتمانی بۆ من بەسە. خۆم ســاغ کردۆتەوە کە خۆم بۆ ســەفەرێکی یەکجار زۆر دوور، دوورتر لە هەر سەفەرێک، تێک بنێم و سەفەری ئاخرم زیارەت بکەم. من لە درێژەی حەفتا و دوو ساڵی پڕ لە نەهامەتی و دیتنی بەسەرهاتی تاڵ و، چەشتنی گەلێک ژاراوەی ناموردای، بە یەکجاری داســـەکناوم و ئەرکی دامرکان و گۆشەگیریم لە سەر چاوان داناوە. دامناوە هەتا ئاخر چرکەکانی تەمەنم ئاسودە خاتر دانیشم و چاوەڕیی سەفەری دیوەکەی تری ژیان بکەم.

دوایی

2017/11/24

Robinson Crusoe
Daniel Defoe